حکومەتی هەرێمی کوردستان/ عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان

خوێندنی باڵا

# چەمکی ئازادی لە تیۆری سیاسی هانا ئارێنت دا و ڕەنگدانەوەکانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق

**ئەم توێژینەوەیە لەلایەن (مبارک عزیز حمد) پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستە ڕامیارییەکاندا.**

**بە سەرپەرشتی**

**پ. ی. د. عابد خالد رسول**

**ساڵی خوێندنی**

(٢٠١٩ – ٢٠٢٠)

بِسمِ اللهِ ألرَّحْمَنِ ألرَّحِيمِ

# ﴿فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ﴾

**صَدَقَ الله العَظيم**

سورة النساء، الآية: ٩٢.

## ڕاسپاردە و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

دەستنووسی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (چەمکی ئازادی لە تیۆری سیاسی هانا ئارێنت دا و ڕەنگدانەوەکانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق)، کە لەلایەن حوێندکار: (مبارک عزیز حمد) پێشکەشکراوە، بە سەرپەرشتی من لە (کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی) ئەنجامدراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە (زانستە ڕامیارییەکان)دا.

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. عابد خالد رسول

بەروار:    /    /٢٠٢٠

## پێداچوونەوەی زمانەوانی

بۆ بەڕێز: لیژنەی خوێندنی باڵا لە کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان- زانکۆی سلێمانی: من کە ناوم (ئارام قادر صابر)ە، هەڵگری بڕوانامەی (ماستەر)م، لە پسپۆڕی (فەلسەفەی زمان )، پێداچوونەوەی زمانەوانیم بۆ ئەم توێژینەوەیە ئەنجامداوە، بەناونیشانی (چەمکی ئازادی لە تیۆری سیاسی هانا ئارێنت دا و ڕەنگدانەوەکانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق)، کە لەلایەن خوێندکار (مبارک عزیز حمد) پێشکەشکراوە، سەرجەم هەڵەکانم بۆ چاککردووەتەوە و لەبەر ئەوەش لە خوارەوە واژۆم کردووە.

واژۆ:

ناوی سیانی: ئارام قادر صابر

بەروار: / /٢٠٢١

## پێشنیاری سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

بەپێی ئەو پێشنیارانەی کە کراون، ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (چەمکی ئازادی لە تیۆری سیاسی هانا ئارێنت دا و ڕەنگدانەوەکانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) کە لەلایەن خوێندکار: (مبارک عزیز حمد)ەوە ئامادەکراوە، پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ دەکەم.

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. إحسان عبدالهادي

بەروار:   /   /٢٠٢١

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم توێژینەوەیەمان خوێندەوە، بە ناونیشانی (چەمکی ئازادی لە تیۆری سیاسی هانا ئارێنت دا و ڕەنگدانەوەکانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق)، کە لەلایەن خوێندکار (مبارک عزيز حمد)ەوە پێشکەشکراوە، لەگەڵ خوێندکاردا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و گوێمان لە بەرگرییەکانی گرت، پاشان بڕیارماندا، کە شایستەیە بڕوانامەی ماستەری لە (زانستە ڕامیارییەکان)دا پێبدرێت بە پلەی (                    ).

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. ئومێد رفيق فتاح

بەروار: / / ٢٠٢١

ئەندام

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. ئازاد حمه عبدالله

بەروار: / / ٢٠٢١

ئەندام

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. عابد خالد رسول

بەروار: / / ٢٠٢١

ئەندام و سەرپەرشتیار

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. کنعان حمه غريب عبدالله

بەروار: / / ٢٠٢١

سەرۆکی لیژنە

## ڕاستاندنی ئەنجومەنی کۆلێژ

ئەنجومەنی (کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان- زانکۆی سلێمانی) لە کۆنووسی دانیشتنی ژمارە ( ) لە بەرواری ( / / ٢٠٢١) بڕیاری لیژنەی گفتوگۆی ماستەرنامەی خوێندکار: (مبارک عزیز حمد)ی بە ناونیشانی (چەمکی ئازادی لە تیۆری سیاسی هانا ئارێنت دا و ڕەنگدانەوەکانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) پەسەند کرد و بڕیاریدا کە بڕوانامەی ماستەری لە (زانستە ڕامیارییەکان)دا پێبدرێت.

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. عابد خالد رسول

ڕاگری کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان- زانکۆی سلێمانی

بەروار: / / ٢٠٢١

**پێشکەشە بە:**

ـ دایک و باوکی ئازیزم.

ـ هەموو ئەوانەی گیانی خۆیان کردە قوربانی لە پێناو ڕزگاری و ئازادی کورد و کوردستان.

ـ گیانی شەهید (مستەفا).

## سوپاس و پێزانین

ـ سوپاس و ستایشی بێهاوتا بۆ خودای تاک و تەنیا.

ـ سوپاس و پێزانینی بێپایانم بۆ (پ.ی.د. عابد خالد رسول)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەمی گرتە ئەستۆ، و بێگومان ئەگەر هاوکاری و سەرنج و تێبینییە ورد و قوڵەکانی بەڕێزیان نەبوایە، کاری ئەم توێژینەوەیە پڕ کەموکورتی و ناتەواوی دەبوو.

ـ سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ بەشی زانستە ڕامیارییەکان و مامۆستایانم لە هەردوو کۆرسی خوێندنی ئەکادیمی ماستەر، کە خۆنەویستانە هەوڵی فێرکردن و سەرخستنیان دام.

ـ سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ سەرجەم فەرمانبەرانی کتێبخانەی کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی، کە بە ڕوویەکی خۆش و دۆستانە، هەردەم هاوکارم بوون لە خواستنی کتێب.

ـ سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ باوکی ئازیزم، کە هاندەر و پاڵپشتییەکی بەهێزم بوو لە پێناو بە ئاکام گەیشتنی خوێندنەکەم.

ـ سوپاس و پێزانینم بۆ ئەندامانی خێزانەکەم، کە توانییان بەرگەی ئەرک و بارگرانیم بگرن لە ماوەی سەرقاڵیم بە خوێندنی ماستەر.

ـ سوپاسی زۆرم بۆ هەموو ئەو هاوڕێ و کەسانەی کە هاوکارم بوون لە دەستخستنی سەرچاوە.

ـ سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ هەموو ئەو کەسانەی هاوکار و هاندەرم بوون، لە سەرخستنی ئەم توێژینەوەیە.

## پێـــرست


| بـــــابـــــــەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١ــ ٦ |
| بەشی یەکەم: لەبارەی چەمکی ئازادی و ڕوانگە هزریەکانی **هانا ئارێنت** | ٧ــ ٥٧ |
| باسی یەکەم: چەمکی ئازادی و ڕوانگە جیاوازەکان لەمەڕ ئەو چەمکە | ٨ ــ ٣٤ |
| داخوازی یەکەم: پێناسەی ئازادی | ٨ ــ ١٣ |
| داخوازی دووەم: پەرەسەندنی چەمکی ئازادی لە تیۆری سیاسیدا | ١٤ ــ ٣٤ |
| باسی دووەم: ڕوانگە تیۆرییەکانی هزری سیاسی **ئارێنت** | ٣٥ ــ ٥٧ |
| داخوازی یەکەم: ڕوانگەی **ئارێنت** لەبارەی مۆدێرنە | ٣٥ ــ ٤١ |
| داخوازی دووەم: ڕوانگەی **ئارێنت** بۆ تۆتالیتاریزم و مەودای ئازادی تێیدا | ٤١ ــ ٥١ |
| داخوازی سێیەم: دۆخی مرۆیی و کردەی سیاسی | ٥١ ــ ٥٧ |
| بەشی دووەم: ئازادی لە تیۆری سیاسی **ئارێنت** دا و کایەکانی پیادەکردنی | ٥٨ ــ ٩٨ |
| باسی یەکەم: چەمکی ئازادی لە ڕوانگەی تیۆری سیاسی **ئارێنت** دا | ٥٨ ــ ٧٧ |
| داخوازی یەکەم: تێگەیشتنی **ئارێنت** لە چەمکی ئازادی | ٥٨ ــ ٧٠ |
| داخوازی دووەم: کردە و قسە: ئازادی و فرەیی لە ڕوانگەی (**ئارێنت**)ـەوە | ٧١ ــ ٧٧ |
| باسی دووەم: کایەکانی پیادەکردنی ئازادی لە ڕوانگەی (**ئارێنت**)ـەوە | ٧٧ ــ ٩٨ |
| داخوازی یەکەم: پانتایی گشتی و ڕەوایی دامەزراوە سیاسییەکان لە ڕوانگەی (**ئارێنت**)ـەوە | ٧٧ ــ ٨٩ |
| داخوازی دووەم: ڕوانگەی **ئارێنت** لەبارەی شۆڕش و ئازادی | ٩٠ ــ ٩٨ |
| بەشی سێیەم: ڕەنگدانەوەکانی چەمکی ئازادی بەپێی تیۆری سیاسی **ئارێنت** لە هەرێمی کوردستان- عێراق دا | ٩٩ ــ ١٤٧ |
| باسی یەکەم: هەرێمی کوردستان و هەلومەرجی ئازادی سیاسی تێیدا بەر لە ڕاپەڕینی (١٩٩١) | ١٠٠ ــ ١٢٢ |
| داخوازی یەکەم: ناساندنێک بۆ هەرێمی کوردستان و سروشتی چەمکی ئازادی سیاسی تێیدا پێش ڕاپەڕینی (١٩٩١) | ١٠٠ ــ ١١٢ |
| داخوازی دووەم: مەودای ئازادی لە باشووری کوردستان لە سایەی ڕژێمی بەعس بەپێی ڕوانگە تیۆرییەکانی **ئارێنت** بۆ تۆتالیتاریزم | ١١١٢ ــ ١٢٢ |

| | |
|---|---|
| باسی دووەم: ڕەنگدانەوەکانی چەمکی ئازادی بەپێی تیۆری سیاسی ئارێنت لە هەرێمی کوردستان لەدوای راپەڕینی (١٩٩١)دا | ١٢٢ ــ ١٤٧ |
| داخوازی یەکەم: ڕەنگدانەوەکانی چەمکی ئازادی بەپێی ڕوانگە تیۆرییەکانی **ئارێنت** لە راپەڕینی (١٩٩١) لە هەرێمی کوردستاندا | ١٢٢ ــ ١٣٢ |
| داخوازی دووەم: ڕەنگدانەوەکانی چەمکی ئازادی لە پانتایی گشتی هەرێمی کوردستاندا بەپێی ڕوانگە تیۆرییەکانی **ئارێنت** | ١٣٢ ــ ١٤٧ |
| دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان: | ١٤٨ ــ ١٥٢ |
| لیستی سەرچاوەکان: | ١٥٣ ــ ١٦٩ |

## پێشەکی

چەمکی ئازادی یان کێشەی ئازادی یەکێکە لەو پرسانەی لە بونیادی تاک یان بونیادی کۆمەڵگە گرنگی و بایەخێکی زۆری هەیە، بۆیە جێی گفتوگۆی زۆر بووە لە هزری سیاسیدا، بەوەی هیچ تێگەیەک هێندەی ئازادی هزر و ئەندێشەی مرۆڤی سەرقاڵ نەکردووە، چونکە لە بوارەکانی ئەبستوٚمۆلۆجیدا ئازادیش وەک هەندێک چەمکی تر هەر هزرمەند و فەیلەسوفێک لە ڕوانگە و بۆچوونی خۆی و واقیعی سەردەم و کۆمەڵگەکەی لێیڕاماوە و ڕانانی بۆ کردووە.

لەبەرئەوە هەر لە سەردەمی کۆنەوە، ئازادی وەک پرسێکی هزری و ئاکاری و سیاسی کۆڵێنکاری بۆ کراوە و ڕەنگدانەوەی لەسەر پێگەی مرۆڤ لە کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، ئایینی و کولتوری جێهێشتووە. لە سەردەمی ناوەڕاستیشدا، پرسی ئازادی وەک بابەتی فەلسەفەی هزرمەند و فەیلەسوفانی ئایینی لێکدراوەتەوە. هەر وەک چۆن لە سەردەمی نوێش مژاری ئازادی بەشێک بووە لە کرۆکی هزری سیاسی و لە هزری هزرمەند و فەیلەسوفان ڕەنگیدایەوە، بەتایبەت هزری لیبڕاڵیزم، کە لە هەندێک قۆناغدا، ئازادی وەک ئامرازێک بووە لە پێناو گەیشتن بە خۆشگوزەرانی و دەستبەرکردنی بەختەوەری مرۆڤ، بەڵام لە هەندێ حاڵەتیشدا وەک ئامانجێک ڕانانی بۆ کراوە، کە زۆر لە میللەتان لە پێناویدا تێکۆشاون، و لەو میانەیەشدا پەنایان بردۆتە بەر شۆڕش و بەرخودان؛ بەگشتی لەگەڵ ئەو هەموو بایەخەیەی کە چەمکی ئازادی هەیەتی، بەڵام ناروونی و مشتومڕی زۆری لەبارەوە هەیە، هاوکات لە سەردەمی هاوچەرخیشدا، ئازادی خەمی سەرەکی و پڕبایەخی بەشێک لە هزرمەند و فەیلەسوفان بووە، بە تایبەت هزرمەندانی لیبراڵی هاوچەرخ.

ڕەنگە لە مێژووی هزری هاوچەرخدا هیچ کەس هێندەی هزرمەندی ئەمریکی بە ڕەگەز ئەڵمانی (**هانا ئارێنت**)، دیدێکی جیاوازی لەمەڕ چەمکی ئازادی نەخستبێتەڕوو، چونکە زۆر بەپەرۆش و شەیدا بوو بۆ شیکردنەوەی سیاسەت و کۆمەڵگە لە سەردەمی نوێدا، ئەمەش لەپێناو دەرخستنی ئەو ڕوداو و دیاردانەی کە بە لێکەوتە و بەرهەمی مۆدێرنەی دەزانین، وادەردەکەوێت میتۆدیترین کارەکانی، وەک: (**بنەماکانی تۆتالیتاریزم، دۆخی مرۆیی، لەبارەی شۆڕش، ئازادی چیە؟**) چەندین بەرهەمی تری، هەڵگری ئاماژەی ڕوانگەیەکی جیاوازی ئەو بن بۆ سەردەمی مۆدێرنە و دواتریش. **ئارێنت** یەکێکە لە تیۆرسێنە دیارەکانی ناو بواری تیۆری سیاسی، چونکە لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوە کاری لەسەر چەمکی ئازادی کردووە، بۆیە خوێندنەوە بۆ چەمکی ئازادی لەلای **ئارێنت** دەمانخاتە بەردەم هزرمەندێکی تایبەت، هزرمەندێک بە چاوێکی دوور لە فەلسەفە سەیری ئازادی دەکات، بەجۆرێک ئازادی دەبەستێتەوە بە کایەی سیاسی و پانتایی گشتییەوە، کە لە خودی خۆیدا جەوهەری سیاسەت پێکدێنێت. بەو واتایەی دەیەوێت لە دەرەوەی میتافیزیک لە کردەی ئازادی سیاسی تێبگات، لەم پێناوەشدا بایەخدانێکی تایبەتی بە ئەزموونی دێرینی یۆنان و ڕۆمانییەکان هەیە، هەروەها تێروانینێکی قوڵی بۆ فەلسەفەی مەسیحی هەیە سەبارەت بە چەمکی ئازادی، هەروەک ڕوانگەیەکی جیاوازی قوڵی هەیە لەبەرامبەر ئازادی تاکەکەسی لە تیۆری لیبڕاڵیزمدا، تەنانەت لەگەڵ تیۆری مارکسیزم، پارێزگاران و ئەنارشیزمیشدا سەبارەت بەو چەمکە بۆچوونی جیاوازی هەیە. لێرەدا ڕەنگە پرسیارێک بێتە ئاراوە، ئایا چەمکی ئازادی کە نووسین و توێژینەوەی زۆری لەبارەوە ئەنجام دراوە، مایەی ئەوەیە توێژینەوەی لەسەر بکرێت؟ لەبەرامبەردا دەکرێت بڵێین، ڕاستە چەندین کتێب و توێژینەوە لە هەرێمی کوردستان پەیوەست بە چەمکی ئازادی نووسراون، بەڵام ئەوەی گرنگی و پێویستی ئەو توێژینەوەیە دەسەلمێنێ: لە لایەکەوە جیاوازی واتا و ڕەهەندەکانی چەمکی ئازادی لەلای **ئارێنت** لەچاو بەشی هەرە زۆری تیۆر و هزرمەند و فەیلەسوفانی پێش خۆی، و تەنانەت سەردەمی خۆشی، بەجۆرێک پرسی ئازادی لەلای **ئارێنت** پرسیارێکی سیاسی فرە ڕەهەندە، نەک کێشەیەکی فەلسەفی، ئازادی لە هەموو واتا و ئاماژەیەکی تایبەتمەندی کەسێتی دادەشۆرێت، و لە پێویستی سروشتی جیای دەکاتەوە، و خەسڵەتێکی کرداری بە بەردادەکات و پانتاییەکی گشتی بۆ بنیاددەنێت، بەجۆرێک ئازادی ببێت بە واقیعێکی ماددی و کردارێکی سیاسی بێ کۆتایی و پێشبینی نەکراو. لەلایەکی تریشەوە، ئەوەندەی ئێمە زانیاریمان هەبێت هیچ توێژینەوەیەک بە زمانی کوردی لە شێوەی نامەی ماستەر یان تێزی دکتۆرا لەسەر چەمکی ئازادی لە روانگەی **ئارێنت** دا نەنووسراوە، لەبەرئەوە گرنگە بتوانین لە چییەتی و ڕەهەندەکانی چەمکی ئازادی بکۆڵینەوە لە ڕوانگە تیۆرییەکانی **ئارێنت** دا، و هەوڵبدەین لەمیانەی ئەو

میتۆدانەی بۆ تـوێژینەوەکە دەیـانگرینەبەر، وێـنەیەک لە ڕەنگـدانەوەکانی چەمکـی ئـازادی **ئـارێنتی** لە چوارچێـوەی ڕەوش و کێشـەی ئـازادی لە هەرێمـی کوردسـتان نیشـانبدەین، دیـارە گەلـی کـورد هەر لە دروستکردنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١) و لکاندنی هەرێمی کوردستان بەو دەوڵەتە نوێیە ئازاری ژێردەستی و چەوسانەوەی زۆری چێشتووە، پێدەچێت لە گەلانـی تـر زیـاتر شـەیدا و هەڵـوەدای ئـازادی بووبێت.

لەبەرئەوە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین لە ڕوانگە و تێگەیشتنی **ئارێنت** بۆ چەمکی ئازادی و کایەکانی پیادەکردنی بکۆڵینەوە و ڕەنگدانەوەی ڕوانـگە تیۆرییەکـانی **ئارێنت** لەبارەی چەمکـی ئـازادی لە هەرێمـی کوردسـتان شـرۆڤە بکەیـن، تـا لەو میـانەیەوە بگەیـن بە هەڵسـەنگاندنێکی دروسـت بـۆ کێشـەی ئـازادی لە هەرێمی کوردستان چ لە قۆناغی پێش ڕاپەڕین و شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشوور، و چ لە قۆنـاغی دوای ڕاپەڕینـی سـاڵی (١٩٩١)، و هـاتنە ئـارای دامەزراوە سیاسـی و مەدەنییەکـان لە هەرێمـی کوردستان.

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی و بایەخی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەرێمی کوردستانیش وەک هەر کۆمەڵگەیەکی تر سەبارەت بە پرسی ئازادی و ژیانی سیاسی تێیدا جێگای تێرامانە، لەو سونگەیەوە ڕانان و توێژینەوە لە ڕەهەنـدێکی تـری ئـازادی، گرنگـی تـایبەتی خـۆی هەیە. ئەویش شـیکردنەوەی ئـازادییە وەک پرسـیارێکی سیاسی نەک وەک پرسیارێکی فەلسـەفی و میتـافیزیکی یـان پرسـێکی تاکەکەسـی، ئەمە و چەندین بـایەخ و گرنگی تری توێژینەوەکە، کە دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە، ئەوانیش:

ــ چەمکی ئازادی بە درێژایی سەردەمە جیاوازەکان، پڕ واتاترین و گفتوگۆهەڵگرترین وشـەی ژیـاری و کـۆمەڵی مرۆیـی بـووە لە زانسـتەکانی وەک: فەلسـەفە، زانسـتی سیاسـی و زانسـتە کـۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا، لەم چوارچێوەیەشدا فەیلەسوف و هزرمەندان لەژێر ڕۆشنایی ڕەوشـی کـات و شـوێن، و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسـی و ئـابووری و کولتوریدا هەوڵـی ناسـاندن و تیۆریزەکردنـی ئـازادی و مژارە گرێدراوەکانی ئەو چەمکەیان داوە و بە گرنگییەوە لێیان توێژیوەتەوە.

ـــ تێگەیشـتن لە ڕوانـگە و بۆچوونەکـانی **ئارێنت** بـۆ چەمکـی ئـازادی و پیـادەکردنی بەسـەر هەرێمـی کوردستان گرنگی و بایەخی زۆری بۆ بواری ئەکادیمی، سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە.

ــ هەرێمی کوردستان تا بەر لە ڕاپەڕینی (١٩٩١) بە چەندین قۆناغی مێژوویی و ئەزموونی دژواردا تێپەڕیوە لە هەنگاونان بەرەو ئازادی سیاسی، هاوکات خودی ڕاپەڕین و قۆناغەکانی دوای ئەو بە یەکێک لە خاڵە دەستپێکەکانی دامەزراندنی ئازادی و هاتنە ئارای کایەکانی پیادەکردنی ئازادی سیاسی دادەنرێن.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

لە میـانەی شـیکردنەوەی چەمکـی ئـازادی بەگشـتی و ڕوانـگە تیۆرییەکـانی **ئارێنت** بـۆ ئەم چەمـکە بەتـایبەتی، و پەردەهەڵمـاڵین لەسـەر ڕەنگـدانەوەی ڕوانگەکـانی **ئارێنت** لەمەڕ چەمـکەکە لە هەرێمـی کوردسـتان، ئەم تـوێژینەوەیە دەیەوێـت بە چەنـد ئامانجێـک بگـات، کە دەکرێـت لە چەنـد خالێکـدا بیانخەینەڕوو، ئەوانیش:

- دیاریکردن و ئاشنابوون بە چییەتی و واتاکانی چەمکی ئازادی لە هزری هزرمەندان و فەیلەسوفانی سـەردەمە جیاوازەکانـدا، و تێگەیشتن لە کاریگەرییەکـانی ئەو چەمـکە لەسـەر چـالاکی و ژیـانی مـرۆڤ و کۆمەڵگەدا.

ـــ دەستنیشانکردن و تێگەیشتن لە واتای چەمکی ئازادی و کایەکانی پیادەکردنی لە ڕوانگەی تیۆری سیاسی **ئارێنت** دا.

ـــ دیاریکردنی ڕەنگدانەوەی ڕوانگەکانی **ئارێنت** سەبارەت بەو چەمکە لە هەرێمی کوردستاندا، چ لە سەردەمی پێش ڕاپەڕینی (١٩٩١)، و چ لە میانەی ڕاپەڕینەکە و قۆناغەکانی دواتریدا.

## کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی بنەڕەتی توێژینەوەکە بریتییە لە سروشتی تایبەت و جیاوازی چەمکی ئازادی لە هزری سیاسی **ئارێنت** دا، و ڕەنگدانەوەی ڕوانگەکانی **ئارێنت** لەهەمبەر ئەو چەمکە لە هەرێمی کوردستاندا؛ لەبەرئەوە لە ڕێگەی ئەم پرسیارە سەرەکییەوە هەوڵی وەڵامدانەوە و چارەسەرکردنی دراوە، کە: ئایا ڕەنگدانەوەی واتای ئازادی و کایەکانی پیادەکردنی بەپێی ڕوانگەی تیۆری سیاسی **ئارێنت** لە هەرێمی کوردستاندا لە چ ئاستێک دایە؟ لە پێناوی گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە وەڵامی چەند پرسیارێکی تریش بدەینەوە، لەوانە:

ـ چەمکی ئازادی چییە؟ واتاکانی ئازادی لە مێژووی هزر و فەلسەفەدا چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە؟ پێگەی ئازادی لە تیۆرە سیاسییە نوێ و هاوچەرخەکاندا چۆنە؟ تێڕوانینیان بۆ ئەو چەمکە چییە؟

ـ ڕوانگە تیۆرییە هزرییەکانی **ئارێنت** چین و پەیوەندیان بە ئازادییەوە چییە؟ تێگەیشتنی **ئارێنت** بۆ چەمکی ئازادی چییە؟ تێڕوانینی **ئارێنت** بۆ وێنای فەلسەفی بۆ چەمکی ئازادی چییە؟ بۆچوونی **ئارێنت** لەمەڕ تێڕوانینی تیۆرە سیاسییە نوێ و هاوچەرخەکان و هزرمەندانیان بۆ چەمکی ئازادی چییە؟ کایەکانی پیادەکردنی ئازادی لە ڕوانگەی **ئارێنت** دا کامانەن؟

ـــ ئایا هەرێمی کوردستان لە پێش ڕاپەڕینی (١٩٩١) لە چ دۆخێکدابووە، سروشت و هەلومەرجی ئازادی تێیدا چۆن بووە؟ ڕوانگەکانی تیۆری شۆڕشی **ئارێنت** وەک کایەیەک بۆ پیادەکردنی چەمکی ئازادی تا چەند لە ڕاپەڕینی (١٩٩١) ڕەنگییانداوەتەوە؟ ئایا لەدوای ڕاپەڕین و هاتنە ئارای پەرلەمان و دامەزراوە حکومییەکان پانتایی گشتی بە واتا **ئارێنت**ـیەکەی لە هەرێمی کوردستان چۆن بوو، و تا چەند ئازادی سیاسی تێیدا ڕەنگیداوەتەوە؟

## گریمانەی توێژینەوەکە:

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی و پرسیاری دیکە، توێژینەوەکە دەخوازێت لێمان بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارانە و دەرئەنجامە ویستراوەکان چەند گریمانەیەک بونیادبنێین، ئەوانیش:

ـ چەمکی ئازادی لە دیدی **ئارێنت** دا واتا و خەسڵەتێکی سیاسی هەیە، کە تێڕوانینی فەلسەفی بۆ ئازادی تێدەپەڕێنێ، تاڕادەی ئەوەی بەبێ بەشداریکردنی هاوبەشی تاکەکان لە ژیانی گشتی و نواندنی کردە و قسەی سیاسی لە پانتایی گشتیدا ناتوانین وێنای ئازادی بکەین.

ـــ جەوهەری کێشەی ئازادی لە ڕوانگەی **ئارێنت** دا پرسیارە لەبارەی چۆنیەتی ڕێکخستنی پەیوەندی پێکەوەیی مرۆڤەکان، نەک پرسیار لەبارەی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی دا. لەبەرئەوە کایەکانی ئازادی لەلای ئارێنت (پانتایی گشتی و هاوڵاتیبوون و سیاسەتکردن و شۆڕش)ە نەک کایەی ژیانی تایبەت و تاکەکەسی.

ـ هەرچەندە سروشت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری و جوگرافی هەرێمی کوردستان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕەوش و پێگەی ئازادی لە ژیانی سیاسیدا، جا چ لە قۆناغی پێش

ڕاپەڕینی (١٩٩١)دا بێت، یاخود چ لە قۆناغی دوای ڕاپەڕینەکەدا بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیمانەی ئەوە دەکەین کە هەندێک لە ڕوانگە تیۆرییەکانی **ئارێنت** سەبارەت بە چەمکی ئازادی و کایەکانی پیادەکردنی لە هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکرێن.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لە پێناو گەیشتن بە دەرئەنجامە ویستراوەکان و سەلماندنی گریمانە پێشوەختەکانی توێژینەوەکە، پشت بە چەند ڕێبازێکی سەرەکی و نزیککردنەوە دەبەستین، لەوانە:

ــ میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک (**منهج تحليل المضمون**)، بە مەبەستی شیکردنەوە و کۆڵێنکارییەکی ناڕاستەوخۆیانە بۆ چییەتی و واتاکانی چەمکی ئازادی، لە ڕێگەی ڕانان بۆ نووسین و ڕاوبۆچوونی هزرمەند و فەیلەسوفان پەنامان بردۆتە بەر پەیڕەوکردنی ئەم میتۆدە.

ــ لەلایەکی دیکەوە بە مەبەستی تێگەیشتن لە دیدی ڕەخنەیانەی (**ئارێنت**) بۆ وێنای فەلسەفیانەی چەمکی ئازادی، پشتمان بەستووە بە میتۆدی ڕەخنەی فەلسەفی (**النقد الفلسفي**).

ــ میتۆدی تێبینیکردن (**المنهج الملاحظة**)، بەو پێیەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەرێمی کوردستانە، ئەمەش ڕێگە بە ئامادەییەکی ئەکسیۆلۆجی توێژەر دەدات، چونکە توێژینەوەکە پارادیمی تەفسیری وەرگرتووە لەسەر بنەمای ئۆنتولۆجی و ئێپیستیمۆلۆجی، بەوەی ڕای جیاواز هەیە لەسەر حەقیقەت و ڕاستی ڕەها بوونی نییە. لێرەدا وەک توێژەر خۆمان تێبینی ڕەوش و دیاردەکانمان کردووە و زانیاریمان لەسەر کۆکردۆتەوە و پاشان تەفسیرمان بۆ کردووە لە پیناو دۆزینەوەی حەقیقەت و گەیشتن بە مەعریفەیەک لەسەر دیاردەکان.

ــ هاوکات پەنامان بردۆتە بەر چەند ڕیبازێکی نزیکردنەوەی وەسفی (**مێژوویی** و **دیاردەناسی**)مان بەکارهێناوە، ئەویش لە پێناو ڕاڤەکردنی ئەزموونی سیاسی لە سەردەمە جیاوازەکاندا.

## چوارچێوەی جوگرافی و ماوەی توێژینەوەکە:

ــ سنووری بابەتی: نووسین و بەرهەمەکانی (**هانا ئارێنت**)ە سەبارەت بە چەمکی ئازادی.

ــ سنووری شوێن: ئەگەرچی ڕانانمان لەسەر چەمکی ئازادی لە تیۆری سیاسی **ئارێنت** دا چڕکردۆتەوە، بەڵام ناوچەی جوگرافی توێژینەوەکە بەدیاریکراوی بریتییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

ــ سنووری کات: لە ڕووی کات و ماوەی توێژینەوەکە، وێرای گەڕانەوە بۆ قۆناغێکی مێژوویی، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی قۆناغی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)مان دەستنیشان کردووە تاوەکو بە ئاکام گەیشتنی ئەم توێژینەوەیە کە دەکاتە ساڵی (٢٠٢٠).

## توێژینەوەکانی پێشوتر:

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە تاوەکو ئەو کاتەی ئێمە دەستمان بە کاری توێژینەوە لەم بابەتە کردووە، ئەوەندەی ئێمە زانیاریمان هەبێت هیچ توێژینەوەیەک بە زمانی کوردی لەسەر چەمکی ئازادی لە ڕوانگەی تیۆری سیاسی **ئارێنت** کە گرێدرابێتەوە بە دۆخ و ئاریشەی ئازادی لە هەرێمی کوردستان نەنووسراوە، ئەگەرچی گومان لەوەدا نییە دەکرێت دەستنیشانی چەند توێژینەوەیەک بکەین کە بە زمانی تر لەسەر چەمکی ئازادی لەلای **ئارێنت** نووسراون، بەڵام دەکرێت بڵێین هیچ یەکێکیان هێندە نزیک نییە لە

ناوەڕۆک و ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، و تایبەت نین بە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا سوودمان لێوەرگرتوون، وەک سەرچاوە بەکارمانهێناون، لەو توێژینەوانەش:

### ١- تێزی دکتۆرا:

– Luke Neal, Hannah Arendt's Theory of Freedom: A Reinterpretation, The thesis of Doctor, University of Birmingham- College of Social Sciences- Department of political science and international studies, Birmingham- United Kingdom, 2015.

ئەم توێژینەوەیە تێزێکی دکتۆرایە کە لە پێنج بەشی سەرەکی پێکهاتووە، کە بەشێوەیەکی گشتی باس لە لایەنی تیۆری چەمک و ڕەهەندەکانی ئازادی لەلای **ئارێنت** دەکات، بەڵام وەک ناوەڕۆک و ئامانج ناچێتەوە سەر توێژینەوەکەی ئێمە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی جێبەجێکردنەوە پەیوەست نەکراوە بە هیچ کۆمەڵگەیەکەوە و تەنها وابەستەی لایەنی تیۆرییە، و بەهیچ شێوەیەک باس لە هەرێمی کوردستان ناکات، لەبەرئەوە لە ڕووی ناوەڕۆک و ئامانجی سەرەکی دوورە لە توێژینەوەکەی ئێمەوە، هەرچەندە وەک یەکێک لە سەرچاوەکان بۆ ئەم توێژینەوەیە سوودمان لێوەرگرتووە.

### ٢- لێکۆڵینەوە:

– Mehmet Kanatli,The concept of Freedom in Hannah Arendt's Political Thought, Journal of Researches on Social Sciences, without the place of press, 2017.

ئەم لیکۆڵینەوەیە کە لە دووتوێی (١٢) لاپەڕە پێک هاتووە، وەک ناونیشان لەگەڵ ناونیشانی توێژینەوەکەی ئێمە جیایە، چونکە ناونیشانی توێژینەوەکەی ئێمە بریتییە لە (چەمکی ئازادی لە تیۆری سیاسی هانا ئارێنت دا و ڕەنگدانەوەکانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق)، هەروەها تەواو جیاوەزە لە ناوەڕۆک و ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەی ئێمە، بەوپێیەی توێژەر لەو لێکۆڵینەوەیەدا باس لە چەند چەمکێک دەکات، و زۆر بەکورتی ئەو چەمکانە دەناسێنێت، لەوانە: چەمکەکانی (زەحمەت، نامۆبوون، ژیانی ئەکتیڤ، جیهانی بیرکردنەوە و ئازادی)، کە ئەمەش تەواو جیاوازە لە دابەشکاری ناوەڕۆکی توێژینەوەکەی ئێمە، وەک ئەوەی لە پەیکەربەندی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە وەک سەرچاوەیەک بۆ توێژینەوەکە بەکارمانهێناوە.

ــ المصطفى الشادلي، حنة أرندت التصور الفلسفي للحرية، الدار البيضاء، مجلة التبين، جامعة الحسن الثاني، المغرب، عدد (٢٥/ ٧) الصيف ٢٠١٨.

ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕانانێکی ڕەخنەیی فەلسەفییانەیە لە سۆنگەی ڕوانگە تیۆرییەکانی **ئارێنت** بۆ چەمکی ئازادی، و لەبەرامبەردا خوێندنەوە بۆ دیدە سیاسییەکانی **ئارێنت** سەبارەت بە چەمکەکە دەکات، لەبەرئەوە لە ڕووی شکڵییەوە، شێوەیەک لە نزیکایەتی لەگەڵ داخوازی یەکەم لە باسی یەکەمی بەشی دووەمی توێژینەوەکەی ئێمەی هەیە، بەڵام لە ناوەڕۆکی داخوازییەکە و ئامانجیشدا جیایە، چونکە ناگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕوانگەی **ئارێنت** سەبارەت بە هزری کۆن، لەسەر فەلسەفەی مەسیحیەت لە سەدەکانی ناوەڕاست کەمتر وەستاوە و ڕەخنەی بۆ هزرمەندانی لیبراڵیزم لەمەڕ چەمکی ئازادی لە ڕوانگەی **ئارێنت** نەخستوتەڕوو.

## پەیکەربەندی توێژینەوەکە:

ئەم تـوێژینەوەیە لە پێشـەکی و سـێ بەشـی سـەرەکی و دەرئەنجـام و چەنـد ڕاسـپاردەیەک و لیسـتی سەرچاوەکان پێکدێت، کە بەم شێوەیە دابەشکراوە:

بەشـی یەکەم بە ناونیشـانی لەبـارەی چەمکـی ئـازادی و ڕوانـگە هزریەکـانی **هانـا ئارێنـت**، دوو بـاس لەخۆدەگرێت: باسی یەکەم، بۆ چەمکی ئازادی و ڕوانگە جیاوازەکان لەمەڕ ئەو چەمکە تەرخانکراوە، لە ڕێگەی دوو داخوازییەوە لێمان کۆڵیوەتەوە: داخوازی یەکەم، بۆ پێناسەی ئازادی تایبەتکراوە، لە داخوازی دووەمدا باسمان لە پەرەسەندنی چەمکی ئازادی لە تیۆری سیاسیدا کردووە. باسی دووەمیش، بە ڕوانگە تیۆرییەکانی هزری سیاسی **ئارێنت** بەندە، کە ئەویش لە سێ داخوازیدا دیدی **ئارێنت**مان لەبارەی مۆدێرنە، تۆتالیتاریزم و دۆخی مرۆیی و کردەی سیاسی شیکردۆتەوە.

بەشـی دووەمـی تـوێژینەوەکە بـۆ چەمکـی ئـازادی لە تیـۆری سیاسـی **ئارێنت** دا و کایەکـانی پیـادەکردنی تەرخـانکراوە، کە لە دوو باسـی سـەرەکی پێکدێت: باسـی یەکەم، بـۆ چەمکـی ئـازادی لە ڕوانـگەی تیـۆری سیاسی **ئارێنت** دا تەرخانکراوە، کە دوو داخوازی لەخۆدەگرێ: لە داخوازی یەکەمدا، تێگەیشتنی **ئارێنت** لە چەمکی ئازادی خراونەتە ڕوو، داخوازی دووەمیش بریتییە لە، کردە و قسە: ئازادی و فرەیی لە ڕوانگەی **(ئارێنت)**ـەوە. باسی دووەمیش، لەژێر ناوی کایەکانی پیادەکردنی ئازادی لە ڕوانگەی **(ئارێنت)**ەوە، ئەویش دوو داخـوازی لەخـۆ دەگـرێ: لە داخـوازی یەکەمـدا، پانتـایی گشـتی و ڕەوایـی دامەزراوە سیاسـییەکان لە ڕوانـگەی **(ئارێنـت)**ـەوە ڕوونکراوەتەوە، لە داخـوازی دووەمیشـدا، ڕوانـگەی **ئارێنـت** لەبـارەی شـۆڕش و ئازادی سیاسی ڕاڤەکراوە.

بەشی سێیەم و کۆتایی توێژینەوەکەش بۆ ڕەنگدانەوەکانی چەمکی ئازادی بەپێی تیۆری سیاسـی **ئارێنت** لە هەرێمـی کوردسـتان- عێـراق تەرخـانکراوە، کە ئەم بەشـەش دوو باسـی سـەرەکی لەخۆگرتـووە: لە باسـی یەکەمدا، هەرێمی کوردستان و هەلومەرجی ئازادی سیاسی تێیدا بەر لە ڕاپەڕینی (١٩٩١) خراوەتەڕوو، کە لە دوو داخوازی پێکهاتووە: لە داخوازی یەکەم، ناساندنێک بۆ هەرێمی کوردستان و سروشتی چەمکی ئازادی سیاسی تێیدا پێش ڕاپەڕینی (١٩٩١) شیکراوەتەوە، و لە داخوازی دووەمیشدا، مەودای ئـازادی لە هەرێمـی کوردسـتان لە سـایەی ڕژێمـی بەعـس بەپێـی ڕوانـگە تیۆرییەکـانی **ئارێنـت** بـۆ تۆتالیتـاریزم ڕوونکراوەتەوە. لە باسی دووەم و کۆتـایی ئەم بەشـەدا، هـاتووینەتە سـەر ڕەنگدانەوەکانی چەمکـی ئـازادی بەپێی تیۆری سیاسی **ئارێنت** لە هەرێمی کوردستان لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)، کە ئەمیش خۆی دەبینێتەوە لە دوو داخوازی: لە داخوازی یەکەم، ڕەنگدانەوەکانی چەمکی ئازادی بەپێی ڕوانگە تیۆرییەکانی **ئارێنت** لە ڕاپەڕینـی (١٩٩١)دا لە هەرێمـی کوردسـتان شـیکراونەتەوە، کۆتـا داخـوازیش، بـۆ ڕەنگـدانەوەکانی چەمکی ئازادی لە پانتـایی گشـتی هەرێمـی کوردسـتان بەپێـی ڕوانـگە تیۆرییەکـانی **ئارێنـت** تـایبەتکراوە. لە کۆتایـدا، بە خسـتنەڕووی ئەو دەرئەنجامـانەی کە تـوێژینەوەکە پێیگەیشـتووە، پێشـنیارکردنی چەنـد ڕاسپاردەیەک، نووسین و ریزکردنی لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان بۆ تـوێژینەوەکە، کۆتـایی بە کـاری ئەم توێژینەوەیە دەهێنین.

# بەشی یەکەم

## لەبارەی چەمکی ئازادی و ڕوانگە هزریەکانی هانا ئارێنت

لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا، هەوڵدەدەین تێگەیشتنێکی تیۆری لەبارەی چییەتی چەمکی ئازادی پیشکەش بکەین، ئەمەش لە میانەی باسی یەکەمی ئەم بەشەدا خراوەتەڕوو، کە خۆی لە چەند داخوازییەک دەبینێتەوە، پاشان لە باسی دووەمی ئەو بەشەدا تیشک دەخەینە سەر بەشێک لە ڕوانگە تیۆرییەکانی هزری سیاسی (**هانا ئارێنت**[*])، بە مەبەستی زیاتر ڕێگەخۆشبوون بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ئازادی لە تیۆری سیاسی **ئارێنت** دا، کە بەشی دووەمی توێژینەوەکەی بۆ تەرخانکراوە.

---

[*] (**هانا ئارێنت**) لە ڕێکەوتی ١٤/ تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٠٦) لە خێزانێکی یەهودی لە شاری (هانۆڤەر)ی ئەڵمانیا لە دایک بووە، یەکێک لە هزرمەندە سیاسییە پێشەنگەکانی سەدەی بیستەمە، و هەندێک بە فەیلەسوفی دەزانن، بەڵام خۆی ئەم ناولێنانەی ڕەتکردۆتەوە، لەبری ئەوە خۆی ناوناوە تیۆریستی سیاسی. ئەوکاتەی بوو بە سێ ساڵ باوانی بۆ ناوچە هێمنەکەی دەریای (**بەڵتیک**) گەڕانەوە، کە منداڵی خۆی تێدا بەسەربرد، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا باوکی بە نەخۆشی (**زوهەری**) مرد کە پێش هاوسەرگیری دووچاری بوبوو؛ لەهەمان ساڵدا واتە ساڵی (١٩١٣) داپیرەی لە (**باوکی**) مرد، کە شوێنگرەوەی باوکی بوو. لە ساڵی (١٩٢٤) دوای خوێندنی قۆناغی ئامادەیی **ئارێنت** بۆ زانکۆی (**ماربۆڕگ**) ڕۆیشت بە مەبەستی خوێندنی فەلسەفە لەژێر سەرپەرشتی (**مارتن هایدیگەر**)، هاوکات پەیوەندییەکی سۆزداری پر جۆش و خرۆش لەنێوانیاندا هەبوو، کاریگەری **هایدیگەر** بەسەر کارەکانی **ئارێنت** دەرکەوت، نەک تەنها لە ڕووی بە نەمرکردنی بۆ ئەزموونی یۆنان، بەڵکو لەو میتۆدە ئەسنۆلۆجی (ڕەگەزناسی)یەی کە لە زۆربەی کارەکانیدا بەکاریهێنا بۆ جێگیرکردنی واتایەکی وورد بۆ چەمکە سەرەکییەکان، بە نموومە: چەمکی (**کار**). دوای ساڵێک خوێندن لە زانکۆی **ماربۆڕگ** چووە زانکۆی (**فرایبۆرگ**)، بەشداری لە وانەکانی (**ئیدمۆند هۆسرێل**) کرد. لە بەهاری ساڵی (١٩٢٦) دەچێتە زانکۆی (**هایدلبێرگ**)، و لەوێ بوو بە خوێندکاری فەیلەسوفی بونگەرایی (**کاڕل یاسپەرز**)، و لەژێر سەرپەرشتی ئەودا تێزی دکتۆراکەی بەناونیشانی (**چەمکی خۆشەویستی لەلای قەشە ئۆگستین**) لە ساڵی (١٩٢٩) نووسیوە، هاوکات لە هەمان ساڵدا تێزەکەی بڵاوکرایەوە. هەروەها هەر لە ساڵی (١٩٢٩)دا لە بەرلین هاوسەرگیری لەگەڵ (**گۆنتەر ستێرن**) کرد، دوای ئەوە لە ساڵی (١٩٣٢) دەستی کرد بە نووسینەوەی ژیانی ئافرەتێکی یەهودی کە کەسایەتییەکی بەناوبانگ بووە لە سەدەی نۆزدە کە لە بەرلین ژیاوە و ناوی (**ڕاهیل ڤارنهاگێن**) بووە. بە هاتنە سەر دەسەڵاتی نازییەکان لە ساڵی (١٩٣٣)، خاڵی گۆڕان لە ژیانی **ئارێنت** ڕوویدا، ئەمەش بووە هۆی دورکەوتنەوەی لە فەلسەفە و کشانی بەلەلای سیاسەتدا، لە هاوینی هەمان ساڵدا لەلایەن دەزگای ئاسایشی نازییەکان دەستگیر کرا، بەجۆرێک هەرچەند **ئارێنت** ئامادەسازی دەکرد بۆ وانەوتنەوە لە زانکۆکانی ئەڵمانیادا، بەڵام بە هۆی جولەکە بونیەوە ڕێگری لێدەکرا؛ دوجار **ئارێنت** ناچاربوو لەگەڵ هاوسەرەکەی بۆ فەرەنسا ڕابکات، لەوێدا چەندین بیرمەندی کۆچبەری یەهودی ئەڵمانی ناسی و ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا کردن، یەکێک لەوان: (**واڵتەر بنیامین**) بوو، لە ساڵی (١٩٣٧) لە **گۆنتەر ستێرن** جیابووە، هاوکات لەهەمان ساڵدا لە ڕەگەزنامەی ئەڵمانی بێبەش دەکرێت. لە ساڵی (١٩٤٠) هاوسەرگیری لەگەڵ شاعێر و فەیلەسوفی ئەڵمانی و مارکسیست (**هاینریش بلوشەر**) کرد، بەهۆی داگیرکردنی فەرەنسا لەسەر دەستی نازییەکان، و لە ئەنجامی نەبوونی ڕەگەزنامەی ئەڵمانی **ئارێنت** خرایە سەربازگەی (**جیزر**) کە هەموو ئەو کەسانەی دەخرانە ئەو سەربازگەیە وەک دوژمنێکی بێگانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، بەڵام پاش چەند هەفتەیەک توانی لەو سەربازگەیە ڕابکات. پاشان لە ساڵی (١٩٤١) لە ڕێگە دبلۆماسێکی ئەمریکی بەناوی (**هیرام بینغام**) توانی لەگەڵ هاوسەر و خێزانەکەی بەرەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕابکات، و لە شاری (**نیۆرک**) نیشتەجێبوو، هەر لەم ڕێگەیەوە هاوکاری (٢٥٠٠) جولەکەی تری کرد کە دەربازیان بێت. لە ساڵانی (١٩٤١- ١٩٤٥) ستونێکی بە زمانی ئەڵمانی لە ڕۆژنامەی ماڵ (**Aufbau**)ی جولەکە دەنووسی، تێیدا هانی جولەکەی ئەڵمانی دەدا بۆ وەستانەوە بەڕووی ستەمی نازییەکان؛ لە پاش جەنگی جیهانی دووەم گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا و کاری بۆ لاوان و زایۆنیزمی ناوچەکە دەکرد، ژمارەیەکی زۆری منداڵی جولەکەی ڕزگارکرد و ڕەوانەی فەلەستینی کردن. لە ساڵی (١٩٥٠) ڕەگەزنامەی ئەمریکی وەردەگرێت، و لە زانکۆکانی (**کالیفۆڕنیا، بیرکلی، برینستۆن، نرۆس ویستر**) وەک لێکۆڵەرێکی میوان خزمەتی کردووە. گرنگترین کتێبی **ئارێنت** دوای تێزی دکتۆراکەی کە وایلێکرد بەناوبانگ بێت و پێگەی جێگیر بکات وەک لێکۆڵەر و هزرمەندێکی گرنگ (**بنەماکانی تۆتالیتاریزم**) بوو کە لە ساڵی (١٩٥١)دا بڵاویکردەوە؛ کە روداوە ترسناکەکەی هۆلۆکۆست لەخۆدەگرێت، و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دروستبوونی نازیزم و ستالینیزم شیدەکاتەوە، لەبەرئەوە چەپەکان دژی ئەم کتێبە وەستانەوە. لە ساڵی (١٩٥٦) بەشداری ڕاپەڕینی (**هەنگاریا**)ی کردووە، و لە ساڵی (١٩٥٨) کتێبی (**باری مرۆیی**) بڵاوکردەوە، کە تێیدا جیاوازی لە نێوان چەمکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کردووە، لەگەڵ کار و شێوە جیاوازەکانی کارکردن. ساڵی (١٩٥٩) وەک یەکەم ژنی وانەبێژ وانەی لە زانکۆکانی (**برینستۆن** و **شیکاگۆ**) وانەی وتۆتەوە، و بۆتە ئەندامی لیژنەی بیری کۆمەڵایەتی قوتابخانەی نوێ، لە (**مانهاتن**) زانکۆی (**ییل**) کە تا مردن لەوێ مامۆستای فەلسەفەی سیاسی بوو. لە ساڵی (١٩٦٠) تیۆری لە بارەی ئازادی و ماف داناوە، و لە ساڵی (١٩٦١- ١٩٦٢) بووە بە ئەندامێکی هاوکار لە بنکەی لێکۆڵینەوەی پێشکەوتوو لە زانکۆی (**ویسلیان**)، دواتر لە ساڵی (١٩٦٢- ١٩٦٣) هەڵبژێردرا بۆ هاوکاریکردن لە (**ئەکادیمیای ئەمریکی**) بۆ هونەر و زانست، و هەر لە

## باسی یەکەم

## چەمکی ئازادی و ڕوانگە جیاوازەکان لەمەڕ ئەو چەمکە

لەم باسەدا، هەوڵدەدەین لە ڕوانگەی هزری سیاسی و فەلسەفییەوە چەمکی ئازادی بناسێنین. لەو پێناوەشدا لە داخوازی یەکەم، وەک زەمینە خۆشکردنێک بۆ تێگەیشتن و چوونە ناو بابەتەکە، دەبێ لە واتای زمانەوانی و زاراوەیی چەمکی ئازادی بتوێژینەوە، چونکە ئاماژە زمانەوانی و زاراوەییەکان یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتنی واتاسازی چەمک و بیرۆکەکان، ئەمەش ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی لە داخوازی دووەمدا، هەوڵبدەین لە ڕووی مێژوویی و پەرەسەندنی تیۆرییەوە لە چەمکی ئازادی بکۆڵینەوە.

## داخوازی یەکەم

## پێناسەی ئازادی

ڕەنگە هیچ وشەیەک هێندەی وشەی ئازادی واتای جۆراوجۆری پێوە نەلکابێت، لەبەرئەوە گەر بمانەوێت لە تێگە و ئاماژەکانی ئازادی تێبگەین، باشتر وایە سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ کۆڵین و شیکردنەوەی واتا زمانەوانی و زاراوەییەکانی چەمکی ئازادی، بۆ ئەو مەبەستەش ئەم تەوەرەیە دابەشدەکەین بۆ دوو لق، لە لقی یەکەمدا لە ڕووی زمانەوانییەوە لە واتای ئازادی دەکۆڵینەوە، دواتر لە لقی دووەمدا واتا زاراوەییەکانی ئازادی دەخەینە بەرباس و توێژینەوە.

### لقی یەکەم: واتای زمانەوانی ئازادی

وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا وشەی ئازادی واتای فرەجۆر لەخۆدەگرێت، ئەم فرەواتاییەشی لە ڕووی زمانەوانیەوە ڕەنگیداوەتەوە، بۆ ئەمەش هەوڵدەدەین لە سۆنگەی زمانی کوردی و زمانەکانی تر ڕاڤەی واتای زمانەوانی چەمکی ئازادی بکەین، چونکە ئەستەمە تاکە پێناسەیەک لە ڕووی واتای زمانەوانییەوە بۆ وشەی ئازادی پەسەند بکەین و بە شێوەیەکی گشتی وەریبگرین.

بنچینەی زمانەوانی وشەی ئازادی لە زمانی کوردیدا بۆ بنج و ڕەگی وشەی (**ئازاد**) دەگەڕێتەوە کە وشەکانی ئازادی، سەربەخۆیی، ڕزگاری و سەربەستی لێوەرگیراوە[1]. لە (**فەرهەنگی خاڵ**)دا، وشەی ئازاد هەم وەک هاوەڵناو لێکدراوەتەوە و بە واتای (فیسار کەس ئازادە) هاتووە، واتە سەربەستە لە هەر کۆت و بەندێک، هەمیش وەک تەواوکەری چاوگەکانی (**بوون، کردن**) هاتووە، کە بە واتای ئازادبوون یان ئازادکردن دێت، واتە لێخۆش بوون لە یەکێک کە مافی کەسێکی تری بەسەرەوەیە، واتە ڕزگاربوونی

---

ساڵی (١٩٦٣) کتێبی (**ئایشمان لە ئۆرشەلیم**) بڵاوکردەوە، کە مشتومڕێکی لە بازنەی جۆلەکەکاندا نایەوە، هاوکات لەهەمان ساڵدا کتێبی (**لەبارەی شۆڕشەوە**) بڵاوکردەوە، کە پێکهاتووە لە شیکردنەوەیەکی بەراوردکاری بۆ شۆڕشەکانی ئەمریکا و فەڕەنسا. لە ساڵی (١٩٦٤) بوو ئەندامی (**ئەکادیمیای ئەمریکی**) بۆ هونەر و ئەدەب. لە ساڵی (١٩٧٠) کتێبی (**لەبارەی توندوتیژی**) بڵاوکردەوە؛ هەروەها لە دەیەی شەستەکان و سەرەتای دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەم زنجیرەیەک وتاری گرنگی بڵاوکردەوە، لەوانە: (**لەنێوان ڕابردوو و داهاتوودا، مرۆڤەکان لە سەدە تاریکەکاندا، قەیرانەکانی کۆمار**). ئارێنت بەر لە مردنی دوو بەرهەمی گرنگی فەلسەفی بەناونیشانی (**ژیانی ئەقڵ، بیر و ئیرادە**) نووسی، و دوای مردنی لە ساڵی (١٩٧٨) بڵاوکرانەوە. هەروەها (**وانەوتارەکانی لەبارەی فەلسەفەی سیاسی کانت**) لە ساڵی (١٩٨٢) بڵاوکرایەوە. ئەمەو چەندین بەرهەمی تری وەک (**کردەی سیاسی وەسفی شۆڕش بە**) و (**سیاسەت چیە؟**) نووسیوە. دواجار لە ٤/ کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٧٥) بەهۆی جەڵدەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد، لە کۆلێژی (بارد- ئەناندال) لە (نیۆرک) نێژراوە. بڕوانە: (جون ليتشه، خمسون مفكراً أساسياً معاصراً: من البنيوية إلى ما بعد الحداثة، ت: د. فاتن البستاني، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٨، ص ص٣٦٧-٣٧٤)، و (ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤێس، فەلسەفەی هانا ئارێنت، و: ئارام محمود، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٧، ل ل١٠- ١٢)، و (کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، و: کۆمەڵێک نووسەر، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٥،ل ل٦-٧.

[1] ڕزگار کریم، فەرهەنگی دەریا (عەرەبی- کوردی)، ب١، چاپخانەی مەهارەت، چ٢، بەبێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٧، ل ل١٩٩، ٢٠٢.

مرۆڤ لە کۆیلایەتی، بە جۆریکی وا ئیتر بتوانێت ئیش بۆ خۆی بکات؛ بەمەش وشەی ئازادی واتای سەربەستی و سەربەخۆیی دەگەێنێت[1]. کەواتە بەپێی ئەم واتایانە بێت وشەکە ڕەهەندێکی خاوەندارێتی و فیزیکی وەردەگرێت و گوزارشت لە بوونی کەسێکی ئازاد و سەربەست دەکات، کە خاوەنی خۆی بێت و کۆیلەی کەس نەبێت و مافی کەسی بەسەرەوە نەبێت، بەڵکو بە شێوەیەکی سەربەخۆ بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، بۆخۆی ئیش بکات و خاوەنی بەرهەمی خۆی بێت.

لە زمانی فارسیدا بنەڕەتی وشەی ئازادی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی **(آزاد)**، کە هەر لەم وشەیەوە وشەی **(آزادی)** داتاشراوە، کە هەمان واتای وشەی **(ئازادی)** کوردی و **(حریة)**یەی عەرەبی هەیە. لە ئێرانی کۆنیشدا مەبەست لە مرۆڤی ئازاد ئەوە بووە، چەندێک لە خێزانێکی گەشەکردووی کۆمەڵگە و لە چینێکی جیاوازی کۆمەڵایەتیدایە[2].

هاوکات لە زمانی عەرەبیشدا لە **(معجم مقاييس اللغة)**دا هاتووە، پیتەکانی **(الحاء والراء)** لێکدراوێکە دوو بنەڕەتی هەیە: یەکەمیان بە واتای پێچەوانەی کۆیلایەتییە، دووەمیان پێچەوانەی ئەوەیە کە هیچ هۆشیارییەکی نییە، ئەمەش واتای وایە یەکەمیان دژ بە کۆیلایەتییە و بەدەرە لە هەر خەوش و کەموکورتییەک. بۆ نموونە: بەو کەسە دەوترێت ئازاد **(حُر)**ە، کە لەسایەی سەربەستی و ئازادیدایە؛ کە بە قوڕ دەڵێن: ئازادە واتای وایە هیچ لمێکی تێدانییە، هەروەک دەڵێن ئەو مرۆڤە ئازادە کە ئازاد بێت لە ڕووی ئازادییەوە[3]. لێرەدا وشەی ئازاد **(حُر)** وەک بنچکی ئازادی ڕەهەندێکی خودئاگایی و کردەیی دەبەخشێت، واتە کەسی ئازاد پەی بەوە دەبات، ئازادی واتە ئەنجامدانی کردەیەکی ئازادانە، بە پێچەوانەی ئەو ڕەوشە ناهۆشیارییەی کە بۆتە ماکی بەندایەتی.

هەروەها لە فەرهەنگی **(لسان العرب)**یشدا هاتووە: **(حرره، أعتقه)** واتە ئازادی کرد، بەریدا، واتە ئەو کەسەی کە کۆیلە بوو ئازادکراوە، دەوترێت: **(ئازادی کویلە)**، واتە هەستکردن بەوەی ئازادە لە ئازادیدا[4]. جگە لەم واتایانەی سەرەوە لە زمانی عەرەبیدا وشەی ئازادی ڕەهەندێکی ئاکاریشی بەبەرداکراوە، کاتێک دەوترێت: ئەو کەسێک بوو لە سەردەمی نەزانیدا **(الجاهلية)** بەوە ناسراو بوو کە پارێزگاری لە ئەدەب و وێژە دەکرد، ئەمەش واتای وایە کارێکی باشە، واتە ئازادی ئەوەیە، کە هەرکارێک بەباشی **(بحسن)** ئەنجامبدرێت، وەک ئەو ئاژەڵە شیردەرەی کە شیرەکەی بەباشی بەردەداتەوە[5]. هەروەها بەڕای هەندێک لە شارەزایانی بواری زمانەوانی، ئازادی لە ڕوانگەی خەڵک و دیدگا فەلسەفییەکانەوە بابەتێکی جەوهەری جێگیرە، و گوزارشتە لە کردەی ئازادانە، کە واتای هەوڵدان دەگەیەنێت بۆ ئەوەی ئازادی لە ئەگەرەوە بکرێت بە واقیع، هەروەها ئەوەش دەوترێت: کە وشەی ئازادی بە واتای ئازادبوونی مرۆڤ دێت لەسەرجەم بەند و بارە دەرەکی و ناوکییەکانەوە[6].لە زمانی ئینگلیزیشدا، بنەڕەتی چەمکی ئازادی دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو وشەی (Liberty، Freedom)، ئەگەرچی هەردوو وشەکە لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ یەک ناوەڕۆک بەکاردێن، بەڵام وشەی زیاتر (Freedom) بۆ ئازادی مەدەنی و وشەی (Liberty) بۆ نەمانی گوشار و زۆر لێکردن بەکاردێن[7]. هەروەها لە فەرهەنگی (Webster)ەی ئینگلیزیدا، وشەی (Freedom) بە واتای ئازادبوون لە تەنگ و چەڵەمە، یان ئازادبوون لە مەترسی ، ئازار و زیان دێت؛ یاخود بە واتای پاراستنی ئاسایش بە شێوەیەکی ئاسایی، کە قەبارەکەی بگاتە ئاستی بەرابەری دێت،

---

[1] محمدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی مەعاریف، چاپخانەی فردۆسی، بێ شوێنی چاپ، ١٣٦٧ هەتاوی، ل ل٤٦- ٤٧.

[2] شکار یوسف، چەمکی ئازادی و جۆرەکانی، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (٢١)، دەزگای کەوانە، چاپخانەی کارۆ، بێ شوێنی چاپ، تەمووزی ٢٠١٣، ل٢٤٤.

[3] د. بشير عبدالعالي شمام، مقصد الحرية في الشريعة الإسلامية: رؤية في الموازنة بين الحرية الشخصية والمصالح العامة، مجلة الشريعة والدراسات الإسلامية، العدد (١٢)، جامعة إفريفيا العالمية- كلية الشريعة والدراسات الإسلامية، سودان، أغسطس ٢٠٠٨، ص٢٠١.

[4] د. بشير عبدالعالي شمام، مرجع سبق ذكره، ص ص٢٠١.

[5] عبدالله العروري، مفهوم الحرية، المركز الثقافي العربي، ط٥، بيروت- لبنان، ٢٠١٢، ص١٦.

[6] حسن حنفي، "حرية أم تحرر" في مجموعة المؤلفين، فلسفة الحرية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت- لبنان، ٢٠٠٩، ص٢٨.

[7] شکار یوسف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٤.

هەرچی وشەی (Liberty)یە، بە واتای ئازادبوون لە ترس و توندوتیژی جەستەیی دێت، جگە لەوەش واتای ئازادبوون لە بەندیخانەش دەگەێنێت[1].بۆیە وشەی (Liberty) زیاتر لە چوارچێوەی یاسایی و دبلۆماسیدا بەکاردێت[2]. زیاتر لەوەش، لە فەرهەنگی (Oxford)ی ئینگلیزیشدا وشەی (Freedom)، بە واتای مافێک هاتووە کە کەسێک بیەوێت کارێک ئەنجام بدات یان ڕەفتارێک بنوێنێت، بەنموونە: (ئازادی قسەکردن، ئازادی ڕادەربڕین و ماف و ئازادییە تاکەکەسیەکان، هاوکات ئەوەش دووپات کراوەتەوە، کە وشەی (Liberty)، گوزارشتە لە ئازادی جوڵە و هاتووچۆ بۆ هەر شوێنێک کە تاک ویستی لەسەر بێت، و ئازادی ئەنجامدانی هەر کارێک کە بیەوێت[3]. لێرەوە وادەردەکەوێت، کە ئەم دوو وشەیە بە نزیکەیی یەک ناوەڕۆکیان هەیە، کەواتە، هەردوو واتاکە لە یەک بازنەدا دەخولێنەوە، لەبەرئەوە هەردووکیان بۆ دەربڕی یەک مەبەست بەکاردێن، کە ئەویش گوزراشتکردنە لە نواندنی کردە و ڕەفتاری ئازادانە بە شێوەیەکی بەرابەر، و دوور لە ترس و گوشار و زۆرلێکردن.

هەروەها بنەڕەتی زمانەوانی وشەی ئازادی لە زمانی فەڕەنسیدا دەگەڕێتەوە بۆ وشەی ('Liberte)، کە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی لاتینی (Libertas)، کە بە واتای دۆخێکە کە ئازادی دەبەخشێت بە تاک و بە پێی یاسا ملکەچ نابێت بۆ کەسێکی تر، هەروەها دۆخێک کە تێیدا گەل خۆی فەرمانڕانی خۆی دەکات و خاوەنی سەروەری تەواوە و ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی زۆردار و هێزێکی دەرەکی نابێت، و گوزارشتیشە لە ئازادی جوڵە و هەڵبژاردن بێ بوونی هیچ پابەندی و زۆرلێکردنێک[4]. و لە زمانی ئەڵمانیشدا بنچینەی وشەی ئازادی بۆ وشەی (Freibeit)، دەگەڕێتەوە، کە هاوواتای وشەکانی ئینگلیزی (Liberty) و (Freedom)ە[5]. لە میانەی ئەو واتا زمانەوانیەی خستمانەڕوو بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ئازادی واتای بوونی دۆخێکە، کە تێیدا مرۆڤ هەست بە بوونی خۆی و نەبوونی ترس و گۆشار و نەمانی ستەم لەسەر ژیان و کردە و ڕەفتارەکانی بکات، بە جۆرێک کە هەموو کەسێک ئەو مافەی هەبێت، بەڵام ئەوە هێشتا بە ناتەواوی دەمێنێتەوە بۆ تێگەیشتنێکی گشتی لە واتای ئازادی، لەبەرئەوەی واتای زمانەوانی سەرباری بایەخ و گرنگییەکەی بە تەنها ناتوانێت ئەو تێگەیشتنە گشتگیرە بە بابەتەکە ببەخشێ، هەر ئەوەشە کێشمان دەکات بۆ توێژینەوە لە هێما و ئاماژە زاراوەیی و پێناسەکردنی چەمکەکە.

## لقی دووەم: واتای زاراوەیی ئازادی

لە پێشەکی توێژینەوەکە ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کە هیچ وشەیەک بەڕادەی وشەی ئازادی هزرو ئەندێشەی مرۆڤی بەخۆیەوە سەرقاڵ نەکردووە، ئەمەش وای کردووە زاراوەی ئازادی لە خۆیدا هەڵگری واتای جۆراوجۆر و جیاواز بێت. لەبەرئەوە گەر بگەڕێینەوە بۆ فەرهەنگە فەلسەفییەکان، ئەوا دەبینین زاراوەی (**ئازادی**) بێ شومار واتای لەخۆگرتووە، بە شێوەیەک کە ئەستەم بێت بتوانرێت تاکە پێناسەیەک پەسەند بکرێت و ببێتە پێناسەیەکی گشتی کە دروست و ئاوەنتاژ بێت بۆ گشت شێوەکانی ئازادی؛ بە نموونە: لە فەرهەنگی (لالاند-Lalande)دا، زیاتر لە چەند واتایەک دراوەتە پاڵ چەمکی ئازادی، ئەوانیش کورتدەکرێنەوە لە: واتای سیاسی و کۆمەڵایەتی، دواتر ئاماژە بۆ واتای دەروونی و ئاکاری دەکات، هەروەها چەند لایەنێکی تر ڕووندەکاتەوە، کە هەندێکیان پەیوەستن بە زانست و هەندێکی تر

---

[1] George J . Hagar, The new supreme Webster dictionary, World Syndicate company, U S A, New York, U S A, 1922, PP 307,760.

[2] بول. ف. بولر، الحرية والقدرة فى فكر الأمريكى، ت: إسماعيل كشميري، مكتبة الانجلو المصرية، بلا مكان الطبع- مصر، ١٩٧٨، ص٣٠.

[3] The Oxford word power, Oxford University, third edition, New York, U S A, 2011, P P321,460.

[4] الباكاي ولد عبدالمالك، العقل والحرية في فلسفة هوبز السياسية، جداول للنشر والترجمة والتوزيع، بيروت، ٢٠١٣، ص٢٤٨.

[5] بول. ف. بولر، مصدر سبق ذكره، ص٢.

لەوان گرێدراون بە میتافیزیک و ....هتد[1]. لەبەرئەوە پێناسەکان بۆ ئازادی زۆر جیاوازن، بە گوێرەی ڕوانگە و بۆچوونەکان دەگۆڕێن، وەلێ بە شێوەیەکی گشتی دەوترێت دەکرێت دووجۆر واتای زارەوەیی بۆ ئازادی لە یەکتر هاوێر بکرێ، ئەوانیش: ئازادی بە واتای جێبەجێکردن، و ئازادی بە واتای هەڵبژاردن. مەبەست لە ئازادی جێبەجێکردن؛ هەبوونی توانای ئەنجامدانی، یاخود ئەنجامنەدانی کارێکە، بەبێ ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری هێزێکی دەرەکی؛ لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی ئازادییەکی سروشتی **(فیزیکی)** دەبینەوە، کە گوزارشت لە سەرکەشی و سەربەخۆبوونی بوونەوەر **(بکەر)**ەکە دەکاتەوە؛ ئەمەش ئەو واتایەیە کەوا یاسا بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ ئازادی دادەنێت[2]. ئەمەش وا دەردەکەوێت، کە ئازادی بە واتای هەبوونی توانایەک دێت بۆ ئەنجامدانی کارێک یان نەکردنی، دوور لە بوونی هەر فشارێکی دەرەکی.

هەروەها فەرهەنگی (The Oxford English)یش، لە پێناسەی بۆ ئازادی جەخت لەوە دەکاتەوە کە: "ئازادی بریتییە لە بوونی توانای تاک بەسەر ڕەفتارەکانیدا، بەبێ بوونی ڕێگری یان سنووردارکردنی: ئەمەش ئەو توانایەیە یان هێزەیە بوونی لە تاک دا گرەنتی ئازادی کردەیە"[3]. هەروەها لە **(موسوعة الفلسفية)**یشدا پێناسەی زاراوەی ئازادی کراوە وەک کاتیگۆرییەکی فەلسەفی، وا گوزارشی لێکراوە" کە ئازادی بەرئەنجامی پەیوەندی نێوان چالاکی مرۆڤ و یاساکانە لەپێناو سروشت و کۆمەڵگە، بەمەش ئازادی ئاراستەکردن و توانای ڕەفتارکردنە، کە بە هیچ مەرج و دۆخێکی دەرەکی پەیوەست نییە"[4]. کەواتە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زاراوەی ئازادی وەک ئازادی جێبەجێکردن، کە لەسەر هەبوونی توانای تاک بیاتنراوە و دەرگیری هیچ بەربەست و سنوورێکی دەرەکی نییە، بە شێوەیەک کە تاک ئازاد بێت لە هەموو هێز و زۆرلێکردنێکی دەرەکی. لە ڕاستیدا، ئەم وادانانەش مژارێکی ئالۆزە، ڕەنگە لە بەشەکانی داهاتوو، لە ڕوانگەی هزر و تیۆرە جیاوازەکاندا ئەوەمان زیاتر بۆ ڕوون بێتەوە.

هەرچی ئازادی هەڵبژاردنە، بریتییە لە هەبوونی توانای ئەنجامدانی کارێک بەبێ ئەوەی مل بۆ کاریگەری هێزی ناوەخۆ کەچ بکات، جا ئەگەر هاتوو ئەو هێزانە ڕواڵەتێکی ئەقڵمەندانەیان پێوە بوو، وەکو پاڵنەر و پاساو بۆ هێنانەوە، یاخود سیمایەکی ویژدانییان پێوە لکابوو، وەک پاڵنەر، هەواو هەوەسەکان، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی ئازادییەکی سایکۆلۆجیانە، کە گوزارشتە لە نەمانی هیچ گوشار و فشارێکی دەروونیانە. کەواتە ئازادی سایکۆلۆجی: واتای توانای هەڵبژاردنە، کاتێک بەرامبەر دوو کردەی جیاواز دەبین، یاخود کاتێک بەرامبەر ئەوە دەبین کارێک ئەنجام بدەین، یاخود ئەنجامی نەدەین(5). هاوکات لە **(المعجم الفلسفي)**یشدا هاتووە، ئازادی سایکۆلۆجی: واتا بوونی توانای ڕاپەڕاندن و دەستڕاگەیشتن بە کارێک بەبێ ئەوەی لەژێر کاریگەری هێزی دەروونی دابێت، جا ئەو هێزانە هۆکارەکان **(البواعث)** بن، یاخود پاڵنەر **(الدوافع)** بن[6]. هەروەها لە فەرهەنگی **(المصطلحات السياسية** و**الفلسفية** و**الدولية)**شدا، پێناسەی زاراوەی ئازادی لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە کراوە: بە توانای هەڵبژاردن لەنێوان چەند شتێک یان ژمارەیەک چارەسەر **(حلول)** یان گریمانە **(فروض)** یاخود لەوانە **(إحتمالات)**. هەروەها بەرجەستەبوونی ئازادی پەیوەستە بە بەرجەستەبوونی خود و گەیشتن بە خۆشی و ئاسودەیی تاک، واتە بوونی مرۆڤ نە دیاری دەکرێت و نە دانی پێدادەنرێت؛ مەگەر بە بوونی ئازادی لە ناواخنی تاکدا، بەوەی ئازادی لەناخی مرۆڤدا جێگیرە و لێی جیانابێتەوە[7]. کەواتە زاراوەی ئازادی بە واتای هەڵبژاردن، واتای وایە تاک خۆی بتوانێت دەستنیشانی ئامانجەکانی خۆی بکات، خۆی بڕیاردەر و جێبەجێکەری ئەو

---

[1] Lalande, Vocabulaire Technique et Critique de la philosophic, 5 edition, Art, paris, pp 544- 551.

[2] کامەران مەنتک، ئازادی لەنێوان فەلسەفە و یاسادا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٥.

[3] نقلاً عن: الباكاي ولد عبدالمالك، مرجع سبق ذكره، ص٢٤٧.

[4] نقلاً عن: رأفت فؤاد عبدالرحمن ريان، الثورات العربية ٢٠١١ وأثرها على مفاهيم الحرية والمشاركة السياسية لدى طلبة الجامعات الفلسطينية في الغربية (جامعة النجاح الوطنية أنموذجاً)، رسالة الماجستير، جامعة النجاح الوطنية، نابلس- فلسطين، ٢٠١٥، ص٢٧.

[5] کامەران مەنتک، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٥-٢٦.

[6] مراد وهبة، المعجم الفلسفي، دار الحديثة للطباعة والنشر والتوزيع، القاهيرة- مصر، ٢٠٠٧، ص ص٢٧٤-٢٧٥.

[7] د. ناظم عبد الواحد الجاسور، موسوعة المصطلحات السياسية والفلسفية والدولية، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان، ٢٠١١، ص٢٦٤.

ئامانجـانە بێت، لەسـەر بنەمـای هـزر و ئـاوەزی خـۆی، بەدەر لەهەر ملکەچییەک بـۆ فشـار و پـاڵنەرە دەروونییەکانی.

لە میـانەی شـرۆڤەکردنی هەر یەک لە ئـازادی بە واتـای بـوونی توانـای جێبەجێکـردن و توانـای هەڵبـژاردن، ئەو ئەنجـامە بەدەسـتەوە دەدات، کە دەمەوێـت خـۆم ئامانجەکـانی خـۆم هەڵبـژێـرم و ئەنجامیـان بـدەم. ئەمەش بەلایەنـی کەمەوە، بەشـێکە لەو چەمـکەی کاتێـک بە بـوونـەوەرێکی ئەقڵمەنـد لە خـۆم دەگەم، هەسـت دەکەم شـتێک هەیە مـن وەک بـوونـەوەرێکی هـزردار و خـاوەن ویسـت، لە بـوونـەوەرانـی تـر جیـا دەکاتەوە؛ ئەویش ئەوەیە بەرپرسیاری هەڵبژاردنەکانی خۆم بم و بتوانم لەسەر بنەمای هزر و مەبەستەکانی خۆم ڕوونیان بکەمەوە، کەواتە، ئازادی بەو واتایەی خۆم خاوەنی هەڵبژاردنەکانی خـۆم و سـەرداری خـۆم بم، لەگەڵ ئازادی بەو واتایەی هیچ کەسێک ڕێگا لەو کارە نەگرێت کە دەمەوێ ئەنجـامی بدەم، دوو شـتی جیاوەزە و لەوانەیە لە ڕووی لۆجیکەوە زۆر لە یەکتر دوور نەبن، وەک بڵێی ئەم دوو واتـایە، دوو لایەنـی یەک بابەتن، وەلێ بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی مێژوویییەوە، دوو چەمکی نێگەتێف و پۆزەتیڤی ئازادییـان هێنایە ئاراوە، و لە دوو ڕێگەی جیاواز و بە شێوەیەکی ناڕێک گەشەیان کردووە و لە کۆتایشدا بە تەواوی دژ بەیەک وەستانەوە. ئەمەش واتای وایە، ئازادی پەیوەندییەکی پتەوی بە بوونی مرۆڤەوە هەیە، لەبەرئەوە بەگوێرەی بۆچوونی مرڤ بۆ خودی خۆی وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ واتای ئازادیش دەگۆڕێت[1].

لە کۆتایدا، دەکرێت پوختەی ئازادی لە ڕووی زاراوەییەوە لە چەند ڕوویەک بخەینەڕوو:

١- لە ڕووی فەلسـەفییەوە: بـریتییە لە ئیـرادەی مـرۆڤ، بـۆ گوزارشـتکردن لە بـوونی خـۆی. یەکەمـین فەیلەسوفیش، کە ئەم چەمکەی لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە بەکارهێنـا (**سپینۆزا**-Spinoza /١٦٣٢-١٦٧٧ )یە، کە بەم شێوەیە پێناسەی ئازادی دەکات؛ شتێک ئازاد دەبێت، کە هەبێت و بەگوێرەی پێویستی سروشتی ڕەفتار دەکات، هەروەها ناشیرین دەبێت کە شتێکی تـر هەڵیسـوڕێنێت و بەگوێرەی ڕێسـایەکی دیـاریکراو ڕەفتار بکات[2].

٢- لە ڕووی سیاسـییەوە: بە واتـای مـافی سیاسـی هـاوڵاتی دێـت بـۆ بەشـداریکردن لە بەڕێـوەبردنی کاروباری وڵاتدا.

٣- لە ڕووی ئـایینییەوە: بە واتـای ئـازادی دێت لە بیروبـاوەڕدا، کە مەبەسـت لێـی پیـادەکردنی سـروتی ئایینییە؛ واتە هەر کەسێک ئازادە لە هەڵبژاردن و گوزارشتکردن لە ئایین لە ڕوانگەی بۆچوونی خۆیەوە.

٤- لە ڕووی ئابوورییەوە: بریتییە لە ئازادکردنی تاک لە بەرهەمهێنان و بەکاربردن، بێ دەستێوەردانی دەوڵەت لە ژیانی ئابووریدا.

٥- لە ڕووی کـۆمەڵایەتییەوە: بـریتییە لە ئـازادکردنی تـاک، بە ڕادەی ئەوەی هەرچییەکـی بوویـت ئەنجامی بدات، بەڵام لە سنووری پێودانگە کۆمەڵایەتییەکان و یاسـادا بێت، بـێ ئەوەی ببێت بە هۆکـاری سنوور بەزاندنی ئازادی کەسانی تر، ئازادی بەم واتـایە دژی ملکەچی و کۆیلایەتی کەسێکە بۆ کەسێکی تر[3].

٦ــ لە ڕووی دەروونیـیەوە: وەک ئەوەی لە سـەرەوە ئاماژەمـان پێـدا، ئـازادی واتـای نەمـانی فشـار و پاڵنەری دەروونییە لەسەر تاک، کاتێک دەیەوێت کارێک ئەنجام بدات، یاخود کارێک ئەنجام نەدات.

هەر ئەم ڕووە جیاوازانەشن، وای کردووە کە هزرمەند و فەیلەسـوفان لەسـەر یەک پێناسـەی یەکـانگیر بۆ ئازادی ڕێکنەکەون. هەندێکیان لە ڕوانگەی ژیانی سروشتییەوە پێناسەی ئازادییان کـردووە، ئـازادی بە واتای ڕزگاربوون لەو سیستمانەی مرۆڤ درووستی کردون پێناسە دەکەن، واتا ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی

[1] کامەران مەنتک، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٦-٢٧.
[2] د. فـواد زەکەریـا، تیـۆری ئاکـار لەلای سـپینۆزا، و: حسـێن لەتیـف، لە کتێبـی وەرگێرانـی کۆمەڵێـک نووسـەر، سـپینۆزا، دەزگای ئایدیا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٧، ل ل١٤٥-١٤٦.
[3] شکار یوسف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٥.

سیستمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کە دژ بە ژیانی خۆرسک و سروشتین. هەندێکی تر لە ڕوانگەی فەلسەفی و میتافیزیکییەوە پێناسەی ئازادی دەکەن، پێیانوایە ئازادی خۆ بوونە، واتە پەیوەستە بە بوونی خودی مرۆڤەوە، هەروەک (**ئەمانوێل کانت** Immanuel Kant[*]) دەڵێت: **"هەر هەبوویەک تەنها لە سایەی بیرۆکەی ئازادیدا بتوانێت ڕەفتار بکات، بەم هۆیەوە، لەلایەنی کردەییەوە، بوونەوەرێکی تەواو ئازادە"**[1]. هەروەها هەندێکی تر لە ڕوانگەی یاساییەوە پێناسەی ئازادی دەکەن، پێیانوایە ئازادی بریتییە لەو کردە جەستەیی و هزریانەی کە مرۆڤ لە ژیانی ناو کۆمەڵگاکەیدا ئەنجامی دەدات، بەبێ ئەوەی زیان بە کەسێکی تر بگەێنێ لەو چوارچێوەیەی کە یاسا بۆی دیاریکردووە، بێگومان یاسا دەتوانێ تەنیا چوارچێوە بۆ کردە جەستەییەکان دابنێ، ئەگینا کردە هزرییەکان لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسادان[2]. هەر ئەم ڕوانگە جیاوازانەش لەمەڕ ئازادی بەرەو ئەوە کێشمان دەکات، کە تەوەرەی داهاتوو تەرخان بکەین بۆ پەرەسەندنی چەمکی ئازادی لە تیۆری سیاسیدا، تا لەو میانەوە ڕانان بۆ چەمکی ئازادی بکەین هەم لە هزری هزرمەند و فەیلەسوف و ڕوانگەی ڕێبازە فەلسەفی و ئایینییەکان لە سەردەمی کۆن و ناوەڕاست، هەم لە ڕوانگەی تیۆرە نوێ و هاوچەرخە جیاوازەکاندا؛ ئەمەش لە پێناو باشتر تێگەیشتن لە واتا جیاوازەکانی چەمکی ئازادی.

---

[*] **کانت** لە روانگەیەکی فەلسەفییەوە بۆ ئازادی چووە، و دەڵێت: ئەگەر لە تواناماندا هەبوایە درک بە ئازادی ئیرادە لەنێو خۆیدا بکەین، ئەودەم دەمانتوانی کە بەهۆی شیکارییەوە تێکڕای ئاکارێتی و بنەماکانی دەربهێنین، بەڵام ئەوە کارێکە لە توانای ئێمەدا نییە، لەبەرئەوە ئازادی بە واتای پۆزەتیف، تەنها ئەوەندەی بەسە کە ئەو ڕایەمان هەبێت کە چەمکی دادوەری بە ئاکار پەیوەست بێت؛ لەبەرئەوە پێویستە بیرۆکەی ئازادی بدەینە پاڵ هەموو بوونەوەرێکی ژیری خاوەن ئیرادە، چونکە ئێمە لەم چەشنە هەبووەدا ئەقڵێک وێنا دەکەین کە ئەقڵێکی کردەییە، واتە ئەقڵێکە کە بەرامبەر بە بابەتەکانی بە هۆکارێتییەک ساز و تەیارکراوە. لەبەرئەوە ئەقڵێک کە لەوپەڕی هۆشیاری خۆیدایە، ئەستەمە بۆ دادوەرییەکانی ڕێنمایی لەدەرەوە وەربگرێت، چونکە ئەو کاتە بۆ پاڵنەرە ئەقڵییەکانی ناگەڕێتەوە. بەڵام **کانت** پێی پێدادەنێ هەموو ئەمانە سەلماندنی بێ بەڵگەن، بەڵکو ڕۆڵێکی خراپیشیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، چونکە ئەگەر لە ڕێگەی ملکەچبوون بۆ یاسای ئاکاری شیمانەی ئازادی بکەین، کەواتە چارەسەر چییە؟ بۆ ئەم پرسە، **کانت** پەنا بۆ جیاکردنەوەی جیهانی بەرهەست و جیهانی ئەقڵی دەبات و دەڵێت: ئێمە دەتوانین لەوە تێبگەین ئەو چەمکانەی لە دەرەوە کارمان تێدەکەن، لە نموونەی: نواندنی هەستەکان، دەتوانین شتەکان بزانین، نەک لە ڕووی شتەکان بەو جۆرەی کە لەنێو خۆیاندا هەن، لەبەرئەوە پێویستە لێرەدا دیاردەکان و شتەکان لەنێو خۆیاندا بەوردی لێک جیابکەینەوە، هەرچی دیاردەکانن بە هەستەوە پەیوەستن، بەڵام شتەکان لەنێو خۆیاندا کە بناغەی دیاردەکانن ئێمە توانای زانینیانمان نییە؛ هەمان شتیش بەسەر مرۆڤدا دەچەسپێ، چونکە مرۆڤ ناتوانێت ڕاستی خۆی بەو جۆرەی لەنێوخۆیدا هەیە بزانێت، بەڵکو هەموو ئەو شتەی دەیزانێ ئەوەیە کە درک بە چۆنیەتی کارتێکردنی هەستی خۆی بکات، چونکە بوونەوەری ژیر پێویستە بە ئەقڵ خۆی بەسەر جیهانی ئەقڵی بسەپێنێ، و بە بەهرە نزمەکانی خۆی بەسەر جیهانی بەرهەست ئەژمار بکات، بەوپێیەش کە ئەندامی جیهانی ئەقڵە، لە هەموو دەستنیشانکردنێک بەهۆی هۆکارە ئەزموونییەکانەوە سەربەخۆیە، و تەنها لە سایەی بیرۆکەی ئازادیدا دەتوانێت هۆکارێتی تایبەت بە ئیرادەی خۆی وێنا بکات، بە بیرۆکەی ئازادیش چەمکی یاسادانانی خۆیی پەیوەست دەبێت بە بەنەمای هەمەکێی ئاکارێتی. هەر لەبەرئەوە ئەو ڕۆڵە خراپەش نامێنێت و مرۆڤ خۆی بە ملکەچی هەردوو جیهانەکە ئەژمار دەکات، واتە هەم جیهانی ئەقڵی و هەمیش جیهانی بەرهەست وەک یەک و بە یەک ئەندازاە، و لە ئەنجامدا لە خۆیدا یاسایەک بۆ ویستی چاکەخوازانە پێک دێنی. هەروەها **کانت** ڕای وایە، کە خەڵکی لە ویستیاندا خۆیان پێ ئازادە، بەڵام ئەم ئازادییە چەمکێک نییە لە ئەزموونەوە وەرگیرابێت. هەروەها پێویستیشە هەموو شتێک بە پێی بڕێک یاسای سروشتی ڕووبدات، ئەم پێویستییەش دیسان، بە هەمان شێوەی ئازادی لە ئەزموونەوە وەرنەگیراوە، بەڵکو بابەتی ئەوەی کە ناچارییەک داوای ئەمە دەکات، ئەوە بابەتێکە کە بەر لە ئەزموون درک دەکرێت، واتە بەهۆی ئەقڵی تیۆری پەتییەوە درک دەکرێت، هەر لەبەرئەوە ئازادی تەنها بیرۆکەی ئەقڵە، ڕاستییە بابەتییەکەی جێی گومانە، بەڵام بابەتی سروشت چەمکی زەینە و بەهۆی بەڵگەکانەوە کە ئەزموون بەردەستی دەخات دروستییەکەی دەسەلمێت. بڕوانە: (ستيفن ديلو، تفكير السياسي والنظرية السياسية والمجتمع المدني، ت: ربيع وهبە، مجلس الأعلى للثقافية، القاهرة، ٢٠٠٣، ص٣٤٧). و (عەبدولرەحمان بەدەوی، ئاکار لەلای کانت، ب٢، ناوەندی توێژینەوەی شەهید ئارام، چاپخانەی تاران، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل ل١٢٢-١٢٩).

[1] عەبدولرەحمان بەدەوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.

[2] کامەران مەنتک، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٩-٤١.

## داخوازی دووەم

## پەرەسەندنی چەمکی ئازادی لە تیۆری سیاسیدا

لەم داخوازیەدا، هەوڵدەدەین لە ڕوانگەی هزر، فەلسەفە و تیۆری سیاسی، دیدی فەیلەسوف و هزرمەند و ئەزموونی سەردەمە جیاوازەکان باس لە چەمکی ئازادی بکەین، چونکە ڕوانگە هزری، فەلسەفی و تیۆرییە سیاییەکانیش، هەر لە دید و بۆچوونی هزرمەند و فەیلەسوفانەوە سەرچاوەیان گرتووە و فۆرمەڵەبوون. بۆ ئەمەش ئەم داخوازییە دابەش دەکەین بەسەر دوو لقی سەرەکیدا، لە لقی یەکەمدا باس لە چەمکی ئازادی دەکەین لە هزری کۆن و فەلسەفەی ناوەڕاستدا، لە لقی دووەمیشدا چەمکی ئازادی لە تیۆرە سیاسییە نوێ و هاوچەرخەکاندا باس دەکەین.

### لقی یەکەم: ئازادی لە هزری کۆن و ناوەڕاستدا

لەڕاستیدا ئەستەمە بۆ چەمکێکی ئاڵۆزی مێژوویی وەک ئازادی مرۆڤ دەستپێکێک یان تاقە ڕوداوێک دەستنیشان بکەین، بەڵام ڕەنگە بۆ هەر چەمک و دیاردەیەک چیرۆک و بنەڕەتێک هەبێت. ئازادی هێڵێکە لەنێوان ژیانی سروشتی و ژیانی ناو کۆمەڵگەدا، واتە ئەو ناوبڕەیە کە ئەم دوو ژیانە لە یەکتر جیادەکاتەوە، ئازادی مرۆڤ، لەگەڵ ژیانی کۆمەڵگەیی مرۆڤ دەست پێدەکات؛ هەر ئەمەشە وای لە فەیلەسوفێکی وەک **کانت** کردووە، کە دەرکرانی (**ئادەم** و **حەوا**) لە بەهەشت، بە یەکەم هەنگاوی دابڕان لە ژیانی سروشتی دابنێ، و وای بۆ بچێ کە مەملەکەتی ئازادی لەو دابڕانە دەست پێدەکات. لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە، ئەمە دەرئەنجامی تاوانێکە یەکەمین خێزانی مرۆڤایەتی کردویانە، هۆی ئەم دەرکردنەش بە گوێرەی بیر و باوەڕە ئاینییەکان و کولتور و کەلەپوری گەلان دەگۆڕێت، بەڵام هەموویان لەسەر کرۆکی دۆزەکە یەکدەگرنەوە کە ئەویش خودی تاوانەکەیە؛ ئەم کارەش ڕەنگدانەوەی ویست و ئیرادەیەکە بۆ شکاندنی چێوە، یاخود یاسایەک بۆ ئەوەی ئازاد بێت لە ڕیگریلێکردن لە خواردنی بەری ئەو دارەی کە لە ناوەڕاستی بەهەشتدایە، هیچ مەبەستێکیش بەبێ بیرکردنەوە نابێت، کەواتە ئەم جوڵەیەش بیرکردنەوەیەکی لەگەڵ دابووە[1].

بەڵام گەر مێژووی (**هزری سیاسی، فەلسەفەی سیاسی و تیۆری سیاسی**[*]) بە پێوەر وەربگرین، ئەوا دەکرێت ڕیشەی چەمکی ئازادی بگێڕینەوە بۆ (**دەوڵەت- شار/ پۆلیس** polis[**])ی یۆنانی کۆن و

---

[1] کامەران مەنتک، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٨-٤٩.

[*] هزری سیاسی، فەلسەفەی سیاسی و تیۆری سیاسی، ئەو زاراوانەن، کە بەردەوام بەرەو ڕوو دەبینەوە، لەبەرئەوە بە پێویستی دەزانین لێرەدا ئاماژە بە جیاوازی و پەیوەندی نێوان ئەو زاراوانە بکەین. فەلسەفەی سیاسی، بە شێوەیەکی ئەبستراکت پەیوەندی بە دەرئەنجامەکانی حکومەت و ئامرازاە شیاوەکانی گەیشتن بەو دەرئەنجامانە و دواجار بە باشترین جۆری حکومەتەوە هەیە. بابەتە سەرەکییەکانی فەلسەفەی سیاسیش پێکهاتوون لە چۆنییەتی وەدەستهێنانی حەقیقەت، دادپەروەری، بنەماکانی خێر و بەرژەوەندی گشتی، پێداویستییەکانی ئازادی و یەکسانی، سەقامگیری ژیانی سیاسی لەسەر پرەنسیپە ئاکارییەکان، هۆ و پێویستی بوونی حکومەت و هۆکارەکانی پەیڕەوکردنی هاوڵاتیان لە دەسەڵات، هاوکات هزری سیاسی، بە واتای نوێی وشە، خاوەنی ئۆگری کەم و زۆری هاوشێوەی فەلسەفەی سیاسییە، بەم واتایەش هزری سیاسی سەدەی بیستەم لەڕاستیدا درێژەی فەلسەفەی سیاسی کۆنە. کەواتە هەر باس و کۆڵێنکارییەک لە فەلسەفەی سیاسی گوزارشتە لە هزری سیاسی، بەدەربڕینێکی تر فەلسەفەی سیاسی بەشێکە لە هزری سیاسی. هەرچی تیۆری سیاسیشە، جۆرێکە لە جۆرەکانی بیرکردنەوەی سیاسی و مەبەستیەتی ئەو دیاردە جیاوازانەی کە بەڕاستی دەکەونە جیهانی سیاسەتەوە بگوازێتەوە بۆ جیهانی ڕاستەقینەی تەبا و گونجاو لەگەڵ ئەقڵ و واقیعی کرداریدا. بڕوانە: (شهاب أحمد عبدالله، مفهوم العدالة في النظرية الليبرالية المعاصرة- دراسة في الاتجاهات (المساواتية والليبرتارية والجماعاتية)، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة السليمانية- كلية القانون و السياسة، ٢٠١٧، ص١٣.) و (د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب١، و: ناسر ئیبراهیم زادە، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣، ل ١٤).

[**] (**دەوڵەت- شار/ پۆلیس polis**)، هەرچەندە پێشینەی هزرە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغە دێرینەکانی مێژووی مرۆڤ، بەڵام هزری سیاسی بەواتای تەواوی وشە، واتە هزری سیاسی لە چوارچێوەیەکی نوێ و جیا لە ئەفسانەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێک لە ژیانی یۆنانی کۆن کە دەتوانین لە مێژووی یۆناندا بە دەوڵەت- شار بەناوی بکەین، هەلومەرجی ژیانی سیاسی لە دەولەت- شارەکان لە شێوازە گەشەکردووەکەی خۆیدا سەرچاوەی سەرهەڵدانی هزری سیاسی

فەیلەسوفانی ئەو سەردەمە. واتای چەمکی ئازادی لە یۆنانی کۆندا جیاواز بووە لە تێگەیشتنی نوێ و ئیستامان، ئەو کات ئازادی واتای مافی بەشداریکردنی هەموو کەس (**لەڕاستیدا هەموو پیاوان**) لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی لەخۆدەگرت، واتە بەشداریکردنی هەموو هاوڵاتییان لە ئەنجومەنەکانی یاسادانان (**ئەنجومەنە جەماوەرییەکان**)دا، کە خاوەنی دەسەڵاتێکی بێ سنوور بوون[1]. بەڵام **هێرۆدۆت** لەمیانەی گێڕانەوەکانیدا لەوەش تێدەپەڕێت و مۆرکێکی قوڵتر بەبەر چەمکی ئازادیدا دەکات، کاتێک باس لەوە دەکات، کە بەهۆی ڕسکانی زیاتری دیموکراسی، ئەسینییەکان بەهێزتربوون و مافی ئازادی وشە (**دەربڕین**)، بووە مافێکی ڕەوا بۆ هەمووان و مافی یەکسانی هەموان (**بەهێز** و **بێهێز**، **ئەرەستۆکرات و هەژار**) لەبەردەم یاسادا[2].

لێرەوە، دەوڵەت- شار، بەتایبەت (**ئەسینا**) تەنها پانتاییەک نەبوو بۆ بە زیندوومانەوە، بەڵکو بەر لە هەموو شتێک پانتاییەکی سیاسی ژیانی هاوبەش بوو، هەموو هاوڵاتییانی پیاو، ئەوانەی تەمەنیان سەرووی ١٨ ساڵ و لەدایک بووی دایک و باوکێکی ئەسینایی بوون، خاوەن یەکسانی گوتار و یەکسانی لەبەرامبەر یاسادابوون، واتە پانتاییەکی گشتی کە هەمووان تێیدا ئامادە دەبوون. کەواتە، هەقیقەتی دەوڵەت- شار هەقیقەتی ڕەفتاری ئازادانەی هاوڵاتیان بوو[3]. بەڵام چەمکی ئازادی بە واتای دانانی کۆت و بەند لەسەر دەسەڵاتی دەوڵەت یان هەوڵی گونجاندن و هاوسەنگ کردن لەنێوان دەسەڵات و ئازادی تاک لە سایەی دیموکراسی یۆناندا نەناسرابوو، بەڵکو ئەو کات هیچ کۆت و بەند و سنورێک لەسەر دەسەڵاتی دەوڵەت نەبووە، لە پەیوەست بە ڕێزگرتن لە مافی تاکەکان و ئازادییەکانیان، وەک (**ئازادی بیر** و **باوەڕ**، **ئازادی خاوەنداریێتی** و **ئازادی کەسی**)؛ هاوڵاتی بەبێ کۆت و بەند ملکەچی دەوڵەت بوو لە هەموو شتێکدا، بەجۆرێک سەبارەت بە ئازادی باوەڕ (**ئاین**)، لەسەر تاک پێویست بوو کە پەیڕەوی لە ئاینی دەوڵەت بکات، ئەوەی پەیوەندی بە ئازادی خاوەندارێتی هەبووە، هیچ خاوەندارییەکی کەسی هەقیقی بوونی نەبووە، بەڵکو مڵک و سامانی تاک بەشێوەیەکی ڕەها لەژێر فەرمانی دەوڵەت بوو، هەرکاتێک دەوڵەت پێویستی پێ هەبوایە دەیتوانی مامەڵەی پێوەبکات، تەنانەت دەوڵەت مافی ئەوەی هەبوو، فەرمان بە خاوەن قەرز بکات واز لە قەرزەکەی بهێنی بۆ دەوڵەت یان فەرمانکردن بەسەر ئافرەتان کە زێڕ و گەوهەرەکانیان ڕادەستی دەوڵەت بکەن، هەروەها سەبارەت بە ئازادی کەسی، وەک (**ئازادی گواستنەوە**، **مافی ئاسایش** و **ئازادی نیشتەجێبوون**...هتد)، هیچ دەستەبەرێکی یاسایی نەبوو[4].

لەم لۆجیکەوە، واتا و مەدلولی ئازادی لەلای یۆنانییەکان، تەنها لە تێگەیەکی سیاسی بەرجەستەبووە، بەشێوەیەک کە دانیناوە بە مافی سیاسی تاک بۆ هاوبەشیکردن و بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی دەوڵەتدا، وەک مافی (**دەنگدان** و **خۆپاڵاوتن** بۆ **پۆست** و **ئەرکەکانی دەوڵەت**)، بەڵام ئەو مافە تەنها

---

بووە. دەوڵەت- شارەکانی ئەسپارتە و ئەسینا لە گەورەترین دەوڵەت شارەکانی یۆنان بوون، کە دوو سیستمی جیاوازی فەرمانڕانی و تارادەیەک سیستمی کۆمەڵایەتی جیاوازیان هەبوو: دەوڵەت- شاری (**ئەسپارتە**)، نموونەیەکی دیاری حکومەتێکی ئۆلیگارشی (**حکومەتی گروپێکی کەمینە**) و ئەرەستۆکراسی (**بنەماڵە وەچاغزادەکان**) بوو، دەوڵەت- شاری ئەسینا لە سەردەمی گەشەکردنی خۆیدا پتر نموونەی کۆمارێکی دیموکراتی بوو؛ بە تایبەت لە چەرخی (**سۆلۆن- Solon**/ ٦٣٨-٥٥٩پ.ز) و (**پریکلیس- Pericles**/ ٤٩٥-٤٢٩پ.ز)، کە دوو ڕێبەری بەناوبانگی ئەسینا بوون، چەندین چاکسازی ئەنجام دران، و ئامانجی ئەم چاکسازیانەش بەشداریکردنی هەرچی زیاتری خەڵک بوو لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی دەوڵەت- شاردا. بڕوانە: (کەمال پۆلادی، مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا، و: ئازاد وەلەدبەگی و سیروان زندی، ب١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ل١٧-٢١).

[1] فەرید زەکەریا، داهاتووی ئازادی (لیبرالیزم بەر لە دیموکراسی)، و: عەدنان حەسەنپوور، خانەی بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٢، ل٣٦.

[2] مەجدی کامیل، سوقرات...ژیانی، فەلسەفەی، پەندزانییەکەی، سەرگوزشتەکانی، دادگاییکردنی و ژەهر دەرخواردکردنی، و: د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو و محەمەد وەسمان، خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٥٠.

[3] ڕامین جەهانبەگلوو، حوکمڕانی و ئازادی، و: ڕێبین هەردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٩، ل١٥.

[4] علي فريشي، الحرية السياسية في النظام الدستوري المعاصر و الفقه الإسلامي "دراسة مقارنة" في الأصول النظريات وآليات الممارسة مع التطبيق على الوضع في الجزائر، أتروحة دكتوراه، غير منشورة، جامعة الأخوة منتوري- كلية الحقوق، قسنطينة- الجزائر، ٢٠٠٤-٢٠٠٥، ص ص٢٢-٢٣.

بە پیاوان درابوو، ژن و کویلە و بیانییەکان لێی بێبەش بوون[1]. کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە بڵێین، چەمکی ئازادی لە سایەی ئەزموونی دیموکراسی یۆنانی کۆندا، جگە لە تێمایەکی ساسی بۆ بەشداری کردنی پیاوانی بە ڕەچەڵەک یۆنانی لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا، لەگەڵ ئازادی وشە و گوتار لە گۆڕەپانەکانی شاردا، هەڵگری ئاماژە و واتایەکی هەقیقی ئازادی تاک نەبووە، بەو شێوەیەی کە ئێستا باوە؛ کە هەڵگری دەستەبەرێکی یاسایی بێت، ئەمە وێڕای ئاوارتەکرنی ژن و کۆیلە و بیانییەکان لەو ئازادییە.

لەگەڵ ئەوەشدا، تێڕوانینی هەندێک لە فەیلەسوفانی گریگ سەبارەت بە چەمکی ئازادی جیاواز بوو، لەو ئازادییەی کە لە دیموکراسی ئەسینا لە ئارادابوو. لەبەرئەوە دەبینین مەزنترین فەیلەسوفی یۆنانی (**سوکرات**/٤٦٩-٣٩٩پ.ز)، بە ژیانی خۆی باجی بیروبۆچوونەکانی دا، تا ئەو ڕادەیەی بە یەکەم شەهیدی ئازادی بیروڕا لە مێژوو ناسراوە[2]. **سوکرات** ئازادی بە، هەڵبژاردنێکی ئەقڵانی پێناسە دەکات، لەمبارەیەوە، پێیوابوو هەموو ماوەی بەندبوونی، ئازاد بووە! بۆچی؟ چونکە پێیوابوو بە پێی ئەقڵ جوڵاوەتەوە[3]. ئەمەش واتای وایە کردەی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی ئەقڵیەتی، لەبەرئەوە دەبێت مرۆڤ ئازاد بێ لە هەڵبژارنی ئەو کردەیەی کە بیری لێکردۆتەوە و لە سۆنگەی زانینیەوە بڕیاری لەسەر داوە. ڕەخنەی **سوکرات** لە دیموکراسی ئەسینا لەسەر بنەمای دژایەتی ئازادی دەنگدان بوو، بەوەی هەل بۆ کەسانی نەشارەزا لە هونەری سیاسەت دەرەخسێنێ، کە سەربکەون بۆ ناوەندەکانی بڕیار و یەکسان بن بە کەسانی شارەزا بەو هونەرە. بەمەش هەمان دەنگیان لەمەڕ بڕیاری کاروبارە گشتییەکان دەبێت، بۆیە **سوکرات** داکۆکی لەو دانا زانا ژیرە دەکات کە مەعریفە و داناییەکەی دەبنە مایەی بڵاوبوونەوەی دادوەری لە نێوان هاوڵاتیاندا، ئەمەش بە (**پرەنسیپی سەروەری مەعریفە**(*)) ناسراوە،[4]. کەواتە، بەپێی ئەم تێگەیشتنە ڕەخنەی **سوقرات** لە دیموکراسی ئەسینا، ڕەتکردنەوەی ئەو ئازادییە سیاسییە بوو، کە لە دەڵەت- شاری ئەسینای هاوچەرخی ئەو لە ئارادابوو، واتە ڕەتکردنەوەی بەشداری سیاسی هاوڵاتیان لە بەڕیوەبردنی کاروباری گشتیدا، کە بنچینەکەی سەروەری گەلە. (**ئەفلاتون**-Plato /٤٢٦- ٣٤٧پ.ز)یش، بەهەمان شێوەی **سوکراتی** مامۆستاکەی، بە ڕەخنەگرتن لە دیموکراسی دەوڵەت- شارەکان دێتە سەر باسی ئازادی. بە ڕای ئەو زیادە ڕۆیکردن لە ئازادی و ئازادی بێ سنوور لە سیستمی دیموکراسیدا، کۆمەڵگە بەرەو (**سیستمێکی ستەمگەری**(**)) دەبات[1]. بەڵام چەمکی ئازادی لە دەوڵەتی نموونەیی **ئەفلاتون** دا، بە

---

[1] المرجع نفسه، ص ص٢٣-٢٤.

[2] مەجدی کامیل، سەرچاوەی پێشوو، ١٠.

[3] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، و: ناسر ئیبراهیم زادە، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣، ل ١٢٩.

(*) (**پرەنسیپی سەروەری مەعریفە**)، بە ڕای هەندێک لە نووسەران، دەکرێت زۆر بەئاسانی لە جێبەجێکردنی سیاسەتدا ببێتە پرەنسیپ بۆ حوکمڕانی ڕۆشنگەری ڕەها، لەبەرئەوە، ڕایان وایە، کە فەلسەفەی سیستمی پاشایەتی و فەلسەفەی حوکمڕانی ڕەهاش دەشێت سروشی لە **سوکرات**ەوە وەرگرتبێت؛ بەوەی ئەو بیروباوەڕانەی **ئەفلاتون**یش، سەبارەت بە کۆمارە ئایدیاڵییەکەی پێشکەشی کرد، لەوەی فەرمانڕانی هونەرێکی تایبەتە و کەسانی پسپۆڕی دەوێت و پێویستە ئەو کەسانە زانستپەروەر یان فەیلەسوف بن، هەر لە بیروباوەڕەکانی سوکراتی مامۆستای وەریگرتووە. بڕوانە: (د. غانم محەمەد سالح، بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست، و: سەلام کریم عەلی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٥٨).

[4] هەمان سەرچاوە، ل ل٥٧-٥٨.

(**) (**سیستمێکی ستەمگەری**)، **ئەفلاتون** لە فەلسەفە سیاسییەکەیدا جگە لە ڕەنگڕێژکردنی کۆمارە ئایدیاڵییە دڵخوازەکەی، کە لەسەر بنەمای سیستمی شا فەیلەسوف وەستاوە، چوار جۆری تری سیستمی سیاسی، کە حکومەتەکانیشیان هەڵگری هەمان تایبەتمەندین دەخاتەڕوو، و وەک خراپ و پڕ کەموکوڕی پێناسەیان دەکات. هەر بەپێی پێوەری باشترین و خراپترین بەم شێوەیە ڕێزبەندیان دەکات: (**ئەرەستۆکراسی، ئۆلیگارشی، دیموکراسی** و **ستەمگەری**). بە ڕای ئەو باشترینیان سیستمی ئەرەستۆکراتییە، کە لەلایەن کەسانی پاک و شەریف و دادپەروەر بەڕێوەدەبرێت، بەڵام کاتێک دوالیزمەیەک لە فەرمانڕاناندا بەدیبکرێت، ئەوا ئەو سیستمە لە سروشتی ڕاستینەی خۆی لادەدات، واتە کاتێک فەرمانڕانەکانی حەز بە پلەخوازی و ناوناوبانگی مەیدانی جەنگ دەکەن، وەک ئەوەی لە دەوڵەتشاری (**ئەسپارتە**) هەیە، شێوازە ئەخلاقە پایەدارەکەی دەگۆڕێت بۆ حکومەتی "تیموکراسی"، بەڵای گیانی سیستمی تیموکراتیش هەمان ئەو سندوقە پڕ لە ئاڵتون و زیوەیە کە لە ماڵی فەرمانڕانەکاندایە، ئەمەش وادەکات کەسانی لە خۆبایی و پلەوپایە خواز، بگۆڕدرێن بە کەسانی پارە دۆست و سامان خواز، و کەسانی دەوڵەمەند بە چاوی سەرسوڕمان و ستایشەوە سەیربکەن و پلەی بەرزیان پێبخەشن و بە سوکایەتیشەوە سەیری خەڵکی کەمدەست بکەن، و گۆڕانکاری لە یاسا بنەڕەتییەکاندا دەکەن، بێ ئەوەی خۆیان و ژن و منداڵەکانیان ڕێزیا لێبگرن،

ئاشکرا ئازادییەکی (**پلەبەندی**[*])ە، هەرچەندە ئازادی چینی هەرە باڵای فەرمانڕەوایان زیاتر نییە لە ئازادی چین و توێژەکانی خوارتر، هەر هەموو بە توندی گرێدراوی ئەرکەکانی خۆیانن؛ پلەی نزم لەسەریەتی بێ ئەملا و ئەولا فەرمانی کەسانی بەرزتر جێبەجێ بکات و ئەوەی پلەی باڵاترە بەرپرسە لەسەر دروستی فەرمانەکانی خۆی[2]. کەواتە ئازادی بەلەلای **ئەفلاتون**، ئەوەیە کە هەر چینە بە ئەرکی خۆی هەڵسێت و دەست لە کاروباری ئەوانی تر وەرنەدات، هەر ئەمەش بنەمای بەدیهێنانی جەوهەری دادپەروەرییە.

بەڵام (**ئەریستۆ تالیس**-Aristotle/٣٨٤-٣٢٢پ. ز)، وێڕای ئەوەی هاوشێوەی **ئەفلاتون** لە پۆلێنکردنی (**سیستەمە فەرمانڕەوانەکان**[**])دا، نرخێکی باڵاتر دەدات بە سیستەمی پاشایەتی لەبەرامبەر سیستەمی دیموکراسی باو لەسەردەمی خۆیدا، **ئەریستۆ** ڕای وایە، مرۆڤ گیانەوەرێکی سیاسییە، مەبەستی ئەوەبوو ماکی مرۆڤ سەر بە دەوڵەت- شارە، لەبەرئەوە جیاواز لەو نرخێکی زیاتر دەدات بەو ئازادی هەڵبژاردنە سنووردارەی کە لە دەوڵەت- شاری دیموکراتی یۆناندا بۆ هاوڵاتی ئازاد ئاوەڵا بوو. **ئەریستۆ** ناچێت وەک **ئەفلاتون** ئامانجی دوورەدەست هەڵبێنجێ، بەڵکو لە دیدی ئەو لە دیموکراتیدا کۆیلە ئامرازێکی زیندووە، هیچ دەرفەتێکی نابێت خۆی بڕیاری خۆی بدات، ژنیش هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر چارەنووسی خۆی نییە. هەروەها بەلای **ئەریستۆ** ئەو ئازادییە تەنیا بە چەند مافێکی سیاسی دابین ناکرێت، بەڵکو ئازادی لەلای ئەو پەرەدەستێنێت و مۆرک و خەسڵەتێکی ئابووری بەبەردا دەکرێت، و ڕای وایە دەبێت خاوەندارێتی تاک بپارێزرێت، بەڵام نابێت پاداشتی ئابووری بۆ پیاوانی ئازاد یەکسان بێت، بەڵکو دەبێت بەپێی کارامەیی بێت؛ لە ڕوانگەی ئەوەوە خاوەندارێتی تاک ڕۆڵێکی گرنگ لە دۆزی ئازادی هەڵبژاردن دەبینێ، بەوەی ئەوەی خاوەن سامان نەبێت ناتوانێت ئاکاری بەخشندەی هەبێت، لەبەرئەوە هەتا سامان پتر بێت ئەم ئازادیەش مەزنتر دەبێت[3]. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت ڕەچاوی ئەوەش بکەین، ئەگەرچی **ئەریستۆ** لەژێر هەژموونی بیری باوی ئەو سەردەمەدا، پێیوابوو هەندێ مرۆڤ بەسروشتی خۆیان بە ئازاد

---

بەمەش سیستەمی تیمۆکراسی دەگۆڕێت بۆ سیستەمی ئۆلیگارشی. پاشان باس لەوە دەکات، کاتێک لە سیستەمی دیموکراسیدا ئازادی زیادەڕۆیی دێتە ئاراوە، بەهۆی ئەوەی باوک بەوە ڕادێت کە لە ڕووی فەرمانەوە لەگەڵ کوڕەکانیدا یەکسان بێت، بگرە لێشیان بترسێت، بێگانەکان خۆیان لەگەڵ هاوڵاتیانی ئەو شارە بە یەکسان لەقەڵەم دەدەن، مامۆستا لە خوێندکارەکەی دەترسێت و خوێندکار بە چاوی سوکەوە سەیری مامۆستا دەکات، ڕێز لەنێوانی لاوان و بەساڵاچووان نامێنێ، کۆیلە و کەنیزەکان لەگەڵ وەجاغزادەکان یەکسان دەبن، ئازادی و یەکسانی تەواو لەنێوان ژن و پیاو دێتە بوون، دواجار ئەو بارودۆخە لەخۆباییئامێزە وادەکات پێویستیان بە فەرمانڕەوایانی ستەمگەر بێت، بەمەش سیستەمی ستەمگەری دێتەبوون. بڕوانە: (ئەفلاتون، سەرجەم بەرهەمەکانی ئەفلاتون، ب٣، کتێبی هەشتەم، و: عیمران هاواری، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپخانە گەنج، سلێمانی، ٢٠١١، ل ل١٤٥٣-١٤٩٠).

[1] ئەفلاتون، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨٨.

[*] **ئەفلاتون** لە کتێبی چوارەمی (کۆمار)دا، کۆمەڵگە نموونەییەکەی دابەشکردووە بۆ سێ چین، ئەوانیش: (فەرمانڕەوانان، سەربازان و پیشەوەران)، ئەوانیش بەرامبەر سێ جۆر خود (ئەقڵ، تووڕەیی و هەوەستبازی)، کە هەریەکەیان بەرامبەرە بە چاکەیەکی دیاریکراو، ئەوانیش: (**دانایی**، **ئازایەتی** و **پاکی**)، بەڵام دەبێت چاکەی چوارەم هەبێت، کە ئەرکی گونجاندن و ڕاگرتنی هاوسەنگی بێت لەنێوان هەموو چاکەکان، کە ئەویش دادپەروەرییە. بڕوانە: (شهاب أحمد عبدالله، مرجع سبق ذكره، ص١٥).

[2] سڤێن ئێرک لیدمان، ڕێگوزەری بیری سیاسی، و: ئاسۆس شەفیق، چاپخانەی سەردەم، چ٣، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٣٤.

[**] **ئەریستۆ** سیستەمە فەرمانڕەوانەکان، پۆلێن دەکات بۆ دوو پۆل، یەکەمیان: سیستەمە چاکەکان، ئەوانیش دابەش دەکات بۆ: ١- پاشایەتی، کە تێیدا فرمانڕەوانی بەدەستی تاکەکەسێکە، بەپێی یاسا و بە ئامانجی بەرژەوەندی گشتی. ٢- ئەرەستۆکراتی، کە کەمینەیەکی تایبەت، بەپێی یاسا و بەرژەوەندی کۆ فەرمانڕەوانی دەکات. ٣- کۆماری یان دیموکراسی میانڕەو، فرمانڕەوانی زۆرینەیە لە چینەکانی ناوەڕاست بۆ بەرژەوەندی گشتی، کە **ئەریستۆ** چاکەی ئەم سیستەمە دەدات بەسەر سیستەمەکانی تر دا؛ واتە ئەو فەرمانڕەوانی زۆرینەی خەڵکی کاتێک لە فەرمانڕەوانی تاکەکەسێک پێباشترە کە یەکە یەکەی ئەو خەڵکە لەدەوری یەکتری کۆببنەوە، بۆ ئەوەی لەبارەی کاروباری گشتی دەوڵەت لەگەڵ یەکتریدا بە ئازادانە گفتوگۆ بکەن و ڕاوبۆچونەکانیان لەگەڵ یەکتریدا ئاڵوگۆڕ پێبکەن، ئەگەر وانەبێ ئەوا فەرمانڕەوانی تاکەکەسی لە فەرمانڕەوانی زۆرینە پێ باشترە. بەڵام دووەمیان: سیستەمە خراپەکانن، کە ئەوانیش پۆلێن دەکات بۆ: ١- ستەمگەری، فەرمانڕەوانی تاکەکەسە و پابەندی یاسا و ئیرادەی ژێردەستەکان نابێت و دەسەڵات لەپیناو بەرژەوەندی تایبەت دایە. ٢- ئۆلیگارشی، فەرمانڕەوانی کەمینەیەکی تایبەتی دەوڵەمەندە، لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان. ٣- دیموکراسی توندڕەو، فەرمانڕەوانی زۆرینەی هەژارە لە دژی دەوڵەمەندەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان. بڕوانە: (د. غانم محەمەد سالح، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٣٥-١٣٧)، و (ئەریستۆ، سیاسەت، و: عیمران هاواری، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ل٢٠٢-٢٠٣).

[3] هەمان سەرچاوە، ل ل٣٢، ٣٥.

لە دایک دەبن، و هەندێکی دیکە بەسروشتی خۆیان کۆیلەو ژێردەستن. واتە سروشت ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت لە دیاریکردنی سیماکانی مرۆڤی ئازاد و کۆیلەدا، بەڵام لەلایەکی دیکە ئازادی و بەرپرسیاریەتی مرۆڤەکان لە پرۆسەیەکی بەردەوامی ئەزموون و پەروەردەوە هەڵدەقوڵێت؛ هەر ئەمەشە وا لە **ئەرەستۆ** دەکات، کە دەوڵەتی ئایدیاڵی **ئەفلاتۆن**، وەک نموونەی باڵا نەبینێت و ڕای وایە کە تاک لەناویدا بزر دەبێت و ئازادی لەدەست دەدات، بۆیە لەلای ئەو دەوڵەت بونیادێکی سروشتی هەیە و پەیوەندی هاوڵاتییەکان لەنێویدا، پەیوەندی مرۆڤی ئازاد و یەکسانە لە ئەرک و مافدا، نەک وەک پەیوەندی سەردار و کۆیلە، هەروەها جیاواز لە **سوکرات** کە سەروەری بە ئاوەز **(ئەقڵ)** دەدات و چاکە **(فەزیلەت)** بۆ زانینی تیۆری تێگەیشتنە ئاکارییەکان دەگێڕێتەوە، **ئەریستۆ** وەکو بنەمای چاکە، سەروەری ئیرادە بەسەر ئاوەزدا دەدات[1].

ئەمەش واتای ئەوە دەگەێنێت، کە دیدی **ئەرەستۆ** وەک تێڕوانینی هزرمەندانی پێش چاخی مۆدێرن چاکە بەپلەی یەکەم ئامانجی ژیان بوو نەک ئازادی، زۆر جار بە قازانجی چاکە چاوپۆشی لە ئازادی کراوە؛ تێروانینی پێشینان بۆ چاکە پەیوەندی بە بەختەوەری گرووپی یان کۆمەڵێک دەوڵەت- شار یاخود نەتەوەیەکەوە هەبووە، بەوەی پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵیان بە پەیوەندی ئۆرگانی دەبینی، لەبەرئەوە **ئەریستۆ**ش لە چاکەدا، بە دروشمێکی ئەرەستۆکراتی کۆن دادەنرا، بەدوای ئامانجی ژیاندا دەگەڕا نەک لە ئازادی کە لە دروشمە سەرکییەکانی دیموکراسی بوو[2]. کەواتە، وێڕای باوەڕبوونی ئە**ریستۆ** بە پەروەردە و ئەزموون لەمەڕ کاریگەربوونی لەسەر پەرەپێدانی ئازادی مرۆڤ، بەڵام نەیتوانیوە لەژێر باندۆری پێشینەیی سروشت بەسەر بابەتی دەستکرد دەرچێت، کە لە ژیانی سیاسی گریکی ئارابووە، بەوەی مرۆڤی ئازاد، دەبێت بەسروشت بە ئازاد لەدایک بووبێت، ئەوسا دەکرێت ئامادەبکرێت بۆ بەشداریکردن لە کاری سیاسیدا، بەمەش چەمکی ئازادی جگەلە ڕەهەندی سیاسی هەڵگری ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیشە.

بەڵام لەڕوانگەی فەلسەفەی هەیوانییەکان **(الرواقیة**[*]**)**، کە هەندێک جاریش وەک ئاینزایەک باسی لێوەدەکرێت، کە کاریگەرییان لەسەر بواری هزری سیاسیدا هەبووە، وێڕای پێشینەیی بۆ سروشت وەک ڕەنگدانەوەی یاسایەکی گشتی یان جیهانی، کە ئەویش عەقڵی مرۆیی سەرچاوەکەیەتی؛ نەک عەقڵی سەربەخۆی تاک، بە پێچەوانەی **ئەفلاتون** و **ئەریستۆ**، لانی کەم لە بنەمای هزری و ئاکاری خۆیاندا، دژ بە کۆیلایەتی بوون، و پێیانوابوو، هەموو مرۆڤەکان بە شێوەیەکی سروشتی یەکسانن و هاوڵاتی کۆمارێکی جیهانین[3]. ئەمەش واتای ئەوەیە، کە هەیوانییەککان بە پێی ڕێسایەکی گەردوون سیستەمی داکۆکییان لە ئازادی مرۆڤ کردووە. لە **(سەردەمی ڕۆمانی**[**]**)**شدا، چەمکی ئازادی جۆرێک لە پەرەسەندنی بەخۆیەوە

---

[1] ئەمیر حسێن رەحیم، فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١، ل ل٣٣، ٣٥، ٣٧، ٣٨.

[2] کەمال پۆلادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٧٣-٧٤.

[*] **(الرواقیة)**، فەلسەفە یان قوتابخانەی هەیوانییەکان، لەلایەن **(زینون)** کە هزرمەندێکی دێرین بوو لەسەدەی سێی پێش زاین لە ئەسینا دامەزراوە، ئەوان لەبەر هەیوانەکان وانەیان دەوتەوە، هەر لەبەرئەوە بەو ناوە ناسران و ناوبانگیان پەیدا کرد، لە بابەتە هزرییەکانیاندا گرنگیان بە بابەتەکانی فیزیک، لۆژیک و فەلسەفەی ئەخلاق، کە کاریگەرییەکی زۆریشیان لە بواری هزری لە دوای خۆیان جێهێشتووە، و توانیان تا سەدەی دووەمی زاینی پارێزگاری لە پێگەو شوێنی خۆیان بکەن. بڕوانە: (ریمون غوش، الفلسفة السیاسیة في العهد السقراطي، دار الساقي، بیروت- لبنان، ٢٠٠٨، ص ص١٧٧-١٨٨).

[3] هەمان سەرچاوە، ل ل٨٤-٨٥.

[**] **(سەردەمی ڕۆمانی)**، مێژووی سیاسی ڕومانی بە سێ قۆناغ یان سەردەم تێپەڕیوە، کە بریتین لە: سەردەمی پاشایەتی کە لە (٦١٦- ٥٠٩ پ.ز) درێژەی هەبووە، کە بە تەنیشت پاشاوە، ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی گەل هەبوو، تێیدا چینی کۆیلەکان لە پیادەکردنی هەر شێوەیەکی کاری سیاسی بێبەش بوون، تەنها چینە ئازادەکان لە پیادەکردنی ئەو مافە بەهرەمەند بوون. سەردەمی کۆماری، کە بە نەمانی دوایەمین پاشاکانی لاترۆسکی لە ڕۆما دەست پێدەکات تاکو ڕاگەیاندنی سیستەمی ئیمپراتۆری لە سەدەی یەکەمی زاینی بەردەوام بووە، لەم قۆناغەدا دوای ململانێیەکی توند لەنێوان هەردوو چینی ئەرەستۆکرات و تەواوی گەل، ئەرەستۆکراتییەکان دانیان نا بە داواکارییەکانی گەل سەبارەت بە زەرورەتبوونی چەسپاندنی یەکسانی لە مافە ئایینی و سیاسی و مەدەنییەکان، و دووبارە دابەشکردنەوەی زەوییەکانی دەوڵەت لەنێوان تەواوی هاوڵاتیاندا، بێ لەبەرچاوگرتنی چینایەتی. سەردەمی ئیمپراتۆری، بە ئیمپراتۆری ئۆگستۆس دەست پێدەکات، ئەگەرچی لە سەرتادا لەسەر شێوەی دامەزراوەکانی کۆماری **(ئەنجومەنی پیران، ئەنجومەنی گەل** و **فەرمانڕەوانی هەڵبژێردراو)** ڕاگەیاندرا، بەڵام زۆری نەبر پاشایەتی ڕەهای پەسندکرد، لە ساڵی (٣٩٥)ز دابەشبوو بۆ ئیمپراتۆریەتی ڕۆژئاوا، کە پایتەختەکەی ڕۆما بوو،

بینی، تێگەیشتنی ڕۆمانییە کۆنەکان بۆ ئازادی جیاواز بوو لە تێگەیشتنی یۆنانییەکان، ئازادی بە باوەڕی ئەوان واتای یەکسانبوونی هەموو هاوڵاتییانی دەگەیاند لەبەرامبەر یاسادا، چونکە ڕۆمانییەکان دەوڵەتی سنووردار و باڵادەستی یاسایان پێشکەشی مرۆڤایەتی کرد، بەتایبەت لەسەردەمی کۆماریدا، کە دەسەڵاتیان بەسەر سێ دامەزراوە دابەشکرد، ئەوانیش بریتی بوون لە: **(ئەنجومەنی پیران، ئەنجومەنی گەل** و **فەرمانڕانانی هەڵبژێردراو)**. لەگەڵ ئەوەی دەستەواژەکانی وەک **(کۆمار، یاسای بنچینەیی، سنووورداربوونی دەسەڵات)** وەک میراتێکی ڕۆمانی بۆ ڕۆژئاوا مایەوە، بەڵام ئەم ساتە زێرینە زۆر درێژەی نەبوو[1]. کەواتە، ڕەنگە تاڕادەیەکی زۆر سەرەتای دەرکەوتنی ڕەهەندی یاسایی چەمکی ئازادی و سنووورداربوونی دەسەڵات لەبەرامبەر مافی هاوڵاتیان بۆ ڕۆمانییەکان بگەڕێتەوە.

لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا، ئەو ماوەیەی کە لە چارەکی کۆتایی سەدەی پێنجەمی زاینییەوە دەستپێدەکات و تا کۆتایی سەدەی پازدەهەم درێژە دەکێشێت[2]. ڕێبازی فەلسەفی مەسیحی لە مشتومڕی ئەوە دابووە، کە ئازادی بە واتای ئیرادە و هەڵبژاردن لەنێوان کردن **(الفعل)** و نەکردن **(الترک)** دایە، هەروەها ئەوەش پەیوەستە بە ئایدیای هەبوونی خودا **(سبحانە وتعالی)**، کە خودا دروستکاری شتەکانە و ئازادی ڕەها بۆ مرۆڤ بوونی نییە. ئەوان وەکو ئەوەی فەیلەسوفانی دێرین وایان نابینی کە ئازادی بە واتای پەتی **(مجرد)** ئازادبوونە لە زۆرلێکردن یان ناچارکردن، واتە ئازادی پەتی بە واتای هەڵبژاردن نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە بریتییە لە ئازادی زانین **(معرفة)**ی چاکە و کار لەسەر ئەنجامدانی کردە بە میهرەبانی و ئاراستەکردنی خودا، زانایانی لاهوتی هەوڵیانداوە گونجاندن بکەن لەنێوان ئازادی تاک و پێویستی پەرستنی خودای تاک، لەو میانەیەوە سەرئەنجام بەوە گەیشتن، مرۆڤ خاوەنی ئازادی ڕەها نییە، بەڵکو ئەوەی کە هەیە پرۆسەیەکی ناچارییە؛ واتە مرۆڤ ناچارە بە ئەنجامدانی هەر کارێک، چونکە مرۆڤ وابەستەی ئیرادەی خوادایە و ئەو ئەندازەگیری و نەخشەسازی بۆ هەموو شتێک کردووە، و هەموو بوونەوەران بە ئیرادەی ئەو هەنگاو دەنێن، لە دیارترین نوێنەرانی هزری مەسیحیش: **(ئۆگستین**- Augustine/٣٥٤- ٤٤٠ز) و **(تۆمای ئەکوینی**- Tommaso d'Aquino / ٢٢٥-٢٧٤ز)بوون[3].

لەڕاستیدا تێروانینی **ئۆگستین** لەمەڕ ئازادی ئیرادە بەجۆرێک بوو، پێیوابوو، کە ئێمە ناتوانین بەویستی خۆمان، بێ ئیرادەی خودا، خۆمان لە قەدەری خراپیش ڕزگار بکەین، بەڵکو دەبێت خودا ئارەزووی لێبێت و لێمان خۆش بێت، ئەو ڕۆحانەی دەکەونە دۆزەخەوە، هی ئەوانەن کە خودا یارمەتی نەداون بۆ ڕزگاربوون. ئەم بۆچوونە لە سەدەکانی دواتردا بەکارهێنرا بۆ بیانوو هێنانەوە بۆ ئازاردان و سوتاندن و کوشتنی ژمارەیەکی زۆری بێباوەڕان؛ بەجۆرێک کاریگەری هزری **ئۆگستین** دوای پتر لە تێپەڕبوونی هەزار ساڵ بەسەر بیرمەندانی کاسۆلیکی و تەنانەت پرۆتستانتە ڕیفۆرمخوازەکانیش مایەوە[4]. وێڕای ئەوەی لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە مەسیحییەکان هاوشێوەی هەیوانییەکان بڕوایان بەیاسای سروشتی و پرەنسیپی یەکسانی نێوان مرۆڤەکان هەبووە، کە ئەویش مەبەست لێی تەنها یەکسانی نێوان مەسیحییەکان بووە، بەوەی جەختیان لە پابەندبوونی خۆیان بە گوێڕایەڵی بێچەندوچوون لە دەسەڵاتی لە ئارادا کردۆتەوەوە، چونکە بە فەرمانێکی خودایان زانیوە[5]. لەگەڵ ئەوەشدا لە لەواقیعدا کڵێسای کاتۆلیکی قەت خۆی بەپشتیوانی ئازادییە تاکییەکان نەزانیوە، ئەگەرچی لە سەرتادا دژی دەسەڵاتی دەوڵەت وەستایەوە و کۆت و بەندی خستە سەر دەسەڵاتی پاشا، ئەمەش لەپێناوی پاراستنی زەویە زۆر و زەوەندەکانی کڵێسا بوو لە ئەورووپادا، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بڵێین کڵێسای کاتۆلیکی یەکەم دامەزراوەی گەورەبوو لە مێژوودا کە

---

کە خێڵە جێرمانیەکان لە ساڵی (٤٧٦)ز ڕوخاندیان، هەروەها ئیمپراتۆریەتی ڕۆژهەڵات، کە پایتەختەکەی قوستەنتینیەبوو، ساڵی (١٤٥٣)ز لەسەر دەستی تورکەکان ڕوخا. بڕوانە: (د. غانم محەمەد سالح، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٧٥-١٨٥).

[1] فەرید زەکەریا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٦-٣٧.

[2] د. غانم محەمەد سالح، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٢.

[3] د. مازن حسن الحسني، مفهوم الحرية في الفكر المسيحي والفكر اليوناني، الموقع مدونة كتاب في الميزان، تأريخ الزيارة ٢٠٢٠/٥/٥، متاح على الرابط الآتية https://www.kitabat.info/subject.php?id=33992.

[4] برایان ماگی، مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمەڕەشید گوروون، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ل٩٨-٩٩.

[5] د. غانم محەمەد سالح، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٧.

توانی خۆی لەژێر سێبەری هەژموون و دەسەڵاتی زەمینی ڕزگار بکات و سەربەخۆ بژێ. ئەمەشی کردە ڕێگایەک بۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتی زۆری خۆی، دواجار ئەم شێوە دزەکردنەی کڵێسا بۆ ناو بینای بڵندی دەسەڵاتی دەوڵەت، بۆشاییەکی دروستکرد کە وردەوردە ئازادییە تاکییەکان لەنێو ئەو بۆشاییەدا چەکەرەیان کردوو و سەریان هەڵدا، دواجار لە بزوتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینیدا پەرەیان سەند[1]. و کاریگەری لەسەر تیۆری سیاسی و هزری فەلسەفەی سیاسی سەدەی شازدەهەم دانا، چونکە ئەگەرچی بزوتنەوەکە سەرەتا خەسڵەتێکی تیۆلۆجی پێوە دیاربوو، لە ڕێگەی ڕزگارکردنی ئایین لە دەستی قەشە و پیاوانی ئایینی وەک سەرچاوەی ڕاڤەکردنی تێکستەکانی ئینجیل، کە گرنگی دا بە پەیوەندی ڕاستەوخۆی مرۆڤ لەگەڵ یەزدان، ئەوا هەر زوو کاری کردە سەر هزری فەلسەفەی سیاسی. ئەم بزوتنەوەیەش چەندین ئایینزای ئایینی لێکەوتەوە، کە پرۆتێستانت دیارترینیان بوو، وشەی پرۆتێستانت دوو مانای هەیە: یەکەم (Protesting)، واتە ناڕەزایی دژ بە ئایدیایەکی دیاریکراو. دووەم (Protestation)، واتە دووپاتکردنەوە لەسەر ئیمان؛ گرنگترین بیروباوەڕ و ڕوانگەکانی پرۆتێستانتیش لەو بزاوتە سەرچاوە دەگرێت، کاتێک (**مارتن لۆتەر**١٤٨٥- ١٥٤٦) بۆچوونە ٩٥ بڕگەکەی بە دەرگای (**کاتدرائیەتی ڤیتنبرگ**) لە ساڵی (١٥١٧)دا هەڵواسی، کە تێیدا جەختی لەسەر پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان مرۆڤ و خودا کردەوە، تەنانەت ڕای وابوو، هەر پرۆتێستانتێک ئینجیلی خۆی پێ بێت، بۆخۆی پاپایەکە و هەموو مرۆڤێک بەرپرسە لە ئیمانی خۆیی و رزگاری لە ئەستۆی خۆی دایە[2]. تەنانەت **لۆتەر** گەیشت بەوەی بڵێت: "ئەو شتەی لەگەڵ ئەقڵدا یەکنەگرێتەوە، بێگومان لەگەڵ خوداش یەک ناگرێتەوە" هەروەها (**جۆن کالڤین** ١٥٠٩- ١٥٦٤)یش، "مرۆڤی بە وێنەیەکی ڕاسەقینەی یەزدان دەزانی"[3].

لێرەوە دەستەبەرکردنی ئازادی هزر و ئەقڵ وەک یەکێک لە ئەرکەکانی بزوتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینی دەرکەوت، واتە ئازادی ژیانی ئایینی و ڕاڤەکردنی ئینجیل، بەپێی ئەقڵ بوون بە کرۆکی بزوتنەوەکە؛ بەجۆرێک بزوتنەوەکە دەرگای بۆ دانوستان و مشتومڕە تیۆلۆجییەکان واڵاکرد و کۆتایی بە دەسەڵات و کۆنترۆڵی ڕەهای کڵێسای کاتۆلیکی هێنا بەسەر ڕوح و باوەڕی مرۆڤدا. لێرەشەوە هێدی هێدی ئازادییەکان لە بۆتەی ئازادی و لێبوردنی ئایینییەوە چەکەرەیان کرد، ئازادییە ئایینییەکانیش کەوتنە خزمەتی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکانی تر؛ ئەوەتا (**میلتون**- Milton) لە ساڵی (١٦٤٤)دا، لە نامەیەکدا بەناوی (**ئاریویاچتیکا**)، کە سەبارەت بە ئازادی چاپەمەنی بڵاویکردەوە، ئازادی هزر و دەربڕین لەسەرووی ئازادییە مەدەنییەکان دادەنێت و دەڵێت: "ئازادی زانین و دەربڕین و گفتوگۆی ئازادم پێ ببەخشە، بەو پێیەی ویژدانم ئاسوودە دەکات، ئەمە بەلای منەوە لە هەموو ئازادییەکانی تر پڕ بەهاترە" لێرەوە وردە وردە ئازادییەکانی هزر و دەربڕین لە وڵاتە پرۆتێستانتییەکان پێش وڵاتە کاتۆلیکییەکان لە ئەوروپا خۆیان سەپاند و زەمینەیان بۆ پێشکەوتنی زانست خۆش کرد[4]. هەروەها وێڕای ئەوەی هەوڵەکانی بزوتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینی ڕاستەخۆ کاری کردە سەر لاوازبوونی دەسەڵاتی کڵێسا و بەهێزکردنی دەسەڵاتی پاشاکان، ئەوا ڕاستەوخۆ یان ناڕاسنەوخۆ هەوڵدان بوو لە پێناوی ئازادی تاکەکەسیشدا، بەوەی بڕیاردان لەسەر ئازادی کەسی و پەیوەندی ڕاستەوخۆی تاک لەگەڵ یەزدان بەبێ کڵێسا، بڕیار بوو لەسەر ئازادی تاکەکەسی لە ڕووی هزر و بیروڕا و کەسێتی سەربەخۆ[5]

.کەواتە، ئەمەش دەمان گەیەنێت بەوەی کە، تێروانینی هزرمەندانی مەسیحییە سەرەتاییەکان (**کاتۆلیکییەکان**) بۆ ئازادی، گەرچی دەرگیری ڕەهەندی ئیرادەیە بۆ ئازادی مرۆڤ، ویستی مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی کارێک یان نەکردنی کارێک، ویستێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو مرۆڤ ناتوانێت بێ ویستی خودا گوزارشت لە ئیرادەی خۆی بکات، واتە کردەی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی ویستی خودایە لەسەر زەوی، بەڵام ڕەنگە بکرێت بڵێین، ئەم تێروانین و ڕۆڵی هزرمەندانی بزوتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینی و ئاینزای پرۆتستانت،

---

[1] فەرید زەکەریا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٨، ٤٤، ٤٥.
[2] د. موسى ابراهيم، الفكر السياسي الحديث و المعاصر (ميكافيلي إلى ماركس)، دار المنهل اللبناني، بيروت- لبنان، ٢٠١١، ص ص٣٧-٣٩.
[3] وەرگیراوە لە: د. سامان حسێن ئەحمەد، ڕەهەندەکانی ڕیفۆرمی ئایینی لە ئەوروپا، ناوەندی ڕۆشنگەری چاودێر، چ٣، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٢٢٣.
[4] هەمان سەرچاوە، ل ل٢٢٦-٢٢٧.
[5] د. موسى ابراهيم، مصدر سبق ذكره، ص٤١.

بە زەمینە و پردی بەیەکگەیاندنی هزری ئازادی کۆن و نوێ دادەنرێت، بەتایبەت سەبارەت بە ئازادییە کەسییەکان.

لە هزری ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاستیشدا، لانی کەم چەمکی ئازادی بەر چەندین تێڕوانین یان قوتابخانەی هزری جیاواز کەوتووە، ئەوانیش: (قوتابخانەی سەلەفییەتی کەلامی یان میتافیزیکی و سەلەفییەتی ئوسوڵی و پاش ئەویش سەلەفییەتی فیقهییە). لەو ڕووەوە ئەوەی لەناو دەماری هەموویاندا دێت و دەچێت، تەوژمێکە پاڵپشتی لە ئازادی ناکات؛ چونکە جەخت لەسەر ڕوحی جەبر دەکەنەوە و ڕوحی جەبریش واتای نەفیکردنی بکەربوونە لە توانا و ئیرادەی مرۆڤ؛ بەوەش مرۆڤ وەک کائینێکی دەستەپاچە دێتە ئەژمار، کە ناتوانێت ژیانی خۆی بەڕێوە ببات، تەنانەت لەو بازنەیەشدا **(مباح)**، کە دەق باسی لێنەکردووە، واتە مرۆڤ لە کردن یان نەکردنی هەرکارێک یاخود هەڵبژاردنیدا، خاوەن هیچ ئیرادەیەک نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە ئیرادە و هەڵبژاردەی خودایە. لەبەرامبەردا ئەم قوتابخانەیەدا، ڕێک تێزەکەی ڕەوتی موعتەزیلە دەوەستێ، کە ڕاشکاوانە دان بەوەدا دەنێت کە مرۆڤ خۆی هەموو کردەوەکانی خەڵق دەکات، بە خێر و شەڕیانەوە، خوداش بە شێوەیەک دروستی کردووە، بۆ ئەوە ئامادە بێت؛ لەبەر ئەوە ئیرادەی ئازاد و توانای کاریگەری هەیە. ئیرادە ئازادەکە بەرەو هەڵبژاردنی کارەکە ئاراستەی دەکات، و توانا کاریگەرەکەش، توانای ئەنجامدانی کارەکەی پێدەبەخشێت؛ پێکهاتەکەشی بەشێوەیەکە، کە کەرەستەی پێویستی بۆ هەموو ئەوانە هەیە، لە سەرویانەوە ئەقڵ، کە لەخۆیدا توانای زانینی شتەکان و ڕاستییەکانی هەیە، بە زانینی خێر و شەر و هەق و ناهەق و جوان و ناشیرنەکانەوە[1].

لەڕاستیدا، پرسی ئازادی لە هزری فەلسەفەی ئیسلامدا تەنها لە ئازادی ئیرادە یان ئەو دوو قوتابخانەیە کورتناکرێتەوە، بەڵکو دەشێت بڵێین هەر یەک لە ئازادی ئایینی و ئازادی ڕادەربڕین، قسە و باسی زۆری لەلایەن دەقی قورئانی، پێغەمبەر **(محمد)** د.خ و پێشەوایانی ئیسلام لەبارەوە کراوە. بۆ نموونە: لە بارەی ئازادی ئایینی، خودا لە سورەتی بەقرەدا دەفەرموێت: ﴿لَآ إِكْرَاهَ فِى ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشْدُ مِنَ ٱلْغَىِّ﴾[2]. ئەم ئایاتەش مانای وایە، زۆرلێکردن لە ئاییندا نییە، و ناکرێت ئاین بەزۆر بەسەر کەسدا بسەپێت. هەروەها پێغەمبەر د.خ فەرمان بە یەکێک لە فەرماندەکانی خۆی دەکات، کە بەهیچ شێوەیەک ئازاری یەهوودییەکان نەدات لە سنووری ئازادی و ئایینپەروەریاندا، هاوکات ڕێگای دا بە مەسیحییەکانی نەجران، کە ئاییندداری خۆیان بکەن و پەرستگاکانیان پارێزراو دەبن[3]. هەرچی سەبارەت بە ئازادی ڕادەربڕینە، ئەوا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، دەبینین زانایەکی وەکو **(گالیلۆ)**، لەبەر ئەوەی داهێنانی کردووە دەیسوتێنن، هەروەها وتاری بەناوبانگی **(ڤیکتۆر هۆگۆ)**، ئەوەمان پێدەڵێت، کە قەشەکان بەناوی بەرگری لە ئایینی مەسیح، چ ستەمێکی گەورەیان لە زاناکان و زانست کردووە، بەڵام لە سەرەتاکانی ئیسلامەوە دەبینین گەورەترین ڕێبەرانی مەزهەبی وەک (**ئەبو حەنیفە**، **مالیک** و **شافیعی**) هیچ کات بەناوی ئەوەی کە تەنها بۆچوونی ئەوان ڕاستە قسەیان نەکردووە. بۆ نموونە: **ئەبو حەنیفە** دەڵێت: ئەوە بۆچوونی منە، ئەمە باشترین بۆچوونێکە کە من توانیبێتم دەری ببڕم، خۆئەگەر کەسێک بۆچوونێکی باشتری گەڵاڵە کرد، ئەوا ئەو بۆچوونە ڕاستترە. هەروەها **ئیمامی شافیعیش** دەیگوت: ئەی **(ئەبو ئیسحاق)** من هەرچییەک دەڵێم لاسایی مەکەوە، خۆت بیربکەرەوە، ئایین ئەمەیە. **(ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل)**یش دەڵێت: لە پرسە ئایینییەکاندا، تێڕوانینتان هەبێت، چونکە لاسایی کردنەوە بینایی کوێر دەکات. ئەمانەش هەمووی نیشانەی ئەوەن، کە هەر لە سەرەتاوە پێشەوایانی ئیسلام دژ بە لاسایی کردنەوەی کوێرانە و دەمارگیری مەزهەبی بوون، ڕێگەیان نەداوە کە ئازادی بیروڕا و ڕادەربڕین لەنێو موسڵمانان و تەنانەت لەنێو کەمینەکانی تری کۆمەڵگەی ئیسلامیشدا هەبێت[4]. بۆیە دەبینین تا سەدەکانی چوارەمی کۆچی، هەمووان بە ئازادی توانیویانە گوزارشت لە ئایین و ئایینزای خۆیان بکەن، زۆرێکی وەک (**ئەبو عەلاء** و **ئیبن عەوجاء**)

---

[1] عەبدولجەواد یاسین، دەسەڵات لە ئیسلامدا (عەقڵی فیقهیی سەلەفی لەنێوان دەق و مێژوودا)، و: عومەر عەلی غەفور، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٥، ل ل٢٥٦-٢٥٧.
[2] سورة البقرة: الآية ٢٥٥.
[3] د. عەلی شەریعەتی، ئیسلام ناسی، و: سەعید بەشیر، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٤٧.
[4] هەمان سەرچاوە، ل ل٨٩-٩١.

ئازادانە لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا سەریانهەڵدا و باس و گفتوگۆیان کرد و بەڵگەیان دەخستەڕوو، دواتر بۆ ئێمە گوازرانەوە. هەروەها زۆرێک لە بەرهەم و پاشماوەکانی یەهود دەبینین کە پاش ئیسلام نووسراون، بەڵام ئەم ئازادییە لە ئایین و ڕادەربڕینە تا سەدەی پێنجەمی کۆچی درێژەی هەبوو، پاشان دەمارگیری ئایینی دەستی پێکرد و تورکەکان بەتەواوی دەرگایان لەبەردەم هەموو ئەندێشە و هزرێک داخست، بابەتی ئیجتیهات کە لە ئیسلامدا واتای لێکۆڵینەوەی ئازادانە لە بابەتە مەزهەبییەکان و دەهێنانی نوێگەری ئایینی و گونجانی مەزهەبە لەگەڵ کات و گۆڕانە سەردەمییەکان لەناو برا[1]. کەواتە ئەوەی تا ئێرە سەبارەت بە چەمکی ئازادی لە فەلسەفەی ئیسلامدا پێی گەیشتووین ئەوەیە، کە ئەوەی تێڕوانینی ئیسلام لە فەیلەسوفانی مەسیحی کاتۆلیکی جیادەکاتەوە سەبارەت بە ئیرادە و توانای ئازادی مرۆڤ باوەڕ و بۆچوونی موعتەزیلەیە، بەڵام ڕەنگە بکرێت بڵێین، نزیکایەتییەک لەنێوان بۆچوونی موعتەزیلە و ڕیبەرانی ڕیفۆرمی ئایینی مەسیحی سەبارەت بە پێشینەدان بە ئازادی ئەقڵ و هزردا هەیە. هەروەها جیاوازی ئازادی ئایینی و ڕادەربڕین لەنێوان ئیسلامی سەرەتا و کڵێسای کاتۆلیکی جیاوازییەکی ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام لەگەڵ هزرمەندانی ڕیفۆرمی ئایینی لە مەسیحییەتدا ئەو جیاوازییە زۆر بەدی ناکرێت.

## لقی دووەم: ئازادی لە تیۆرە سیاسییە نوێ و هاوچەرخەکاندا

### یەکەم: ئازادی لە تیۆری لیبڕالیزم

دەکرێت تیۆرە لیبڕاڵییەکان (**النظرية الليبرالية**) بەپێی سەردەم و جیاوازی تێڕوانینی فەیلەسوف و هزرمەندانیان لەمەڕ بنەماکانی لیبڕاڵیزم، بەتایبەت ڕوانگەیان بۆ ئازادی، دابەش بکەین بەسەر چەند ئاراستەیەکدا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

#### ١- لیبڕالیزمی کلاسیکی

تیۆری لیبڕاڵیزم لە سەدەی حەڤدەهەم لەسەر بیرۆکەی تاک دامەزرا، ئەمەش وەرچەرخانێک بوو لە تێگەیەکی کۆمەڵگەیی بەرەو تێگەیەکی تاکی، واتە لیبڕاڵیزم لەسەر بنیادنانی تاکی ئازاد هاتە ئاراوە[2]. بە مەبەستی بەگژچوونەوەی دەسەڵاتی ڕەهای کڵێسا لە ڕۆژئاوا و پاشان لەبەرامبەر فەرمانڕانی ڕەهای پاشاکان وەستایەوە؛ بەجۆرێک لەجێی دەسەڵاتی ڕەها، دەسەڵاتی سنوردار، و لەجێی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانە دەسەڵاتی یاسا ئامانجی سەرەکی لیبڕاڵیزم بوو[3]. لەو سۆنگەیەوە بیرۆکە و تێڕوانینی هزرمەندانی پەیمانی کۆمەڵایەتی (**تۆماس هۆبز**- Thomas Hobbes/١٥٨٨-١٦٦٩) و (**جۆن لۆک**- John Locke/ ١٦٣٢- ١٧٠٤) و (**جان جاک رۆسۆ**- Jean-Jacques Rousseau/ ١٧١٢-١٧٧٨)، ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە پەرەسەندنی چەمکی ئازادی، و دەرفەتەکانی بەردەم ئازادی بۆ گەیشتن بە چێژی خودی[4]. لەبەرئەوە وێڕای سەر لەنوێ گەڕانەوە بۆ میراتی کەلەپووری هزری یۆنانی و ڕۆمانی کۆن، لەژێر تێڕوانینی سەردەمی ڕێنسانس- Re-naissance (ئەو تێڕوانینەی لە زمانە بیانییەکاندا بە واتای سەر لە نوێ ژیانەوە دێت) بۆ ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی کڵێسا و سیستمی فیوداڵ[5]. بەڵام بە ئەندازەی ئەو گەڕانەوەیە شەقڵی گەورە و تیۆریزەکردنی جیاوازی لەخۆدا هەڵگرتبوو. وەک دەبینین لە (**سەردەمی نوێ**[*])دا، بەتایبەت لە تیۆری لیبڕاڵیزمدا، ئەم تێڕوانینەی کە پێیوابوو بەختەوەری

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ل٩٠-٩١.

[2] عبدالله الغذّامي، الليبرالية الجديدة (أسئلة في الحرية والتفاوضية الثقافية)، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء- المغرب، ط٢، بيروت- لبنان، ٢٠١٣، ص١١٨.

[3] د. حسين بشيريە، زانستی سیاسی، و: بابا عەلی مێهرپەروەر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٧٨.

[4] ستانلي موريسون، الحرية، الهيئة العامة القصور الثقافة، بلا مكان الطبع، ٢٠١٢، ص١١.

[5] هاشم سالح، سەرەتایەک لەبارەی ڕۆشنگەری ئەوروپی، و: شوان ئەحمەد، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ل٣٣٣-٣٣٤.

[*] (**سەردەمی نوێ**)، بەگشتی سەردەمی نوێ، لەو بەرواره دەست پێدەکات کە (**محەمەد فاتح**) لە ساڵی (١٤٥٣)دا چووە ناو قوستەنتینیە و خەونی دروستکردنی ئیمپراتۆریەتی مەسیحی جیهانیان لەناوبرد. ئەگەرچی زۆرێک لەسەر ئەو بەروارە

گرووپی یان کۆمەڵی بەختەوەری یەکە یەکەی تاکەکانە کەوتە بەر ڕەخنە، و ئازادی تاکەکەسی و بەختەوەری تاکەکەسی لەسەروی بەختەوەری دەستەجەمعی دانران[1]. لەبەرئەوە **هۆبز** لە کتێبە بەناوبانگەکەی (**لیڤیاسان**- Leviathan)دا کە لە ساڵی (١٦٥١)دا نووسیویەتی، سەروەختێک دێتە سەر باسی ئازادی تاک، ڕەخنە لەو ئازادییە دەگرێت کە لە یۆنان و ڕۆمانی کۆندا هەبووە، و پێیوایە ئەوەی هەبووە ئازادی تاک و کەسێتی نەبووە، بەڵکو ئازادی دەوڵەت بوو، واتە دەوڵەتگەلێکی ئازادیان هەبوو، بەڵام کەس ئازاد نەبوو لەبەرامبەر نوێنەری دەوڵەت و فەرمانڕەوان بەرگری لەخۆی بکات و دژی بوەستێتەوە، بەڵکوو تەنها نوێنەرەکە ئازاد بوو لەبەرامبەر گەلان و وڵاتانی دیکەدا. بەڕای **هۆبز** ئازادی تاک لەو مافانەدایە کە لە چوارچێوەی پەیمانی کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤ زامن کراوە، وەک ئازادی لە (**کڕین** و **فرۆشتن، گرێبەست لەگەڵ یەکدی، هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوون، جۆری خۆراک، کار** و **پەروەردە)**، هاوکات دەبێت تاکەکان بزانن لەمیانەی قبوڵکردنی کەسی یان کەسانی فەرمانڕەوان چ ئازادی گەلێکیان لەخۆیان گرتۆتەوە[2]. کەواتە، ئەگەرچی **هۆبز** داکۆکی لە سیستمی پاشایەتی ڕەها دەکرد، کە پشت بە تیۆریای مافی سروشتی و پەیمانی کۆمەڵامەیەتی ببەستێت، نەک تیۆریای مافی یەزدانی؛ بەڵام هزری **هۆبز** لەناوەڕۆکدا هزرێکی تاکگەرایی و پرگماتییە، و لەژێر کاریگەری سۆفستاییەکان و ئەپیکۆرییەکاندا داکۆکی لە تاکگەرایی دەکات و کۆمەڵگەی وەک ژمارەیەک تاکی ئازا و سەربەخۆ دەبینی. هەروەها تیۆری **ئەریستۆ**ی ڕەتکردەوە، بەوەی مرۆڤ بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە؛ بەڵکو بەڕای ئەو مرۆڤ بەسروشتی خۆی خۆپەرستە و بەدوای بەرژەوەندی و ئاسایشی خۆیدا دەگەڕێت، و لە پێناوی ڕزگاری و ئازادبوونی لە پەشێوی و ترسی مردنی لە دۆخی سروشتیدا، قبوڵی دەسەڵاتی ڕەهای فەرمانڕەوان دەکات، تاوەکو لە ئاسایش و ئارمیدا بژێت[3].

بەڵام **لۆک** پشتی بە دۆخی سروشتی و پەیمانی کۆمەڵایەتی بەست لەپێناوی هاتنەئارای تاکگەرایی ئازاد و سەربەخۆ و دژ وەستانەوەی ستەمگەری، ئەویش لەڕێگەی دەسەڵاتێکی سنورداری قبوڵکراوی گەل[4]. بەڕای **لۆک** تاکەکان لە سایەی یاسای سروشتیدا، مافەکانیان لە ئازادی و خاوەندارێتی و بەرابەری بەهۆی دۆزینەوەی ئەقڵەوە بەدەست دەهێنا[5]. ئەو مافە سروشتیانەش لەدوای پێکهێنانی کۆمەڵگەی سیاسی و مەدنی بەردەوام دەبن و ڕێگر دەبن لە پاوانخوازی دەسەڵات و دەستوەردانی دەوڵەت، مادام خەڵک دەستبەرداری مافی سروشتی ژیان و ئازادی و موڵکایەتی نەبێت؛ هەروەها بە پێچەوانەی **هۆبز** کە ئیرادەی ڕەوا بە ئیرادەی پاشا وێنا دەکات، **لۆک** ئیرادەی زۆرینە بە ئیرادەی ڕەوا دەزانێ و ئیرادەی کەمینەش ملکەچیەتی، ئەو ئیرادەیەش بنەمای کۆمەڵگە و سەرچاوەی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن پێکدێنێت؛ هاوکات وێڕای پێشینەیی دان بە دەسەڵاتی یاسادانان لە سەروو هەموو دەسەڵاتەکانی تر، بەڵام لە پێناو پاراستنی ئازادییەکان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لێک جیادەکاتەوە[6]. و پێیوایە حکومەت تەنها بە مەبەستی دابینکردنی بەرژەوەندی مەدەنی پێکدەهێنرێت، مەبەست لە بەرژەوەندی مەدەنیش؛ ئازادی، بواری تەندروستی، خۆشگوزەرانی، خاوەندارێتی تایبەت، ئازادی هەڵبژاردنی ئایین و ئازادی

---

کۆکن، بەڵام هەندێکی تر وای بۆ دەچن کۆتای سەدەکانی ناوەڕاست و دەستپێکردنی سەردەمی نوێ بە دۆزینەوەی ئەمریکا لە ساڵی (١٤٩٢) دەستپێدەکات، هەروەها هەندێکی دیکە، کە ژمارەیان کەمە، پێیانوایە سەدەکانی ناوەڕاست تا کۆتایی سەدەی حەڤدەهەم دەخایەنێت، چونکە تەنها لەو قۆناغەدا بە یەکجاری سەردەمی دەرەبەگایەتی کۆتایی هات و قۆناغی دەسەڵاتی شاهنشاهی دەستی پێکرد. بڕوانە: (د. موسا ئیبراهیم، فیکری سیاسی خۆرئاوا لە (مەکیاڤیللی)یەوە تا (مارکس)، و: شوان ئەحمەد، چاپخانەی ئارام، چ٣، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ل١٢-١٣).

(1) کەمال پۆلادی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.

(2) تۆماس هۆبز، لیڤیاسان، و: ئەسعەد عەلی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، ل ل١٨٠، ١٨٢، ١٨٣.

(3) د. موسا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٣٧-١٣٨.

(4) د. هەمان سەرچاوە، ل ل١٦٣-١٦٤.

(5) عبدالقادر محمد فهمي، الفكر السياسي و الإستراتيجي للولايات المتحدة الأمريكية، دار الشروق، رام الله- عمان، ٢٠٠٩، ص٥٣.

(6) د. موسى ابراهيم، مصدر سبق ذكره، ص ص١١٠، ١١٢.

بیرکردنەوەیە[1]. دەتوانین بۆ ئەوەی کە تائێستا پێشکەشمان کردووە، ئەوە سەرخەین کە چەمکی ئازادی لەلای هەر یەک لە **هۆبز** و **لۆک** بە واتای ئازادی تاک ناودێر بکەین، چونکە گەر تیۆری یەیمانی کۆمەڵایەتی **لۆک** هەوڵێک بوو بێت بۆ ئازادی تاک لە ستەمگەری دەسەڵات و ڕێگریکردن لە دەستوەردانی دەوڵەت لە ژیان و ئازادی و موڵکداری تاک، ئەوا تیۆری **هۆبز** لە ناوەڕۆک و جەوهەردا هەوڵێکە بۆ ڕزگاری و ئازادی ژیانی ماددی و ڕوحی تاک، کە بەردەوام لەژێر ترس و هەڕەشەدایە. ئەمەش لەڕووی مێژووییەوە بە ئازادی نێگەتیڤ ناسراوە، کە مۆرک و ماکەکەی بۆ لیبراڵیزمی کلاسیکی دەگەڕێتەوە و لە گەڵ سەرهەڵدانیدا هاتۆتە ئاراوە، ئەمەش تەواو جیاوازە لەو ئازادییە سیاسییەی کە لە یۆنان و ڕۆمانی کۆن هەبووە، هاوکات ئازادی و تاکگەرایی دوو بنەڕەتی سەرەکین کە تیۆر و دیدگای لیبراڵیزم پێک دەهێنن. لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بدەین، کە بۆچوونەکانی **لۆک** کاریگەری گەورەیان لەسەر **مۆنتسکیۆ** لەبارەی پرەنسیپی لێجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و **ڕۆسۆ** لەبارەی ئیرادەی گشتی و مافەکانی مرۆڤ لە هەردوو شۆڕشی ئەمریکی و فەرەنسی جێهێشت؛ کە هەموویان بوونە مایەی پەرەسەندنی زیاتری چەمکی ئازادی.

ئەگەرچی (**مۆنتسکیۆ**- Montesquieu /١٦٨٩-١٧٥٥)، حوکمی دیموکراسی پێ نموونەی باڵا بوو، بەڵام ئەو سیستمە پاشایەتییەی پێباشبوو کە لە بەریتانیا هەبوو، و پێیوابوو ئەگەر ئەو سیستمە لە فەڕەنسا پەیڕەوبکرێت، ئەوا دەتوانێت ئازادی سیاسی دەستەبەر بکات، کە هەموو ئازادییەکانی دیکەی وەک ئازادی (**بیروڕا** و **فیکر** و **خاوەنداریتی**) پێوە بەندە[2]. **مۆنتسکیۆ** لە کتێبە بەناوبانگەکەید (**ڕوحی یاساکان**)، کە لە ساڵی (١٧٤٨) بڵاوکرایەوە، تیۆری خۆی لەبارەی ئازادییەوە لەو پنتەوە خستەڕوو، دەبێ بارودۆخی گشتی وڵات بەجۆرێک ڕێک بخرێت کە خودی دەسەڵات پێشی دەسەڵات بگرێت، واتە دەبێت هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جیبەجێکردن و دادوەری لە یەکتری جیابکرێنەوە و پێش بە سەرەڕۆیی و ستەمگەری یەکتر بگرن، چونکە گەر دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن ئاوێتە و تێکەڵاو بکرێن و لە چنگی تاکەکەسێک یان گروپێک بێت، یاخود دەسەڵاتی دادوەری لە هەردوو دەسەڵاتەکە جیانەکرێتەوە، ئیتر ئازادی بوونی نامێنێت. واتە **مۆنتسکیۆ** ئازادی و سەربەخۆیی تاک لە چێوەی یاسادا بەند دەکات و دەڵێت: "ئازادی بریتییە لەوەی مرۆڤ مافی ئەوەی هەبێت هەرکارێک ئەنجام بدات، کە یاسا مۆڵەتی پێداوە و ئەو شتەش کە یاسا قەدەغەی کردووە و لە بەرژەوەندی ئەوی نەزانیوە ناچار بە ئەنجامدانی نەکرێت، لێرەدا ئەگەر تاک کردەوەیەکی ئەنجامدا کە یاسا یاساغی کردبوو، ئیدی ئازادی لە گۆڕێ نامێنێ؛ ئەوەیە واتای سەرەکی سەربەخۆی و ئازادی"[3]. کەواتە، **مۆنتسکیۆ** پێشینەیی ئەدات بە ئازادی سیاسی و هەموو ئازادییەکانی تر لەچاوی ئەودا دەبینێت، بەڵام ئەوەی لە دیدی ئەودا دەستەبەری سەرجەم ئازادییەکان ئەکات، تەنها یاسا و دەستووری بنەڕەتییە، کە ڕێگە لە تاک و دەسەڵاتیش دەگرێت پێشێلی ئازادی مرۆڤ بکات، واتە ئازادی لەلای ئەو ڕەهەندێکی یاسایی هەیە.

هەرچی ڕوانگەی **ڕۆسۆ**یە بۆ ئازادی بە مرۆڤایەتی مرۆڤەوە بەستراوە، و نابێت هیچ کات لەناو بچێ، چونکە پێیوایە کاتێک دەڵێین: مرۆڤ مرۆڤە، لەگەڵ ئەوەی کە دەڵێین: مرۆڤ ئازادە، یەک واتای هەیە. **ڕۆسۆ** ڕای وایە، ناتوانرێت ئازادی کەم و زیاد یاخود مامەڵەیەی کرین و فرۆشتنی پێوەبکرێت[4]. چونکە وازهێنانی مرۆڤ لە ئازادی، بەواتای وازهێنانیەتی لە ئەدگاری مرۆڤیانەی و لە مافە مرۆییەکانی و تەنانەت لە ئەرکەکانیشی، چونکە وازهێنانێکی لەم جۆرە پێچەوانەی سروشتی مرۆڤە، هەروەها سەندنی هەموو ئازادییەک لە ئیرادەی مرۆڤ، بەواتای داشۆرینی هەموو ئاکارێکە لە کردەکانی[5]. هەروەها بەپێچەوانەی هزری مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست پێیوابوو مرۆڤ خاوەن ئیرادەی ئازادە و بەرپرسە لە

---

[1] جۆن لۆک، ناميلكەيى ليبوردەيى، و: فەرشيد شەريفى، دەزگاى ئايديا بۆ فكر و بلاوكردنەوە، چاپخانەى حەمدى، سلێمانی، ٢٠١٦، ل ل٥٠-٥٢.

[2] د. موسى ابراهيم، مرجع سبق ذكره، ص ص١٢٨، ١٣١، ١٣٢.

[3] مۆنتسکیۆ، ڕوحی یاساکان، و: ئیدریس شێخ شەرەفی، دەزگای موکریانی، چاپخانەی شڤان، چ٣، سلێمانی، ٢٠١١، ل ل٢٤٩-٢٥٢.

[4] ئەحمەد غولامی، ژان ژاک ڕۆسۆ و سیاسەتی مۆدێرنە، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١٠، ل ل١٦٤-١٦٥.

[5] ژان ژاک ڕۆسۆ، گرێبەستی کۆمەڵایەتی، و: محەمەد صابر، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج، چ٢، سلێمانی، ٢٠١١، ل٥١.

کارەکـانی. هەروەهـا **ڕۆسـۆ** لەپێنـاو نەهێشـتنی نایەکسـانی و ئاشـتکردنەوەی تـاک و کـۆمەڵ یـان تـاک و دەوڵەت، کە گرنترین لایەنـی هـزری سیاسـی **ڕۆسـۆیە** لەمەڕ ئـازادی و یەکسـانی سیاسـی، پەنادەبـاتە بەر تیـۆری پەیمـانی کـۆمەلایەتی[1]. پەیمـان لەلای ئەو پێگەیەکـی ئایـدیالانەی هەیە و ئـازادی و شـێوازی کۆبوونەوەی سیاسییە، کە تاکە ئازادەکان لە چێوەی ئیرادەیەکی گشتیدا ڕێـک دەخـات، ملکەچکـردن بـۆ ئەم پەیمـانە لەلایەن تاکەکـانەوە بە واتـای ملکەچکـردن دێـت بـۆ خـودی خۆیـان، واتە گـوێڕایەڵیکردنی یاسـا بەوپێیەی پەیمانەکە ڕێکی دەخات، بۆخۆی بریتییە لە ئازادی، بەڵام ئەم ئازادییە ئازادییەکی ئەقڵانییە، واتە ئـازادی تـاک لەو جێگـایە دەوەسـتێت کە ئـازادی ئەوانـی تری لێوە دەست پێدەکات[2]. ئەمەش مانـای وایە **ڕۆسۆ** بەدوای دۆزینەوەی فۆڕمێکە بۆ ڕیکەوتن و کۆمەڵگەی سیاسی، کە هەموو مـاف و ئازادییەکـانی تاکەکـانی تێدا پـارێزراو بێت، بەجۆرێـک تـاک مـاف و ئـازادییە سروشـتییەکانی لە فۆڕمێکی مەدەنـی لە سایەی دەوڵەتی دیسپلینکراودا پارێزگـاری لێبکرێت، و یەکسانی سروشـتی لە یەکسانی ئـازادی مەدەنـی و سیاسی بۆ سەرجەم هاوڵاتیان بە چینی بورژواز و کریکار و جوتیار گرەنتی ئاکاری بکرێت.

هەروەها بەهۆی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا لە ساڵی (١٧٧٦)، و شۆڕسی فەرنسا لە (١٧٨٩-١٧٩٢)، پاشان ڕەنگدانەوەیان لە ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیان لە سالی (١٧٨٩)، و دستووری فەرەنسـی (١٩٩١)، چەمکـی ئـازادی پەرەسـەندنی زۆری بەخـۆوەبینی؛ وەک لە مـاددەی (٤)یـدا هـاتووە، ئـازادی ئەوەیە کە تـاک بتوانێت هەر کارێـک ئەنجـام بـدات کە زیـان بە کەسـانی تـر نەگەیەنێت، ئەمەش مـافێکی سروشـتی هەر مـرۆڤێکە کە بـێ جیـاوازی هەمـوو ئەنـدامانی کـۆمەڵگە دەگـرێتەوە و دەتـوانن لێـی بەهەرەمەند بن، و هەر سنووربەندیەکیش لەبەردەمیاندا تەنها لە ڕێگەی یاساوە دەبێت. هەروەها لە ماددەی (٦)دا هـاتووە کە، هەر هـاوڵاتییەک مـافی گەیشـتن و وەرگرتنـی هەر پـێگە و پۆسـتێکی گشـتی هەیە بـێ جیاوازی جگە لە توانا و شایستەیی نەبێت؛ هاوکـات لە ماددەکـانی (٩، ١٠، ١١)دا، گوزارشـت لە ئـازادی ئایینی و بیروڕا و بیرکردنەوە کراوە[3].

## ٢- لیبڕالیزمی نوێ

لە سەدەی هەژدەدا هزرمەندانی ئەوڕوپا و بەتایبەت لە ئینگلتەڕا گەیشتن بەو بـاوەڕەی کە هیچ شتێک نەگۆڕ نییە و بە تەنها ئەقڵیش زامنـی گەیشتن بە حەقیقەت نییە، بەڵکو پێویستیمان بە بەڵگەی ئەزمـوونی کـرداریش دەبێـت، لێـرەوە چەمکـی یاسـای سروشـتی و هەردوو تیـۆری پەیمـانی کـۆمەلایەتی و مـافە سروشتییەکان بوونە جێی گومان و زۆرێک لە هزرمەندان باوەڕیـان پێیـان نەمـا؛ ئیدی ڕێبـازی لیبڕاڵیزم پێویستی بە بنەمای تێۆری نوێ هەبوو. بەمەش ئەو بنەما تیۆرییە هەرەس دێنێت کە لیبڕاڵیزمـی کلاسیکی لەسـەر دامەزرابـوو[4]. کە خـۆی لە دەسـتوەرنەدانی دەوڵەت لە مڵـک و سـامانی تـایبەتی تـاک دەبینیـەوە، بەوەی خاوەنـدارێتی تـایبەت سـەرچاوەی ئـازادی تـاکە[5]. لەبەرئەوە نووسـینی هەنـدێک لە هزرمەنـدانی کۆتـایی سـەدەی هەژدەهەم، کە بە (**فەیلەسـوفە ڕادیکـاڵ**[*])ەکـان ناسـران، کە **بنتـام** دیارترینیـان بـوو، بیرۆکەکانیان لە ڕێبازێکی فەلسەفی تایبەت فۆڕمەلە کرد بەنـاوی (**الفلسفة النفعية**[**])یە؛ واتە فەلسـەفەی

---

[1] ئەحمەد غولامی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٦٥، ٦٩، ٧٠.
[2] کۆمەڵێک نووسەر، سەرەتاکانی سۆسیۆلۆژیا، و: شوان ئەحمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٣.
[3] راتب الحوراني، مفهوم الحرية في التاريخ، دار الفارابي، بيروت- لبنان، ٢٠١١، ص ص٢٢٨-٢٣٠.
[4] د. موسى ابراهيم، مرجع سبق ذكره، ص١٥٥.
[5] ئەندۆ ڤینسینت، ئایدۆلۆژیا مۆدێرنە سیاسییەکان، و: عومەر مەولوودی، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٧، ل٧٧.

[*] (**فەیلەسوفە ڕادیکاڵ**)ەکان، (**جێرمی بنتام**- Jeremy Benthan/ ١٧٤٨- ١٨٣٢) و (**جێمس میل**- James Mill/ ١٧٧٣-١٨٣٦) ڕیبەرە ڕادیکاڵیستەکانن، بنەمـای بەرژەوەنـدی خـوازی یـان بنەمـای بەختـەوەری خـوازی **بنتـام** بـوو بە ڕیچکەیەک لە بنەماکانی ئاکار و یاسادانان کە لە ساڵی (١٧٨٩) تـاوتوێی کـردووە. بڕوانە: (لین و لینکستەر، خوداوەندانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پور، کتێخانەی ئاوێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ل١٦٥-١٦٦).

[**] (**الفلسفة النفعية**)، لە سـەردەمی **ئەپیکۆریەکانەوە** تـا **بنتام**، ئەوانەی تیۆریزەی فەلسـەفەی سوودگەرایی یـان پراگماتیـان کردووە، مەبەستیان ئەوە نەبووە کە هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ چێژ، بەڵکو مەبەستیان ئەو چێژەیە کە ئازاری نەبێت، واتە

سودگەرایی بوو بە بنەمای تیۆری لیبڕاڵیزمی نوێ (**الليبرالية الجديدة**)، لە ڕوانگەی ئەم فەلسەفەیەوە، مرۆڤەکان بە سروشتی خۆیان خۆپەرستن، ئەم سروشتەش بەردەوام هانیان دەدات لەپێناو بەختەوەریدا خۆیان لە هەر کێشە و ئازارێک بە دوور بگرن. لەبەرئەوە پێیانوایە ئەرزشی هەر سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوەستێتە سەر ئەوەی ئاخۆ بەسوودە بۆ دەستەبەرکردنی گەورەترین بڕی بەختەوەری بۆ زۆرترین ژمارەی هاوڵاتیان. واتە بیرۆکەکانیان لەدەوری فەلسەفەی تاکگەرایی دەخولێتەوە، وەک پاساوێک بۆ ڕێبازی لیبڕاڵی، و جەخت دەکەنەوە لەوەی هەر تاکێک یەکسانە بەوی دیکە لەوەدا کە پەیوەندی بە بەهای بەختەوەری و ئازارەوە هەیە وەک پێوەرێک بۆ ڕێکخستنی سیاسی، هاوکات خاوەندارێتی وەک مافی یەکەم دەبین، بەڵام وەک مافێکی سروشتی نا، بەڵکو وەک سەرچاوەی ئارامی و ئاسایش، لەبەرئەوە ئەرکی دەوڵەتە دەستوەردان بکات و بەپێی توانا کار بۆ ئەوە بکات کە بەرهەمی ماڵ و سامان بە زۆرترین ژمارەی تاکەکان بگات، تا جۆرێک لە یەکسانی خاوەنداریتی وەدیبێت. سەبارەت بە ئازادی کەسی کە دووەمین مافە لیبڕاڵی لەسەر دامەزراوە، سوودگەراکان بە یەکێک لە سەرچاوەکانی بەختەوەری تاکەکەسی دەزانن، بەڵام بە مەرجێک لە سنووری یاسادا بێت[1].

واتە ئازادی لەلای ئەوان وەک چەمکێکی ڕەها نەمایەوە، وەک ئەوەی لەلای لیبڕاڵە کلاسیکییەکان هەبوو، بەڵکو دەوڵەت لە کیانێکی مەترسیدارەوە لەسەر تاکەکان بوو بە هێز و توانای چاکە، چیتر ئەرکی دەوڵەت لە پاراستنی تاکەکان و ڕێگریکردن لە پێشێلکردنی مافەکانیان نەمایەوە، بەڵکو ئەرکی دەوڵەت دابینکردنی پێداویستییەکانی هاوڵاتیان دەبێت. لەبەرئەوە لیبڕاڵیزمی نوێ دەبێتە باوکی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و هانی دەوڵەت دەدات دەست لە ئابوری وەربدات تاوەکو زێدەڕۆیی نەرێنی سەرمایە و بازار جلەو بکات و لە بەرژەوەندی هەمووان هەڵسوکەوت بکات[2]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە چەمکی ئازادی لە ئازادی سروشتی مرۆڤ بەرەو ئازادی کۆمەڵایەتی و مەدەنی پەرەی سەند، وەک **بنتام** و زۆرێک لە سوودگەراکان پێیوایە ئازادی سروشتی؛ بە واتای ئەوەی مرۆڤ هەرچی بیەوێت بیکات لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی و مەدەنی نایەتەوە، بەڵکو ئازادی مەدەنی ئەوەیە مرۆڤ هەرچی بیەوێت بیکات، بەو مەرجەی لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی و کۆمەڵگادا بگونجێت[3]. ئەم پەرەسەندنەش زیاتر لەلای (**جۆن ستیوارت میل**- Juhn Stuart Mill /١٨٠٦-١٨٧٣) دەرکەوت، کاتێک چەمکی یەکسانی لە هەلدا خستە نێو ئازادییەوە و وەک ئازادی پەرەپێدانی خود وەسفی کرد، بەوەی چیتر تاک و گەشەپێدانی خود لەگەڵ کۆمەڵگەدا ناتەبا نییە، کە ڕەگەزی پێویستییەکانی پەرەسەندن و پێشکەوتنی تاک دابین دەکات[4].

**میل** لە کتێبەکەی (**لەبارەی ئازادی**)دا، دەڵێت: "مرۆڤ لەناو بازنەی خۆیدا فەرمانڕەوایە و میرێکی ئازادە بۆ ڕەفتارکردن بەسەر جەستە و ئەقڵی خۆیدا، واتە ئەو ڕەفتارانەی کە کەسی تر ناگرنەوە و تەنها پەیوەستن بە خۆیەوە، ئازادی و ئیرادەی ڕەهای تێدا هەیە"[5]. کەواتە، کرۆکی ئازادی بەم واتایە تێگەیەکە لە ئازادی نێگەتیڤ، واتە ڕوانین لە ئازادی وەک نەبوونی کۆت و بەند لەسەر کردەکانی تاک. بەڵام ئامانجی **میل** لەبارەی ئازادی هەر ئەوە نەبوو، بەڵکو ئامانجی سەرەکی ڕێکخستنی مامەڵەکردنی کۆمەڵگەیە لەگەڵ تاکەکان. لەو بارەیەوە **میل** پێیوایە تاکە هۆکارێک کە ماف دەدات دەستوەردان لە کاروباری تاکەکان بکرێت، بریتیە لە کارکردن بۆ پاراستنی تاکەکان لەبەرامبەر ڕەفتاری ئەوانی تر[6]. واتە ئەگەر کاری مرۆڤێک زیانی لە خەڵک دا، بێ شک شایستەی سزایە، جا بە فەرمانی یاسا بێت، یان

---

ئەو شتە بەسودە کە ئامرازێکە بۆ دەستەبەری هەموو پێداویستییەکانی تر. بڕوانە: (جون ستیوارت میل، النفعیة، ت: سعاد شاهرلي حرار و هيثم غالب الناهي، المنظمة العربية للترجمة، بيروت- لبنان، ٢٠١٢، ص ص٣٥-٣٦).

(1) د. موسی ابراهیم، مرجع سبق ذکره، ص ص١٥٥-١٥٧.

(2) کۆمەڵێک نووسەر، لیبرالیزم و نیۆلیبرالیزم، و: هاوار محەمەد- بابان ئەنوەر- ئارام مەحمود، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٤١.

(3) د. موسی ابراهیم، مرجع سبق ذکره، ص١٧٢.

(4) کۆمەڵێک نووسەر، لیبرالیزم و نیۆلیبرالیزم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

(5) جۆن ستیوات میڵ، لەبارەی ئازادییەوە، و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، چاپخانەی تاران، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٦، ل٢٣.

(6) Juhn Stuart Mill, collected works of Juhn Stuart Mill, J.M.Robson, University of Turonto press, 1963, p470.

لەو شوێنەدا کە دەستوەردانی یاسا نییە، بە فەرمانی ڕای گشتی بێت[1]. لەبەرئەوە **میل** بە سەرەکترین نوێنەری فەلسەفەی لیبڕاڵی سیاسی و دیموکراسی سەدەی نۆزدەهەم دادەنرێت، لە ڕوانگەی **میل**ەوە دیموکراسی بە واتای بەشداری گشتی لە سیاسەتدا زۆرتر لە دادپەروەری نزیکە تا لیبڕالیزم، کە حکومەتی چینی بورژوازی لێ کەوتبۆوە. بەڵام **میل** پێیوایە کۆتایی لۆجیکی لیبڕاڵی دیموکراسییە، و دەوڵەتی دیموکراتی بەرپرسیارە لە دابەشینی کاڵا و سامان بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی گشتی و خاوکردنەوەی گرژییە چینایەتییەکان. واتە دەستوەردانی دەوڵەت خۆی بەشێکە لە سیاسەتی لیبڕاڵی بە مەبەستی سڕینەوەی ئەو لەمپەرە نا ئیرادی و نەخوازراوانەی لەبەردەم هەوڵی ئابووری تاکەکەس سەرهەڵدەدەن، چونکە **میل** لەوە دەترسا دیموکراسی زۆرینە ستەمگەری لێبکەوێتەوە؛ بەمەش **میل** وەک هاندانی فێرکردن و بارهێنان و کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کرێکاران و دابینکردنی تەندروستی گشتی لەسەر ئازادی پۆزەتیڤ وەک بەشێک لە لیبڕاڵ- دیموکراسی پێدادەگرێ[2].

کەواتە، **میل** دەیەوێت دەستەبەری ئازادییەکان لە کۆمەڵگەدا بە یاسا گرێبدات، واتە دیدی **میل** بەرەو ئازادی مەدەنی و کۆمەڵایەتی پەرەی سەند. بەڵام هەرچەندە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا لە بەریتانیا و زۆربەی ناوچەکانی ئەمریکا ئازادییە تاکییەکان و یەکسانبوون لەبەرامبەر یاسادا بەتەواوی چەسپابوو، و لە تیۆری زۆرێک لە هزرمەندانی نوێش ئاماژەی پێدرابوو، کەچی ماف و ئازادی دەنگدانی ژنان لەسەر زەمینی واقیع بە شێوە دیموکراسییەکەی ئێستا تا ساڵی (١٩٣٠) لە بەریتانیا بەرجەستەنەبوو[3]. دووەمین گەشەسەندن لە تیۆری لیبڕاڵی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە لەسەر دەستی هزرمەندی بەریتانی (**تۆماس هیل گرین**- Thomas Hill Green/ ١٨٣٦- ٨٨٢) دەرکەوت، بەپێی تێزی **گرین** کاتێک تاکەکەس بوونی خۆی دەسەلمێنێ کە ڕۆڵی لەناو کۆمەڵگەدا هەبێت، لەبەرئەوە ئەرکی دەوڵەتە ئەو درفەتەی بۆ بڕەخسێنێ؛ **گرین** ئازادی **میل** بە تەواوی دەگۆڕیت بە ئازادی پۆزەتیڤ[4]. لەلای ئەو ئازادی بریتییە لە بەدیهێنانی ئامانجێک بۆ مرۆڤ کە گرنگ و بەسوود بێت بۆی، بەم پێیەش کۆمەڵگەی لیبڕاڵی کۆمەڵگەیەکە ئەندامانی دەتوانن بەشی زۆری ئامانجە ڕەواکانیان بێنەدی، هەروەها بەپێچەوانەی دیدی لیبڕاڵی کۆن پێیوابوو، دەوڵەت نەک تەنها لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەڵکو لە بواری ئابووری و هەر بوارێکدا بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئازادی پۆزەتیڤ بۆ ئەندامانی کۆمەڵگە دەتوانێت دەستوەردان بکات، ئەمەش هاتنە ئارای دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لێکەوتەوە[5]. کەواتە، هەموو ئەم هەوڵانە بوونە مایەی وەلانانی دیدی لیبڕاڵی کلاسیکی لەمەڕ دەوڵەتی پاسەوان و لانیکەم (**الحد الأدنى**) بونیادنرابوو، و هاتنە ئارای دەوڵەتی بەرپرس لە پاراستن و فەراهەمکردنی ئازادی پۆزەتیڤ و بەرژەوەندی گشتی.

### ٣- لیبڕاڵی هاوچەرخ

ڕێبازی لیبڕاڵیزم لە سەدەی بیستەم بەهەمان شێوەی سەدەی نۆزدەهەم بەر شێواز و ئاراستەی هزری و تیۆری جۆراوجۆر دەکەوێت، سەبارەت بە چەمکی ئازادی و پێداهاتنەوە بە ڕۆڵ و کاریگەری کۆمەڵایەتی و ئابووری دەوڵەت، وەک بنەمایەک بۆ دادپەروەری و خۆشگوزەرانی، لە دیاترین ئەو ئاراستانەش:

**أ- تیۆری لیبڕاڵی یەکسانخوازی- النظرية الليبرالية المساواتية**: کە دیارترین هزرمەندی ئەم ئاراستەیە بریتییە لە (**جۆن بوردلی ڕاوڵز**[*])، **ڕاوڵز** لە هەردوو کتێبی (**نظرية في العدالة والعدالة كإنصاف إعادة**

---

[1] جۆن ستیوات میڵ، لەبارەی ئازادییەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.
[2] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب١، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢١-٢٢.
[3] فەرید زەکەریا، سەرچاوەی پێشوو، ٥٧.
[4] أندرو هيود، مدخل إلى الأيديولوجيات السياسية، ت: محمد صفار، مركز القومي، مصر- القاهرة، ٢٠١٢، ص٧٣.
[5] د. موسى ابراهيم، مرجع سبق ذكره، ص ص١٥٩-١٦٠.
[*] (**جۆن بوردلی ڕاوڵز**)، لە ١٢ی شوباتی ساڵی (١٩٢١) لە ویلایەتی (**میرلند**)ی ئەمریکا لە دایک بووە، بەکالۆریۆسی لە فەلسەفە لە زانکۆی (**برینستون**) لە ساڵی (١٩٤٣) تەواوکردووە، پاشان لەساڵی (١٩٥٠) دکتۆرای وەرگرت، و لە ساڵی (١٩٥٢) لە هەریەک لە زانکۆکانی (**برینستون** و **ئای تی تی**) وەک مامۆستا دەستی بە وانەوتنەوە کرد. لە دیارترین بەرهەمانی: (مقالة العدالة كإنصاف ١٩٥٨، نظرية في العدالة ١٩٧١، الليبرالية السياسية ١٩٩٣، قانون الشعوب ١٩٩٥،

**صیاغة)**دا، بۆچوونی خۆی لە ڕێگە ڕاڤەکردنی دۆخی یەکەمینەوە لەمەڕ ئازادی و یەکسانی وەک وێنایەک بۆ کۆمەڵگەی لیبڕاڵ- دیموکرات لە دوو پرەنسیپدا دەخاتەڕوو: یەکەم؛ پێویستە هەموو کەسێک هەمان مافی هاوتای لە ئازادییە بنەڕەتییە یەکسانییەکان هەبێت بە بەربلاوترین شێوە، بە مەرجێک دەبێ ئازادییەکەی لەگەڵ ئازادی ئەوانیتر بگونجێت[1]. دووەم؛ دەبێت دیاردەکانی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دوو مەرجیان تێدا بەرجەستە بێت: ١/ دەبێت نایەکسانییەکانی گرێدراو بە پیشە و پۆست و پایە لەبەردەم هەمواندا کراوە بن و دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان فەراهەم بکەن. ٢/ دەبێت دیاردەکانی نایەکسانی بەدیهێنەری گەورەترین بەرژەوەندی بن بۆ ئەوانەی کە کەمترین پێگە و پایەیان هەیە لە کۆمەڵگەدا، ئەمەش پرەنسیپی جیاوازیکردنە. **ڕاوڵز** لە گریمانەی ئەم دوو پرەنسیپەدا، یەکسانی ئازادی پێ لەپێشترە، ئینجا یەکسانی لە هەلەکاندا و پاشان پرەنسیپی جیاوازی. واتە زۆرترین ئازادی یەکسان و مافی سیاسی و مەدەنی بۆ هەموان وەک یەکە، و ئەوانەی هەمان ئاستی بەهرە و توانا و خواستیان هەیە بەبێ ڕەچاوکردنی چینی کۆمەڵایەتی هەمان دەرفەت و هەلی دەرچوون و سەرکەوتنی یەکسانیان هەبێت و سنووری ئازازادییە سروشتییەکان تێپەڕێنرێت بەرەو سیستمی بازاڕی ئازاد لە چوارچێوەی دامەزراوەی سیاسی و یاساییدا، کە ڕێگە لە کەڵەکەبوونی سەرمایە و خاوەندارێتی بگرێت[2].

کەواتە ئەوەی ئاراستەی یەکسانخوازی بەرباسی **ڕاوڵز** مەبەستیەتی ئەوەیە، کە حکومەتی لیبڕال- دیموکرات هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئابوری ئازاد بدات لە ڕێگەی دانانی باج، هێشتنەوە کێبڕکێ لە بازاڕدا، کەڵک وەرگرتنی تەواو لە سەرچاوەکان، دابەشینی سەروەت و سامان و دابینکردنی لانی کەمی بژێوی و ژیان. واتە دەبێت دەستوەردانی دەوڵەت بە ڕادەیەک بێت، کە سەروەت و سامان لە ئاستێکی دیارکراو نە سەرتر و نە خوارتر بچێت، کە زیان بە هێزی تاکەکان و لێهاتووی ئابووری پاڵنەر و کار و چالاکییان بگەیەنێ[3]. کەواتە، ئەوەی **ڕاوڵز** مەبەستیەتی پێمان بڵێت ئەوەیە، کە دەستوەردانی دامەزراوە سیاسی و یاساییەکان، هەم بە قازانجی ئازادی تاکەکانە و هەمیش ڕەخساندنی هەلی یەکسانە لەبەردەم هەمووان‌دا، واتە سامانی تایبەت و ئازادی بازاڕ و کار هەر بەردەوامە و لە کێبڕکێی توانای داهێناندایە و هەمیش بەر بە زێدەڕۆیی سەرمایە دەگرێ و گرەنتی لانی کەمی بژێوی چینی هەرە خوارەوەی کۆمەڵگە دەکات.

**ب- تیۆری لیبڕاڵی ئازادیخوازی (النظریة اللیبرالیه اللیبرتاریة)**: هزرمەندانی ئاراستەی لیبرتاری، پێیانوایە تیۆری دادپەروەری **ڕواڵز**، ڕەوایی زیاتر دەدات بە دەستوەردانی دەوڵەت لە کاروباری تاکەکان، ئەمەش دوورکەوتنەوەیە لە بنەما سەرەکییەکانی لیبڕاڵی. هاوکات واتا دانە بەوەی کە توانا و لێهاتووی تاک لە کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت، نەک هەڵقوڵاوی ناخی خۆی بێت، بەمەش تاک وەک پاشکۆی کۆمەڵگە سەیر دەکرێت؛ لەبەرئەوە لیبرتارییەکان داوای ئازادی تاک و کەمکردنەوەی دەستوەردانی دەوڵەت لە بازاڕ و کاروباری تاک دەکەن تا نزمترین ئاستی **(الحد الأدنی)**[4]. لە دیارترین هزرمەندانی ئەم ئاراستەیەش **(فۆن هایک** و **ڕۆبەرت نۆزیک**- [*])ن، تەوەرەی هزری سیاسی **هایک** چەمکی ئازادیە،

---

العدالة كإنصاف إعادة صياغة ساڵێک دوای مردنی)؛ لە تەمەنی (٨٢) ساڵیدا کۆچی دوای کرد. بڕوانە: (تحسین حمه سعید شمس الدین، ضمان العدالة في كل من نظرية جون رولز و نظرية أصول الفقه الإسلامي، مجلة جامعة التنمية البشرية، ج٣، سلیمانیه، العدد ٢ حوزیران ٢٠١٧، ص ص١٩١-١٩٢).

[1] جون رولز، نظرية في العدالة، ت: ليلى الطويل، الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق، ٢٠١١، ص٩٢.

[2]جون رولز، العدالة كإنصاف- إعادة صياغة، ت: حيدر حاج إسماعيل، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٩، ص ص١٤٨-١٥٠.

[3] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب١، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٤٨-١٤٩.

[4] مراد دياني، حرية- مساواة- اندماج اجتماعي، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، بيروت- لبنان، ٢٠١٤، ص١٢٤.

[*] **(فریدیش ئۆگۆست فۆن هایک** ١٨٩٩- ١٩٩٢)، هاوڵاتی بەریتانی بە ڕەگەز نەمساویە، یەکێکە لە سەرەکیترین نوێنەرانی شەپۆلی هاوچەرخی لیبڕاڵی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، لە زانکۆی ڤییەنا خوێندنی دکتۆرای یاسا و زانستە سیاسییەکانی تەواو کردووە، دواتر بوو بە مامۆستای ئابووری لە زانکۆی لەندەن. لە بۆچوونەکانی هایک لیبڕاڵی کلاسیکی گیانێکی نوێی بەبەردا کرایەوە، خاوەنی چەندین بەرهەمی جۆراوجۆری بواری ئابووری و ماف و فەلسەفە و مێژووە، لە گرینگترین نووسینەکانیشی (طريق إلى العبودية، الفردانية و النظم الإقتصادي)ین. بڕوانە: (د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب١، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٩٧- ٩٨). و **(ڕۆبەرت نۆزیک** ١٩٣٨- ٢٠٠٢)، فەیلەسوف و ئەکادیمیستی ئەمریکی و هزرمەندی سیاسییە، لە کتێبەکەیدا (الفوضی، والدولة، واليوتوبيا) کە لە ساڵی (١٩٧٤)

لایەنگیری و وابەستەیی قوڵی **هایک** بە چەمکی نێگەتیڤی ئازادی گرێدراو و یەکسانە بە کردەی خۆکردەی مرۆیی بەبێ دەستوەردانی ئەوانی تر لەو کردانەیدا؛ **هایک** پێی وایە بوونی یاسا و ڕێسا گشتییەکان لەپێناو سنووردارکردنی ئەوەی بە فەوزای ئازادی ناسراوە، نابنە بنەما و بنەڕەت بۆ ڕەفتاری دادپەروەرانە، بەڵکو جێکەوتەی کاردانەوەی کار و ڕەفتارە خۆکردەکانی تاکن لەپێناو گونجاندنیان لەگەڵ واقیعی ئارا. هەر ئەمەش وایکرد **هایک** ئازادی پۆزەتیڤ ڕەتبکاتەوە و باوەڕی بە ئازادی نێگەتیڤ پتەو بێت[1]. دەکرێت بڵێین **هایک** هەمان تێروانینی فەیلەسوفی بەریتانی **(ئیزایا بەرڵین ١٩٠٩- ١٩٩٧**[*]**)**ی بۆ ئازادی نێگەتیڤ هەبووە. بەڵام ئەوە واتای ئەوە نییە کە **هایک** باوەڕی بە فەوزای ئازادی بێت و یاسا ڕەتبکاتەوە، بەڵکو لە هزری ئەودا یاسای ڕاستەقینە دەربڕی ئەو پرەنسیپە ئەخلاقیە خۆڕسکانەیە کە خەڵکی پەیڕەوی لێ دەکەن، بەبێ ئەوەی کەسێک ئەو پرەنسیپانەی بە گوێی خەڵکی دابێ. ئەو یاسایەش بەرهەمی ئازادی و ئەخلاقی نێگەتیڤە و ئازادی تاک بەتەواوی دەستەبەر دەکات و دەستدرێژی تاکەکان بۆ سەر یەکتری ڕەتدەکاتەوە، کە **هایک** ناوی دەنێت یاسای بونیادی یان ڕەفتاری دادپەروەرانە. هەروەها سیستمی ئابووریش پەیڕەوی لەو پرەنسیپە خۆڕسکانە و هەڵبژاردنی خۆڕسک دەکات و هەر ئەو بونیادە خۆرسکە ئازادی بازاڕ و کار بە شێوەیەکی نادەستکرد ڕیک دەخات، چونکە ئازادی تاک و خاوەندارێتی تایبەت دوانەی لێک دانەبڕاون. لەبەرئەوە لە کۆمەڵگای ئازاددا نەریت و شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئازادی دەکەونە کێبڕکێی یەکتر لە قازانج و دەسکەوتی تاکەکان[2].

هەروەها **نۆزیک** جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پێویستە ڕۆڵی دەوڵەت لە نزمترین ئاستی **(الحد الأدنى)** دیاریکراو کورتبکرێتەوە، کە خۆی لە پاراستنی هاوڵاتیان لە بەکارهێنانی هێزی ماددی و دزی و فێڵ و چەسپاندنی گرێبەستەکان بنوێنێ، هەر دەوڵەتێک لەوە فراوانتر بێت ئەوا بەرەو ستەمگەری هەنگاودەنێ، چونکە دەبێتە هەڕەشە لەسەر ئازادی و خاوەندارێتی تایبەتی تاک؛ بەوەی هەر شتێک بە شێوەی ڕەوا بەدەستبهێنرێت، دەکرێت خاوەندارییەکەی بە ئازادانە بگۆڕدرێت[3]. واتە **نۆزیک** لە تێزەکەیدا بایەخ بە ئازادی بازاڕ دەدات و دەیەوێت دادپەروەری بازاڕ بەدەست بێنی، و پێیوایە هەموو کەسێک مافێکی یاسایی هەیە دەرهەق بەو شتانەی کە خاوەندارێتی بەسەریانەوە هەیە بۆیە ئەو دابەشینە دادپەروەرانەیە کە لەمیانەی ئاڵوگۆڕی ئازادانەی کاڵا و خاوەندارێتی لەنێوان تاکەکان دێتە ئاراوە، نەک ئەوەی ئاراستەی یەکسانخوازی بەهۆی باجدانانەوە لەسەر ئاڵوگۆڕی بازاڕدا دەیسەپێنن، لەبەرئەوە **نۆزیک** ئەو باجەدانانە ڕەتدەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو باجانە بەکاربهێنرێن بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتیش، تەنها باجێک بە ڕەوا دەزانێت کە بخرێتە خزمەت دامەزراوە ئاسایشی و

---

بڵاوکرایەوە، رەخنەی لە لیبراڵی یەکسانخوازی و بە تایبەت روالز گرتووە. بڕوانە: (شهاب أحمد عبدالله، مرجع سبق ذكره، ص٨٦).

(1) مراد دياني، مرجع سبق ذكره، ص ص١٢٧- ١٢٨.

(*) **(ئیزایا بەرڵین)**، لە ڕوانگەی **بەرڵین** ئازادی پۆزەتیڤ چەند واتایەکی هەیە: یەکەم، ئازادی بە واتای سەرگەورەی تاکەکەس؛ بەوەی واتای پۆزەتیڤانەی وشەی ئازادی بەرهەمی خواست و ویستی تاکە بۆ ئەوەی سەرگەورەی خۆی بێت، واتە من حەز دەکەم لە ژیان و بڕیارەکانمدا پشت بە خۆم ببەستم نەک بە چەند هێزێکی دەرەکی، جا هەرجۆرێک بن. من حەزدەکەم بکەر بم، نەک کارلێکراو، دەمەوێت بە پێی ئەقڵ و توانای بیرکردنەوەی خۆم ڕێبکەم. **بەرڵین** ئەم جۆرە لە ئازادی پۆزەتیڤی پێپەسەندە. دووەم: ئازادی بەپێی کردەوەی ئەقڵ؛ **بەرڵین** پێوایە ئەم واتایە لە ئازادی هەڵەیەکی کۆنە و لە داڕشتەی ئەقڵی جیهانی و یاساکانی مێژوو وەرگیراون و تێیدا ئەقڵ و ئەخلاق بە بابەتی کراون و بەسەر ئیرادە و هەڵبژاردنی مرۆڤ سەپێندراون، بەوپێیەی ئازادی هەڵبژاردن پێویستییەکی ئەخلاقییە لە بارودۆخی مرۆڤ لە جیهاندا سەرچاوەی گرتووە. ئەمەش بوو بە نەریتی ڕۆشنگەری ڕۆژئاوا و پرەنسیپی ئەقڵانی مۆدێرنە، و دەبێت بەپێی ئەم ئەقڵە مرۆڤ ڕێبەری بکرێت؛ بەمەش ئازادی بۆزەتیڤ لە ڕەسەنایەتی خۆی وەک واتای یەکەم داشۆراوە، لەبەرئەوە **بەرڵین** داکۆکی لە ئازادی نێگەتێف دەکات، کە ئازادی نێگەتیڤ و ئازادی سیاسی وەک یەک چەمک بەکاردەهێنێت، واتە " من بەو ئەندازەیە ئازادەم کە تاکێک یان گروپێک دەستوەرنەداتە چالاکی و کارەکانم، بە سادەیی ئازادی سیاسی بە واتای ئەو پانتاییەیە کە تاک دەتوانێت بەبێ هیچ ئاستەنگێک یان کۆت و بەندێکی سەپێنراو لەلایەن ئەوانیترەوە کاری تێبکات". بڕوانە: (ئیزایا بەرڵین، دوو چەمکی ئازادی، و: هەڵکەوت عەبدوڵڵا، لە کتێبی کۆمەڵێک نووسەر، بەناونیشانی (ئازادی- خواستی مرۆڤ بۆ ئەوەی سەرگەورەی خۆی بێت)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧، ل ل٦-٢٩).

(2) د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب١، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٠٩-١١٢.

(3) ويل كيملكا، مدخل الى الفلسفة السياسية المعاصرة، ت: منير الكشو، المركز الوطني للترجمة، تونس، ٢٠١٠، ص١٤١.

دادوەرییەکان، کە ئەرکیان پاراستنی ئاڵوگۆڕی ئازادە[1]. کەواتە، لیبرتارییەکان پەیڕەوی لە هەمان ئازادی تاکەکەسی **لۆک** دەکەن، ئازادییەک کە مرۆڤ خاوەنی ئەقڵ و جەستە و کاری خۆیەتی، خاوەنی بڕیار و ڕەفتاری خۆیەتی، بەشێوەیەک هەر دەستوەردانێکی دەرەکی بەتایبەت لە ئازادی تاک و ئازادی بازاڕ و ئابووری یەکسانە بە نەبوونی گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و بەهای ئازادی تێیدا.

## دووەم: ئازادی لەلای تیۆری مارکسیزمدا

لە فەلسەفەی سەردەمی نوێدا بزوتنەوەیەک لە پێگەی چەپی لیبراڵیزم هاتە ئاراوە بەناوی مارکسیزم، کە لەژێر ڕۆشنایی هزری (**کارل مارکس** ۱۸۱۸- ۱۸۸۳)دا بوو. چەمکی ئازادی لە تیۆری مارکسیزم (**النظرية الماركسية**)دا، بە واتای ئازادی کۆمەڵگەیە، بەو واتایەی تاکەکەس سروشتێکی کۆمەڵی هەیە؛ هاوکات نموونەی ئەندێشەکانی سۆسیالستی و بزوتنەوە کۆمۆنیستەکان کە زایەڵەیان لە مارکسیزمدا بەدیدەکرا، ناداپەروەرییان لە ڕەوتی بەڕێوەبردنی بازاڕدا خستە بەرباس، و جەختیان لەوە دەکردەوە کە ئازادی کۆمەڵگەی بورژوازی جۆرێکە لە فەرمانڕانی و دەسەڵاتی زاڵێتی چینایەتی شاراوە کە لەژێر سەرپۆشی نوێی میکانیزمی کۆلۆنیاڵ و بێگانەبوون، ستەمگەری خۆی حەشارداوە. بۆیە بانگەوازیان بۆ شۆڕشی پرۆلیتاری و هەڵوەشاندنەوەی بازاڕ و خاوەندارێتی تاکەکەسی دەکرد لەپێناو هاوبەشیکردنی دارایی و سامان و خاوەندارێتی وەک واتای ئازادی کۆمەڵگەیی کە دوا ئامانجی قۆناغی کۆمۆنیستییە، واتە گەیشتن بە کاری هاوبەش و داهێنەرانە وەک بەدیهێنانی ئازادی مرۆڤایەتی[2].

بێگومان **مارکس** گرنگی بە یەکسانی داوە، وەک ئەوەی چەپەکان داکۆکی لێدەکەن، بەڵام پرسیار ئەوەیە، یەکسانی لەچیدا؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەوە چەمکی ئازادی دەردەکەوێت، کاتێک **مارکس** لە تیۆرەکەیدا باس لەوە دەکات، بەشداریکردن لە پڕۆژەی ڕادیکاڵی بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی یەکسانی بۆ هەمووانە؛ بە ڕای زۆربەی چەپەکانی ئەمڕۆ مەبەست لەم یەکسانییە، یەکسانییە لە خاوەندارێتی و مامەڵەکردن و ئابووریدا[3]. واتە چەمکی ئازادی **مارکس**، واتای مەعریفی تێدەپەڕێنێت و واتایەکی ماددی وەردەگرێت، بۆئەوەی لە کاری ڕۆژانەوە بۆ چەکێکی سیاسی دژی دەوڵەتی چەوسێنەر بگۆڕێت، بەوەی لیبرالیزم بەردەوام دەرگیری ناکۆکی و تێکچڕژانی بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتی و جیاوازیە. لەبەرئەوە ئامانجی ڕێبازی مارکسیزم، ئازادی یەکسانی هاوڵاتییانە، کە ئازادی سیاسی لەگەڵ مەرجەکانی ئازادی کۆمەڵایەتی بگونجێت، واتە بونیادنانی سیستمێکی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە تێیدا ئازادی تاک مەرجی ئازادی کۆمەڵ بێت، واتە گونجاندن لەنێوان دەوڵەت- سیستم- ئازادیدا، ئەمەش لە سایەی کۆمەڵگەی کۆمۆنیست، کە دوا قۆناغی شۆڕشی پرۆلیتارییە بەدیدێت[4].

ئەم تیۆرە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم نوێکردنەوەی هەڵوێستی جیاوازی بەخۆوەبینی، کە هاوڕای پەرۆشی و بەتەنگەوەهاتنی لیبراڵیە بۆ دادپەروەری لە داهاتەکان، بەڵام باوەڕی لیبراڵی سەبارەت بە خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ڕەتدەکاتەوە، وەک ئەوەی **ڕاوڵز** بە دیموکراتی خاوەنەکان ناوی دەبات، بەڵکو دەبێت شێوازی چێژوەرگرتنی یەکسان لە خێر و داهاتەکان وەربگیرێت[5]. کەواتە، ئازادی بەپێی ئەم تێۆرە بەرئەنجامی ڕزگاربوونی چینی چەوساوە و دواجار نەمانی چینایەتی و یەکسان

---

[1] كولن فارلي، مقدمة في النظرية السياسية المعاصرة، ت: د. محمد زاهي بشير المغيربي و د. نجيب المحجوب الحصادي، منشورات جامعة قاريونس، بنغازي، ۲۰۰۸، ص۳۸.

[2] ئەلێکساندەر دۆگین، تیۆری چوارەمی سیاسەت، و: وریا غەفوری، دەزگای ئایدیا، چاپخانەی حەمدی، بێ شوێنی چاپ، ۲۰۱۷، ل ل۵۲-۵۳.

[3] ملاحق جريدة المدى اليومية، ماركس وفهمنا لمعنى الحريّة في المعنا المعاصر، ت: أحمد الزبيدي، تأريخ الزيارة ۱۸/ ٥/ ۲۰۲۰، متاح على الرابط الآتية https://www.almadasupplements.com/news.php?action=view&id=19887#sthash.zDiUIApk.dpbs.

[4] د. سالح یاسر، کۆمەڵگەی مەدەنی دیموکراسییەت، و: عیماد عەلی، بەشی هۆشیاری و پێگەیاندنی (م . ڕ)ی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، چاپخانەی ئازادی، سلێمانی، ۲۰۰۸، ل ل٤٥-٤٦.

[5] شهاب أحمد عبدالله، مرجع سبق ذكره، ص٢٤.

بوونی ڕاستەقینە لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا بەدیدێت، بەمەش یەکسانی هاوڵاتیان لە خێر و سەرچاوەی داهاتەکان و سوودمەندبوون لێیان؛ واتای ئازادی دەگەیەنێ لە ڕوانگەی تیۆری مارکسیزمدا.

## سێیەم: ئازادی لەلای تیۆری پارێزگاریدا

زۆربەی ئەو نووسەرانەی لەبارەی تیۆری پارێزگاری (**النظریة المحافظیة**) نووسیوویانە، پێیانوایە خاڵی دەرکەوتنی هزری پارێزگاری دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی فەڕەنسی و دژە کردەوەی باوکی قوتابخانەی پارێزگاری هزرمەندی بەریتانی (**ئیدموند برێک**- Edmund Burke / ١٧٢٩-١٧٩٧) لەبەرامبەر خۆپیشاندەران و بەشدارانی شۆڕش. هەروەها ئەگەرچی لە دەیەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، وشەی پارێزگاری بە واتا سیاسییەکەی دەبینرێت، بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە هزری پارێزگاری ڕیشەیەکی دێرینی نەبێت، بەڵکو زۆرجار نووسەران ناوی **ئەفلاتۆن** و **ئەریستۆفانی** شانۆنووس و **ڕەواقییەکان** وەک دەسپێکی باوەڕی پارێزگاری دێنن[1]. کەواتە، پارێزگاری پەرچەکردارێک بوو لە دژی لیبراڵیزم و ئەقڵانییەتی بزوتنەوەی ڕۆشنگەری و مۆدێرنیزم؛ واتە ئازادی، یەکسانی، تاکگەرایی، ئەقڵانییەت و جیایی ئایین لە دەوڵەت و لەبەرامبەردا داکۆکی کردن لە پاراستنی ئیمتیاز و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان و نەریت و بەهاکانی کۆمەڵگە وەک (**خزمایەتی، زنجیرەی پلە** و **پایە، دەسەڵات** و **ئایین**)؛ هەروەها بابەتی (**دیار** بەسەر **نادیار، تاقیکراوە** بەسەر **تاقینەکراوە، واقیعییەت** بەسەر **ئەفسانەدا، باو** بەسەر **دڵخواز، سنووردار** بەسەر **بێسنوور**)دا؛ لەبەرئەوە پارێزگارەکان خۆیان پێ پراگماتیستە[2]. بەڵام دەبێت جیاوازی لەنێوان پارێزگاری کلاسیکی و ڕاستڕەوە نوێیەکان یان هاوچەرخ بکەین. لەکاتێدا پارێزگاری کلاسیکی بەرگری دەکرد لە دامەزراوەکان و ئەو بەهایانەی لەسەری دامەزراون، بونیادە کۆمەڵایەتییەکان، هەستی سەقامگیر و بنەڕەتییەکانی سروشتی مرۆڤ، بەوەی مرۆڤ بەدوای ئاسایش و پاراستنی خۆیدا دەگرێت، لەبەرامبەردا ڕاستڕەوە نوێیەکان وێڕای گرنگیدانیان بە دەوڵەتی بەهێز، بەڵام جەخت لەسەر نزمترین ئاستی دەوڵەت (**الحد الأدنی**) دەکەنەوە؛ وەک یەکێتییەک لەنێوان باڵادەستی کۆمەڵایەتی و ئازادی ئابووریدا[3].

بۆچون و دیدی هزرمەندانی پارێزگاری لەمەڕ چەمکی ئازادی چۆنیەک و هاوواتا نییە، بەڵکو زۆرجار ناکۆک و دژ بەیەکیشن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی سەردەم و شوێنی ژیانیان و جیاوازی ڕوانینیان لەهەمبەر سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگە و دەسەڵات. یەکێک لەوان وەک ئاماژەمان پێدا **بێرک**ە، کە پێیوابوو دژایەتی شۆڕشی فەڕەنسی بۆ ئەرەستۆکراتەکان و داواکردنی ئازادی دواجار دەبێتە هۆی ئەوەی دیکتاتۆرێکی خراپتر لەوەی پێشوو سەرهەڵبدات، چونکە تاک بوونەوەرێکی کەم توانایە و ناتوانێت لە بنەماکانی سیستمی دادپەروەر تێبگات، بەڵکو کۆمەڵگە بەرهەمی گەشەکردنی سروشتی ئۆرگانییە[4]. لەسەر ئەو بنەمایە بەڕای **بێرک** ئایین و داب و نەریت بەردی بناغەی هەموو شارستانیەتێکن و بنەمای هەموو ئاکار و تەنانەت چەقی ئەقڵ و ژیریشە؛ هەرلەبەرئەوە دروستکردنی دەوڵەتێک لەسەر بنەمای ئایین و نەریت بەهێزترین و بەرزترین ئامرازە بۆ دەستووری ئازاد، کە ئازادی هاوڵاتیان بپارێزێت و ڕێز لە یاساکان بگرێت. ئازادی تاکیش تەنها ئەوکاتە پارێزراو دەبێت کە پشکیان لە دەسەڵات هەبێت[5]. ئەگەرچی **بێرک** و پارێزگارانی دواییش لایەنگری پرەنسیپی ئابووری بازاڕی ئازاد و دەستوەرنەدانی دەوڵەت بوون لە ئابووریدا، بەڵام هەڵگری شێوە ڕوانینێکی باوکسالارانە بوون، بەوەی لە ڕوانگەی

---

(1) ئەندۆ ڤینسینت، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

(2) د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢١٠-٢١١.

(3) أندرو هیود، مرجع سبق ذکره، ص ص٨٥-٨٦.

(4) کەمال پولادی، مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا، و: ئازاد وەلەد بەگی و سیروان جەبار زەندی، ب٣، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٤١.

(5) د. مەهدی مەحفوز، ڕێبازەکانی هزری سیاسی لەسەردەمی مۆدێرندا، و: شوان ئەحمەد، چاپخانەی کارۆ، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٣، ل ل٢٦١-٢٦٢.

پارێزگارانەوە کۆمەڵگە تەنیا کۆی ژمارەی تاکەکان نییە، بەڵکو گشتایەتییەکە لە ئەرک و بەرپرسیاریەتی، لەبەرئەوە کۆمەڵگە زیاتر بە بنەماڵە دەشوبهێن و دەسەڵاتداران دەبێ ڕۆڵی باوکیان هەبێ لە گۆمەڵگەدا[1].

تیۆرسێنی سیاسی فەرەنسی (**ئەلێکس دی تۆکڤێل**- Alexis de Tocqueville/ ١٨٠٥-١٨٥٩)، بەپێچەوانەی **بێرک**، پێیوابوو کۆمەڵگەی ئەمریکی سیستمی ئەرستۆکراتی تێدەپەڕێنێت و سیستمی تاکگەرایی و یەکسانی بونیاد دەنێت، سروشتی ئازادییش تێیدا پابەندی ئەو بەها نوێیە دەبێت[2]. و لە کتێبەکەیدا (**الديموقراطية في أمريكا**)دا، دەڵێت: هیچ کەس نکوڵی لەوە ناکات کە ئازادی ڕەهای کۆمەڵایەتی لە کاروباری سیاسیدا دەبێتە هەڕەشە بۆسەر ئازادییەکانی تر، لەبەرئەوە **توکڤێل** لەگەڵ ئازادی ڕەها و بێسنووردا نییە، بەڵکو باوەڕی وایە ئازادی وێرای سنووری ئاکاری و باوەڕ، پێویستە لە چوارچێوەی یاساشدا بێت. لەبەرئەوە ئازادی یاسایی بە ئامانجی سوودی گشتی بە باشترین پێدراوی سروشتی دەزانێت بۆ مرۆڤ، لەوانە: مافی ئازادی کارکردن، دەستەبەری بەرژەوەندی گشتی و هاوتایی لەگەڵ ئەوانیتردا[3]. کەواتە، هەر یەک لە **بێرک** و **توکڤێل** وێرای پابەندییان بە بنەما ئاکاری، ئایینی، کولتوری و کۆمەڵایەتییەکان، لە ڕووی سیاسی و ئابووری گرنگییان داوە بە ئازادی لە چێوەی یاسادا، بە تایبەت ئازادی ئابووری، بازاڕی ئازاد و دەوڵەتی سنووردار، ئەمانەش زیاتر لە ڕاستی نوێ ڕەنگیدایەوە، ئەمە وێرای هەوڵەکانی **توکڤێل** لەسەر پرەنسیپەکانی دیموکراتی و فراوانبوونی مافی هاوڵاتیان.

## چوارەم: ئازادی لە تیۆری ئەنارشیزمدا

بەپێی **کرۆپۆتکین**، فەیلەسوفی ڕوسی، (**ئەنارشیزم**[*]) ئەو ناوەیە کە دەیدەینە پاڵ بنەمایەک یان تیۆرێکی ژیانی یان ئاکاری، کە بە ڕێگەی ئەمانەوە کۆمەڵگە دەتوانێت بەبێ دەسەڵات یان دەوڵەت ژیانی خۆی بکات، بە شێوەیەک جۆرێک لە هەماهەنگی و هارمۆنی لە ناو ئەو کۆمەڵگەیەدا دروست دەبێت؛

---

[1] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢١٨، ٢٢١.

[2] ستیڤن دیلو، مرجع سبق ذكره، ص ص٥٠٥-٥٠٦.

[3] الكسيس دی توكفيل، الديمقراطية في أمريكا، ت: أمين مرسی قنديل، ج١-٢، عالم الكتب، القاهرة- مصر، بلا سنة، ص ص ١٧٢-١٧٣.

[*] (**ئەنارشیزم**)، وشەی ئەنارشی، کە لە دوو وشەی یۆنانی (An) بە واتای بەبێ و (Arkhe) بە واتای بێ دەوڵەت یان فەرمانڕان دێت. ئەنارشیزم تاڕادەیەک دەکرێت وەک منداڵی پرەنسیپی ڕۆشنبیری و شۆڕشی مەزنی فەرەنسا بدرێتە قەڵەم. واتە ئەنارشیزم کارێکی ڕێکەوت نەبوو، بەڵکو دەتوانرێت ئەنارشیزم بە شێوەی خاڵێکی بەیەکگەیشتن یان بۆشایی نێوان لیبراڵیزم و سۆسیالیزم بدرێتە قەڵەم. ئەنارشیستەکان دەکرێن بە دوو بەشەوە: **یەکەمیان**، ئەنارشیستە لیبرتارییەکان- تاکگەراکان؛ ناودارترینیان (**ویلیام گودوین/** ١٧٥٦-١٨٣٦، **ماکس ستیرنەر/**١٨٠٦-١٨٥٦، **پیتەر ژووزێف پرۆدۆن-/**١٨٠٩-١٨٦٥)نن، کە خوازیاری لەناوبردنی خاوەندارێتییە مەزنەکان و زیادکردنی خاوەندارێتییە بچووکەکان و ئاڵوگۆڕی ئازاد و هزریانە و دژ بە هەر جۆرە بەرنامە داڕشتنێک بۆ چاکسازی ئابووری بوون. **دووەمیان**، ئەنارشیستە گشتگەراکان- کۆمەڵایەتییەکانن؛ هەموویان شۆڕشگێربوون، دامەزرێنەری ئەم ڕێچکەیە، (**میکائیل باکونین/** ١٨١٤-١٨٧٦) بوو، کە لە خێزانێکی ئەشرافی ڕوسی بوو، و بەپێچەوانەی **مارکس** پێیوابوو دەوڵەت دەکرێت بە شەوێک لەناو ببرێت، هەروەها پێیوابوو دەوڵەت و خاوەندارێتی تایبەت و مەزهەب دامەزراوەی نا ئاکارین و بەگەشەی سروشتی بەرەو کۆتا دەڕۆن و لەناودەچن. هەروەها (**پیتەر کرۆپۆتکین/**١٨٤٣- ١٩١٩) یەکێک بوو لە خوێندکارانی **باکونین**، کە بڕوای بە لۆجیکیانە و چاکەخوازی مرۆڤەکان و شارستانیەتخوازی دامەزراوە هاوبەشییەکانی بنچینەیی ئەوان ئەوەندە قووڵ بوو، کە دوایین کاردانەوەی شۆڕشی کرێکاری وەک کردەیەکی هێدی و هێور و بەدوور لە توندوتیژی وێنا دەکرد، و پێیوابوو گواستنەوە بۆ سیستمی نوێی جیهان دەبێت دوور لە شەڕ و پێکدادان و بەوپەڕی ئاشتیانە ئەنجام بدرێت، واتە بۆ سەندنەوەی ماڵ و سامان لە بۆرژوازی بەبێ توندووتیژی، کە بەڕای هەندێک لە توێژەران ئەمە تێڕوانینێکە ئەگەری زۆر کەمە. هەروەها **کرۆپۆتکین** پێیوابوو مرۆڤ کاتێک دەگات بە ئارامی کە لە هێز و ستەم و چەوساندنەوە ڕزگاری بێت، و پێشیوابوو پێویستە کۆمەڵگەی پێکهاتوو لە کۆمۆنە و ئەنجومەنە ئازادەکان بەپێی پێویستییە ئابووریە هاوبەشەکان دابمەزرێن، پاشان ئەم جۆرە ڕێکخراوە خۆبەخشانە، هێدی هێدی گەشە دەکەن و دەبنە هۆی هاتنەکایەی فیدڕاسیۆنە ناوچەییەکان. بەم پێیە کۆمەڵگەی خوازیاری **کرۆپۆتکین**، کۆمەڵگەیەک دەبێت لەسەر بچینەی کۆدەنگی نەک بنەمای زۆرینە و ستەم؛ ئەمەش لە ڕووی ئابوورییەوە کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستیانە دەبێت و بەرهەمهێنان تێیدا ناوەندی دەبێت. بڕوانە: (ئەندرۆ ڤینسێنت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٥، ٢٢٠) و (د. حوسەین بەشیریە، بنەماکانی زانستی سیاسەت، و: ئەبوبەکر ڕەشید موحەمەد ئەمین(کاروانی)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ل٧٤-٧٧) و (لین و لنكستر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٨).

ئەمەش نە بەهۆی ملکەچبوون بۆ یاسا یان خۆڕادەستکردن بە دەسەڵاتێک دێتەدی، بەڵکو ئەمە بەهۆی پەیوەندییەکی تەواو ئازادە، کە لەنێوان کۆمەڵە و گروپە جیاوازەکاندا دروست دەبێت؛ جا ئەمانە ناوچەیی بن یان پیشەیی، تەنها لەپێناو بەرهەمهێنان و بەکارهێنانەدا بە شێوەیەکی ئازادانە ڕوودەدات[1]. واتە، ئەنارشیستەکان دەوڵەت و دەسەڵاتی دەوڵەتیان لە ڕووی کردارییەوە کە ڕوخسارێکی ستەمی هەبێت تاوانبار دەکرد، بەڵام هەرگیز خوازیاری لەناوبردنی حکومەت بەتەواوی نەبوون، بەڵکو حکومەتیان لە کۆمەڵگە بە کەڵک دەزانی؛ حکومەتی خوازیاری ئەوانیش ئەو حکومەتەیە، کە بەشێوەی بەهای خۆبەخشانە بێت و بە هیچ شێوەیەک هێز و دەسەڵاتی دژ بە هاوڵاتیانی خۆی بەکارنەهێنێ و ئەو هێزەشی نەبێت ئەو کارە بکات، ئەگەریش کەسانێک ئەو کارەیان کرد، دەکرێت بخرێنە ژێر فشاری ڕای گشتی خەڵکی، یاخود لە کۆمەڵگە دەربکرێن، چونکە پێیانوایە ناخی مرۆڤ پاکە و کۆمەڵگە وەرگرە، لەبەرئەوە دەسەڵاتی دەوڵەتیان بە دوژمنی ئازادی دادەنا، بەپێچەوانەی هیگڵ و پێڕەوانی، کە دەوڵەتیان بە پارێزەری ئازادی دەزانی[2] بەپێی ئەم بنەما و بەهایانە ئەنارشیزم، ئابووری سەرمایەداری و دەوڵەتی نەتەوەیی کە بە ئامرازی دیموکراسی نوێنەرایەتی فەرمانڕانی دەکرێت ڕەتدەکاتەوە؛ لەبەرامبەردا داکۆکی لە یۆتۆپیایەک دەکات، کە دەیەوێت باشترین بەشەکانی لیبرالیزم لەگەڵ باشترین بەشەکانی کۆمۆنیزم لێک بدات، کە لە چەقیدا، ئاوێتەیەکی لیبراڵ لە ئازادی تاکەکەسی و کۆمۆنیستی لەسەر کۆمەڵگەی یەکسان هەیە[3]. واتە سۆسیالیستی ئازادیخوازی- لیبرتاری پەڕگیرن؛ لیبرتاری، واتە داواکردنی ئازادی لە قەدەغەکردنەوە، و سۆسیالیست، واتە داواکردنی یەکسانی کۆمەڵایەتی. ئەگەرچی ئازادی و یەکسانی هەندێک جار دژ و ناکۆک دەنوێنن، بەڵام بە باوەڕی ئەنارشیستەکان ئازادی تەواو ئاماژەیە بۆ یەکسانی، و یەکسانی تەواویش گوزارشتە لە ئازادی[4].

لە دژی ئەم تڕوانینە، هەردوو هزرمەندی سۆسیالیست، **مارکس** و **ئەنگلس** وایان لە خەڵکی گەیاند، کە سەرچاوەی هزری ئەنارشیزم لە سۆسیالیزمەوە هاتووە، ئەوان دەڵێن: "**سەرەتا دەبێت کۆمەڵگەی سۆسیالیزم دابمەزرێت، ئینجا ئەنارشیزم بەدوایدا بێت، بەم جۆرە مۆدێلە ژیان بۆ مرۆڤایەتی زۆر ئازادتر و باشترە لە شێوازی ژیانی سۆسیالیزم**"[5]. لەبەرامبەردا ئەنارشیستەکان خۆیان بە بەشێک لە پرۆژەی ئازادیخوازی زانیوە، کە لە زۆر بابەتدا دژایەتی ئەوان لەگەڵ دەوڵەت و بەپیشەسازیکردنی گەورە بەرامبەر بە مارکسیزم بوو، کە وایان بیردەکردەوە، مارکسیزم پشتی لە ئەرکی ئازادی سازی هەڵکردووە و خاین بوون و ئازادیان فرۆشتووە بە جۆرێک لە سەرمایەداری دەوڵەتی[6]. هەروەها جیاوازی ڕەوتی ئەنارشیزمە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ بەلشەفییە کۆمۆنیستەکان لەوەدایە، کە بەلشەفییەکان پێویستیان بە دیکتاتۆرێک هەیە بۆ حکومەتەکەیان هەتا خەڵکی ناچار بکات بەشێوەی کۆمۆنیزم بژین، بەڵام ئەنارشیزم داوای کۆمۆنیزمێک دەکات، کە تێیدا مرۆڤەکان بە ئیرادەی خۆیان و ئازادانە سیستەمی کۆمۆنیزم هەڵبژێرن[7]. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەنارشیزم بۆ هێنانە ئارای کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان وەک کۆمۆنیزم پێویستی بە بەکارهێنانی توندوتیژی نییە.

بە بۆچوونی زۆربەی ئەنارشیستەکان هۆی بێزاری لە دەوڵەت ئەوەیە، کە دەوڵەت ڕیشەی هەموو زۆر و گۆشارەکانە، و ئازادی واتە ژیانی بێ زۆر و گوشار. لەم ڕوانگەوە، لەم خاڵە دەبێ ئەگەر بکرێ بپرسین، ئایا کە سەرجەم ئەنارشیستەکان بایەخی ئازادییان وەک یەک لە ئەستۆ گرتووە؟ لێرەدا دوو گرفت

---

[1] کۆڵۆن وارد، "ئەنارشیزم"، لە کۆمەڵێک نووسەر، ئەنارشیزم، و: کارزان کاوسێن و ئەوانیتر، دەزگای ئایدیا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٩، ل ل١١٨-١١٩.

[2] د. حوسەین بەشیریە، بنەماکانی زانستی سیاسەت، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٧٤، ١٧٧.

[3] وەرگیراوە لە: ئاندرێس ویتێڵ، ئەنارشیزم چییە؟، لە کۆمەڵێک نووسەر، ئەنارشیزم، و: کارزان کاوسێن و ئەوانیتر، دەزگای ئایدیا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٩، ل ل١١-١٢.

[4] دوناڵد ڕووم، پێناسەیەکی ئەنارشیزم، لە کۆمەڵێک نووسەر، ئەنارشیزم، و: کارزان کاوسێن و ئەوانیتر، دەزگای ئایدیا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٦٩.

[5] وەرگیراوە لە: ئەلکسەندەر بێرکمان، ئەلفبێی ئەنارشیزم، لە کۆمەڵێک نووسەر، ئەنارشیزم، و: کارزان کاوسێن و ئەوانیتر، دەزگای ئایدیا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٩، ل ل١٨-١٩.

[6] ئەندرۆ ڤینسێنت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٣.

[7] ئەلکسەندەر بێرکمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

دێنە پێشەوە، **یەکەم**: ئایا بایەخی ئازادی، یاخود سەربەخۆیی بەلەلای ئەنارشیستەکان زیاتر بووە؟[1]. بۆ وەڵامی ئەمە، دەکرێت تاکگەرایی **ستیرنەر** بە نموونە وەربگرین، کە بە ڕای ئەو خاوەنداریێتی (خۆ) تایبەت بە تاک لەپێش ئازادییەوە دێت، ئەمەش ئەوپەڕی توندوتیژی تاکگەرایی ئەنارشیستییە[2].

بە بۆچوونی **ستیرنەر** خۆخوازی مرۆڤ بۆ زیاتر چێژ بردن لەخۆی بانگهێشتی دەکات، ئازادی ئارەزوو و ڕۆمانتیک و هیوای مەسیحییە و هەرواش دەمێنێتەوە، و خاوەنداریێتی و تایبەتی ڕاستییە. هەرلەبەرئەوە ڕوون نەبوو هەڵوێستێکی نێگەتیڤ یان پۆزەتیڤی لەمەڕ ئازادی هەیە. گرفتی دووەم: ئەوەیە، کە وەک لیبڕاڵیزم، جیاوازیگەلێکی مەزن لە واتای ئازادی ئەنارشیزم لە گۆڕێدایە؛ هەندێک لە ئەنارشیستەکان وەک زۆربەی لیبرالە کلاسیکییەکان، واتای نێگەتیڤی ئازادیان لە نەزەردایە، ئازادی لەم ڕوانگەوە بە واتای زۆرلێنەکردنی ئەنقەست لەسەرجەستەی تاک دەبینین، کە بە ڕوانگەی ئەمریکی ناودەبرێت، لەم ڕووەوە (**مورای ڕاتبار/** ١٩٢٦-١٩٩٥) بەئاشکرا ئەمە بە دەمارگرژی فیزیکی دەستدرێژیکەر بۆ سەر تاک و خاوەنداریێتی ناودێر دەکات، و پێیوایە هەر کەس مافی نەگۆڕی بۆ ئازاد بوون لە دەستدرێژی و دەمارگرژی هەیە. لە لایەکی دیکەوە، هەندێک لە ئەنارشیستە کۆمۆنیستەکان زۆرتر سەرنجیان لەسەر لایەنی ئازادی پۆزەتیڤە، ئەگەرچی ئەم تێڕوانینە لە ئازادی پۆزەتیڤ، واتای ئاسانکردنەوەی دەستوەردانی دەوڵەت نادات، وەک ئەوەی لەلای **گرین** هەبوو، بەڵکو لەم واتایەدا ئازادی بریتی بوو لە ڕزگاربوون لە گوشار و زۆرلێکردن بۆ درێژەپێدانی ئامانجی پۆزەتیڤ؛ ئازادی پۆزەتیڤ هەڵگری سەربەخۆیی تاک، دیاریکردنی یاسا بۆ خۆی و هەڵبژاردنی ئۆتۆنۆمییانەی ئامانجەکانی خۆدی[3]. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە توێژەران تێبینی ئەوە دەکەن، کە بەڕای ئەنارشیزمی کۆمەڵایەتی دەستوەردانی دەوڵەت پشتیوانی سیستەم دەکات لە چەوساندنەوەی چینایەتی و بەخشینی ڕوخسارێکی مرۆڤانە بە سەرمایەداری، بەڵام ئەنارشیزمی تاکگەرایی- لیبرتاری ئەوە ڕەتدەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە دەستوەردانی دەوڵەت پێشبرکێی بازاڕی ئازاد دەشێوێنێت و ئابوورییەک دادەمەزرێنێ کە قۆرخی ئابووری گشتی و تایبەتیش بکات[4]. کەواتە، چەمکی ئازادی لە تیۆری ئەنارشیزمدا وێرای ئاوێتەیەک لە ئازادی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی، هەڵگری جیاوازیشە.

---

[1] ئەندرۆ ڤینسێنت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤١.

[2] هەمان سەرچاوە، ل٢٣٦.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ل٢٤١-٢٤٣.

[4] أندرو هيود، مرجع سبق ذكره، ص٢٢٦.

# باسی دووەم

## ڕوانگە تیۆرییەکانی هزری سیاسی ئارێنت

لەم باسەدا، ئامانجمانە تیشک بخەینە سەر هەندێک لەو ڕوانگە تیۆریانەی **ئارێنت**، کە پەیوەندیدارن بە ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە، چونکە کاتێک لێکۆڵینەوە لەسەر چەمکی ئازادی لە تیۆری سیاسی **ئارێنت** دەکەین بەبێ تێگەیشتنی بەشێک لە تێڕوانینەکانی بۆ هەندێ دیاردەی سیاسی، کاری شیکاری توێژینەوەکە کورت دەهێنێت. بە دەربڕینێکی تر هزری سیاسی **ئارێنت** لەشێوەی ئەڵقەبەندییەک دایە، کە تێگەیشتن لە چەمکی ئازادی بەبێ تێگەیشتن لە چەمکەکانی تر هیچ واتایەکی نابێت. بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵدەدەین لەم باسەدا، لەمیانەی سێ داخوازیدا؛ ڕوانگەی **ئارێنت** لەبارەی (**مۆدێرنە**[*])، ڕوانگەی **ئارێنت** بۆ تۆتالیتاریزم و مەودای ئازادی تێیدا و دۆخی مرۆیی و کردەی سیاسی بکەینە بابەتی توێژینەوە و گفتوگۆ لەسەرکردن.

# داخوازی یەکەم

## ڕوانگەی ئارێنت لەبارەی مۆدێرنە

ڕوانگە سیاسییەکانی **ئارێنت** یەکێکن لە بۆچوونە پێشەنگەکانی هزری سیاسی ڕۆژئاوا لە سەدەی بیستەمدا، ئەو ماوەیەی کە ئەو تێیدا ژیاوە شاهێدی کارەساتگەلێکی گەورەن کە بەرەوڕووی مرۆڤایەتی بوونەتەوە، کەوا بوو دەشێت بەشێک لە ڕوانگەکانی هەڵقولاوی سەردەمی خۆی بن. **ئارێنت** لە بەرهەمەکانیدا بۆچوونێکی تاڕادەیەک ڕەخنەیی لەهەمبەر مۆدێرنە دەردەبڕێت، بەڵام چەند پێشنیارێکی ئومێدبەخشانە لەبارەی کۆمەڵێک توانای ڕابردوو دەردەبڕێت، کە بەهۆیانەوە هێشتاش دەکرێت سەردەمی مۆدێرنە تیشک بخاتە سەر کۆمەڵێک پرسی پەیوەندیدار بە واتا و شوناس و بەها مرۆییەکان. لەبەرئەوە ئەم داخوازییە دابەش دەکەین بەسەر دوو لق دا، لقی یەکەم بۆ ڕوانینی ڕەخنەیی **ئارێنت** لەمەڕ مۆدێرنە و لقی دووەمیش وەک جۆرێک لە ڕوانینێکی ئەرێنی ئەو بۆ مۆدێرنە تەرخان دەکەین.

---

[*] (**مۆدێرنە**)، (**هانز کۆنگ**) پێیوایە چەمکی مۆدێرنە کۆنە، بەڵام ئەوەی چەمکی مۆدێرنەی بەکارهێنا و ڕەواجی بۆ پەیدا کرد، سەدەی حەڤدەهەمی فەڕەنسا بوو، چونکە تەنیا لەم سەدەیە هەست بە سەرکەوتن و باڵادەستی بەسەر یۆنان و ڕۆمانەکاندا دەکرێت، ئەمەش دوای ئەو سەرکەوتنانە دێت کە زانست و فەلسەفەی نوێ لە ڕێی (**کۆپۆرنیکۆس، گالیلۆ** و **دیکارت**)ەوە بەدەستیان هێنان، بەم جۆرە ململانێی نێوان کۆن و نوێ لەو کۆبوونەوە بەناوبانگەدا دەستی پێکرد، کە ئەکادیمیای فەڕەنسی لە ساڵی (١٦٨٧) سازی دابوو، بەڵام چەمکی مۆدێرنە تەنیا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و بەدیاریکراویش لە ساڵی (١٨٤٩)دا بە تەواوی فۆرمەڵە بوو و مەزەندەی ئەوەش دەکرێت (**بۆدلێر**)ی شاعیر یەکەمین کەس بووبێت بەکاری هێنابێت. واتە بڕواهێنان بە پێشکەوتن لە سەدەی نۆزدە کە سەدەی گەشەکردنی زانست و پیشەسازی و تەکنەلۆجیایە، گەیشتە ئەوپەڕی، بەجۆرێک بڕوابوون بە پێشکەوتن جێگای ئایینی مەسیحی گرتەوە و بەلای هزرمەندانی لیبڕالی و سۆسیالیستییەوە بوو بە ئایینێکی نوێ؛ تا وای لێهات تەواوی خەڵکی ئەورووپا پشتیان بە زانست و پێشکەوتنی زانستی دەبەست بۆ چارەسەرکردنی کێشە مرۆڤایەتییەکان، بەڵام ئەم باوەڕە شێوە ئایینییە بە پێشکەوتنی زانستی لە دوو سەدە زیاتری نەخایاند و لەگەڵ هەڵایسانی یەکەم جەنگی جیهانی یەکەم گورزی بەرکەوت و دووەم گورزیشی بەهۆی جەنگی دووەمی جیهانی بەرکەوت؛ وەک **کۆنگ** پێیوایە مۆدێرنە لە ساڵی (١٩١٨) کۆتای هاتووە و بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین پێمان ناوەتە ناو پۆست مۆدێرنە، بەڵام مەبەستی **کۆنگ** لە بەکارهێنانی چەمکی پۆست مۆدێرنە وەک پارێزگارەکان بە واتای وێرانکردن و قوتاربوون لە مۆدێرنە و گەڕانەوە بۆ بیروباوەڕی سەدەکانی ناوەڕاست نەبووە، لەو سەروبەندەشدا (**یۆرگن هابرماس**)ی فەیلەسوفی ئەڵمانی لە ساڵی (١٩٨٠)، وتارێکی بەناوبانگی لەژێر سەردێڕی " مۆدێرنە پڕۆژەیەکی ناتەواو" بڵاوکردەوە و تێیدا هێرشی کردە سەر لایەنگیرانی پۆست مۆدێرنە، بەو پێیەی ڕاست و چەپی ڕادیکاڵ هاوهەڵوێستن لە دژایەتیکردنی مۆدێرنە و نابووتکردنی ئەو دەسکەوتە پۆزەتیڤانەی لە ماوەی دوو سەد ساڵ بەدەست هاتووە. بڕوانە: (هاشم ساڵح، فیکری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ٢، هەولێر، ٢٠١٢، ل ل١٤-١٨).

## لقی یەکەم: مۆدێرنە وەک لەدەستدانی جیهان

**ئارێنت** مۆدێرنە بە واتا نەرێنییەکەی بە لەدەستدانی جیهان وەسف دەکات، کە مەبەستی **ئارێنت** لە جیهان؛ سنووردارکردن یان نەهێشتنی (**پانتایی گشتی**- Public sphere[*])، کردە و قسە ( Action and Speech)یە، لە بەرژەوەندی جیهانی تایبەتی و ڕوانینی تاکەکەسی و گەڕانی تایبەتی بەرژەوەندی ئابووریە؛ مۆدێرنە سەردەمی کۆمەڵگەی جەماوەرییە، دەرکەوتنی زیاتری بواری کۆمەڵایەتییە لە جیاکاری زیاتری نێوان کاروباری گشتی و تایبەتیدا. واتە سەرکەوتنی ئاژەڵی ڕەنجدەر (Animal Laborans)ە بەسەر مرۆڤی داهێنەر (Homo Faber)دا و بەسەر وێنەی کلاسیکدا بۆ مرۆڤ، کە ناوی ئاژەڵی سیاسی (politikon Zoon)یە[1]. هەروەها **ئارێنت** وای دەبینێ مۆدێرنە سەردەمی بەڕێوەبردنی بیرۆکراسی و ڕەنجی بێناونیشانە لە جیاتی سیاسەت و کردە، سەردەمی دەسەڵاتی چینی خانەدان و دەستکاری ڕای گشتییە، سەردەمێکە کە تێیدا فۆرمەکانی حکومەتی تۆتالیتاری هاوشێوەی نازیزم و ستالینیزم لە ئەنجامی جێکەوتنی ترس و تۆقین دەرکەوتن[2]. هەروەها بە باوەڕی **ئارێنت** مۆدێرنە، سەردەمێکە تێیدا مێژوو وەک پرۆسەیەکی سروشتی بووەتە جێگرەوەی مێژوو وەک کارێکی ئاوێتە لە کار و ڕوداوەکان، هاوشێوەیی و لێکچوون جێگەی فرەیی و ئازادیان گرتۆتەوە، گۆشەگیری و تەنهاییش هاوپشتی مرۆیی و تێکڕای فۆرمە خۆڕسکەکانی ژیانی بە کۆمەڵی دارزاندووە؛ مۆدێرنە سەردەمێکە کە ڕابردوو چیتر هیچ جۆرە یەقینێکی هەڵسەنگاندنی لەخۆیدا هەڵنەگرتووە. ئەمە تێڕوانینی **ئارێنت** بوو بۆ

---

[*] دەستەواژەی پانتای گشتی یان بواری گشتی دەکرێت لە بەرامبەری دەستەواژەی ئینگلیزی (Public sphere) و دەستەواژەی عەرەبی (**المجال العام** أو **الفضاء العموومي**) بەکار بهێنرێت. ئەم دەستەواژەیە دەکرێت ڕەهەندێکی فیزیکی لەخۆبگرێت وەک (**شەقام، گەرەک**)، یان دەکرێت ڕەهەندێکی دامەزراوەیی نیشانبدات وەک (**قوتابخانە، زانکۆ، مزگەوت، پەرلەمان،...**)، هەروەها دەکرێت ڕەهەنێکی پەیوەندیکاریش وەربگرێت وەک (**گۆڕەپان، کۆڕبەند، تۆڕەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان** و **ئەنتەرنێت، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ** و **ڕۆژنانە**). لە هەر یەک لەمانەشدا پانتایی گشتی بەندە بە سێ مەرجی سەرەکی، ئەوانیش: (**ناوبژی**- Mediation، **پەیوەندیکردن**- Communication، **بەشداریکردن**- Participation). کەواتە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە پانتای گشتی هەم ڕەگەزێکی بەرجەستەی هەیە، هەم ڕەگەزێکی شیمانەیی هەیە، کە لە هەردوو بارەکەدا لەسەر ئاستی بەشداری و چۆنیەتی پەیوەندی و ناوبژی ئەو تاکانە وەستاوە کەم هەم دروستکەر، و هەم بکەری سەرکین تێیدا، کە بەشیوەیەکی کراوە لەبەردەم هەمووواندا ئامادەیی هەیە. ئەم چەمکە لەناو هزری ڕۆشنگەریدا دەرکەوت، بە دیاریکراویش لەگەڵ **کانت** دا، کە فەلسەفەکەی بە چەمکی ڕەخنە جیادەکرێتەوە، کە تێیدا جەخت لەسەر جیاوازی لەنێوان بەکارهێنانی گشی و تایبەتی ئەقڵ دەکاتەوە، بەکارهێنانی گشتی بە سنووردار و بەکارهێنانی تایبەتی بۆ هەمووان بە کراوە دەزانێ. ئەم دامەزراندنە **کانت**ییە، دەستپێکێکی بەرجەستە کرد بۆ پێداچوونەوەی **هیگڵ**ی لە بواری فەلسەفەی ڕاستی و مێژوو، پاڵنەری ڕەخنەی **مارکسی** بۆ وتەزاکانی دەوڵەتی بۆرژوازی و گوتاری ئایدۆلۆجی و مافەکانی مرۆڤ..هتد. هەر لەسەر ئەوە ئەوەی فەیلەسوفی ئەڵمانی (**یۆرگن هابرماس**- Habermas Jurgen/ ١٩٢٩- )، پێی هەستا لەبارەی گفتوگۆ و پێداچوونەوەی ڕەخنە وەک توێژینەوەیەکی ئارکیۆلۆجی لە چەمکی گشتی لە چەندین بواردا. وەک (**د. ئەنوەر محمد فەرەج**) لە توێژینەوەیەکی دا بەناوی (**دور المجال العام في ترسيخ الحكم الرشيد**) ئاماژە بەوە دەکات، کە چەمکی پانتایی گشتی ئاماژەی هەمەجۆری هەڵگرتووە لە بواری فەلسەفە و زانستی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام خاڵی دەسپێک بۆ گفتوگۆکردنی ئەم چەمکە لەگەڵ **هابرماس** دەستپێدەکات، لە میانەی دیاریکردنی چەمکی پانتایی گشتی لە فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخدا. کارەکانی **هابرماس** و پرۆژەی فەلسەفە سیاسییەکەی بەڵگەن بۆ بەرهەمەکانی ناوبراو لەبارەی (**ئەقڵانیەتی پەیوەندیکاری**) و (**ئاکاری گفتوگۆ**) و (**دیموکراسی ڕاوێژکاری**). هەروەها (**رشيد العلوي**)، توێژەری مەغریبی لە توێژینەوەیەکیدا دربارەی پانتایی گشتی، پێیوایە بیرکردنەوە لە چەمکی پانتایی گشتی، بیرکردنەوەیە لە هەلومەرجی مرۆڤی مۆدێرن لەبارەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و وەرچەرخانە مێژوویەکانی؛ واتە هەوڵێکە بۆ: ١- ئاوێتەبوونی تاک لەگەڵ کۆمەڵگەدا. ٢- بەشداریکردنی هاوڵاتی لە ژیانی گشتی و سیاسیدا. ٣- هاوبەشیکردنی تاک لە بەهێزکردنی دیموکراسی و گوزەری دەسەڵاتی سیاسی. ئەمانەش ئەو ڕەگەزە سەرەکیانەن کە **هابرماس** کاری لەسەر کردوون. بڕوانە: (ناودار زیاد، کاریگەرییە سیاسییەکانی پانتایی گشتی لە ڕوانگەی (یۆرگن هابرماس)ـەوە، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل ل٢٥-٢٦، ٣٣) و (جلول مقورة، الفعل التواصلي عند هابرماس بين التنظير الفلسفي والتطبيق السياسي، بيسان للنشر، بيروت- لبنان، ٢٠١٥، ص ص١٤١، ١٤٢) و (د. أنور محمد فرج محمود، دور المجال العام في ترسيخ الحكم الرشيد، مجلة جامعة التنمية البشرية- المجلد٣، العدد ١، السليمانية أذار ٢٠١٧، ص٧٢) و (رشيد العلوي، الفضاء العمومي من هابرماس إلى نانسي فريزر، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات والأبحاث، الرباط- المملكة المغريبية، ٨/ نوفمبر/ ٢٠١٤، متاح على الرابط الآتية https://mominoun.com/pdf1/2014-11/545e02a2d35592087784350.pdf.).

[1] ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤێسی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

[2] کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٨٤-٨٥.

مۆدێرنە، تیرۆرانینێک کە لە نیگای یەکەمدا بەتەواوی تاڵ و نائومێدانە دەردەکەوێت[1]. لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێین: ئەم هەڵسەنگاندنە نەرێنیانەی **ئارێنت** بۆ مۆدێرنە، ڕەنگە ئاکامی ئەزموونی خۆی بێ لەهەمبەر تۆتالیتاریزمی سەدەی بیستەم بێت، کە چەند ڕوانگەیەک بەدەستەوە دەدات، کە دەتوانن بۆ لێکدانەوەی ژمارەیەک لایەن لە درێژەی توێژینەوەکەمان یارمەتیمان بدەن. هەروەها **ئارێنت** لە نووسینە سیاسییەکانیدا و بە تایبەت لە (**بنەماکانی تۆتالیتاریزم**)دا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، دیاردەی تۆتالیتاریزم بەردەوامێتی مێژووی ڕۆژئاوای پچڕاندووە و زۆربەی کاتیگۆریە ئاکاری و سیاسییەکانی ئێمەی بێ واتا کردووە؛ دوای ڕوداوە تراژیدییەکانی سەدەی بیستەم و سەرکەوتنی بزاڤە تۆتالیتارییەکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، ناتوانرێت ئەم پچڕان و دابڕانە لە نەریتی ئێمەدا بسڕدرێتەوە. کاتێک ڕووبەڕووی ڕووداوە تراژیدییەکانی وەک هۆلۆکۆست و گۆلاک (**کەمپی کاری زۆرەملێی ستالین**) دەبینەوە، ئیتر ئێمە ناتوانین بۆ چەمک و بەها نەریتییەکان بگەڕێینەوە، تاوەکو لە ڕێگەیانەوە ڕوداوی بێ پێشینە لە ڕێگەی پێشینەکانەوە ڕوون بکەینەوە یان کارێکی نەکراو بە کارێکی ئەنجامدراو پێناسە بکەین[2].

لێرەدا وا دەردەکەوێت، ڕەنگە مەبەستی **ئارێنت** دیاردەی تۆتالیتاریزم بێت کە دیاردەیەکە پێشینەیەکی مێژوویی قوڵی نەبێت، بەڵکو دەیەوێت پێمان بڵێت: بەرهەمی مۆدێرنەیە. بەگشتی **ئارێنت** دوو قۆناغی سەرەکی بۆ دەرکەوتنی مۆدێرنە و لێکەوتەکانی دیاری دەکات: **قۆناغی یەکەم**: لە سەدەی شازدە تا سەدەی نۆزدە درێژدەبێتەوە، و یەکسانە بە (**نامۆبوون- Alienation**[*]) لە جیهان و دەرکەوتنی کاری کۆمەڵایەتی. نامۆبوون لە جیهان ئاماژەیە بۆ لەدەستدانی جیهانی ئەزموون و کار، کە بەهۆیەوە خودناسی و تێگەیشتن لە ڕاستی لە هزرماندا بونیاد دەنێین؛ لەکاتێدا دەرکەوتنی کاری کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ پەرەسەندنی ئابووری بازاڕ لە مۆدێرنەی سەرەتاوە و پاشەکەوتی دارایی و سەرمایەی کۆمەڵایەتی. **قۆناغی دووەم**: لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەست پێدەکات و یەکسانە بە نامۆبوون لە زەوی و سەرکەوتنی ئاژەڵی ڕەنجدەر[3]. نامۆبوون لە زەوی ئاماژەیە بۆ هەوڵی تێپەڕاندنی سنوورەکانی زەوی، زانست و تەکنەلۆجیای مۆدێرن گۆڕوتینی ئەوەیان پێداوین بگەڕێین بەدوای ڕێگاکانی سەرکەوتن بەسەر ئەو دۆخەدا کە لەسەر زەوی لە ئارادایە، بۆ ئەمەش لە بۆشایی ئاسماندا دەگەڕێین. هەروەها بە باوەڕی **ئارێنت** لەگەڵ دەرکەوتنی کاری کۆمەڵایەتی بەو فراوانییە، هەموو شتەکان بوون بە ئۆبژە (Object)ی بەرهەم و بەکاربردن، و گۆڕاون بۆ کاسبی و ئاڵوگۆڕ، لەبەرئەوە ئەم فروانبوونە بەردەوامەی سەرمایە، بووە هۆی کاڵبوونەوەی جیاکاری نێوان کاری تایبەتی و کاری گشتی. بەمەش بەهاکانی جیهانی کاری داهێنەرانە، ئاخاوتن، ئازادی و فرەیی لە بەرژەوەندی بەهاکانی بژێوی و بەرهەمهێنان دەبنە قوربانی[4].

هەروەها **ئارێنت** چەند هۆکارێک بۆ ئەو ڕووداوانە دیاری دەکات: وەک دۆزینەوەی ئەمریکا و هاوتا لەگەڵ ئەویشدا بچووک بوونەوەی زەوی، شەپۆلەکانی زەوتکردنی خاوەنداریتی، کە بە درێژایی بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی دەستیپێکرد، داهێنانی تەلسکۆب کە کارایی هەستەکانی تێپەڕاند، دەرکەوتنی زانست و فەلسەفەی مۆدێرن و دواتر دەرکەوتنی تێگەیشتنێک لە مرۆڤ وەک بەشێک لە پرۆسەی

---

[1] ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ل١٩-٢٠.

[*] (**نامۆبوون- Alienation**)، لە ڕووی فەلسەفی و هزرییەوە، نامۆبوون چەمکێکی فەلسەفی فراوانە و زیاتر لە ڕێبازێکی فەلسەفی، وەک چەمکێکی سەرەکی کاریان لەسەر کردووە و بەکارهێنراوە؛ نامۆبوون لە واتا فەلسەفییەکەیدا بەواتای (**لەخۆدەرچوون** و **ونکردنی خود**) بەکارهاتووە، و ڕەهەندەکانی لە ڕووی فەلسەفییەوە چەند بوارێک لەخۆدەگرێت، ئەوانیش: (**کۆمەڵایەتی، بەها، میتافیزیک**). لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیدا ئاماژە بۆ ململانێی مرۆڤ لەگەڵ هێزە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیدا کراوە، کە دەکرێت لە فۆرمی سیاسی، ئەدەبی، کولتوری و ڕۆشنبیریدا دەربکەون. بەڵام لە ڕەهەندی بەهادا بابەتەکە هاتۆتە سەر ململانێی تاک و پەنابردنە بەر جیهانی خەیاڵ لە بری جیهانی واقیعی؛ لێرەدا بەهای مرۆڤ بەهۆی ڕاکردن بۆ جیهانی خەیاڵ، بەرەوڕووی نامۆبوون دەبێتەوە و دەستەمۆیی و هەڵاتن دەبنە بەشێک لەو بەهایە. ڕەهەندی سێیەم لە نامۆبوون، واتا ڕەهەندی میتافیزیک و سەروو سروشتییە، ئەمیش ئەو کاتە دەبێتە بابەتێکی بەرجەستەکراو، کە مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی لە سنوورەکانی سروشت تێپەڕ دەبێت و چاوی ئومێدەکان دەبڕێتە جیهانی سەروو سروشت. بڕوانە: (سەلام مارف، نامۆبوونی ئایینی، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپخانەی تاران، سلێمانی، ٢٠١٦، ل ل١٧٥-١٧٦).

[3] کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦.

[4] ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٤-٢٥.

سروشتی و مێژوویی و فراوانکردنی سنووری ئابووری و بەرهەم و کەڵەکەبوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی(1).

دوای ئەو قۆناغ بەندییە **ئارێنت** ئارگۆمێنت بۆ ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەو قۆناغانە دێنێتەوە، کە باوەڕی وایە، کولتوری مۆدێرن تەنیا بەشێکی بچووکە لە گشتێکی ئاڵۆز و گشتگیر، و نەریتی تێهزرینی سیاسی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی سنووردار کردنەوەی ئەزموونی مرۆیی و لەبیرکردنی ئەزموونەکانی ڕابردووی شاراوەی ناو زمان؛ نەریتی فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوا هەر لە دەسپێکییەوە بەهۆی بیرکردنەوەی ئەبستراکت (Abstract Thinking) و فەلسەفەخوازی ئاوڕی لە یەکێک لە سەرەکیترین ئەزموونەکانی مرۆڤ، واتە ئەزموونی سیاسی نەداوەتەوە، لە ئەنجامدا جیهانی سیاسەت وەک جیهانێکی ناڕەسەن ناسرا، کە ڕەنگە تەنها لەژێر تیشکی جیهانی ڕەسەنی ئایدیا و ماهییەتەکانەوە واتای هەبێ. بۆیە **ئارێنت** پێیوایە مرۆڤ لە خۆی دورخراوەتەوە، بۆ نموونە: ئازادی بە واتای کردەی ئازادی تاک لە ژیانی گشتی و لەناو هاوچەشنەکانی خۆیدا کە بەرهەمی ئەزموونی یۆنانە، جێگەی خۆی داوە بە ئازادییەک کە واتاکەی پاشەکشەی تاکە بۆ ناو پانتایی تایبەتی و تاکەکەسی ژیان(2).

کەواتە، ئەوەی تێبینی دەکرێت، مەبەستی **ئارێنت** لە لەدەستدانی جیهان بەواتای لەدەستدانی نیشتمان نییە، بەڵکو واتای لەدەستدانی پانتایی کردەی مرۆڤ و نواندن و خۆدەرختنی مرۆڤە لەسەر فراوانبوونی پانتایی تایبەتی مرۆڤ، کە پەیوەستە بە کاروباری تایبەتی مرۆڤ نەک کاروباری گشتی، و وای کردووە مرۆڤ لە سیاسەت ڕابکات. هەروەها **ئارێنت** جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی دەرکەوتنی ئەو بوارە کۆمەڵاتییەی کە نە تایبەتە و نە گشتییە بە واتای وشە، واتە بەهۆی هەژموونی بواری تایبەتی بەسەر بواری گشتیدا، دیاردەیەکی نوێیە و تاڕادەیەک ڕەگەکانی لەگەڵ دەرکەوتنی سەردەمی مۆدێرنە هاوڕێک بووە، کە لە فۆڕمی سیاسی دەوڵەت- نەتەوەدا دەرکەوتووە. وەک **ئارێنت** ئاماژەی بۆ دەکات، لە وێناکردنی ئێمەدا سنووری جیاکەرەوە لە نێوان پانتایی تایبەت و گشتی دیار نەماوە و لەبەین چووە، لەبەرئەوەی گەل و کۆمەڵگە سیاسییەکان وەک خێزان دێنینە بەرچاو، کە کاروباری ڕۆژانەیان دەوەستێتە سەر چێژی خۆبەڕێوەبردن، لەبەرئەوە مەزنی و گەورەیی ماڵ و خێزان کە هاوشانی ئەو پەرەسەندنە بوو، زانستێکی سیاسی نییە، بەڵکو ئابوری نەتەوەییە، یان ئابووری کۆمەڵایەتی یاخود باش ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە. هەر ئەو باش ڕێکخستنەیە کە ئێمە ناوی دەنێین "کۆمەڵگە" ئەو کۆمەڵگەیەی کۆمەڵێک خێزانی ڕێکخراو لە ڕووی ئابووریەوە شێوەی ئەو ڕێکخستنە سیاسییەی پێکهێناوە، کە پێی دەڵێین "نەتەوە- Nation" ئەمەش پێچەوانەی هزری سیاسی کۆنە کە لەسەر جیاکردنەوەی پانتایی تایبەت و گشتی وەستابوو(3). کەواتە، ئەوەی **ئارێنت** دەیەوێ پێمان بڵێ ئەوەیە، کە مۆدێرنە زاڵبوونی کایەی ئابووری و کۆمەڵایەتییە بەسەر مەیدانی سیاسی و مەدەنی، و نامۆبوونە لە بەها سیاسییە دێرینەکانی سەردەمی کۆن، لە شێوەی بێژەکانی ژیانی تایبەت و ژیانی گشتی، کە دواجار دەبێتە مایەی لەدەستدانی جیهانی ڕەسەنی ئازادی سیاسی مرۆڤ.

**ئارێنت** بۆ زیاتر ڕوون بوونەوەی تێزی خۆی لەبارەی ئاکامی نامۆبوونی مرۆڤ لە جیهانی خۆی، خاوەندارێتی و سەروەت و سامان لێک جیا دەکاتەوە، ئەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە کاتێک لە سەدەی شازدە و حەڤدە پاڵدانەوەی مرۆڤ بە جیهانی خۆی، واتا بە خاوەندارێتی خۆی و هەروەها بە ناسینی خۆی لە جیهاندا، لە ئەنجامی گۆڕانکارییە جۆربەجۆرەکاندا لەرزۆک بوو. هاوکات لەگەڵ گۆڕانی خاوەندارێتی سەقامگرتوو بۆ سەرمایەی سەرگەردان پێگەی سەقامگیری مرۆڤ لە جیهاندا کەوتە هەژین. لەو ڕووەوە **ئارێنت** دەڵێت: "خاوەندارێتی گەرەنتی ئازادی بوو، بەڵام سەروەت و سامان دیاردەیەکی نوێ بوون کە لە سەدەی شازدەهەمدا سەریان هەڵدا و بریتین لە فرەیی کاڵای بەرهەمهێنان؛ خاوەندارێتی سەر بە جیهانی کاری داهێنەرە، بەڵام سەروەت و سامان وتەزایەکی پێوەندیدار بە جیهانی هەوڵدانە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان، پێویستی و سروشت. لەبەرئەوە پەرەسەندنی ئابووری بە واتای ئەمڕۆکەشی هەوڵدان بۆ دابینکردنی بژێوی، ژیانی کردۆتە جێگری کاری داهێنەر و کردەی سیاسی و زۆرتر و زۆرتر مرۆڤی بێ جیهان و

---

(1) هەمان سەرچاوە، ل ل٢٥-٢٦.

(2) د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٦٢-١٦٣.

(3) Hannah Arendt, The Human Condition, Library of Congress Cataloging-publication Data, The University of Chicago press, 2nd ed, Chicago & London, 1998, p p. 28-29.

بێ سیاسەت کردووە، بە شێوەیەک بەرهەمهێنان، بەکارهێنان، خۆشگوزەرانی و فرە کاڵایی بوونەتە بەها و بایەخە باڵادەستەکانی جیهانی مۆدێرن، ئەمەش واتای گەڕانەوە بۆ دواوەی جیهانە، کە جیهانی مۆدێرن بۆتە جیهانی کرێکاران"[1].

هەروەها یەکێکی تر لەو مەترسسییە گەورانەی **ئارێنت** لە دنیای مۆدێرنە نیشانی دەدات، ئەوەیە جیهانی مۆدێرن جیهانێکە دابەش کراوە بۆ چەندان "ماڵ" و نیشتمانی نەتەوەیی" بەڕادەیەک، لە دەرەوەی ئەو نیشتمانە نەتەوەییانەدا، شتێک بەناوی جیهانەوە نەماوە، لەبەرئەوە دەرکردن لە یەکێک لەو نیشتمانانە، واتای دەرکردنە لە جیهان خۆی. ئەمەش لە دیدی **ئارێنت دا** واتای ئەوەیە مرۆڤ لە دنیای مۆدێرنەدا، سروشتی مرۆڤبوونی لەدەست داوە و بووە بە ئەندامی ناو ئەم یان ئەو یەکەی سیاسی کە "نیشتمانە نەتەوەیەکەیە" ئەمەش تەنها یەک واتای هەیە؛ شوناسی سیاسی مرۆڤ وەک ئەندامی ئەم یان ئەو نەتەوە، کۆتایی بە شوناسی سروشتی مرۆڤ وەک مرۆڤ هێناوە. واتە مافی هەبوونی ماف، وەک **ئارێنت** لە کۆتایی کتێبی (**بنەماکانی تۆتالیتاریزم**)دا باسی دەکات، واتای ئەوەی مرۆڤ لە چوارچێوەیەکدا بژی، تێیدا لەسەر بنەمای کردە و بۆچوونەکانی داوەری بکرێت، نەک لەسەر بنەمای ئەندام بوون یان نەبوون لەم یان لەو گرووپی ئێتنی و ئایینی و نەتەوەیدا، بەڵام هاوکات واتای ئەوەشە کە مرۆڤ مافی ئەوەی هەبێت سەر بە گرووپ و کۆمەڵەیەکی ڕێکخراو بێت[2]. کەواتە، بەم پێیەش بێت ڕەنگە تاڕادەیەکی زۆر دەوڵەتی نەتەوەیی، وەک جوگرافیایەکی سیاسی سەرکەوتوو نەبووە، لەوەی مرۆڤ وەک کائینێکی خاوەن ماف ببینێ، بەبێ لەبەرچاو گرتنی جیاوازییە ئێتنی، نەتەوە و ئایینییەکان، واتە جگە لە نەتەوەی باڵادەست چەندان پێکهاتەی جیاوازی ئێتنی و نەتەوەیی و ئاینی لە سنووری یەک دەوڵەتدا دەژین، کە خاوەن هەمان ماف و هەمان شوناس نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا واتای ئەوە دەگەیەنێ کە **ئارێنت** هیوا بڕاو نییە بەوەی دەکرێت لەچوارچێوەی ئەو یەکە سیاسییەی ناوی دەوڵەتی نەتەوەییە دوور لە هەر ئاوارتە و جیاکارییەک مرۆڤ خاوەن هەمان ماف بێت. هەر ئەمەشە کە **ئارێنت** وێڕای ڕوانینێکی نەرێنی بەرامبەر مۆدێرنە، بەڵام ڕوانینێکی تا ڕادەیەک ئەرێنیشی هەیە، کە لە لقی دووەمدا شیکاری ئەو تێڕوانینە دەکەین.

## لقی دووەم: بەدەستهێنانەوەی توانا لەدەستچووەکانی ڕابردوو

**ئارێنت** چەند پێشنیارێکی ڕۆشنگەرانە لەبارەی کۆمەڵێک تواناوە دردەبڕێت کە بەهۆیانەوە هێشتاش سەردەمی مۆدێرنە دەتوانێت تیشک بخاتە سەر کۆمەڵێک پرسیاری پەیوەندیدار بە واتا و شوناس و بەهاوە[3]. ئەو باوەڕی وایە پێویستە لەگەڵ فشاری ڕۆژگاری خۆمان بێ یارمەتی خواستن لە نەریت ڕووبەڕوو ببینەوە، واتە چەمک و پێوەرە میراتییەکانی ئێمە بۆ حوکمدان، کە لەژێر کاریگەری ڕوداوە سیاسییەکان هەڵوەشاوەن و ئەرکی ئێستاشمان ئەوەیە کە لەدەرەوەی چوارچێوەی هەر نەریتێک، سەر لەنوێ واتای ڕابردوو دروستبکەینەوە، چونکە هیچ یەکێک لەوانە قورسایی خۆیان نەماوە. کەواتە ئەوە ڕابردووە نەک نەریت، کە **ئارێنت** هەوڵدەدات لە داڕمانی سەردەمی ئاگایی مۆدێرن بپارێزێت؛ ئەویش تەنیا لە ڕێگەی دووبارە بەدەست بەسەرداگرتنەوەی ڕابردوودا[4].

**ئارێنت** ڕای وایە، دەکرێت هیوامان بە گێڕانەوەی واتا بۆ زەمەنی ئێستا هەبێت و ئومێدەواری تیشک خستنە سەر دۆخی هاوچەرخ بین، **ئارێنت** لەو ستراتیجەیدا کە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیوەندی بە ڕابردووەوە بەکاری هێنا، قەرزاری (**والتەر بنیامین**- walter Benjamin/ **١٨٩٢-١٩٤٠**) و (**مارتن هایدیگەر**-Martin Heidegger/ **١٨٨٩-١٩٧٦**)ە، **ئارێنت** لە **بنیامین** ئایدیای نووسینەوەی بڕگەیی مێژوو (Fragmentary historiography)ی وەرگرت، کە هەوڵی دیاریکردنی قۆناغەکانی دابڕان، شوێنگۆڕکێ و پشێوی مێژوویی دەدات؛ ئەم جۆرە مێژوو نووسییە بڕگەییە، تاک بەرەو بەدەستهێنانەوەی

---

[1] وەرگیراوە لە: د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤.
[2] مەریوان وریا قانع، مرۆڤ و کەرامەت، دەزگا و چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٦، ل ل١٧٠-١٧١.
[3] ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤێسی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.
[4] Hannah Arendt, Men in Dark Times, Harcourt Brace, New York, 1968, p p. 200-201.

توانا لەدەستچووەکانی ڕابردوی دەبات، بەو ئومێدەی ئەوانە لە زەمەنی ئێستادا بکرێ بە کردار. هەروەها **ئارێنت** لە **هایدیگەر**ەوە ئایدیای ڕانانی تێکشکاندنی بنەما نەریتییەکانی فەلسەفەی ڕۆژئاوای وەرگرت، ڕانانێک، کە هەوڵی ئاشکراکردنی واتای ڕەسەنی کاتیگۆرییەکانی ئێمە و ئازادکردنی ئەوان لە چین و توێژە بەلاڕێدابەرەکانی نەریتەکەدایە. ئەم جۆرە تێکشکێنەرەی بنەماکان توانای ئەوە بە ئێمە دەدات، کە ئەو ئەزموونە یان (دیاردە) سەرەتاییانەی کە نەریتی فەلسەفی دایخستوون یان فەرامۆشی کردوون، بەدەستیان بێنینەوە و لەم ڕێگەیەوە ڕەگ و ڕیشەی چەمک و کاتیگۆرییە فەلسەفییە بزربووەکانمان سەرلەنوێ بدۆزینەوە[1]. **ئارێنت** بە پشت بەستن بەم دوو ستراتیجە ئومێدەوارە لە ڕابردووەوە گەنجینەی فەرامۆشکراو یان بزربوو بەدەست بێنێتەوە، واتە چەند بەشێکی ڕابردوو کە هێشتا دەتوانن بۆ ئێمە گرنگ بن. بە بۆچوونی **ئارێنت**، دوای لێکهەڵوەشاندنی نەریت، ئیتر زیندوکردنەوە و ڕزگارکردنی تەواوی ڕابردوو شیان نییە، بەڵکو ئەرکی ئێمە ئەوەیە ئەو ڕەگەزانەی پێکهاتەکانی ڕابردوو لە فەرامۆشی ڕزگار بکەین کە هێشتا دەتوانن هەلومەرجی ئێمە ڕوون بکەنەوە؛ دووبارە بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ڕابردوو تاقیکردنەوەیەکی دێریناسیانە نییە، بەپێچەوانەوە بەبێ گەڕانەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ ڕابردوو، ئاسۆی زەمەنی ئێمە لەیەک هەڵدەوەشێت، ئەزموونی ئێمە لەرزۆک و شوناسی ئێمە لاوازتر دەبێت و تێکدەشکێت. کەواتە بە بۆچوونی **ئارێنت** پێویستە لە ڕابردووەوە ئەو ساتانە زیندوو بکەینەوە، کە شایانی پاراستنن و ئەو بەشەی گەنجینەی ڕابردوو ڕزگار بکەین کە بۆ ئێمە گرنگە، تەنیا لە ڕێگەی ئەم گەڕانەوە ڕەخنەییەوە دەتوانین سەرلەنوێ ڕابردوو بدۆزینەوە و لەگەڵ زەمەنی ئێستادا بیخەینە پەیوەندییەوە و واتای پێ ببەخشین، پاشان بیگۆڕین بۆ سەرچاوەی ئیلهام بۆ داهاتوو[2].

کەواتە، ئەوەی **ئارێنت** دەیەوێت ئەوەیە کە لە ڕێگەی میتۆدی ڕەخنەییەوە ڕۆبچێتە قوڵایی مێژوو، بەم پێیە نەک تەنیا نەریت تێک دەشکێنێ، بەڵکو واتای ئەوەش دەگەیەنێ کە مێژووش لێک هەڵدەوەشێنێ، مێژوو دەپشکنێت و لێیەوە ئەو بڕگانە وەردەگرێت کە تاقیکراونەتەوە و ئەزموون کراون، واتە ئەو ساتە وەختە زێڕینە زیندوو ئەکاتەوە کە گوزارشت لە جەوهەربوونی مرۆڤ و کردە و تواناکانی مرۆڤ ئەکەن وەک بکەر و ئاژەڵی سیاسی. لێرەوە **ئارێنت** ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگر تێکشکاندنی نەریت لە جیهانی مۆدێرندا، شتێک نییە بە واتای تێکشاندنی ڕابردوو، چونکە ئەو پێیوایە نەریت و ڕابردوو هەمان شت نین، هەروەکو چۆن ئەوانەی کە لە یەک لایەنەوە باوەڕیان بە نەریت هەیە و ئەوانەی باوەڕیان بە پێشکەوتن هەیە هەمان شت نین، بەوپێیەی ئەوانەی یەکەم نیگەران دەبن بە تێکشکاندنی ئەو دۆخەی لە سایەی نەریتدا تێیدا ئاسوودە بوون، لەکاتێدا ئەوانەی دووەم دڵخۆشی خۆیان دەردەبڕن بە تێکشاندنی نەریت و لەبەین چوونی. لەبەرئەوە بە بۆچوونی **ئارێنت**، لەگەڵ تێکشاندنی نەریت، ئەو ڕەگ و ڕیشانەی کە بزرمان کردوون، بە دڵنیاوە ڕێنمایی ئێمە دەکەن بە ڕۆچوونە ناو پانتاییە مەزنەکانی ڕابردوو، بەمەش دەتوانین ڕابردوو بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو تازە بکەینەوە، و بەڕووی ئێمەدا بکرێتەوە و کۆمەڵێک شت بە ئێمە بڵێت، کە هێشتا هیچ کەسێک گوێ بیستی ئەوانە نەبووە. هەروەها **ئارێنت** ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، دەبێت ئەو مەترسییە لەبیر بکەین کە ئاسایشی چەندین سەدەی ئێمەی لەبەین بردووە، ئەوەش بەگەڕانەوە بۆ یادەوەرییەکانی ڕابردوو دەبێت[3]

کەواتە، تێکشکاندنی نەریت لە ڕاستیدا دەتوانێت هەلێکی گەورە برەخسێنێت بۆ تێڕوانین لە ڕابردوو، بەو چاوانەی هیچ نەریتێک بەلاڕێیدا نەبردوون؛ کە ڕاستەوخۆ، تەنانەت هەر لەو کاتەوەی کە دەسەڵات و سەرچاوەی هزری یۆنانی دراوەتە دەست شارستانێتی ڕۆمانی، لە خوێندنەوە و بیستنی ڕۆژئاوادا نەماوە. لەو ڕووەوە گەڕانەوەی **ئارێنت** بۆ ئەزموونی ڕەسەنی پۆلیس (Polis) دەوڵەت- شاری یۆنانی نیشاندەری هەوڵێکە بۆ تێکشکاندنی زنجیرە نەریتییە داڕزاوەکان و دۆزینەوەی دووبارەی ئەو ڕابردووەی ئیتر نەریت هیچ بانگەشەیەکیان بۆ ناکات؛ **ئارێنت** لە بەرامبەر نەریتدا، پێوەری ڕەسەنایەتی دادەنێت و لەبەرامبەر ئەوەی دەسەڵات و لێڤەگەڕ **(مرجع)** هەیەتی، شتێک دادەنێت کە لە پەراوێزی مێژوودا فەرامۆش و شاراوە

---

[1] ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢١-٢٢.
[2] هەمان سەرچاوە، ل ل٢٢-٢٣.
[3] Hannah Arendt, Between past and future (Six Exercises in political thought), The Viking press, New York, 1961, p p. 93-94.

یان دەرکراون. ڕابردوو تەنیا بە کارکردن دژی ئاراستەی نەریتگەراکان و بانگەشەی مێژوونووسە باوەکان، دەتوانێت دووبارە ببێتەوە بە شتێکی واتادار و سەرچاوەیەکی ڕۆشنگەرانە بۆ زەمەنی ئێستا دابین بکات و گەنجینەی خۆی پێشکەشی ئەو کەسانە بکات کە بە هێزی نوێ و کاری پارێزەرانەی بیرهێنانەوەوە، بەدوایدا دەگەڕێن[1].

لەم سۆنگەیەوە بە بۆچوونی **ئارێنت** هەنووکەش بواری کردەی ئازادی سیاسی هەیە، بەڵام یەک لە پێداویستییەکانی هاتنە ئارای پانتاییەکی گشتییە، کە لە کۆمەڵگەی مۆدێرنەدا بەرەو نەمانە، هۆکاری سەرهەڵدانی سیاسەت لە کۆنەوە، لە سەردەمی یۆنانییەکاندا، دابین کردنی پانتایی گشتی بووە بۆ کردەی ئازاد، لەبەرئەوە بەڕای ئەو ئێستاش دەکرێت تیشک بخرێتە سەر ئەو توانا لە دەستچووە و پانتایی گشتی لە هێرشی ئابووری و بژێوی ڕزگار بکرێت و ببێتەوە بە گۆڕەپانی کردەی ئازاد و دەسپێکی نوێ[2]. کەواتە، **ئارێنت** نایەوێت هاوشێوەی نەریتگەراکان و نووسەرە مێژووییەکان نەریت و بونیادەکانیان وەک بەرهەمی مێژوو پیرۆز نیشان بدات، کە ئێمە نەوێرین دەستی لێبدەین، نەوێرین ئەو دیاردانەی لە نموونەی تۆتالیتاریزم هەڕەشە لە ژیان و ئاسایش و ئازادیمان دەکەن لە گەرانمان بەناو مێژوو لە بۆتەی خۆیان دەریان بێنین و سحرەکەیان بەتاڵ بکەینەوە، بەڵکو ئەو دەیەوێ لە ڕێگەی ڕابردووەوە بەگژ فشارەکانی مۆدێرنەدا بچینەوە، لە ڕێگەی گەڕان بۆ بەهاکانی دەوڵەت- شاری یۆنان و ڕۆمانی کۆندا، واتا بە ژیانی سیاسی و ئازادییەکانی مرۆڤ بدەین. کەوابوو لەمەو دوا بۆ هەر باسیک و چەمکێکی **ئارێنت** ناچار دەبین پێیەیەکمان هەر لەناو دەوڵەت- شاری یۆنان و ڕۆمانی کۆن بێت، بۆ ئەوەی بتوانین پەی بە تێگەیشتنی **ئارێنت** و واتای چەمکەکانی ببەین، کە پێیوایە نەریتی ڕۆژئاوا فەرامۆشی کردوون، و دەکرێت زیندووبکرێنەوە بەتایبەت بەهاکانی پانتایی گشتی لە کردەی ئازاددا لەبەرامبەر هەژموونی پانتایی تایبەتدا.

## داخوازی دووەم

## ڕوانگەی ئارێنت بۆ تۆتالیتاریزم و مەودای ئازادی تێیدا

پێشتر ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ناوەڕۆکی هزری سیاسی **ئارێنت** لەهەمبەر ژیانی سیاسی و ئەزموون و تواناکانی مرۆڤ وەستاوە، هاوکات تۆتالیتاریزمیشی بە یەکێک لە دیاردەکانی مۆدێرنە دەستنیشان کردووە؛ ئەوەی لەو تەوەرەیەدا گرنگە و مەبەستی سەرەکی لێتوێژینەوەیە، مەودا و ڕەوشی ئازادییە لە سایەی بزاوت و ڕژێمی تۆتالیتاریدا، بەڵام ئایا دەکرێت بەئاسانی لەو مەودا ڕاستەقینەی ئازادی تێبگەین و ڕایەڵە بنەڕەتی و بەربەستەکانی بخەینەڕوو بەبێ ئەوەی چەمکی تۆتالیتاریزم بناسێنین؟ و لە چەند هێڵێکی گشتیدا، و بەتایبەت لەلای **ئارێنت** بنەما و تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی نیشان بدەین؟ لەبەرئەوە ئەم داخوازییە دابەش دەکەین بۆ دوو لق؛ لە لقی یەکەم، چەمک و بنەماکانی تۆتالیتاریزم بەگشتی شیدەکەینەوە، و لقی دووەمیش، تەرخان دەکەین بۆ ڕوانگەی **ئارێنت** لەمەڕ تۆتالیتاریزم و مەودای ئازادی تێیدا.

### لقی یەکەم: چەمک و بنەماکانی تۆتالیتاریزم

### یەکەم: چەمکی تۆتالیتاریزم

لە ڕووی زمانەوانییەوە؛ ڕەچەڵەک و بنچینەی وشەی تۆتالیتاریزم دەگەڕێتەوە بۆ وشەی لاتینی (Totlitas)، کە بە واتای هەموو (**كلّ**) یان تەواوی (**الإمتلاء**) دێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (Totalitarism)، بە واتای داگیرکردن (**الإحاطة**) یان گشتگیر یاخود داپۆشین (**الشمول**) یان دەورەدان

---

[1] ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤێسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٣-٢٤.
[2] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧.

**(الإحتـواء)** دێـت[1]. کەواتە چەمکـی تۆتالیتـاریزم بە گشـتی لە واتـای زمانەوانیدا، واتـای تەواوخـوازی و سەراپاگیری و پاوانخوازی و دەردەستکردنی تەواوی پانتاییەکانی ژیان و خودی مرۆڤ دەبەخشێت.

لە ڕووی زاراوەوەش؛ هەنـدێک سـەرەتای زاراوەی تۆتالیتـاریزم لە تیـۆری سیاسـیدا دەگێـڕنەوە بـۆ **(بێنیتۆ مۆسۆلینی-** Benito Mussolini/ ١٨٨٣- ١٩٤٥) سەرۆکی **(بزۆتنەوەی فاشیزمی ئیتالی**[*])، بەڵام ڕەگی مێژوویی دەگێڕنەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا کە بریتی بووە لە تۆتالیتاریزمی ئایینی لەژێـر ئایـدۆلۆجیای کڵێسـەی کاسـۆلیکیدا بـۆ بەرژەوەنـدی پاپاکـانی کاسـۆلیک[2]. بەڵام لە **(معجم العلوم الإنسانية)**دا هـاتووە، وشـەی تۆتالیتـاریزم هەنـدێک جـار لە شـێوەی گشـتگیر یـان گشـت بەکارهـاتووە بـۆ ئاماژەدان بە جۆرەکان **(أنماط)**ی فەرمانڕانی سیاسی نوێ لە سەدەی بیستەم، لەوانە: نـازیزم و کۆمۆنیزم، کە پـێچەوانەی دیموکراسـییە و جیـادەکرێتەوە بە دیکتـاتۆریەتی تـاک حزبـی، پـاوانکردن و دەسـت بەسـەرداگرتن **(إحتکـار-** Monopoly)ی هەمـوو ئامرازەکـانی دەسـەڵات **(ئایـدۆلۆجی** و **سـەربازی)**، ئامانجەکـانی تێکشـکان و لەبەینبردنـی تەواوی ڕێکخراوەکـانی تر و ئاوێتەکردنیـان بە سیستمێک کە تێیدا تەنها یەک حزب وەک تاکە ڕێکخراوێک بوونی هەیە و دەبێت سەرجەم چاڵاکییەکان لە چوارچێوەی ئەودا بن. هەروەها گوزارشتە لە ڕابەڕایەتیکردنی بزوتنەوەیەک لە پێناو دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی نوێ، بە وەلانـانی ڕۆڵـی دانیشـتوان تـا ئەوپەڕی، هەروەهـا چەمکـی تۆتالیتـاریز پێگەیەکـی هەیە لەنـاو زاراوەکـانی ئۆتۆکراتی یان دیکتاتۆری و باڵادەستی یان ستەمگەری و پاشایەتی یان سوڵتانی[3].

کەواتە ئەوەی لێـردا دەردەکەوێـت زاراوەی تۆتالیتـاریزم پێشینەیەکی ڕۆشـنی نییە، و بۆچـوون و ڕای جیـاواز لەبـارەی مێـژوو و تایبەتمەنـدییەکانی هەیە. لەبەرئەوە بە ڕای دکتـۆر **(شـاهۆ سـەعید)**، ناکرێـت تۆتالیتاریزم بە سادەیی پێناسەبکرێ و هەروا بخرێتە نێو ئەو پۆلێنکردنە دێرینەی هزری سیاسییەوە، کە ڕژێمەکان دابەشدەکات بەسـەر: ستەمگەری، ئۆتـۆکراتی **(فەرمـانڕانی ڕەهـا)**، دیکتـاتۆری، دیموکراسـی و پەرلەمانی ...هتد، چونکە ڕژێمی تۆتالیتار ڕژێمێکی فرەئەدگارە، پشتئەستوورە بە بەرهەمەکـانی زانسـتی مۆدێرن، هونەری **(بیرۆکراسی**[**])یەتی کارگێڕی، بەگەڕخستنی هۆکـانی ڕاگەیاندن، وروژانـدنی سـۆزی

---

[1] ماضي بسمة، سؤال الديمقراطية في فكر حنّه أرندت، رسالة الماجستير، غير منشورة، جامعة ٨ ماي قالمة- كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية- قسم الفلسفة، الجزائر، سنة دراسية ٢٠١٦- ٢٠١٧، ص٢٧.

[*] **(بـزۆتنەوەی فاشـیزمی ئیتـالی)**، فاشـیزم وەک زاراوە لە بنەڕەتـدا وشـەیەکی لاتینییە، واتـاکەی هێمـایە بـۆ چەپکێـک دەسـکەدار، کە لەسـەردەمی ڕۆمانییەکانـدا وەکـو هێمـایەک بـۆ دەسـەڵاتی پاشـاکان لەبەردەم دەسـەڵاتداران دادەنـرا؛ وەک بزوتنەوەش، لە ئان و ساتەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، وڵاتی ئیتالیا خۆی لەنێو دۆخێکی ئالۆزی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بینییەوە. لەبەرئەوە کۆمەڵێک هێزی نیشتمانی و ناڕازی لەو دۆخەدا لە ژێر ناوی **(فاشیزم-** Fascism)، بە ڕێبەرایەتـی ڕۆژنـامەنووس و کـۆنە سـەربازی وڵات **"مۆسـۆلینی"**، کەوتـنە جموجـۆڵ و لە سـاڵی (١٩١٩)دا دەسـتەیەکی فاشیست دامەزراند. ئەم دەستەیە ڕاستەوخۆ لەلایەن خودی **مۆسۆلینی** ڕێکدەخرا و ئاراستە دەکرا. دیارە ئامانجەکانی فاشیزم لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام دەکرێت چەند ئامانجێکی سەرەکی وەک ئەوەی **مۆسۆلینی** داپڕشتووە دیاری بکەین، لەوانە: (دەوڵەتێکی بەهێزی ئیتاڵی، وەستانەوە لە دژی کۆمۆنیزم، چەسپاندنی دەسەڵاتی تاک ڕابەڕ، ڕەتکردنەوەی فرەیی سیاسی و حزب، ڕەتکردنەوەی فەلسەفە و ئایدیا و ڕێبازە سیاسییەکانی تر و قەدەغەکردنی ڕۆژنامەگەری ئازاد و ئازادی بیروڕا). بەگشتی دەکرێت سێ جۆر فاشیزم دیاریبکرێت: فاشیزمی نەتەوەیی، فاشیزمی ئایینی و فاشیزمی نەتەوەیی- ئایینی. بڕوانە: (حەسەن بارام، دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە فاشیزم، لە کۆمەڵێک نووسەر، فاشیزم، و: کۆمەڵێک نوسەر، دەزگای ئایدیا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٨، ل ل١١-٣٨).

[2] د. سـالار باسیرە، تۆتالیتـاریزم لە سیستمی سیاسیدا، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (١)، دەزگای کەوانە، چاپخـانەی کـارۆ، بـێ شوێنی چاپ، تەموزی ٢٠١١، ل١٥٤.

[3] ماضي بسمة، مرجع سبق ذكره، ص٢٧.

[**] **(بیرۆکراسی)** چەمکی بیرۆکراسی لە وشەی بیرۆ لەگەڵ کراسی پێک دێت؛ بیرۆ کە لە زمانی فەڕەنسی بە واتە ئۆفیس دێت، کە گوزارشتە لە پانتاییەکی باڵا، و کراسی بە واتای دەسەڵات دێت، واتە ئەو کەسانەی لە بیرۆ خاوەن دەسەڵاتن و بەپێی ڕێنماییەکانی بیرۆ کار دەکەن؛ دیارە بیرۆ وەک هیچ شوێنێکی تر نییە، ئەو شوێنەیە کە کاروباری خەڵکی تێدا بەڕێوە دەبرێـت، بەم پێیە ئەو کەسـەی لە بیـرۆدا کـار دەکـات دەبـێ پەیوەنـدی لەگەڵ هەمـووان وەک یەک بێت، ئەمەش تەنهـا بەوە دەبێت کە بیـرۆ ببێتە جێگـایەکی بێلایەن و کەسـی نیشـتەجێ تێیدا ببێتـە کەسێکی بـێ پەیوەنـدی لەگەڵ ئەوانەی کە ئیشیان دەکەوێتە ئەو بیرۆیە. کۆمەڵناسی ئەڵمانی **(ماکس وێبەر-** Max Weber/ ١٨٦٤- ١٩٢٠) ئەمە ناو دەنێت عەقڵانییەت. بڕوانە: (د. سەردار عەزیز، حکومەت و سامانی سروشتی لە هەرێمی کوردستان، دار العربية للعلوم- ناشرون، بيروت- لبنان، ٢٠١٣، ل ل٣٠-٣١).

میللی، ئاراستەکردنی ئامرازەکانی بانگەشەی ئایدۆلۆجی و بە ئەفسانەکردنی کێشە سیاسییەکان..، هەروەها چۆن بەوردی کار لەسەر پاوانکردنی بواری ئابووری و پەروەردەیی و ڕوحیەتی مێژوویی و لۆجیکی زانستی و فەلسەفیش دەکات[1]. کەواتە، ئەو فرەئەدگاریەش وای کردووە زاراوەی تۆتالیتاریزم ببێتە مژاری دیبەیتی زۆرێک لە توێژەر و هزرمەندان، بە جۆرێک لە پێناسەکانیاندا تایبەتمەندی جۆراوجۆر خۆی بنوێنێ، لەوانە:

(**کارڵ فریدریش**- Carl Friedrich/ ١٩٠١- ١٩٨٤)، کە هزرمەندێکی سیاسی ئەمریکی بە ڕەگەز ئەڵمانیە، لە پێناسەی تۆتالیتاریزمدا شەش تایبەتمەندی دەخاتەڕوو، بەوەی پێیوایە تۆتالیتاریزم بریتییە لە: "بوونی ئایدۆلۆجیایەکی فەرمی کە سەرجەم بەشەکانی ژیانی کۆمەڵگا دادەپۆشێ، حزب یان گروپێکی سیاسی کە پەیڕەوی لە ئیرادەی تاکێک دەکا و ئایدۆلۆجیاکەی جێگیر دەکات، دەستبەسەرداگرتنی کۆمەڵگە لەلایەن دەزگایەکی پۆلیسی نهێنی تۆقێنەر، دەسەڵاتێک کە دەست بەسەر هەموو ڕێگاکانی پەیوەندیدا دەگرێ، دەسەڵاتێک کە دەست بەسەر کەرەستە و ئامرازەکانی توندوتیژیدا دەگرێ و لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی هەموو سێکتەرەکانی ئابووری بۆ ئەوەی ئابوورییەکی ناوەندگەرا بێتە ئاراوە"[2]. هەروەها بە ڕای توێژەری سیاسی ئەڵمانی (**ریتشارد لوینسال**- Richard Lowenthal/ ١٩٠٨- ١٩٩١)، دەوڵەتی تۆتالیتاریزم دەوڵەتێکی کۆیلایەتی جێگیر نییە، بەڵکو ئابوورییەکی پیشەسازی مۆدێرنەیە، کە پشتئەستورە بە تەکنەلۆجیایەکی گۆڕاو، و ستەمگەریش تێیدا بەردەوامە لەمیانەی پرۆسەیەکی وەرچەرخاندنی شۆڕش لە کۆمەڵگەدا[3]. بەڵام پێناسەی (**ڕێیموند ئارۆن**- Rymond Aron/ ١٩٠٥- ١٩٨٣) لە پێناسەکەی **فریدریش** نزیکە و پێنج تایبەتمەندی هەڵگرتووە، ئەو پێیوایە، تۆتالیتاریزم، واتای توانەوەی کۆمەڵگەیە لەنێو دەوڵەتدا، بەوەی تۆتالیتاریزم گوزرارشتە لە ڕژێمێکی سیاسی کە لەلایەن حزب یان گروپێکەوە بەڕێوەدەبرێت، ئایدۆلۆجیا تێیدا بەهێزە، و دەستبەسەر ئامرازەکانی هێز و ڕێگاکانی پەیوەندی دەگرێ، لەگەڵ بوونی تۆقاندنی پۆلیسی و بەرجەستەکردنی ئابوورییەکی دەوڵەتی[4]. لەو پێناسانەی بۆ چەمکی تۆتالیتاریزم خستومانەتەڕوو چ وەک زاراوە و چ وەک سیستمێکی سیاسی پەیڕەولێکراو، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، وێرای نزیکی پێناسەکان لەیەکتری، بەڵام پێناسەیەکی چۆنیەک بۆ زاراوەی تۆتایتاریزم نییە، لەبەرئەوە دەکرێت لەوەی پێی گەیشتووین بڵێین: تۆتالیتاریزم بزوتنەوە یان حزبێکی سیاسی خاوەن ئایدۆلۆجیا و دونیابینییەکی تاکڕەوانەی ئاراستەکراوە لەلایەن ڕابەری بزوتنەوەیەک، کە سەرجەم هۆکانی توندوتیژی و پەیوەندی و ئامراز و سەرچاوە مۆدێرنەکانی ئابووری پیشەسازی لەژێر دەست دایە و ئامانجی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵ و تاکەکانی کۆمەڵگەیە لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا.

## دووەم: بنەماکانی تۆتالیتاریزم

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت دوو بنەمای سەرەکی دەسنیشانبکەین کە زۆربەی بزوتنەوە تۆتالیتاریزمییەکان پەیڕەوی لێدەکەن، ئەم بنەمایانەش هەموو تایبەتمەندییەکانی تۆتالیتاریزم لەخۆدەگرن[5]:

١- **تیرۆر**: تیرۆر یەکێکە لەو بنەما سەرەکییانەی کە سیستمی تۆتالیتاری لەسەر دامەزراوە، ئایدۆلۆجیای تۆتالیتاری لە ڕێگەی تیرۆری بەردەوام درێژە بە مانەوەی خۆی دەدات. تیرۆر لەلای بزوتنەوە و دەوڵەتی تۆتالیتاری تەواوبوونی بۆ نییە و هەمیشەییە، چونکە ئایدۆلۆجیای تۆتالیتاریزم بەرگەی دیالۆگی ئەقڵی ناگرێت، هەرلەبەرئەوە بەردەوام تیرۆری پێویستە بۆ تیرۆرکردنی نەیارەکان و ڕەوایی دان

---

[1] د. شاهۆ سەعید، تۆتالیتاریزم: ئایدۆلۆجیایەکی لێکدراو و ڕژێمێکی فرەئەدگار (نزیککارییەک بۆ تێزی "هانا ئارێنت" لەبارەی بنەماکانی تۆتالیتاریزم)، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٥١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، حوزیرانی ٢٠٠٧، ل ل٢٧-٢٨.

[2] وەرگیراوە لە: دیلان هەردی، ڕژێمی سیاسی ئێران لەنێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزم دا، بێ دەزگای چاپ، هەولێر، ٢٠١٩، ل ل٩-١٠.

[3] ماضي بسمة، مرجع سبق ذكره، ص٢٨.

[4] دیلان هەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

[5] د. سالار باسیرە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٥٥-١٥٦.

بە دەسەڵاتەکەی، بە شێوەیەک نابێت هیچ بۆشاییەک لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵدا هەبێت. لێرەدا پێویستە کۆمەڵ ببێتە بەشێک لە دەوڵەت، بۆ ئەم مەبەستەش حزب و دامەزراوەکانی و ڕێکخراوە حکومییەکان بەسەر کۆمەڵگەوە دەبنە چاودێر لەپێناو کۆنترۆڵکردنی سەرجەم بوارەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵگە.

٢- **گۆشەگیرکردن و تەنهاخستنی مرۆڤەکان**: لەپاڵ تیرۆردا گۆشەگیرکردن و تەنهاخستنی مرۆڤەکان یەکێکی ترە لە بنەما سەرەکییەکانی ناسینی تۆتالیتاریزم، بەجۆرێک گۆشەگیرکردن و تەنهاخستنی مرۆڤەکان کردەیەکی پێشینەیە بۆ حەلال کردنی تیرۆر، یان ڕاستر بۆ ڕەوایی دان بە تیرۆر. کەواتە گۆشەگیرکردن ئەو زەوییە بە پیتەیە کە تیرۆری تێدا گەشە دەکات، بەمەش هەم تاک و هەم کۆمەڵگەی مەدەنی لەم سیستمەدا جێگەی نابێتەوە، و پێویستە ماف و ئازادییەکانی تاک ببنە بەشێک لە کۆمەڵە نوێکەی تۆتالیتاریزم، چونکە مانەوەی دەسەڵاتی تۆتالیتاریز دەوەستێتە سەر ئەوەی کە تاک کەمترین ئینتمای بۆ جیهان یان پانتایی گشتی هەبێت.

کەواتە، تیرۆر و گۆشەگیرکردن و تەنهاخستنی مرۆڤەکان دوو بنەمای سەرەکین، کە ئایدۆلۆجیای تۆتالیتار لە ڕێگەیانەوە درێژە بە مانەوەی ڕژێمەکەی دەدات، ئەمەش هەمان ئەو دوو بنەما سەرەکییەن کە **ئارێنت** گرنگی و بایەخی زۆریان پێدەدات، لەبەرئەوە لێرەدا لەوە زیاتر درێژە بە وردەکاری ئەم پرسە نادەین، بەڵکو لە بڕگەکانی داهاتوودا لە پەیوەست بە ناساندنی تۆتالیتاریزم لەلای **ئارێنت** و ڕوانگەکانی بۆ مەودای ئازادی لە سایەی تۆتالیتاریزمدا، زیاتر لەسەریان دەوەستین و لێیان دەتوێژینەوە.

## لقی دووەم: واتای تۆتالیتاریزم و مەودای ئازادی تێیدا بەپێی ڕوانگەی ئارێنت

### یەکەم: ناساندنی تۆتالیتاریزم لەلای ئارێنت

کتێبی (**بنەماکانی تۆتالیتاریزم**)ی **ئارێنت،** کە لە ساڵی (١٩٥١) بڵاوکرایەوە، وایکرد **ئارێنت** وەک هزرمەندێکی سیاسی گرنگ دەربکەوێت، چونکە خاڵی وەرچەرخانی **ئارێنت**ە لە میتافیزیک ڕا بۆ فەلسەفەی سیاسی (**ئەمری واقیع**)، و کاریگەریەکی گەورەی لەسەر ئەو توێژەرانە بەجێهێشت کە لە هەوڵی لێتوێژینەوە بوون لە چەمکی تۆتالیتاریزمدا، بەوەی لە ڕێگەی کۆڵینکاری دوو ڕووداوی سامناکی سەدەی بیستەم (**نازیزم** و **ستالینیزم**)؛ تایبەتمەندییەکانی تۆتالیتاریزم لە شێوەی مۆدێلی دەوڵەتێکی تۆتالیتار دەخاتەڕوو.

**ئارێنت** گەیشت بەو تێگەیشتنەی کە ئایدیای حکومەتی تۆتالیتاری لە مێژووی هزری سیاسی هەرگیز لە ئارادا نەبووە، لەبەرئەوە پێیوابوو ئەگەر ئێمە ئەو فۆرمە سیاسیانەی کە بونیادی ئایدیاییان هەر لە **ئەفلاتۆن**ەوە تا **کانت** هیچ گۆڕانکارییەکی سەرەکییان بەسەردا نەهاتووە بە تۆتالیتاریزمەوە بەراورد بکەین، ئەوا دووچاری ئەو سەرلێشێوانە دەبینەوە کە وەک فۆڕمێکی نوێی ستەمگەری (**استبدادي-** Tyranny) گوزارشت لە تۆتالیتاریزم بکەین. واتە ڕژێمێکی بێ یاسا کە تاکەکەسێک بە شێوەیەکی هەڕەمەکییانە دەسەڵات قۆرخ دەکات و بەپێی بەرژەوەندی فەرمانڕانان و دژی بەرژەوەندی فەرمانڕانیکراوان کار دەکات، ئەم فۆڕمەش لەسەر دوالیزمی پایەی ترسی خەڵکی لە فەرمانڕان و ترسی فەرمانڕان لە خەڵکی ڕاوەستاوە؛ ئەو ترسە دوو لایانەش سیمای سەرەکی حکومەتی ستەمگەرییە. لەبەرئەوە وەک **ئارێنت** دەڵێت: " تۆتالیتاریزم حکومەتێکی بێ وێنەیە، هەموو ئەو ئەلتەرناتیڤانەی کۆتایی پێهێنا، کە لە فەلسەفەی سیاسیدا، پێناسەکانی جەوهەری حکومەتەکانی لەسەر بونیادنراوە. واتە ئەلتەرناتیڤی حکومەتی یاسایی، حکومەتی بێ یاسا، دەسەڵاتی هەڕەمەکی و دەسەڵاتی ڕەوای بێبایەخ و بەتاڵکردەوە. لەبەرئەوە دەبینین حکومەتی تۆتالیتاری ڕووبەڕووی حکومەتێکی تەواو جیاوازمان دەکاتەوە، بەوەی ئەگەرچی تۆتالیتاریزم هەموو یاسا دانراوەکان پشتگوێ دەخات، تەنانەت خودی ئەو یاسایانەش کە خۆی داینــاون بێبایەخ دەکات، بەڵام هەڵیان ناوەشێنێتەوە. یاسای بنەڕەتی ساڵی (١٩٣٦)ی یەکێتی سۆڤیەت یەکێکە لەو نموونە دیارانە، هەروەک چۆن نازییەکانیش سەرباری بێبایەخکردنی یاسای بنەڕەتی، بەڵام هەرگیز بە فەرمی هەڵیان نەوەشاندەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ڕژێمی تۆتالیتار لە هەموو هەنگاوێکیدا

پەنای بۆ یاسا بردووە و هیچ ڕەفتارێکی هەڕەمەکییانەی نەکرد، چونکە هەمیشە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ملکەچی لەو یاسا مێژوویی و سروشتیانە دەکات، کە سەرچاوەی هەموو یاسا دانراوەکانن[1].

کەواتە، **ئارێنت** پێیوایە تۆتالیتاریزم لە چوارچێوەی نازیزم و ستالینیزمدا دیاردەیەکی مۆدێرنەیە و سەرچاوەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە مێژوویی و کولتوریەی کە مۆدێرنەیان لێکەوتەوە، هەر لەبەرئەوە لە کتێبەکەیدا جگە لە باسکردنی تایبەتمەندییەکانی تۆتالیتاریزم، لە دیاردەکانی (**ئیمپریالیزم** و **ڕەگەزپەرستی** [*])یش وەک ڕیشەکانی تۆتالیتاریزم دەتوێژێتەوە. بۆ ئەمەش **ئارێنت** لە بەشی یەکەم و دووەمی کتێبی (**بنەماکانی تۆتالیتاریزم**)دا، ڕیشە و پێشینەی مێژوویی سەرهەڵدانی بزوتنەوە تۆتالیتارەکان و ڕەفتاری سیاسییان شیدەکاتەوە، کە ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ بە هاتنەئارای تۆتالیتاری نازیزم و ستالینیزم. **ئارێنت** بە رەخنەگرتن لە ڕێبازی لیبڕاڵیزم وەک نوێنەرایەتی کردنی چینی بورژوازی دەست پێدەکات، بەوەی کەمتەرخەمی ئەم ڕێبازە بەرامبەر بە کاروباری گشتی و بێلایەنی لە بواری سیاسیدا، بەتەنها دوو مەرجی گەشەسەندنی تۆتالیتاریزم نین، بەڵکو کۆمەڵگەی بۆرژوازی، کە لەسەر پێشبڕکێ و خاوەندارێتی دامەزراوە، بووە مایەی دابڕان و تەنانەت وروژاندنی دوژمنایەتیش بەرامبەر بە ژیان، نەک لەناخی چینە کۆمەڵایەتییە چەوساوەکاندا، ئەوانەی لە بەڕێوەبردنی چالاکانەی وڵاتدا دورخرابوونەوە، بەڵکو لەهەناوی خودی چینی بۆرژوازیشدا هەمان کاریگەری هەبوو. کاتێکیش ئیمپڕیالیزم سەری هەڵدا، کەوتە دژایەتیکردنی توندی دەزگاکانی و دەستیکرد بە ڕیکخستنەوەی ڕیزەکانی خۆی و داوای دەسەڵاتی سیاسی کرد. بەمەش لەسەر ئاستی بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەوەی نەتەوە، سودێکی زۆری بە فۆڕمەڵەبوونی دیکاتۆریەت گەیاند[2].

واتە پێگەی کۆمەڵایەتی لە سروشتی بەشداری تاک لە سیاسەتدا یەکلایی کرایەوە و جگە لەو بارودۆخەی مەترسییەکی لەسەر نیشتمانی ڕاستەقینە دروست دەکات و تێیدا تاک ناچار دەبێت بەدەر لە ئینتمای چینایەتی یا حزبی وەک وڵاتپەروەرێک ڕەفتار بکات و هەرگیز بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی کاروباری گشتی نابێتەوە و هەست بە بەرپرسیارێتی ناکات. ئەم خەسڵەتە ناسیاسییە کە

---

(1) Hannah Arendt, The Origins of Totalitarianism, A Harvest Book, Harcourt Brace, New edition with added prefaces, San Diego- New York London, 1951, p p. 461-462.

(*) (**ئیمپریالیزم** و **ڕەگەزپەرستی**)، بە بۆچوونی **ئارێنت** تۆتالیتاریزم کاتێ بەدیهات، کە لەلایەک دەوڵەتی نەتەوەیی بە واتا نەریتییەکەی، کە دارِشتەیەکی یاسایی و زەمینی چەسپاوی هەبوو، داروخا و ئیمپریالیزم سەریهەڵدا، و لە لایەکی ترەوە، تاکەکان زیاتر لە ڕێگەی وتەزا لێڵ و تەماوییەکانی وەک ڕەگەز گوزارشتیان لە شوناسی خۆیان دەکرد نەک لە ڕێگەی هاوڵاتی دەوڵەتی نەتەوەیی. بە باوەڕی **ئارێنت** پێشتر دەوڵەتی نەتەوەیی دەوڵەتێکی سەروو چینایەتی بوو و بۆرژوازی لەو سەردەمەدا هۆگری بە ژیانی سیاسییەوە نەبوو، بەڵام ئیمپڕیالیزم لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بۆرژوازی هێنایە ناو پانتایی سیاسییەوە؛ و لە ڕێگەی پەرەسەندنی ئیمپڕیالیزمەوە سەرمایەی زێدە و "مرۆڤە زێدەکان" (**ئەو کەسانەی لە ئەنجامی گەشەکردنی سەرمایەداریدا پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا لە دەستدا بوو**)، هەناردەی کۆلۆنییەکان کران، بەڵام لە ئەڵمانیا و ڕوسیادا کە کۆلۆنی دەرەکییان نەبوو، مرۆڤە زێدەکان لەناوخۆدا مانەوە. بەو شێوەیە گەرای بزوتنەوە تۆتالیتارییەکان پشکوت. هەروەها **ئارێنت** ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ڕەگەزپەرستی و ناسیۆنالیزمدا لە ئارادا نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، چەمکی نەتەوایەتی دەبێتە مایەی ئاوێتە بوونی ڕەگەزەکان لە دەوڵەتی نەتەوەییدا یان سنوورە نەتەوەییەکان تاکەکانی یەک ڕەگەز لێک دوور دەخەنەوە. لەبەرئەوە سەرچاوەی ڕەگەزپەرستی دەچێتەوە سەر ئیمپڕیالیزم، چونکە لەگەڵ فراوانبوونی ئیمپڕیالیزم ڕەگەزەکان بەرەوڕووی یەکتر بوونەوە و بەستێنی ڕەگەزپەرستی دەستەبەر بوو. واتە بەرەنگاربوونەوەی مرۆڤە زێدەکانی ئەوروپا، کە جیهانی دەوڵەتی نەتەوەییان لەدەستدابوو، لە بەرامبەر ئەتنیکە ئەفریقایی و ئاسیاییەکاندا، ئەو خەڵکانە لە بری وڵات و کولتور و مێژوو پەیوەندی خوێن و هۆزایەتی بەیەکەوەی دەبەستن، هەر ئەو بێ بنی و بێ ڕیشەییە و نەبوونی کۆمەڵگە و وڵات تایبەتمەندی سەرەکی بۆچوونی ڕەگەزپەرستانەیە؛ ئەو جەماوەرەی لە ئەوروپاش بەرەو تیۆرە ڕەگەزپەرستەکان کشان ،هەمان ئەو بێ ڕێشە و بێ جڤاکە بوون، کە **ئارێنت** بە "هەرچیوپەرچی یان جەماوەری هەڵچوو- The Mod" ناویان دەبات. لەبەرئەوە ئیمپڕیالیزمی ئەو وڵاتانەی دارشتەی دەوڵەتی نەتەوەییان تێک نەدا، لە نموونەی: بەریتانیا، تۆتالیتاریزم تێیدا لەدایک نەبوو. بۆیە پانجێرمەنی و پانسلاڤی کە بزوتنەوەی ئیمپڕیالیستی بوون، و وەک ئیمپڕیالیزم ئامانجیان پەرەسەندنی بێسنوور بوو، ئایدۆلۆجیاکەشیان ڕەگەزپەرستی بوو نەک ناسیۆنالیزم، کە **ئارێنت** بە ناسیۆنالیزمی خێڵەکی ناوی دەبا. هەروەها ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، هێرشکردنە سەر جولەکەو پاکتاوکردنیان بەهۆی دڵبەندیان بوو بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی . بڕوانە. (د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٧٠-١٧٢).

(2) هانا ئارێنت، بنەماکانی تۆتالیتاریزم، و: حەمە ڕەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ل٧٨-٧٩.

سیمای دانیشتوانی دەوڵەتی نەتەوەیی پێدەناسرێتەوە، تەنها کاتێک گرنگی پێدرا، کە سیتسمی چینایەتی داڕوخا و لەگەڵ خۆیدا هێڵە بینرا و نەبینراوەکانی ئەو تۆڕەی پچڕاند کە خەڵک بە جەستەی ساسییەوە دەبەستێتەوە، هاوکات بە واتای داڕوخانی سیتمی حزبیش دەهات، لەبەر ئەوەی ئەو حزبانەی زیاتر لەسەر بەرژەوەندی دامەزرابوون، نەیانــدەتوانی نــوێنەرایەتی بەرژەوەنــدی چینێــک بــکەن، لەبەرئەوە ئەو زۆرینەیەی لەسایەی حزبەکاندا سەرخەویان دەشکاند، گۆڕا بە جەماوەرێکی گەورەی بێقەوارە و تووڕە، کە هیچ خاڵێکی هاوبەش لەنێوانیاندا نەبوو جگە لە هۆشیارییەکی لێڵ و نادیار. لە دەرئەنجام ئەمەشدا گۆشەگیری هاوکات بوو لەگەڵ لاوازی ویست لە غەریزەی مانەوەدا، واتە هەستکردن بەوەی مرۆڤ دەکرێ بە قوربانی، چیدی گوزارشتی لە ئایدیای تاکەکەس نەدەکرد، بەڵکو دیاردەیەکی جەماوەرگەرا بوو[1]. ئەمەش مانای وایە بەڕای **ئارێنت**، داڕوخانی ئینتمای چینایەتی و گۆڕانی خەڵک بۆ جەماوەر، یەکێک لەو کەرەستە خاوانە بوو کە بزوتنەوە تۆتالیتارەکان گەرای خۆیان لەسەر بیناکرد.

لەبەرئەوە بە بۆچوونی **ئارێنت**، لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، شەپۆلێک لە بزوتنەوەی نیمچە تۆتالیتاری و تۆتالیتاری، کیشوەری ئەوروپای گرتەوە، کە دژایەتی توندی دیموکراسییان دەکرد و پشتگیریان لە دیکتاتۆریەت دەکرد. هەروەها ئارێنت پێیوایە، بزوتنەوە فاشیستەکانیش هەر لە ئیتاڵیاوە تا بەنزیکەیی هەموو وڵاتی ئەوروپای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی گرتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا **موسۆلینی** دەستەواژەی تۆتالیتاری پێپەسەند نەبوو و هەوڵی نەدا ڕژێمێکی تۆتالیتاری سەرتاپاگیر دابمەزرێنێ، بەڵکو تەنها بە سەقامگیرکردنی دیکتاتۆریەتی تاک حزبی قایل بوو، بەڵام ئەم داڕوخانە هەلێکی لەبار و گونجاوی دەسپێکی نازیزم بوو، هەروەک چۆن نەبوونی لقبەندی کۆمەڵایەتیش لەنێو ژمارەیەکی بێشوماری گوندنشینەکانی روسیا، واتە ئەو جەستە شل و شێواوەی لە هەموو پەروەردەیەکی سیاسی بێبەشە، هەلومەرجی کودەتاکەی بەلشەفیان بەسەر دیموکراسی روسیادا رەخساند. واتە ئەگەرچی ئەوروپا وەک وڵاتە ستەمگەرە کلاسیکییەکانی ڕۆژهەڵات، لە وێنەی هیند و چین مەترسی ڕژێمی تۆتالیتاری تێدا گەورە نەبوو، بەڵام بێکاری خەڵکی و بێبەهاکردنی ژیانی مرۆڤ بۆ چەندین سەدە ئەو هەستە زاڵەی لەلای مرۆڤی جەماوەری دروست کرد کە بەکەڵکی هیچ شتێک نایەت، ئیدی بزوتنەوەی نازی ئەڵمانی و بزوتنەوە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا ئەو جەماوەرەیان بۆ ناوڕیزەکانیان ڕاکێشا، واتە هەموو ئەو خەڵکانەی دەرفەتیان نەبوو لەسەر گۆڕەپانی سیاسی بەدیارکەون و لە ژیانی سیاسی نەتەوەدا تەنها تابلۆیەکی سەرەکی بێدەنگ و بێ زمانیان پێکدەهێنا[2].

بەڵام بەڕای **ئارێنت**، ئەوەی بزوتنەوە تۆتالیتاریەکانی بە تەواوی ڕسکاند تەنها **"داڕوخانی چینایەتی"** و بە جەماوەربوونی خەڵکی نەبوو، بەڵکو **"هاوپەیمانیەتی کاتی نێوان هەرچیوپەرچی (مرۆڤە زێدەکان) و دەستەبژێریش"** بوو. سەرباری جیاوازی نێوان دەستەبژێر و هەرچیوپەرچی، کەچی دەستەبژێر بەبێ دودڵی شادمان و خۆشحاڵ دەبوو بەوەی دزەکان لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا لەڕێی تیرۆرەوە وەک خۆیان بە یەکسانی قبوڵ دەکرێن، و پێیانوانەبوو وێرانکردنی شارستانیەت نرخێکی زۆر قورسە بۆ ئەو کەسانەی لە ڕابردوودا بەناهەق دوورخراونەتەوە تا لە ڕێگەی توندوتیژی مافی خۆیان وەرگرنەوە، تەنانەت لەبینینی چێژیان وەردەگرت، و بە چەوساندنەوە و ئازاردانی کردەیی یەهودیەکانیش لەلایەن **هیتلەر**ەوە؛ بیروڕای **هیتلەر** و **ستالین** لەبارەی هونەر و چەوساندنەوەی هونەرمەندە مۆدێرنەکان، هەرگیز نەبووە هۆی ئەوەی ئینتمای هەندێک لە هونەرمەندە پێشەنگەکانی بەرامبەر بە بزوتنەوە تۆتالیتارییەکان لەناو ببات، دواتریش ئەو دەستەبژێرە ڕووناکبیر و هەرچیوپەرچییەکان ئاوێتەی یەکتربوون[3].

هەروەها بەڕای ئارێنت، **"پروپاگەندە** و **ڕێکخستن**یش" دوو ڕیشە و ئامرازی تر بوون کە ڕێگەیان خۆشکرد بۆ گەیشتنە دەسەڵاتی بزوتنەوەی تۆتالیتاری نازیزم و ستالینیزم، لەکاتێکدا کۆمۆنیزم پروپاگەندەی دواکەوتن لە شەمەندەفەری مێژووی دەکرد، ئەوا نازیەکان هەڕەشەی تێکچوونی هاوسەنگی ژیان و یاساکانی سروشتیان دەکرد، کە زۆر بە توندی لە ڕێگەی ڕیکخستنی موریدەکانیەوە گوزارشتی لەو

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ل٨٠-٨٣.
[2] هەمان سەرچاوە، ل ل٧٣- ٧٨.
[3] هەمان سەرچاوە، ل ل١١١، ١١٧.

پروپاگەنـدانە دەکـر، ئەمەش زۆر لە پاکتـاوکردنی جەسـتەیی نەیارەکانیـان ترسـناکتر بـوو[1]. دوابەدوای نیشاندانی ئەو پێشینەیەی زەمینەی دەرکەوتن و سەرکەوتنی بزوتنەوە تۆتالیتارەکانی فەراهەمکرد، **ئارێنت** لە بەشی سێیەمی کتێبی (**بنەماکانی تۆتالیتاریزم**)دا، باس لەوە دەکات، هەتا ئەم ساتە وەختە، تەنها لەگەڵ دوو فۆرمی سـەرکی لە باڵادەستی تۆتالیتـاری ئاشنایەتیمان هەیە، ئەوانیش: دیکتـاتۆریەتی سۆشیالیزمی نەتەوەیـی لەدوای (١٩٣٨) لە ئەڵمانیـا و دیکتـاتۆریەتی بەلشـەفیزم لەدوای (١٩٣٠)دا. لەڕاستیدا **ئارێنت** دەیەوێت لە ڕێگەی شیکاری ئەم دوو فۆڕمەوە، ڕوانگەی هزری و تێگەیشتنی خۆی لەمەڕ تۆتالیتـاریزم بەگشـتی بخـاتەڕوو. لەو ڕووەوە **ئارێنـت** پێیـوایە، ئەگەرچـی ئەم دوو فـۆڕمە لە گـۆڕانی بەردەوامـی دیکتاتۆری حزبەوە پەیدابوون، بەڵام گەوهەری تایبەتمەندی تۆتالیتارییەکەیـان شتێکی نوێیە و ناتوانرێت بدرێتە پاڵ ڕژێمە دیکتـاتۆرە تـاک حزبـی و ستەمگەرییەکان، کە دوا ئامانجیـان: (**گرتنەدەستی دەسـەڵات، دامەزراندنی ئەندامانی حزب لە هەموو ناوەندەکانی دەوڵەت، تێکەڵاوکردنـی دەوڵەت و حزب بەتەواوی و حزب دەبێتە دەزگایەک تەنها پروپاگەندە بۆ بەرژەوەندی دەوڵەت دەکات، بواردان بە دەسـەڵاتی سوپا کە لێبوردنی بۆ هیچ هێزێکی ئۆپۆزسیۆن نییە و مل بۆ ئازادی بیروباوەڕی سیاسی نادات**). بەڵام ئارێنت وای دەبینـێ، دوای گەیشـتنی شۆڕشـی بـزوتنەوە تۆتالیتارییەکـان بە دەسـەڵات، وێنەیەکـی جیاوازییـان نواندووە، و لە دیـارترین تایبەتمەندییەکانیان: (**تواندنەوەی دەوڵەت لەنێو حزبدا، چوونەنـاوەی ناوەنـدی دەسەڵاتی سوپا بۆ ناو پۆلیس و پەیڕەوکردنی باڵادەستی گشتگیر لە سیاسەتدا**)[2].

واتە بە بۆچوونی **ئارێنت**، تۆتالیتـاریزم وەک ڕوکارێـک سوود لە دەوڵەت وەردەگرێت، کە لە جیهانی ناتۆتالیتاریـدا نـوێنەرایەتی وڵات بکـات، لەبەرئەوە زنجیـرەی هەڕەمـی دەوڵەت بە ئەنـدامە پـلە دووەکـانی حزب دەسپێردرێت؛ و هەموو بڕیـارە یەکلاکەرەوەکـان لە دەرەوەی دامودەزگـا دەوڵەتـی و سـەربازییەکان لەناو بزوتنەوە دەدرێت، تەنانەت زۆر جار کارگێرە فەرمییەکانیش نازانن چ شتێک لە ئـارادایە. لەبەرئەوە لەسەروی دەسەڵاتی ڕوکەشی دەوڵەت و چەواشەیی فرەیی دەزگاکان وەک تاکە دەسـەڵاتی کـارا و هەمیشـە لەبەرچاو جەخت لەسەر دەزگای پۆلیسی نهێنی دەکاتەوە و توانای مەزنی سوپاش بەو دەزگایە دەبەخشێت، تەنـانەت لەڕێگەی پۆلیسـەوە نەک سوپا فەرمـانڕانی سـەرزەمینە داگیرکراوەکـان دەکـات؛ بەڵکو جیـاوازی پۆلیسـی نهێنـی تۆتالیتـار لەگەڵ پۆلیسی نهێنـی ڕژێـمە ستەمگەرەکان لە وتەزای (**گومـانلێکرا** و **دوژمنـی بابەتی**)دایە. واتە تەنها لەسەر گومانی ئارەزووی خستنی (**ئۆپۆزسیۆن**) ناوەستێ، بەڵکو دوژمنـی بـابەتی کەسێکە، ماک و نیشـانەکانی بە چەشنی نەخۆشـی ترسناکە؛ لەبەرئەوە نازیەکـان پێشئەوەی قەڵاچۆکردنی یەهودییەکـان تەواو بـکەن، کەوتـنە ڕێوشـوێنی پاکتـاوکردنی میللەتـانی (**پۆلۆنیـا**) و هەنـدێک تـوێژی تـری (**ئەڵمانی**)، بەلشەفییەکانیش دوای تیرۆرکردنی فەرمانڕەوایانی پێشوو، کەوتنە پاکتاوکردنی ئەو ڕوسیانەی لە ڕەگەزی پۆلـۆنی بـوون و پاشـان تەتەر، ئەڵمـانی، ڤۆلگـا و یەهـودی[3]. وەک ئامـاژەی بـۆ دەکـات، دوا ئامـانجی تۆتالیتـاریزم باڵادەستی گشتگیرە، کە هەوڵدەدات مرۆڤەکـان بە جۆرێـک ڕێـک بخـات، فرەیـی و جیـاوازی ناکۆتاییـان لەناوبەرێـت، وەک ئەوەی هەمـوو مرۆڤـایەتی تـاکە کەسـێک بێـت، ئەمەش تەنهـا لە ڕێگەی ئایدۆلۆجیایەکی جیهانی و تیرۆری ڕەهای ئۆردوگاکان و سوکایەتیکردن بە مرۆڤ وگۆڕینی ناخی مرۆڤ بە شتێک کە لە ئاژەلیش نەچێت دێتەدی[4].

کەواتە، ئەو تایبەتمەندیانەی کە **ئارێنت** بۆ تۆتالیتـاریزم دیـاریکردون، دەمانبـات بەرەو گەڕان بە دوای ئەو ئەستوونە یان بنەما سەرەکیانەی، کە شێوەی حکومەتی تۆتالیتار لەسەری دەڕوات. لەم سۆنگەیەوە، لە ڕانانمان بۆ تێزی **ئارێنت** دەکرێت سێ بنەمای سەرەکی دیارییکەین، ئەوانیش: (**گۆشـەگیرکردن و تەریـک کردنی مرۆڤەکان، تیرۆر و ئایدۆلۆجیا**)ن. گۆشەگیرکردنی تاکەکان و ئاخێزانیان لە خوتخوتەیەکی کوشندە لە ئەنجـامی تەنهـاییەوە دێتەبـوون، واتە گۆشـەگیرکردنی لەهەر بـوار و کێشـەیەکی گشـتی، و تەنهاخسـتنی لەسـەر ئەزموونێـک کە هەسـتی ئینتمـای نەمێنـی و مـرۆڤ نەزانـێ سـەر بە چ جیهـانێکە، بەمەش مـرۆڤ

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ل١٤٨، ١٧٧.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ل ٢٨٣-٢٨٤.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ل٢٨٥-٢٩٢.

[4] هەمان سەرچاوە، ل ل٣١٥-٣١٦.

ئاسان ملکەچی تیرۆر و ئایدۆلۆژیا دەبێت[1]. لێرەدا مەبەستی **ئارێنت** لە جیهان، جیهانی گشتی و تایبەتە، تەنانەت جیهانی دەرەوەش. هەروەها **ئارێنت** دەڵێت: **"**ئەگەر ڕەوایی جەوهەری ڕژێمە نا ستەمگەرەکان بێت و بێ یاسایی جەوهەری حکومەتە ستەمگەرەکان بێت، ئەوا تیرۆریش جەوهەری باڵادەستی ڕژێمە تۆتالیتارەکان پێکدەهێنێت، واتە تیرۆری گشتگیر جێگەی یاسا دانراوەکان دەگرێتەوە، تیرۆر تەنها ئامرازێک نییە بۆ سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕەها بەسەر کۆمەڵگە پیادە دەکرێت، کە کەس ڕێگە لە بزوتنەوەی تۆتالیتار نەگرێت؛ ئەمەش بۆ ئەوەی تیرۆر واقیعی خۆی بە یاسای بزوتنەوەی مێژوو یان سروشت ببەخشێت. واتە تیرۆر بۆ ئەوەی جوڵەی سروشت یان مێژوو ئازاد بکات، دەبێت مرۆڤ لە شوێنی خۆی بەند بکات. بۆیە هیچ کارێکی ئازادانە، ئیدی چ دوژمنکارانە بێت یاخود لایەنگرانە، رێگەی پێنادرێت، کە بەربەستێک لەبەردەم لەناوبردنی دوژمنی بابەتی، مێژوو یان سروشت، دوژمنی چین یان ڕەگەز، دروست بکات. ئیدی بەپێی ئەم تێگەیشتنە بێگوناهی و گوناهباری دەبن بە دوو چەمکی بێ واتا و بێ ناوەڕۆک و تیرۆریش ڕەوایی وەردەگرێت**"**[2].

هەروەها **ئارێنت** باس لەوەش دەکات، کە هەندێک پێیانوایە تیرۆر بۆ تۆتالیتاریزم هۆکارێکە بۆ ئامانجێک، بەڵام **ئارێنت** ئەوە سەردەخات، کە ئەوەی تەنها دەتوانین بیسەلمێنین تیرۆر گۆڕاوێکی پارادۆکسە، نە هۆکارە و نە ئامانجە، بەڵکو تیرۆر بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بێ ئامانجە[3]. هەرچی سەبارەت بە (**ئایدۆلۆجیا**[*])یە، ئەوا **ئارێنت** وای دەبینێت، ئەوە ئایدۆلۆجیایە، کە بە زەبری لۆجیک بوونی ناخی تاکەکان پابەند دەکات و ناچاریان دەکات پەیڕەوی لێ بکەن[4]. کەواتە، ئەگەر گۆشەگیرکردن و تەنهاخستنی مرۆڤەکان وا لە مرۆڤەکان بکات هەست بەبێ جیهانی و بێ ڕەچەڵەکی بکەن، ئەوە تیرۆرە مرۆڤەکان لە دەرەوە کۆت و بەند دەکات و لەهەر کردەیەکی ئازادانە بێبەشیان دەکات، ئیدی ئایدۆلۆجیاش هیچ ئیرادە و بوونێکی ناوەکی بۆ مرۆڤ ناهێڵێتەوە و ناچار بە ملکەچبوونی ڕەهای دەکات. لێرەوە دەپرسین، ئایا مەودای ئازادی مرۆڤ لە وەها تیرۆر و ئایدۆلۆجیایەکی پەڕگیر لە کوێدایە؟ ئایا مرۆڤی تەنها و گۆشەگیر لە کوێی هاوکێشەی ئازادی دایە؟ لەبەرئەوە برگەی دووەم تایبەت دەکەین بۆ وڵامدانەوەی ئەو پرسانە.

---

[1] Hannah Arendt, The Origins of Totalitarianism, Op.cit, p. 475.

[2] هانا ئارێنت، بنەماکانی تۆتالیتاریزم، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤٠٠- ٤٠١.

[3] Hannah Arendt, Essays in Understanding : 1930- 1954 (Formation, Exile, Totalitation), Edited and an introduction by Jerome Kohn, schocken books, New York, 1954, p. 302.

[*] وشەی ئایدۆلۆجیا، بە واتای ئەوە دێت کە ئایدیایەک دەتوانێت ببێتە بابەتی زانستێک، وەک ئەوەی ئاژەڵ دەبێتە بابەتی زیندەوەرزانی، چونکە پاشگری (**زانست**- Logic)، دەتوانێت شیکردنەوەی لۆجیکی بکات. بەمەش ئایدۆلۆجیا جگە لە فەلسەفە و زانستێکی وەهمی و درۆزنانە شتێکی دی نییە. ئەگەرچی ڕەگەزپەرستی و کۆمۆنیزم دوو ئایدۆلۆجیای یەکلاکەرەوەی سەدەی بیستەم بوون، بەڵام وەک پرەنسیپ لە ئایدۆلۆجیاکانی تر تۆتالیتاریتر نەبوون، بەڵکو ئەو دوو ئایدۆلۆجیایە لەو ڕووەوە بوونە دوو فۆرمی تۆتالیتاری، کە هەموو دامودەزگاکانی بەگرنگییەوە پرەنسیپەکانی (**ململانێی ڕەگەزەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهان و ململانێی چینایەتی لە پێناوی ئەوەی لە سەرتاسەری جیهاندا دەسەڵات بگرنەدەست**) ئەزموونیان دەکرد، ئەگینا هەموو ئایدۆلۆجیاکان لە دووی توێی خۆیاندا توخمی تۆتالیتاریان هەڵگرتووە. هەر ئەمەش سەرەنجێکی فریودەرانەی وای دروستکردووە، تەنها ڕەگەزپەرستی و کۆمۆنیزم سیمای تۆتالیتاریان هەبێت. لەڕاستیدا، ئەوە ئەو میتۆدە بوو کە **هیتلەر** وەک بەهرەیەکی مەزن شانازی بە شیکردنەوە خوێنڕێژییەکەوە دەکرد و **ستالینیش** بەبێبەزەیی دیالیکتیکەکەی دەنازی، لە میانەیدا دەلالەتە ئایدۆلۆجیاکانیان بە دورترین ئاستی یەکانگیری گەیاندبوو. هەرچەندە وەک هزر هیچ شتێکیان نەخستە سەر ئایدیا و دروشمی بزوتنەوەکەیان، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ **هیتلەر** و **ستالین** لە ڕیزی گرنگترین ئایدۆلۆجیستەکان ئەژمار بکرێن. کەواتە پرۆسەی ئامادەکردنی قوربانی و جەلاد لە خودی ئایدۆلۆجیای ڕەگەزپەرستی و ماتریالیزمی دیالیکتیکیدا نییە، بەڵکو لە سروشتی لۆجیکی ئایدۆلۆجیا خۆی متکردووە، لەبەرئەوە بەپێچەوانەی مارکس کە پێیوابوو دەسەڵات کاتێک لە دایک دەبێت، ئایدیا باڵ بەسەر هەموو جەماوەردا بکێشێ، ئەوا دەسەڵات لە پرۆسەی لۆجیکدایە، کە لە هزرەوە لە دایک دەبێت. بڕوانە. (هانا ئارێنت، بنەماکانی تۆتالیتاریزم، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤٠٨-٤١٧).

[4] هانا ئارێنت، وتار لەبارەی تۆتالیتاریزم لە (زانکۆی بەرلین- ئۆکتۆبەری ١٩٥٤)، و: کۆمەڵێک نووسەر، لە کتێبی (تۆتالیتاریزم)، دەزگای ئایدیا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٩، ل١٤٣.

## دووەم: مەودای ئازادی لە سایەی تۆتالیتاریزم دا

بەشی چوارەم و کۆتایی کتێبی (**بنەماکانی تۆتالیتاریزم**)، تەرخانکراوە بۆ ئایدۆلۆجیا و تیرۆری تۆتالیتاریزم، **ئارێنت** لەوێدا لەمیانەی هەژموون و باڵادەستی ئەم دوو ئەستونەوە باس لە مەودای ئازادی دەکات، و بەراوردی دەکات بە مەودای ئازادی لە سایەی ئەو ڕژێمانەی خاوەنی یاسا دانراوەکانن لە حکومەتە دەستوورییەکاندا، هەروەها سەرنجیش دەخاتە سەر جیاوازی نێوان دەسەڵاتە تۆتالیتار و ستەمگەرەکانیش سەبارەت بەهەمان مژار.

**ئارێنت** لە ڕوانگەی هزرێکی قوڵەوە ئەو پرسە کۆڵێنکاری دەکات، و لەوەوە دەست پێدەکات، کە یاسا دانراوەکان لە حکومەتە دەستوورییەکاندا پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان دیاریدەکەن و شێوازی پەیوەندیشیان لە کۆمەڵدا دەست نیشاندەکەن. ئەمەش سەبارەت بەو مرۆڤانەی تازە لەدایک دەبن هەڕەشەیان لێدەکات، بەوەی لەگەڵ هەر لەدایک بوونێکی نوێ، سەرەتایەکی نوێش دێتە جیهانەوە، کە لەگەڵیدا، جیهانێکی نوێ پێدەنێتە ناو دنیای بوونەوە؛ بەوەی سەقامگیربوونی یاسا پەیوەندی لەگەڵ جوڵەی بەردەوامی کاروباری مرۆڤدا هەیە، جوڵەیەک تا ئەو کاتەی مرۆڤ لەدایک دەبێت و دەمرێت هەرگیز کۆتایی نایەت. کەواتە یاسا دانراوەکان سنووری ئازادی هەر سەرەتایەکی نوێ دیاریدەکەن و لەهەمان کاتیشدا بۆ هەر بوونێکی نوێ و پێشبینی نەکراو کە هاتۆتە دنیاوە، حەرامێک دیاریدەکەن؛ واتە حەرام و سنووربەندی یاسا دانراوەکان سەبارەت بە بوونی مرۆڤی سیاسی بەپێی جیهانی هاوبەشی پێشتر گوزارەی لێدەکرێت بۆ ئەو مرۆڤانەی تازە دێنە جیهانی بوونەوە، ئەمەش ناتەباییەک دروست دەکات لەگەڵ ئەو واقیعە هەمیشە گۆڕاوەی لە قەڵەمڕەوی جیهانی تاکی هەر نەوەیەکی نوێ دێتەبوونەوە[1]. بەڵام **ئارێنت** باوەڕی وایە وادەردەکەوێت، ئەم پرسە بەپێی هزری سیاسی کۆن چارەسەرێکی بۆ دۆزرابێتەوە، چارەسەرێک کە زیاتر لە جیاوازی و ناتەبایی نێوان ڕەوایی و دادپەروەری دەچێت؛ ئەگەر جەوهەری حکومەت بە ڕەوایی دیاریبکرێت و وەک یاساگەلێک وێنای بکەین، کە سەقامگیری بە کاروباری گشتی مرۆڤەکان دەبەخشن، ئەم پرسەش لەوکاتەوە لە ئارادابووە کە **ئەفلاتون** لە کتێبی **"یاساکان"**دا لە زیۆس، خوای سنوورەکان، پاڕاوەتەوە، کە لەگەڵ پرسی جیاوازی نێوان هێڵی پەیکەری سیاسی و چالاکی هاوڵاتیان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. کەواتە، ئەگەرچی ڕەوایی کاروچالاکی سنووردار دەکات و مەودایەکی بۆ دیاریدەکات، بەڵام هانیان نادات پێویستە ئەو جۆرە کاروچالاکییانە ئەنجام بدەن، لەبەرئەوە **ئارێنت** باوەڕی وایە مەزنی و ئاکامی یاسا لە کۆمەڵگە ئازادەکاندا لەوەدایە تەنها بە تاکەکان دەڵێت چی حەرامە و پێویستە چی نەکەن و هەرگیز پێیان ناڵێت دەبێ چی بکەن و چ کاروچالاکییەک ئەنجام بدەن[2].

**ئارێنت** ڕای وایە، ئەگەرچی بێ یاسایی هاوواتای دەسەڵاتە ستەمگەر و دەسەڵاتخوازەکانە و پانتایی سیاسی تێیدا سنووردارە و مرۆڤەکان دووچاری گۆشەگیری دەکات، واتە ئەزموونی هاوبەشی مرۆڤەکان لە سیستمی ستەمگەری دەرگیری گۆشەگیرییە، بەڵام ئەزموونی هاوبەشی مرۆڤەکان لە تۆتالیتاریدا، ئاوێتەی تەریکییە، تەریکی بەرهەمی هەڵوەشانی بەشی جیهانی هاوبەشە. واتە هەستی بێ ڕیشەیی و هەستی زیادەبوون و هاوشێوەکانی تۆقینێکە کەسە تەریکەکان بە یەکەوە دەبەستێتەوە[3]. لەم بارەوە **ئارێنت** دەڵێت: " لابردنی بەربەستە یاساییەکان لەنێوان خەڵکیدا، هەروەکو چۆن حکومەتی ستەمگەر دەیکات، هاوواتای نکۆڵیکردنە لە ئازادییە مرۆییەکان و لەناوبردنی ئازادی وەک واقیعێکی سیاسی زیندوو، چونکە ئەو مەودایەی یاسا لەنێوان مرۆڤەکان دیاریدەکات، بریتییە لە هەمان مەودای ئازادی ڕاستەقینە؛ بەڵام تیرۆری گشتگیر کە بنەمایەکی سەرەکی تۆتالیتاریزمە نەک بە تەنها پەنا بۆ پەیڕەوکردنی ئەو ئامرازە کۆنەی ستەمگەری دەبات، بەڵکو لەهەمان کاتیشدا ئەو بیابانە پڕ لە ترس و گومانەی بێ یاسایی و ناحەرامەکان لەناودەبات کە ستەمگەری لەدوای خۆی بەجێی دەهێڵێت. بەدڵنیاییەوە ئەم بیابانەی ستەمگەری مەودای ڕاستەقینەی ئازادی نییە، بەڵام ئەگەر بازنەی ئاسنینی تۆتالیتاری کە مرۆڤەکان بەتوندی پێکەوە دەبەستێتەوە لەگەڵ بیابانی ستەمگەری بەراورد بکرێ، ئەوا بیابانی ستەمگەری وەک دەستەبەری **(زامنی)**

---

[1] هانا ئارێنت، بنەماکانی تۆتالیتاریزم، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٢.

[2] هەمان سەرچاوە، ل٤٠٥.

[3] هانا ئارێنت، وتار لەبارەی تۆتالیتاریزم لە (زانکۆی بەرلین- ئۆکتۆبەری ١٩٥٤)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.

ئازادی بەدیار دەکەوێت، چونکە لەم بیابانەدا، بەلانیکەمەوە پانتاییەک لەنێوان مرۆڤەکاندا دەمێنێتەوە"[1]. کەواتە، بەپێی ئەم تێگەیشتنەی **ئارێنت** بێت، دەکرێت بڵێین: تۆتالیتاریزم بەتەنها بە گۆشەگیرکردنی تاکەکان ناوەستێت، بۆ ئەوەی بتوانێت مرۆڤ لە سروشتی پانتایی گشتی داشۆرێت، بەڵکو مرۆڤی تەریک کە تایبەتمەندی مرۆڤی جەماوەریە، مرۆڤێک کە لەگەڵ بێ ئیرادە و خەساوی خۆیدا دەژێت، مرۆڤێک کە هیچ مەودا و بەهایەک بۆ ئازادیەکانی نامێنێتەوە، دەکات بە نێچیری خۆی و هەوڵدەدا لەو دۆخەدا بیهێڵێتەوە. کەواتە، پێویستە زیاتر سەرنجمان لەسەر ئەو ترس و تۆقاندنە بێت، کە مرۆڤی تەریک بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

لێرەدا گرنگە جیاوازی لەنێوان جۆرەکانی تەنهایی بکەین. یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی هزری **ئارێنت** چەمکی (**زێدەبوون**)ە، پێشتر لەباسی مرۆڤە زێدەکان ئاماژەی بۆکرا، چەمکەکانی تری وەک بێ ڕیشەیی، بێ وڵاتی، بێ دەوڵەتی، بێ خودی، بێ ماڵ و حاڵی و تەنهایی، هەموویان پەیوەندییان بەو چەمکە سەرەکییەوە هەیە؛ هۆکارەکانی چوونە ناو ڕیزی بزوتنەوە نۆتالیتاریەکانیش هەر ئەو چەمکانە بوون. **ئارێنت** باس لە سێ جۆر تەنهایی دەکات: یەکەم، (Solitude)، تەنیایی بوونی پۆزەتیڤ، کە بە واتای لەگەڵ خۆدا بوونە، کە تێهزرین و ڕامان لەم جۆرە تەنیاییە بەرجەستە دەبێت؛ دووەم، (Isolation) گۆشەگیری، کە دەرئەنجامی لەناوچوونی پانتایی سیاسی و گشتی ژیانە لە دەوڵەتە ستەمگەرەکان (**نا تۆتالیتارییەکان**)دا؛ سێیەم، (Loneliness) تەریکی، کە بە واتای لەگەڵ خۆنەبوون و لەگەڵ خەڵکانی تریش نەبوون دێت، ئەمەش تایبەتمەندی مرۆڤی جەماوەرییە لە کۆمەڵگەی تۆتالیتاریدا[2]. مرۆڤی تەنیا خودی خۆی تەنهایە، لەبەرئەوە دەتوانێت لەگەڵ خۆیدا بێت، وەک دوو کەس لە جەستەیەکدا گفتوگۆ بکات، بەڵام بۆ ئەوەی ببێتەوە بە کەسێک و شوناسی خۆی بەتەواوی بسەلمێنێ، ئەوا بەردەوام پێویستی بەوانی تر هەیە و نابێت پەیوەندیان لەگەڵ بپچڕێنێ، بەڵام مرۆڤی تەریک ئەو کەسەیە کە خۆی لەنێو مرۆڤەکانی تر دەبینێتەوە و ناتوانێت بە هیچ جۆرێک پەیوەندییان لەگەڵدا ببەستێت و پێیوایە لەلایەن ئەوانی تر دژایەتی دەکرێ. هەروەها گۆشەگیری تەنها پانتایی ژیانی سیاسی دەگرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا تەریکی هەموو ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە، لەبەرئەوە ڕژێمی تۆتالیتاری وەک هەموو ڕژێمە ستەمگەرەکان بەبێ لەناوبردنی پانتایی گشتی ژیان، واتە بەبێ لەناوبردنی وزە سیاسییەکانی مرۆڤ لەمیانەی گۆشەگیرکردنیاندا، بوونی نابێت. بەڵام باڵادەستی تۆتالیتاری، بە تەنها بە گۆشەگیرکردنی مرۆڤەکان ناوەستێت، بەڵکو ژیانی تایبەتیشیان لەناودەبات، واتە حکومەتی تۆتالیتاری خۆی لەسەر ستوونی تەریکی ڕاگرتووە، کە بە یەکێک لە ناخۆشترین ئەزموونی مرۆڤ دەژمێردرێت[3].

بۆ ئەمەش حکومەتی تۆتالیتار لەڕێگەی تیرۆر و ئایدۆلۆجیا ترس و تۆقانێک دەنێتەوە، کە لە میانەیدا مرۆڤی تەریک لە هەموو ئازادییەکی ئەو پانتاییانە بێبەش بکات. هەروەها تیرۆری گشتگیر مرۆڤەکان وا لێدەکات یەکتری بهاڕن، بەوەش مەودای نێوانیان لەناودەبات و لە جێگەیدا بە زنجیرێکی ئاسن مرۆڤەکان بە توندی پێکەوە دەبەستێتەوە، وەک ئەوەی فرەییان لە تاکە مرۆڤێکی دێوئاسا بتوێنێتەوە، بە جۆرێک ئەرکی ئەم تیرۆرە بە تەنها بنبرکردنی ئازادی یان ئازادییە سەرەکییەکان نییە، بەڵکو هەموو ئازادییەک، واتە پانتایی پێویست بە جوڵەی تاکەکەسیش لەناو دەبات. هەروەها **ئارێنت** وای دەبینێت، کە هێزی لۆجیکی ئایدۆلۆجیاش، لەو ترسەوە لەدایک دەبێت کە مرۆڤ دەست بە بیرکردنەوە دەکات، واتە هەمان ئازادترین و بێخەوشترین چالاکی مرۆیانە، کە دەتوانێت بەرامبەر پرۆسەی جەبری تەواو بوەستێتەوە، لەبەرئەوە حکومەتی تۆتالیتاری بە پشت بەستن بەم لۆجیکە هەڵدەستێت بە ناچارکردنی ویستی بێگەردی مرۆڤ بۆ چوونە ناو بزاوتی مەزنی مێژوو یان سروشت، ئەو بزاوتە مەزنەش وەک توخمێکی خۆی کە ژیان و مردن نازانێت، سوود لە ڕگەزی مرۆڤ وەردەگرێت، و پرۆسەی قوربانی و جەلاد دەستنیشان دەکات[4]. **ئارێنت** ئەم دوو ئەستوونە گرێدەداتەوە بە سازکردنی جەماوەر، واتە تیرۆر تۆقاندنێکە مەبەست لێی لەناوبردنی ئازادی دەرەکییە، ئایدۆلۆجیاش مەبەست لێی لەناوبردنی ئازادی ناوەکییە، لە کۆتایشدا

---

[1] هانا ئارێنت، بنەماکانی تۆتالیتاریزم، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٣.
[2] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٣.
[3] Hannah Arendt, The Origins of Totalitarianism, Op.cit, p p. 475-476.
[4] هانا ئارێنت، بنەماکانی تۆتالیتاریزم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٣، ٤١٧، ٤١٩.

لەناوچوونی ئەو دوو ئازادییە دەبێتە هۆی سازکردنی جەماوەر، کە بێ مەیل دەکرێن لەوەی پەناببنە بەر ئەو ڕێکخراوانەی لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش دروست بوون[1]. کەواتە، بە پێی ئەم بۆچوونەی **ئارێنت،** ئـانەوەی تـرس سـەرەکیترین ئـامرازە بـۆ بەیەکەوە بەسـتنەوەی مرۆڤـی تەریـک لە قەوارەیەکـی جەماوەرگەرادا. بۆیە **ئارێنت** لەو بارەوە دەنووسێت؛ هیچ کەس، بگرە جەلادەکانیش ئازاد نین لە دەستی ترس، گومان لە هاوڕێکانت، سەیرکردنی دراوسێ وەک جاسوس، ترس لەوەی ئەندامێکی خێزان بووبێتە جاسوس؛ ئەمە ئەو ژینگەیەیە کە تۆتالیتاریزم دروستی دەکات، ئەو جاسوسێکی فەرمی نییە کە بەپارە کار بکات، بەڵکو ئەو لەڕووی بوون بە هێزی تۆتالیتاری کار دەکات، ئەو کەسێکە کە ئێمە لە تەکیدا مامەڵە دەکەین بەبێ ئەوەی پێی بزانین. هەموو ئەمەش لەمیانەی دروستکردنی پرۆژەی تۆتالیتاریزم دایە لەمەڕ دروستکردنی مرۆڤایەتی بەپێی یاسای مێژوو و سروشت، لەبەرئەوە هەموو شتێک ڕەوا دەبێت، نەک بە تەنها لەناوبردنی ئازادی؛ بەڵکو زیندان، ئۆردوگای مەرگ، کێڵگەکانی مەرگ، هۆلۆکۆست، لەناوبردنی دانیشـتوان، خـاپورکردنی شـار، ڕاگواسـتنی نەتەوەیەک بەتەواوی، دادگـایکردنی چەنـد دەقـیقەیەک و بە ئاژەڵبوونەوەی مرۆڤ؛ هەموو ئەمانەش لەلایەن نازیزم و بەلشەفیزم ئەزموون کران[2].

کەواتە، ئەوەی لە ڕوانـگەی **ئارێنت**ەو خستمانەڕوو، ئەوەمـان پێدەڵێت: کە ئایدۆلۆجیای تۆتـالیتـار و ترس و تۆقاندنی تیرۆرەکەی نەک هەر هەموو مەوداکانی ئازادی لەبەین دەبات، بەڵکو بەردەوام دەبێت، تا ئەو ئاسـتەی مـرۆڤ وەک ڕۆبـۆتێکی ئاراسـتەکراو لە دەق و کـۆد و ڕەمـزی مەبەسـتدار دەخـاتە گەڕ، هەروەکو کۆمەڵگەش دەکاتە ئەتۆمیزە؛ واتە مرۆڤ لە هەر ئینتمایەکی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و کولتوری دادەشۆرێت، مرۆڤ دەکات بە ئامرازێکی بێگیان، مرۆڤ لە قەوارەی خەڵک، لە کۆی پێکەوەیی، لە ژیانی هاوبەش، دەکات بە جەماوەر. دیارە بوون بە جەماوەر، هەم مرۆڤ لە هەر جۆش و خرۆشێکی کردەی ئازادانە دەخات، هەمیش لە ڕۆی سایکۆلۆجییەوە مرۆڤ دەکات بە مردوو، مردوویەک کە هەم لە خۆی ڕووی تەریک دەبێت، هەمیش لە جیهانی پێکەوەیی. واتە وا خۆی دەبینێت هەروەک چۆن خۆی لەوانی تر ڕادەکات، بەهەمـان شێوەش ئەوانـی دی لەو ڕادەکەن. هەروەهـا لە کۆتـایی ئەم تەوەرەیەدا ڕەنـگە ئەوەش بکرێت بڵێین، **ئارێنت** وەک کەسێک کە قوربـانی ئەو بیابـانە بـوو، کە ڕژێمـی تۆتـالیتـاری نـازی بەرهەمـی هێنابوو، باش لەوە تێگەیشتووە، کە مرۆڤی تەنها و بێ لانەو بێ وڵات و بێ دەوڵەت هەم لە ئازادی و مافە سیاسی و پانتاییە تایبەتییەکانی بێبەش دەبێت، هەم هەردەم نێچیرێکـی بـێ بـاڵ و نادەربەستیشـە بـۆ ڕژێمـە تۆتالیتاریەکان.

## داخوازی سێیەم

## دۆخی مرۆیی و کردەی سیاسی

لە داخـوازی یەکەمـی ئەم باسـەدا باسـمان لەوە کـرد کە ڕوانـگەی نەرێنـی **ئارێنـت** لەمەڕ مـۆدێرنە هەروەک چۆن تۆتالیتاریزمی وەک دیاردەیەکی نەرێنی مۆدێرنە وەسفکرد، ئاواش بە لەدەستدانی جیهانی مرۆیـی وەسـفیکرد، ئەمەش بەهـۆی سـنورداركردنی پانتـایی گشـتی لە بەرژەوەنـدی پانتـایی تـایبەت و دەرکەوتنی زیاتری بواری کۆمەڵایەتی و سەرکەوتنی ئاژەڵی ڕەنجدەر بەسـەر مرۆڤـی داهێنەر و وێنەی کۆنی ئاژەڵی سیاسی. کەواتە لێرەدا جێی خۆیەتی بزانین ئاژەڵی ڕەنجدەر کێیە، کاروچالاکی چییە؟ مرۆڤی داهینەر و چالاکییەکانی چین، ئـاژەڵی سیاسـی کێیە، کـار و چاڵاكییەکـانی چین؟ پانتـایی تـایبەتی و پانتـایی گشـتی چـۆن هـاتنە ئـارا و جیاوازیـان چییە؟ ئەی پەیوەنـدی هەمـوو ئەمـانە بە چەمکـی ئـازادییەوە چییە؟ هەروەک چۆن ئەم پرسیـارانە گوزارشـت لە نـاوەڕۆکی بەدەستهێناوەی توانـا و بەهـا مرۆییەکـانیش دەکەن. بۆیە لەم داخوازییەدا، هەوڵدەدەین بەدوای وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەدا بگەڕێین.

دۆخـی مرۆیـی (The Human Condition)، ناونیشـانی یەکێـک لەو نووسینانەی **ئـارێنتە،** کە بۆ یەکەم جار لە سالی (١٩٥٨) بڵاویکردەوە، ئەگەر نەڵێین گرنگترینیانە، ئەوا ڕەنگە بکرێت بڵێین یەکێکە لە

---

[1] دیلان هەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

[2] فـاروق ڕەفیـق، ستەمکاری: مەملەکەتـی تـرس و لە مـرۆڤ خسـتنی مـرۆڤ و تیـرۆر کردنـی عەقڵ، خـانەی حیکمەت، چاپخانەی کەکون، چ٢، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٢، ل ل٣٢٠، ٣٢٣، ٣٢٤.

هەرە گرنگترین بەرهەمەکانی ئەو، چونکە لەو کتێبەدایە، کە دەکرێت ئاشنا بین بە ڕوانگەی ئەو لەبارەی چالاکییەکانی مرۆڤ و فەلسەفە سیاسییەکەی؛ کە لە ڕێگەی شرۆڤەکردنی ئەزموونی مرۆڤەوە هەوڵی لێکدانەوەی دۆخی مرۆیی و تواناکانی مرۆڤی داوە لە دروستکردنی جیهاندا. **ئارێنت** لەم کتێبەدا باس لە سروشتی مرۆڤ ناکات، بەڵکو سنووری شیکردنەوەکەی لەسەر ئەو توانا مرۆییانە دەوەستێت، کە پەیوەستن بە دۆخی مرۆیی. لێرەوە هەر شتێک بچێتە سنووری دەستکردی مرۆڤەوە کە بەهۆی چالاکیگەلێکەوە دێنە بوون، واتە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە دۆخی مرۆییەوە لە دایک دەبن، بریتییە لە دۆخی مرۆیی. لەبەرئەوە **ئارێنت** ئەم کتێبە بە تەنها تایبەت دەکا بە بنەڕەتترین جومگەکانی دۆخی مرۆیی و چالاکی و ئەو بۆچوونانەی لەمیانەی مەودای مرۆڤەکاندان، کە ڕەنگە بەرزترین یان بێگەردترین ئەو چالاکییانەش کە توانای مرۆڤەکانە بریتی بێت؛ لە چالاکی "بیرکردنەوە". بەڵام **ئارێنت** ئەم چالاکییە دەخاتە دەرەوەی ئەم شیکردنەوەیە، لەبەرئەوە بەشێوەیەکی دیاریکراو جەخت دەکاتەوە سەر گفتوگۆکردنی سێ چالاکی بنەڕەتی، واتە ئەو توانایانەی مرۆڤ کە بەشدار دەبن لە دروستکردنی جیهاندا، کە **ئارێنت** ئەم توانایانە لە دەستەواژەی ژیانی چالاک (Vita Activa) پێشنیار دەکات بۆ دیاریکردنی سێ چالاکی بنەڕەتی مرۆیی، ئەوانیش: (**ڕەنج** یان **بژێوی** (Labor)، **کاری داهێنەرانە** (Work) و **کردە** (Action)[*])ەن، لەبەرئەوەی هەر یەکەیان دەگونجێ لەگەڵ یەکێک لە دۆخە بنەڕەتییەکانی ژیان لەسەر ئەو زەویەی کە دراوە بە مرۆڤ[1].

لێرەوە ڕانانمان بۆ دۆخی مرۆیی و چالاکییەکانی مرۆڤ، وەک سەرەتایەک یارمەتیمان دەدات بۆ باشتر شیکاری چەمکی ئازادی لە تیۆری سیاسی **ئارێنت** دا، کە کێشە و ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەمانە؛ کە لە بەشی داهاتوو دێینە سەری. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین ئەگەرچی ئێمە لەم تەوەرەیەدا تەنها ڕاڤەی ئەو چەمکانە دەکەین کە پەیوەندییان بە باسەکەمانەوە هەیە، ئەگینا هەر هەوڵێک بۆ ئاشنابوون بەتەواوی چەمکەکانی ئەم کتێبە کارێکی بێ سنوور و تاقەت پڕوکێن دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بەشی داهاتوو زۆرێک لەو چەمکانە دێنەوە سەر ڕێمان و بە گرنگییەوە لێیان دەتوێژینەوە، چونکە پەیوەندییەکی یەکانگیریان بە چەمکی ئازادییەوە هەیە. بەو پێیەی **ئارێنت**، واتای بەرزترین چالاکی سیاسی دەدات بە کردە و جیای دەکاتەوە لە هەر یەک لە ڕەنج یان بژێوی و کاری داهێنەرانە، ئەمە وێڕای جیاوازی نێوان ڕەنج و کاری داهێنەرانە، لێرەدا هەوڵدەدەین لە لقی یەکەم، ڕاڤەی ڕەنج و کاری داهێنەرانە بکەین و لە لقی دووەمیشدا، لە کردە بتوێژینەوە.

## لقی یەکەم: ڕەنج یان بژێوی (Labor) و کاری داهێنەرانە (work)

ڕەنج یان **بژێوی** (**Labor**)، **ئارێنت** وا پێناسەی دەکات؛ ئەو چالاکییەیە، کە پەیوەستە بە پرۆسەی ژینەکی (**بایۆلۆجی**) جەستەی مرۆڤ، ئەوەی خۆویستانە گەشە و مێتابۆلیزم (Metabolism) و ئەگەری لەناوچوونی گرێدراوە بە بەرهەمە پێویستییەکانی ژیان و دەستەبەرکردنی خۆراک بۆ ئەم ڕێڕەوە زیندەییە لەمیانەی ڕەنجکێشانەوە، واتە دۆخی مرۆڤی ڕەنج لە خودی خۆیدا ژیانە. بەڵام کاری داهێنەرانە (work)، ئەو چالاکییەیە، کە پەیوەستە بە ناسروشتیبوونی بوونی مرۆڤ، کە تێیدا شتێکی جێگیر نییە، بەڵکو کار جیهانێکی دەستکرد دەدات بە شتەکان، کە بەئاشکرا جیاوازە لە هەموو ئەو دراوە سروشتییانەی دەورەیان داوین؛ کاری داهێنەرانە لەناو سنوورەکانی خۆیدا ژیانی هەر تاکێک لەخۆدەگرێت، ئەم جیهانە دەستکردە زیاتر دەمێنێتەوە و سەردەکەوێت بەسەر هەمووانــدا، لەبەرئەوە دۆخی مرۆیی کار جیهان (Worldliness)ی داهێنانە[2]. مەبەستی **ئارێنت** لە بژێوی ئەو کۆمەڵە چالاکییەیە کە بۆ ژیان و بەردەوامی ژیان پێویستن، واتە هەوڵدان بۆ خۆبەڕێوەبردن و بژێوی چالاکییەکی ڕۆژانەیە، بە تەنها

[*] (**ڕەنج** یان **بژێوی** (Labor)، **کاری داهێنەرانە** (Work) و **کردە** (Action)، لە زمانی کوردی هەر یەک لەم زاراوانە بەزۆری بە تێکەڵی بەکار دەهێنرێن، بە دربڕینێکی تر زیاتر وشەی کار لە بەرامبەر هەرسێ دەستەواژەکە بەکار دێت، بەڵام لەلای **ئارێنت** ئەم زاراوانە زۆر جیاوازن لە ڕووی واتا و چییەتییەوە، لەبەرئەوە وەک زۆرێک لە نووسەران بە کاریان هێناوە، ئێمەش وشەی ڕەنج یان بژێوی بۆ زاراوەی (Labor)، کاری داهێنەرانە بۆ (Work) و کردە بۆ (Action)، بەکار دەهێنین.

[1] Hannah Arendt, The Human Condition, Op.cit, p p. 5-7.

[2] Ibid, p. 7.

مرۆڤ ناگرێتەوە، بەڵکو ئاژەڵیش دەگرێتەوە، بەوەی ئاژەڵیش خەریکی خواردن و زاوزێیە. لەو پانتاییەدا، مرۆڤ بەهەمان شێوەی ئاژەڵ کۆت و بەندی پێداویستییە ژینەکییەکانی خۆیەتی، هەڵبەت مرۆڤی خاوەن شارستانییەت لە ڕێگەی داهێنانی کەرەسەی بەرهەمهێنانەوە توانیویەتی تاڕادەیەک خۆی لە کۆت و بەندی ئەو پێداویستییە سروشتیانە ڕزگار بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنجکێشان بۆ بژێوی ئاوێتەیەکە لە ناچاری و بێهوودەیی و بازنەی ڕۆتین و بەرهەمهێنان و خەرج کردن تێیدا دووپات دەبێتەوە؛ ئەنجامی هەوڵدان بۆ بژێوی دوبارە بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی ژیانی مرۆییە و هیچ کات ئامانجێکی بەرزی نییە و شتێکی سروشتییە. هێمای هەوڵدان بۆ بژێوی بەگشتی ئەوەیە کە هیچ شوێنەوارێکی لێ بەجێ نامێنێ و بە خێرایی خەرج دەبێ هەروەک چۆن ڕەنجکێشان بۆ وەدەستهێنانیشی زۆر ناخایەنێ[1]. کەواتە، بەم پێیە بێت، هەموو ئاژەڵان بە مرۆڤیشەوە لە پێناوی مانەوە و پاراستنی جۆریەتی خۆیان وەک یەک وابەستەی تێرکردنی پێداویستییە سروشتییە ژینەکییەکانیانن، و ڕەنج شتێکی ناچارییە و هیچ داهێنانێکی تێدا نییە.

هەر لەبەرئەوە دەبینین **ئارێنت** پێیوایە پرۆسەی ژینەکی لە مرۆڤدا پرۆسەی زۆربوون و لەناوچوونە لە جیهاندا، بەوەی ئەم دوو تایبەتمەندییە بەشێکن لە جوڵەی خولی سروشت و بەشێوەیەکی دووبارەکراوە. واتە هەموو ئەو چالاکییە مرۆییانەی لە پێویستییەوە سەرهەڵدەدەن مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بە ناچاری گرێدراوە بە دووبارەبوونەوەی خولی سروشت، کە لە خودی خۆیاندا نە سەرەتا و نە کۆتاییان هەیە[2]. واتە ڕەنج بەتەواوی بەشێکە لە ڕێکخستنی سروشت، و لەنێو چالاکییەکانی مرۆڤدا ڕەنج کەمتر شوێنی ئارەزووە؛ ڕەنج بە ڕای **ئارێنت** بریتییە لە ئازارکێشانی زیندووبوون، و مادام ڕەنج دۆخی دراوی بوونی مرۆییە، لەبەرئەوە هەڵەیەکی گەورەیە بیر لە ڕیفۆرمی سیاسییانەی ئەم چالاکییە بکەینەوە؛ لێرەوە **ئارێنت** رەخنە لە **مارکس** دەگرێت، بەوەی کە **مارکس** ڕەنج و چالاکی بژێوی کردبووە بناغە بۆ تیۆرەکەی لەمەڕ ڕزگاری مرۆڤ[3]. دیارە مەبەستی **ئارێنت** لە ڕزگاری لەلای **مارکس** وەک پێشتر لە تیۆری مارکسیزمدا ئاماژەی بۆکرا، هەمان ئەو ئازادییەیە کە بەپێی تێۆری ناوبراو بەرئەنجامی ڕزگاربوونی چینی چەوساوە و دواجار نەمانی چینایەتی و یەکسان بوونی ڕاستەقینە لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا. واتە یەکسان بوونی سەرجەم هاوڵاتیان وەک یەک لە خێر و بیری سەرچاوەی داهاتەکان و کەڵک لێوەرگرتنیان. کەواتە، لەلای **ئارێنت** پرۆسەی ڕەنج هەمیشە دووبارە بوونەوەی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانە، کە لە جەوهەردا پرۆسەیەکە دوور لە داهێنان، چونکە ئەو شتەی بەرهەم دەهێنرێ خاوەن بوونێکی زۆر تەمەن کورتە، واتە بەهۆی ئەوەی بەکارهێنانی مسۆگەرە، ئەوا ڕەنج مرۆڤەکان لەناو سروشتدا دەتوێنێتەوە، و سروشتیش ئەو مەملەکەتەیە کە سەرەتا و کۆتایی ڕەسەنی نییە[4]. بەڵام کاری داهێنەرانە (Work)، بەپێچەوانەی ڕەنج (Labor) کۆتایی دێت، ئەویش کاتێک ڕوودەدات، کە بابەتەکە تەواو دەبێت و ئامادەیە بۆ ئەوەی شتێک بخاتە سەر جیهانی گشتی شتەکان، ئەوە لەکاتێکدا ڕەنجکیشان هەمیشە لەهەمان بازنەدا دەخولێتەوە، کە لەلایەن پرۆسەی ژینەکی ئۆرگانیزمی زیندووەوە بڕیاری لێدراوە و کۆتاییەکەشی ڕەنجکێشان و ئاستەنگێک (Toil and Trouble)ە، تەنها بە مردنی ئەو ئۆرگانیزمە کۆتایی دێت[5].

واتە، بە ڕای **ئارێنت،** کاری داهێنەرانە بەو چالاکییە دەگوترێت کە سروشت تێپەڕ دەکات و لە ڕێگەی کارکردن لەسەر سروشت گۆڕان لە سروشدا پێک دێنێ و جیهانێکی دەسکرد دروست دەکات، جیهانێک کە مرۆیی و ناسروشتییە و تایبەتە بە مرۆڤ و تەنیا مرۆڤ تێیدا دەژی؛ بەرهەمی ئەو جۆرە کارە، ئامراز و کەرەسە و پیشەسازی و تەکنەلۆجیا و شوێنەوارە هونەرییەکانن. واتە ئەو شتانەی لە سروشت زیاد کراون، بەم شێوەیە مرۆڤ لە ڕێگەی هەوڵ و تێکۆشانەوە سروشت دەنێتە پشت سەر و جیهانێکی مرۆیی بنیاد ئەنێت، کولتور و شارستانییەتیش بەرهەمی ئەو جۆرە کارەن، بەرهەمەکانی کاری داهێنەر تەنها بۆ خواردن و خەرجکردن نین، بەڵکو بۆ کەڵک وەرگرتن بە واتای گشتین. کاری داهێنەر بەپێچەوانەی ڕەنج بۆ بژێوی، خولی و دوپاتکراو و دواجار بێهوودە نییە، بەڵکو جیهانی مرۆیی کولتور و شارستانییەت لە

---

[1] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٧٤-١٧٥.

[2] Hannah Arendt, The Human Condition, Op.cit, p. 98.

[3] فاروق ڕەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٠٦-٣٠٧.

[4] هەمان سەرچاوە، ل٣٠٧.

[5] Hannah Arendt, The Human Condition, Op.cit, p. 98.

درێژەی پرۆسەیەکی هێدی و هێورەوە لەدایک دەبێ. مرۆڤ و ئاژەڵ لە ڕەنجکێشان بۆ بژێوی هاوبەشن، بەڵام لە کاری داهێنەرانەدا لێک جیا دەبنەوە، چونکە مرۆڤ لە کاری داهێنەرانەدا بە ویست و ئارەزوو گۆڕان بەسەر سروشتدا دێنێت، و کارکردن بۆ بژێوی کارێکی زۆرەملێی دووپات و چەندبارەکراو و بێهوودەیە، بەڵام کاری داهێنەر چالاکییەکی ئازادانەیە و نوێنگەی سەربەستی مرۆڤە. لەبەرئەوە **ئارێنت** وای دەبینێت کاری داهێنەر، بەپێچەوانەی کار بۆ بژێوی، کارێکی تەواو تاکەکەسییە[1]. چونکە تایبەتمەندی زۆر بوون لە پانتایی خێزاندا خۆیی دەنوێنێ، کە مرۆڤەکان تێیدا بەیەکەوە دەژین، هەر لەبەرئەوە پێویستی و پێداویستییەکانیان ڕابەرایەتییان دەکات، و ئەو هێزەی ئاراستەیان دەکات خودی ژیان خۆیەتی، واتە ئەوەی پێویستی بە هاوڕێیەتی ئەوانیتر هەیە لە پارێزگاریکردنی تاکەکەس بۆ خودی خۆی و دەستگرتن بە ژیانەوە بە ڕەچاوکردنی ژیانی جۆری مرۆیی دەبێت، بەوەی پارێزگاریکردن لەمانەوەی جۆری تاکی ئەرکی پیاوە، و بەردەوامی جۆریش ئەرکی ژنە. واتە بە شێوەیەکی سروشتی کاری نێرینە بۆ خواردن و کاری مێیینە بۆ منداڵ بوون، ملکەچی خودی ناچارییە ژینەکییەکانی بوونە[2].

بەم شێوەیە ڕەنج (Labor) ئاژەڵیترین چالاکی مرۆڤە، لەکاتێکدا کار ئازادانەترین چالاکی مرۆڤە؛ کاری داهێنەرانە (Work) بە پێچەوانەی ڕەنجەوە چالاکییەکی تایبەتی مرۆڤە، تایبتمەندی سەرەکی کار بریتییە لە هەبوونی ئامانجێک. واتە هەر کارێک ئامانجی داهێنانی بەرهەمێکی تەمەندرێژە، لەبەرئەوە ئاراستە و ڕێبەری لەخۆدەگرێت، کار شتەکان دادەهێنێت، پرۆسەی دروستکردن لەلایەن ڕەگەزەکانی هۆکار و ئامانجەوە دیاری دەکرێ، ئەمەش وا دەکات بەدەستهێنانی هەر ئامانجێک کار لە پرۆسەی خولی ئاسایی ڕەنج جیا بکاتەوە. واتە هەر پرۆسەیەکی کاری داهێنەرانە ئامانجێکی بەسەردا دەسەپێنرێت کە لەلایەن سروشتەوە دیاری ناکرێت؛ بۆ نموونە: ئامانج، لە دروستکردنی مێزێک لەلایەن سروشتەوە دیاریناکرێت، بەڵکو بەسەریدا دەسەپێنرێت، لەبەرئەوە کاری داهێنەرانە یان دروستکردن بەناچاری پرۆسەیەکی توندوتیژە. **ئارێنت** دەڵێت: "توندوتیژی لە هەموو دروستکردنێکدا ئامادەیی هەیە و ئاژەڵی دروستکەر (faber homo) داهێنەری جیهانی مرۆڤە و هەمیشە وێرانکەری سروشت بووە"[3].

لەکاتێکدا ئاژەڵی ڕەنجدەر (laber Animal)، وێرانکەری جیهان بووە، ئاژەڵی دروستکەر جیهان دروستکەرە، بەپێچەوانەی ئاژەڵی ڕەنجدەرەوە کە بابەتی پێویستییەکانی ژیانی خۆیەتی، لەبەرئەوە تەنها دەتوانێت بوونی هەبێ وەک بوونێکی کویلە ئاسا، کە پشت بە سووڕی سروشت دەبەستێ، بەڵام ئاژەڵی دروستکەر سەروەری خۆی و سەروەری ئەو شتەشە کە دروستی دەکات؛ ئەوەی جیهان دروستدەکات ئاژەڵی دروستکەرە. واتە مرۆڤ وەک هونەرمەند، نەک مرۆڤ وەک ئاژەڵی ڕەنجدەر؛ بەڵام لەلای **ئارێنت** ژیانێک بێ قسە و بێ کردە ژیانێکی مردوە لە جیهاندا، هەرچەند ژیانێکی بێ ڕەنجیش، واتە مەرگ؛ کەوا بوو کاری داهێنەرانە (Work)ش دەکەوێتە نێوان ڕەنج (Labor) و کردە (Action)[4]. کەواتە، لەوەی تا ئێستا باس کرا، ڕەنگە بگەین بەوەی کە بڵێن تاکە ئامانجێک لە ڕەنج تەنها و تەنها بریتییە لە دۆخی بوونی مرۆڤ و بەردەوامی ژیانی ناچاری ژینەکی وەک سەرجەم ئاژەڵانی تر، و کاری داهێنەرانەش، ئەو کارەیە کە تایبەتمەندێتی جیهانی دەستکردی مرۆڤە، جیهانێک کە گوزارشتە لە مرۆڤی دروستکەر لە کولتور و شارستانیەت، بەڵام ئەوەی **ئارێنت** بە بەرزترین چالاکی دادەنێت و وەک جەوهەری ڕاستەقینەی مرۆڤی سیاسی و ئازاد دەیبینێت، ئەوە کردەیە.

## لقی دووەم: کردە (Action)

لە ڕوانگەی **ئارێنت**ەوە کردە (Action)، تەنها چالاکییەکە کە ڕاستەوخۆ لەنێوان مرۆڤەکاندا دەردەکەوێ بەبێ نێوەندگیری شت یان ماددەکان، بەوەی لەگەڵ دۆخی مرۆیی فرەییدا دەگونجێ،

---

[1] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥.

[2] Hannah Arendt, The Human Condition, Op.cit, p.30.

[3] Ibid, p. 139.

[4] فاروق رەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٠٩-٣١٠.

لەبەرئەوەی مرۆڤەکان نەک مرۆڤ لەسەر زەوی دەژین و نیشتەجێی جیهانن. هەروەها بە باوەڕی **ئارێنت** هەموو لایەنەکان (Aspects)ی دۆخی مرۆیی بە ڕێگەیەک بەستراونەتەوە بە سیاسەت، بەڵام فرەیی دۆخێکە- نەک بە تەنها دۆخێکی پێویست، بەڵکو دۆخێکە هەموو ژیانی سیاسی لەخۆدەگرێت. هەروەک لە زمانی ڕۆمانەکاندا، (وەک لەلای ئێمە زانراوە زۆربەیان خەڵکی سیاسی بوون) وشەکانی ( Interh esse omines)، واتە بۆ ئەوەی بژی دەبێت لەنێو مرۆڤدا بیت و وشەکانی (Inter homines esse desiner) یان کە بمری دەبێ لەنێو مرۆڤدا کۆتایت پێ بێت؛ وەک هاوواتای فرەیی بەکار هاتوون. واتە فرەیی دۆخی کردەی مرۆڤە، لەبەرئەوەی ئێمە هەمووومان چونیەکین، واتە هەمووومان مرۆڤین بەبێ ئەوەی لە یەکبچین، بەوەی هیچ یەکێک هاوشێوەی مرۆڤێکی دی بێ چ لەوانەی تائێستا ژیاون، چ ئەوانەی ئێستا دەژین یان ئەوانەی لە داهاتوودا دەژین[1]. لێرەوە **ئارێنت** گوزارە یۆنانی و چەمک و دابەشکردنە **ئەریستۆ**ییەکان بۆ بونیادی تیۆرەکەی لەمەڕ کردە ((Action)وە بەکاردەهێنێت و چوارچێوەی (Vita active) پێدادەڕێژێ؛ واتە کاریگەری **ئەریستۆ** لەو ڕووەوە کلیلێکە بۆ تێگەیشتن لە هەوڵی **ئارێنت** بۆ کردەی سیاسی پەتی (pure). کەواتە، پێویستە لەم ڕووەوە کەمێک بگەڕێینەوە بۆ تێزی **ئەرەستۆ**. لە کتێبی (**سیاسەت**)دا، **ئەریستۆ** جیاوازی لەنێوان پانتایی تایبەت (Private) و پانتایی مەدەنی و گشتی (Public) دەکات، و ئەو چالاکییانە جیادەکاتەوە کە پەیوەندییەکانیان گونجاوە بۆ هەریەکێکیان؛ پانتایی تایبەتی خێزان (Oikia)، ئابووری و چالاکییەکانی بەرهەمهێنان لە خۆدەگرێت، کە ئامانجی پاراستنی ژیانی خۆیەتی[2]. واتە یەکەمین "کۆبوونەوەیەک" کە بوونی ببێتە پێویستییەک، لەنێوان کەسەکاندا کە ناتوانن بەبێ یەکتری بژین، بۆ نموونە: ژن و مێردە. واتە خێزان یان ماڵ ئەو کۆمەڵگەیەیە کە بە بڕیاری سروشت بۆ بەدیهێنانی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی ماڵ و ئەندامەکانی هاتۆتە بوون؛ کە وەک **ئەرستۆ** باسی دەکات هاوخۆر و هاوکاسەن لە یەک کاسەدا ئاو دەخۆن؛ کەواتە، خێزان پانتاییەکە ئاسایش و پێداویستی ماددی بۆ ئەندامەکانی دابین دەکات[3].

بەڵام پانتایی سیاسی (Polis) واتە شار، ئەو شتەی **ئەرستۆ** پێی دەڵێت ژیانی چاک، شیاو و مسۆگەر دەبێت، ژیانی چاک بریتییە لە ژیان و کردەی دادپەروەر و نەجیب، چاکەی ئاکاری و ئەقڵی. بەم هۆیەوە کۆمەڵگەی سیاسی کارێک دەکات کە ئەو ژیانە شیاو و مسۆگەر بێت، ئەویش لە ڕێگەی دابینکردنی ئازادی و یەکسانییەوە بۆ ئەندامەکانی، چونکە تەنیا لە ڕێگەی بوون بە ئەندامی **جڤاکەوەیە** تاکەکەس توانا ئاکاری و (**ئەقڵ** [*])یەکانی گەشە پێدەدا؛ تەنیا لەم ڕێگەیەشەوە بە واتای وشە دەبێتە مرۆڤ. واتە تاکەکەس بتوانێ ڕۆژانە لەهەمبەر ئەو پرسانەی دەکەونە دەرەوەی ئامرازەکانی تێرکردنی پێداویستییە سروشتییەکان گفتوگۆ لەگەڵ هاونیشتمانیەکانی تر بکات؛ هاوکات وێڕای جیاوازی ئامانجی خێزان و شار، واتە پانتایی تایبەت و گشتی، بەڵام لە ڕوانگەی **ئەریستۆ**وە پێکەوە گرێدراون، بەوەی خێزان هۆکارێکە بۆ بوونی شار، واتە هەموو شێوە پێش سیاسییەکانی وەک خێزان، قەبیلە و لادێ لە ئامانجە سروشتییەکانیاندا چاویان لە شار دەبڕن بۆ کامل بوونیان، بەوەی لە پرۆسەی گەشەکردنی مرۆڤ، شار یان پانتایی سیاسی ڕەنگە دواهەمین بێت. بە ڕای **ئارێنت** ئەو جیاوازییەی یۆنانییەکان و **ئەریستۆ** لەمەڕ جیاوازی نێوان پانتایی تایبەت و پانتایی گشتی یان مەدەنی پێشکەشیان کردووە جیاوازییە لەنێوان ئازادی و ناچاری یان پێداویستی[4].

لەم سۆنگەوە **ئارێنت** باوەڕی وایە، کردە (Action) تەنها پشت بە ئامادەبوونی هەمیشەیی دەبەستێت، ئەم پەیوەندییە تایبەتییە لەنێوان کردە (Action) و پێکەوەبووندا پاساوە بۆ شرۆڤە کۆنەکەی ئاژەڵی سیاسی **ئەرەستۆ** بە ئاژەڵی کۆمەڵایەتی، کە دواتر لە شیکارکردنی **تۆمای ئەکوینی** بە مرۆڤ سیاسییە بە سروشتی

---

[1] Hannah Arendt, The Human Condition, Op.cit, p p.7-8.

[2] فاروق رەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٠.

[3] ئەرەستۆ، سیاسەت، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٥-٣٧.

[*] (**ئەقڵ**)، **ئەریستۆ** پێیوایە کاتێک مرۆڤ خۆی بێبەش دەکات (حُرِمَ) لە هێزی پێزانینی هەستی و ئەقڵی دەبێتە هاوشێوەی ڕووەک، و کاتێکیش خۆی تەنها بێبەش دەکات لە ئەقڵ وەردەگۆڕێت بۆ ئاژەڵ، بەڵام کاتێک ڕزگاری دەبێت لە شتی نابەجێ و پەیڕەوی لە ئەقڵ دەکات، ئەوا جیا دەبێتەوە لە بوونەوەرە زیندووەکانی تر، و دەبێتە مرۆڤ. بڕوانە: (د. عبدالغفار مكاوي، أرسطو دعوة للفلسفة، دار التنوير للطباعة والنشر و التوزيع، بيروت- لبنان، بلا سنة، ص٤٢).

[4] فاروق رەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٠٠-٣٠٣.

خۆی گوزارەی لێکرا، واتە کۆمەڵاتییە. بەم شێوەیە ڕەگەزی مرۆیی واتای گشتی بۆ دۆخی سیاسی بەدەستهێنا، واتە پەیوەندییە تاکییەکان بەیەکترییەوە پەیوەندی سروشتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتین بۆ جۆری مرۆیی بەهۆی پێداویستییەکانی ژیانی ژینەکی سەپێندراو بەسەرماندا، کە پیداویستی مرۆیی ئاژەڵین، لەبەرئەوە لە هزری یۆنان توانای مرۆیی لەسەر ڕێکخستنی سیاسی نەک بەتەنها جیاواز نییە لە هاوبەشی کۆمەڵایەتی سروشتی کە ناوەندەکەی ماڵ و خێزانە، بەڵکو لەگەڵیشیدا پیچەوانەیە، چونکە لە دایک بوونی دەوڵەت- شار (City-State) وای لە مرۆڤ کرد سەرەڕای ژیانی تایبەتی، جۆری دووەمیش لە ژیانی خۆی بەدەست بێنێ، ئەویش ژیانی سیاسییە. بەمەش مرۆڤ سەر بە دوو سیستمی بوونە، ژیانی تایبەتی و ژیانی هاوبەش[(1)]. کەواتە، ئەوەی تا ئێستا باسکرا خستنەڕووی ئەو جیاوازییە کە **ئارێنت** دەیەوێت پێمان بڵێت: چالاکی ڕەنج Labor) پێویستی بە ئامادەبوونی ئەوانی تر نییە، لەکاتێکدا ئاژەڵی ڕەنجدەر ناکرێ لە تەنهایی تەواودا مرۆڤ بێت، بەڵام کردە  ناکرێ لەدەرەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤ بیری لێبکرێتەوە[(2)].

هەروەها دوو چەمکی دیکەی **ئەریستۆ** کە لەلای **ئارێنت** سەرەکین، بریتین لەو جیاوازیەی **ئەریستۆ** دەیخاتە نێوان کردە (Praxis) و چالاکی بەرهەمهێن (Poiesis). چالاکی بەرهەمهێن، ئەوەیە کە چاو لە بەدەستهێنانی بەرئەنجامێک دەبڕێ، بۆ نموونە: تەلارێک کە لەلایەن ئەندازیارێکی تەلارسازییەوە دروست دەکرێ، چالاکی بەرهەمهێنی ئەندازیارەکە خۆی لە دوابەرئەنجامدا دەبنێتەوە، کە تەواو بوونی تەلارەکەیە، واتە تەلارەکە ئامانجەکەیە. کەواتە بەرهەمهێنان ئامانجێکی هەیە لەدەرەوەی خۆی، بەڵام کردە (Praxis)، بەڕای **ئەریستۆ**، کردەی چاک خۆی لەخۆیدا ئامانجە، و هۆکار نییە بۆ ئامانجێکی دیکە. لێرەوە ئەم دوو جیاوازییە دەبێتە ناودارترین خاڵی کتێبی **(دۆخی مرۆیی) ئارێنت** لەمەڕ دروستکردن (Poiesis) و کردە (Praxis)[(3)]. ئەم جیاوازیەش لەلای **ئارێنت** بە چەمکەکانی (Work) و (Action) گوزارشتی لێکراوە، و ئەو لەو باوەڕە دایە لەنێو هەموو چالاکییە پێویستییەکان و ئامادەبیەکانی ناو کۆمەڵە مرۆییەکان؛ تەنها دووان بە سیاسی دادەنرێن، ئەویش ئەوەیە کە **ئەرەستۆ** ناوی لێنا ژیانی سیاسی (bios politikos)، ئەم دووانەش، کردە (Action)، واتە (Praxis) و قسە (Speech)، واتە (Lexis)ن. لەبەرئەوە تەنها کردەو قسە سیاسین، و لەمەوە پانتایی کاروباری مرۆیی لەدایک بوو، وەک ئەوەی **ئەفلاتون** ناوی لێنا. هەرچۆنێک بێت لە کاتێکدا دامەزراندنی دەوڵەت- شار بە تەنها توانای ئەوەی دا بە مرۆڤەکان کە تەواوی ژیانی خۆیان لە پانتایی سیاسیدا بەسەر بەرن، لەشێوەی کردە (Action) و قسە (Speech)، ئەوا باوەڕێکیشی دروست کرد، کە ئەو دوو توانا مرۆییە بەیەکەوە دەگەڕێنەوە بۆ بەرزترین تواناکان، کە لە پێش هزری **سوکرات** لە دەوڵەت- شار ئامادەیان هەبووە[(4)].

کەواتە، کردە و قسە بە یەکسان و هاوواتا دادەنرێن، و هەمان پلە و جۆرن، ئەمەش تەنها واتای ئەوە نییە لەبەرئەوەی کردەی سیاسی بەشێوەیەکی بنچینەیی لەدەرەوەی توندوتیژی دەمێنێتەوە و لە واقیعدا مامەڵە لەگەڵ وشەکاندا دەکات، بەڵکو واتای ئەوەیە کە وشەکان لە چرکەساتێکی گونجاو دادەهێنرێن کە لە کردەدان، ئەمەش لە نەریت و ئەزموونی دەوڵەت- شاردا زۆرترین ڕەنگدانەوەی لەنێوان جەستە سیاسییەکاندا بەخۆوە بینی، بەڵام **ئارێنت** پێیوایە سەرەڕای هاوواتایی کردە و قسە لە ڕووی کردەی سیاسی، بەڵام دوواتر لە فەلسەفەی سیاسیدا جیاوازی ئەم دووانە دەرکەوت و لە یەکتری سەربەخۆ بوون، بەوەی زیاتر جەخت کرایەوە سەر قسە نەک کردە، واتە سەر زمان، چونکە زمان توانای قەناعەت پێکردنی زیاترە لە کردە. بۆیە کاتێک لە شار بژین هەموو شتێک دیاریکراوە لەمیانەی قسە و قەناعەت پێکردن نەک توندوتیژی، ئەمەش لە وێناکردنی یۆنانیەکان بۆ خودی خۆیان دەردەکەوێت، بەوەی ناچارکردنی خەڵکی بەهۆی توندوتیژی و فەرمان دەرکردن ڕێگەیەک بوو بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ خەڵکی دەرەوەی دەوڵەت- شار، و ماڵ و خێزان وەک ئەو سەرکردانەی بەهۆی دەسەڵاتە ڕەتنەکراوەکانیان فەرمانڕانیان دەکرد، ئەویش لە وێنەی ئێمپراتۆریە دڕندەکانی ئاسیا[(5)].

---

(1) Hannah Arendt, The Human Condition, Op.cit, p p. 23-24.
(2) Ibid, p. 22.
(3) فاروق رەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٠٤-٣٠٥.
(4) Hannah Arendt, The Human Condition, Op.cit, p p. 24-25.
(5) Ibid, p p. 26-27.

لێرەدا مەبەستی **ئارێنت** لە توندوتیژی هەمان کردەی سیاسی ئازادانە نییە، بەڵکو ئەو مەبەستی ئەوەیە لەنێوان کردە و قسە وەک چالاکی هاوواتان، بەڵام قسە توانای قەناعەت پێکردنی ئەوانی دی زیاترە لەمیانەی گفتوگۆکردندا. لەبەرئەوە **ئارێنت** پێیوایە کردە (Action)، بەرزترین چالاکی مرۆڤە، کە ئەو بوارانە لەخۆدەگرێ: **(هەنگاونان، بوێری، شۆڕش، ئامادەبوون لە پانتایی گشتیدا، داهێنان و ئەزموونی کردەی ئازاد)**، واتە کردە هەندێ لایەنی ئەزموونی مرۆڤ لەخۆدەگرێ پەیوەندی بە ئازادییەوە هەیە. لەڕاستیدا هەر ئەو واتایە لە کردە وەک بنەما و بنچینەی فەلسەفەی سیاسی **ئارێنت** دێتە ئەژمار، بەوەی لە ڕوانگەی دیاردەناسانەی **ئارێنت**ەوە هەر مرۆڤە نیشاندەری دەسپێکێکی نوێیە لە جیهاندا و دەتوانێ بابەتی نوێ بخاتەڕوو و کاری پێشبینی نەکراو بکات، چونکە هەر کەسە بوونەوەرێکی بێ هاوتا و پێشبینی نەکراوە. پانتایی کردەی ئازادیش پانتاییەکی گشتی و فرەییە کە مرۆڤەکان خۆیان دروستی دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کەسە و لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە دەڕوانێتە ئەو پانتاییە[1]. ئەمانەش هەموو ئەو توانا و بەهایانەن کە **ئارێنت** پێیوایە دەکرێت دووبارە بەدەستیان بهێنینەوە و جیهانی مۆدێرنەی پێ ڕۆشن بکەین.

لەوەی تائێستا باس کرا ئەوە دەردەکەوێت، کە بۆچوونی **ئارێنت** لەمەڕ هەریەک لە ڕەنج و کاری داهێنەرانە و کردە جیاوازە، بەوەی ڕەنج کۆمەڵە چالاکییەکە بۆ خۆبژێوی و بەردەوامی بوونی ژینەکی سروشتیانە، کە وەک چالاکی لانە و خێزان و بەردەوامی جۆری دەردەکەوێ، بەتەنها مرۆڤ ناگرێتەوە، بەڵکو ئاژەڵیش دەگرێتەوە، لە کاتێکدا کاری داهێنەرانە کارێکی تاکەکەسی و ئازادانەیە و لە خودی خۆیدا هەڵگری ئامانجێکە و تەمەنێکی دوور مەودای هەیە، و جەوهەری جیهانی ناسروشتی و شارستانیەتی مرۆڤە، ئەوا کردە چالاکییەکی کۆیە و لەنێوان مرۆڤەکاندا نەبێت نایەتە بوون. واتە کردە تەنها بە ئامادەبوونی هاونیشتمانییانی دی و لە پانتاییەکی گشتی و لە دۆخێکی فرەیی دەکرێت خۆی بنوێنێ، کردەش چالاکییەکی سیاسییە و پەیوەندیدارارە بە واتای ئازادی، بەدەربڕینێکی دی ئازادی سیاسی لەلای **ئارێنت،** واتە ئەنجامدانی کردە و قسە سیاسین، کە جەوهەر و ناوەڕۆکی ئازادی پێکدێنن. واتە مرۆڤ لە ڕێی ئەوانی دی دەتوانێت نمایشی دیدگا و بۆچوونەکانی خۆی بکات، و گفتوگۆی پرسە هاوبەشەکان بکات.

کەوابوو تێگەیشتن لە واتا و ئاماژەی ڕەنج و کاری داهێنەرانە و کردە و ڕەهەندی سیاسی کردە، ئەو دەروازەیەی بۆ کردینەوە، کە فراوانتر و باشتر واتا و ئاماژەکانی ئازادی و چەمکە پەیوەندیدارەکانی لەلای **ئارێنت** بخەینەڕوو، و ئەو دەرفەتەشمان بۆ دەرەخسێنێ، تێگەی ئازادی لەلای فەیلەسوف و هزرمەدانی سەردەمە جیاوازەکان و بەشێک لەو تیۆرانەی لە باسی یەکەمدا نیشانماندا لە پەیوەست بە چەمکی ئازادی لەگەڵ واتای ئازادی لەلای **ئارێنت** تاوتوێبکەین، چونکە لەگەڵ باسکردنی تیۆری ئازادی **ئارێنت،** بوار و تێگەیشتنی ئەو جیاوازیانە زیاتر دەردەکەون. لەبەرئەوە لە بەشی دووەم کە تایبەتە بە چەمکی ئازادی **ئارێنت،** لە هەرشوێنکدا پێویست بێت هەوڵدەدەین لەگەڵیدا ئەو جیاوازیانەش بخەینەڕوو، چونکە هەم واتای سیاسی کردە و قسە لەمەڕ ئازادی و فرەیی لەلای **ئارێنت،** و هەمیش پانتایی گشتی و چەمکی هاوڵاتیبوون و ڕوحی شۆڕش و ئامانجەکەی وەک کردەی ئازادی سیاسی، تەوەرە سەرەکییەکانی بەشی داهاتوومان دەبن. کەوابوو ڕەنگە بەبێ باس کردنی چالاکیی و توانا مرۆیەکان بەتایبەت کردەی سیاسی، کە هاوواتای ئازادی سیاسییە لە ڕوانگەی تیۆری سیاسی **ئەرێنت** دا، ڕەنگە نەمان توانیبا بەباشی هەنگاوەکانی داهاتوومان لەمەڕ واتای چەمکی ئازادی لەلای **ئارێنت** بنێین.

---

[1] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٧٥-١٧٦.

# بەشی دووەم

## ئازادی لە تیۆری سیاسی ئارێنت دا و کایەکانی پیادەکردنی

لەم بەشەدا، باس لە تیۆری سیاسی **ئارێنت** بۆ ئازادی دەکەین و ئەو کایانەش کە جێی پیادەکردنی ئازادین لەلای ناوبراو دەخەینەڕوو؛ ئەمەش دابەش دەکەین بەسەردوو باسدا، لە باسی یەکەمدا چەمکی ئازادی لەلای **ئارێنت** دەناسێنین و واتاکانی دەخەینەڕوو. باسی دووەمیش تەرخاندەکەین بۆ شیکاری ئەو کایانەی کە جێی پیادەکردن و ڕەنگدانەوەی چەمکی ئازادین لە ڕوانگەی **ئارێنت**ەوە.

## باسی یەکەم

## چەمکی ئازادی لە ڕوانگەی تیۆری سیاسی ئارێنت دا

تێگەیشتنی تیۆری **ئارێنت** لە چەمکی ئازادی تێگەیشتنێکی فراوانە، چونکە بیرکردنەوەی ئەو لە ئازادی هەمان شت یاخود بەشێک نەبووە لە کارێکی فەلسەفی کلاسیکی. واتە تێڕوانین لە ئازادی بەشێوەی چەمکێکی فەلسەفی ڕووت، بەڵکو تێڕوانینی **ئارێنت** لە ئازادی پرسێکە لە خودی خۆیدا سیاسەت پێکدەهێنێت، و هاندەر دەبێت لە بیرکردنەوە لە سیاسەت؛ پاشان خستنەڕووی پەیوەندی پرسی ئازادی بە تێڕوانین لە کرۆکی سیاسەت، بەوەی کردەیەکی ئازادە، بەم واتایەش **ئارێنت** بیرکردنەوە لە پرسی ئازادی وەک تێڕوانینێکی فەلسەفی لەمیانەی وتەزاکانی ئیرادە و هەڵبژاردن و هۆکارێتی، کە (هەموویان چەمکگەلێکی زاڵ بوون بەسەر مێژووی ئازادی و هەقیقەتی ڕاستی)دا، تێدەپەڕێنێ بەرەو دانانی چەمکگەلێک لە شوێنیان، کە گرێدراون بە کردە و گفتوگۆ و گشتێتی و پراکتیزەکردن (**الممارسة**)ەوە[1]. لەم سۆنگەیەوە ئەم باسە دابەش دەکەین بۆ دوو داخوازی؛ لە داخوازی یەکەمدا، باس لە تێگەیشتنی **ئارێنت** لە چەمکی ئازادی دەکەین. لە داخوازی دووەمیشدا، لە کردە و قسە وەک ئازادی و فرەیی دەتوێژینەوە.

## داخوازی یەکەم

## تێگەیشتنی ئارێنت لە چەمکی ئازادی

**ئارێنت** لە تێۆرەکەیدا، کاتێک دێتە سەر باسی ئازادی، دیدی خۆی لەمەڕ ئەو وێنا فەلسەفییە بۆ ئازادی دەخاتەڕوو، کە لە کۆنەوە لەلای هەندێ فەیلەسوف و هزرمەند لە ئارادبووە و هەتا دێتە ناو سەردەمی نوێ، پاشان دێتە سەر ڕوانگەی تایبەتی خۆی بۆ ئەو چەمکە، لەبەرئەوە ئەم داخوازییە دابەش دەکەین بۆ دوو لق؛ لە لقی یەکەمدا، باس لە دیدی **ئارێنت** لەمەڕ وێنای فەلسەفی بۆ چەمکی ئازادی دەکەین. لە لقی دووەمیشدا، لە ڕوانگەی سیاسی **ئارێنت** بۆ چەمکی ئازادی دەکۆڵینەوە.

### لقی یەکەم: دیدی ئارێنت لەمەڕ وێنای فەلسەفی بۆ چەمکی ئازادی

بە بۆچوونی **ئارێنت**، لە بەرژەوەندی هیچ تیۆرێکی سیاسیدا نییە، گرنگی بەو ڕاستییە نەدات، کە دیاردەی ئازادی هەرگیز لە جیهانی هزر و فەلسەفەدا بە دیار ناکەوێت؛ ئەو دیالۆگەی لەنێوان من و خودی خۆمدا لە میانەی پرسیارە دژوێژە گەورەکانی فەلسەفە و میتافیزیکدا دەردەکەون، ئازادی و دژەکەی ئەزموون نەکردووە. بەمەش بیرۆکەی ئازادی ڕاستەقینە، بەو شێوەیەی کە لە ئەزموونی مرۆیی بەدیار

---

[1] المصطفى الشادلي، حنة أرندت ونقد التصور الفلسفي للحرية، مجلة نبيّن العدد ٧/٢٥، درسات وأبحاث، الدار البيضاء، المغرب، صيف ٢٠١٨، ص٣٣.

دەکەوێت ساختەکاری تێدا کراوە، چونکە لەسەرزەمینە ڕەسەنەکەی، واتە جیهانی سیاسەت و کاروباری مرۆیی بەشێوەی گشتی، بۆ سەرزەمینی ناوەکی، بۆ ئیرادە دەگوێزرێتەوە. سەرچاوەی ئەمەش نەریتی فەلسەفییە[1]. بۆ ئەمەش **ئارێنت** میتۆدی دیاردەناسیانە (approach phenomenological) بەکاربهێنێت، لەبەرئەوە شیکردنەوەی چەمکی ئازادی لەلای **ئارێنت** پێویستی بە لەسەر وەستانێکی ورد و قوڵە، بە قوڵبوونەوە لێی، دەردەکەوێت، کە پێش هەموو شتێک **ئارێنت** هەوڵیدا بۆ ناساندنی چەمکی ئازادی، بۆ ئەمەش **ئارێنت** لە سێ سەردەمی جیاوازدا لێکۆڵینەوە لە مێژووی زاراوەی ئازادی دەکات؛ ئەوانیش بریتین لە: هزری یۆنانی کۆن، فەلسەفەی مەسیحییەت و سەردەمی مۆدێرنە[2]. لەڕاستیدا، ئەم میتۆدەی **ئارێنت** هەوڵێکە بۆ دەرکەوتنی سەرەتای چەمکەکان، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە هەم هەموو ئەو واتایانە لابەرێت کە چەمکەکان هەڵیانگرتووە، هەم ئەو بوارەش بڕەخسێت، چەمکەکان وەک خۆیان دەرکەون. بەم پێیەش تێگەیشتن لە کرۆکی ئازادی یان ڕاستییەکەی لە هەناوی خۆیدا کارێکە ئاستەنگ بۆ ئاشکرابوونی ئەم کرۆکە دروست دەکات، ئەو ڕووپۆشەش کە ناوەڕۆکی سیاسی بۆ ئازادی دەشارێتەوە، تێگەیشتنێکی میتافیزیکییانەیە، کە گرێدراوە بە ئیرادەی خود یان ئازادی هەڵبژاردن[3]. ڕەنگە ئەوە توانای تێگەیشتنمان زیاد بکات، گەر بیرمان بێتەوە لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان بەوەدا، کە ئازادی ئیرادە یان هەڵبژاردن وەستاوە لەسەر هەبوونی توانای ئەنجامدانی کارێک بەبێ ئەوەی مل بۆ کاریگەری هێزی ناوەکی کەچ بکرێت.

بەڕای **ئارێنت** دژوارترین هەوڵ بۆ تێگەیشتنی لە چەمکی ئازادی، لەو هەقیقەتەوە بەدیار دەکەوێت، کە گەڕانەوەیەکی سادە بۆ نەریتەکان یارمەتیمان نادات، چونکە وێنای فەلسەفی بۆ ئازادی، وەک ئەوەی یەکەم جار لە سەردەمی کۆندا دەرکەوت، ئازادی تێدا بەشێوەیەک نەخشێندرا، کە دیاردەیەکە لەو دیاردانەی کە مرۆڤ لە دەرەوەی جیهان بیر لە خۆی بکاتەوە؛ بۆ ئەمەش **ئارێنت** دەگەڕێتەوە بۆ نەریتی فەلسەفی لە هزری سیاسیدا، کە لەگەڵ **پارمێنیدس** و **ئەفلاتون**ەوە دەستی پێکرد، کە بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە بە پێچەوانەی دەوڵەت- شار و هاوڵاتیبوونییەوە دامەزراوە، بە ڕای **ئارێنت** ئەو شێوازەی ژیان کە لە لایەن فەیلەسوفەوە هەڵبژێردرا چەمکێکی دژ بە فۆڕمی سیاسی ژیان بوو[4]. لێرەوە **ئارێنت** گفتوگۆی ئەوە دەکات، جیهانی هاوبەش یان گشتی (Public realm)، کە لەسەردەمی دەوڵەت- شاردا شوێنێک بووە بۆ پەیوەندی نێوان سیاسەت و ئازادی، لەو میانەیەدا فەلسەفەی ئایدیاڵی **ئەفلاتون** هەوڵێک بووە بۆ بڕینی ئەم پەیوەندییە، ئەویش بەهۆی هێنانی بیرۆکەی ئازادی لە جیهانی ڕاستەقینەوە بۆ جیهانی ناوەکی یان جیهانی پیرۆز (Sanctum). لەبەرئەوە **ئارێنت** ڕەخنەی ئەوە لە **ئەفلاتون** دەگرێت، کە ئازادی دەکاتە بیرۆکەیەکی ئایدیاڵی و ئەم بیرۆکەیەش نزم دەکاتەوە بۆ شوێنێک کە مرۆڤەکان نەتوانن بەیەکەوە چێژی لێوەرگرن. هەروەها لە لایەکی ترەوە **ئارێنت**، ڕەخنەی ئەوە دەخاتەڕوو، کە **ئەفلاتون** داوادەکات بیرۆکەی ئازادی سنووردار بکرێت بۆ توانایییەکانی ژیانی بیرکەرەوانە (Contemplativa Vita) و کورتکردنەوەی ئازادی بۆ ئیرادەی کەسی. ئەمەش ڕێگری دەکات لە درک کردن بە ئازادی لە چوارچێوەی جیهانی کردەدا[5]. ئەمەش پێچەوانەی ژیانی چالاک (Activa Vita)ە، کە جێی بایەخی **ئارێنت**ە، وەک ئەوەی پێشتر لەسەری دواین. هەروەها **ئارێنت** بە شێوەیەکی ڕەخنەیی، ڕانان بۆ چەمکی ئازادی لە دیدی **هەیوانییەکان** دەکات، بەتایبەت لەلای **ئەپیکتاتوس** (Epictetus)، کە پێیوایە زۆرترین ئەرگۆمێنتی قایلکەر لەمەڕ باڵایی ڕەهای ئازادی ناوەکی، لە یەکێک لە وتارەکانی **ئەپیکتاتوس** دا بەدی دەکرێت، کاتێک دەڵێت: " ئازاد ئەو کەسەیە کە بە خواستی خۆی دەژی" بە بۆچوونی **ئارێنت** ئەو پێناسەیەی **ئەپیکتاتوس** کە لە کتێبی سیاسەتی **ئەریستۆ** دا هاتووە، بە شێوەیەکی نامۆ دەنگدانەوەی هەبووە

---

(1) حنّة آرندت، بين الماضي والمستقبل: (ستة بحوث في الفكر السياسي)، ت: عبدالرحمن بنشاق، جداول للنشر والترجمة والتوزيع، بيروت- لبنان، ٢٠١٤، ص ص٢٠٣-٢٠٤.

(2) Mehmet Kanatli, the concept of freedom in Hannah Arendt's political thought, Journal of Current Research on Social Sciences, Valume: 7, Issue: 2, Without Copyrighting place, Year: 2017, p. 105.

(3) المصطفى الشادلي، مرجع سبق ذكره، ص٣٤.

(4) حنّة آرندت، بين الماضي والمستقبل: (ستة بحوث في الفكر السياسي)، مرجع سبق ذكره، ص ص٢١٨-٢١٩.

(5) Mehmet Kanatli, Op.cit, p p. 105-106.

لە زەمانی ئەو کەسانە کە واتای ئازادی نازانن؛ بەڕای ئارێنت، جەختکردنەوەی **ئەپیکتاتوس** لەوەی مرۆڤ کاتێک ئازاد دەبێت، کە پێ نەنێتە جیهانێکەوە کە ڕەنگە بەربەست لەسەر ڕێگەی دابنێت[1]. ئاماژەیە بۆ ئەوەی، لە ڕووی تێگەیشتنەکانەوە (**المفهومات**)، ئازادی **ئەپیکتاتوس** گوزارشتە لەوەی مرۆڤ ئازاد بێت لە حەزوو و ئارەزووەکانی (**شهوات**). ئەمەش بەلای **ئارێنت**ەوە شتێک نییە جگەلە هەڵگێڕانەوەی تێگەیشتنە سیاسییە کۆنە باوەکان، ئەویش ئەو داڕمانە ئاشکرایەی ئازادییە کە لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا دەرکەوت، بەپێی ئەم تێگەیشتنە کۆنە، مرۆڤ ئازاد نابێت تەنها مەگەر شوێنێک یان خانوویەکی هەبێت لەم دونیایەدا[2]. بە بۆچوونی **ئارێنت "ئەپیکتاتوس** بەم تێگەیشتنەی پەیوەندی دەرەکی گواستەوە بۆ ئەو پەیوەندییەی کە خودی تاکەکەس تێناپەڕێنێت، لەم ڕێگەیەوە گەیشت بەوەی هیچ هێزێک بە ئەندازەی ئەو هێزە ڕەها نییە کە مرۆڤ خۆی ملی بۆ دەدات، لەوەی ئەو پانتاییە ناوەکییەی مرۆڤ تێیدا تێدەکۆشێت و جڵەوی خۆی دەگرێت، بە تەواوی پانتایی خۆیەتی، بە واتای ئەوەی زیاد لە هەر نیشتمان و شوێنێکی شیمانەیی، زۆر بە توندی لە دەستێوەردانە دەرەکییەکان پارێزراوە"[3]. تەنانەت **ئەپیکتاتۆس** گەیشت بەوەی کە بڵێت: "**کۆیلەیەکیش دەتوانێ ئازاد بێت، گرنگ ئەوەیە باوەڕی بە دوورەپەرێزی و تەنیایی هەبێت**"[4]. بەڕای **ئارێنت** لێرەوە ئازادی دەگۆڕێ بۆ تەنها هەڵبژاردنێکی خودی یان هەستێکی ناوەکی بەوەی توانای هەڵبژاردنی هەیە لەنێوان کۆمەڵێک کردە بەبێ زۆرلێکردنی ناوەکی. بەمەش ئازادی میتافیزیکی لەناو خوددا بەند دەکرێت دوور لە کارلێک کردن لەگەڵ ئەوانی دی و ئازادی کورت دەبێتەوە لە گوزارەی "من دەمەوێت، کەواتە من ئازادم" ئەوەش واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ئازادی تاک تەنها گرێدراوە بە سەروەری بەسەر ئەو کردانەدا کە لە سنووری ملکەچی ئیرادەی خۆی دان. هەرچۆنێک بێت، بە باوەڕی ئارێنت بادانەوەی ئازادی بەرەو شوناس لەگەڵ ئیرادەدا لە **ئۆگستین**ەوە دەست پێ دەکات، ئەویش لەو بۆچوونەوەیە "کە ئازادی ئیرادە هەموو جەوهەری خۆی لە توانای ناوەکی بۆ دوپاتکرنەوە یان ڕەتکردنەوە وەردەگرێت"[5].

واتە بە ڕای **ئارێنت**، تەنیا کاتێک چەمکی ئازادی چووە ناو مێژووی فەلسەفەوە کە پێشینانی مەسیحی، بە تایبەت **پۆڵس** و **ئۆگستین**، جۆرێک لە ئازادییان ئاشکرا کرد، کە پەیوەندی لەگەڵ ئازادی سیاسی نەبوو، کاتێک ئازادی وەک شتێک لە پەیوەندی نێوان خۆم و خودی خۆم، لە دەرەوەی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی ئەزموون کرا، ئیدی بووە یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی فەلسەفە. بەمەش ئازادی ئیرادە و ئازادی چەمکەکان بوون بە هاوواتا و ئامادەگی ئازادی لە تەنیایی تەواودا ئەزموون کرا، بەجۆرێک کاتێک لەگەڵ خۆمدا لە خەڵوەتم، کەس ناتوانێت ئەو تۆفانەی بەڕووم هەڵدەکات هێور بکاتەوە. ئەگەرچی **ئارێنت** پێیوایە، سەردەمە دێرینەکان دیاردەی تەنیاییان ئەزموون کردووە و باش پەیان بەوە بردووە، مرۆڤ لە تەنیاییدا یەک کەس نییە، بەڵکو دەبێتە دوو کەس لە یەک کاتدا، جا ئەو ئەزموونکردنە چ لەسەر فۆڕمی ئاخەوتن لەگەڵ خۆیدا بێت، کە لە سەردەمی **سوکرات**ەوە پێی دەڵێن هزر، یان لە ململانێ لەگەڵ خود، واتە ململانێی ناوەکی لەنێوان چی بکەم و دەمەوێت چی بکەم. هەروەها دوالیزمی ڕوح و جەستە، کە لە چوارچێوەی هزری **ئەفلاتون**دا ڕاڤەی بۆ کرا، بەوەی توانای مرۆڤ لە جوڵەکردن خرایە ئەستۆی ڕۆح، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنیاییە ناهەموارەکەی **ئۆگستین** لەنێو خودی ڕوحدا بەشێوەیەکی ڕەها نەزانراو بوو[6]. **ئارێنت** ڕوونی دەکاتەوە، ئەزموونی **پۆڵس**یش، جۆرێکە لە ئیفلیجبوونی ئیرادە، چونکە وەک ململانێیەکە لەنێوان "من دەمەوێت و من دەتوانم" یان ئەزموونێکە "من دەمەوێت و من ناتوانم" دەردەکەوێ. بەڵام ئەزموونی **ئۆگستین** ململانێیەکی ناوەکی کەمێک جیاواز بوو، ئەو ئەزموونی خۆی وەک ئیرادەیەک لێک دەداتەوە، کە پێویستە فەرمان بدات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ڕێگری بکات بە هۆی

---

[1] هانا ئارێنت، ئازادی چییە؟، و: حەمە رەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٥، ل ل١٣-١٤.

[2] حنّة آرندت، بين الماضي والمستقبل: (ستة بحوث في الفكر السياسي)، مرجع سبق ذكره، ص ص٢٠٦-٢٠٧.

[3] هانا ئارێنت، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

[4] Quoted from: Mehmet Kanatli, Op.cit, p.106.

[5] وەرگیراوە لە: حنّة آرندت، حياة العقل، ج٢، ت: نادرة السنوسي، دار الروافد الثقافية، ابن النديم للنشر والتوزيع، بيروت-لبنان، ٢٠١٧، ص١٠٧.

[6] هانا ئارێنت، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٧-٤٠.

ئیرادەیەکی دژ یان گوێڕایەڵ نەبوون بۆ فەرمانەکەی[1]. لەبەرئەوە بە بۆچوونی **ئارێنت**، لە رووی مێژووییەوە مرۆڤ ئەو کاتە ئیرادەی دۆزیەوە، کە لاوازی نەک بەهێزی ئەزموون کرد، ئەویش کاتێک بوو، کە **پۆلس** وتی: "من ئیرادەم هەیە، بەڵام نازانم چۆن چاکە ئەنجام بدەم". ئەمەش هەمان ئەو ئیرادەیە کە **ئۆگستین** بەدەستییەوە دادوبێدای بوو، بەوەی "بەشبەشکردنی ئیرادە کارێکی نامۆ نییە، ئەم بەشەیت دەوێت و ئەو بەشەی دیت ناوێت"[2]. لە ڕوانگەی **ئارێنت**ەوە، ئەمەش ململانێیەک نەبووە لە خەڵوەتگە ڕوویدا بێت لەنێوان ئەقڵ و سۆز و نێوان تێگەیشتن و دووبارە بیرکردنەوە و نێوان دوو توانای جیاوازی مرۆڤ، بەڵکو ململانێی نێوان خودی ئیرادە بوو، چونکە ئەمە ڕاڤەی **ئۆگستین**ە. هەقیقەتی مێژوویی ئەوەیە، کە دیاردەی ئیرادە لە بنچینەدا لە ئەزموونی "دەمەوێت و کردە ناکەم" خۆی دەرخست، واتە "من دەمەوێت، بەڵام ناتوانم" ئەمەش شتێک بوو بۆ سەردەمە کۆنەکان نەزانراو بوو، لەبەر ئەوەی "من دەمەوێت و من دەتوانم" بە دڵنیاییەوە لەلای پێشینان زانراو بوو. لێرەدا **ئارێنت** نموونەی ئەوە دێنێتەوە، کە **ئەفلاتون** پێداگری زۆری کردووە لەسەر ئەوەی تەنیا ئەوانەی زانیویانە فەرمانڕانی خۆیان بکەن، مافی فەرمانڕانی ئەوانی دییان هەیە و مافی ئەوەشیان هەیە لە ئەرکی گوێڕایەڵی ببەخشرێن، بەمەش خۆ کۆنتڕۆڵ کردن وەک یەکێک لە فەزیلەتە تایبەتەکانی سیاسەت مایەوە[3].

هەروەها **ئارێنت** ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەم ئیرادەیە لەگەڵ **تۆماى ئەکوینی** دا لە خزمەتی ئاکاردا دەبێ، ئەویش لە میانەی ئەوەی مەبەستی هەر کردەیەکی "دەمەوێت" چاکەیە، و مەعریفەی هەڵبژاردنی خودی پێش کردەی ئیرادە دەکەوێ بۆ ئەوەی ئیرادە بتوانێت لە خراپەدا درک بە چاکە بکات، پاشان چاکە هەڵدەبژێرێ وەک ئامانجێک بۆ ئەو ئیرادەیە. ئەمەش پرۆسەیەکە، پێویستە سەرەتا مەعریفەیەک لەسەر کۆتایی هەبێت، پاشان گفتوگۆیەک کە تایبەت بێت بە ئامرازەکان و لە کۆتایشدا بوونی ئارەزوویەک[4]. ئەگەر دەربڕینەکە گونجاو بێت، وەک لە بەشی یەکەمدا باسمان لێوەکرد، ڕەنگە بکرێت بڵێین: هەمان دیدیشمان لەمەڕ چەمکی ئازادی لەلای **سوکرات** بەدی کرد، کاتێک دەڵێت: "ئازادی هەڵبژاردنێکی ئەقڵانییە"، لێکچونەکەش ئەوەیە کە هەردووکیان، **سوکرات** و **تۆماى ئەکوینی** پێشینەیی دەدەن بە ئەقڵ بەسەر ئیرادەدا.

یەکێکی تر لە هزرمەندانی مەسیحی کە پێشتر ئێمە هیچ شتێکمان لەسەر باس نەکردوە، هەروەک چۆن هیچ ئاماژەیەکیشمان بە **پۆلس** نەدابوو، ئەویش: (**دانس سکوت**- Duns Scot)ە، کە **ئارێنت** لێرەدا لە بارەیەوە دەدوێ. **سکۆت** دووبارە پەیوەندی نێوان ئەقڵ و ئیرادە ڕێک دەخاتەوە و بەپێچەوانەی **تۆماى ئەکوینی** پێشینەیی دەدات بە ئیرادە بەسەر ئەقڵدا، بەجۆرێک بەلەلای ئەوەوە ئەقڵ تەنها ئامرازێکە خزمەتی ئیرادە دەکات، بەم واتایەش ئەقڵ بە ڕۆڵی خۆی تەنها بەهەرەیەکی خزمەتکارە[5]. لێرەوە **ئارێنت** سەرەڕای جیاوازی نێوان هزرمەدانی مەسیحی لەمەڕ ئازادی، دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی، کە "نەریتی مەسیحی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە مێژووی کێشەی ئازادیدا گێڕاوە، چونکە بەشێوەیەکی نزیکەیی ئازادی بە واتای ئازادی ئیرادە بەهەرەیەکی نەزانراوی سەردەمە کۆنەکانە، لەبەر ئەوەی ئیرادە بەو شێوەیەی مەسیحییەت ئاشکرای کردووە، لەگەڵ توانا زانراوەکانی وەک ئارەزوو و بڕیار و خواستی ئامانجێک زۆر بەکەمی خاڵی هاوبەشی هەیە، چونکە کاتێک ململانێی لەگەڵ ئەو تواناییانەدا کردووە تەنها بایەخدانی وروژاندووە. لەبەرئەوە دێرینەکان دەرکیان بەو جۆرە لە ئازادی نەبردووە. بەدڵنیاییەوە ئەمەش کارێکی بەجێ نییە، بەڵام **ئارێنت** پێیوایە، ئەگەر کەسێک بیەوێت ئەوە دووپات بکاتەوە، کە ئازادی بەر لە **ئۆگستین** هیچ ڕۆڵێکی لە فەلسەفەدا وازی نەکردوە، ئەوا هۆی ئەم هەقیقەتە سەرنجڕاکێشە ئەوەیە، کە ئازادی لە سەردەمەکانی یۆنان و ڕۆمانیدا بەشێوەیەکی دیاریکراو چەمکێکی سیاسی بووە، بەدڵنیایشەوە جەوهەری

---

[1] Ilya Winham, Rereading Hannah Arendt's "What is Freedom?": Freedom as a Phenomenon of Political Virtuosity, A Journal of Social and political theory, Vol. 59, No 131, Berghahn Books, without copyrighting place, June 2012, p. 93.

[2] وەرگیراوە لە: هانا ئارێنت، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ل٤٠-٤١.

[4] حنّة آرندت، حياة العقل، ج٢، مرجع سبق ذكره، ص١٤٠.

[5] المصطفى الشادلي، مرجع سبق ذكره، ص٣٥.

دەوڵەت- شـار و جەوهەری هـاوڵاتیبوونی پێکهێنـاوە"[1]. ئەم ئەرگـۆمێنەی **ئارێنـت** گوزارشـتە لە دوو سـەردەمی جیـاواز، وەک دوو دامەزراوە، بەوەی **ئارێنـت** وای دەبینـێ، بیـرۆکەی ئـازادی لە ئـایینی مەسحییەتدا، کە دامەزراوەیەکی دەسەڵاتداری سەردەمی ناوەڕاست بوو، بەشێوەی ئاینزای مەسیحی یاسای دەرکردووە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لە ڕێگەی خۆگۆشەگیر کردن بگەن بە ڕزگاری گیانی یان ڕوحی، لەبەرئەوە بەڕای **ئارێنت** لەم خاڵەوە لێکچوونێک هەیە لەنێوان فەیلەسوفانی یۆنانی و مەسیحییەت، بەوەی هەردووکیان هەوڵدەدەن بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لەم جیهانە (ژیانی دنیایی وەک پانتایی سیاسی)[2]. لێرەدا وا دەردەکەوێت کە لە پرسی ئازادیدا، **ئارێنت** ئەو ئەزموونەی لەسەردەمی یونان و ڕۆمانیدا هەبووە، جیادەکـاتەوە لە تێڕوانینـی فەیلەسـوفانی یۆنـانی، واتە ئەو ئەزمـوونە ناخـاتە نـاو ئەو تێـڕوانینە فەلسـەفیە دێرینەی کە هەبووە، چونکە بە ڕای ئەو ئەزموونێکی تەواو سیاسی بووە.

بەڕای **ئارێنت،** لە سەردەمی نوێشدا بێگانەیی ئازادی لە پانتایی ڕاستەقینەی خۆی **(سیاسـەت)** درێژەی هەبـوو، فەیلەسـوفە نوێخوازەکـان لەو بـاوەڕە دابـوون کە مرۆڤـایەتی بەبـێ وەستان بەرەو ئەو پێشـکەوتنە دەڕوات، کە بۆ مرۆڤایەتی ڕزگاربوون دەگەیەنێ. بەشێوەیەک هەموو ئەو شتانە تێدەپەڕێنێ، کە هۆکاری **(ئازار)** بوون بۆ مرۆڤایەتی، لەوانە: **(هەژاری، نەخۆشی** و **چەوساندنەوە)،** و بەرەو شیاوی کەماڵ بوونی (perfectiblite' La) دەبەن، بەوەی مرۆڤایەتی بە پاڵپشتی ئیرادەی خۆی هاندەدرێ بەرەو ڕزگـاربوون و ئـازادبوون لە هەمـوو ئەو شـتانەی کە ڕێـگە لە پێشـکەوتنی دەگـرن. **ئارێنـت** وای دەبینـێ، دواجـار ئەم ئیـرادەیە ون دەبـێ کە لە پشـتی ئەو ئـارەزووە سەرکێشـەوەیە، کە لە پێشـکەوتن لە بـواری زانسـتەکانەوە گوازرایەوە بۆ کاروبـاری مرۆیـی، بـۆ ئەوەی ببێتە بەرنـامەی ڕەگەزی مرۆیـی، چونکە سـەردەمی نـوێ هەمیشـە کـراوەیە بەسـەر ئەو داهـاتووەدا کە هـزر پێشـبینی دەکـات. لەبەرئەوە بەردەوام ئەم تێـزە پـاڵی پێوەدەنرا بەرەو ئەو کەماڵ بوونەی، هزر نەخشەی بۆ کێشابوو. کەواتە، بەڕای **ئارێنت** لێرەوە ئیرادە سەر لەنـوێ هاوپەیمـانێتی لەگەڵ هزردا دەبەسـتێ، لەبەر ئەوەی ئەوە هزرە درک بە شـتەکان دەکـات و وێنەی دەکێشێ و ئیرادەش دەتوانێ جێبەجێی بکات؛ لێرەوە ئیرادە لەم هاوڕێکییە مێژوویـی و هزرییەدا تەوەرەی ئەو دەسـتـاڕەیە، کە لە خولگەیـدا هەمـوو چەمکەکـانی تـر دەخـولێنەوە، بەڵام سـنووری فەلسـەفی و سەرنجگەرایی تێنەپەڕاند، بەمەش لە سیاسەت دوور کەوتەوە[3].

کەواتە، بە بۆچوونی **ئارێنت،** ئەو ئازادییەی لە پانتـایی گشـتی، کردە، دەستپێک، ئاخـاوتن و گفتوگۆی سیاسـی دەچێتە دەرەوە، و لەنـاو ئیـرادە، و دەسـەڵاتی خـود بەسـەر کردەکانیدا بەند دەکرێت، ئـازادییەکی سیاسـی نیـیە، چـونکە وتەزای ئیـرادە سـەر بە سیاسـەت نیـیە؛ بەو پێـیەی خـود جیادەکـاتەوە لەوی دی، لەبەرئەوەی بوونی توانا لەسەر ڕەتکردنەوە یـان سـەلماندن پێویستی بە کارلێـک کردن لەگەڵ ئەوانـی دی نییە، هەر وەکو پێویستی بە کرانەوەش بە ڕووی جیهاندا نییە. واتە ئەو ئازادییە لەو بازنە تـایبەتە نـاوەکییە دەرناچێ کە لە شێوەی جیهانێکی دابڕاو لە سیاسەت دایە[4]. ئەو جیهانەی مرۆڤ لە ڕێگەیەوە لە جەور و ستەم هەڵدێت بۆ ئەوەی هەست بە ئازادی بکات، هەستێکی ناوەکییە بەبێ دەربڕینێکی دەرەکی دەمێنێتەوە، پاشان لە ناوەکییەوە هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتەوە نییە. ئەمەش دیاردەیەکە لە ڕووی مێژووییەوە تازەیە، بەدەر لەو ڕوانبێژییەی لە چاخە دێرینەکاندا گوزارشتی لێکراوە، لە بنچینەدا لە دەرئەنجامی نـامۆبوون لە جیهـان هـاتە ئـاراوە؛ واتە کاتێـک ئەزموونەکـانی ژیـانی گشـتی وەرگـۆڕان بـۆ ئەو ئەزمـوونەی خـودی تاکەکەس تێناپەڕێنێت. لەبەرئەوە ئەزموونەکانی ئازادی ناوەکی ئەزموونی بنچینەیی نین، بەڵکو هەمیشـە لەو جیهـانەی ئـازادی تێیدا زەوتکراوە دوور دەکەوێتەوە و پەنـا بـۆ قـوڵایی نـاوەکی دەبـات، کە هیچ کەس ناتوانێت پێی بگات، لەبەرئەوە **ئارێنت** ڕای وایە، ئەوانەی مەرجی ئەزموونی گشتیان لەدەست دا بە کۆی بیـروڕای سـەردەمە تازەکـان و تەنـانەت ناوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدەهەمیش پێشـمەرجی ئـازادی بـوو، واتە لەدەسـتدانی ئـازادی سیاسـی لـێکەوتەوە[5]. کەواتە، ئەو دەرئەنجـامەی دەکرێـت لەم دیـدەی **ئارێنـت** لەمەڕ

[1] هانا ئارێنت، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٧-٣٨.

[2] Mehmet Kanatli, Op.cit, p. 106.

[3] المصطفى الشادلي، مرجع سبق ذكره، ص ٣٦.

[4] حنّة آرندت، حياة العقل، ج٢، مرجع سبق ذكره، ص١٤٠.

[5] هانا ئارێنت، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٢-١٣.

وێنـای فەلسـەفییانەی چەمکـی ئـازادی، بەدەسـتیبهێنین ئەوەیە، کە ئەو ئـازادییەی خەسـڵەتێکی هـزری لە ڕوانگەی فەیلەسوفانی یۆنانی و سـەردەمی نوێ وەرگرتـووە، و ئادگـارێکی ئیرادەی نـاوەکی لە فەلسـەفەی مەسیحییەتدا هەڵگرتووە، ئازادییەکی میتافیزیکییە، ئەویش لە دوو شیمانە زیـاتر تێپەڕ ناکـات؛ یـان ئەوەتـا مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەن ئیرادەیەکی ئـازادە یـاخود نەخێر مرۆڤ خـاوەن ئیرادەیەکـی ئـازاد نییە. واتە ئازادی ناوەکی مرۆڤ ئەوەیە، یان هەیەتی یان نییەتی، بوون و نەبوونی ئەو ئیرادە ئازادەش، وەک ئەوەی لە بەشـی یەکەم، لەبـارەی چەمکـی ئـازادی لە هزری مەسیحی و ئیسـلامی پێیگەیشـتین، یـان پەیوەسـتە بە ئیرادەی خوداوە یان هێز و پاڵنەر ناوەکییەکان، کاریگەرییان هەیە لەسـەر ئیرادە. کەواتە، ئـازادی نـاوەکی ئەوەیە، کە دەکرێت مرۆڤ لە دەرەوەی هەموو هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کولتوریدا ئازاد بێت، تەنانەت لەنێو زیندان و دۆخی کۆیلەبوونیشدا، ڕەنگە ئەو وتەیەی **سوکرات** کە لە بەشـی یەکەم ئاماژەمـان پێدا؛ بەدرێژایـی ئەو مـاوەیەی زینـدان بـووم، ئـازاد بـووم، چـونکە بە پێـی ئەقڵ جـوڵاومەتەوە، نموونەیەکی باش بێت. کەواتە ئازادی ئیرادە، دوور لە جیهانی ڕاستەقینەی سیاسەتە و ناتوانێت لە جیهـانی تاریکی ناوەکی مرۆڤ بێتە دەرەوە. مرۆڤیش هەر کاتێـک دەسـتبەرداری ئـازادی بێـت بەهۆی ڕاکـردن لە جەور و ستەمی دەرەکی، نەک تەنها ئازادی، بەڵکو کۆی ئەزموونی گشتی لەدەست دەدات. ئەمەش وامـان لێدەکات لە ڕەهەندی فەلسەفیەوە بەرەوە ڕەهەندی سیاسیی ئازادی بڕۆین، کە جێگەی دڵخوازی **ئارێنت**ە.

## لقی دووەم: ڕوانـگەی سیاسی ئارێنت بۆ چەمکی ئازادی

وەک **ئارێنـت** دەڵێـت: "ئـازادی هەروەکـو ئەوەی کە بە سیاسـەتەوە گرێـدراوە، دیـاردەیەکیش نیـیە لە دیاردەکـانی ئیـرادە، و ئێمە لێرەدا سـەروکارمان لەگەڵ ئازادی ئیرادەدا نییە، بەڵکو ئەوەی لێـی دەدوێین **(ئازادی سیاسی**[*]**)**یە"[1]. لەم سۆنگەیەوە **ئارێنت** درکی بەوە کرد، تێگەیشتن لە ئازادی بەبێ گەڕانەوە بۆ یۆنـان و ڕۆمـان شتێکی شیان نابێت، چونکە پێیوابـوو ئەوان بـاش لە تێگەی ئـازادی تێگەیشـتبوون، لەو بارەوە کە **"واتای سیاسەت ئازادییە"** ئەمەش واتایەکی سادە و بڕواپێکراوە، و تا ئێستاش وشەی سیاسـەت لە هەمـوو زمـانە ئەوروپییەکـان لە وشـەی پـۆلیس (Polis)ی گـریکییەوە داڕێـژراوە[2]. لێـرەوە **ئارێنـت** شیمانەی ئەوە دەکات، کە سیاسەت شتێکە پەیوەندی بە ئـازادییەوە هەیە، لەبەرئەوە پێیـوایە، ئەگەر ئـازادی ئامانجی سیاسەت بێت، ئەوا ئازادی لەو شوێنە دەست پێدەکات، کە کردەی سیاسی دەوەستێ، ئەمەش نزیکە لەو واتایەی کە دروستکراوێک لەو چرکە ساتەوە دەست پێدەکات کە دروستکەر دوا کاری لەسەر دەکـات، بەڵام ڕستەی "واتـای سیاسـەت ئـازادیە" واتـایەکی زۆر جیـاواز دەگەیەنـێ، بەوەی ئـازادی چەمکـێکە لە سیاسەت و چالاکییەکانیدا[3]. کەواتە، بە ڕای **ئارێنت**، بەبێ ئازادی، ژیانی سیاسی بە واتای وشە واتایەکی نابێت، ئـازادی ئەوپەڕی ئامـانجی بـوونی سیاسـەتە و کـردەش گۆڕەپـانی پیـادەکردنییەتی[4]. و لەدەرەوەی

---

[*] **(ئازادی سیاسی)**، ئازادی سیاسی یان ئازادی بە واتا سیاسییەکەی، شتێک نییە خۆی بەوە خەریـک بکـات ئایـا مرۆڤ چ جەوهەر یان سروشتێکی هەیە؟ ناپرسێت ئایا مرۆڤ لەناو خۆیدا بوونەوەرێکی ئـازادە یـان نـا؟ بەپێچەوانەوە ئـازادی بە واتـا سیاسییەکەی دەپرسێت: ئایا کۆمەڵگە بەو شێوەیە ڕێکخراوە بتوانێت یـارمەتی مرۆڤ بـدات ئـازاد بێـت، یـاخود کۆمەڵگە بەو شێوەیە ڕێکخراوە ڕێگر بێت لەبەردەم ئازادی مرۆڤدا؟ واتە تێگەیشتن لە ئازادی بە واتـا سیاسییەکەی بەرەو پرسیارکردنمان دەبـات لەبـارەی چۆنیەتی ڕێکخسـتنی کـۆمەڵایەتی، چۆنیەتی کـارکردنی دەسـەڵات، چۆنییەتی ڕێکخسـتنی پەیوەنـدی نێـوان کۆمەڵگە و دەسەڵات. لێرە پرسیاری ئـازادی پرسیارێکی میتـافیزیکی نییە لەبـارەی جەوهەری شیمانەکراوی مـرۆڤ، بەڵکو پرسیارێکی مێژووییە لەبارەی چۆنیەتی ڕێکخستنی کومەڵگە و چۆنیەتی ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەو کۆمەڵگەیەدا. ئـازادی لێرەدا واتای ئازادیە لە دنیادا، لە کۆمەڵگەدا، لە پێکەوەبوون و لەگەڵ ئەویدی بووندا، لە پەیوەندی مرۆڤ بەو ژینگە سیاسـی و کولتوری و دەزگاییەوە، کە تێیدا دەژی، نەک پەیوەندییەکی دەروونـی ناوەکی شیمانە کـراو. بڕوانە: (مەریـوان وریـا قـانیع، سیاسەت و دونیا، دەزگای ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ئاوێنە، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ل٣٥-٣٦).

[1] هانا ئارێنت، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

[2] Hannah Arendt, The Promise of Politics, Edited and with Introduction by Jerome Kohn, Schocken Books, New York, 2005, p p.108,114.

[3] حنـة أرنـدت، مـا السياسـة؟، ت: د. زهير الخويلدي و سلمى بالحـاج مبروك، دار الأمـان/ منشورات الإختلاف/ منشـورات ضفاف، الرباط/ الجزائر/ بيروت، ٢٠١٤، ص٢٥.

[4] هانا ئارێنت، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

ئەوەدا ناکرێت قسە لە ئازادی بکەین تەنها بەشێوەی ئەوەی کە ئازادی هەستێکە، نەک واقیعیەت یان کردە و پراکتیزەکردن. لەڕاستیدا تێگەیشتنی **ئارێنت** لە ئازادی تێگەیشتنێکە بەتەواوی پەیوەستە بە سیاسەت لە میانەی چەمکگەلێکی پەیوەندیدار پێیەوە؛ وەک پانتایی گشتی، دەسەڵات، شار، گفتوگۆ، فرەیی و یەکسانی، هاوڵاتیبوون، شۆڕش و بوێری. ئەمانەش هەموویان چەمکگەلێکن لەناو خۆیاندا لێکئاڵاو و بەناویەکداچوون و لە یەک خولگەدا دەخولێنەوە، ئەویش کردە (Action)یە، کەواتە ئەم چەمکگەلە دەمان بات بەرەوە قسەکردن لە ئازادی، بەوەی ئازادی کردەیەکە لەناو پانتایی گشتیدا لە میانەی مشت و مڕ و گفتوگۆ (**النقاش والحوار**) لەنێوان تاکەکەسە یەکسانەکاندا بەدەست دەهێنرێت، بەو پێیەی هەر یەکێک مافی ئەوەی هەیە کە گوزارشت لە ڕای خۆی بکات[1].

کەواتە، ئەوەی **ئارێنت** لە تیۆرەکەیدا بۆ ئازادی باوەڕی پێیەتی و دەیەوێت زیندووی بکاتەوە و لەهەمبەر ئازادی لەسەردەمەکانی ناوەڕاست و تیۆرە سیاسییەکانی سەردەمی نوێ تاوتوێی بکات، ئەو بەشەیە لە کولتوری سیاسی یۆنان، کە ناوبراو بە جەوهەری ڕاستەقینەی ئازادی سیاسی دەزانێت. واتە هەمان ئەو ئازادییەی کە ئێمە لە بەشی یەکەمدا سەبارەت بە چەمکی ئازادی لە دەوڵەت- شاری یۆنانی بەدرێژی لەسەری دواین، هەمان ئەو ئازادییەی کە وەک مافی بەشداریکردنی هەموو پیاوانی ئازاد لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە ماکی دەوڵەت- شار و سیستمە دیموکراسییەکەی بوو، یان هەمان ئەو ئازادییەی لە گێڕانەوەکانی **هیرۆدوت** وەک واتای وشە (**دەربڕین**) لە پانتایی گشتیدا وەک مافێکی یەکسان بۆ هەموان بێ جیاوازی دەستەبەر بوو؛ یاخود ئەو ئازادییەی لە ڕۆمانی کۆن لە ئارادابوو.

کەواتە، بە بۆچوونی **ئارێنت**، دەوڵەت- شارەکانی یۆنان نموونەیەکی سەرەکی پانتایی کردەی گشتی و ئازادی بوون، و ئازادی وەک دیاردەی سیاسی لەگەڵ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی دەوڵەت- شارەکانی یۆنان لەدایک بوو. **ئارێنت** لە زمانی **هیرۆدوت**ەوە وەک دۆخێک وێنای دەکات، لەو دۆخەدا هاوڵاتیان بەبێ ئەوەی کەس فەرمان بەسەر کەسێکی تردا بدات و جیاوازییەک هەبێت لەنێوان فەرمانڕەوان و فەرمانڕەوانیکراواندا بتوانن پێکەوە بژین. لەبەرئەوە بە باوەڕی **ئارێنت** دەبێت سیاسەت وەک ئەوەبێت، کە لە دەوڵەت- شارەکانی یۆناندا هەبووە، وەک چۆن لەوێدا پانتایەکی گشتی هەبوو کە پانتایی کردەی ئازاد و گشتی، واتە کردەی سیاسی هاوڵاتیان بوو، کە جیابوو لە پانتایی ماڵ وەک پانتایی تایبەت و گەورەکان و ئازادەکان لەو کۆت و بەندی پێداویستی سروشتی ڕزگاربوون و لە پانتایی گشتی ئاگۆرا (Agora)دا لەگەڵ هاوڕێیانیاندا بەشداریان دەکرد لە کردەی سیاسیدا[2].

لەڕاستیدا لە ڕوانگەی **ئارێنت** بێ ئەوەی تاڕادەیەک ئەزموونەکانی سەردەمی یۆنان و ڕۆمان وەرنەگرین، ئیدی چ پێشتر یان پاشتر، بەشێوەیەکی زۆر قوڵ بیرمان لە کردەی سیاسی نەکردۆتەوە، چونکە کۆمەڵگە سیاسییە کۆنەکان بۆ خزمەتی ئازادەکان هاتنەگۆڕێ، ئەوانەی کۆیلە نەبوون و لەلایەن ئەوانی دییەوە نەدەچەوسێنرانەوە و کرێکاریش نەبوون پێداویستییەکانی ژیان بیانجوڵێنێت و هانیان بدات؛ واتە ئامانج لە شار خوڵقاندنی کەشێکە، ئازادی وەک لێهاتوویی هونەری بتوانێت تێیدا دەرکەوێت و بوونی خۆی بپارێزێت[3]. ئەمەش واتای ئەوە نییە کە **ئارێنت** سیستمی کۆیلایەتی بەلاوە پەسەند بوو بێت، بەڵکو یەکێک لەو چەمکانەی ناوبراو وەک یەکەم فەزیڵەتی سیاسەت بانگەشەی بۆ دەکات ئازایەتییە، کە بە باوەڕی ئەو کەسێک دەتوانێت ئازاد بێت، کە ئامادەیە ژیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە و سەرکێشی بکات و ئازایەتی بنوێنێ، ماڵ و ژیانی تایبەتی تێپەڕێنێ و بتوانێت لەگەڵ ئەوانی دی پەیوەندی ببەستێ و پانتایی گشتی ئازادی بەرجەستە بکەن. چونکە بەڕای **ئارێنت** ئەو کەسەی بە خۆشەویستییەکی زۆرەوە دەستی بەژیانەوە گرتووە، ئەوا ناتوانێت روحێکی ئازادی هەبێت و بە کۆیلەیی دەمێنێتەوە[4]. کەواتە، بە بۆچوونی **ئارێنت**، ئەم جۆرە ئازادیە بە شێوەیەکی زۆر ڕوون ڕزگاربوون پێشی دەکەوێت؛ واتە بۆئەوەی مرۆڤ ئازاد بێت، دەبێ خۆی لە پێویستییەکانی ژیان ڕزگار بکات، لەبەرئەوە ڕزگاربوونی پەتی پێویستی بە هاوڕێیەتی کەسانی دی هەیە کە لە هەمان حاڵەت دان. هەروەها بۆ یەکتربینین و جیهانێکی ڕێخراوی

[1] المصطفى الشادلي، مرجع سبق ذكره، ص٣٧.
[2] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٧٦-١٧٧.
[3] هانا ئارێنت، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٠-٣١.
[4] حنة أرندت، ما السياسة؟، مرجع سبق ذكره، ص ص٤٢-٤٣.

سیاسی، پێویستی بە کەشێکی هاوبەش هەیە، کە مرۆڤی ئازاد بتوانێت خۆی بە قسە و کردە بسەلمێنێت[1]. ئەم تێروانینەی **ئارێنت** ئەوە دەگەیەنێت، ئەوانەی تەنها لە خەمی بژێویدان و جگەلەوە بیر لە هیچی تر ناکەنەوە، ناتوانن سیاسەت ئەزموون بکەن و ببن بە شۆڕشگێر و ناتوانن بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی وڵاتدا بکەن، چونکە هێشتا لە کۆت و بەندی زەرورەت و پێداویستییە ژینەکییەکاندان، واتە لە کۆت و بەندی نان دان و ئازاد نین، چونکە سیاسەت جێگەی کەسانی ئازاد و بەرابەرە.

بەڵێ، بە تێروانینی **ئارێنت،** تێگەیشتن لە ئازادی بەوەی ئەزموونی سیاسییە، گەڕانەوەیە بۆ دواوە بەرەو ئەزموونی سیاسی یۆنان و ڕۆمان و بەرەو ئەزموونی دەڵەت- شار (Polis) و ئەزموونی کۆماری (Res publica[*]). بەشێوەیەک نیشانەگەلی ئەزموونی دەگمەنی بەرجەستە کرد، کە خۆی لە توانایاندا بەسەر دۆزینەوەی گفتوگۆی گشتی ئازاد سەبارەت بە کاروباری گشتی دوور لە توندوتیژی و زۆرلێکردن دەنواند. ئەم ئەزموونە لە پانتای گشتی، بۆ **ئارێنت** سەرەتایەکی مەزن بوو، سەبارەت بە تێگەیشتن لە ئازادی یان سیاسەت، چونکە لەسەردەمی یۆنانی و ڕۆمانە کۆنەکاندا، ئازادی چەمکێکی سیاسی ڕووت بوو[2]. واتە (**ئەزموونی یۆنانی بۆ پانتایی سیاسی و ئەزموونی ڕۆمانی بۆ دامەزراندن**)، بەند بوو بە توانای هەر تاکێک لەسەر کردە، دەستپێکردن، دامەزراندن، دۆزینەوەی شتێکی نوێ لەم جیهانەدا. دەستپێک بەوەی کە کردەیە، و (Agir) لە (Agere) داتاشراوە واتا شتێکی جوڵاند، و (Gerere) واتە خولانەوەی شتێک و بەردەوامییپێدانی؛ ئەمانەش خەسڵەتگەلێکن بۆ هەموو هاوڵاتییەکی ئازاد، کە بتوانێت شتێکی نوێ بهێنێتە بوون. لەو ڕووەوە کە توانای لەسەر کردە و قسە و ئاخەوتن و کارلێککردنی لەگەڵ

---

[1] هانا ئارێنت، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

[*] (**Res publica**)، لە هزری سیاسی کۆن چەمکی حکومەتی کۆمار لەهەمبەر حکومەتی پاشایەتی بەکار دەبرا، بەم واتایە کۆمار، حکومەتێکی ئازاد بوو کە تێیدا خەڵک، بێ ترس لە دەسەڵاتی سەرەڕۆ شار و وڵاتی خۆیان بەڕێوە دەبرد. کەوابوو حکومەت نەک خاوەندارێتی تایبەتی پاشا، بەڵکو ئیش و کاری گشت (Res publica)ی، خەڵک بوو، دەکرێت دەوڵەت- شارەکانی یۆنان وەک قەوارە سەرەتاییەکانی کۆماری لێکبدرێنەوە، کە تێیدا هاوڵاتیان بەسەرخۆیاندا فەرمانڕانیان دەکرد. بەڵام ئەزموونی فراوانتری حکومەتی کۆماری، لە کۆماری ڕۆمانیدا دەرکەوت، کە هەوڵاتیانی کۆمارەکان دەبوایە بەرپرسیارێتی سەربازی و حکومەتیان هەبوایە؛ بەوەی هەم بە مەبەستی بەرخوردی سەرکەوتنەکانی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری بیانی و لایەنگرانی ناوخۆیی لە دیکتاتۆری و ستەم، هەمیش بۆ بەرگری لە ئازادی و حکومەتی ئازاد، پێویستیان بە بوێری و نەترسی و نیشتمانپەروەری و شەرکەری بوو. دوای هەزار ساڵ، جارێکی دیکە لە سەدەی دوانزەهەم دا حکومەتی کۆماری و ئەندێشەی کۆماریەت لە دەوڵەت- شارەکانی ئیتاڵیاوە وەک (**وێنیز** و **فلۆرانس**) زیندوو کرایەوە؛ لەو کۆمارانەدا ئەنجوومەنی گەل و دامەزراوەی جۆراوجۆر و پۆستگەلی زۆر بۆ گەرەنتی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان هاوڵاتیاندا بەڕێوە دەچوو، بەشێوەیەک بەشێکی زۆر لە هاوڵاتیان دەیانتوانی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشداری بکەن، بەڵام ئەم کۆمارانە لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست لەگەڵ مەترسی هێرشی حکومەتە پاشایەتییە نوێیەکان و سەرهەڵدانی دەسەڵاتدارانی سەرکوتکەر لەناوخۆیاندا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە. هەروەها (**نیکۆلۆ مەکیاڤیللی/ ١٤٦٩- ١٥٢٧**)، تیۆرسێنی سیاسی ناوداری سەردەمی ڕێنسانس سەرچاوەی ئەندێشەی کۆماری بوو، ناوبراو لە پێویستی پەروەردەکردنی هاوڵاتیانی ئازاد و ئازا بۆ بەرگری لە شارەکەی خۆیان، و هاندانی هاوڵاتیان بۆ بەشداریکردن لە حکومەت و گوێڕایەڵیکردنی دەسەڵاتداران قسەی دەکرد. نووسەر و تیۆرسێنی سیاسی بەریتانی (**جیمز هرینگتون/ ١٦١١- ١٦٧٧**)یش یەکێکی دی بوو لە پارێزەرانی کۆماری، کە لە کتێبی (**وڵاتی ئۆقیانووس/ ١٦٥٦**)دا وێنایەکی لە (**شاری چاک**)ەی کۆماری ئایدیاڵی هێنایە ئاراوە، کە تێیدا هاوڵاتیانی ئازاد و جەنگاوەر بە نۆرە لە بەڕێوەبردنی کۆماردا بەشداری دەکەن. هەروەها لە سەدەی هەژدەهەم **ڕۆسۆ** لە کتێبی (**پەیمانی کۆمەڵایەتی/ ١٧٦٢**)ی خۆیدا، ئامانجی کۆماری کلاسیکی جارێکی دیکە زیندوو کردەوە؛ کۆماری دڵخوازی **ڕۆسۆ** لەسەر بوونی یاسادانەر وەک نوێنەری ئیرادەی گشتی، بەشداری ڕاستەوخۆی خەڵک لە پرسی حکومەت، کۆمەڵگەی مەدەنیدا. واتە پەیوەندی مەدەنی و بەڵێندەری بە ئیرادەی گشتی کۆمەڵگە و ڕۆحیەتی جەنگاوەرانەی هاوڵاتیان ڕاوەستابوو. لە بەرامبەردا لە سەردەمی نوێدا، کۆماری لەگەڵ ڕوحیەتی بازرگانی و تاکگەرایی پەیوەندی زۆری پەیدا کرد. لەم ڕووەوە لە ڕوانگەی **بنتام**، کۆمار وەک حکومەتێکی سودگەرا ڕاڤەی بۆ کرا، کە تێیدا داخوازییە تایبەتییەکانی خەڵک جێبەجێ دەبێ و حکومەتیش لەبەرامبەر ئەم داخوازیانەدا بەرپرس دەبێ. بەم شێوەیە لە سەدەی نۆزدەهەم دا ئەندێشەی کۆمار زۆر لە تایبەتمەندییەکانی کلاسیکی خۆی لەدەست دا و بوو بە کۆماری لیبراڵ یان بورژوازی مۆدێرن، کە تێیدا لەبری واتای ئازادی لە بەرگریکردن لە دەوڵەت- شاری ئازا و جەنگاوەر و چالاکی گشتی، ئازادییەکان و مافی تایبەت بە سەردەمی ئاشتی شاردرابوونەوە. لەبەرئەوە هەندێک لە نووسەران کەوتنە ڕەخنە لە کۆمارە لیبراڵەکان، یەکێک لەوان: **ئارێنتە،** کە بە ڕای ئەو، کۆماری لیبراڵ و سەرمایەداری مۆدێرن، ڕوحیەتی تایبەتی خستۆتە جێی ڕوحیەتی گشتی تاک لە کۆماری کلاسیکدا. بڕوانە: (د. حسێن بەشیریە، زانستی سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٥٦-٢٥٨).

[2] المصطفى الشاذلي، مرجع سبق ذكره، ص ص٣٧-٣٨.

ئەوانی دی هەبێت. بەڵام ئازادی لەلای ڕۆمانییەکان، هاوواتای کردەی دامەزراندنە، واتە ئەو کردەیەی ڕۆمانی بونیادنا وەک سەرەتایەک بوو بۆ مێژووی دەوڵەتی ڕۆمانی، ئەمەش نموونەیەک بوو کە کردەی سیاسی بە دوای خۆیدا هێنا لە کۆمەڵگەی ڕۆمانیدا. لەڕاستیدا ئەم تێگەیشتنە بۆ ئازادی دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ ئازادی بەواتای توانا لەسەر هەڵبژاردن و سەربەخۆیی خود، بەڵکو ئازادی وەک بەشداریکردنی کارا و بەردەوامی تاک لە دەسەڵاتی بەکۆمەڵ پێکدێت، واتا توانای تاک لە دانانی کاریگەری لەسەر ژیانی گشتی وەک بکەر (Subject) نەک شوێنکەوتە، بەبێ گرنگی دان بە ژیانی تایبەت، بەوەی بەشێک نەبووە لە ژیانی سیاسەت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە، تاک گەورە **(سید)** بێ لە کاروباری گشتیدا[1].

کەواتە، لە ڕوانگەی ئارێنتەوە، هۆکاری سەرەکی پێکەوە ژیانی خەڵک لەناو ڕیکخراوە سیاسییەکاندا، بەبێ ئازادی، ژیانی سیاسی هیچ واتایەکی نابێت، لەبەرئەوە هۆکاری سەرەکی بوونی سیاسەت ئازادییە، و سیاسەت نوێنگە و پێگەی دەرکەوتنی ئازادییە[2]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەر جوڵە و کردەیەکی بەکۆمەڵ شیمانەی بەرجەستەبوونی دەسپێکێکی نوێ دەخوڵقێنێت، دەسپێکێک کە دەرفەت و دامەزراوەی گشتی بێنیتە ئاراوە بۆ بەشداریکردنی تاکەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی، گفتوگۆ و ئاخەوتن لەسەر پرسە گشتییەکان، ئەویش لە میانەی پێکەوەبوون و دروستکردنی کاریگەری. ئەمانە سیما ڕاستەقینەکانی ئازادی سیاسین بەلەلای **ئارێنت**ەوە.

بەڵام گرنگە ئاماژە بەوەش بکەین، **ئارێنت** جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بەدڵنیاییەوە هەموو فۆرمەکانی پەیوەندیکردن و هەموو کۆمەڵگاکان بە ئازادی ناناسرێنەوە، ئازادی لەو شوێنەدا هەیە، کە مرۆڤەکان پێکەوە دەژین، بێ ئەوەی دەستەیەکی سیاسی ئەوتۆ دروست بکەن، یەکێک لەو فاکتەرانە بێت، کە کۆنترۆڵی کردە و ڕەفتاریان بکات. لەبەرئەوە لە ڕوانگەی **ئارێنت**ەوە کاتێک ئەو جیهانەی مرۆڤ دروستی کردووە، نابێتە شوێنێک بۆ قسە و کردە، ئیدی ئازادی نابێتە واقیعێکی ماددی؛ **ئارێنت** نموونە بەو کۆمەڵگایانە دێنێتەوە، کە لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە فەرمانڕانی دەکرێن، کە تاکەکانی لەناو ماڵەکانیدا گۆشەگیر دەکرێن، ئەوەش دەرنەکەوتنی پانتایی گشتی لێدەکەوێتەوە. بەمەش تێیدا ئازادی ناتوانێت ڕووی خۆی ئاشکرا بکات، و لەناو دڵی مرۆڤدا وەک ئارەزوویەک، ئیرادەیەک، ئاوات و تاسەیەک یان خولیایەک دەمێنێتەوە و ناتوانرێت ناوی واقیعێکی سیاسی لێبنرێت، چونکە ئازادی وەک واقیعێکی بەردەست و سیاسەت وەک دوو ڕووی دراوێک پێکەوە گرێدراون[3].

لەگەڵ ئەوەشدا، بە بۆچوونی **ئارێنت** پێکەوە گرێدانی سیاسەت و ئازادی ناتوانرێت لە سایەی ئەزموونە سیاسییەکانی ئێستاماندا وەک کارێکی بەڵگەنەویست وەربگیرێت، چونکە هەندێک لە سیستمەکان، وەک ئەوەی لە بەشی یەکەم ئاماژەمان پێدا، لە نموونەی: باڵایی تۆتالیتارییەت بەسەر مافی ئازادی لە سیاسەت و دانپیانەنان بە مافە مەدەنییەکان، وامان لێدەکات نەک هەر گومان لە پەیوەندی نێوان سیاسەت و ئازادی بکەین، بەڵکو تەنانەت گومان لە ڕاستی توانای سازانی نێوانیشیان بکەین[4]. وەک سەرەتا ئاماژەمان پێدا، **ئارێنت** ئەمە بەلەلای تیۆرە نوێیەکاندا دەشکێنێتەوە، بەوەی کاتێک ئازادی دەست پێدەکات کە سیاسەت کۆتایی دێت، یان پرەنسیپی لیبراڵیزم، سیاسەتی کەمتر ئازادی زیاتر. لێرەوە **ئارێنت** ڕەخنە لە هزرمەندانی پەیمانی کۆمەڵایەتی دەگرێت، بەوەی ئازادییان وەک ئامانجی سیاسەت داناوە، چونکە بەشێوەیەک لە دەوڵەتیان دەڕوانی کە دەزگایەکی سیاسییە و تەنها هۆیەکە ئازادی تاکەکان دەستەبەر دەکات. واتە **(ئازادی دەربڕین، بیرکردنەوە، هاتووچۆ و ئایین)**، ئەمەش بە باوەڕی **ئارێنت** دانانی ئازادییە بە شتێک لە دەرەوەی سیاسەت، و دانانی وەک ئامانجێک کە هەوڵی بەدیهێنانی بدرێت نەک وەک کرۆک و ناوەڕۆکی سیاسەت. واتە سیاسەت بووە بە ئامراز و ئازادیش بووە بە ئامانج، ئەمەش واتای وەلانانی ئەو یەکە سیاسی و ئەو ئازادییەیە کە یۆنانی و ڕۆمانییەکان بەدیانهێنابوو، **ئارێنت** پێیوایە **هەڵە**کە لەوەدایە کە ئامانج و واتایان لەیەک جیانەکردۆتەوە؛ یەکەمیان، لە دەرەوەی شت دایە و لێی جیایە، بە بەدیهاتنی کۆتایی دێت؛

---

[1] المرجع نفسه، ص٣٨.

[2] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠.

[3] حنّة آرندت، بين الماضي والمستقبل: (ستة بحوث في الفكر السياسي)، مرجع سبق ذكره، ص ص٢٠٧-٢٠٨.

[4] هانا ئارێنت، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

بەڵام دووەمیان، هاووڵاتای شتە و هەردووکیان یەک کرۆک پێکدێنن[1]. لێرەوە **ئارێنت** دێتە سەر هزرمەندە سیاسییەکانی سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم و پێیوایە زۆر جار ئـازادی سیاسیان لەگەڵ دڵنیـایی دانـاوە، لە دیدی ئەوانەوە گرنگترین ئامـانجی سیاسـەت دەستەبەرکردنی دڵنیـایی بـوو، واتە ئەو سنوورەی حکومەت ناتوانێت تێیپەڕێنێت- لەبەرامـبەردا دڵنیـایی واتـای ئـازادی دەبێت. بەمەش وشـەی ئـازادی کرۆکـی ئەو چالاکییانەی پێکدەهێنا کە لەدەرەوەی پانتایی سیاسەت ڕوودەدەن"[2]. بۆ ئەمەش **ئارێنت** نموونە بە **هۆبز** و **سپینۆزا** دێنێتەوە، بەوەی گرنگـی دانیـان بە بیـرۆکەی ئـازادی وەک شـتێک بـووە یەکسـانە بە ئاسـایش و دڵنیـایی مـرۆڤ و ڕزگـاربوون لە تونـدوتیژی، نەک ئـازادی سیاسـی، هەروەهـا **ئارێنـت** جـارێکی دیـکە دەگەڕێـتەوە سـەر مۆدێرنە، و پێییـوایە هەر لە سـەرەتای پرۆسـەی مۆدێرنەوە تێگەیشـتن لە ئـازادی ئەوە نەبووە، کە بەشێکە لە پانتایی گشتی، بەڵکو مەبەستی ئەوان لە باسکردنی ئازادی پاراستنی ژیانی تایبەت و ژینەکییە کە تێیدا ناتوانرێت ئازادی تاقیبکرێتەوە[3].

لەبەرئەوە پێیوایە ئەمەش کەلێنی نێوان ئازادی و سیاسەتی گەورەتر کردووە، بەجۆرێـک ڕەوتـی ژیـان و بەرژەوەندییەکانی تـاک و کۆمەڵگە و دڵنیـاییش وەک پێوەری حەتمـی مـایەوە، بۆیە بەڕای **ئارێنت** نەک بەتەنها دڵنیایی تاک لە مردنـی توندوتیژ، وەک ئەوەی لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێدا، کە لەلای **هۆبز** مەرجـی هەموو ئازادییەکانی ڕزگاربوونە لە توندوتیژی، لەبری بەشداریکردن لە کردەی سیاسی، بەڵکو دڵنیـایی لە گەشەی بێ گرفتـی ڕەوتـی ژیـان، ئەم ڕەوتـی ژیـانەش بە ئـازادی نەبەستراوەتەوە، بەڵکو تەنیـا شوێن ئەو پێداویستیانە دەکەوێت کە پێوەی لکاوە. ئەوەش بە بۆچوونی **ئارێنت** دەشێت وەک ئەو لافـاوەی بە ئـازادی دەڕوات ناوی ئازادی لێبنرێ. لەبەرئەوە لێرەدا ئـازادی تەنیـا ئامـانجی ناسیاسیانەی سیاسـەت نییە، بەڵکو تەنیا دیاردەیەکی لاوەکییە بەشێوەیەک ئەو سنوورە دەکێشێت کە پێویستە حکومەت تێینەپەڕێنێت، لەبەرئەوە **ئارێنت** بانگەشەی ئەوە دەکات تەنها لەلای ئەو ئازادی لە سیاسەت جیانەکراوەیە[4]. کەواتە، ڕەنگە بکرێت بڵێین: کە مەبەستی **ئارێنت** لەمەدا ئەوەیە، کە تیۆرە سیاسییە نوێیەکان، ئەوانەی لە بەشـی یەکەم ئاماژەمـان پێدان، دوور کەوتوونەتەوە لە کردەی سیاسی، کە لەلای **ئارێنت** هاووڵاتـای ئـازادی سیاسییە، بەڵکو ئەوەی پێـوەری ئـازادییە تەنهـا ڕەنـج و بژێویە. بەم شێوەیە تێگەیشـتنی **ئارێنـت** بـۆ ئـازادی سیاسـی و ڕۆڵەکـانی سیاسەت، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ تێگەیشتنی تیۆر و زانستە کۆمەڵایەتییە باوەکانی مۆدێرنە هەیە، لە ڕوانگەی ئەوانەوە ڕۆڵەکانی سیاسـەت بریتین لە: دابینکردنـی سـەرچاوە و خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیـان، چارەسەرکردنی گێرە و مژارەکان و پێکهێنانی ئاشتی و تەبایی کۆمەڵایەتی تاکەکان، پەروەردەی ئاکاری و مەدەنـی و کـاری لەو چەشـنە، کەچـی بە بـاوەڕی **ئارێنت** لە هەمـوو ئەو ڕوانگـانەدا تاکەکـان وەک بـابەتی کردەی ئەکتەرە سیاسییەکان و قبوڵکەری ڕۆڵە بونیادییەکـان سـەیر دەکرێن. لەبەرئەوە بە ئـابووریکردنی ژیـانی سیاسـی بـۆتە بەتـایبەتی بـوونی ژیـانی سیاسـی؛ لە ئەنجامـدا سـەرجەم جڤـاکە مۆدێرنەکـان بـوون بە کۆمەڵەی کرێکاران و فەرمانبەران.

لەبەرامبەردا **ئارێنت** جەخت لەسەر مرۆڤ دەکاتەوە وەک بـکەر و نوێنەری کردەی ئـازاد، نەک وەک بەرکـار (Object. بە بۆچـوونی نـاوبراو جیـاوازی نێـوان پانتـایی تـایبەتی و پانتـایی گشـتی وەک پێشـتر باسمان کرد بە واتای کۆنی یۆنـانی لەنـاوچووە. لە کۆنـدا هۆکـاری بـوونی خێزان پانتـایی گشـتی بوو نەک بەپێچەوانەوە، واتە ئەوەی لەگەڵ چەمکی کۆمەڵگە لە سەردەمی نوێ سەریهەڵداوە، ئەوەیە کە سیاسـەت بە واتــا یۆنــانییەکەی، واتە چــالاکی ئــازاد کە سروشــت و پێداویســتییە سروشــتییەکان تێـدەپەڕێنێت، وەک چالاکییەکی لێکراوە کە ئامانجی دابینکردنی ویست و نیازە سروشتییەکانی ژیانی مرۆڤە. بەڵێ لە ڕوانگەی **ئارێنـت** پێشتر کۆمەڵگە و ئـابووری لە خزمەت سیاسـەتدا بـوون، بەڵام ئێستا سیاسـەت دەکەوێتە خزمەت کۆمەڵگە و ئـابوورییەوە[5]. لێـرەوە بۆمـان دەردەکەوێت کە ڕوانـگەی **ئارێنـت** لەگەڵ ڕوانـگەی **ئەریسـتۆ** لێکەوە نـزیکن، وەک لە بەشـی یەکەم ئاماژەمـان پێدا، بەوەی **ئەریستۆ** ڕەهەنـدێکی ئـابووری بەو ئـازادییە

---

[1] المصطفى الشادلي، مرجع سبق ذكره، ص٣٩.

[2] هانا ئارێنت، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٨-١٩.

[3] Mehmet Kanatli, Op.cit, p. 106.

[4] حنّة آرندت، بين الماضي والمستقبل: (ستة بحوث في الفكر السياسي)، مرجع سبق ذكره، ص ص٢٠٩-٢١٠.

[5] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٧٧-١٧٨.

سیاسییە دا کە لە دەوڵەت- شارە یۆنانییەکان هەبوو، ئەویش لە ڕێگەی پاراستنی خاوەنداریێتی تاک بپارێزرێت، چونکە خاوەنداریێتی تاک تۆڕەیەکی گرنگ لە دۆزی ئازادی هەڵبژاردن و بەشداریکردنی سیاسی دەبینێت. هەروەها **ئارێنت** ئەوەشمان وەبیردەهێنێتەوە، تەنانەت چەمکی **ئەریستۆیی** مرۆڤ، واتە ئاژەڵی سیاسی و پەیوەندیدار بە پاتنتای کردەی ئازاد و گشتی، لە فەلسەفەی مەسیحیدا وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی خوێندنەوەی بۆکرا[1]. لەبەرئەوە وێنای مەسیحی بۆ ئازادی سیاسی لە دەرئەنجامی بەدگومانی مەسیحییە سەرەتاییەکان و دژایەتی پانتایی گشتی بەدیارکەوتبوو، چونکە خواستیان ئەوەبوو لە کۆتی کاروباری گشتی ڕزگاریان بێت نەک ئازاد بن[2]. هەروەها بە بۆچوونی **ئارێنت** تیۆری سیاسی هەر لەسەرەتای سەردەمی مۆدێرنەوە بەشێوەیەک بووە، کە سیاسەت تێیدا تەنها وەک پانتایی کردەی هێز و چینە کۆمەڵایەتییەکان سەیر دەکرێ، کە تێیدا مرۆڤ وەک بکەر هیچ پێگەیەکی نییە. لەو ڕووەوە بە باوەڕی **ئارێنت** تۆتالیتاریزم تەنیا یەکێکە لە تیشکە سەرەکییەکانی سیاسەت لە سەردەمی مۆدێرنەدا، تەنانەت سیستمە سیاسییە هاوچەرخەکانیش چ تۆتالیتاری یان ناتۆتالیتاری، چەمکی سیاسەتیان وەک پانتایی گشتی کردەی ئازاد لەناوبردووە و سیاسەتی خۆشگوزەرانیان کردۆتە جێگرەوەی[3].

لەم سۆنگەیەوە **ئارێنت** پێیوایە، ئازادی لە تیۆرە لیبراڵییەکاندا سنووردارە لەبارەی ئازادی تاکەکان و ئازادییە تایبەتییەکان؛ ئەوانیش ئازادیگەلێکن کە لە مەزندەی خۆیاندا، دەستەبەری دابەشکردنی دەسەڵات بۆ هاوڵاتیان ناکەن[4]. چونکە ناوبراو باوەڕی وایە ئازادی لە ڕوانگەی لیبراڵی زیاتر بە واتای پاراستنی ژیانی تایبەتی لە بەرامبەر دەستوەردان و ناچاری خەڵکانی دیکە لێکدەدرێتەوە، واتە ڕزگاربوون لە دەسەڵات و هەژموونی زۆرەملێدا. ئەمەش لەگەڵ ڕوانگەی **ئارێنت** بۆ ئازادی تەواو جیاوازە، کە بە بەشداریکردن لە کاروباری گشتیدا پێناسە دەکرێت. بەمەش ئازادی لەگەڵ ژیانی سیاسی یەکساندا پێناسە دەکرێت، چونکە ئازادی بەو واتایەی **ئارێنت**، گوزارشتە لە ئازادی پۆزەتیڤ، کە شیانی بەشداری و کارکردنە لە دەرەوەی پانتایی تایبەتی و تاکەکەسیدا، لەکاتێکدا ئازادی نێگەتیڤ بە واتا لیبراڵییەکەی وەک لە بەشی یەکەم ئاماژەمان پێدا، بەرەهایی مانەوەیە لە چوارچێوەی تایبەتی و تاکەکەسیدا[5]. کەواتە، واتا پۆزەتیڤەکەی ئازادی **ئارێنت** ڕووبەڕووی لێکدانەوەی تێگەیشتنی نێگەتیڤانەی ئازادی لە هزری کەسانێکی وەک **لۆک** و **میل** دەبێتەوە، لەو بابەتانەی کە جێ بایەخی ئەوان بوو، وەک (سەربەخۆیی پانتایی تایبەتی تاکەکەس، ئازادی مرۆڤ، دەستوەرنەدان لە کاروباری تاکەکەس، ئۆتۆنۆمی، خۆرێکخستن، و هەڵبژاردنی ئازاد لەناو شێوە جۆراوجۆرەکانی ژیان) هەموو ئەمانەش پەیوەستن بە پارێزگاریکردن لە ژیانی مرۆڤەکان وەک کرێکار و پاراستنیان لەبەرامبەر دەستدرێژی حکومەتدا. بۆیە ڕوانگەی **ئارێنت** گرێدراوی پانتایی گشتی و کردەی بەکۆیە لەگەڵ خەڵکانی تر. هەروەها بە بۆچوونی **ئارێنت** واتای ئازادی نێگەتیڤ واتای ڕزگاربوون دەگەیەنێت نەک ئازادی[6]. کەواتە، ئەمەش واتای وایە، کە **ئارێنت** ئازادی لیبراڵیزم ڕەتدەکاتەوە، بەوەی لەبەرامبەر پانتایی گشتی داکۆکی لە پانتایی تایبەت دەکەن (دەستوەرنەدانی حکومەت لە کاروباری تایبەتی مرۆڤ)، واتە نابێت حکومەت کاری بەسەر ئەوە بێت من چی دەخۆم و چی لەبەر دەکەم و چ کارێک دەکەم بۆ بژێوی ژیانی خۆم. لەبەرئەوە **ئارێنت** دەیەوێت پێمان بڵێت: ئەمە ڕزگاربوونە نەک ئازادی، ئەمەش پەیوەندی بە لایەنی ژینەکی مرۆڤەوە هەیە، واتە لایەنی ئاژەڵی مرۆڤ، هەروەها واتای ئەوەشە کە ئازادی کەسی نییە وەک ئەوەی لیبراڵەکان باوەڕیان پێیەتی، بەڵکو بەپێی ئەو تێگەیشتنەی **ئارێنت** بێت ئازادی کردەیەکی بەکۆمەڵە.

لەبەرئەوە بە بۆچوونی **ئارێنت**، جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان ئازادی و ڕزگاربوون لە ئارادایە: ڕزگاربوون ئاماژەیە بە ئازادکردنی مرۆڤ لە کۆت و بەندی سروشتی و لایەنەپەیوەندیدارەکانی، بەم واتایەش ڕزگاربوون تەنیا سەرەتای ئازادییە، نەک خودی جەوهەری ئازادی؛ هەروەها وێنا و تێگەیشتنی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل١٧٨.
[2] حنّة آرندت، بين الماضي والمستقبل: (ستة بحوث في الفكر السياسي)، مرجع سبق ذكره، ص٢١٠.
[3] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٧٨-١٧٩.
[4] الزواوي بغوره، الشمولية والحرية، دار سؤال للنشر/ دار صوفيا، بيروت/ الكويت، ٢٠١٨، ص٣٩.
[5] کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٥-٢٩.
[6] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٠.

ئازادی لە ڕزگاربوون دەکرێ تەنیا وێنەیەکی نێگەتیڤ بێت[1]. جیاوازیەکی تر ئەوەیە، مرۆڤی ڕزگاربوو لە کۆت و بەندی سروشت لە پێویستی کارکردن بۆ خۆبەخێوکردن ڕزگار بووە ، بەڵام ئازاد نییە. واتە نەچۆتە ناو پانتای گشتی. خاڵێکی دی ئەوەیە، کە مرۆڤی ڕزگاربوو لە دەست باڵادەستی سروشت یان کۆیلەی حکومەتێکی ستەمگەر، بە واتای ئازادی ڕاستەقینە نییە، لەبەرئەوە ڕزگاربوون تەنها مەرجێکە بۆ ئازادی. کەواتە، لە ڕوانگەی **ئارێنت**، ئازادی و ڕزگاربوون یەک شت نین، ڕزگاربوون ڕەنگە مەرجی ئازادی بێت، بەڵام لە ئەنجامدا ئازادی لێناکەوێتەوە. لەبەرئەوە ئازادی تەنیا لە پانتایی گشتی کردە و لە پانتایی کردەی سیاسی ئازاددا دەردەکەوێت. هەڵبەت ئەم ئازادییە لەهەمان کاتدا پێویستی بە ڕزگاربوونە لەدەست نیاز و ستەمگەری[2]. کەواتە، لێرەوە دەردەکەوێت ڕەخنەی **ئارێنت** لە ئازادی نێگەتیڤە، واتە ئازادی تاکەکەسی لیبراڵی کلاسیک و هەندێک لە لیبراڵە نوێ و ئاراستەی لیبرتاری هاوچەرخ، تەنانەت ئەنارشیستە تاکخوازەکانیش دەچنە هەمان چوارچێوەوە، بەوەی ئازادی نێگەتیڤ جگە لە ڕزگاربوون لە هێز و دەستتێوەردانی دەرەکی، واتایەکی تری نییە، و هەمان ئازادی ڕاستەقینە نییە، بە واتا **ئارێنت**یەکەی. هەروەها واتای چەمکی ئازادی پۆزەتیڤی **ئارێنت** واتایەکی تەواو جیاوازە لە واتای بەرباسی **ئازیا بەرلین،** وەک ئەوەی لە بەشی یەکەم باسمانکرد، چونکە بەبۆچوونی **ئارێنت** لە ئازادی نێگەتیڤەوە دەگەین بە ئازادی پۆزەتیڤ، لە ئاکامدا ئازادی و ژیانی سیاسی دەبن بە یەک[3].

هەروەها **ئارێنت** ڕەخنەی توندیش لە **ڕۆسۆ** دەگرێت، و پێیوایە، تیۆری **ڕۆسۆ** بۆ ئازادی لەبەر هۆیەکی سادە و ساکار پوچەڵ دەکرێتەوە، بەوەی کارێکی نابەجێیە بۆ ئیرادە مرۆڤ لە پێناوی ئایندەدا خۆی کۆت و بەند بکات، لەبەرئەوە هەر کۆمەڵگەیەک لەسەر ئەم ئیرادەی خاوەن سەروەرییەی **ڕۆسۆ** دامەزرابێت، لەسەر لمێکی ناجێگیر دروستکراوە. هەروەها بەڕای **ئارێنت** لە ڕووی سیاسیشەوە، ئەو لێکچوونەی ئازادی و سەروەری، ڕەنگە ناتەندروسترین و ترسناکترین ئاکامی ئازادی ئۆرگانیزەکردنی سیاسی نێوان ئازادی و ئازادی ئیرادە بێت، چونکە هەم کارێکی ناواقیعییە بەهۆی ناسەروەری مرۆڤەوە نکوڵی لە ئازادی بکرێت، هەمیش مەترسیدارە باوەڕ بەوە بکەین دەشێت مرۆڤ ئازاد بێت چ وەک تاک یان کۆمەڵ تەنیا ئەگەر سەروەر بێت، چونکە سەروەری دەستە سیاسییەکان هەمیشە وەهمێکی ڕووت بووە و دەشێت لە ڕێگەی ئامرازە ناسیاسییە توندوتیژەکانەوە بەدەست بهێنرێت. بۆیە بە باوەڕی **ئارێنت** هەلومەرجی مرۆیی لەگەڵ ئەو هەقیقەتەدا دیاریدەکرێ، کە مرۆڤ نەک بەتەنیایی، بەڵکو لەگەڵ ئەوانی دی لەم جیهانەدا دەتوانێت ژیان بەسەربەرێت. لەبەرئەوە بە بۆچوونی **ئارێنت** لەم جۆرە هەلومەرجەدا ئازادی و سەروەری بەشێوەیەکی زۆر بچووک چۆنیەک دەبن، بەجۆرێک ناتوانرێت پێکەوەش هەبن، بەڵکو پێویستە خەڵکی لە هەرکوێیەک سەروەرەکان پێیان باش بوو لەوێ بن، هەم وەک تاک و هەم وەک گروپی ڕێکخراو زۆرەملێی ئیرادە قبوڵ بکەن، ئەو ئیرادە تاکەکەسییەی کە خۆم یان ئیرادەی گشتی بۆ گروپێکی ڕێکخراو لەسەر ناچار دەکەم. لەبەرئەوە بە باوەڕی **ئارێنت** ئەگەر خەڵک بیانەوێت ئازاد بن دەبێت واز لە سەروەری بهێنن[4]. وێڕای ئەو ڕوانگە جیاوازەی **ئارێنت** بۆ هزرمەندانی لیبراڵیزم، کەچی پێیوابوو **مۆنتسکیۆ** بەشێوەیەکی ڕوون جیاکاری لەنێوان ئازادی فەلسەفی و ئازادی سیاسی کردووە؛ بەوەی ڕایگەیاند، فەلسەفە لەوە زیاتر لە ئازادی داوا ناکات، کە پیادەی ئیرادە بکات، ئیدی بەدەر لە هەلومەرج و سەربەخۆ لەوەی مرۆڤ ئەو ئامانجە بەدەست دەهێنێت یان نا کە ئیرادە دیاری کردووە. لەبرامبەریشدا ئازادی سیاسی بەوە دەربڕی کە توانای کردەیەکت هەبێت کە مرۆڤ دەیەوێت بیکات، لەبەرئەوە بەڕای **ئارێنت** لەلای **مۆنتسکیۆ**، وەک لەلای دێرینەکانیش شتێکی ڕوون و ئاشکرابوو، بکەر کاتێک توانای کردە لەدەست دەدا، ناتوانرێت ناوی ئازادی لێبنرێت، ئیدی هۆکارەکە هەلومەرجی ناوەکی یان دەرەکی بێت[5]. دیارە ئەگەر بیرمان بێتەوە وەک ئەوەی لە بەشی یەکەم ئاماژەمان پێدا ئازادی سیاسی لەلای **مۆنتسکیۆ** لە چوارچێوەی یاسادا گرەنتی دەکرێت. ئەوەش بەرەو ئەوەمان دەبات، وەک **(ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤێس)** لە توێژینەوەکەیدا لە بارەی **(فەلسەفەی سیاسی هانا ئارێنت)**دا دەڵێت: "ڕاستە **ئارێنت**

---

(1) کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

(2) د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١.

(3) هەمان سەرچاوە، ل١٦١.

(4) حنّة آرندت، بين الماضي والمستقبل: (ستة بحوث في الفكر السياسي)، مرجع سبق ذكره، ص ص٢٢٧-٢٢٨.

(5) هانا ئارێنت، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤٤-٤٥.

دژ به هەندێک بنەمای کلیلی لیبراڵی وەستایەوە، بەتایبەت ئازادی نێگەتیڤ و ڕەخنە لە دیموکراسی نوێنەراتی، و جەختکردنەوە لەسەر چالاکی مەدەنی و ڕاوێژی سیاسی و ستایشی نەریتی شۆڕشگێری، بەڵام هەڵەیە **ئارێنت** بە هزرمەندێکی دژە لیبراڵی بزانین، چونکە لە ڕاستیدا **ئارێنت** بەرگریکاری توندی پەیڕەوکردن لە دەستوور و دەسەڵاتدارێتی یاسا بوو؛ و لایەنگری مافە بنچینەییە مرۆییەکانیش بوو"[1].

هەروەها **ئارێنت** لەبارەی ڕوانگەی تیۆری مارکسیزم بۆ ئازادی، وەک ئەوەی لەبەشی یەکەم ئاماژەمان پێدا، کە خۆی لە یەکسانی خاوەندارێتی و مامەڵەکردن و ئابووری دەبنێتەوە؛ ڕاستەوخۆ دیدی خۆی لە بارەی تیۆرسێنی ئەم ڕێبازە؛ **مارکس** دەخاتەڕوو و پێیوایە، بەردەوام هەوڵیدەدا بەشێوەی چالاکی ئازادی لەسەر حسابی چالاکی سیاسی ڕاڤەی ڕەنج بکاتەوە[2]. کە ڕەنگە بشێت هەمان شتیش بۆ ئەنارشیستە کۆمەڵایەتییەکان یان کۆمۆنیستەکان ڕاست بێت. هەروەها دەکرێت ڕوانگەی **ئارێنت** سەبارەت بە گریدانەوەی ئازادی بە بەشداریکردن لە کاروباری گشتی و فەرمانڕانی نزیکایەتییەکی لەگەڵ ڕوانگەی **بێرک** لە تیۆری پارێزگاران بۆ چەمکی ئازادی هەبێت، ئەویش لەو ڕایەڵە گشتییەوە وەک پێشتر باسمان کرد، کە ئازادی تاک تەنها ئەوکاتە پارێزراو دەبێت، کە پشکیان لە دەسەڵات هەبێت. لەبەرئەوە ئەگەر دەربڕینەکە گونجاو بێت ڕەنگە بکرێت وەک جۆرێک لە ئازادی سیاسی **ئارێنت**ی لێکبدرێتەوە. هەروەک چۆن ڕەنگە هەمان شتیش لەگەڵ ڕوانگەی **ڕاوڵز** بەدی بکرێت، بەوەی بەپێی هەردوو پرەنسیپی دادپەروەری **ڕاوڵز**، زۆرترین ئازادی یەکسان و مافی سیاسی و مەدەنی بۆ هەموان وەک یەکە، بۆ ئەوانەی هەمان ئاستی بەهرە و توانا و خواستیان هەیە، بەبێ ڕەچاوکردنی چینی کۆمەڵایەتی.

کەواتە، لێرەوە دەردەکەوێت کە تێگەی ئازادی لە ڕوانگەی **ئارێنت** جیاوازی لەگەڵ تیۆری لیبراڵیزم و پارێزگاری و مارکسیزم و ئەنارشیزم و ڕوانگەی زۆرێک لە هزرمەندانی ئەم ڕێبازانەدا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت خاڵی هاوبەشیش لەنێوانیاند بدۆزرێتەوە، وەک ئەوەی لەسەرەوە باس کران. بەڵام وەک هەندێک لە نووسەران پێیانوایە، و خۆشی لە چەند چاوپێکەوتنێکدا ئاماژەی بۆ دەکات، نە سەر بە لیبراڵیزم، مارکسیزم، پارێزگاری و هیچ ڕێبازێکە[3]. لەبەرئەوە **ئارێنت** خاوەن ڕوانگەیەکی تایبەت بە خۆیەتی و ئازادی لەلای ئەو بەهیچ شێوەیەک لە سیاسەت جیاناکرێتەوە و بەتوندی بەیەکەوە گرێدراون و هەمان واتایان هەیە. هەروەها بەشێوەیەکی بایەخپێدەرانە سروشت و جیهانی مرۆیی لێک جیادەکاتەوە، و پێیوایە ژیانی مرۆڤانە کاتێک وەدی دێت، مرۆڤ لە سروشت دوور کەوێتەوە و ئاوێتەی ئازادی بێت، ئازادیش پێویستی بە خۆڕسکی و کردەی پێشبینی نەکراوی مرۆڤ هەیە، بەڵام بە باوەڕی ئەو لە سەردەمی ئێستاماندا بە سەرهەڵدانی خۆشگوزەرانی وەک ئاسوودەیی لە پانتای کردەی گشتیدا لەبری ئازادی، ئابووری هێرش دەکاتە سەر سیاسەت و بەمەش سیاسەت بوتە بەشێک لە ژیانی تایبەتی و خێزانی[4]. کەواتە، لەوەی تا ئێستا باس کرا، ڕەنگە بشێت بگەین بەوەی، ئازادی لە تیۆری سیاسی **ئارێنت** دا، گرێدراوی واتا و جەوهەری سیاسەتە و لە ڕێگەی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و پێکەوەبوون و ئامادەبوونیان لە پانتایی گشتی و بەشداریکردنیان لە کاروباری گشتی هاوشێوەی ئەزموونی کۆماری **(دیموکراسی)** یۆنانی و ڕۆمانی دێرین دێتەدی، کە خۆی لە کردە و چالاکی سیاسی دەنوێنی. بەمەش بێبەشکردنی مرۆڤ لە کردەی سیاسی بێبەشبوونیانە لە ئازادی، بەوەی مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسییە، و دوورکەوتنەوەی مرۆڤ لە سیاسەت لە دیدی **ئارێنت** دا، داشۆرینیەتی لە ماکی مرۆڤ بوونی خۆی، و مرۆڤ تەنیا ئەو کاتە ئازاد دەبێت کە کردەی سیاسی بنوێنێ. ئەمەش هەم ڕوانگەیەکی تەواو جیاوازە لە تێڕوانینی مەسیحییەت بۆ ئازادی ساسی و ڕوانگەی نێگەتیڤانەی لیبرالییە کلاسیکی و لیبرتارییە هاوچەرخەکان و ئەنارشیستە تاکخوازەکان، هەمیش جیاوازە لە ڕوانگەی ئازادی یەکسانی ئابووری تیۆری مارکسیزم و ئەنارشیستە کۆمەڵایەتییە- کۆمۆنیستەکان. ئازادی لەلای **ئارێنت** لەخۆیدا هەڵگری کردە و قسەیە لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دی. لەبەرئەوە ئێستا کاتی ئەوەیە لە تایبەتمەندییەکانی کردە و قسە بکۆڵینەوە، بۆ ئەمەش تەوەرەی داهاتوو بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکەین.

---

(1) ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.
(2) هانا ئارێنت، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.
(3) ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.
(4) د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٦٣-١٦٤.

## داخوازی دووەم

## کردە و قسە: ئازادی و فرەیی لە ڕوانگەی (ئارێنت)ـەوە

لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا، ئەوەمان نیشاندا، کە وەرگرتنی هەردوو چەمکی دێرینی **ئەریستۆیی** کردە (Action -Praxis) و چالاکی بەرهەمهێن (Work -Poiesis)، لەلایەن **ئارێنت** و جیاکردنەوەی کردە لە کار و ڕەنج و دانانی کردە وەک بەرزترین چالاکی مرۆیی و نیشاندانی پەیوەندی لەگەڵ قسە (Lexis-Speech)، و دانانیان وەک دوو تاقانەی کردەی سیاسی و جەوهەری ئازادی و ژیانی سیاسی، نموونەی ڕەسەنترین بەشدارییەکانی تیۆری سیاسی **ئارێنتن.** واتە لە ڕوانگەی **ئارێنت** دا کردە و قسە ڕەهەندی سەرەکی کردەی ئازادی سیاسی پێکدەهێنن. لەم سۆنگەیەوە ئەم داخوازییە دابەش دەکەین بۆ دوو لق؛ لقی یەکەم، باس لە کردە و قسە وەک ئازادی، و لە لقی دووەمیشدا، باس لە کردە و قسە وەک فرەیی دەکەین.

### لقی یەکەم: کردە و قسە وەک ئازادی

بە بۆچوونی **ئارێنت**، کردە بۆئەوەی ئازاد بێت پێویستە لە لایەکەوە لە پاڵنەر، و لەلایەکی دی، لە ئامانجە بە بەرنامەکەی وەک کاریگەرییەکی پێشبینی کراو لەسەر ئەوانی دی ئازاد بێت، واتە کردەی سیاسی بە باوەڕی **ئارێنت** نابێت پێشبینی کراو بێت، چونکە کردە چالاکییەکە لە میانەی گفتگۆ و ئاخاوتنی بە کۆمەڵ بە گەیشتن بە ڕەزامەندی هەمووان دێتەدی. ئەوەش بەو واتایە نییە، کە ئێمە بڵێین پاڵنەر و ئامانجەکان لەهەر کردەیەکدا دوو فاکتەری گرنگ نین، بەڵکو فاکتەرە دیاریکراوەکانیتی و کردەش تەنیا تا ئەو مەودایە ئازادە کە بتوانێت لەوان دوورتر بڕوات، واتە ئامانجی کردە جیاواز دەبێت و پشت بە هەلومەرجی جیهانی گۆڕاو دەبەستێت. لەبەرئەوە درک کردنی ئامانج کاری ئازادی نییە، بەڵکو لە کاری حوکمێکی دروست یان هەڵەدایە، بەوەی ئیرادە شوێن بەهرەی حوکم دەکەوێت، واتە کردە بە ئەندازەی ئازادبوونی کاریگەری ئاراستەکردنی هزر و سەپاندنی ئیرادەی لەسەر نابێت، تەنانەت ئەگەر بۆ جێبەجێکردنی ئامانجێکی دیاریکراویش پێویستی پێیان بێت، بەڵکو لە شتێکی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرێ، کە **ئارێنت** بە پێی شیکردنەوە بەناوبانگەکەی **مۆنتسکیۆ** بۆ جۆرەکانی حکومەت ناوی پرەنسیپ **(مبدأ)**ی لێدەنێت، و بە باوەڕی **ئارێنت** پرەنسیپەکان بە پێچەوانەی پاڵنەرکان لە دەرەوە وەردەگیرێن، لەبەرئەوە پرەنسیپەکان زۆر لەوە گشتگیرترن پێویست بە ئامانجێکی دیاریکراو بکات[1].

بەم شێوەیە بە بۆچوونی **ئارێنت** پرەنسیپ تەنها لە جیهانی خودی کردە بە تەواوی ڕوون و ئاشکرا دەبێت، بە پێچەوانەی حوکمی ئەو هزرەی پێش کردەی ئازادی دەکەوێت و کاری ئەو ئیرادەیەی دەستپێشخەری بۆ کردووە. بۆیە جیاوازی پرەنسیپ لە ئامانج ئەوەیە، کە پرەنسیپ دەشێت جار لە دوای جار دووبارە بێتەوە، هەروەها جیاوازی لەگەڵ پاڵنەر ئەوەیە، پرەنسیپ بەهاکەی گەردوونییە و بە هیچ کەس و توێژێکەوە پەیوەست نییە؛ وەک **ئارێنت** ئاماژەی پێدەدات، پرەنسیپی گریکەکان بریتی بوون لە: بالایی یان شکۆ و خۆشەویستی دادپەروەری، لەبەرئەوە **ئارێنت** پێیوایە ئازادی کاتێک لە جیهاندا دەردەکەوێت کە ئەو پرەنسیپانە بگۆڕدرێن بۆ کردە، چونکە دەرکەوتنی ئازادی پەیوەستە بە بەجێهێنانی کردەوە، واتە خەڵکی ئازادن کاتێک دەست بە کردە دەکەن، نەک لە پێش یان دوای کردە، چونکە کردە بنوێنی یان ئازاد بیت یەک شتە[2]. دوای نیشاندانی ڕەگەزی ئازادی لە کردەدا **ئارێنت** باوەڕی وایە، ئازادی توانای دەستپێکە، دەستپێکردنی کارێکی نوێ و ئەنجامدانی کارێکی پێشبینی نەکراو، بەهەرەیەک کە تێکرای مرۆڤەکان لە ڕێگەی ئازادبوونەوە لێی بەهرەمەندن. لەبەرئەوە **ئارێنت** کردە وەک بەرجەستەکەری ئازادی ڕیشەکەی بۆ لە دایکبوون دەگەڕێتەوە. لەو گۆشەنیگایەوە، کە هەر لەدایکبوونێک دەسپێکێکی نوێ

---

[1] Hannah Arendt, Between past and future (Six Exercises in political thought), Op.cit, p p.151-152.
[2] Ibid, p p.152-153.

و هاتنی شتێکی نوێیە بۆ جیهان. بێگومان **ئارێنت** ئەوەی بەلاوە پەسەندە کە هەموو چالاکییەکان (**ڕەنج، کار** و **کردە**) بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیدارن بە دیاردەی لەدایکبوونەوە، چونکە هەم ڕەنج و هەم کار بۆ پێکهێنان و پاراستنی جیهانێک پێویستن، کە تێیدا مرۆڤە نوێیەکان بەردەوام لەدایک دەبن. بەڵام بەڕای **ئارێنت** لەنێوان ئەم سێ چالاکییەدا کردە پەیوەندییەکی نزیکتری لەگەڵ هەلومەرجی مرۆیی لەدایکبووندا هەیە، چونکە تاکەکان بە کردنی پەرجوو (**موعجیزە**)ی دەستپێکردن، کە لە خودی لەدایک بوونیان دایە، نەک (**مردن**[*]). واتە توانای سەرلەنوێ دەسپێکردنی شتێکیان هەیە، بەوەی هەر یەکێک لە ئێمە بەپێی لەدایکبوونمان شتێکی نوێ دەخوڵقێنین، و هەر کاتێک کارێکی نوێ دەست پێ دەکەین خۆی لەخۆیدا ئازادی بەرجەستە دەکەین، بەوەی بەپێی لێکدانەوەی **ئارێنت** هەموو لەدایکبوونێک، دەستپێکێکی نوێیە. ئەمەش لەوەوە بەرجەستە دەبێت، کە تازە هاتوو هەڵگری بەهرەی دەستپێکردنی شتێکی نوێیە، واتە توانای نواندنی کردەی هەیە و کردەش بێ هاوتاترین چالاکی ئازادی سیاسییە، کە ڕەنگە ببێتە ناوەندی دەستەی سیاسی، وەک جیاکراوەیەک لە میتافیزیک یان هزر[1].

**ئارێنت** لەم واقیعییەتەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کردە وەک دەسپێکردن کە ڕەگی لە لەدایکبوون دایە، هێنانەدی ئازادییە، چونکە شتێک دێنێتە بوون کە بە تەواوی چاوەڕوان نەکراوە. ئەمەش تایبەتمەندییە سەرسوڕهێنەرەکەی نێو هەموو دەستپێکرنێکە، بەوەی مرۆڤ دەتوانێت کارێک ئەنجام بدات کە چاوەڕوان نەکراوە، لەبەرئەوەی هەموو مرۆڤێک تاقانەیە و لە ئەنجامدا لەڕێگەی هەر لەدایکبوونێکەوە شتێکی تازەی تاقانە دێنێتە جیهانەوە. بەم شێوەیە لەدایکبوونی هەموو کەسێک مژدەبەخشی سەرەتایەکی نوێیە؛ کردە نواندن بە واتای ئاشکراکردنی خودێتی خود و ئەنجامدانی کارە چاوەڕواننەکراوەکانە[2]. چونکە گرنگترین ئاکاری دۆخی مرۆڤ و ئەو هەلومەرجەی مرۆڤ لەناویدا دەژی، تازەبوونەوە و دروستبوونی سەرەتایەکی نوێیە. **ئارێنت** ئەم تێزەی لە **ئۆگستین** وەرگرتووە، و گەشەی پێداوە، بەوەی **ئۆگستین** ئاماژە بەوە دەکات "ئەم سەرەتایە هەمان سەرەتای جیهان نییە، سەرەتا شتێک نییە، بەڵکو سەرەتای کەسێکە، کە خۆی سەرەتایە، لەگەڵ خوڵقاندنی مرۆڤ بنەمای سەرەتا هاتە ناو جیهانەوە" لەمەوە **ئارێنت** پێیوایە بێگومان ئەمەش ڕێگەیەکی ترە بۆئەوەی بڵێین: پرەنسیپی ئازادی ئەو کاتە هاتە ئاراوە، کە مرۆڤ خوڵقێندرا، نەک پێش ئەوە، لەبەرئەوە سروشتی سەرەتا شتێکی نوێ دەهێنێتە بوونەوە کە پێشتر ڕووینەدابێت و پێشبینی نەکرابێت[3].

هەروەها بە بۆچوونی **ئارێنت**، مرۆڤ بە تەنها یەک جار لەدایک نابێت، بەڵکو دوو جار لەدایک دەبێت؛ یەکەمیان، لەدایکبوونی ژینەکی مرۆڤە لەناو خێزاندا، واتە لەناو پانتایی تایبەتدا. دوومیان، لەدایکبوونەوەی مرۆڤە لەناو پانتایی گشتیدا، ئەم لە دایکبوونە ئەو کاتە ڕوودەدات کە مرۆڤ دەچێتە ناو ئەو پانتاییە گشتییەی بە ژیانی پێکەوەییەوە بەستراوە و لەناو کۆمەڵگادا هەیە. ئەمەش پانتایی ژیانی سیاسی و کولتوری و نیشانە (Symbol)ی گشتی کۆمەڵگەیە؛ ئەو جێگەیەیە کە مرۆڤ دەتوانێت تێیدا شتێکی نوێ ببیستێت و خۆشی شتێکی نوێ بڵێت و ئەنجامی بدات، قسەی نوێی گوێ لێبێت و قسەی نوێی هەبێت و کردەی نوێش ببینێت و ئەنجامی بدات[4]. کەواتە، بە بۆچوونی **ئارێنت** ئازادی بەوەی کە ئەزمونێکی

---

[*] (**مردن**)، تا بەر لە هاتنی **ئارێنت**، هزری فەلسەفی بەشێوەیەکی گشتی ئەوەندەی گرنگی بە مردن و کۆتاییەکان ئەدا، ئەوەندە گرنگی بە لەدایکبوون و سەرەتاکان نە ئەدا. لە سەردەمی **هیگڵەوە** ئێمە گوێمان لە کۆتایی مێژوو، کۆتایی ئایدۆلۆجیا، مردنی مرۆڤ و مردنی هونەر و مردنی فەلسەفە و هتد... دەبێت؛ بۆ نموونە: ئەگەر لەلای **هایدیگەر** مردن یەکێک لە بیرۆکە هەرە سەرەکییەکانی ناو هزر بێت، ئەوا لەلای **ئارێنت** لەدایکبوون بیرۆکەی سەرەکییە، ئەگەر **هایدیگەر** پرسی ئازادی مرۆڤ بە بابەتی هۆشیاربوونی مرۆڤ بە مردنەوە گرێ ئەدات، ئەوا **ئارێنت** ئازادی مرۆڤ بە بابەتی لەدایکبوون و پەرجوو و هاتنە دونیاوە دەبەستێتەوە. واتە لە دیدی **ئارێنت** لەدایکبوون لەگەڵ خۆیدا ئەگەری نوێ و توانای نوێ بۆ گۆڕانی دونیا دەهێنێت، و لەگەڵ هەموو لەدایکبوونێکدا جۆرێک لە تواناش لەدایک دەبێت بۆ دروستکردنی سەرەتایەکی نوێ، دەستپێکردنەوەیەکی تازە و دۆزینەوەی ڕێگەی تر. لەم ڕووەوە **ئارێنت** سڵ لەوە ناکاتەوە **هایدیگەر** بە گەمژەیەکی سیاسی ناو ببات. بڕوانە: (مەریوان وریا قانع، مرۆڤ و کەرامەت، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٩٣-٢٩٥).

[1] Hannah Arendt, The Human Condition, Op.cit, p. 9.

[2] ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤێسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٦-٣٧.

[3] Quoted from: Hannah Arendt, The Human Condition, Op.cit, p p.177-178.

[4] مەریوان وریا قانیع، مرۆڤ و کەرامەت، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٨٨-١٨٩.

سیاسییە لە کردە و قسەدا بەرجەستە دەبێت، لەو ڕووەوە کە کردە و قسە یەک شتن، وەک ئەوەی لە ئاگۆرادا هەبوو، چونکە وشە مەزنەکان گوزارشت لە پەرجوو دەکەن لە بووندا، ئەویش بەهۆی توانای دۆزینەوەی شتی نوێ[1]. واتە لەدایکبوونەوەی دووەمی مرۆڤ لەناو ژیان و پانتایی گشتیدا پێداگرتنە لەسەر ئەوەی کە هەیە و ئامادەیە و دەیەوێت دەرئەنجامەکانی ئەم هەبوون و ئامادەبوونەش بگۆڕێت بۆ بەشێک لە بەرپرسیارییەتی بەرامبەر بە جیهان؛ **ئارێنت** تا ئەو شوێنە دەڕوات کە بڵێت: "لەگەڵ هەر دەستکاریکردن و گۆڕانێکی دنیادا، مرۆڤ جارێکی دیکە لەدایک دەبێتەوە، بەم لەدایکبوونەوەیەش، مرۆڤ تاقانەیی خۆی وەک مرۆڤ نیشان ئەدات، هەم بۆ خۆیی و هەم بۆ جیهانی دەوروبەری"[2].

ئەمەش لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەدا گونجاوە، کە **ئارێنت** لەبارەی کردەی سەردەمی مۆدێرنە باسی کردوون، لە وێنەی کۆمەڵێک بابەتی پەیوەست بە شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەری. لێرەوە **ئارێنت** بانگەشەی ئەوە دەکات کە شۆڕشەکان ئەو ڕوداوە سیاسییانەن، کە ڕاستەوخۆ و بە ناچاری ئێمە ڕووبەڕووی بابەتی دەستپێک دەکەنەوە[3]. چونکە شۆڕشەکان نیشاندەری هەوڵن بۆ بونیادنانی پانتایەکی سیاسی نوێ؛ پانتاییەک کە تێیدا ئازادی دەتوانێت وەک واقیعییەتێکی جیهان (Worldly)ی دەرکەوێت. نموونەی پەسەندکراوی **ئارێنت** شۆڕشی ئەمریکایە، چونکە بە بۆچوونی ئەو کردەی بونیادنان، فۆڕمی جۆرێک لە ئازادی لەخۆگرتبوو، هەروەها باس لە شۆڕشی فەرەنسا دەکات و دیدی جیاوازی لەبارەوە هەیە، دواتر لە شوێنی تری ئەم توێژینەوەیە بە درێژی لەسەر هەردوو شۆڕشی ئەمریکا و فەڕەنسا لە هاوشانی تیۆری شۆڕش لەلای **ئارێنت** دەوەستین. هەروەها نموونەکانی تری **ئارێنت** بریتین لە (**کۆمۆنەی پاریس لە ١٧٨١و دروستکردنی ئەنجوومەنەکان بە درێژایی شۆڕشی رووسیای ١٩١٧**[*])، لە تێکڕای ئەمانەدا یەک بە یەکی پیاوان و ژنان ئازایەتی ئەوەیان هەبوو چالاکییە ڕۆژانەییەکانیان بوەستێنن، و هەنگاوێکی زیاتر لە ژیانی خۆیان بنێن بۆ ئەوەی پانتایی گشتی پێک بێنن کە تێیدا ئازادی بتوانێت دەرکەوێت و بەشێوەیەک کردە بنوێنێت، کە یادەوەری کردەکانیان ببێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ داهاتوو. بە بۆچوونی **ئارێنت** لە کاتی ئەنجامدانی ئەم جۆرە کردەیەدا، ئەوان دووبارە ئەو هەقیقەتەیان نیشانداوە کە بۆ یۆنانییە دێرینەکان دیاربووە، واتە ئەو هەقیقەتەی کە کردە لە ژیانی مرۆڤدا، باڵاترین بەخششە و شتێکە واتا و گرنگی بە ژیانی تاکەکان دەبەخشێت[4].کەواتە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت شۆڕش دەبێت ببێتە ئەو دەستپێکەی کە پانتاییەکی سیاسی نوێ بونیاد بنێت، پەنتاییەک کە تاکەکان دووبارە تێیدا لەدایک ببنەوە و کردەی تاقانەی خۆیانی تێدا بنوێنن و قسە و ئاڵوگۆڕی بیروڕای تاکەکانی تێدا بێتە کایەوە، واتە ئازادی تێدا بەرجەستە بێت.

هەروەها **ئارێنت** بانگەشەی ئەوە دەکات، کە یۆنانییەکان لە ڕێگەی چیرۆک خوانەکان لەبارەی بکەرەکان (**پاڵەوانەکان**)، کە لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکاندا هەن، ئەزموونی خۆیان بونیادنا؛ هەر لە سەرەتاوە لە زمانی **هۆمیرۆس**ەوە: "ئەوەی کردەی گەورەی بە ئەنجام گەیاندووە، پێویستە ئێستا کەسێک بێت خۆی قسەی مەزن بڵێت، نەک لەبەرئەوەی پێویستە قسەی مەزن بەهامان شێوەی ڕوونی کردە گەورەکان وەک یەک دابنێین، بەڵکو لەبەرئەوەی قسە خۆی پێشتر فۆڕمیک بووە لە فۆڕمەکانی کردە". **ئارێنت** پێیوایە بەم وێناکردنەش، قسە هاتوتە ناو ئەزموونی پۆلیسی یۆنانی و بۆتە شێوەیەک لە ئازادی دەربڕین لە ڕاوبۆچوون، و مافی گوێگرتن لە ڕای ئەوانی دی، کە بەلای ناوبراوەوە پێکهاتە پێویستەکانی ئازادی سیاسین. هەروەها بە بۆچوونی **ئارێنت**، گرنگی پەیوەندی سیاسەت بە **هۆمیرۆس** تەنیا لەوەدا نییە، کە تێگەیشتنمان لە وێنای ئازادی سیاسی بەو شێوەی لە یۆناندا هەبووە بەرجەستە دەکات، بەڵکو گرنگییەکەی لەوەش دایە، کە یۆنانییەکان ڕێکخستن و دامەزراندنی شاریان لە ئەزموونگەلی ناو جیهانی داستانەکانی

---

[1] حنة أرندت، ما السیاسة؟، مرجع سبق ذكره، ص٣١.
[2] وەرگیراوە لە: مەریوان وریا قانیع، مرۆڤ و کەرامەت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٩.
[3] Hannah Arendt, On Revolution, Viking press, New York, 1963, p p. 21.
[*] (**کۆمۆنەی پاریس لە ١٧٨١و دروستکردنی ئەنجوومەنەکان بە درێژایی شۆڕشی رووسیای ١٩١٧**)، هەم کۆمۆنەی پاریس و هەمیش ئەنجوونە سەرەتاییەکانی شۆڕشی رووسیا، کردەیەکن کە بۆ یەکەمین جار بوونە مایەی بنیادنانی دیموکراسی بەشداریکردن، بەڵام ئەوەی روسیا لەسەر دەستی ستالین ڕوخا. بڕوانە: (زیاد منی، مناقشات ومراجعات عروض كتب- تأريخ الديمقراطية: تأويل ماركسي، مجلة عُمران، العدد ٦/ ٢، عُمران، بلا مكان الطبع، خريف ٢٠١٣).
[4] ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٧-٣٨.

**هۆمیرۆس** بەرجەستە کرد، بۆ نموونە: **بیریکلس**، ئارگومێنت بە **هۆمیرۆس** دێنێتەوە، کە پێیوابووە شار پێویستە دابمەزرێ بۆ دەستەبەر کردنی کردە قەبە و قسە مەزنەکان[1].

لەبەرئەوە بە بۆچوونی **ئارێنت**، بەبێ ئەوەی **ئەفلاتون** پێمان بڵێت، **سوکرات** کێ بووە و گفتوگۆکانی لەگەڵ هاوڵاتییە یۆنانییەکانی لە ئاگۆڕادا کردووە، و بەبێ گێڕانەوەکانی **هیرۆدوت** لەبارەی **بیریکلس**، ئێمە نەمان دەزانی چ شتێک **سوکرات** و **بیریکلسی** کردووە بەم کەسایەتییە بەرجەستە و تاقانەی ئەوان ئاشکرا نەدەبوو. واتـای خـودی ئەو کـردانەش بەلای **ئارێنـت** بەسـتراوەتەوە بەو شـتانەی کە میژوونووسـان و گێڕەرەوەکـان بە سـەرنجدان لە ڕابـردوو لە بـارەیەوە دەیڵێن، چونکە تـاڕادەیەک کـردە و قسـەی تاکەکـان، خەملێنەری واتای ئەوانە، هەم بۆ ئەکتەرەکان، هەمیش بۆ بینەران. بەشێوەیەک لە بەرهەمەکانی شاعیر و مێژوونووسـە یۆنـانییەکانـدا، ڕابـردوو بـوو بە تێشـوویەک بـۆ فێرکـردن و ڕێنمـاییکردن، تێشـوویەک لەو کردانەی دەبوو لاسایی بکرێنەوە، هەروەها ئەو کردانەی دەبوو لێیان دوور بکەونەوە[2]. کەواتە، ئەمەش ئەوە دەگەێنێت، ئەوە قسەکانی ناو داستان و چیرۆکەکانن، کە کردە گەورەکان بۆ ئێمە ئاشکرا دەکەن، ئەوە چیـرۆک خوانەکـان و گێڕەرەوەکـانن پێمـان دەڵێن بکەرەکـان کێن و چیـان کـردووە، تـاکوو ئـێمە بتـوانین سوودیان لێ وەرگرین بۆ ئێستا و داهاتوو. چونکە کردە نواندنی بەرزترین چالاکی ئازادی سیاسی مرۆڤە و لەمیانەی کارلێکی نێوان مرۆڤەکان دێتە بوونەوە، واتە کردە دەستپێکێکی نوێیە کە مرۆڤ دەیخوڵقێنێت و بەهۆیەوە گوزارشت لە ئازادی سیاسی خۆی دەکات، و بکەربوونی لە پانتایی گشیدا دەسەلمێنێت.

## لقی دووەم: کردە و قسە وەک فرەیی

هەرچـی سـەبارەت بە (**فرەیـی- Plurality**[*])ە، بە بۆچـوونی **ئارێنـت** کـردە هاوواتـایە لەگەڵ دۆخـی فرەیی مرۆیی، نەک تەنها مەرجی پێویست، بەڵکو مەرجی پێویستی تێکڕای ژیانی سیاسییە، چونکە ئەگەر

---

[1] وەرگیراوە لە: حنة أرندت، ما السياسة؟، مرجع سبق ذكره، ص ص٤٤-٤٧.

[2] ماوریزیۆ پاسرین دێنتریڤێسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤٤، ٤٥، ٤٧.

[*] (**فرەیـی- Plurality**)، فرەیـی ئامـاژەیە بـۆ ڕاسـتییەکی زۆر سـادە، ڕاسـتی ئەوەی هەمیشـە زیـاد لە ڕوانـین و دیـد و بۆچوونێک هەیە بەرامبەر بەوەی ئایا دنیا و دیاردەکانی، ژیان و بەها سەرەکییەکانی، مرۆڤ و خەون و خولیاکانی، چین و کامانەن. هەمیشە زیاد لە ڕێگەیەک و زیاد لە گۆشەنیگایەک هەیە بۆ بینین و لێکدانەوەی شتەکان و زیاد لە زمانێک هەیە بۆ پەیوەندیکردن و دروستکردن جیهان، واتە زیاد لە ڕێگەیەک هەیە بۆ تەماشاکردنی واقیع. فرەیی پەیوەستە بە بوونی چەندەها جۆر لە تاکەکەس و گروپی لەیەک جیاواز و چینەکان و پیشەکان و شوناس و نەتەوە و کولتور و کەلەپووری جیاواز لەنـاو کۆمەڵگەدا، ئەمانەش ڕوانین و خەون و چاوەڕوانی جیاوازیان هەیە. گرنگی ئەم بابەتە لە دنیای ئەمڕۆدا زۆر ئاشکراتر و بەرچـاوترە لە سـەردەمەکانی تـری مێـژووی مرۆڤـایەتی، چـونکە ئەم جیهـانە نەک تەنهـا لە هەمـوو جیهانەکـانی پێش خـۆی فرەچەشنترە، بەڵکو هەر هەوڵدانێکیش بۆ تێگەیشتن لەم جیهانە، بەبێ چەمکی فرەیی، هەوڵدانێکی لاواز و نـاتەواوە. ڕەنـگە یەکەمـین نووسـەری مـۆدێرن، کە پرسـی فرەیـی کـردبێتە بـابەتی تێڕامـان و خوێنـدنەوە تیۆرییەکـانی، فەیلەسـوفی ئەمریکـی (**ویلـیەم جەیمـس- William James**/ ١٨٤٢- ١٩١٠) بێـت، کە لە کتێـبەکەی (pluralistic Universe A)دا، ڕووبەڕووی ئەو شێوازە لە بیرکردنەوە میتافیزیکییە دەبێتەوە، کە هەمـوو دیـاردە و کێشـەکان بـۆ یەک پرەنسیپی ڕەهـا، یـان یەک تیۆر و یەک چەمک دەگێڕێتەوە؛ ئەویش ئەوەیە کە جیهان هەمیشە یەک جیهانە. لەبەرامبەردا **جەیمس** بـاوەڕی وابـوو کە جیهان و شتەکانی ناوی هەرگیز کورتناکرێتەوە بۆ یەک شت. لەلای **ئارێنت**، فرەیی بنەمایەکی ئەنترۆپۆلۆجی هەیە، کە پەیوەستە بەو ڕاستییەوە، مرۆڤ هەمەجۆرە و هەموو تاکەکەسێکیش کە دێتە نـاو جیهـان، لەگەڵ خۆیدا ئەگەری سـەرەتایەکی تازە و جیاواز دێنێتە کـایەوە. هەروەهـا بە بۆچـوونی فەیلەسـوفی ئیتـاڵی (**جیانی ڤـاتیمۆ- Gianteresio Vattino**)، فرەیـی بنەمایەکی سۆسیۆلۆجی و ئەبستۆمۆلۆجی هەیە و کەسێک یان تێزێک یان تیۆرێک بە تەنها توانـای ڕاڤەکردنـی دونیـای نییە. هەروەهـا فەیلەسـوفی ئیسـلامیش (**فـارابی**)، پێیـوایە ناکرێـت بیـر لەوە بکەیـنەوە جیهـان وەک یەک جیهـان ببیـنین و هەمـوو شـارەکان و کۆمەڵگەکـان یەک دین و یەک شـێواز لە فەرمـانڕانی و یەک جـۆر مەعریفەیـان هەبێت. لە شەسـتەکانی سـەدەی ڕابردوشـدا ئاراسـتە و ڕیبـازێکی فـرە کولتـوری لەمیـانەی پەرەسـەندنی لیبـڕاڵیەت و دیموکراسـی ئێلهـام و ئامـادەگی خـۆی وەرگـرت، بە تـایبەت لەلایەن ئەو وڵاتـانەوە کە بەشـێوەیەکی کردەیـی پیـادەی وێسـتگەکانی کۆچبەرانیـان دەکـرد، وەک (**ئەمریکـا، کەنـدا** و **ئوستوڕاڵیا**...هتد)، واتە فرە کولتوری لەو وڵاتـانە ڕەواجـی پەیداکرد، کە لە بنەڕەتدا خـاوەن کولتـوری فرەچەشـن بـوون. ئەم ڕێبـازەش لە ڕووی بیروبـاوەڕەوە پەیوەنـدی هەیە بە بەهاکـانی دادپەروەری و لێبـوردەیی و کـرانەوە بەڕووی کۆچبەراندا، کە ڕەگەز و پاشخانی جیاوازیان هەیە، واتە وەک ڕێبازێکی کۆمەڵایەتی و جێگرەوەیەک بۆ سیاسـەتی تێکەڵاوبـوون (**الإنـدماج**)، لە ڕیـگەی دانپیانـان بە مافەکـانی هاوڵاتیـان و شوناسـە کولتوریەکـان بـۆ گـروپ و کەمیـنە

کردە بە واتای هێنانی شتێکی نوێ و چاوەڕواننەکراو بێت بۆ جیهان، ئەوا کردە شتێک نییە بتوانرێت بەجیا لەوانی دی ئەنجام بدرێت، بێگومان ئێمە مەبەستمان لە نواندنی کردەی ئازادی سیاسییە. واتە ناتوانرێ سەربەخۆ دوور لە ڕوانگەی جیاوازی ئەوانی دی لەبارەی ئەوەی ئەنجام دەدرێت دادوەری و گفتوگۆی بکەن، مادام کردە پێویستی بە دەرکەوتن لە پانتایی گشتی و ناساندنی ڕەزامەندی کەسانی ترە، تەنیا دەتوانێت لە پانتاییەکدا بوونی هەبێت کە بە فرەیی دەناسرێتەوە؛ **ئارێنت** پەیوەندی نێوان کردە و فرەیی لە ڕێگەی هێنانەوەی ئارگۆمێنتی مرۆڤناسییانەوە دێنێتەوە، بەوەی هەروەک چۆن ژیان مەرجێکە بەستراوەتەوە بە ڕەنج، و جیهانی بوون مەرجێکە بەستراوەتەوە بە کاری داهێنەرانە، فرەییش مەرجێکە بەستراوەتەوە بە کردە، واتە ئەو واقیعییەتەیە کە مرۆڤەکان نەک مرۆڤ لەسەر زەوی دەژین[1].

**ئارێنت** لە ئاستی تیۆر و فەلسەفەی سیاسیدا، ڕەخنەیەکی گەورە و فراوان لە کەلەپووری تیۆری و فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوا دەگرێت، بەوەی ئەوەندەی گرنگییان بە هزری ڕووت داوە، ئەوەندە گرنگییان بە دیاردەی سیاسی نەداوە وەک چالاکی دروستکردنی جیهانێکی فرە و هاوبەش بۆ مرۆڤەکان بەیەکەوە. هەروەها پێیوایە، لە فەلسەفە و خوداناسییەوە بیگرە تا سایکۆلۆجیا و بایەلۆجیا، بەردەوام باس لە مرۆڤ دەکرێت وەک یەک تاکەکەس، وەک بوونەوەرێکی تەنها، مرۆڤێکی ڕووت، لە کاتێکدا پێویستە لە هزر و فەلسەفەی سیاسیدا بە کۆ باس لە مرۆڤ بکرێت، لە باتی باس لە مرۆڤ، باس لە مرۆڤەکان بکرێت، کەی باس لە مرۆڤەکان بە کۆ کرا، ئەوا ئەودەم باس لە فرەیی مرۆڤەکان دەکرێت، چونکە مرۆڤەکان لەیەک جیاوازن و ئەوەشی دەیانکات بە مرۆڤ ئەو دۆخی فرەییەیە. لەو ڕووەوە زۆر بە توندی بەگژ ئەو بۆچوونەشدا دەچێتەوە، کە پێیوایە مرۆڤ لەسەر وێنەی خودا دروست کراوە، چونکە لەلای **ئارێنت** خودا یەکە و فرە نییە، تاکە و کۆ نییە، لەبەرئەوە پێیوایە وێکچواندنی مرۆڤ بە خودا وێرانکردنی ئەو فرەییەیە، کە بەشێکی هەرە بنەڕەتی ژیان و بوونی مرۆڤەکانە؛ لەبەرئەوە لە کارە تیۆرییەکانیدا، سیاسەت وەک چالاکییەکی پەیوەست بە ژیانی کۆ و گشتی مرۆڤەکان دادەنێت[2]. لەو ڕووەوە بە بۆچوونی **ئارێنت** بیرۆکەی سەرەکی لەلای **ئەفلاتون** دروستکردنی شارێکی سیاسی یەکگرتوو بوو، ئەمەش بازدانە بەسەر فرەییدا و وێرانکردنی جیاوازیە لەپێناوی یەکگرتن و یەکێتیدا. هەروەها ئەم دیدە فرەییەی **ئارێنت** پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی زەمەنی خۆی بوو، کە سیاسەتیان وەک هەوڵی سڕینەوەی جیاوازیەکان و سەپاندنی یەکێتی دادەنا، لە نموونەی: هزرمەندی ئەڵمانی (**کارڵ شمیت**-Carol Schmidt/ ١٨٤٦-١٩٢٨)، کە لەپێناوی بەدەستهێنانی یەکگرتندا، ئەرکی سیاسەت لە کردەی جیاکردنەوەی دۆست لە دوژمن وێنا دەکرد. ئەوەی لێرەدا **ئارینت** دەیەوێت بیڵێت ئەوەیە، کە بە سیاسیبوونی مرۆڤ دیاردەیەکی سروشتی نییە، وەک **ئەرەستۆ** پێیوابوو، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، و مرۆڤەکان بەر لە سیاسیبوونیان مرۆڤی

---

ڕەگەزەکییەکان، و جێگیرکردنی بەها جۆراوجۆرە کولتورییەکان گۆڕا. لەو میانەیەدا لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو هەندێک لە گەلان وەک گروپ و کۆمەڵی جیاواز لە کۆمەڵگەکانیاندا دان بە مافەکانیاندا نرا، هەروەک چۆن ئەو گروپە نیشتمانیانەش سوودمەند بوون کە لەناوچەیەکی دیاریکراو نیشتەجێن و کولتوری جیاوازیان لەوانی دی لە کۆمەڵگەدا هەیە، لە نموونەی ئەو گروپانەش (**کیبیک لە کەنەدا و باسک لە ئیسپانیا**). دوای ئەوەی دیموکراسی رۆژئاوا نەی توانی کۆتایی بە کێشەکانی فرە کولتوری بێنی، لە نەوەداکانی سەدەی ڕادوو پسپۆڕانی تیۆری سیاسی بایەخی زیاتریان بەو بابەتە دا، بەوەی فرە کولتوری تەنها دانپیانانی ڕەمزی یان سیاسەتی شوناس نییە، بەڵکو قسەکردنە لەسەر پرسی دەسەڵات و دابەشکردنی داهاتەکانە. ئەم تێڕوانینەی فرە کولتوری دەوڵەت ناچار بە دووبارە بونیادنانەوەی خۆی دەکات بۆ دروستکردنی یەکەی سیاسی نوێ بۆ کەمینەکان کە سەربەخۆیان پارێزراو بێت. دیارترینی ئەو تیۆرسێنانەش (**ویل کمیلکا**/ ١٩٦٢- ) بوو، کە وشەی کولتوری بەشێوەیەکی دیاریکراوتر بەکارهێنا، بەوەی داکۆکی دەکرد لە پاراستنی مافی کۆمەڵگەیەکی پێکەوە گرێدراو، کە نیشتەجێی ناوچەیەکی دیاریکراون و جیاوازن لە ڕووی زمان و کولتوری هاوبەش، هەروەها جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە تاکەکان بیروباوەڕ و ڕاوبۆچونیان لە میراتی کولتورییانەوە وەرگیراوە و پێویستە تاکەکان ئازاد بن لە قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی هەر بژاردەیەک کە دەخرێتە بەردەمیان، و دەبێت ڕێز لە ئینتمای کولتورییان بگیرێت. بڕوانە: (مەریوان وریا قانیع، مرۆڤ و کەرامەت، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٦٧-٢٨٥) و (شهاب أحمد عبدالله، مرجع سبق ذكره، ص ص١٢٢-١٢٨).

[1] Hannah Arendt, The Human Condition, Op.cit, p p. 7- 8.

[2] مەریوان وریا قانیع، مرۆڤ و کەرامەت، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٨٦-٢٨٨.

یەکسان نین، ئەوەی دەیان کات بوونەوەری یەکسان وهاوسێ و هاوڕێ لەگەڵ یەکتریدا سیاسەتە، کە بەرهەمی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و پێکەوەبوونی ئازادانەیە لەگەڵ یەکدا(1).

کەواتە، فرەیی لە دیدی **ئارێنت** دا هەم ئاماژەیە بۆ یەکسانی و هەم ئاماژەیە بۆ جیاوازی، بەوەی تێکڕای مرۆڤەکان بە یەک جۆرەوە بەستراونەتەوە و تا ئەو ڕادەیە لە یەکتر دەچن کە لە یەکتری تێبگەن، بەڵام هیچ دوو کەسێک لە مرۆڤەکان جێگرەوەی یەکتر نین و ناتوانرێت ئاڵوگۆڕیان پێبکرێت، چونکە هەر یەکێک لەوان تاکێکە بەسەرهاتی تایبەتی خۆی و دیدێکی تایبەتی بۆ جیهان و شتەکان هەیە(2). **ئارێنت** بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو تێزەی فرەیی جارێکی تر دەمانباتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان و دەستەواژەی **(ئیزونومیا)**، واتە دەستورێکی ئازاد. ئەمەش دەمانخاتە بەردەم گێژاوی ئەو واتایەی یەکسانی، کە ئێمە هەموومان لەبەردەم یاسادا یەکسانین، بەڵام واتای **ئیزونومیا** لەلای یۆنانییەکان تەواو جیاوازە، و بە واتای ئەوە دێت هەمووان هەمان مافی ڕەوایمان هەیە لە چالاکی سیاسیدا، واتە هەموومان یەکسانین لەناو دەوڵەت- شار گفتوگۆ بکەین، ئەمەش هەمان پێشینەی ئازادی دەربڕینە. لەبەرئەوە **ئارێنت** ڕای وایە کاتێک یۆنانییەکان دەیانووت، کۆیلەکان و دەشتەکییەکان لە قسە و گفتوگۆ بێبەشن، مەبەستیان ئەوەبوو کە ئەوان لە دۆخێکدان، ئازادی قسەکردنیان ئەستەمە و لەژێر باری چەوسانەوەدان، و جگە لە فەرمان جێبەجێکردن شتێکی تر نازانن. لەبەرئەوە ئەوانەی دەتوانن قسە بکەن پێویستە لە پلەبەندیدا یەکسان بن و لە ڕاوبۆچووندا جیاواز بن(3). ئەم چالاکییە سیاسییەش بە پلەی یەکەم لە کولتوری شاردا شێوەی قسەکردنی وەرگرتووە لەگەڵ یەکتریدا لەمیانەی ئەو مافی یەکسانییەی کە بۆ قسەکردن هەبووە، ئەمەش خاڵێکی گرنگ و جەوهەری بووە سەبارەت بە یەکسانی بەشداری هاوڵاتییان لە پانتایی گشتی و کاروباری سیاسیدا(4). ئەوەش بە واتای ئەوە نییە ئەزموونی دەوڵەت- شار درز و کەلەبەری گەورەی تێدا نەبێت، بەڵکو زۆرێک لە نووسەران و توێژەران ڕایان وایە، کە پڕیەتی لە کورتهێنانی گەورە و هەڵاوێر کردنی مرۆڤی و جێندەری جیاواز، بەڵام دەکرێت وەک سەرەتایەک بۆ هاتنەئارای هەستکردن بە جیاوازی و فرەیی سەیر بکرێت(5).

هەرچۆنیک بێت، **ئارێنت** لە دۆخی مرۆییدا بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، بەهۆی فەزیلەتی فرەییەوە، هەر یەکێک لە ئێمە دەتوانێت کردە بنوێنێ و بەجۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ کەسانی دیدا، کە تایبەت و جیاوازن، پەیوەندی ببەستێ و کاری هاوبەش لە تۆڕێک لە کردە و پەیوەندییەکاندا ئەنجام بدات، کە بێ کۆتا ئاڵۆز و پێشبینی نەکراون. ئەم تۆڕی کردانە هەمان ئەو شتەیە، کە بواری کاروباری مرۆیی پێکدێنن، واتە پانتاییەک کە تێیدا تاکەکان ڕاستەخۆ لە ڕێگەی زمانەوە، بەبێ نێوەندگیری شتەکان یان کەرەستەکان، پەیوەندی بەیەکەوە دەبەستن، و لە ڕێگەی کارلێکی پەیوەندیکارییەوە تۆڕی پەیوەندییە مرۆییەکان دەپارێزرێت؛ هەروەها لەلای **ئارێنت** کردە و قسە لە یەکتر جیانەبوونەتەوە، و وشەکان نەک بۆ داپۆشینی مەبەستەکان، بەڵکو بۆ ئاشکراکردنی واقیعییەتەکان بەکاردێن، هەروەها کردەکان نەک بۆ تێپەڕاندن و وێرانکردن، بەڵکو بۆ دروستکردنی پەیوەندی و واقیعییەتە نوێیەکان سوودیان لێوەردەگیرێت(6).

کەواتە، جیهانێکی واقیعی لەلای **ئارێنت جگەلە** جیهانێکی هاوبەش بوونی نییە، جیهان بە واتای ئەوە نا کە شتوومەک یان کەلوپەل یاخود دیاردەگەلێکی سروشتی هەبێت، بەڵکو بە واتای بوونی پەیوەندی و تۆڕێک لە وابەستەیی، کە کردە لەناو خەڵکیدا دەیهێنێـدی، بەشێوەیەک پێویستی بە زۆرلێکردن یان توندوتیژی نییە، بەڵکو ئامرازەکەی دیالۆگ و قەناعەت پێکردنە کە لەسەر بنەمای فرەیی تاکە یەکسانەکان

(1) مەریوان وریا قانیع، سیاسەت و دنیا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤٥-٤٨.
(2) ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤێسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٩-٤٠.
(3) حنة أرندت، ما السياسة؟، مرجع سبق ذكره، ص ص٣٧-٣٨.
(4) Luke Neal, Hannah Arendt’s Theory of Freedom: A Reinterpretation, The thesis of Doctor, University of Birmingham- College of Social Sciences- Department of political science and international studies, Birmingham- United Kingdom, 2015, p.27.
(5) مەریوان وریا قانیع، مرۆڤ و کەرامەت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٤.
(6) ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤێسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤٠-٤١.

وەستاوە. واتە جیهانی ڕاستەقینە لەلای **ئارێنت**، جیهانی کردە و پیادەکردن، دەستپێک و جوڵەیە، و ئازادی جوڵە مەرجی پێویستە بۆ کردە، جوڵە بە واتا فیزیکییەکەی نا، بەڵکو بە واتای مەبەست و بۆچوون بەڕووی ئەوانی دیدا، بەڕووی جیاوازییەکاندا، لەمیانەی زمان و قسەی ئازاددا[1]. کەواتە، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە مەبەستی سەرەکی **ئارێنت** لە وێناکردنی جیهانێکی فرەیی بۆ بە گژاچوونەوەی دیاردەی تۆتالیتاریزمە لە سەدەی بیستەمدا، وەک ئەوەی لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا باسمان کرد، چونکە **ئارێنت** هەم وەک تاکەکەس و هەم ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژیا، قوربانییە ڕاستەوخۆکانی تۆتالیتاریزم بوون، کە وەک سیستمێک وێنای دەکات، کە تەواوی جۆرەکانی فرەیی وێران دەکات و هەموو ئەو مرۆڤ و گروپانە لەناو دەبات کە لەو ناچن، و وەک ئەو بیرناکەنەوە، هەموو جۆرە فرەڕەنگی و ئازادییەک خاپور دەکات[2].

کەواتە، لەوەی تائیستا باس کرا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ڕەنگە ئامانجی **ئارێنت** لە وێناکردنی کۆمەڵگەیەکی فرەیی کە تێیدا ئازادی سیاسی سیمای ڕاستەقینەی بێت، لە ڕێگەی نواندنی کردە و قسە، خستنەوەیاد و پیشاندانی ئەزموونی دەوڵەت- شاری یۆنانە، واتە نیشاندانی جیهانێکی فرەیی کە تێیدا سەرجەم هاوڵاتییان بە تەواوی بۆچوون و پێکهاتە جیاوازەکانەوە بە یەکسانی مافی ئەنجامدانی کردەی سیاسییان هەبێت، واتە بتوانن دید و بۆچوونی خۆیان لەمەڕ پرسە گشتیەکان دەربڕن و قسە و گفتوگۆی لەبارەوە بکەن، هۆکاری سەرەکی خستنەڕووی ترس بێت لە سەردەمەکەی خۆی؛ ترس لە سیستمە تۆتالیتار و فاشیستەکان، ترس لە نەمانی پانتایی گشتی، ترس لە کوشتنی جیاوازی مرۆڤەکان، لەوەی هەموو ئەو بەهرە و ڕوانگە جیاوازانەی لە هێنانەئارای شتێکی نوێ و خوڵقاندنی دەستپێک و جیهانێکی ئازاددا هەن لە بەین بچن، ترس لەوەی نەتوانین جیازازیەکانی یەکتری قبوڵ بکەین و پەنا بۆ توندوتیژی ببەین، ترس لە لەبەین چوونی کردە مەزنەکان لەناو داستانەکاندا، ترس لە ونبوونی کردەی ئازادی سیاسی.

## باسی دووەم: کایەکانی پیادەکردنی ئازادی لە ڕوانگەی (ئارێنت)ەوە

هەم لە میانەی شیکاری باسی یەکەمی ئەم بەشەدا، هەم لە باسی دووەمی بەشی یەکەمدا، لەناو تێکستەکانی **ئارێنت** دا هەریەک لە کایەکانی (**پانتایی گشتی** و **پانتایی تایبەت**، **دامەزراوە** و **ڕێکخراوە سیاسییەکان، دەسەڵات و شۆڕش**)، دەبینرێن و گرنگی و بایەخێکی زۆریان هەیە، لەبەرئەوە بەبێ ڕاڤەکردن وشیکردنەوەی پەیوەندی ئەم کایانە بە چەمکی ئازادی لەلای **ئارێنت**، ئەوا وێناکردنمان بۆ تیۆری سیاسی ناوبراو لەمەڕ ئازادی بە ناتەواوی دەمێنێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش، ئەم باسە دابەش دەکەین بۆ دوو داخوازی؛ لە داخوازی یەکەم، باس لە پانتایی گشتی و ڕەوایی دامەزراوە سیاسییەکان دەکەین، لە داخوازی دووەمیشدا، لە شۆڕش و ئازادی دەتوێژینەوە.

### داخوازی یەکەم

### پانتایی گشتی و ڕەوایی دامەزراوە سیاسییەکان لە ڕوانگەی (ئارێنت)ـەوە

چەمکی پانتایی گشتی بە یەکێک لە گرنگترین ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی هزری سیاسی و تیۆری سیاسی دادەنرێت، و بەردەوام جێگەی مشتومڕی زۆری هزرمەندان و فەیلەسوفانی بواری سۆسیۆلۆجی و زانستی سیاسی بووە، وەک چەمکێکی پەیوەندیدار بە کۆمەڵگە و بواری ئازادی و بەشداری سیاسی هاوڵاتیان و مافەکانیان تێیدا، بەڵام ئەوەی لێرەدا ئیمە مەبەستمانە تیشکی بخەینە سەر، تەنیا ڕەهەندی سیاسییە لە ڕوانگەی **ئارێنت**ەوە، چونکە وەک پێشتر بۆمان دەرکەوت لەلای **ئارێنت** سیاسەت و ئازادی هەمان کرۆک

---

[1] المصطفى الشادلي، مرجع سبق ذكره، ص٤١.
[2] مەریوان وریا قانیع، مرۆڤ و کەرامەت، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٨٥-٢٨٦.

و هەمان واتایان هەیە، لەبەرئەوە ئەم داخوازییە دابەش دەکەین بۆ دوو لق؛ لە لقی یەکەم، پانتایی گشتی و هاوڵاتیبوون دەخەینەڕوو، و لە لقی دووەمیشدا، لە ڕەوایی دامەزراوە سیاسییەکان دەکۆڵینەوە.

## لقی یەکەم: پانتایی گشتی و هاوڵاتیبوون

بۆ زیاتر ڕوونبوونەوە و شیکاریەکی وردتر، ئەم لقە دابەش دەکەین بۆ دوو بڕگە بەم شیوەی خوارەوە:

### یەکەم: پانتایی گشتی

**ئارێنت** بەم شێوەیە پێناسەی چەمکی پانتایی گشتی کردووە: "دەستەواژەی گشتی دوو واتای هەیە؛ یەکەمیان، ئاماژەیە بۆ دەرکەوتنی گشتی، کە دەکرێت لەلایەن هەموانەوە بینرا و بیستراو بێت، دووەمیان، ئاماژەیە بۆ خودی جیهان، لەوەوە کە لەنێوان هەمووانیدا هاوبەشە، و جیاوازە لەو شوێنەی کە بەشێوەی تاکەکەسی تێیدا دەژین، زیاتر لەوەش ئەم جیهانە لەگەڵ زەوی یان سروشت هەمان شت نییە، کە هەردووکیان چوارچێوەیەکن بۆ جوڵەی خەڵکی و مەرجێکن بۆ ژیان، بەڵکو پەیوەستە بەوەی کە مرۆڤ بەرهەمی هێناوە و دروستکراوی دەستی ئێمەیە، هەروەک ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان دانیشتوان لەم جیهانەدا هەن، لەلایەن مرۆڤەوە ڕوودەدەن"[1]. کەواتە، لەلای **ئارێنت** پانتایی گشتی، لە دوو ڕەهەندی جیاواز و لە هەمانکاتدا پەیوەندیدار بەیەکەوە پێکدێت: یەکەمیان، (**پانتایی دەرکەوتن**- The space of appearance)ە، کە پانتایی ئازادی و یەکسانی سیاسییە، ئەم پانتاییە ئەو کاتە دێتە ئاراوە، کە هاوڵاتیان بەشێوەیەکی هەماهەنگ و بە کۆمەڵ، لە ڕێگەی قسە و قایلکردنەوە کردە دەنوێنن. دووەمیان، (**جیهانی هاوبەشە**- Public realm)ە، کە **ئارێنت** وەک جیهانی هاوبەش و گشتی دروستکراوەکان، دامەزراوە و ڕیکخراوەکان وێنای دەکات، و پێیوایە ئەم پانتاییە ئێمە لە سروشت جیادەکەنەوە و زەمینە و بوارێکی بەنزیکەیی بەردەوام و نەمر بۆ چالاکییەکانمان فەراهەم دەکات. بە بۆچوونی **ئارێنت** هەردوو ڕەهەندەکە بۆ کردەی ئازادی هاوڵاتیان بنچینەیین، یەکەم پانتاییەک دەڕەخسێنێت کە هاوڵاتی تێیدا دەتوانێت دەربکەوێت و بکەر و شوناس و بۆچوونی خۆی بۆ ئەوانی دی ئاشکرا بکات و پەیوەندی یەکگرتوو ببەستن، لە شێوەی کۆبوونەوە لە دەوری پرسێکی گشتی، دەنگدان، خۆپیشاندان و ئیدانەکردن...هتد. دووەم زەمینەیەکی پایەدار دەڕەخسێنێت، کە پانتاییە گشتییەکانی کردە و ڕاوێژ دەتوانن لێیەوە دروست بین[2].

کەواتە، لەلای **ئارێنت** هەردوو پانتاییەکە، پەیوەندار و تەواکەری یەکترن؛ ئەوەی پانتایی دەرکەوتن دەستەبەر دەکات، بەرجەستەبوونی هەردوو پرەنسیپی بینرا و بیستراوە، چونکە بە ڕای **ئارێنت** پانتایی گشتی واتای ئەوەیە، کە هەموو شتێک لە بەردەم گشت یان خەڵکیدا دەرکەوێت، بەجۆرێک کە بتوانرێت ببینرێت و ببیسترێت. واتە توانای خۆدەرخستنی هەر کەسێک کە بکرێت هەم لەلایەن خەڵکانی ترەوە هەم لەلایەن خۆشییەوە وەک نمایشکارێک، ببینرێت و ببیسترێت؛ گەر ئەو ڕاستییە بەهەند وەربگرین کە هەقیقەت لەو کاتەدا دروست دەبێت کە تۆ وەک بکەر پێویستە ببینرێیت و ببیسترێیت، ئەوا دەبێت بزانین هەموو ئایدیا و تەنانەت هەست و سۆزەکانیش ئەو کاتە دەبن بە بەشێک لە هەقیقەت، کە لە فۆرمە تایبەتی و تاکە کەسییەکەی خۆیان دادەبڕێن و دەبن بە بەشێک لە گشت. واتە دەچنە فۆرمێکەوە کە بۆ خۆدەرخستن و نمایشکردن گونجاو بن، لەبەرئەوە بە باوەڕی **ئارێنت**، ئامادەبوون و بوونی ئەوانی دی بۆ ئەوەی ئەو کردە و دیمەنانە ببینن کە ئێمە دەیبینین، و ئەو ئاخەوتن و وقسانە ببیستن کە ئێمە دەیبیستین، لە هەقیقەتی خۆمان و ئەو جیهانە هاوبەشە دڵنیامان دەکاتەوە کە تێیدا دەژین[3]. بەڵام تاکە تایبەتمەندی جیاکەرەوە لەنێوان هەردوو پانتاییەکە بە بۆچوونی **ئارێنت** ئەوەیە، کە پانتایی دەرکەوتن بەپێچەوانەی جیهانی هاوبەش کاتییە و تەنیا ئەو کاتە هەیە، کە تاکەکان لەشێوەی کۆبوونەوەی سیاسیدا کۆدەبنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو

[1] نقلاً عن: ماضي بسمة، مرجع سبق ذكره، ص ص٥٦-٥٧.

[2] کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤٣، ١٠٦-١٠٧.

[3] شارا تاهیر، خۆنیشاندان وەک جوگرافیایەک بۆ شاردنەوەی جەستەی ژنان، گۆڤاری ئازادی کۆمەڵگە، ژمارە (٣٤)، دەزگای گۆڤاری ئازادی کۆمەڵگە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، کانوونی دووەمی ٢٠١٩، ل ل٤٧-٤٨.

تایبەتمەندییەشیدا بەردەوام دەکرێ ئەم جۆرە پانتاییە گشتییە بۆ دەرکەوتن سەرلەنوێ بێتەئاراوە. واتە هەر کاتێک مرۆڤەکان بۆ قسەکردن و ئەنجامدانی کردە پێکەوە کۆدەبنەوە، ئەم پانتاییە بەرجەستە دەبێت، بەوەی دوای بە کردەیی بوون و نواندنی قسە و کردەکان ئیدی ئەو جوڵەیەی کە پانتایی دەرکەوتن دێنێتە بوون کۆتایی پێدێت و نامێنێتەوە، بەشێوەیەک نەک هەر بە پەرتەوازەبوونی مرۆڤەکان، بەڵکو بە نەمان و وەستانی خودی چالاکییە سیاسییەکانیش ئەو پانتاییە لەناو دەچێت. کەواتە، وەک **ئارێنت** ئاماژەی بۆ دەکات، هەر کاتێک تاکەکان لە دەوری یەکتری کۆببنەوە، ئەوا ئەو پانتاییە بەشێوەیەکی کارا و بەهێز بەدیدیتەوە، بەڵام تەنها بەهێز و کاراییە، بەردەوام و هەمیشەییی نییە[1].

بە بۆچوونی **ئارێنت**، لەوانەیە پانتایی دەرکەوتن لەناکاو دروست بێت، وەک ئەوەی لە شۆڕشەکان دەیبینین، یان لەوانەیە، وردە وردە لە ناخی ئەو هەوڵانەوە، کە بۆ گۆڕینی یاسا یان سیاسەتێکی تایبەتی ئەنجام دەدرێت دەردەکەوێت؛ لە ڕووی مێژووییشەوە هەر کاتێک پانتاییە گشتییەکانی کردە و ڕاوێژ دروست بوون، ئەم پانتایەش خوڵقێنراوەتەوە، لە گردبوونەوەکانی شارەوە بگرە تا دەگاتە سەندیکاکانی کرێکاران، لە خۆپیشاندان و مانگرتنەکانەوە بگرە تا ئەو هەوڵانەی بۆ دادپەروەری و مافی یەکسانی دەدرێن[2]. کەواتە، **ئارێنت** هەردوو دەستەواژەکە، بە واتای **چەمکی** پانتایی گشتی بەکار دەهێنێت، ئەمەش وامان لێدەکات هەردوو دەستەواژەکە بە تێکەڵی بەکاربهێنین و نەتوانین بەجیا باسیان بکەین، چونکە واتاکانیان تەواکەر و ئاوێتەی یەکترن، تەنیا مەبەستی ئێمە لەو کۆڵێناکارییەی سەرەوە ئەوەیە، کە ئەندێشەی خوێنەر پەرتەوازە نەبێت کاتێک لە هەر یەکێک لەو چەمکانە دەدوێین.

**ئارێنت** بەردەوام دەستەواژەی جیهان یان جیهانی هاوبەش وەک پانتاییەکی گشتی بەکاردێنێ بۆ ئەو مرۆڤانەی کە لەناو شاردان، بە بۆچوونی ئەو کەسێک کە لەنێوان خۆی و ئەوانی دیدا دیوارێکی دروست کردووە، نە لە جیهاندایە و نە جیهانییە، چونکە ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان مرۆڤەکاندا دروست دەبێت خاوەندارێتی تێدا هاوبەشە. **ئارێنت** جیهانی هاوبەش، لە شێوەی **(مێزێک)** وێنا دەکات، بەوەی ئەم مێزە لەنێوان هەموو ئەوانەدا هاوبەشە؛ کە لە دەوری دانیشتوون و کۆبوونەتەوە، واتە پانتاییەکە، کە هەم ئەوانەی لە دەوری دانیشتوون بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، هەم لەیەکتری جیان دەکاتەوە و ڕێگە لە لێکترازانی مەودای نێوانیان دەگرێت. کەواتە، بە بۆچوونی **ئارێنت** جیهانیبوون واتە سیاسی بوون، سیاسی بوونیش بە ڕای ئەو پڕ گرنگترین کردەی پراکتیکی مرۆڤە، کە بە تاکییەتی ئەو هەم بواری بەرجەستەبوونی دەدات و ئەگەری توندوتیژی کاڵ دەکاتەوە، هەمیش دەستەبەری ئازادی سیاسی بۆ دەکات[3]. کەواتە، شوبهاندنی جیهان بە مێزێک لە دیدی **ئارێنت** دا، واتای وایە جیهان ئاماژەیە بۆ **(لەنێوان)**، کە هەم لە یەکترمان نزیک دەکاتەوە، هەم لەیەکترمان دوور دەخاتەوە؛ بەپێی ئەم تێزەی **ئارێنت** بێت، هەموو هەستکردنێکی مرۆڤ بە هەقیقەت دەوەستێتە سەر خۆدەرخستن و بوونی پانتاییەکی گشتی کە تێیدا کێشەکان و شتەکان لە ژوورە تاریک و داخراوەکاندا بهێنرێنە دەرێ و بخرێنە بەر ڕوناکی و بەرچاوی ئەوانی دی تا بتوانرێت ببینرێن و ببیسترێن. لەبەرئەوە بێبەشبوون لەو ڕاستییەی لە بینین و بیستندا لەلایەن ئەوانی دییەوە دێت، بێبەشبوونە لە پانتایی گشتی، واتای بێبەشبوونە لە ئازادی سیاسی[4].

کەواتە، بە بۆچوونی **ئارێنت** جیهان جەوهەری هەلومەرجی ئازادی مرۆیی پێکدێنی، کە توانا و هێزی لەسەر کۆبوونەوەی مرۆڤەکان وەستاوە و زەمینەیەک بۆ کارلێکردن و ئاڵوگۆڕی ڕاوبۆچوون و پەیوەندییەکان بۆ هەمووان فەراهەم دەکات، کە لە میانەیدا پرەنسیپی هاوبەش بەرجەستە دەبێت و دەبێت بە واقیع[5]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ئەم جیهانە بەپێی تیۆریزەکردنی **ئارێنت** بوارێکە بۆ ئازادی و یەکسانی، نەک مەیدانێک بۆ توندوتیژی و خۆسەپاندن و ستەمگەری، پانتاییەکە بیرۆکە و گفتوگۆکان بەشێوەیەکی

---

[1] Hannah Arendt, The Human Condition, Op.cit, p p .198-199.

[2] ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

[3] هانا آرنت، انسان ها در عصر ظلمت، ت: مهدی خلجی، آموزشکده آنلاین توانا، بی جایی چاپ، ٢٠١٦، ص ص٢٢-٢٣.

[4] شارا تاهیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤٨-٤٩.

[5] محمد خضری اقدم و غیره، تبیین اصول تربیت شهروندی مبتنی بر فلسفه هانا آرنت، فصلنامه تعلیم و تربیت، شماره (١٢٤)، پروژشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی- پرتال جامع علوم انسانی، بی جایی چاپ، ١٨/ ٥/ ١٣٩٤، ص١٥.

گشتی تێیدا دەخرێنەڕوو، بەو واتایەی چەندە بەشداربووان زیاتر بن ئەوەندە هزری ڕەخنەکاری زیاتر دەبێت و ڕووبەری ئاڵوگۆڕ و گۆڕینەوە (**التداول** و **التبادل**)ی بیرۆکە و ڕاوبۆچوونەکان فراوانتر دەبێت[1]. کەواتە، پانتایی گشتی، پانتایی خۆسەپاندن و زۆرلێکردن نییە، بەڵکو بەشداریکردنی ئازادی تاکە یەکسانەکانە لەدەوری ئاریشە و مژارە گشتییەکاندا، ئەویش لەڕێگەی گفتوگۆ و ئاخاوتن و قایلبوون لە پێناوی گەیشتن بە چارەسەر. هاوکات **ئارێنت** مشت و مڕی ئەوە دەکات، لە پێناو بەدەستهێنانی هێزێکی بێ کۆتا لە پانتایی گشتیدا، لە میانەی ئاخاوتن و ئاڵوگۆڕی ڕاوبۆچوونەکاندا، پێویستە هاوسەنگی لەنێوان (**بیرکردنەوە**- Thinking، **قایلبوون**- Willing، **داوەریکردن**- Judgememt) هەبێت، چونکە بیرکردنەوە بە تەنها دەتوانێت شیمانەیەک بێت، نەک پێدانی توانا بە یەکێک تا بگات بە کردەی سیاسی؛ قایلبوونیش بە تەنها دەتوانێت ڕێنیشاندەر بێت بۆ شوێنێک کە بکەر ناتوانێت خۆی بیوەستێنی، جا (**پیاو** یان **ژن**[*]) بێت. لەبەرئەوە ئامانجی **ئارێنت** لە پانتایی گشتیدا ئەوەیە، بوارێک دروست بکات بۆ جیهانێکی هاوبەش و گشتی نموونەیی، کە هاوڵاتی بتوانێت تێیدا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، بە دەربڕینێکی تر بگات بە شوێنێک کە لێهاتوانە ئازادی سیاسی خۆی تێدا پیادە بکات[2].

بەمەش پانتایی گشتی بەردەوام لەدایکبوونی پرۆژەی نوێ و دەسپێکی ناوازە بەخۆوە دەبینێ، لەبەرئەوە **ئارێنت** جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئازاد بیت واتای ئەوە نییە تەنها پێویستە ئازاد بیت، بەڵکو واتای هاوڕێیەتی و لەگەڵبوونی کەسانی تریشە کە هاوبەشی هەمان دۆزن. واتە جیهانێکی سیاسی ڕێکخراو بە شێوەیەک کە شیان بێت بۆ ئەوەی کەسانی ئازاد بە قسە و کردەکانیان بچنە ناوی، و ئاڵوگۆڕ و کارلێک ڕووبدات و کۆدەنگی بەدی بێت، جگەلەمەش هەر لەو میانەیەدا پایەکانی پانتایی گشتی پێکدێن، کە هەردەم بوونیان پەیوەستە بە بوونی سیستمە دیموکراسییەکان و شێوازەکانی فەرمانڕانی ڕاوێژکاری، کە پێکدێت لە فرەیی و هەمەجۆری و لێکنەچوون. لەلایەکی ترەوە بوونی پانتایی گشتی خۆی مەرجێکە بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی، کە بوار بدات بە بەشداریکردن و کارلێککردن، هەریەک لەم دووانەش لە ڕوانگەی **ئارێنت**ەوە بناغەکەیان ئازادییە[3]. ئەمەش واتای وایە، بە بۆچوونی **ئارێنت** کردەی سیاسی لەناو پانتایی گشتیدا بە ئامادەبوونی ئەوانی دی پیادەدەکرێ، چونکە ناکرێ و ئەستەمە قسە لە کردەی سیاسی بکەین بەپێی پێوەرەکانی ڕەنج و کار، لەبەرئەوە دامەزراندنی شار یان کۆمار، وەڵامێکی پێویست بوو بۆ

---

[1] العياشي الدراوي: "الفضاء العمومي عند حنه أرندت، الفاعل الإجتماعي و الفعل السياسي"، في عامر عبد زيد و آخرون، ضدية الإرهاب والسلطة عند حنه أرندت، الفعل السياسي بوصفه ثورة، دار الفارابي، بيروت- لبنان، ٢٠١٣، ص ١٢٧.

[*] (**پیاو** یان **ژن**)، **ئارێنت** هیچ کات جێندەری وەک پرسێکی سیاسی تیۆریزە نەکردووە، ئەمە جگە لەوەی کە هیچ کام لە بەرهەم و نووسینە گەورەکانی باس لە کێشە و مافەکان و سەربەخۆیی ژن بەجیا لە پیاو ناکەن، بەڵام لەگەڵ ئەم ڕاستییەشدا، کتێبە بەناوبانگەکەی (The Human Condition)، بۆتە جێی مشتومڕی زۆرێک لە فێمێنیستەکان و چەندەها نووسینیان لەسەر نووسیوە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە شیکاری جیاوازی فێمێنیستیانەیشی وەک هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە بێدەنگی و نەبوونی تیۆری جێندەری لە بیروبۆچوونە سیاسییەکانی **ئارێنت** دا بەدوای خۆیدا هێناوە. جیاکردنەوەی پانتایی تایبەت لە پانتایی گشتی، وەک لە بەشی یەکەم باسمان کرد، واتە جەستە خۆی دابەشە بە دوو بەشەوە؛ بەشێک کە گشتییە ئەوەی (**قسە** و **کردە**)یە، بەشەکەی تریش کە سێکس و ڕەنجە، و فێمێنە، پەیوەستە بە بەشە تایبەتەکە و پانتایی بەر لە سیاسەت و سیاسیبوونە، واتە ئەوەی پەیوەستە بە دۆخی ماڵ و خێزانەوە. ئەم جیاکردنەوەی بواری کۆمەڵایەتی لە بواری سیاسی، وای لە هەندێک لە فێمێنیستەکان کرد، کە **ئارێنت** بە نێرسالار و دژە فێمێنیست ناوببەن. بەتایبەتی نووسەرێکی وەک فێمێنیستی ئەمریکی (**ئادریان ریتچ**- Adrienne Cecile Rich /١٩٢٩-٢٠١٢)، کتێبی هەلومەرجی مرۆیی **ئارێنت** وەک تراژیدیای هزر و ئەقڵی مێینە دەبینێت، کە بە ئایدۆلۆجیای پیاو ئاودراوە. بەڵام لە لایەکی ترەوە فێمێنیستە ئیتاڵی و فەرەنسییەکان، بە تایبەتی (**ژولیا کرستیڤا**- Julia Kristeva /١٩٤١- ) و (**ئەدریانا کاڤاریرۆ**- Adriana Cavarero/ ١٩٤٧- )، تیشک دەخەنە سەر چەمکەکانی (**ژیان** و **لەدایکبوون**)ی **ئارێنت** و پێیانوایە ئەم چەمکانە بە بەشدارییەکی گرنگ و شۆڕشگێڕانەی **ئارێنت** دادەنرێن لە توێژینەوەی فێمێنیستیدا. هەروەها هەردووکیان جەخت دەکەنەوە سەر بەشی پێنجەمی کتێبی دۆخی مرۆیی **ئارێنت**، کە باس لە کردە و دەستپێکردنەوەی نوێ دەکات، ئەمان ئەم بەشەی کتێبەکە وەک پاشخانێک دەبینن بۆ بزوتنەوەی فێمێنیزم؛ بەڕادەیەک دەگەنە ئەو دەرئەنجامەی **ئارێنت** نەک تەنیا بە نووسەرێکی فێمێنیست بزانن، بەڵکو ئاماژە بەوەش دەکەن کە ئەو بۆ خۆی فێمێنیستێکی دانسقە و بەهرەداریشە. تەنانەت دواتریش فێمێنیستە پۆست مۆدێرنەکان جەخت دەکەنەوە سەر چەمکی کردە و قسە، و پێیانوایە **ئارێنت** پێشەنگی فێمێنیستەکانە. بڕوانە: ( Hannah Arendt, The Human Condition, Op.cit, the fifth part) و (شارا تاهیر، سەرچاوەی پێشوو ل ٤٧).

[2] Mehmet Kanatli, Op.cit, p. 104.

[3] ماضي بسمة، مرجع سبق ذكره، ص ص٥٧-٥٨.

شـانۆیەک، کە کـردە و چـالاکی ئـازادی هاوڵاتیـانی تێیـدا بەدی بێـت. واتە شـار بـۆ ئەوە دادەمەزرێ کە دەستەبەری کردە و قسە گەورەکان بکات[1].

کەواتە، پانتایی گشتی، پانتایی کرانەوەیە بەسەر بووندا. واتە ئازادی بوون لە جیهاندا و بوون لەگەڵ ئەوانی دیدا، ئازادیش وەک دەرکەوتن بۆ ئەم بوونە بێ توندوتیژی و زۆرلێکردن دەبێت، لەبەرئەوە وەک **ئارێنت** باسـی دەکـات ئـازادی ئاشـکرابوون و دەرکەوتـنە بـۆ بـوون، ئەویـش لە میـانەی قسـە و کـردە و بڕیارەکان لە پانتایی گشتیدا بۆ دەرکەوتنی کێ بوونی خۆت؟ بۆ ئەوانی دی لەشێوەی چالاکی ئازادیدا. ئەمەش ڕوانگەی **ئارێنت**ە بۆ ستایلێک لە ئازادی کە گۆزارشتە بۆ بوونی مرۆڤ، نەک بوونی تایبەتی، بەڵکو ئەو بوونە سیاسییەی کە وا لە ئازادی دەکات، دیاردەیەکی جیهانی بێت، کە لە کردەی بە کۆمەڵدا دەردەکەوێ، بەشێوەیەک کراوە بێت بەسەر پانتایی سیاسەتدا[2].

لەبەرئەوە **ئارێنت** بـاوەڕی وایە مرۆڤەکـان بە دوورکەوتنەوەیـان لە جیهـانی هـاوبەش دەخـزێنەوە نـاو پانتـایی تـایبەت و لە یەکتـری دادەبـڕێن، چـونکە بەبـێ هەبـوونی ئەم جـۆرە پەیوەنـدییە ناتوانرێت تاکەکـان لەگەڵ یەکتری کۆببنەوە، بۆئەوەی بتوانن پەیوەست بن پێکەوە و لەجیهانێکدا کە بۆ هەر یەکێک لەو تاکانە گرنگ و پێویستە بۆ ئاشکراکردنی بوونی سیاسییانەی خۆی لە ڕێگەی کردە و قسەوە لە پانتایی گشتیدا. بۆ ئەمە **ئارێنت** نمـوونە بە جیهـانی یۆنـانی و جیهـانی مەسـیحییەت دێنێـتەوە، و وەک دوو نمـوونەی جیـاواز ئاماژەیان بۆ دەکـات، بەوەی لە جیهانی مەسیحییەتدا هیچ پانتـاییەکی گشتی بوونی نەبووە، بەڵام جیهانی یۆنان نموونەی باڵای **ئارێنت**ە[3]. چونکە بەڕای **ئارێنت** چەمکی ڕاستەقینەی پانتایی گشتی بەتەواوی لە یۆنان بەرجەستە بووە، کە تێیدا ئازادی ئەو جیهانە واقیعییە بوو، بیستراو بووە لەو وتـانەی کە دەتوانرێت ببیسترێن، بینراو بووە لەو کردانەی کە دەکرێ ببینرێن، کراوە بووە بەرووی ئەو ڕووداوانەی کە دەکرێ قسەیان لەسەر بکرێت و وەیادبهێنرێنەوە و بگۆڕدرێن بۆ چیرۆک، و تۆماربکرێن بۆ مێژووی مرۆڤایەتی. هەروەها **ئارێنت** بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە ڕووی ڕوخسارەوە جیاوازی نییە لەنێوان نموونەی یۆنـانی بۆ پانتایی گشتی لەگەڵ نموونەی مۆدێرن[4]. بەڵام لە واقیعدا ئەوەی لە بنەما تیۆرییە سەرەکییەکانی تیۆری سیاسـی **ئارێنـت** دا شـایەنی باسـە بـریتییە لە، دابەشـبوون لەنێـوان پانتـایی تـایبەت و پانتـایی گشـتیدا، لەو ڕوانگەیەوە **ئارێنت** ڕەخنە لە پانتایی گشتی مۆدێرن دەگرێت، و مشتومڕی ئەوە دەکـات، کە پانتـایی گشـتی مۆدێرن مـردووە، چـونکە خێزانە کـارگێڕی و ئابوورییەکـان دەسـتیان گرتـووە بەسـەر پانتـایی گشـتیدا. لەم جـۆرە پانتـاییە گشـتییە مـردووەدا، وەک **ئارێنت** باسـی دەکـات، ئەو پلەبەنـدییەی لە ژیـانی چالاکدا هەیە، گۆڕاوە بـۆ دڵبەنـدی ڕەنـج و کـار، کـردە بنەمـا بنچینەییەکـانی خـۆی لەدەسـتداوە، بەمەش چەمکـی سیاسـی پانتایی گشتی واتای ڕەسـەنی خـۆی بەو شێوەی لە یۆناندا هەبـووە لەدەستداوە، دواجـار بەگوێرەی **ئارێنت** ئێمەی مۆدێرن جیاوازی نێوان پانتایی تایبەت و پانتایی گشتیمان لەدەستداوە[5]. مەبەستی **ئارێنت** ئەوەیە کە خودی زاراوەی شاری یۆنانی بە واتای دامەزراوەیەکی مەدەنی و ئازادانەیە، بەوەی هەموان هەمان مافیان هەیە سـەبارەت بە چـالاکی سیاسـی، ئەم چـالاکییەش بە پـلەی یەکەم شـێوەی قسـەکردنی وەرگرتـووە لەگەڵ یەکتریدا، ئەمەش خاڵێکی جەوهەرییە لەلای **ئارێنت** لەبارەی ئازادی سیاسی[6].

کەواتە، لە کۆتایـدا، ڕەنـگە بکرێـت بڵێـین: بەپێـی تێگەیشـتنی **ئارێنـت** پەیوەنـدییەکی دوولایەنە و تەواوکاری لەنێوان ئازادی و پانتایی گشتیدا هەیە، بەجۆرێـک بـێ ئـازادی نـاتوانین بـاس لە بوونی پانتـایی گشتی بکەین، هەروەک چۆن بێ پانتایی گشتیش ناتوانین باس لە زەمینەی ئازادی بکەین، هەردووکیشیان پێکەوە بەرجەستەی ژیانێکی سیاسی گشتی دەکەن، بەجۆرێک لە نەبوونی ژیانێکی گشتی سیاسیدا لەسایەی نەبوونی ئازادیدا بۆ پانتـایی گشـتی کە دەکرێ تێیدا دەربـکەون، مرۆڤەکـان نـاتوانن گوزراشـت لە ئـازادی سیاسی خۆیان بکەن و شوناس و ناوەزەیی خۆیان بۆ دەستپێکێکی نوێی پێشبینینەکراو بەرجەستە بکەن.

(1) حنة أرندت، ما السياسة؟، مرجع سبق ذكره، ص٤٥.
(2) المصطفى الشادلي، مرجع سبق ذكره، ص٤١.
(3) محمد خضرى اقدم و غيره، منبع قبلى، ص١٥.
(4) ماضي بسمة، مرجع سبق ذكره، ص٥٨.

(5) Mehmet Kanatli, Op.cit, p. 104.
(6) Luke Neal, Op.cit, p. 27.

### دووەم: چەمکی هاوڵاتیبوون

هەرچی سەبارەت بە چەمکی (**هاوڵاتیبوون**[*])ە، **ئارێنت**، زۆر بە توندی گرێیداوەتەوە بە پانتایی گشتی و پانتایی سیاسەت، و بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: " هاوڵاتی ئەو کەسەیە کە بوارە تایبەتییەکەی خۆی جێهێشتووە بۆئەوەی مومارەسەی ئازادی سیاسی بکات لەگەڵ هاوشێوەکانیدا و هەوڵدان بەیەکەوە بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ، کە نوێنەری هەمووان بێت و ڕەواییەکەشی لە دەستە شوێنکەوتووەکانییەوە دێت"[1]. بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ سێ تایبەتمەندی پانتایی گشتی و پانتایی سیاسەت دیاری بکەین کە لەلای **ئارێنت** ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە چەمکی هاوڵاتیبووندا[2]:

**١- چۆنێتی بونیادنانی هاوڵاتیبوون**: بە بۆچوونی **ئارێنت** بنەمای یەکسانی سیاسی پشت بە تیۆری مافی سروشتی یان مەرجی سروشتی کە بەر لە بونیادنانی پانتایی سیاسییە، وەک ئەوەی لیبراڵیزمی کلاسیکی پێداگیری لەسەر دەکرد نابەستێت، بەڵکو تایبەتمەندی هاوڵاتیبوونێکە، کە تاکەکان لەگەڵ چوونە ناو پانتایی گشتی بەدەستی دێنن و تەنیا بە دامەزراوە سیاسییە دیموکراتییەکان گەرەنتی دەکرێت. هەروەها **ئارێنت** دژی ئەو ڕێبازانە بوو کە نەتەوە و شوناسی نەتەوەییان دەکرد بە بنەمای هاوڵاتیبوون، بەڵکو پێیوابوو، شوناسی نەتەوەیی، ئایینزایی و نەژادی پەیوەندی بە شوناسی تاک وەک هاوڵاتییەوە نییە و هەرگیز نابێت ببنە بنەمای هاوڵاتیبوون لە جڤاکی سیاسیدا، بەڵکو دەبێت بەشداری سیاسی هاوڵاتیان لەسەر بنەمای مەدەنی بێت کە یەکگرتوویی هاوڵاتیان زیاد دەکات.

**٢- چۆنێتی پانتایی هاوڵاتیبوون**: واتە چالاکییە سیاسییەکان لە پانتایی گشتیدان و هاوڵاتیان دەتوانن تێیدا یەکتری ببینن، بەکۆمەڵ ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەکانی خۆیان بدۆزنەوە، کە تێیدا ڕای گشتی درووست ببێت، بەڵام **ئارێنت** خۆی باوەڕی بە چەمکی ڕای گشتی نەبوو، چونکە پێیوابوو دەربڕی کۆدەنگی کوێرانەی جەماوەرە، بەڵکو بە بۆچوونی **ئارێنت** ڕای نوێنەرایەتی تەنیا لە بارێکدا دروست دەبێت، کە هاوڵاتییان لە پانتایی گشتیدا ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە و بابەتەکان لە دیدی جیاوازەوە لێکبدەنەوە، لەبەرئەوە پێیوایە ئەگەر هاوڵاتی لەم پانتاییەدا ئامادە نەبێت دەرگیری ئازادی سیاسی نییە.

---

[*] (**هاوڵاتیبوون**)، لە دیموکراسییە دێرینەکانی یۆنان و ڕۆما چەمکی هاوڵاتیبوون بە واتای هەبوونی ماف و ئەرکی یەکسان لەبەردەم یاسا و بەشداریکردن لە کاروباری سیاسی و گشتی کۆمەڵگەدا بوو؛ واتە مافی فەرمانڕانیکردن و گوێڕایەڵی حکومەت لە پێگەی هاوڵاتیبووندا. لە ئەسینا ئەم پێگەیە تەنیا لە پیاوە ئازادەکان بەرتەسک دەکرایەوە، کۆیلە و ژن و بێگانە لێی هەڵاوێر بوون، لە ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمابیدا هەموو خەڵکی وڵات و وڵاتانی داگیرکەریشی دەگرتەوە، بەڵام زیاتر بە واتای نێگەتیڤ مافی کەڵک وەرگرتن لە ئارامی و ئاسایشی یاسایی بوون بە مافی پۆزەتیڤی بەشداری چالاکانە لە ژیانی گشتی و کۆمەڵگەدا. دواتر چەمکی هاوڵاتی لەسەردەمی ڕێنسانس لە ئیتاڵیا زیندووکرایەوە، بەبۆچوونی ڕوناکبیرانی ئەو سەردەمە مرۆڤایەتی تاک تەنیا وەک هاوڵاتی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و ئۆتۆنۆمی مسۆگەر دەبێ. لە شۆڕشی فەڕەنساشدا، چەمکی هاوڵاتی گەیشتە لوتکەی گەشەکردنی خۆی و لە ڕاگەیاندنی مافی مرۆڤ و هاوڵاتی ساڵی (١٧٨٩) و دەستووری (١٧٩١)دا بەڕوونی دەرکەوت، کە لە مادەی یەکەم و دووەمدا، ئەرک و مافی هاوڵاتی وەک مافی سروشتی مرۆڤ دەستنیشانکردووە و پەیوەندی نێوان فەرمانڕان و فەرمانڕانیکراویش لەسەر یاسای هەڵبژاردن دیاریکراوە. **ڕۆسۆش** چەمکی هاوڵاتی بە سەرەکیتر دانانی خێر و قازانجی گشتی بەسەر قازانجی تایبەتیدا پێناسە کرد، کە لە چەمکی ئیرادەی گشتی و چاکەی مەدەنیدا کورت دەکرایەوە. بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەمدا پەیوەندی نێوان چەمکی هاوڵاتی و بەرژەوەندی گشتی لەناوچوو، هاوڵاتی وا لێکدرایەوە، کە لە بنەڕەتدا جیاوازی بەرژەوەندییان هەیە، کەوا بوو لەسەردەمی مۆدێرنەدا پێگەی هاوڵاتی وەک پێویستییەک بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی تاک لێکدرایەوە، نەک بەرژەوەندی گشتی و کۆمەڵایەتی؛ واتە مافگەلێکی وەک (**ئازادی دەربڕین، یەکسانی لەبەرامبەر یاسادا، کۆبوونەوە**...هتد) بەبێ سەرنج دان بە پێگەی چینایەتی، جێندەر و ڕەگەز...هتد چەمکی باوی هاوڵاتی بوون لەسەدەی نۆزدەهەمدا. بەڵام لە سەدەی بیستەم سەرهەڵدانی چەمکی مافی کۆمەڵایەتی وەک (**خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، تەندروستی، فێرکاری، بیمەی کۆمەڵایەتی**...هتد) پەرەی زۆرتری بە ناوەڕۆکی هاوڵاتی دا. بەمەش چەمکی هاوڵاتی جگە لە ڕەهەندی یاسایی و سیاسی، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ئابووریشی پەیداکرد. بڕوانە: (د. حسین بشیریە، زانستی سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٩٥-١٩٧) و (خالدي محمد، تمثلات المثقف للموطن في جزائر، أطروحة الدكتوراه، غير منشورة، جامعة أبي بكر بلقايد- كلية العلوم الإجتمتعية و العلوم الإنسانية- قسم علم الإجتماع، تلمسان- الجزائر، السنة الجامعة ٢٠١٥- ٢٠١٦، ص٧٨).

[1] نقلاَ عن: ماضي بسمة، مرجع سبق ذكره، ص٦١.

[2] ماوریزیۆ پاسرین دێنتریڤێسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٩١-٩٧.

**٣- جیاوازی نێوان بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی تایبەتی:** بە بۆچوونی **ئارێنت** چالاکی سیاسی ئامرازێک نییە بۆ ئامانجێک، بەڵکو خۆی ئامانجە؛ تاک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی خۆی کاری سیاسەت ناکات، بەڵکو ئەم کارە بۆ هێنانەدی ئەو بنەمایانە ئەنجام دەدات کە خودی ژیانی سیاسین، لەو بنەمایانەش: ئازادی، یەکسانی و دادپەروەرییە. لەبەرئەوە بە ڕای **ئارێنت** بەرژەوەندی گشتی ئێمە لە پلەی هاوڵاتیبووندا بە تەواوی جیاوازە لە بەرژەوەندی تایبەتی ئێمە لە پلەی تاکدا، بەرژەوەندی گشتی کۆی بەرژەوەندی تایبەتی نییە، چونکە پەیوەندی بە جیهانێکەوە هەیە، کە سەروتر لە خودێتییە و پێش لەدایکبوونی ئێمە و دوای مردنیشمان بوونی هەیە، واتە بەرژەوەندی گشتی ئاماژەیە بۆ ئەو جیهانە گشتییەی کە ئێمە لە پلەی هاوڵاتیبووندا تێیدا هاوبەشین، تەنیا بە تێپەڕبوون بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆمان دەتوانین بەدوایاندا بڕۆین و لێیان بەهرەمەند بین.

هەروەها **ئارێنت** ڕەخنەی توند لە مافەکانی مرۆڤ وەک مافی هاوڵاتیبوون دەگرێت، و بە وڕێنە پێناسەیان دەکات، چونکە مافی مرۆڤێکی ڕووتی بێ مافە، مافی وەهمی مرۆڤانێکن کە ڕژێمە ستەمگەرەکان لە ماڵ و نیشتمان و هاوڵاتیبوون بێبەشیان کردوون[1]. ئەوەی **ئارێنت** ڕەخنەی لێدەگرێت ڕەهەندی یاسایی ئەو مافانەیە، چونکە هاوڵاتیبوون دیاردەیەکی سەرەکی ناو چوارچێوەکانی دەوڵەتی نەتەوەییە؛ ئەمەش واتای ئەوەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت پەنا بۆ مافەکانی مرۆڤ ببات، دەبێت هاوڵاتی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بێت[2]. لەبەرئەوە **ئارێنت** پێیوایە، خەڵکانی بێ دەوڵەت، هەر وەک کەمینەکان بڕوایان بەوە هێنابوو، کە دۆڕاندنی مافی نەتەوەیی یەکسانە بە دۆڕاندنی مافەکانی مرۆڤ، واتە ئەوەی کەسانی بێ مافی ئازار دەدا، دۆڕاندنی نیشتمان بوو. دووەمین دۆڕاندنێک دۆڕاندنی پشتیوانی حکومەت بوو، ئەمەش تەنیا واتای دۆڕاندنی پێگەی یاسایی هاوڵاتی لە وڵاتەکەی خۆی نەبوو، بەڵکو بەهۆی پەیماننامە دوولایەنە و ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکان دۆڕاندنی ئەم پێگەیە بوو لە هەموو وڵاتاندا، هۆکاری دیاری ئەمەش بەڕای **ئارێنت** وەک لە بەشی یەکەمیشدا ئاماژەمان پێدا، دیاردەی ئیمپریالیزم بوو، کە جگە لە دەوڵەتە گەورەکان، حوکمداری نەتەوەیی گاڵتەجاڕی بوو[3].

بە بۆچوونی **ئارێنت** ئەمەش وایکرد، لە سەدەی بیستەمدا چەندەها دەوڵەت مافی هاوڵاتیبوون لە ملیۆنەها مرۆڤی ناو سنوورەکانی خۆیان بستێننەوە و لە زێدی خۆیان هەڵیان بکەنن و لە کەمپینەکانی کوشتندا کۆیان بکەنەوە و دواجاریش بیانکوژن، لەلایەکی دی ملیۆنان مرۆڤ وڵاتانی خۆیان جێبهێڵن و پەناهەندەی وڵاتانی تر ببن. کەواتە بەڕای **ئارێنت** دەرکردن لە نیشتمان، واتە دەرکردن لە جیهان، چونکە هەموو جیهان لەسەر بنەمای دابەشبوونی نیشتمانی نەتەوەیی ڕێکخراوە؛ ئەمەش وای لە **ئارێنت** کرد، لە باتی مافەکانی مرۆڤ بۆ هاوڵاتیبوون، داکۆکی لە "مافی هەبوونی ماف" بکات، واتە بەرگری لە ئازادی و مافی مرۆڤ بکات وەک مرۆڤ، نەک لەسەر بنەمای نەتەوەیی و نیشتمانی و ئەتنییەوە[4]. تەنانەت **ئارێنت** هێرش دەکاتە سەر دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی و داگیرکردنی خاکی فەلەستین، دورخستنەوەی فەلەستینییەکان لەسەر خاکی خۆیان، ئەم پلانەش بە مەترسی بۆ سەر دەوڵەتە نوێیەکە ناو دەبات؛ لەبەرامبەردا پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات، کە دەبێت ئەم دەوڵەتە، دەوڵەتی پێکەوە ژیانی عەرەب و یەهوودی بێت، لە سایەی سیستمێکی دیموکراتیدا، بە جۆرێک نابێت عەرەبەکان کە زۆرینەن وەک کەمینە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، بەڵکو دەبێت ئەم دەوڵەت لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون دابمەزرێت، هەردوو لا هەمان مافیان هەبێت، و هەریەکەیان ناسنامەی خۆی هەبێت[5]. لەوانەیە تاڕادەیەک ئەم تێزە **ئارێنت** لە ئاراستە کۆمەڵی و فرە کولتوریە هاوچەرخەکان جیابکاتەوە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەتایبەت **کمیلکا**، کە پێ لەسەر ئینتمای کولتوری و زمان دادەگرێت. بە بۆچوونی **ئارێنت** مافی هەبوونی ماف، مافی

---

[1] ژاک ڕانسیێر، ڕق لە دیموکراسی، و: ئەرسەلان ئەفراسیاو و ناجی ئەفراسیاو، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپخانەی تاران، سلێمانی، ٢٠١٧، ل ل٦١-٦٢.

[2] مەریوان وریا قانع، مرۆڤ کەرامەت، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨.

[3] هانا ئارێنت، کەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی- کۆتایی مافەکانی مرۆڤ، و: مەنسوور تەیفووری، لە ئێمەی پەنابەر، کۆمەڵێک وتار، ئەندێشە، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، بێ ساڵی چاپ، ل ل٧٤، ٧٧، ٧٨.

[4] مەریوان وریا قانع، مرۆڤ کەرامەت، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٦٨-١٧٠.

[5] هانا ئارێنت، حەقیقەت و سیاسەت و ئێمەی پەنابەر، و: ڕێبین رسول ئیسماعیل، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٧٣.

سروشتی یان خوداکرد نییه، بەڵکو مافێکە بۆ هاوڵاتی لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە مرۆڤ بوونەوەرێکی سیاسییە، بەوەی توانای دروستکردنی کۆمەڵە و کۆمەڵگە، و یەکەی دەستەجەمعی فرەشێوە و گەورەی هەیە، مافی چالاکی کردەی ئازادی و چوونە ناو پانتایی گشتی و دەرکردنی بڕیاری بەکۆمەڵ لەبارەی ئەو سیستمەی مرۆڤەکان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە؛ لەبەرئەوە ڕوانینی **ئارێنت** بۆ هاوڵاتی تەواو ناکۆکە بە هەر وێنەیەکی جەوهەرگەرا و سروشتگەرا، و **ئارێنت** مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی فرەیی بێ جەوهەر دەبینێ کە لەناو جیهاندایە، و بەر لە دروستبوونی یاساکان و بەهاکان و ئاکارە تایبەتییەکان ئامادەگی هەبووە[1]. کەواتە، لەوەی تائێستا باس کرا، ڕەنگە بکرێت بگەین بەو دەرئەنجامەی، کە پانتایی گشتی لە تێڕوانینی **ئارێنت** دا، واتای هەبوونی دامەزراوە سیاسییەکان و پانتاییەکە لە کارلێک و ئاڵوگۆڕی ڕاوبۆچوون و گفتوگۆی یەکسانی هەوڵاتیان لەمەڕ کاروباری گشتی و دۆزە هاوبەشەکان، بەشداری سیاسی کارای تاکەکانە لە میانەی کۆبوونەوە بەیەکەوە و نواندنی قسە و کردە لە ڕوانگە جیاوازەکان و دەرکەوتنی تاقەنەی هەر تاکێک بۆ ئەوانی دی، تا بتوانێت پیادەی ئازادی سیاسی خۆی لەگەڵ هاوشێوەکانی بکات. هەروەکو چۆن بەرجەستەبوونی هاوڵاتیبوون لە میانەی گوزارشتکردن لە ڕاوبۆچوونی سیاسییەوە دێتەبوون وەک مرۆڤ، نەک بەپێی هیچ ئینتمایەکی نەتەوەیی، ئایینزایی و ئیتنی؛ واتە مومارەسەکردنی سیاسەت لەلایەن هاوڵاتییەوە کە هەست بە ڕۆڵی کارای خۆی لە بەشداریکردنی سیاسی و بونیادنانی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای قایلبوون و دوور لە توندوتیژی بکات.

## لقی دووەم: ڕەوایی (Legitimacy) دامەزراوە سیاسییەکان

دوای ئەوەی ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە پانتایی گشتی لە ڕوانگەی **ئارێنت** دا پانتاییەکە بۆ بەشداریی کردەیی لە ژیانی سیاسیدا، واتە کارلێک و ئاڵوگۆڕی چالاکی سیاسی لە میانەی گفتگۆ و ئاخەوتن و ڕاوێژ لە پانتایی دەرکەوتن، وەک پانتای ئازادی و یەکسانی سیاسی، و جیهانی هاوبەش، وەک جیهانی دامەزراوە سیاسییەکان، بۆ بەشداری سیاسی تێیدا، واتە مومارەسەکردنی سیاسەت تێیدا. لەبەرئەوە جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە بوروژێنین، ئایا ڕەوایی ئەو دامەزراوە سیاسییانە وەک بەشێک لە پانتایی گشتی لە ڕوانگەی **ئارێنت** دا چییە، و سەرچاوەکەی چییە؟ یاخود ئایا سەرچاوەی ڕەوایی ئەو دامەزراوانە لە کوێوە دێت؟

**ئارێنت** لەمیانەی بەکارهێنانی وشەی پۆلیسدا، هەم گوزارشت لە دامەزراوە سیاسییەکانی دەوڵەت-شارەکانی یۆنان دەکات، واتە ئەو دامەزراوانەی کە دەستکردی زەمەن و هەلومەرجی خۆیان بوون، کە لە ڕووی ماددییەوە شورای شار دەیپاراستن، و لە ڕووی فۆڕمیشەوە یاساکان گرەنتی دەکردن، هەمیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شار تەنیا لە پێگە ماددییەکەیدا بەڕاستی شار نییە، بەڵکو گوزارەی شار ڕێکخستنێکە لە خەڵکی، کە لە میانەی کردە و قسەی ئەوان بە یەکەوە دەردەکەوێت، واتە تێیدا پانتایی گشتی لە کردە و قسە لە ناو کۆمەڵێک لە هاوڵاتیانی ئازاد و یەکساندا دروست دەبێت. بەمەش شوێنی ڕاستەقینەی شار لەناو خەڵکیدایە، کە بە ئامانجێکی هاوبەش بەیەکەوە دەژین، بەبێ ئەوەی بایەخ بەوە بدەن لە کوێ ئەم شارە دروست دەبێت؛ لەسەر ئەم بنەمایەش یۆنانییەکان ئەنجومەنە سیاسییەکانیان دامەزراند، کە دەتوانرێت لە هەر شوێنیک تاکەکان بەیەکەوە کۆببنەوە دروست ببن[2]. لەبەرئەوە توانای هاماهەنگی نواندنی کردە بۆ ئامانجی گشتی- سیاسی، هەمان ئەو شتەیە کە **ئارێنت** بە هێز (Power) ناوی دەبات؛ و (**ڕەوایی-** Legitimacy [*]) دامەزراوە سیاسییەکانیش هەر بەو هێزەوە گرێدەداتەوە، ئەمەش وامان

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ل١٧٢، ١٧٤.

[2] Hannah Arendt, The Human Condition, Op.cit, p. 198.

[*] (**ڕەوایی-** egitimacy)، یەکێک لە کێشە گرنگەکان لە تیۆری سیاسیدا، ڕەوایی دەسەڵات یان دامەزراوە سیاسییەکانە، بەڵام شێوازی بەخشینی ڕەوایی و ناوەڕۆکەکەی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێت. لە یۆنانی کۆندا سەرچاوە و ڕەوایی دەسەڵات، خەڵک بوون، بەڵام ئامانج لە خەڵک گشت خەڵک نەبوون، بەڵکو تەنیا هاوڵاتیانی یۆنانی بوون، کە ئەسینی ڕەسەن بوون، خاوەنی خانوو و ژمارەیەکی دیاریکراو کۆیلە بوون، خاڵی گرنگ لە تێڕاوانینی یۆنانییەکاندا ئەوەیە، کە کۆبوونەوەی ئەو هاوڵاتییانەیە کە سەرچاوەی دەسەڵات پێکدەهێنن و دەستەبەری ڕەواییەتەکەی دەکەن؛ ڕەوایی دیموکراسی ئەسیناش لەسەر بنەمای کردەی دروستی سیاسی وەستابوو، بڕیارە یاساییەکان ڕەواییان دەدا بە دەسەڵات. لە

لێدەكات لە پێناو تێگەیشتن لە مەبەستی سەرەكی ئەم بابەتە، لە ڕوانگەی **ئارێنتەوە** لەسەر چەمكی (**هێز**-Power[*]) بوەستین. **ئارێنت** هێز جیادەكاتەوە لە توانایی (Strength) و ستەم و توندوتیژی (Violence)؛ بەپێچەوانەی تواناوە، هێز تایبەتمەندی تاكەكەسێك نییە، بەڵكو تایبەتمەندی كۆمەڵێك بكەرە، كە بۆ ئامانجێكی سیاسی هاوبەش كۆبوونەتەوە، واتە هێز مرۆڤ خوڵقاندوویەتی و بەرهەمی كۆمەڵێكە. هەروەها بەپێچەوانەی توندوتیژیشەوە پشت بە زۆرەملێ و زۆرلێكردن نابەستێت، بەڵكو پشت بە ڕەزامەندی و قایلكردنی ئەقڵانی دەبەستێت[1].

**ئارێنت** مشتومڕی ئەوە دەكات كاتێك ململانێ لەنێوان دوو كەس ڕوودەدات، ئەوە پەیوەست نییە بە هێزەوە، بەڵكو ئەمە توانا و زیرەكییە، زیرەكیش هێزی مێشكە (Brain power)، كە وەك ڕەگەزێكی ماددی بەهەمان ئاستی هێزی ماسولكەكان (Muscular force)ی جەستە بەشداری دەكات لەو ململانێیەدا. بەڵام بە بۆچوونی **ئارێنت** هێز دیاردەیەكی بێهاوتایە، **چونكە** تاكە هۆكاری ماددی پێویست لە بەرهەمهێنانی هێزدا بریتییە لەوەی كە خەڵكی پێكەوە بژین؛ تەنیا لەو شوێنەدا كە مرۆڤەكان بەشێوەیەكی

---

سەدەكانی ناوەڕاستدا، سەرچاوە و ڕەوایی دەسەڵات دەگەڕایەوە بۆ خودا. دەسەڵاتداران بەناوی (**مافی خودایی**)ەوە فەرمانڕانیان دەكرد، واتە خۆیان بە نوێنەری خودا زانیوە لەسەر زەوی. دواتر ئەم دۆخە گۆڕا و (**پەیمانی كۆمەڵایەتی**) وەك بنەمای ڕەوایی هاتەكایەوە، دواجار لەگەڵ سیستمی دیموكراسیدا نوێنەرایەتیكردنی میللەت یان نەتەوە یان كۆمەڵگە بۆتە سەرچاوەی ڕەوایی. بابەتی گرنگی بوونی ڕەوایی پەیوەندی بەو ڕاستییەوە هەیە كە دەسەڵاتدار ناتوانێت تەنها لە ڕێگەی زەبروزەنگ و ترس و فشارەوە فەرمانڕانی بكرێت، هەر دەسەڵاتێكیش بیەوێت بمێنێتەوە و بەردەوام بێت، دەبێت لە دیدی ئەوانەوە كە فەرمانڕانییان دەكات خاوەنی لانیكەمی ڕەوایی بێت. (**ماكس وێبەر**- Max Weber/ ١٨٦٤- ١٩٢٠) كۆمەڵناسی ئەڵمانی سێ شێوازی جیاوازی ڕەوایی لە یەكتری جیادەكاتەوە كە بریتین لە: ١- ڕەوایی تەقلیدی، بنەمای دەسەڵاتدارێتی تەقلیدییە، لەوانەش دەسەڵاتدارێتی پاشا و میر و سوڵتانە كۆنەكان. ٢- ڕەوایی كاریزمی، بنەمای دەسەڵاتە تاكەكەسییە دەسەڵاتدارەكانە، لەوانەش دەسەڵاتە دیكتاتۆرەكان. لەم شێوازە لە دەسەڵاتدارێتیدا دەسەڵاتداران بەناوی توانا و بەهرەیەكی خۆڕسك و خواكردەوە فەرمانڕانی دەكەن، واتە بەناوی بەهرە و ئاكارێكی دەگمەنەوە كە گوایە لەواندا هەیە و لە زۆر كەسی تردا نییە. ٣- ڕەوایی ئەقڵانی- یاسایی، بنەمای ئەو جۆرەیە لە دەسەڵات، كە پەرلەمانین و لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئازاد دروست دەبن، لەم شێوازەی دەسەڵاتدا كەسێك یان حزبێك بەناوی ڕەوایی یاسایی و بەناوی نوێنەرایەتی كۆمەڵگەوە فەرمانڕانی دەكات. بڕوانە: (هیربرت سیپینسەر و ئەوانی دی، كۆمەڵگەی نەریتی و كۆمەڵگەی مۆدێرن، و: عبداللە ڕەسولی، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ل٣٧-٣٨) و (مەریوان وریا قانیع، سیاسەت و دنیا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٥١-٥٣).

[*] (**هێز-Power**)، چەمكی هێز چەمكێكی بنەڕەتی تیۆری سیاسی نوێیە، بە بڕوای هەندێك لە توێژەرانی سیاسی، زانستی سیاسی، زانستی بەدەستهێنان و پاراستنی هێزی سیاسییە. زۆر لە سیاسەتناسان پەیوەندییەكانی هێز بە كرۆكی سیاسەت دەزانن و دەڵێن: ئەوەی پەیوەندییە سیاسییەكانی نێوان تاكەكان لە پەیوەندییەكانی دیكە جیادەكاتەوە، هێزە. تێكۆشانی پارتەكان و حكومەتە جۆراوجۆرەكان خەباتكردنە لەپێناوی هێز و لەپێناوی بەدەستهێنانی هێز بۆ پاراستنی هێز یان بۆ نمایشكردنی هێز. كەواتە هەم لە پانتایی جیهانی سیاسەت و هەم لە پانتایی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانیشدا خەباتكردن لە پێناوی هێزدایە. لەبەرئەوە دژوارە واتایەكی وردی هێز بدرێت بەدەستەوە. تیۆرسێنی سیاسی ئەمریكی (**ڕۆبەرت داڵ**- Robert A. Dahl/ ١٩١٥-٢٠١٤)، ئاماژە بۆ ئەوە دەكات، ڕاستییەكی بەرایی گرنگ لەبارەی هێز ئەوەیە، كە دەبێت بزانرێت نە لە زمانی ڕۆژانە و نە لە زانستی سیاسیدا كۆدەنگییەك لەبارەی زاراوە زانستییەكان و پێناسەكانی هێز بوونی هەیە. لەبەرئەوە وشەی هێز هەندێك جار بە واتای دەسەڵاتی یاسایی، كاریگەری، دەستڕۆشتویی، هەژموون، زۆرداری، ناچاركردن یان هاندان بەكار بێت. **وێبەر** پێناسەی هێزی بەم شێوەیە كردووە: توانستێكی تایبەتی بكەرێكە (**تاك** یان **گروپ**) لە پێناوی بەدەستهێنانی پێگەیەك لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا، كە بتوانێت سەرەڕای پشتبەستنی بە كۆڵەكەی ئەم توانایە، لەگەڵ بوونی بەربەرەكانێی ویستی خۆی بەكار بخات. هەروەها (**هارۆڵد لاسوێڵ**- Harold Lasswell/ ١٩٠٢- ١٩٧٨) كۆمەڵناسی ئەمریكی، پێناسەی هێزی كردووە بەوەی: هێز، هاوبەشیكردن لە بڕیاردان و پەیوەندی نێوان كەسەكانە. ڕەنگە بشێت بڵێین: ئەم پێناسەیە لە تێگەیشتنی **ئارێنت** بۆ هێز نزیك بێت. هەروەها (**هانس مۆرگێنتاو**- Hans Morgenthau/ ١٩٠٤- ١٩٨٠) توێژەری ڕیالیست لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكاندا، بەم جۆرە پێناسەی هێزی كردووە. مەبەست لە هێزی سیاسی ئاماژەیە بۆ بوونی كۆنترۆڵ لە پەیوەندی دوالیزمانەی نێوان خاوەن دەسەڵاتی گشتی و لەگەڵ خودی دەسەڵاتی گشتی و هەموو خەڵك. بەگشتی دەكرێت واتای چەمكی هێز لە چەند خاڵێكدا كورت بكەینەوە: ١- هێز توانای سەپاندنی ئیرادەیە، سەرەڕای بەربەرەكانێی كەسانی دیكە. ٢- هێز پەیوەندی نێوان خاوەن دەسەڵاتدارانی یاسایی و پەیڕەوانێتی. ٣- هیز هاوبەشیكردنە لە بڕیاردان. بڕوانە: (د. عەبدولڕەحمان عالم، بنەماكانی زانستە سیاسییەكان، و: دلاوەر عەبدوڵڵا و محەمەد كەریم، ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ل٩٧-٩٩).

[1] ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤێسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

زۆر هۆگریانە پێکەوە کۆدەبنەوە و تواناکانی هاتنەدی کردە هەمیشە ئامادەیی هەیە، ئەوا هێز هاوەڵیان دەبێ. واتە هێز بەرهەمی کردەیە، لەبەرئەوەی لە هەناوی چالاکی هەماهەنگی تاکەکان دروست دەبێت و پشت بە ڕەزامەندی و قایلکردن کەسانی دیکە دەبەستێت لە میانەی گفتوگۆی بێ کۆت و بەندەوە، لەبەرئەوە تاکە مەرجی بوونی کەسانیترە، بەڵام ئەم مەرجدارییەی ڕوکەش نییە، بەڵکو هێزی مرۆیی لەگەڵ مەرجی فرەییدا چونیەکە. هەروەها بە قسەی **ئارێنت** بنەماکانی شاریش هەروەکو ئەوەی لە دەوڵەت-شاردا هەبوو، بنەماکەی ئەو هێزەیە، کە وەک نموونەیەک بۆ هەموو ڕێکخستنێکی سیاسی ڕۆژئاوا مایەوە؛ ئەویش ئەوەیە ئەمڕۆ ناوی دەنێین ڕێکخستن (What we today call "Organization")[(1)].
کەواتە هێز توانای پێکەوەبوونی تاکەکانە، لە پانتایی گشتیدا بەرجەستە دەبێت. لێرەوە **ئارێنت** پێیوایە کە ڕەوایی هێز لە کۆبوونەوەی سەرەتای خەڵکەوەیە، واتە ڕێکەوتنی سەرەتایی ئەنجومەنێک، کە بناغەی کۆمەڵگەیەکی سیاسی (Political Community) دادەڕێژێت و هەر کاتێک تاکەکان کردە دەنوێنن دووبارە پاڵپشتی دەکرێت. بە بۆچوونی **ئارێنت** هێز پێویستی بە هیچ پاساوێک نییە و لەناو خودی بوونی کۆمەڵگەی سیاسیدا ئامادەیی هەیە؛ لەڕاستیدا هەر ئەمەش بنەمای ڕەواییە. ئەمەش مانای وایە بەپێی تێڕوانینی **ئارێنت**، هێز کاتێک دەردەکەوێت، کە خەڵک کۆدەبنەوە و بە هاوئاهەنگی کردە دەنوێنن، بەڵام ڕەوایی خۆیی لە کۆبوونەوەی یەکەمەوە وەردەگرێت، نەک لە هیچ کردەیەکی تر کە لە دوای ئەو کۆبوونەوەیە دێت[(2)].

واتە هێز ڕەوایی خۆی لەو بەڵێنانە وەردەگرێت کە ئەنجومەنێکی گەل لەسەری ڕێکەوتوون، کە لە ڕووی ئەقڵانییەوە پەیوەستن بە پرۆسەیەکی پەیوەندی ئازادەوە. لەبەرئەوە هێز سەربەخۆیە لە فاکتەرە مادداییەکان، و هێز بە ئامرازە ئابووری، بیرۆکراسی و سەربازییەکان ناپارێزرێت، بەڵکو بەهێزی ئەو باوەڕە هاوبەشانە دەپارێزرێت، کە لە پرۆسەی ڕاوێژ و گفتوگۆی ئاگامەندانە و بێ کۆت و بەندەوە بەدیدێت[(3)]. کەواتە، ئەم تێگەیشتنەی **ئارێنت** ئەوە دەگەیەنێت، هێز لە میانەی کۆبوونەوەی تاکەکان بە هۆی نواندنی کردە و قسەی ئازاد دێتەبوون، ڕەوایی ئەم هێزەش دەگەڕێتەوە بۆ یەکەمین ڕێکەوتنی سەرەتایی ئەنجومەنێکی گەل ئەو ڕێکەوتنەش دەکرێت وەک یاسای بنەڕەتی یان دەستوور ئاماژەی بۆ بکەین، کە ڕەوایی بە چالاکی و کردەی سیاسی دەبەخشێت و گەرەنتی ئازادی سیاسی دەکات.

کەواتە، **ئارێنت** بەمە ئەو بنەمایانەمان بۆ دیاریدەکات کە سیستمێکی دیموکراسی دەستووری لەسەر بونیادنراوە، لەبەرئەوە پێیوایە، ڕێکخستنی گەل دەستپێکێکە لە ڕاوێژی گشتی لەناو پانتاییە هەقیقیەکەیدا کە ئەو خەڵکانە دەگرێتەوە لەپێناو ئامانجێکی هاوبەشدا دەژین لەو ڕووبەرە جوگرافییەی تێیدا نیشتەجێن[(4)].
ئەمەش واتای وایە کە شار لە دیدی **ئارێنت** دا، پانتاییەکە کار لەسەر ڕێکخستنی گەل و چۆنیەتی ڕەوایی چالاکییە سیاسییەکانی لە چوارچێوەی دامەزراوە سیاسییەکانیدا دەکات، و دەیەوێ ڕووبەرێک بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوون و گفتوگۆکان بۆ هەموان لە میانەی ڕاوێژی گشتی مسۆگەر بکات، ڕوبەرێک کە زەمینەی ئازادی سیاسی بەرجەستە بکات. تایبەتمەندییەکی تری هێز کە **ئارێنت** ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوەیە هێز پاشەکەوت ناکرێت، تەنیا وەک هێز هەیە و کاتێک بەرجەستە دەبێت کە بکەرەکان بۆ نواندنی کردەی سیاسی یان ڕاوێژی گشتی کۆدەبنەوە. لەبەرئەوە بە باوەڕی **ئارێنت** هێز پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ پانتایی دەرکەوتندا هەیە، واتە لەگەڵ ئەو پانتاییە گشتییەدا کە لە هەناوی کردە و قسەی تاکان دێتەئاراوە، بەمەش هێز دەبێت بەو ڕەگەزەی کە پانتایی گشتی دادەمەزرێنێت[(5)].

واتە بە بۆچوونی **ئارێنت** ئەو پانتاییەی کە دامەزراوە سیاسییەکان بەشێکن لێی و مرۆڤ دروستکەریەتی، و ڕەگەزی جەماوەر جوڵێنەر و پشتیوانییەتی، **ئارێنت** بە سیاسەتی دروست ناوی دەبات، وەک هاوواتای ڕێکخستنی سیاسی یان سیستمی دیموکراسی، کە تێیدا ڕێزگرتن لە مرۆڤایەتی مرۆڤ و

---

(1) Hannah Arendt,The Human Condition, Op.cit, p p. 200-201.
(2) Hannah Arendt, Crises of the Republic, ed4th, A. Harvest Book, Harcourt Brace, San Diego/ New York/ London, 1972, p. 151.
(3) ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.
(4) المصطفى الشادلي، مرجع سبق ذكره، ص٥٧.
(5) Hannah Arendt,The Human Condition, Op.cit, p. 200.

ئازادییەکان و یەکسانی لە خۆدەگرێت. هەروەها دەکرێت لەم ڕووەوە تێڕوانینێکی نزیک لە **ئارێنت** لەلای **هابرماس** بەدی بکرێت، بەوەی لەلای **هابرماس** جەماوەر مەرجی بنەڕەتی پێکهێنانی ڕای هاونیشتمانیانە لەناو پانتایی گشتیدا، کە دامەزراوە لەسەر ئەقڵ و گفتوگۆی بە بەرهەم، بە جۆرێک دەبێت ئەم پانتاییە پەیوەندی توندوتیژ بگۆڕێت بە پەیوەندی وتوێژ و ڕاویژ و مشت ومڕ[1]. لێرەوە **ئارێنت** ستایشی **مۆنتسکیۆ** دەکات، وەک دواین هزرمەندی سیاسی، بەوەی گرنگترین پرسی خۆی لەگەڵ کێشەی فۆرمەکانی حکومەت ڕاڤەکردووە و پێوەی سەرقاڵ بووە، گرنگترین شتێک کە ئەو دۆزییەوە ئەوەبوو، کە **مۆنتسکیۆ** درکی بەوە کرد کە دیارترین تایبەتمەندی ستەمگەری لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە لەسەر گۆشەگیری وەستاوە، واتە هەم گۆشەگیری ستەمگەری لە بکەرەکانی، و هەمیش گۆشەگیری خودی بکەرەکان لە یەکتری بەهۆی بوونی ترس و گومان لە بەرامبەر یەکتریدا. لەبەرئەوە بە ڕای **ئارێنت، مۆنتسکیۆ** لەوە تێگەیشت، کە ستەمگەری فۆرمێکی حکومەت نییە لەنێوان فۆرمەکانی تری حکومەت، بەڵکو پێچەوانەی دۆخی بنەڕەتی فرەیی مرۆییە بۆ کردە و قسە بەیەکەوە، کە ئەویش مەرجی هەموو فۆرمەکانی ڕێکخستنی سیاسییە. لەمەوە **ئارێنت** بەوە گەیشت، کە ستەمگەری ڕێگە لە پەرەسەندنی هێز دەگرێت، نەک تەنیا لە بەشێکی تایبەتی جیهانی هاوبەش، بەڵکو لە تەواوی بەشەکانیدا[2].

کەواتە، بە بۆچوونی **ئارێنت،** هێز لە هەموو کۆمەڵگەیەکی سیاسیدا هەیە و دەرکەوتنی شیمانەیەکە، بەردەوام تاکەکان لە میانەی بەیەکەوە بوونیاندا دروستی دەکەن. هەروەها هێز سەرچاوەی ڕەوایی دامەزراوە سیاسی و حکومییەکانە، بەوەی حکومەت لەسەر پێدانی ڕەزامەندی ڕێکەوتنی سەرەتایی هاوڵاتیان وەستاوە، کە لەشێوەی یاسایەکی بنەڕەتیدا بەرجەستە دەبێت، هەر ئەو ڕەزامەندییەش جیاوازی نێوان هێز و توندوتیژییە، واتە پاڵپشتی خەڵکە کە ڕەوایی دەدات بە دامەزراوە سیاسییەکانی وڵات تا بتوانن بە ئەرکی خۆیان هەڵسن. بەمەش هێز دەبێتە ئامرازێک، کە بەهۆیەوە ئاڵوگۆڕ لە دامەزراوە سیاسی و حکومییەکان دەکرێت و لەگەڵ پێشهاتی نوێدا ئاوێتە دەبن و ناچار بە وەڵامدانەوەی بۆچوون و خواستی هاوڵاتیان دەبن؛ لەبەرئەوە ئەوە پشتیوانی خەڵکییە لە میانەی کۆبوونەوەیان پێکەوە بۆ ئەنجامدانی کردە و گفتگۆ و ڕاوێژی گشتی لە هەمبەر کاروبارە گشتییەکان هێز بە دامەزراوە سیاسییەکان دەبەخشێت. ئەو پشتیوانییەش درێژکراوە و بەردەوامی ئەو ڕەزامەندییەیە، کە لە هەمان سەرەتاوە یاساکانی هێنایە بوون. واتە هەموو دامەزراوە سیاسییەکان و فۆرمەکانی دەرکەوتن، دەرخەری هێز و ڕەوایی گەلن، بەوەی هێز وەک چۆن دامەزرێنەری پانتایی گشتییە، بەهەمان شێوەش دامەزرێنەر و مایەی پشتیوانی لێکردنی دامەزراوە سیاسییەکانە، لەبەرئەوە کاتێک هێزی گەل پشتیوانیان لێناکات، ئەوا ئەو دامەزراوانە ڕەوایی لەدەست دەدەن و دەرگیری قەیران و لەناوچوون دەبنەوە[3].

کەواتە، لە ڕوانگەی **ئارێنت**ەوە ڕەوایی دامەزراوە سیاسییەکان بە هێزەوە گرێدراوە، واتا ڕەزامەندی چالاکی هاوڵاتیان؛ هەروەها لەبەرئەوەی دەکرێت بەو چاوە لە حکومەتەکان بڕوانین کە هەوڵێکن بۆ پارێزگاریکردن لە هێز، بۆ ئەوەی ئەو زەمینەیە برەخسێنێت هەر کاتێک تاکەکان بیانەوێت، بتوانن کۆببنەوە بۆ پاڵپشتیکردنی دامەزراوەکان. ئەمەش بەستراوەتەوە بە بەدامەزراوەیکردنی حکومەتەوە، واتە دامەزراوە سیاسییەکان بۆ ڕەوایدان بە بەردەوامی ژیانی خۆیان پێویستیان بە پاڵپشتی بەردەوام و دەستێوەردانی چالاکانەی تێکڕای هاوڵاتیان هەیە[4]. هەروەها **ئارێنت،** باس لە چەمکی دەسەڵات Authorityیش دەکات، بەڵام زیاتر وەک فۆرمێکی فەرمانڕانیکردن باسی دەکات، و ئەو فۆرمەشی دڵبەندی ئەوە، بە پانتایی گشتی و هاوڵاتییەوە دەیبەستێتەوە. **ئارێنت** لە تیۆریزەکردنی خۆی بۆ چەمکی دەسەڵات بەوە دەناسرێتەوە کە دەکەوێتە نێوان دوو کولتورەوە، یەکەمیان: لە ڕوانگەی (**هەیمەنە** [*])وە لە

---

[1] ماضي بسمة، مرجع سبق ذكره، ص٦٠.

[2] Hannah Arendt,The Human Condition, Op.cit, p p. 200,202.

[3] Hannah Arendt, Crises of the Republic, Op.cit, p p. 139-140.

[4] ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤێسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٥٤-٥٥.

[*] (**هەیمەنە**)، چەمکی هەیمەنە یان باڵادەستی لە بنەڕەتدا لە وشەی (Hegemonic)ی گریگییەوە هاتووە، یۆنانییە کۆنەکان ئەم وشەیان بە واتای سەروەری شاری ئەسینا و هاوڵاتییەکانی بەسەر شار و خەڵکانی تردا بەکاردەهێنا، هەروەها هەیمەنە وەک هاوواتای دەسەڵاتخوازی (التسلط) و زاڵبوون (**التفوق**) هاتووە، کە بە واتای ڕکێفکردن (**سيطرة**) دێت، وەک ئەوەی هیتلەر خواستی زاڵبوونی هەبوو بەسەر جیهاندا. هاوکات دەکرێت بە واتای دەسەڵاتخوازی سەربازی (**التسلط**

دەسەڵات دەکۆڵێتەوە، واتە ئەو کولتورەی بنەما یەکەمەکانی لەلای **ئەفلاتون** و **ئەریستۆ** دەیانبینین، وەک ئەوەی لە پەراوێزی باسی یەکەمی بەشی یەکەم ئاماژەمان پێدان، کە جیاوازییان لە نێوان شێوازەکانی دەسەڵات کردووە، کە بە باوەڕی **ئارێنت** ئەم پۆڵێنبەندییە لەسەر بنەمای هەیمەنەیە؛ هەیمەنەی تاک **(پاشایەتی)**، هەیمەنەی کەمینە **(ئۆلیگارشی)**، هەیمەنەی باشەکان **(ئەرەستۆکراتی)**، هەیمەنەی زۆرینە **(دیموکراسی)**. ئەمە و هەیمەنەی تری نوێ کە **ئارێنت** باسی دەکات، هەیمەنەی نادیار **(بیرۆکراتییەت)**ە. ئەم کولتورە لە فەرەنسا لە سەدەی شازدە لەگەڵ **(جان بۆدان ١٥٣٠-١٥٩٦)**، و لە بەریتانیاش لە سەدەی حەڤدە لەگەڵ **هۆبز** دەرکەوت، لە سەدەی بیستیش لە نووسینی هەندێک لە هزرمەندە ڕاست و چەپەکاندا خۆی نواند، لەوانە (**رایت میڵز**- Wright Mills /١٩١٦- ١٩٦٢) و **وێبەر** و (**ماوتسی تۆنگ**- Mao Zedong/ ١٨٩٣- ١٩٧٦)...هتد؛ سیاسەت لەلای ئەمانە ململانێیەکی ڕووت و کراوەیە لەسەر دەسەڵات، دەسەڵات دواجار جگە لە توندوتیژی هیچ شتێکی تر نییە، لەبەرئەوە **ئارێنت** پێیوایە ئەو توندوتیژییەی **وێبەر** بە ڕەوای دەزانێت، هیچ نییە، جگە لە دژیەکییەکی گەورە لە زاراوەدا.

دووەمیان: **ئارێنت** پشت بە دەسەڵات دەبەستێت بە چەند ساتێکی ڕاگوزەر، کە کولتوری یەکەم فەرامۆشی کردووە[1]. واتە **ئارێنت** ئڕوانینی خۆی بۆ دەسەڵات لە دادپەروەری گریگ، هاوڵاتی ڕۆمانی و بیرۆکەی بیرمەندانی هەردوو شۆڕشی ئەمریکا و فەڕەنسا وەرگرتووە، سەبارەت بە سەدەی بیستەمیش جەخت لەسەر ئەو جۆڵانەوانە دەکات، کە داوای مافە مەدەنییەکان دەکەن، و ئەو بزوتنەوانەش کە لە سیستمە تۆتالیتارییەکان جیابوونەوە. بەکورتی (دەسەڵات لە ڕوانگەی **ئارێنت** دا لە پانتایی هاوڵاتیانەوە سەرچاوە دەگرێت و پشت بە ڕێکەوتنی هاوڵاتیان دەبەستێت، ئەم ڕێکەوتنەش لەدەرەوەی هەیمەنە دایە، و پشت بەهێزی بەیەکەوە بوونی هاوڵاتیان دەبەستێت[*])، لەبەرئەوە **ئارێنت** ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە دەسەڵات

---

**العسكري**)یش بێت. بوونی هەیمەنە زۆرجار گرێدراوە بەو لایەنە ترساو و خۆ پارێزەی مرۆڤ، کە دەخوازێت دەسەڵات و هێزێکی باڵا هەبێت و بچێتە ژێربالّی، تا پارێزراو بێت، زۆربەی دەسەڵاتەکانیش لە سەرەتاکانی باڵادەستبوونیان بەڵێنی ئەو دڵنیایی و پارێزراوبوونە بە هاوڵاتیان دەدەن، بەڵام دواتر بەرەو سەپاندنی هەیمەنە و پیادەکردنی زەبر و زەنگ دەچن، ئەمەش متمانەی نێوان هێزە باڵادەستەکە و خەڵکی ناهێڵێت، لەگەڵیشیدا تاکەکان پەیوەندیان لەگەڵ جیهانی دەرەوەیان لەدەست دەدەن. بڕوانە: (جەبار إسماعیل أحمد، چەمکی دەسەڵات لە هزری ڕامیاری میشێل فۆکۆ دا و دەرکەوتەکانی لە هەرێمی کوردستان/عێراق، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان،ساڵی خوێندنی ٢٠١٩، ل١٩).

[1] مصطفى الحداد، عن حنا أرنت و مسألة السلطة، الموقع الإلكترونية فيلوسوفيا، ٢٠/ ٨/ ٢٠١٢، تأريخ الزيارة ٢٣/ ٨/ ٢٠٢٠، متاح على الرابط الآتية

http://mustafahaddad.blogspot.com/2012/09/blog-post_20.html.

[*] لە ڕاستیدا زۆرێک لە نووسینەکان و تەنانەت هەندێک لە وەرگێڕانە عەرەبییەکانیش تێکەڵییەک دەکەن لەنێوان هەردوو چەمکی هێز (Power) و دەسەڵات (Authority) لەلای **ئارێنت**، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دوو چەمکە ئەگەرچی بە توندی بەیەکەوە گرێدراون لە تیۆری **ئارێنت** دا، بەڵام جیاوازیشیان هەیە، چەمکی هێز لەلای **ئارێنت** توانا و وزەی کۆمەڵییەیە کە لە میانەی دربڕینی ڕای هەر یەکێک لەسەر پرسێکی گشتی دێتە بوون، بەڵام **ئارێنت** دەسەڵات وەک فۆڕمی فەرمانڕانی دەبینێ. ئەم سەرەنجەی **ئارێنت** لە میانەی دەرکەوتنی ئەزموونی فەرمانڕانی تۆتالیتاری **هیتلەر** لە ساڵی (١٩٣٣) گەڵاڵە بوو، کە وەک دەسەڵاتی ملکەچکردنی کۆمەڵگە و دەستبەسەرداگرتنی تاکەکان وێنای دەکات، ئەو ئەزموونەی **ئارێنت** بە گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر مرۆڤ و مەرجەکەی کە ئازادییە دەزانێ، بەوەی سیاسەت لە شوێنی دیالۆگ و یەکسانی نێوان خەڵکی و فرەیی سیاسی و هزری دەگۆڕێ بۆ گۆڕەپانی توندوتیژی، تۆقاندن و ترساندن، دەسەڵاتیش لە توانا بەسەر کردە و قسەی ئازاد دەگۆڕێ بۆ ئامرازی دابڵۆسین، زاڵبوون، دەستبەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردن تا هەموو پانتایی سیاسی ئازاد لەناو دەبات و خەڵکی لە یەکتری تەریک دەکات و ترس دەخاتە دەروونیان، بەشێوەیەک کە نەتوانن قسە بکەن، ناڕەزایی دەبڕن و یاخی ببن. بەڵام **ئارێنت** بۆ تێگەیشتن لە چەمکی دەسەڵات و دەرخستنی واتا ڕەسەنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ واتای ڕۆمانییەکان بۆ دەسەڵات، لەلای ڕۆمانیەکان وشەی دەسەڵات (L'autorite') کە لە وشەی کردە (Augere)وە هاتووە، بە واتای دەستپێک و بەردەوامی دێت، کە بەرجەستە دەبێت لە ڕێگەی بەشداریکردن و دەستاودەست کردن، وەک چۆن پیران (**الشیوخ**- Les se'nats)ی ڕۆمانی لە ڕێکخستنی کاروباری گشتی ڕۆمانیدا پیادەیان دەکرد. بەمەش شوێنێک بۆ توندەتیژی و کۆنترۆڵکردن یان پەیوەندی ستوونی بۆ ملپێکەچکردن نامێنێتەوە، بەڵکو دەسەڵات بەشێوەیەک دەبێت کە سەرنجی لەسەر هەموان بێت و دەبێت بەهێزی هەر یەکێک لەسەر دیالۆگ و قسەکردن لەبارەی کاروباری گشتی، بەجۆرێک دەسەڵات لە ناخی خۆیدا هەڵگری خەسڵەتی فرەیی و یەکسانی دەبێت، چونکە کاتێک دەسەڵات لە بازنەی ملپێکەچکردن و کۆنترۆڵکردن دەردەچێت، دەبێتە پیادەکردنی هاوبەش لەنێوان هاوتاکاندا، کە هەمان مافی سیاسییان هەیە بۆ دەربڕینی ڕای خۆیان سەبارەت بە کاروباری سیاسی کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی لە کۆتایدا بگەنە بڕیاری هاوبەش کە دید و

تایبەتمەندییەکی تاکێتی هەبێت، بەڵکو تایبەتمەندییەکی بە کۆمەڵی هەیە، و تا ئەو شوێنەی ئەم کۆمەڵەیە دووچاری لێکترازان نابێت. گرنگی ڕوانگەی **ئارێنت** لەوەدایە، کە دەسەڵات لە بنچینەدا دەسەڵاتی هاوڵاتیانە و لە پانتایی گشتیدا مومارەسە دەکرێت، ئەویش لە ڕێگەی نارەزایی دەربڕین و گوزرارشت لەخۆکردن و دەنگدان و خۆپیشاندان و ئیدانەکردنەوە دەبێت، ئەم ڕوانگەیش لەو دەربڕینەی **هابرماس**ەوە نزیکە، کە پێیوایە دەسەڵات دیموکراتی نابێت، ئەگەر پشت بە هاوڵاتیان نەبەستێت(1).

لەبەرئەوە بە باوەڕی **ئارێنت** لەگەڵ کاڵبوونەوەی پەیوەندی گشتی و پەراوێزخستنی کارلێکی قسە و کردەی سیاسی ئازادانە، توندوتیژی پەرەدەستێنێ، هەر ئەمەش وای کرد **ئارێنت** لەنێوان توندوتیژی و دەسەڵات جیاوازییەکی بنەڕەتی دابنێ؛ بەجۆرێ توندوتیژی بە خاوەنی سروشتێکی وێرانکەر دەزانێ، وەک ئەوەی پێشتر لەبەرباسی تۆتالیتاریزم لێی دواین، کە لەسەر ئامرازەکانی ترس و تۆقاندن وەستاوە، بەڵام دەسەڵات سروشتێکی بونیادی هەیە. توندوتیژی پێویستی بە پاسا هێنانەوە نییە، چونکە دەقێکە لەخۆیدا لە خودی جەوهەری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بوونی هەیە، بەڵام دەسەڵات پێویستی بە ڕەوایی هەیە؛ دەکرێ توندوتیژی پاساوی بۆ بهێنرێتەوە، بەڵام هیچ کات ناکرێت ڕەوایی پێبدرێت. لەبەرئەوە بە بۆچوونی **ئارێنت** دامەزراوەکانی حکومەت و دەسەڵات بۆ سەرچاوەی ڕەسەنی خۆیان دەگەڕێنەوە، ئەویش خەڵکە، کەواتە، ئارێنت دەسەڵات بە جێگرەوەی توندوتیژی دەزانێت، چونکە دەسەڵات بە خاوەندارێتی خەڵک دەزانێ، کە خەڵک لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو دەسەڵات بە دامەزراوەکانی حکومەت و دەوڵەت دەسپێرن(2).

کەواتە، ئەوەی تا ئێستا باس کرا، ڕەنگە بمانگەیەنێت بەو دەرئەنجامەی، کە ڕەوایی دامەزراوە سیاسییەکان و دەسەڵاتیش لە ڕوانگەی **ئارێنت**ەوە لە سەر هێز وەستاوە، ڕەگەزی سەرەکی ئەم هێزەش لە کۆبوونەوەی خەڵکی بەیەکەوە لە میانەی کردە و قسەی ئازادانە لە پانتایی گشتیدا دێتەدی. دەستەبەربوونی ئەم ڕەواییەش لە ڕێگەی ڕێکەوتنی سەرەتایی یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنە سیاسییەکان بەرهەم دێت، و بنەماکەشی ڕەزامەندی و قایلبوونە، لەڕێگەی پرەنسیپەکانی گفتوگۆ و ڕاوێژی گشتییەوە. بەمەش کۆمەڵگەیەکی کراوە و مەدەنی و بە دامەزراوەیی بوونی حکومەت دێتەدی، کە تێیدا ئازادی سیاسی، ماف، هاوڵاتیبوون و بەشداری فریی و یەکسانی دەردەکەوێت، ئەوەشی گیانی بەبەردا دەکات، سەروەری وتوێژ و گفتوگۆ و ڕەزامەندی و قایلبوون و داننانە بە یەکتریدا، دوور لە هەر هەیمەنەیەک، بە هەیمەنەی زۆرینەشەوە، بەڵکو هێزی بەکۆمەڵە، واتە هێزی گەل، کە وەک سەرچاوەی ڕەوایی لەنێوان تاکەکاندا باڵادەستە.

---

بڕیاری هەمووان بێت. لەبەرئەوە **ئارێنت** پێیوایە کاتێک سیاسەت دەبێتە کردەی بەکۆمەڵ بۆ ئازادی، دەسەڵات لەناو پانتایی گشتیدا دەردەکەوێت و پیادە دەکرێت، بەمەش زمان شوێنی ئامرازی زۆرلێکردن دەگرێتەوە، و دەسەڵات فۆڕمێکی ئاسۆیی وەردەگرێت لە پەیوەندی سیاسی بکەرەکان، نەک کردنی دەسەڵات بە پسپۆڕی نوخبەیەک یان دەزگایەک کە بییەوێ خۆی بسەپێنێ بەسەر کۆمەڵگەدا. لێرەوە بەڕای **ئارێنت** چەمکەکانی **(ئازادی، دەسەڵات و پانتایی گشتی)** ئاوێتەی یەکتر دەبن، بۆئەوەی بونیادێکی سیاسی ڕاستەقینە بێتە ئاراوە، کە لە میانەیدا تاک درک بە هێزی دەربڕین لە ڕای خۆی بکات. واتە لە ڕوانگەی **ئارێنت دا** دەسەڵات بەوەی کردەیەکی ئازادە، دیالۆگ و گفتوگۆیە لەنێوان خەڵکی لەسەر ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان، هەر ئەمەش واتای ڕاستەقینەی ئازادییە، چونکە پێیوایە گەل خاوەنی دەسەڵاتە، واتە دەسەڵات بوون و ڕەوایی خۆی هەر لەو هێزی دەربڕینی ڕای تاکەکان وەردەگرێت. کەواتە دەسەڵات توانایەکی مرۆیی کۆمەڵییە، پەیوەستە بە کردەی هەماهەنگ و کۆمەڵیانە، کە سیفەتی کەسیانەی نەبێت و شۆڕبووبێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگە و پانتایی گشتی داگیر بکات، لەبەرئەوە **ئارێنت** پێیوایە ئەگەر ڕۆژێک کۆمەڵ و کۆمەڵگە نەمێنێت، ئەوە دەسەڵاتیش کۆتایی دێت. لەبەرئەوە **ئارێنت** پێیوایە هەڵەیە سیاسەت بگێڕێنەوە بۆ دامەزراوەکانی فەرمانڕانی یان دەسەڵاتێک کە خەڵکی ملکەچ دەکات، یان بۆ پیاوانی سیاسەت و ململانێی نێوان تاکەکان یان گروپەکان سەبارەت بە خاوەندارێتی دەسەڵاتی دەوڵەت. بڕوانە: (المصطفى الشادلي، مرجع سبق ذكره، ص ص٤٤-٤٦) و (ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، سیاسەت و فەلسەفە لەلای هانا ئارێنت، چاپ و بڵاوکراوەی ناوەندی فێربوون، هەولێر، ٢٠١٩، ل ل٢٦٥-٢٦٦).

(1) المرجع نفسه.

(2) کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٣٦-١٣٧.

## داخوازی دووەم

## ڕوانگەی ئارێنت لەبارەی شۆڕش و ئازادی

ئەوەی **ئارێنت** لە کتێبەکەی (**لەبارەی شۆڕش**)دا، کە لە ساڵی (١٩٦٣) بەچاپگەیەنراوە؛ دەیەوێت بەدوایدا بگەڕیت "ئازادی سیاسییە". ئەویش لە میانەی شۆڕشەکانی سەدەی هەژدەهەمدا، واتە لە سۆنگەی شۆڕشی ئەمریکا و شۆڕشی فەرەنسادا؛ چونکە مەبەستی سەرەکی ئەوەیە کە ڕوحی شۆڕش و ئامانجەکەی لە ڕوانگەی مێژوودا تیۆریزە بکات. واتە ڕانانی **ئارێنت** بۆ کایەی شۆڕش، هەوڵێکە بۆ نیشاندانی ئەزموونی ڕابردوو و واتای ڕاستەقینەی ئەو چەمکانەی، کە پێیوایە واتاکانیان ونکراوە. لەبەرئەوە لێرەدا مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، چڕبوونەوەیە لە (**چەمکی شۆڕش**[*])، تەنیا وەک کایەیەکی سیاسی لە ڕوانگەی **ئارێنت** دا، نەک وەک کایەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، زانستی و تەکنەلۆجی...هتد. لەبەرئەوە ئەم داخوازییە دابەش دەکەین بۆ دوو لق؛ لە لقی یەکەم، باس لە ڕوحی شۆڕش و ئامانجەکەی دەکەین. لە لقی دووەمیشدا، شۆڕشی ئەمریکا و فەرەنسا لە دیدی **ئارێنت** دا دەخەینەڕوو.

### لقی یەکەم: ڕوحی شۆڕش و ئامانجەکەی

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت لە سنووری فەرهەنگە سیاسییەکەیدا پێناسەی شۆڕش بکرێت و بە سادەییەوە بگوترێت: "شۆڕش ژێرەوژوورکردنی توندوتیژیانەی، یاخود ئاشتیئامێزانەی حکومەتی فەرمانڕانە و دانانی حکومەتێکی نوێیە لە جێگەکەیدا"[1]. **ئارێنت** بەرلەوەی پێناسەیەکی پوختی شۆڕشمان

---

[*] (**چەمکی شۆڕش**)، لە زمانی عەرەبیدا چەندین وشەی وەک (**الثائر**) واتا تووڕە یان تۆڵەسێن، یان هەژان، (**المثاورة** و **الوثبة**) واتا قەڵەمباز و ڕابوون یان سەرهەڵدان و (**الهيج**) واتا هەڵچون، بەکارهاتوون. لەبەرئەوە چەمکی شۆڕش لە زمانی عەرەبیدا ڕەهەندێکی تووڕە و یاخی و هەژاوی هەڵگرتووە، ئەم ڕەهەندە تووڕەییە هەڵچووەش هێشتا بە چەمکی شۆڕش لە فەرهەنگی عەرەبیدا دەبینرێت، بەڵام (**توفيق الحكيم**- ١٨٩٨- ١٩٨٧) لە کتێبەکەیدا، بە ناوی (**الثورة الشباب**)، شۆڕش لە هەژان جیا دەکاتەوە؛ هەژان ئەوەیە کە تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنێت، بەڵام شۆڕش سوودبەخشەکە دەهێڵێتەوە و هێزی لێوەردەگرێت، تەنیا بێکەڵک لەناودەبات. شایەنی باسە لە زمانی کوردیشدا، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم چەمکە عەرەبییەکانی وەک کودەتا و هەژان و توندوتیژی خوێناوی بۆ جوڵانەوە ناڕازییە سیاسییەکان لە جیاتی چەمکی شۆڕش لە ڕۆژنامە کوردییەکان بەکارهاتووە، بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم چەمکی شۆڕش لە زمانی کوردیدا، لە سایەی هزری چەپگەرایی، واتا هاوچەرخەکەی خۆی وەرگرت لە بەرامبەر وشی (**الثورة**)ی عەرەبی و (Revolution)ی ئینگلیزیدا. دژبەرییەکی زمانەوانی لەنێوان هەردوو چەمکی "کودەتا" و "شۆڕش"دا هەیە. ئەوەی لێرەدا سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە تورکەکان و فارسەکان چەمکی (**إنقلاب**)ی عەرەبییان بە واتای کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ دەربڕینی گۆڕانی ڕیشەیی و گواستنەوە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە بەکاردەهێنن؛ بۆ نموونە لە حوکمی سوڵتانییەوە بۆ حوکمی دەستووری. دەوترێت، ئینقلابی دەستووری، بە واتای شۆڕشی دەستووری؛ هەروەها ئینقلابی ئیسلامی، بە واتای شۆڕشی ئیسلامی. واتە تورک و فارس چەمکی کودەتا وەک چەمکی شۆڕش بەکاردەهێنن، لەکاتێکدا عەرەب ئەم چەمکەی بە واتا هەندەکییەکەی بەکارهێناوە و لە کودەتای سەربازیدا کورتیدەکاتەوە، کە واتای ژێرەوژوورکردنی سیستەمی فەرمانڕانی دەگەیەنێت، لە نموونەی ئەو چەشنەی لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بڵاو بوو. بەڵام مەبەست لە چەمکی شۆڕش بریتییە لە جوڵانەوەیەکی جەماوەری بەرفراوان لەدەرەوەی ئەو بونیادە دەستوورییەی کە هەیە، یاخود لەدەرەوەی ڕەوایی، کە ئامانجی خۆی لە گۆڕینی ئەو سیستەمی فەرمانڕانییەی کە هەیە دەبینێتەوە. بەم واتایەش، شۆڕش بریتییە لە جوڵانەوەیەک بۆ گۆڕینی ڕەوایی سیاسی فەرمانڕان، کە دانی پێدا نانێت و دەیگۆڕێت بە ڕەواییەکی نوێ. ئەم پێناسەیەش شۆڕش لە کودەتای سەربازی جیادەکاتەوە. جگە لەمە چەمکگەلێکی دیکەی نزیک لە شۆڕش هەن، وەک (**چاکسازی، یاخیبوون، ڕاپەڕین و بەرخودان**)؛ کە هەموویان دیاردەگەلێکی تێکهەڵکێشن و دەشێت یەکێکیان ببێتەهۆی ڕوودانی ئەوی دیکە. لەوانەیە یاخیبوونێکی جەماوەری ببێتەهۆی ڕوودانی کودەتایەک، هەروەها دەشێت یاخیبوونێک ببێتەهۆی چاکسازی لە سیستەمێکدا، یاخود بەپێچەوانەوە، نەبوونی چاکسازی ڕاستەقینە ڕەنگە سەربکێشێت بۆ یاخیبوون و ڕاپەڕین و دواجار ڕەنگە شۆڕشێک بخوڵقێنێت، بەڵام ڕاپەڕین و یاخیبوونی نارەزایەتی دەربڕین لە دژی ڕژێمی فەرمانڕان لە حاڵەتێکدا مەسەلەی گۆڕینی سیستەمی هەبوو نەیەنێتە بەرباس لە شۆڕش جیادەبێتەوە. بڕوانە: (عەزمی بەشارە، شۆڕشناسی: لەبارەی شۆڕش و شایستەیی بۆ شۆڕش، و: د. یاسین سەردەشتی و بەرزانی مەلا تەها، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ل٨١-٩٢).

[1] وەرگیراوە لە: سەمەد زەنگەنە، کاریگەری مافە سروشتییەکان لەسەر شۆڕشدا، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٩٠.

بۆ بکات، لەو پێنتەوە دەست پێدەکات، کە جیاوازی لەنێوان جەنگ و شۆڕش دا هەیە، ئامانجی شۆڕش بە ئازادی دەزانێ و باوەڕی وایە جەنگ دیاردەیەکی کۆنە و لەگەڵ توندوتیژیدا هاوواتایە، هەرچی شۆڕشە دیاردەیەکی نوێیە و لەگەڵ ئازادیدا پەیوەندی هەیە[1]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەش ناشارێتەوە، پاساوی جەنگ و توندوتیژییەکەی لە سەرەتای تاوانکاری مێژوویی مرۆییدا، پەیوەندی بە پرسی شۆڕشەوە هەیە، چونکە شۆڕشەکان ئەو تاکە ڕوداوە سیاسیانەن کە ڕاستەخۆ ڕووبەڕوومان دەبنەوە و بەشێوەیەک ناتوانین لێیان ڕابکەین؛ لەبەرئەوە **ئارێنت** دەگات بەوەی "کە شۆڕشەکان چەندە هەوڵی پێناسەکردنیان بدەین ئەوەنین، کە تەنیا گۆڕانگاری ئەبستراکت بن" چونکە شۆڕشە نوێیەکان بەهیچ شتێ بەشداری لەگەڵ ئەو ناکۆکییانەدا ناکەن کە لە مێژووی کۆنی ڕۆماندا بە "ناکۆکییە ئەهلییەکان" ناوبراوە. هەروەها ناتوانین شۆڕشەکان بە پێناسەی **ئەفلاتون** بچوێنین بەوەی" شۆڕش وەرچەرخانێکی نیمچە سروشتییە لە فۆرمێک لە فۆرمەکانی حکومەت بۆ فۆرمێکی دیکە، بەڵکو شۆڕش لەم سەردەمە نوێیەماندا بە نوێبوونەوە و دابڕان پەیوەستە کە مژدەی هێنانی شتێکی نوێی پێیە[2]. لێرەوە ئەو تێزەی **ئارێنت**، کە ڕوحی شۆڕش و ئامانجەکەی ئاوێزان بووە و لەسەری بنیادنراوە، ڕەنگە لەم دێڕەدا بەرجەستە بێت"کۆتایی یاخیبوون ڕزگاربوونە، لەکاتێدا کۆتایی شۆڕش دامەزراندنی ئازادییە- The end of rebellion is liberation, while the end of revolution is the foundation of freedom". بەمەش بەلای **ئارێنت** زانای سیاسی لانی کەم دەزانێ چۆن خۆی لە هەڵەی ئەو مێژوونووسانە لابدا، کە قۆناخی یەکەم لەشێوەی توندوتیژی، یاخیبوون، ڕزگاری و ڕاپەڕین دژی ستەمگەری وێنا دەکەن، ئەوەش لەسەر حسابی قۆناخی دووەمی ئارامتر بۆ شۆڕش و دەستوور. لەبەرئەوە ئەوان ناتوانن گوزارشت لە ڕوحیەتی شۆڕشی وڵات بکەن، چونکە ئەم گێڕانەوە ئازاربەخشانە ڕەنگە وا بکات شۆڕش لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی لابدات و دووچاری پەرچەکردار بێتەوە و نەهێڵێت بەتەواوی بە ئامانج بگات[3]. ئەمەش مانای وایە ئامانجی ڕاستەقینەی شۆڕش هێنانەدی ئازادیە، نەک بە تەنها ڕزگاربوون لە ستەمگەری، هەروەها جیاوازی دانانە لەنێوان شۆڕش و یاخیبوون.

بەگشتی دەکرێت دوو توخمی سەرەکی بۆ ڕوحی شۆڕش لەلای **ئارێنت** دیاری بکەین، ئەوانیش[4]:

**یەکەم: دامەزراندنی دەستەیەکی سیاسی نوێ و ئازادی**؛ واتە کردەی شۆڕشگێڕانە، وەک کردەیەکی دامەزرێنەر تێدەکۆشێت، ناوەندێکی نوێی حکومەتی و هاوکات جێگیر بونیاد بنێت. بەڵام نیگەرانی **ئارێنت** لێرەدا ئەوەیە، زۆربەی کات لەنێوان بایەخدان و جەخت کردنەوە لەسەر توندوتیژی شۆڕشگێڕانە و ویستی ڕوحی شۆڕشگێڕان بۆ دامەزراندنی بونیادێکی جێگیر ڕەچاو ناکرێت؛ لەبەرئەوە پێیوایە ئەوەی شۆڕشێک لە ڕاپەڕین و کودەتا جیادەکاتەوە، ئامانجەکەیەتی، کە لە کردە بۆ ڕزگاری لەسەرترە و لە کۆتایدا بە بونیادنانی ئازادی کۆتایی پێدێت. بە ڕای **ئارێنت**، لە دامەزراندنی ئازادیدا، دەستپێکێکی دووبارەی پرۆسەی سیاسی و مێژوویی خۆیی دەردەخات، کە لە دۆخی خۆیدا سەرئەنجام بە پەسەندکردنی یاسایەکی بنەڕەتی (**دەستوور**) لەلایەن هاوڵاتیانەوە و سەقامگیری دەوڵەتی کۆماری کۆتایی پێدێت.

**دووەم: ئەزموونی شۆڕشگێڕانە لە شۆڕشدا**؛ ئەزموون هۆشیاری ڕوح بەخشین بە تواناکانی مرۆڤ بۆ نوێگەراییان پێ دەبەخشێت، چونکە بەڕای **ئارێنت** نە کۆمەڵانی خەڵک و نە شۆڕشگێڕان ناتوانن بە تەنیا شۆڕشێک بڕەخسێنن، بەڵکو شۆڕش کاتێک ڕوودەدات کە شۆڕشگێڕان درک بە کات و هەلومەرجی هەستیار بکەن، کە لەو کاتەدا کۆمەڵانی خەڵک ئامادەن، ڕووبەڕووی سیستمی دەسەڵات ببنەوە کە ڕەوایی کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە؛ ئەمەش پێویستی بە هۆشیاری شۆڕشگێڕان هەیە. کە وابوو، بەپێی ئەم تێگەشتنەی **ئارێنت** بۆ شۆڕش، ئەزموونی سیاسی لەسەر بنچینەی درک کردن بە دامەزراندنی ئازادی وەستاوە، نەک وەڵامدانەوەی پرسیاری نا سیاسی، واتە پرسی کۆمەڵایەتی یاخود هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، چونکە پێیوایە دەبێت مەبەست لە هەر شۆڕشێک ئازادی سیاسی و دامەزراندنی پانتاییەک بێت بۆ ئازادی و کردەی سیاسی. لەبەرئەوە بەڕای **ئارێنت** "وشەی (**شۆڕشگێڕ**) تەنیا دەتوانرێت بەسەر ئەو

---

[1] کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٨.
[2] Quoted rfom: Hannah Arendt, On Revolution, Op.cit, p p. 21-22.
[3] Ibid, p. 142.
[4] کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤٦-٤٧، ٦٠.

شۆڕشانەدا بچەسپێ کە ئامانجیان ئازادییە- The word “revolutionary” can be applied only "to revolutios whose aim is freedom"[1]. کەواتە، بە باوەڕی **ئارێنت** یەکێک لە کایە سەرەکییەکانی کردە ئازادی لە پانتایی گشتیدا، شۆڕشە؛ و گرنگترین ڕۆڵی شۆڕشیش کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێیە لە مێژووودا، یاخود بەبێ دەستپێکی نوێ، ڕوحی شۆڕش هیچ واتایەکی نابێت. هەروەها بانگەشەی ئەوە دەکات چەمکی نوێی شۆڕش لەو وێنا داتاشراوە جیا نابێتەوە، کە ڕێبازی شۆڕش کتوپڕ لە نوێوە دەست پێدەکات و داستانێکی تەواو نوێ، کە نە کەس پێشتر بیستوویەتی و نە کەس زانیویەتی بە زوویی دەست پێدەکات. کەواتە، بەو دەربڕینە شۆڕش نوێنگەی ئازادی سیاسی و مێژووی مرۆڤە، و هاوکات **ئارێنت** ئەو تیۆرەش ڕەت دەکاتەوە، کە مێژوو پرۆسەیەکی بەردەوام و بێ دابڕانە[2].

چونکە ئارێنت پێیوایە لە سایەی ئەم جۆرە تیۆرانەدا، شۆڕش لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی لادەدا و واز لە داخوازییە ڕاستەقینەکانی دێنی، کاتێک هەست بەخۆی دەکات تەنها ئامرازێکە بۆ وەدیهێنانی داخوازی کۆمەڵایەتی و ئازادکردنی چینە هەژارەکان لە ستەمی کۆمەڵایەتی، و دووبارە دابەشکردنەوەی سامانەکانی کۆمەڵگە. لەبەرئەوە بەڕای **ئارێنت** شیمانەکردنی ئازادکردنی تاکەکان لە پێویستی (**هەژاری**) ئازادییە، لەکاتێکدایە ناکرێ کۆمەڵگە بکەوێتە نێوان دوو پاڕادۆکس (**متناقضين**): ئازادی و پێویستی. ئەوەی یەکەم ئازادی نییە تەنیا دەروازەیەکە بۆ ئازادی، چونکە ئازادی لە گۆڕەپانی سیاسیدا بەرجەستە دەبێ، ئازادی ڕاو گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕ و کردەیە؛ هەڵەیە باوەڕمان وابێ کە پێداویستی پاڵ بە خەڵکەوە دەنێ بۆ شۆڕش، چونکە هەژاری پاڵنەر و هاندەر نییە بۆ شۆڕش بەهۆی ئەوەی چاوی لەسەر بەدیهێنانی ئازادی نییە، بەڵکو ئەوەی خەمی ئەوە خۆشگوزەرانییە. ئەمەش بە بۆچوونی **ئارێنت** دژبەر دەبێت لەگەڵ ڕێڕەوی ڕاستەقینەی ئازادی سیاسی و دامەزراندنی پانتاییەک بۆ پیادەکردنی[3]. ئەمەش مانای وایە، تەنیا ئەو کەسانەی کە توانیویانە خۆیان لە پێداویستییە سروشتییەکان ڕزگار بکەن، دەتوانن هەنگاو بەرەوە شۆڕش هەڵبگرن و ئامانجی وەدیهێنانی ئازادی سیاسییان هەبێت.

بە بۆچوونی **ئارێنت** تیۆری شۆڕشی **مارکس،** وەک جەوهەری شۆڕش سەیری ئەو هەڵە گەورەیەی لە هزری شۆڕشدا کرد؛ کاتێک **مارکس** هەژارانی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە هەژاری دیاردەیەکی سیاسییە نەک سروشتی، و بەرهەمی توندوتیژی و دەستدرێژییە نەک کەمی و قات و قڕی، بەمەش لە ئاکامدا سیاسەت و کردەی سیاسی تەنیا وەک سەرخانی پێویستی ئابووری سەیر دەکران. **ئارێنت** ئارگومێنتی ئەوە دەهێنێتەوە، هزرەکانی خودی **مارکس** لەو پەیوەندییەدا ناکۆکن، چونکە **مارکس** لەلایەکەوە جەخت دەکاتە سەر کار و تێکۆشان بۆ ڕزگاربوون لە دەست نەبوونی و نەداری، لەلایەکی ترەوە هیوادارە کە لە ئەنجامی ئەو ڕزگاربوونەدا مرۆڤ لە پانتایی نیاز و پێداویستییە سروشتییەکانەوە پێ بنێتە پانتایی ئازادی سیاسییەوە[4]. **ئارێنت** لە قوڵبوونەوەی پەیوەندی نێوان شۆڕش و فەرمانڕانیکردن، و پەیبردن بەوەی کە فۆڕمەکانی فەرمانڕانیکردن پەیوەستن بە دابەشکردنی سامانەوە و گومانکردن لەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی بە ئاسانی دوای دەسەڵاتی ئابووری دەکەوێ. واتە ئارێنت بەرژەوەندی وەک هێزی پاڵنەر لە پشت ناکۆکی سیاسی بە هەموو فۆڕمەکانییەوە، تەنها بە داهێنانی **مارکسی** نازانێ، بەڵکو پێیوایە، مێژوویەکی کۆنتری هەیە، کە دەکرێت ڕیشەکانی لە لێکدانەوەی **ئەفلاتون** و **ئەریستۆ** بۆ فۆڕمەکانی فەرمانڕانی بدۆزینەوە، کاتێک ئەوەیان ئاشکراکرد کە ئەمڕۆ پێی دەڵێین واقیعی ئابووری. هەروەک ئێمەش لە بەشی یەکەم ئاماژەمان پێدا. واتە وەرگۆڕانی حکومەت لەلایەن دەوڵەمەندەکانەوە بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ئۆلیگارشی لە کەمینەیەکی سوودمەنددا، یاخود وەرگۆڕانی حکومەت لەلایەن هەژارەکانەوە بۆ دامەزراندنی دیموکراسی، ئەوەی ئاشکرا کرد، کە ستەمکاران دەتوانن بە پاڵپشتی خەڵکی ساویلکە و هەژار بگەنە دەسەڵات و هەلی هێشتنەوەی دەسەڵاتیان لە ئارەزووی خەڵکیدا ببیننەوە[5]. لەبەرئەوە لێرەوە **ئارێنت** دەگات بەو باوەڕەی، ڕەنگە بکرێت بڵێین لە ئەمڕۆدا: "هیچ شتێک هێندەی هەوڵی ئازادکردنی

---

[1] Hannah Arendt, On Revolution, Op.cit, p. 29.

[2] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٥.

[3] المصطفى الشادلي، مرجع سبق ذكره، ص٤٢.

[4] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٨٧-١٨٨.

[5] Hannah Arendt, On Revolution, Op.cit, p. 22.

مرۆڤ لە هەژاری بە ئامرازی سیاسی زەمەنی بەسەردا تێنەپەڕیوە، بەمەش هیچ شتێک نییە لەوە پوچتر و بێهودەتر و مەترسیدارتر"[1]. چونکە بەڕای **ئارێنت** دەبێتە هۆی ئەوەی کە شۆڕش لە ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی لابدات، واتە لە ئامانجی دامەزراندنی دەستپێکێکی نوێ، و پانتایەکی گشتی بۆ پیادەکردنی چالاکی و ئازادی سیاسی تاکەکان بەرەو توندوتیژی و جەنگ بە پاساوی ڕزگارکردنی کۆمەڵگە لە نەداری و چەوساندنەوە دەڕوات. ڕەخنەی توندی **ئارێنت** لەم بارەوە لە **مارکس** کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا ئەوەیە، ئازادی وەک مەبەستی سەرەکی هەر شۆڕشێک دانەناوە، بەڵکو سەرکەوتنی شۆڕشی بەستەوە بە هێنانەدی داخوازییە کۆمەڵایەتییەکانی پرۆلیتاریا لە ڕێگەی دیکتاتۆریەتییەکەی، ئەمەش وا دەکات دەسەڵات بەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بگرێت، بەوەی دەوڵەت تەنیا دەزگایەکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی چینی بۆرژوازی؛ و دواتر گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ چینی کرێکار، بەمەش دەستەبەری کۆمەڵگایەکی بێ چین دەکات؛ بەڵام **ئارێنت** باوەڕی وایە، لێرەدا شۆڕش لەگەڵ توندوتیژی هاوتەریب دەبێت، چونکە لەژێر باندۆر و حوکمی خەمی پێداویستی دایە، ئەویش چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتییە کە کرێکاران توشی دەبن[2]. لێردا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەم تێڕوانینەی **ئارێنت**، لەلایەکەوە نزیکە لە دیدی ئەنارشیزم بۆ شۆڕش، وەک لە بەشی یەکەم ئاماژەمان پێدا، بەوەی لە ڕوانگەی **کرۆپۆتکین**، شۆڕشی کرێکاری بە ئاشتیانە و دوور لە توندوتیژی ئەنجام دەدرێت، لەلایەکی دیکەوە پێچەوانەی بۆچوونی **ئارێنتە**، بەوەی شۆڕش بۆ سەندنەوەی سامانە لە بۆرژوازی لە هەردوو تیۆری مارکسیزم و ئەنارشیزمدا.

لەلایەکی ترەوە **ئارێنت** لە میانەی ئەو لێتوێژینەوە لەهەمبەر کێشەی شۆڕشدا کردی، پەی بەوە برد، چەمکەکان بەهۆی بێ ئاگایی لە مێژووی چەمکەکان دووچاری هەڵە تێگەیشتن هاتوون، ئەمەش وای کردووە چەمکەکان واتای ڕاستەقینەی خۆیان لەدەست بدەن، چونکە پێیوایە هەڵەیە کە تێکەڵی بکەین لەنێوان ئەوەی کە تایبەتە، و ئەوەش کە گشتییە، یاخود لەنێوان ئەوەی کۆمەڵایەتییە لەگەڵ ئەوەی سیاسییە، هەروەها لەنێوان پێویستی و ئازادیدا. بەشێوەیەک ناتوانرێ چەمکگەلێکی تایبەت بخرێنە ناو بواری گشتی، و بەپێچەوانەوەش؛ لەبەرئەوە بە بۆچوونی **ئارێنت** یۆنانییەکان باش دەرکیان بەوە کرد، دەرکەوتنی تاکی ئازاد **(هاوڵاتی)** بەرجەستە نابێت تەنها بە یەکلاکردنەوە نەبێت لەنێوان هەموو ئەوەی کە کۆمەڵاتییە[3].

هەروەها **ئارێنت** لە تێزەکەیدا، بۆ ڕوحی شۆڕش، بانگەشەی ئەوە دەکات، شۆڕش کردەیەکی ئازادە، نەک کردەیەک بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە گرفتەکانی بژێوی و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانیدا، بەڵکو ئامانجی سەرەکی هەوڵدانە بەرەو بونیادنانی دەستوور و دەوڵەتەکان و دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ، کە تێیدا لە ڕێگەی دیالۆگ و ڕاوێژ ئازادی سیاسی فەراهەم بکات، چونکە دەبێت بتوانێت پانتایی سیاسی ئازاد دابمەزرێنێ، پانتایەک کە هەمووان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە تێیدا یەکسان بن؛ بەدەر لەوە شۆڕش واتا سیاسییەکانی خۆی لەدەست دەدات، و ناتوانێت ئازادی سیاسی بەدی بێنێ و لە ئازادی نێگەتیڤدا دەمێنێتەوە[4]. لەم ڕوانگەیەوە **ئارێنت** باوەڕی وایە، هەڵە تێگەیشتنی بنەڕەتی لە جیاوازی نەکردن لەنێوان ڕزگاری و ئازادیدا شتێک نییە مەترسیدارتر بێت لە یاخیبوون و ڕزگارکردنێک، کە بەدوایاندا دەستورێک بۆ ئەو ئازادییە نەیەتە دی، چونکە **ئارێنت** لەسەر زاری **(جۆن ئادەمس- John Adams/ ١٧٣٥-١٨٢٦**[*]**)**، ئاماژە بەوە دەدات "کە نە ڕێسا ئاکارییەکان، نە دەوڵەمەندی، نە پرەنسیپە سەربازییەکان، نە

---

[1] Ibid, p. 114.

[2] المصطفى الشادلي، مرجع سبق ذكره، ص٤٣.

[3] المرجع نفسه، ص ص٤٢-٤٣.

[4] Hannah Arendt, On Revolution, Op.cit, p p. 139-140.

[*] **(جۆن ئادەمس- John Adams/ ١٧٣٥- ١٨٢٦)**، حکومەتە کۆلۆنییەکان لە باکوری ئەمریکا ئەگەرچی خاڵی لاوازیان هەبوو، بەڵام لەپێش چەندین حکومەتی ئەو سەردەمە بوون لە بەدیهێنانی ئازادیدا، چونکە بەپێی یاسا لە سەردەمی جەنگی شۆڕشگێرانەدا، چەندین ویلایەتی ئەمریکی حکومەتی دەستووریان پێکهێنا، بۆ نموونە ساڵی (١٧٧٧)، **(جۆن جای)** لە ویلایەتی نیویۆرک، هاوکاری نووسینەوەی دەستووری ویلایەتەکەی خۆی کرد، هەروەها **ئادەمس** لە ویلایەتی ماساچۆستس یاریدەی نووسینی دەستووری ماساچۆستسیدا. لە ساڵی (١٧٨٧)، نوێنەرانی کۆنگرەی دەستووری لە فیلادلفیا چەندین بیرۆکە و دەربڕینیان لە دەستووری ئەو ویلایەتانە و هی دیکە بەکارهێنا لە نووسینەوەی دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. بڕوانە: (کۆمەڵێک نووسەر، لەبارەی ئەمریکا: دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سەرنج و ڕاڤەکانی، و: حسەسەن حسێن و سەلام عەبدولکەریم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٦).

هەموو ئەوانە بەیەکەوە بەبێ بوونی دەستوورێک دەستەبەری ئازادی ناکەن" تەنانەت ئەگەر مرۆڤ بەرگری لەوەش بکات کە داوای یەکسانی شۆڕش لەگەڵ تێکۆشان بکات لەپێناوی ڕزگاریدا، لە جیاتی ئاوێتەبوونی شۆڕش بەدامەزراندنی ئازادیدا، ئەوا ئاستەنگی زیاتر و مەترسیدارتر دێنە ڕێگەی بونیادنانی دەستووری گەل. هەروەها **ئارێنت** جیاوازی لەنێوان دوو جۆر دەستوور دەکات، ئەوانیش: دەستوورێک کە کاری حکومەتە و دەستوورێک کە کاری گەلە و بە هۆیەوە حکومەتی پێکهێناوە، بێگومان **ئارێنت** ئەوەی دووەمیان پەسەند دەکات، چونکە پێیوایە دەستوور مافی گەلە تا لەڕێگەیەوە حکومەتێکی نوێ دابمەزرێنێ، بەوەی ببێتە ناوەندێک بۆ بەشداریکردن تێیدا، کە بتوانێت بەهۆیەوە پیادەی ئازادی سیاسی خۆی بکات، نەک دەستوورێک کە حکومەت بەسەر خەڵکیدا بیسەپێنی[1]. کەواتە، لەوەی تا ئێرە باس کرا ڕەنگە بکرێت بڵێین: کە **ئارێنت** لە تیۆرەکەیدا بۆ شۆڕش خۆی بەدوور دەگرێت لە پێویستی و خەمی کۆمەڵایەتی، و نایەوێت وشەی شۆڕش تایبەت بکات بەو جوڵانەوانە یان کەسانەی هەوڵ بۆ ڕزگاربوون لە هەژاری و ستەمی کۆمەڵایەتی دەدەن، و هەموو ئامانجێکیان لە بەختەوەری کۆمەڵایەتیدا دەبیننەوە، بەڵکو دەیەوێت پێمان بلێت: کە شۆڕشگێران ئەوانەن، کە پانتایی تایبەتیان تێپەڕاندووە و کۆت و بەندی کۆیلایەتی و توندوتیژیان پچڕاندووە، ئەوانەن کە خەم و ئاریشەی ئەوان، بونیادنانی پانتاییەکی سیاسییە، پەنتاییەک کە ئەوان لە ستەمی نایەکسانی سیاسی ئازاد بکات و تێیدا وەک هاوڵاتی ئازاد پیادەی ئازادی سیاسییان بکەن؛ نەک هەوڵێک بۆ ڕزگاربوون لە پێویستی و گەیشتن بە چێژی بەختەوەری ئابووری و دەرگیربوون لە سروشت و باندۆری بژێوی، بەڵکو دەبێت ئامانجی شۆڕشگێران بونیادنانی کیانێکی سیاسی نوێ بێت، کە تێیدا دەستوور و حکومەتێک بێتەدی کە ڕەوایی لە خەڵکەوە وەرگرتبێت و بۆ خەڵک بێت. واتە دامەزراندنی دەستوور و دەوڵەتێکی کوماری، کە تێیدا مەبەستی سەرەکی هێنانەدی ئازادی سیاسی و ئەو پانتاییە گشتییانە بێت کە بۆ بەشداری کردەی سیاسی پێویستن. ئەوەی لەمەوبەر تیشکی خرایە سەر، چەند ڕوانگە و تێزێکی **ئارێنت** بوون لەبارەی ڕوحی شۆڕش و ئامانجەکەی، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین، کە **ئارێنت** لە کتێبی شۆڕشی خۆیدا، زیاتر ڕوانگە و بۆچوونەکانی خۆی لەسەر ئەزموون و بەرئەنجامی شۆڕشی ئەمریکا و فەڕەنسا هەڵێنجاوە، ئەگەرچی ئاماژەیەکی کورتیش بە شۆڕشەکانی سەدەی بیستەم دەدات، بەڵام سەرەنجی خۆی لەسەر ئەو دوو شۆڕشە چڕدەکاتەوە، کە بوونەتە هەوێنی ئیلهامەکانی لەمەڕ تیۆرەکەی بۆ شۆڕش. لەبەرئەوە لقی داهاتوو کە دوا بڕگەی ئەم بەشەمانە بۆ دیدی **ئارێنت** لەهەمبەر هەردوو شۆڕشەکە تەرخان دەکەین.

## لقی دووەم: شۆڕشی ئەمریکا و شۆڕشی فەڕەنسا لە دیدی ئارێنت دا

بە بۆچوونی **ئارێنت** چەند ڕاستییەک هەن ئەوە دەگەیەنن، کە لە جیهانی کۆندا پیاوانێک هەبوون خەونیان بە ئازادییە گشتییەکانەوە دەبینی، لەکاتێدا لە جیهانی نوێدا پیاوانێک تامی بەختەوەری گشتییان دەچەشت، و ئەمەش چەند ڕاستییەک بوو بووە هۆی دەرکەوتنی بزوتنەوەی تازەگەری و گێڕانەوەی مافی ئازادییە کۆنەکان و پەرەسەندن بەرەو شۆڕش لەسەر هەردوولەلای زەریای ئەتلەسی. بەڕای **ئارێنت** بە چاوپۆشین لەبارەی ڕادەی ئەوەی بارودۆخ و ڕووداوەکان پێی گەیشتوون لە سەرکەوتن یان شکست، لە جیاکردنەوە لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا، ئەمریکییەکان مانەوە لەسەر ڕێکەوتن لەگەڵ یاساناس و شۆڕشگێڕی فەرەنسی (**ڕۆبێسپیەر**- Robespierr/ ١٧٥٤- ١٧٩٤)، لەمەڕ پابەندبوون بە ئامانجی کۆتایی شۆڕش؛ ئەویش بونیادنانی ئازادیە، کاری ڕاستەقینەی حکومەتی شۆڕشگێڕی؛ ئەویش دامەزراندنی کۆمارە[2]. هەر ئەمەش وایکرد کە **ئارێنت** لە لێکدانەوە و تاوتوێکردنی شۆڕشە نوێیەکاندا، بگاتە ئەو ڕایەی کە شۆڕشی ئەمریکا لە ماوەی ساڵانی (١٧٧٥- ١٧٨٣)، نموونە و سەرمەشقی هەموو شۆڕشەکانە، چونکە لەلایەکەوە هەژاری و پیویستی کۆمەڵایەتی هیچ کاریگەرییەکی بەسەر شۆڕشەوە نەبوو[3]. لەلایەکی ترەوە ڕوحی شۆڕشگێڕی ئەمریکا لە کردەی هۆشیارانە و ئازادانە لە دامەزراندنی

---

[1] Ibid, p p. 141-142.
[2] Ibid, p. 142.
[3] Ibid, p. 23.

کەش و پانتـایی گشـتی کـردەی سیاسـیدا گەیشـتۆتە ئەوپەڕی خـۆی. لەبەرئەوەی وەک **ئارێنـت** ئامـاژەی پێدەدات، شۆڕشـی ئەمریکا شۆڕشێک بـوو لە پانتـایی کردەدا نەک لە پانتـایی هەوڵـدان بۆ بژێـوی ژیـان، هەروەها بونیادنەرانی کۆماری ئەمریکا خۆیان پێ ئامرازی هێزە سروشتییەکان نەبوو، بەڵکو خۆڕسک و ئـازاد لە ڕێگەی دیـالۆگی ئـازاد و بڕیـاردانەوە بونیـادێکی نوێیـان دروسـت کـرد، لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕشـی ئەمریکا نموونەی دووپات نەبۆوە. لەبەرامبەردا، شۆڕشی فەڕەنسـای سـاڵی (١٧٨٩)، ئەزمـوونێکی تەواو جیاواز بوو، کە دواجار نەک لە پانتایی کردەی ئازاددا، بەڵکو لە پانتـایی سروشـت و هەوڵـدان بۆ بژێـوی ژیـاندا خۆی بینییەوە، بەڵام دواتر ئەو ڕووداوە بـوو بە مۆدێلی شۆڕشـەکانی تر، چـونکە لە پـاش شۆڕشـی فەڕەنسا، ڕوانگەی تەکامولی مێژوویی سەریهەڵدا، کە تێیدا شۆڕشـەکان وەک قۆنـاغە پێشبینی کـراوەکـانی پرۆسـەی مێـژوو هـاتنە ئەژمـار؛ بەمەش بەرزتـرین نـوێنگەی کـردەی ئـازادی سیاسـی تووشـی دارشـتە تەکامولییەکانی مێژوو بوو[1].

بەڕای **ئارێنـت** ئەگەرچـی **ڕۆبێسـپیەر** کـاریگەربوو بە ڕێـڕەوی شۆڕشـی ئەمریکـی و ئەو پەیمـانەی لەنێوانیانـدا هەبـوو، کاتێـک هەسـتا بە داڕشـتنی بنەمـا بەناوبانگەکـانی، واتە (**بنەماکـانی حکـومەتی شۆڕشـگێری**)[2]. بەڵام بە بۆچـوونی **ئارێنـت** هەڵەی سـەرەکی شۆڕشـگێرانی فەڕەنسـا ئەوە بـوو، کە نەیـانتوانی یاسـایەکی بنەڕەتـی پـتەو بـۆ هەمیشـە دابڕێـژن و پەسـەندی بـکەن، چـونکە دەسـتووری سـاڵی (١٧٩١)ی فەڕەنسـا لەو کـاتەدا پەسـەندکردنی لە کـاغەزێکی دڕاو زیـاتر نەبـوو، کە بەردەوام بەنـاو و مەبەستی جۆراوجۆرەوە گۆڕانی بەسەردا دەهات؛ بە جۆرێک لە کۆتایی و ئەنجامدا ئەو یاسایەیان نەخستە خزمەت ئامانجەکانی شۆڕشـەوە و بەم چەشنە ئـازادییە تاکەکەسـی و سیاسییەکان لە بنەڕەتدا سـەرکوت و بێدەنگ دەکـران، سـەرئەنجام هەرکە **ڕۆبێسـپیەر** بەتەنیـا خـۆی دەسـەڵاتی بەدەسـتەوە گـرت، کـۆمەڵەی یاسادانانی هەڵوەشاندەوە[3].

بە دەربڕینێکی تر لە ڕوانگەی **ئارێنت**ەوە ڕێبەرانی شۆڕشی فەڕەنسا سـەرتا وەک کەسـانێکی ئـازاد بە واتا پۆزەتیڤەکەی سەیری خۆیانیان دەکرد؛ و بە هیوای دامەزراندنی جیهانێکی نوێ بوون، بەڵام هەژاری و نایەکسانی کۆمەڵایەتی و زەرورەتی دابینکردنی بژێوی ژیان شۆڕشـی تووشـی سروشـت لێدراوی کـرد. بەو شێوەیە شۆڕش لە ڕێبـازە سـەرەکییەکەی لەلای دابـوو، واتە ئامـانجی شۆڕشـی فەڕەنسـا دابین کردنـی کـردەی سیاسـی ئـازاد بـوو لە پانتـایی گشـتیدا، بەڵام لە ڕووبەڕوو بـوونەوە لەگەڵ پرسـی کـۆمەڵایەتی و پێویسـتی دابینکردنـی ژینەکـی بەلای بەرجەسـتەکردنی ئـازادی نێگەتیڤدا بەلارێـدا چـوو. بەمەش بەرەو ڕزگـارکردنی خەڵکـی لە دەسـت هەژاری و نەداریدا شـکایەوە و دواجـار هەر بەو پاسـاوە دیکتـاتۆرییەکی نوێیان پێکهێنا، چونکە ئەوەی لەلای شۆڕشگێرانی ئەمریکا وەک گەورەترین پایەی کردنەوەی حکومەتی نـوێی کۆمـاری دەهـاتە ژمـار، واتە سـوود وەرگـرتن و فراوانکـردنەوەی تیـۆری لێـک جیـاکردنەوەی دەسـەڵاتەکانی **مۆنتسـکیۆ** لە ڕێکخـراوی سیاسـی گـۆمەڵگەدا، لەلای شۆڕشـگێرانی فەڕەنسـا بـایەخێکی ئەوتۆی پێنەدرا[4]. واتە تیۆری **مۆنتسکیۆ**یان، وەک سەرچاوەیەک بۆ حکومەت وەرنەگرت، کە بـابەتی (**بونیادنـانی ئـازادی سیاسـی**) تێـدا جێگیـر کرابـوو، لەبەرئەوە وشـەی پێکهێنـان یـاخود دەسـتوور (Constitution)، لەم ڕێـڕەوەدا هەمـوو ئاماژەکـانی خـۆی لەدەسـتدا، بەوەی کە پێویسـتە لە گۆڕەپـانی سیاسیدا پیادەبکرێ، بەجۆرێک کە هێز و ئـازادی بەیەکەوە کۆبکـاتەوە[5]. لەبەرئەوە پێویسـتی کـۆمەڵایەتی وایکرد کە بەشێکی زۆری خەڵک بە هانای شۆڕشی فەڕەنساوە بچن و بەرەوپێشـی بەرن و دوجـار بەرەو نەمانیـان بـرد، بە شـێوەیەک ڕزگـاربوون بـوو بە جێگرەوەی ئـازادی، و ڕزگـاربوون لە دەسـت ملهـوڕی سروشـت، حەشـامەتی توشـی ملهـوڕی دەوڵـەت کـرد. بەمەش سـەرهەڵدانی حەشـامەتی هەژار لە شۆڕشـی فەڕەنسادا ئەو شۆڕشەی کردە یەخسیری ملهوڕی سروشت و لە ئاکامدا ئازادی چووە ژێر بـاری پێویسـتی کـۆمەڵایەتی و ئـابووری و تەنـانەت تێگەیشـتن لە سیاسـەت و کـردەی سیاسـیش بە واتـا دروسـتەکەی لە

---

[1] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٨٥-١٨٦.

[2] Hannah Arendt, On Revolution, Op.cit, p. 41.

[3] کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

[4] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦.

[5] حنّة أرِندت، في الثورة، ت: عطا عبد الوهاب، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠٠٨، ص٢١٣.

ڕزگاربوون لە داوی پێویستی بژێوی ژیانەوە بەسترا، و تێبینییە سیاسییەکانی پەیوەست بە ئازادی و شێوازی حکومەت لەژێر باندۆری هەژاری و نەداریدا بوون؛ و بەم پاساوەش توندوتیژی و بێدادی بوو بە دیاردەیەکی گشتگیر. **ئارێنت** لە زمانی **دۆتۆکفیڵ**ەوە دەڵێت: "لەناو ئەو هەموو هەست و خرۆشانەی ڕێگەیان بۆ شۆڕش کردەوە، چێژی ئازادی گشتی بەر لە هەمووان تێداچوو"[1]. بەڵام بەرای **ئارێنت** شۆڕشی ئەمریکا بە پێچەوانەی شۆڕشی فەرەنسا توانی سەربکەوێ، چونکە ئەمریکا بەپێچەوانەی وڵاتان و شوێنەکانی دیکەی دنیا لەژێر نەفرەتی هەژاریدا نەیدەناڵاند، بەجۆرێک دامەزرێنەرانی کۆماری ئەمریکا گەورەترین دژواری سەر ڕێگای خۆیان لەوەدا دەبینی، کە زۆرینەی خەڵک بەهۆی پێویستی دابەشبوونی کار لە ناو کۆمەڵگەدا ڕاستەخۆ لە بەشداری چالاکانەی ژیانی گشتی و سیاسی وڵاتدا وەلا دەنران[2]. واتە بە بۆچوونی **ئارێنت** شۆڕشی ئەمریکا لە وڵاتێکدا ڕویدا، هەم شتێک نەبوو لەبارەی ئاستەنگی هەژاری جەماوەری، هەمیش لە ڕیزەکانی گەلێکی خاوەن شارەزایی فروان بە خۆبەڕێوەبەری **(الحكم الذاتي)** دەرکەوت. لەبەرئەوە لە کۆی ئەو بەخششانەدا بەدڵنیایەوە شۆڕش لە ناکۆکی لەگەڵ پاشایەتی کۆتکراو **(الملكية المقيد)**، سەریهەڵدا لە حکومەتێک کە خاوەن پاشا و پەرلەمان بوو. لێرەوە **ئارێنت** دەیەوێت پێمان بڵێ: دانیشتوانی کۆلۆنییەکان پێش بەریەککەوتن لەگەڵ ئینگلتەرا، لەشێوەی دەستەگەلی فەرمانڕانی خۆبەڕێوەبەری یان خۆسەری ڕێکخرابوون، لەبەرئەوە وەک شۆڕشی فەرەنسا، شۆڕش فرێی نەدانە دنیای سروشتی[3]. ئەمەش وا دەردەکەوێت، لە ڕوانگەی **ئارێنت**ەوە، دەرگیربوون لە پێداویستی سروشتی نامان گەیەنێت بە ئازاد سیاسی، مانەوەی شۆرش لەو چوارچێوەیەدا ئاکامەکەی بەدواداهاتنی ترس و تۆقاندن و دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریە، بەمەش بەڕای **ئارێنت** دەرچوون لە پێداویستی کۆمەڵایەتی و پانتایی تایبەت، دەبێتە پێشمەرجێک بۆ چوونە ناو پانتایی گشتی کردەی ئازادانە، لەبەرئەوە هەمان ڕێسا بەسەر شۆڕشیشدا دەچەسپێت، بەوەی کردەیەکە لە پانتایی گشتیدا وەدیدێت.

هەروەها **ئارێنت** ئاماژە بەوە دەکات، کە ڕاپەڕینی چەکداری کۆلۆنییەکان و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، ڕاستەخۆ هەڵگیرسانی پرۆسەی دەستووری بە دوادا هات لە هەر سێزدە ویلایەتەکەدا، وەک ئەوەی سێزدە کاتژمێر لێیان دا یەک کاتژمێر بن؛ **ئارێنت** لە سەر زاری **ئادەمس** دەڵێت: "بوار نەبوو بۆ پشوو وەرگرتن لەنێوان جەنگی ڕزگاری لەپێناو ئەو سەربەخۆیەی مەرجی ئازادی، و پێکهێنانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو" لەبەرئەوە **ئارێنت** وای دەبینێ، سەرکەوتنی شۆڕشی ئەمریکا لەوەدایە، ڕاستەخۆ دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەمریکییەکان سەرقاڵی دامەزراندنی قەوارەی سیاسی نوێ و فۆرمێکی نوێ لە فۆرمەکانی حکومەت بوون، کە تێیدا ئازادی سیاسی بێتەدی[4]. لەبەرئەوە **ئارێنت** پێیوایە بەپێچەوانەی شۆڕشی فەرەنسا، شۆڕشی ئەمریکا خەڵاتی نووسینی دەستووری بەخۆوە بینی، دوای ئەوەی سەربەخۆیی خۆی لە بەریتانیا وەرگرت، لەبەرئەوەی ئەمریکییەکان ماف و ئازادییەکانیان لەسەروو هەموو پرسێکی کۆمەڵایەتی دانا، بەمەش ئەمریکییەکان گرنگی تەواویان بە دامەزراندنی جیهانی سیاسەت و ئازادی دا[5]. هەرچۆنێک بێت **ئارێنت** لە شۆڕشی ئەمریکادا نموونەیەک دەبینێ کە لەسەر پێناسەی خۆی بۆ شۆڕش دێتەوە، بەوەی دەسپێکێکی نوێیە، چونکە تەرخان نەبوو بۆ بەدیهێنانی بەختەوەری هەژارەکان و ڕزگارکردنیان لە داماوی کۆمەڵایەتی، بەڵکو ڕێڕەوی شۆڕشی ئەمریکی پابەند بوو بە دامەزراندنی ئازادی و بەرپاکردنی دامەزراوە سیاسییە هەمیشەییەکان، و دەستەبەرکردنی ئازادی سیاسی بۆ تاکەکان لە کردە و قسەدا، واتە شۆڕشی ئەمریکای وەک بەرجەستەکردنی کۆمار و دامەزراندنی ئازادی دەبینێ، نەک وەک حەتمییەتێک (Determinist)ی پێویستی مێژوویی و نەک وەک هۆکاری پێویستی سروشتی، بەڵکو وەک تاکە هۆکارێکی مەبەستدار، ئەویش دامەزراندنی ئازادییە[6]. **ئارێنت** لەم باوەڕبوونەیەوە، ئارگۆمێنتی ئەوەمان بۆ دێنێتەوە، کە نووسەرانی دەستووری ئەمریکی دەرکیان بەوە کرد، کە پێویستە لەسەریان سەرچاوەیەکی نوێ بۆ یاسا دابمەزرێنن و سیستمێکی نوێ بۆ دەسەڵات بنیادبنێن، لەبەرئەوە تەنها ملیان نەدا بە

---

[1] وەرگیراوە لە: د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧.
[2] کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.
[3] حنّة أرِندت، في الثورة، المرجع سبق ذكره، ص ص٢٢٥، ٢٣٦.
[4] Quoted from: Hannah Arendt, On Revolution, Op.cit, p p. 25,141.
[5] جون ليتشه، مرجع سبق ذكره، ص٣٧٤.
[6] المصطفى الشادلي، مرجع سبق ذكره، ص ص٤٢-٤٣.

پـوختەکردنی یاسـا و دەسـەڵات لە یەک سـەرچاوەوە، بەڵکـو بنـاغەی دەسـەڵات بـۆ ئەوان گەل بـوو، و سـەرچاوەی یاساش دەستوور بـوو، کە لەشێوەی بەڵگەنـامەیەکی نووسـراودا هـاتەدی[1]. هەروەهـا **ئارێنـت** بانگەشەی ئەوە دەکات، ڕوحیەتی شۆڕشگێڕانە و تیۆرە سیاسییە فراوانە پێناسەکراوەکان و بیرکـردنەوەی قـوڵی باوکـانی دامەزرێنـەری ئەمریکـا هەم تیـۆرەکەی **مۆنتسـکیۆیـ**ـان بـۆ جیـاکردنەوەی دەسـەڵاتەکان لە یەکتری بە گەورەترین داهێنان دانا، و لە دامەزراندنی حکومەتی کۆماریدا جێگەیـان کـردەووە[2]. هەمـیش ئەزمـوونی ئەو ویـلایەت و شـارۆچکانەی لە سـەردەمی کۆلۆنییەکانـدا لە شـێوەی کیـانێکی خۆسـەری پێکهاتبوون وەرگرت، کە هەر کیانێک بۆخۆی وڵات (commonwealth)ێک بوو، کە خاوەن نوێنەری خـۆی بـوو بەشـێوەی هەڵبژێـردراوی ئازادانـانە، کە هەر کیانێـک وەک کۆمۆنوێڵسـێک لەسـەر پەیمـان بەرامـبەر بەیەکتـری دامەزرابـوون؛ ئەمە وێـرای داهێنـانی گەورەی شۆڕشـگێری (**جەیمـس مادیسـۆ- James Madison/ ١٧٥١- ١٨٣٦**)، کە بـریتییە لە دۆزینـەوەی پرەنسیپی فیدڕاڵی بـۆ دامەزرانـدنی کۆمارەکان بە قەبارەی گەورە. ئیدی ئەو ئەزموونە بوو پیاوانی شۆڕشی ئاراستە کرد، ئەوان و ئەو گەلەی فێرکـرد، چـۆن دامەزراوە فیدراڵییەکان لەسـەر بنەمـای دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکان دابمەزرێـنن، کە تێیانـدا ئـازادی بێـتەدی[3]. ڕاسـتی ئەم بانگەشـەیەی **ئارێنـت** لەو قسـەیەی (**بنیـامین فـرانکلین- Benjamin franklin/ ١٧٠٦- ١٧٩٠**[*])دا دەردەکەوێت، کاتێک لە ئاخەوتنێک لە ژێر ناوی (**سازان**)دا لە کۆنگرەی ئەمریکـا تێدەکۆشـا ناوەنـدگەرا و ئیتیـک خوازەکـان، هەروەهـا لیبـراڵ و دەسـەڵاتخوازەکان پێکەوە ئاشـت بکـاتەوە، دەڵێت: "مـن لەمێژە سـەرقاڵی کـارم و بە بیرکـردنەوە و تێڕامـانی قـوڵ دەمەوێ ئەزمـوونی زۆر بەدەست بێنم هەتا بتوانم دەنـگ و بیروڕاکـانی خـۆم و تەنـانەت لەبـارەی گرنگترین بابەتەکـان بگـۆڕم، ئەو ڕوانگـانەی کە سـەردەمانێ بە ڕاسـتم دەزانـی و ئێسـتا ئیـدی بە ڕاسـتیان نـازانم... زۆرینـەی مرۆڤەکـان پێیـانوایە ئەوان لەسـەر هەقـن و گەیشـتوون بە (**هەقـیقەت**[**]) و لە هەر شـوێنێک کە خەڵکـی دیـکە ڕوانگەیەکیان هەیە بە هەڵەی دەزانن"[4]. بەکورتی: بە بۆچوونی **ئارێنت** جیاوازی سەرەکی نێوان شۆڕشی

---

[1] حنّة أرِندت، في الثورة، المرجع سبق ذكره، ص٢٢٥.

[2] Hannah Arendt, On Revolution, Op.cit, p. 24.

[3] حنّة أرِندت، في الثورة، المرجع سبق ذكره، ص ص٢٤٢، ٢٥٤، ٢٥٦.

[*] (**بنیـامین فـرانکلین- Benjamin franklin/ ١٧٠٦- ١٧٩٠**)، **فرانکلین** لە تەمەنـی ٨١ سـاڵیدا بـوو کە وەک نـوێنەری ویلایەتی بنسلڤانیا لەو کۆنگرەیە ئامادە بوو، کە لە ١٧ی ئەیلولی (١٧٨٧)دا بەڕێوەچوو، کە تێیدا دەستووری نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکانیـان ئیمـزا کـرد. لە پێشـەکی دەستوورەکەدا هـاتبوو، "ئێمە گەلـین، ئەم دەسـتوورە دادەڕێـژین و دادەمەزرێنین، ئەمەش دربڕی پرەنسیپی سەروەری گەل، یان دەسەڵاتی گەلە" واتە داڕێژەرانی دەستوور، بە پشت بەستن بەو چەمکەی کە دەڵێت: دەسـەڵاتی سیاسـی کۆتـایی لەلای حکومەت یـان هیـچ بەرپرسێکی فەرمـانڕەوا نییە، بەڵکو لەلای گەلە، بەڵگەنـامەی فەرمانڕەوانیـان داڕشـت و خسـتیانە بەردەم گەل هەتـا پەسـەندی بکـات. بـڕوانە: (کۆمەڵێـک نووسـەر، لەبـارەی ئەمریکـا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١) و (کۆمەڵێک نووسەر، چەردەیەک لە کولتوری دیموکراسی ئەمریکا، و: حەسەن حسێن و سەلام عەبدولکەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٣٦).

[**] (هەقیقەت)، **ئارێنت** هەقیقەت دابەش دەکات بۆ دوو جۆر: هەقیقەتە ئەقڵانییەکان و هەقیقەتە ڕیالیستیەکان؛ لەو باوەڕەدایە کە سیاسەت لەنێوان ئەو دوو هەقیقەتە گەمەی خۆی دەکات، و بیروڕاکان پێک دەهێنێت و کار لەسەر ڕاستییە هەبووەکان دەکات. بە باوەڕی **ئارێنت**، هەقیقەتی ئەقڵانی، ڕاستگۆییەکی گوتارئامێزانەی لەخۆگرتووە، بەوەی بێلایەنانە بە هەموو کونج و کەلەبەرکانی دنیادا دەگەڕێت بۆئەوەی بیروڕا جیاوازەکان کۆبکاتەوە و پێکڕا لە کردەیەکی بیرکردنەوەدا هەقیقەتێکی لێوە فۆرمەڵە بکـات. واتە هەقیقەتە ئەقڵانییەکـان ئیلهـامبەخش و هەڵسـوڕێنەری بیرکـردنەوەی ئەقڵانـین؛ بەوەی بیرکـردنەوەی ئەقڵانـی تەواوی دنیـای پرەنسیپەکان، ئاکار، ئایدیاکان و کۆمەڵگە ڕاڤە دەکـات، واتە کردەی بیرکـردنەوە ئاراستەکراوە بـۆ دۆزینەوەی حەقیقەت لە چێوەی گشتیدا، بێ وابەستەبوونی هیچ حوکمێکی پێشینەیی سیاسی و ئـایینی و نەتەوەیی، بەڵام ئەوە سیاسەتە دێت و لە هەقیقەتی ئەقڵانییەوە بیروڕا دروست دەکات و دەیکات بە دۆزی سیاسی، بەو واتایەی سیاسەت لە میانەی تـاوتوێکردنی هەقیقەتەکـان شتێک لە هەقیقەتی ئەقڵانـی نەک هەمـوو هەقیقەت وەک بیرکـردنەوەی فەلسـەفی وەردەگرێـت و بەپێـی بـارودۆخەکەی خـۆی، ئامانجەکانی خۆی لەسەر بینـا دەکـات. هەقیقەتە ڕیالیسـتیەکانیش لە خودی خۆیاندا شانبەشـانی هەقیقەتە ئەقڵانییەکان بوونیان هەیە، بە واتای ئەو ڕووداوانەن کە ڕوودەدەن و ئیلهام بەخشی کردەی بیرکردنەوەی ئەقڵانین. هەقیقەتە ئەقڵانییەکـان بەبـێ بـوونی هەقیقەتە ڕیالیستیەکان مەرجـی بیرکـردنەوەی ئەقڵانـی خۆیـان لە دەست دەدەن، هەقیقەتە ڕیالیسـتییەکانیش سروشـتێکی جێگیریـان هەیە، بۆنمـوونە: هەقـیقەتە مێژووییەکـان و فاکتەکـان. بـکەری سیاسـی هەقـیقەتە (**ئەقڵانی** و **ڕیالیست**)ەکان پۆلێن دەکات و کورتیان دەکاتەوە بۆ ڕستەی سیاسی کورت، دوور لە واتاکانی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکـات. هەر لەبەرئەوە **ئارێنـت** بە هـیچ هەقیقەتێـک و کۆتـایەک قایل نابێت و تێگەشـتن لەلای ئەو ئامـانجە. بـڕوانە: (ئیسماعیل حەمەئەمین، قەوزایەکی دیکەی فاشیزم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٩، ل ل٤٠-٤٥).

[4] وەرگیراوە لە: کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.

شکۆداری ئەمریکا و شۆڕشی شکستخواردووی فەڕەنسا لەوە دایە؛ کە شۆڕشی یەکەم، شۆڕشێکی سیاسی بوو و پەیوەندی بە پرسی ئازادی و شێوازی حکومەتەوە هەبوو، بەڵام گرنگییەکەی هەر وەک گرنگی ڕووداوێکی لۆکاڵی مایەوە، لەکاتێکدا شۆڕشی دووەم، تێبینییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی دەخستە پێشەوەی پرسە سیاسییەکان و بەهۆی خواستی حەشامەتەوە بۆ ڕزگار بوون لە دەست هەژاری و نەداری دیکتاتۆری لێکەوتەوە، بەڵام شۆڕشی فەڕەنسا مێژووی جیهانی پێکهێنا، و لەژێر کاریگەری ئەو شۆڕشەدا هەموو شۆڕشەکان بەناوی ئازادی پۆزەتیڤەوە دەستیان پێکرد و تووشی چارەنووسێکی کارەساتبار هاتن. واتە دواجار دیکتاتۆری ترسناکیان لێکەوتەوە، چونکە بە باوەڕی **ئارێنت** حزبە سۆسیالیست و کۆمەنیستەکانیش گیرۆدەی تێبینییەکانی زەرورەتی سروشتی و دیتێرمینیستی مێژوویی و کۆمەڵگە بوون. لە بەرامبەردا ئەنجومەنە کرێکارییەکان، کە نوێنگەی کردەی خۆڕسک و پانتایی گشتی و ئازادی بوون، لە هەموو شۆڕشەکاندا، هەر لە شۆڕشی فەڕەنساوە بگرە تا شۆڕشی ڕووسیا، سەرکوت کران. **ئارێنت** بێگومان سیستمی ئەنجومەنە گەلییەکانی پێ لە سیستمی حزبی باشترە، بەڵام پێیوایە، تەنانەت ئەو مێژوونووسانەی بە ئاشکرا لایەنگری شۆڕش بوون نەیانتوانیوە لەوە تێبگەن سیستمی ئەنجومەنی بریتییە لە شێوازێکی نوێی حکومەت و پانتاییەکی گشتی نوێ بۆ پیادەکردنی ئازادی، چونکە ئەرکی سەرەکی ئەو ئەنجومەنانە دەبێ ئەرکی سیاسی بێت نەک ئەرکی ئیداری و ئابووری[1]. ئەمەش ئەو خاڵەیە **ئارێنت** لە ئەنارشیز جیادەکاتەوە، چونکە لەلای ئەوان ئەرکی ئەنجومەنەکان ئابووری و داراییە، نەک سیاسی.

واتە بەڕای **ئارێنت**، شۆڕشەکانی سەردەمی نوێ دوو جۆر سیستمی دیموکراسی بەرهەم هێنا: دیموکراسی حزبەکان و دیموکراسی ئەنجومەنەکان. دیموکراسی حزبەکان؛ لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی وەستاوە، و پێیوایە زیاتر بەلای ئۆلیگارشیدا دەشکێتەوە، چونکە دەستەیەک لە پەرلەمان و دامەزراوە سیاسییەکاندا نوێنەرایەتی حزبەکانیان دەکەن زیاتر بیر لە پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە تاوەکو بەرژەوەندی گشتی و ئازادی گشتی. لەگەڵ ئەوەشدا دان بەوەدا دەنێ کە سیستمی دوو حزبی لە ئەمریکا و بەریتانیا سەقامگیری بەدیهێناوە، چونکە خاوەنی ئۆپۆزسیۆنی کاران، بەڵام دیموکراسی ئەنجومەنەکان؛ لەسەر بنەمای بەشداری ڕاستەوخۆی هەموو هاوڵاتیان وەستاوە لە چوارچێوەی بڕیارداندا. **ئارێنت** نموونە بە (ئەنجومەنەکانی کۆمۆنەی پاریسی (١٨٧١) کە پاشایەتی ڕەتکردەوە و داکۆکیان لە فیدراڵی لیبراڵی کۆماری دەکرد، ئەنجومەنەکانی شوباتی (١٩١٧) ڕووسیا و ئەنجومەنە شاراوانییەکانی (١٩٥٦)ی ئەڵمانیا). هەروەها پێوایە ئەنجومەنەکان لە تەواوی شوێنەکاندا زیاتر لە حزبەکان گرنگییان بە بواری سیاسی داوە تاوەکو بواری کۆمەڵایەتی، و لە ئێستاشدا ئەم شێوە ئەنجومەنانە تایبەتمەندییەکانی لە سیستمە فیدراڵییەکاندا دەردەکەوێت. واتە پرەنسیپەکانی هاوپەیمانی لە نێوان یەکە سەربەخۆکاندا کە بە هەمان شێوەی ئەنجونە سەرەتاییەکان دروست بوون، دەکرێت وەک شێوەیەکی نوێی کۆماری دابنرێن. لەبەرئەوە ئەگەر ئامانجی شۆڕش دامەزراندنی ئازادی بێت، ئەوا ئەو سیستمە ئەنجومەنییە دەتوانێت دەستەبەری بەشداری ڕاستەخۆی هاوڵاتیان بکات لە دەسەڵاتی گشتی و ژیانی سیاسیدا، چونکە پێیوایە تەنیا شارەکان دەتوانن زەمینەی کاری سیاسی دەستەبەر بکەن[2]. بۆیە **ئارێنت** دەڵێت: "بۆ ئەوەی وەها سیستمێک بخرێتەڕوو، دەبێ پێکهاتە و سیستمە فیدراڵییەکان بەهێز بکرێن، چونکە هەر جۆرە ناوەندێتییەک، ڕێڕەوی سیاسەتی سەرەکی دەگۆڕێ بۆ سیاسەتی ئاسایشی و بەمەش بەر بە بەشداری هاوبەشی سیاسی خەڵک دەگیرێ کە لە دەسەڵاتی گشیدا پشکیان هەبێت"[3]. کەواتە، لە کۆتایدا، دەشێت بگەین بەو دەرئەنجامە، ئەوەی **ئارێنت** لە بەرباسی شۆڕشی ئەمریکا و شۆڕشی فەڕەنسا دەیخاتەڕوو ئەوەیە، کە شۆڕشی ئەمریکا بەو پێودانگانە دەبینێ کە خۆی لە تیۆرەکەیدا بۆ ڕوحی شۆڕش و ئامانجەکەی بونیادی ناوە؛ بەوەی شۆڕشی ئەمریکا توانی دەسپێکێکی نوێ بهێنێتەدی، کە ئازادی سیاسی و دامەزراندنی کۆماری لێکەوتەوە لە شێوەی حکومەتێکی فیدراڵیدا، لەکاتێکدا شۆڕشی فەڕەنسا نەیتوانی ئەو ئامانجانە بەدی بێنی کە لە پێناویدا سەری هەڵدا، بەوەی شۆڕش لە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئازادی پۆزەتیڤ و بونیادنانی کۆمار گۆڕا بۆ تێکۆشان بۆ ڕزگارکردنی حەشامەت لە پێویستی هەژاری، و لە ئازادی نێگەتیڤدا گیری خوارد، بەمەش لە دواجاردا سیستمێکی دیکتاتۆری لێکەوتەوە.

---

[1] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٨٦، ١٨٨.
[2] حنّة أرندت، في الثورة، المرجع سبق ذكره، ص ص٩٤-٩٥، ٣٩١، ٣٩٣.
[3] وەرگیراوە لە: کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

# بەشی سێیەم

## ڕەنگدانەوەکانی چەمکی ئازادی بەپێی تیۆری سیاسی ئارێنت لە هەرێمی کوردستان- عێراق دا

ڕوانگەی **ئارێنت** سەبارەت بە ئازادی گرێدراوە بە سیاسەت و واقیعێکی بەرجەستەکراو، وەک ئەوەی لە بەشی دووەمدا ڕوونمان کردەوە. لەبەرئەوە پێیوایە ژیانی سیاسی بەبێ ئازادی هیچ واتایەکی نابێت، و سیاسەتیش لە دۆخێکی فرەیی و پێکەوەبوونی تاکە یەکسان و ئازادەکان لە میانەی بەشداریکردن لە پانتایی گشتیدا دێتە بوون، ئەم فۆرمەش لە ئازادی لە ڕوانگەی **ئارێنت** لە دەوڵەت- شارەکانی یۆنان و ئەزموونی ڕۆماندا، وەک قەوارە سەرەتاییەکانی کۆمار بە شێوەیەکی دیاریکراو چەمکێکی سیاسی بووە، کە جەوهەری شار و هاوڵاتیبوونی پێکهێناوە. بەڵام بە ڕای **ئارێنت**، هەموو فۆرمەکانی پەیوەندی کردن و هەموو کۆمەڵگەکان بە ئازادی ناناسرێنەوە؛ ئازادی لەو شوێنەدا هەیە کە مرۆڤەکان پێکەوە دەژین، بێ ئەوەی دەستەیەکی سیاسی وا دروست بکەن کە ئامرازێک بێت کۆنترۆڵی کردە و ڕەفتاریان بکات، چونکە لە ڕوانگەی **ئارێنت**ەوە کاتێک ئەو جیهانەی مرۆڤ دروستی کردووە، نابێتە ناوەند و پانتاییەک بۆ کردە و قسە، ئاڵوگۆڕی بیروڕا و بۆچوونی جیاواز، گفتوگۆ و ئاخاوتن، دواجار ڕەزامەندی و ڕێککەوتن لەسەر پرسە گشتییەکان و یەکتری قبوڵکردن دوور لە ئامرازی توندوتیژی، ئیدی ئازادی نابێتە واقیعێکی ماددی. **ئارێنت** بۆ ئەمە نموونە بەو کۆمەڵگایانە دێنێتەوە کە لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە فەرمانڕانی دەکرێن، کە تێیدا تاکەکانی لەناو ماڵەکانیاندا گۆشەگیر دەکرێن، ئەمەش دەرنەکەوتنی پانتایی گشتی لێدەکەوێتەوە. لەبەرئەوە لە وەها ڕژێمێکی سیاسیدا ئازادی سیاسی ناتوانێت ڕووی خۆی ئاشکرا بکات، هەروەها لە سایەی ڕژێمە تۆتالیتارییەکاندا نەک هەر دان بە مافی ئازادی لە سیاسەت و مافە مەدەنییەکاندا نانرێت، بەڵکو مرۆڤ دەکرێ بە بوونەوەرێکی تەریک کەوتوو و ترسا و تۆقیو و بوون بە بابەتی ئایدۆلۆجیا و کەرەستەی سووڕی سروشت و مێژوو، نەک بکەر و خوڵقێنەری دەسپێک و کردەی ئازادانە، بە جۆرێک مرۆڤەکان بە قەفەسی ئاسنین چێوە دەکرێن، کە نە جەلاد و نە قوربانی هەست بە بوونی تاوان و بێ گوناهی نەکەن.

هەروەها **ئارێنت** ڕەخنە لەو فۆرمە لە ئازادی دەگرێت، کە لە تیۆرە سیاسییەکانی سەرەتای مۆدێرنە دەرکەوتن، کە وەک دەزگایەکی سیاسی لە دەوڵەت و حکومەتیان ڕوانیوە، بەوەی ئازادی تاکەکان دەستەبەر دەکات لە شێوەی ئازادی (**دەربڕین، بیرکردنەوە، هاتووچۆ** و **ئایین**). ئەمەش بە باوەڕی **ئارێنت**، دانانی ئازادییە لە دەرەوەی سیاسەت، یاخود دانانی دڵنیایی و ئاسایش لە جێگەی ئازادی سیاسیدا، ئەمەش دیسان دانانی ئازادییە بەو چالاکیانەی کە لە دەرەوەی سیاسەت ڕوودەدەن. هەروەک چۆن ئازادی سیاسی **ئارێنت**ی پێچەوانەی دانانی ئازادییە بە ئازادییە کەسی و تایبەتییەکان کە تیۆرە لیبراڵییەکانی لەسەر بنیادنراوە، بەوەی لە خودی خۆیاندا ئازادی گەلێکن دەستەبەری دابەشکردنی دەسەڵات بۆ هاوڵاتیان ناکەن. ئێمە لەم بەشەدا هەوڵدەدەین ئەو شێوازە لە ئازادی سیاسی و ئەو ڕوانگانەی **ئارێنت** لە هەرێمی کوردستان- عێراق کۆڵێنکاری بکەین. ڕەنگە بەهۆی ئەوەی کە تیۆری سیاسی و ڕوانگەکانی **ئارێنت** زیاتر تایبەتن بە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفت و ئاستەنگ ببینەوە، بەوەی ڕوانگەکانی **ئارێنت** بۆ ئازادی وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا لەسەر بنەمای ڕەخنەکردنی مۆدێرنە و لێکەوتەکانی وەستاوە، سروشت و پێکهاتەی کۆمەڵگەی باشووری کوردستانیش تا پێش ڕاپەڕینی (١٩٩١) جیاواز بووە لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا، بەڵام مادام چاوی **ئارێنت** لەسەر مافی هاوڵاتیبوونی کەمینەکانە لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی- نەتەوەییدا وەک دیاردەیەکی مۆدێرنە. هەروەها وەک (**مەریوان وریا قانع**)یش دەڵێت: "خەباتی سیاسی و نەتەوەیی میللەتی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و هاتنی کۆلۆنیالیزم و هاتنەکایەی مۆدێلی سیاسی "دەوڵەتی نەتەوە" بۆ ناوچەکە، کە تێیدا کورد وەک کەمینە بەسەر چوار دەوڵەتی تازە دروستکراودا دابەشکرا"[(1)]. ئەوا دەشێت کۆمەڵگەی باشووری کوردستان کە زۆربەی دانیشتوانەکەی لە نەتەوەی کوردن، تا پێش ڕاپەڕینی (١٩٩١) لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق بەگشتی و بەتایبەت لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا بخەینە بەر تیشکی تیۆری سیاسی **ئارێنت** بۆ ئازادی. هەروەها خودی ڕاپەڕین و هەنگاوەکانی دواتری لە

---

(1) مەریوان وریا قانع، بیرکردنەوە لە سەردەمە تاریکەکاندا، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٢٦٧.

هەرێمی کوردستان ڕەنگە شیان بێت بۆ لێتوێژینەوە بەپێی تیۆری **ئارێنت** بۆ چەمکی شۆرش و پانتایی گشتی تێیدا. لەم گۆشەنیگایەوە بۆ تێگەیشتن لە ئازادی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، قۆناغی پێش ڕاپەڕین لە قۆناغی پاش ڕاپەڕین جیادەکەینەوە، لەبەرئەوە ئەم بەشە دابەش دەکەین بۆ دوو باسی سەرەکی. لە باسی یەکەمدا، لە هەرێمی کوردستان و هەلومەرجی ئازادی سیاسی تێیدا بەر لە ڕاپەڕینی (١٩٩١) دەکۆڵینەوە. لە باسی دووەمیشدا، ڕەنگدانەوەی کایەکانی پیادەکردنی ئازادی بەپێی تیۆری سیاسی **ئارێنت** لە ڕاپەڕین و ئەزموونی سیاسی دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) ڕاڤە دەکەین.

## باسی یەکەم

## هەرێمی کوردستان و هەلومەرجی ئازادی سیاسی تێیدا بەر لە ڕاپەڕینی (١٩٩١)

لە پەیوەست بە ناوەرۆکی توێژینەوەکەمان، ئەم باسە دابەش دەکەین بۆ دوو داخوازی. لە داخوازی یەکەم، سروشتی ئازادی لە هەرێمی کوردستان پێش ڕاپەڕینی (١٩٩١) دەخەینەڕوو. لە داخوازی دووەمیشدا، لە مەودای ئازادی لە هەرێمی کوردستان لە سایەی ڕژێمی بەعسدا، بەپێی ڕەنگدانەوەکانی ڕوانگەی **ئارێنت** بۆ تۆتالیتاریزم دەتوێژینەوە.

### داخوازی یەکەم

### ناساندنێک بۆ هەرێمی کوردستان و سروشتی چەمکی ئازادی سیاسی تێیدا پێش ڕاپەڕینی (١٩٩١)

بەو پێیەی کۆمەڵگە یاخود شوێنی خستنە ژێر تیشکی ڕەنگدانەوەکانی تیۆری سیاسی **ئارێنت** بۆ چەمکی ئازادی هەرێمی کوردستانە، ئەوا لەم داخوازییەدا، سەرەتا بە پێویستی دەزانین هەرێمی کوردستان بناسێنین. بۆ ئەو مەبەستە ئەم داخوازییە دابەش دەکەین بۆ دوو لق؛ بەم شێوەیەی خوارەوە:

#### لقی یەکەم: ناساندنی (هەرێمی کوردستان- عێراق[*])

هەرێمی کوردستان- عێراق بەو بەشەی (**کوردستان**) دەوترێت کە بەشێکی دەوڵەتی عێراق پێکدێنێ، کە لە ساڵی (١٩٢٥) پێوەی لکێنراوە، لەبەرئەوە دیاریکردنی سنووری ڕۆژهەڵات و باکوور و باکووری ڕۆژئاوای ئەو هەرێمە ئەگەرچی تاڕادەیەک جێی ناکۆکین لەنێوان عێراق و ئێران و عێراق و تورکیادا، بەڵام هەرچۆنێک بێت، ئەو سنوورە لەگەڵ سنووری نێودەوڵەتی عێراق لەگەڵ ئێران و تورکیا و سوریا ڕێکدەکەوێ، بەڵام ئەوەی ئاستەنگ و دژواری زۆر دروست دەکات سنووری باشوور و باشووری ڕۆژئاوایە، ئەویش لەبەر ئەم هۆیانە[1]:

**یەکەم**: ڕای جیاواز سەبارەت بە هەندێک گروپی ئێتنۆگرافی کورد وەک (**ئیزیدی** و **شەبەک** ...هتد) و هەوڵی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق کە لە سۆنگەی سیاسییەوە بە کوردیان نەزانیون، ئەم گروپانەش زۆربەیان لەو ناوچانەدا (باشوور و باشووری ڕۆژئاوا) نیشتەجێبوون.

---

[*] (**هەرێمی کوردستان- عێراق**)، هەرچەندە بەکارهێنانی دەستەواژەی هەرێمی کوردستان لە فەرهەنگی سیاسیدا دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)، کە بەپێی یاسای ژمارە (١)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی و پاشان دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان بووە، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا، دەستەواژەی هەرێمی کوردستانمان بۆ توێژینەوەکە بەکارهێناوە، هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لەو ناوچانەی پێش ڕاپەڕین بە باشووری کوردستان ناسراون، لەبەرئەوە کاتێک باس لە پێش ڕاپەڕین دەکەین هەم لە دەقی نووسراوەکاندا دەستەواژەی باشووری کوردستان و هەم کوردستانی عێراق و ناوچە کوردییەکان زیاتر بەرچاودەکەون، لەبەرئەوە ئێمەش بۆ قۆناغی بەر لە ڕاپەڕین ناچارین ئەم دەستەواژانە زیاتر بەکار بهێنین.

[1] جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، بێ دەزگای چاپ، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ل٢١-٢٢.

**دووەم:** دابەشکردنی کوردستان لە ساڵی (١٩٢٥) بەپێی پەیمانی لۆزان و پێشکەشکردنی ویلایەتی موسڵ بە عێراق، نەیهێشت قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ لە کوردستانی گەورەدا یان لە کوردستانی عێراقدا پەیدا ببێ.

**سێیەم:** هەڵوێستی حکومەتەکانی عێراق، کە بەهۆی سیاسەتی تەعریب و ڕاگواستن و دەرکردنەوە بۆ گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی باشووری کوردستان. (دواتر زۆرتر لەسەر ئەم خاڵە دەوەستین).

**چوارەم:** شێواوی و ناڕۆشنی سەرژمێرییە فەرمییەکانی عێراق، بەتایبەتی لە بواری پێکهاتەی نەتەوەیی و زمانی و ئایینیدا، وەک هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی کورد و بچوک کردنەوەی ڕۆڵی سیاسی و شارستانییان، ئەمەش وای کردووە ئەو سەرژمێریانە زۆر جێگەی باوەڕ و متمانە نەبن.

کەواتە، لە ناساندنی هەرێمی کوردستاندا تووشی چەندین گرفت دەبینەوە، هەم وەک زاراوە، هەمیش وەک سنووری باشووری هەرێمەکە، ئەویش بەهۆی جیاوازی ڕاوبۆچوونی توێژەرانی کورد و نەتەوەکانی تر؛ چونکە ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ بارودۆخی دابەشکراوی کوردستان و دانپێدانەنان پێی، لەبەرئەوە بەکارهێنانی زاراوەی هەرێمی کوردستان یان باشووری کوردستان زیاتر ڕەهەندێکی سیاسی وەرگرتووە تاوەکوو ڕەهەندێکی جوگرافی. سەبارەت بە ڕای ڕۆژهەڵاتناسان و توێژەرە بیانییەکان، پێدەچێت یەکەم کەس کە ئەو زاراوەی بەکارهێنابێت (**کلودیوس جەیمس ریچ**) بێت، کە موقیمی بەریتانیا بووە لە بەغدا، لە ماوەی ساڵانی (١٨٠٨-١٨٢١)دا، ناوبراو لە گەشتێکی بۆ ویلایەتی موسڵ لە هێماکردنیدا بۆ ئەو ناوچەیە، زاراوەی (**خواروی کوردستان**- Lower Kurdistan)ی بەکارهێناوە، ئیدی پاش ئەوە (**باشووری کوردستان**) وەک زاراوەیەک لە نووسینی زۆرێک لەو ئینگلیزانەی لە ماوەی سییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا سەردانی ناوچەکەیان کردووە دەردەکەوێت[1].

هەرچی سەبارەت بە سنووری باشووری هەرێمی کوردستانە، توێژەری روسی (**سی. جی. ئەدمۆندس**)، وتویەتی "سنووری باشوور بەدرێژایی دامێنی چیاکانە تا لێواری ڕوباری دیجلە، پاشان هاوتەریب لەگەڵ ڕێڕەوی ڕوبارەکەدا دادەکشێ و زۆریش لێی دوور ناکەوێتەوە تا دەگاتە چیای حەمرین و لەوێوە بەرەو خاڵێکی سنووری عێراق- ئێران تا نزیک شارۆچکەی مەندەلی دەکشێ"، لەکاتێکدا، بە بۆچوونی (ب. **م. لیخۆتین**) گەڕیدەی روسی، سنووری باشوور بەتەنیشت دەشتی نیشتەنی هەردوو ڕووباری دیجلە و فوڕاتە تێدەپەڕێت. لەو سەروبەندەشدا (**دەبلیو ئار های**) حاکمی سیاسی هەولێر لە ماوەی (١٩١٨- ١٩٢٠)، ڕای وایە، بەگشتی هەموو زەوییەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە و باکووری خەتی نێوان مەندەلی و ڕێژگەی زێی بچووک نیشتمانی کوردی باشوور پێکدێنن و لەم ڕووەوە گرنگترین دوو مەڵبەندی خوارووی زێی بچووک کەرکوک و سلێمانین[2]. هاوکات (**ڤ. ڤ مینۆرسکی**) ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی لە دیاریکردنی سنووری نیشتمانی کورداندا، سنووری خوارووی ئەم نیشتمانە بەوە دیاریدەکات کە ئەگاتە کۆتایی دەشتەکانی نێوان هەردوو ڕوباری دیجلە و فوڕات[3]. هەروەها (**باسیلی نیکیتین**) سەفیری پێشووی ڕوسیا لە ئێران لە کتێبەکەیدا بەناوی (الکرد) ساغی کردۆتەوە کە کورد لەسەر ئەو خاکە فراوانەدا دەژین، کە لە نزیک شارۆچکەی مەندەلییەوە دەست پێدەکات و بە درێژایی سنووری عێراق- ئێران بەرەو باکوور هەڵدەکشێ و بەرزاییەکانی حەمرین دەکاتە سنوورێکی سروشتی هەرێم. هاروەها کۆمسیۆنی کۆمەڵەی گەلانیش کە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی ویلایەتی موسڵ نێردرابووە عێراق، ئەوەی ساغ کردەوە کە زنجیرە چیاکانی حەمرین سنوورێکی سروشتییە لەنێوان کوردستان و عێراقی عەرەبیدا[4]. هەروەها بەپێی بۆچوونی (**ماجۆر ف. ملنگن**- Major F. Millingin) سنووری کوردستانی

---

[1] خالد مەحمود کەریم، دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە کوردستانی باشوور/ ١٨٦٩-١٩١٤، ئەکادیمییای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، بێ دەزگای چاپ، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ل١٨-٢٠.

[2] وەرگیراوە لە: جەزا تۆفیق تالب، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٢-٢٣.

[3] مینۆرسکی، کورد، و: حمە سعید حمە کەریم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٩٨٤، ل ل٣٢-٣٣.

[4] د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دۆزی کورد لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٩.

عێراق لە باشووری ڕۆژئاوادا زنجیرە چیای حەمرینە، کە دراوسێی دەشتی بەغدا و دەشتی دیجلەیە؛ هەر لەم بەشەشدا کورد تێکەڵاوی لەگەڵ (**تورکمان**[*]) و عەرەبەکان پەیدا کردووە[1]. لەگەڵ بوونی ڕێژەیەکی کەمیش لە (**ئاشووری**[**])یەکان وای کردووە خەڵکی هەرێمی کوردستان هەمەجۆرییەکی ئایینی و ڕەگەزیان پێوە دیار بێت، بەڵام موسڵمانەکان زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانەکەی پێک دەهێنن، مەسیحییەکان و ئێزیدییەکانیش لە زۆر شوێنی هەرێمدا ڕێژەی دیار بەرجەستە دەکەن[2]. هاوکات نووسەری ئێرانی (**ئەمیری حەسەن پور**)یش لەو بڕوایە دایە، کە سنووری باشووری کوردستان لە باشووری خانەقینەوە دەست پێدەکات، بەتەنیشت زنجیرە گردەکانی حەمرینەوە دەڕوات و ڕوو دەکاتە ناوچەکانی باشووری کەرکوک و پردێ و پاشان دەگاتە ناوچەکانی شاری موسڵ و باشووری شەنگال و تا سەر سنووری سوریا[3]. کەواتە، دەکرێ تێبینی ئەوە بکرێت ئەوەی توێژەرە بیانییەکان لەسەری کۆکن، ئەوەیە کە سنووری باشوور و باشووری ڕۆژئاوای باشووری کوردستان لە مەندەلییەوە دەست پێدەکات و بەرەو باکوور بۆ بەرزاییەکانی حەمرین کە سنووری سروشتی باشووری کوردستان پێکدێنن و بەرەو شەنگال هەڵدەکشێ تا سنووری سوریا.

هەرچی توێژەرە ئەکادیمییە عەرەبەکانیشن ناکۆکییەکی ئەوتۆیان لەسەر دانانی بەرزاییەکانی حەمرین بە سنووری باشووری هەرێمی کوردستان نییە، لەوانە: (**د. شاکر خصباک**) لە میانەی دیاریکردنی سنووری کوردستانی گەورەدا نووسیویەتی، کە "کوردستان لە مەندەلییەوە دەست پێدەکا و بە ڕۆژئاوای خانەقیندا تا گردەکانی حەمرین و تا زنجیرەی یەکەمی چیاکانی شێخان دەڕوا، لەوێوە بەرەو باکوری ڕۆژئاوا وەردەچەرخێ، بە درێژایی گردەکان دەڕوا تا دەگاتە فیشخابور لەسەر ڕوباری دیجلە و لە ڕۆژئاوادا بەرەو چیای شەنگال تا لە نزیک جرابلس لەسەر ڕوباری فورات کۆتایی دێ". و لە بارەی کوردستانی عێراقیش دەڵێ: " لە چوار لیواکەی موسڵ، هەولێر، سلێمانی و کەرکوک پێکدێ و لە لیوای دیالە هەردوو ناوچەی خانەقین و مەندەلی دەگرێتەوە". هاوکات (**د. ئیراهیم شەریف**)یش دەڵێت: " پشتێنە سەربازییە تورکییەکان، کە تورکە عوسمانییەکان دروستیان کردون، ناوچە عەرەب نشینەکان لە ناوچە کورد نشینەکان جیا دەکاتەوە؛ ئەم پشتێنەیەش لە ناوچەی مەندەلییەوە دەست پێدەکا و بە خانەقین، قزلْبات، قەرەتەپە، کفری، دوز، کەرکوک، پردێ، هەولێر و موسڵ دا تێدەپەڕێت تا دەگاتە تەلەعفەر"[4].

بەڵام ڕای نووسەر و توێژەر و سیاسییە کوردەکان لەو بارەوە تارادەیەک جیاوازییەکی هەیە، لەوانە: (**عەلادین سەجادی**) لە ڕەوتی باسکردنی سنووری کوردستانی گەورەدا، پێیوایە باشووری کوردستان لە

---

[*] (**تورکمان**)، تورکمانەکان بە ڕەچەڵەک دەگەڕێنەوە سەر ئەو خێڵە تورکمانانەی کە بۆ یەکەمین جار لە ناوەڕاستی سەدەی ١١ی زایینیدا لەگەڵ شەپۆلی هاتنی سەلجوقییەکان بۆ ئێران و عێراق هاتنە ناوچەکەمان، بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧) ژمارەی تورکمانەکان لە هەرێمی کوردستان نزیکەی ٣.٧%ی کۆی دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە. بەم پێیەش ئەگەر ئێستا ژمارەی دانیشتوانی هەرێم ٥ ملیۆن کەس بێت، ئەوا پێدەچێت ژمارەی تورکمانەکان لە هەرێم ٤٠٠ بۆ ٤٥٠ هەزار کەس بێت. بڕوانە: (یوسف گۆران، کورد و تورکمان: تێڕوانینێک بۆ میکانیزمەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١١، ل ل٢٥، ٥٧-٥٨).

[1] جەزا تۆفیق تالب، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

[**] (**ئاشوری**)، گەلی ئاشووری خاوەنی دەوڵەتی تایبەتی خۆی نەبووە، ئەم گەلە هەمیشە لەژێر باری چەوسانەوەی ئایینی و کۆمەڵایەتیدا بووە، چەندین جار کەوتۆتە بەر کوشتاری بەکۆمەڵ. لەبەرئەوە نە خۆیان توانیویانە مێژووی خۆیان بە شێوەیەکی زانستی بنووسنەوە، نە دەزگا زانستییەکانی هیچ دەوڵەتێکیش گرنگی ئەوتۆیان پێداون. ئەمەش وای کردووە ڕەچەڵەک و مێژوویان جێگەی مشتومڕ و ڕای جیاواز بێت. هەندێک پێیانوایە، ئاشورییەکان نەوەی کلدانییەکانی خاکی میزۆپۆتامیان، لە سەردەمێکی زوودا پاش تەنگ پێهەڵچنینیان ناوچەکانی خوارووی عێراقی ئێستایان جێهێشتووە و بۆ مەڵبەندە شاخاوییەکانی کوردستان هەڵکشاون، هەندێکی تر ئاشورییەکان بە پاشماوەی ئەو مەسیحییانە دائەنێن کە دوای هێرشی مەغۆل لە کوشتنی بەکۆمەڵ ڕزگاریانبوو و لە دەشتەکانی موسڵەوە ڕوویان کردۆتە شاخەکانی لەلای هەکاری و ورمێ. هەندێکی دیکە ڕەچەڵەکییان دەبەنەوە سەر کورد، بەڵام پاش ئەوەی ئەوان چوونەتە سەر دینی مەسیحی بە تێپەڕبوونی کات جیاوازیان لەگەڵ کورد قوڵ بۆتەوە. بڕوانە: (نەوشیروان مستەفا ئەمین، کورد و عەجەم: مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، بێ دەزگای چاپ، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ل٣١٠-٣١١).

[2] د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

[3] هەمان سەرچاوە، ل٢٠.

[4] وەرگیراوە لە: جەزا تۆفیق تالب، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٤-٢٥.

لیواکانی سلێمانی، کەرکوک، هەولێر و موسڵ لەگەڵ قەزاکانی خانەقین، مەندەلی و بەدرە پێکدێ. لەکاتێکدا لە دیدی (**محەمەد مەردۆخی**)، ناوچە کوردنشینەکان بریتین لە: ناوچەکانی هەردوو لیوای سلێمانی و هەولێر، ناوچەکانی ئامێدی، ئاکرێ، شەنگال، شێخان، زاخۆ، دهۆک، بالیان، هیزل، ئادیابین لە لیوای موسڵ، ناوچەکانی ئەبوسەبرە، خانەقین، شارەبان، قەزانیان، قۆرەتو، مەندەلی لە لیوای دیالە، ناوچەکانی داقوق، ئاڵتو کۆپری، کەرکوک، دوزخورماتوو، کفری، قەرەحەسەن لە لیوای کەرکوک[1]. هاوکات (**جەلال تاڵەبانی**) لە کتێبی (**كردستان والحركة القومية الكردية**)، کە لە ساڵی (١٩٧١) بڵاوکرایەوە، باوەڕی وایە کە سنووری باشووری کوردستان لە مەندەلییەوە دەست پێدەکات، بەتەنیشت چیای حەمرین دا دەڕوات و درێژدەبێتەوە بۆ سەر دیجلە، لەو ناوچەیەشدا دەکرێ هێڵێکی ڕاست بەرەو لیوای ئەسکەندەرۆنییە دیاری بکرێت[2]. کەواتە، لەوەی تا ئێستا لەژێر ڕۆشنایی بیروڕای جیاوازی توێژەرە بیانی و ئەکادیمیستە عەرەبەکان و نووسەر و سیاسییە کوردەکان باسکرا، دەکرێت سەبارەت بە سنووری باشوور و باشووری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان بگەین بە خاڵێکی هاوبەش، ئەویش ئەوەیە کە زنجیرە چیاکانی حەمرین سنووری جیاکەرەوەی نێوان باشووری کوردستان و عێراق پێکدێنن.

لە ڕووی سیاسیشەوە، لە سەرەتادا پاش ئەوەی بەریتانییەکان ویلایەتی موسڵیان لە (٣/ ١١/ ١٩١٨)دا داگیرکرد، کۆڕ و کۆمەڵە ناسیۆنالیستەکانی کورد لە تاراوگە و سەرکردە خۆجێیەکان لە کوردستان، ئەم داگیرکردنەیان بە دەرفەتێکی زێڕین دەزانی بۆ پێداگرتن لەسەر داخوازی مافە نەتەوەیەکانی کورد، لەلایەکی ترەوە ئاڕاستەیەک لەلایەن بەریتانیاوە خواستی دانان بە سەربەخۆیی و خۆسەری کورد هەبوو؛ لەو سەروبەندەدا (**مێجەر نوێڵ**) نوێنەری (**ئارنۆڵد ویڵسن**)ی حاکمی گشتی عێراق لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لە شاری سلێمانی لە (١٧/ ١١/ ١٩١٨)، فەرمانی دامەزراندنی (**شێخ مەحموود**)ی وەک فەرمانڕانی کوردستان ڕاگەیاند[3]. ئەم حوکم دارییە وەک بەشێک لە ئامادەسازی دامەزراندنی مەملەکەتی کوردستان بوو، کە بە پێوانەی ئەو سەردەمە سیستمێکی ڕەوا و هاوسەردەم بوو، بەوەی ئەنجومەنێکی وەزیران لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیادا، کوردستان و هەموو ئەرکەکانی بەڕێوەبردنی گشتی وڵات و پەیوەندییەکانی دەرەوەی لە ئەستۆ دابوو[4]. بەڵام بەهۆی بوونی خەونی سەربەخۆیی **شێخ** و بێ متمانەیی بە بەریتانییەکان، خۆی وەک مەلیکی کوردستان ڕاگەیاند و دژی حوکمی بەریتانییەکان وەستایەوە، و بە نهێنی پەیوەندی بە تورکەکانەوە کرد. بەمەش بەریتانییەکان لە ترسی ئەوەی حکومەتی بەغدا تووشی هەرەسهێنان بێت، بەهێزی ئاسمانی پێگەی **شێخ**یان بۆردومان کرد و ئەو ڕاپەڕینانەی لە بیست و سییەکانی سەدەی بیستەمدا سەریان هەڵدا بە هەماهەنگی حکومەتی عێراق دامرکاندەوە؛ و سەرەڕای ڕازی نەبوونی کوردەکان، ویلایەتی موسڵیان بە عێراقەوە لکاند، چونکە پێیانوابوو ناوچە کوردییەکان هەم بە زەنگینی نەوت، و هەمیش بەهۆی بە پیتی خاکەکەی، تەنیا ڕێگەیە بۆ ئەوەی عێراق سەرپێ بکەوێ[5].

دوای ئەوە باشووری کوردستان بوو بە خاوەنی چەندان جوڵانەوەی سیاسی، کە تێدەکۆشا لەپێناو مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، ئەم جوڵانەوەیەش خۆی دەبینییەوە لە چەندین لایەنی سیاسی کوردستانی، لەوانە: کۆمەڵەی دارکەر (١٩٣٧)، کۆمەڵەی برایەتی (١٩٣٨)، حزبی هیوا (١٩٣٩)، پارتی ڕێگای ڕاست و پارتی ڕزگاری کورد (**چەپ**) و پارتی کۆمەنیستی کوردستانی و کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (١٩٤٢)، لە ساڵی (١٩٤٦)یش زۆربەی هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بە چەپ و ڕاست (**پارتی دیموکراتی کورد**)یان دورست کرد، کە لە ساڵی (١٩٦٣)دا ڕابەرایەتی شۆڕشی ئەیلولی دەکرد، و دروشمی ڕزگاری نیشتمانی هەڵگرتبوو[6]. بەڵام لە ساڵی (١٩٧٥) ئەم شۆڕشە تووشی نسکۆ بوو، بەڵام لە حوزەیرانی (١٩٧٦)دا، شۆڕشی چەکداری بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەری هەڵدا و سەرکردەکانی پارتی دیموراتی کوردستانیش خۆیان ریکخستەوە. لەبەرئەوە هەر لە دروستکردنی عێراق

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ل٢٦-٢٧.
[2] جلال الطالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، ط٢، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت- لبنان، ١٩٧١، ص٣٨.
[3] ئاسۆ کەریم، ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی باشووری کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، بێ ساڵی چاپ، ل٦.
[4] عبدالرحمن کریم درویش، سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (٤)، دەزگای کەوانە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، تشرینی یەکەمی ٢٠١١، ل٣٦.
[5] مایکڵ گەنتەر، فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاک، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٣١.
[6] عبدالرحمن کریم درویش، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

لەلایەن بەریتانیاوە لە ساڵی (١٩٢١) بە نزیکەی بەردەوام باشووری کوردستان لە باری شۆڕشدا بوو لەپێناوی مافی چارەی خۆنووسین و ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیدا، بەڵام ئەم تێکۆشانەیان لەلایەن ڕژێم و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بە ئاگر و ئاسن و چەکی مۆدێرن بەرپەرچدەدرایەوە، تاوەکو لە ئاداری (١٩٩١) کوردەکان ڕاپەڕینی سەرتاسەرییان ئەنجامدا و زۆربەی شارەکانیان ڕزگارکرد، دواجار کۆڕە ملیۆنییەکەی کورد بەرەو ناوچە شاخاویەکان و سنوورەکان، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ناچار کرد ناوچەی دژەفڕین دابمەزرێنێ، کە بوو بە چرۆی حکومەتێکی دیفاکتۆی کورد لەهەرێمی کوردستان- عێراق[1]. کەواتە، لێرەدا دەردەکەوێت، کە باشووری کوردستان هەر لە دروستکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی جێگیر و دانپێدانراو نەبووە تاوەکو ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١)، کە ئێمە لە باسی دەووەم لە پەیوەست بە ڕاپەڕین و ئامانجەکانی و قۆناغەکانی دواتری بەدرێژی لەسەر ئەو بابەتە دەوستین. ئەوەی تا ئێرا باسکرا تەنیا بۆ ناساندنی هەرێمی کوردستان بوو وەک کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان. لێرەدا پرسیاری ئەوە سەرهەڵدەدات ئایا سروشتی ئازادی سیاسی لەو زەمەنەدا، واتە تا بەر لە ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) چۆن بووە؟ لەبەرئەوە لقی دووەم بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە تەرخان دەکەین.

## لقی دووەم: سروشتی چەمکی ئازادی سیاسی لە باشووری کوردستان پێش ڕاپەڕینی (١٩٩١)

مەبەستی ئێمە لێرەدا بەتایبەت قسەکردن نییە لەسەر سیستەمی سیاسی یاخود سەرجەم ڕەهەند و فۆرمەکانی ئازادی (**ئازادی ئیرادە، ئازادی هزر** یان **بیرکردنەوە، ئازادی بیروڕا** یان **ئایین** و ...هتد)، بەڵکو قسەکردنە لەسەر سروشتی ئازادی بەو واتا سیاسییەی کە **ئارێنت** وێنای کردووە لە باشووری کوردستاندا بەر لە ڕاپەڕینی (١٩٩١)، ئەمەش وا دەکات لە پەیوەندیدا بین لەگەڵ بەشداریکردنی هاوڵاتیانی باشووری کوردستان لە پانتایی گشتی و بەشداریکردن لە کاروباری گشتی و چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات لە چوارچێوەی ژینگەی سیاسی و ئەو سیستم و ڕێکخستنە سیاسییەی تێیدا ژیاون. لەبەرئەوە لەوانەیە وێناکردنی سروشتی ئازادی لەو سەردەمەدا ئاستەنگ و ناڕوونی و ئاڵۆزییەکی زۆرمان ڕووبەڕوو بکاتەوە، چونکە وەک لە لقی یەکەم ئاماژەمان پێدا، هاوڵاتی و خەڵکی باشووری کوردستان لەو سەردەمەدا هەم لەژێر بارێکی داگیرکاری ئیمپریالیزمدا بوو. هەمیش کورد بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق لە ژێر ستەمی دەوڵەتی ناوەندیدا چەوساوەتەوە و بەشداری سیاسی لە سیستەمی سیاسی عێراقدا یان نەبووە یاخود شێوەیەکی شکڵی بووە و ماف و ئازادییەکانی پێشێلکراوە[2].

هەرچۆنێک بێت، لەم گۆشەنیگایەوە دەکرێت درک بەوە بکەین، کە پێش ڕاپەڕین سروشتی چەمکی ئازادی سیاسی لە بەرئەنجامی بەرەنگاری و خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی لەدایکبوو، لەبەرئەوە ڕزگاربوون لە چەپۆکی ستەمی دیکتاتۆریەت و چەوساندنەوەی نەتەوەیی یەکەم داخوازی ئازادی سیاسی بوو[3]. دەستەواژەی "خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی" دەستەواژەیەکی نوێیە لە هزری سیاسی کوردی و هزری سیاسی ئەو ناوچەیەدا کە ئێمە تێیدا دەژین، خەباتکردن بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی نەتەوە وەک یەکەی سیاسی سەرەکی جۆرێکی تازەی پراکتیکی مێژووییە، کە تەمەنێکی هێندە درێژی نییە لە ناوچەکەدا؛ بەڵکو وێناکردنی نەتەوە وەک چوارچێوەی سەرەکی شوناس و خەباتی نەتەوەیی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هاتنە ناوەوەی کۆلۆنیالیزم، کە لەگەڵ خۆیاندا، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا مۆدێلی سیاسی دەوڵەتی نەتەوەیان هێنایە کایەوە. بەمەش ئەو بزوتنەوە ناسیۆنالیستانەی لە تەمەنی چرۆکردندا بوون، لە نموونەی ناسیۆنالیزمی تورکی، ئێرانی، عەرەبی، ئەرمەنی، جولەکە (**زایۆنیزم**) و کوردی لە فۆرمێکی کولتورییەوە

---

[1] مایکڵ گەنتەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

[2] ئەنوەر صالح، ئۆپۆزسیۆنی کوردستان و مەسەلەی نیشتمانی، گۆڤاری نوێ بوون، ژمارە (٧)، مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٩، ل٥.

[3] کۆمەڵێک نووسەر، پاڵپشتییەک بۆ ئازادی لە هەرێمی کوردستاندا، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسی بە هاوکاری هەردوو ڕێکخراوی (NPA) نەرویجی و (PDA) چاپکراوە، چاپخانەی شڤان، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١١، ل٩٨.

وەرگۆڕان بۆ بزوتنەوەی سیاسی، واتە واتایەکی سیاسییان بە بوونی کولتوری خۆیان بەخشی و شوناسە کولتورییەکەیان بەتوندی وەک پێویستی بوونی شوناسێکی سیاسی سەربەخۆ گرێ دایەوە، پاشان وردە وردە بوون بە بزوتنەوەی جەماوەری، و لەوە دەرچوون بە تەنها بزوتنەوەی ئەم یان ئەو دەستەبژێری خوێندەوار و ئەم یان ئەو گرووپی ئەرەستۆکراتی یان بزوتنەوەی ئەم یان ئەو خێڵ یان فیدڕاسیۆنی چەند خێڵێک بن. ئیدی لێرەوە سێ ئەتنی یان نەتەوە تووشی کارەساتی گەورە بوون، ئەوانیش: ئەرمەنییەکان، کە **(جینۆساید**[*]**)** کران، عەرەبەکانی فەڵەستین لە نیشتمانی خۆیان دەرکران و کوردەکان وەک کەمینە بەسەر چوار دەوڵەت دابەش کران؛ لەو چوارچێوەیەدا کورد لە عێراقدا ڕووبەڕووی سیاسەتی بچووککردنەوە و سنووردارکردنی گەورەی مافی هاوڵاتیبوون وەک میللەتی کورد بۆوە[1].

بەڵام خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد وەک جەوهەری ئازادی هەر لە دروست کردنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١)دا، بە دوو ڕێگەی جیاواز هاتەکایەوە، ئەوانیش: خەبات یان شۆڕشی چەکداری و خەباتی مەدەنین، چونکە بە درێژایی مێژووی ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان تا ڕاپەڕینی (١٩٩١) هەوڵدراوە هەم سوود لە ڕێگەی خەباتی چەکداری، و هەمیش سوود لە ڕێگەی خەباتی مەدەنی وەربگیرێ. واتە بە پشتیوانی بەرگری و بەرنگاربوونەوەی چەکداری ڕەوا تا ئاستی گۆڕینی سیستمی سیاسی و بونیادنانی سیستمێکی سیاسی نوێ، بەشداریکردن لە هەڵبژاردن، خۆپیشاندانی بێچەک و دانوستان بۆ پاشەکشەپێکردن و سنووردانان بۆ پاوانخوازی دەسەڵات و دەستەبەرکردنی ماف و بەشداری سیاسی و کردەی ئازادانە[2]. کەواتە، لێرەوە دەشێت بە دوای ڕەنگدانەوەکانی ڕوانگەی **ئارێنت** لە هەریەک لە شۆڕشی چەکداری و خۆپیشاندان وەک دوو پانتایی دەرکەوتن بۆ کردەی ئازادی بگەڕێین، ئەمە بە لەبەرچاو گرتنی ڕەتکردنەوەی توندوتیژی لە شۆرشدا لەلایەن **ئارێنت**ەوە. ئەوەی هەر لە سەرەتای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە جوڵانەوەی سیاسی لە باشووری کوردستان بەرەوە خەباتی چەکداری و شۆڕش و ڕاپەڕین پەلکێش کرد، وەک ئەکادیمیست و مێژوونووسی هاوچەرخ **(د. حامید محمود عیسا**[**]**)** کە لە لێتوێژینەوەکەی بەناوی **(کێشەی کورد لە عێراق)** باسی دەکات ئەوەیە؛ کە مخابن هێزەکانی بەریتانیا لەگەڵ خۆیاندا بارگە و بنەی ئازادیان بۆ کورد پێنەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئینگلیزەکان لەگەڵ خۆیاندا کۆت و بەندی کۆیلایەتییەکی نوێیان بۆ کورد ڕادەستی خۆیان کرد بوو، بەوەی دەسەڵاتە مەدەنی و سەربازییەکەی بەریتانیا بەیەک ئاست هەر لە سەرەتای پەیوەندیکردنیان بە کوردەوە هەوڵی بەرتەسک کردنەوەی سەربەخۆیی و دەسەڵاتداری کوردیان داوە، و داڕشتنی مافەکانیان سنووردار کردووە و سەرجەم جموجۆڵێکی کوردیان لە پێناوی نەخشە و بەرژەوەندییە گشتییەکانیان ژێردەستە کرد.

---

[*] **(جینۆساید)**، وشەی جینۆساید لە هەردوو وشەی ئینگلیزی (geno) بە واتای نەژاد و (cide) بە واتای کوشتن پێک دێت، بەسەر یەکەوە (genocide) بە واتای کۆستنی نەژادی دێت. کەواتە، جینۆساید بریتییە لە سەندنەوەی مافی گرووپە نەتەوەیی، ئیتنی، نەژادی و ئایینییەکان. **(وینستۆن چەرچل)**ی سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا لە کاتی بینینی کۆمەڵکوژی یەهودییەکان بە دەستی نازییەکان، ئەو ڕوداوەی بە تاوانی لە گوتن نەهاتوو ناوبرد. پاشان ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٩ی کانوونی یەکەمی (١٩٤٤) لە ژێر کاریگەری ڕوداوی هۆڵۆکۆست تاوانی جینۆسایدی وەک تاوانێکی نێونەتەوەیی پێناسە کرد. بەمەش نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو کردانەی بە مەبەستی لەناوبردنی تەواو یان بەشێک لە گروپێکی نەتەوەیی، ئیتنی، نەژادی و ئایینی ئەنجام دەدرێ بە جینۆساید لە قەڵەم دا. بڕوانە: (ڕێبوار مەعروف زادە، داکۆکی دبلۆماسی دژی تاوانی جینۆساید، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (١٣)، دەزگای کەوانە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، تشرینی دووەمی ٢٠١٢، ل ل٢٢-٢٣).

[1] مەریوان وریا قانع، بیرکردنەوە لە سەردەمە تاریکەکاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٦٥-٢٦٧، ٢٦٩-٢٧٠.

[2] حەسەن جودی، پرسی شۆڕش و دژە شۆڕش: پاڕادیگمای ڕەخنە و ڕەخنەدان و دۆخی باشووری کوردستان، بێ دەزگای چاپ، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٧، ل ل٥٩-٦٠.

[**] **(د. حامید مەحمود عیسا)**، ئێستا مامۆستایە لە کۆلێجی پەروەردە لە زانکۆی کەناڵی سویس- لە پور سەعید، یەکێکە لە مێژوونووسە هاوچەرخە پڕ ویژدانەکان، و بە ڕووداوەکانی مێژووی گەلی کورددا شۆڕبۆتەوە و بە نەفەسێکی مرۆڤ دۆستانە قسەی لەسەر مێژوو و کولتوری نەتەوەیەکی ستەم لێکراو و مافخوراوی وەک نەتەوەی کورد کردووە. هۆکارە جیهانی و ناوخۆییەکانی زۆرلێکراوی ئەو نەتەوەیەی جارێکی تر خستۆتەڕوو بێ ئەوەی بیەوێ لە دێرینی پەیدابوون و ژیان و ڕۆڵی مێژوویی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەم بکاتەوە، یان دیدێکی نەتەوە پەرستی شۆڤێنیانە و ناو و ناتۆرە لە سەرکردە و خەبات و تێکۆشانی ئەو نەتەوەیە دیزە بەدەر خۆنە بکات. بڕوانە: (پێشەکی وەرگێڕ: سوارە قەڵادزەیی، لە د. حامید مەحمود عیسا، کێشەی کورد لە عێراق، ب١، و: سوارە قەڵادزەیی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣، ل٩).

لەبەر ئەوە ناکۆکی و پێکدادانی چەکدارانە و ڕاپەڕین هەر لە ساڵی (١٩١٨) لەنێوان هێزەکانی بەریتانیا و خێڵە کوردەکان لە عێراق سەری هەڵدا[1].

لەلایەکی ترەوە وەک هەردوو نووسەری بیانی (**لیام ئەندەرسن**) و (**گاریث ستانسفیلد**) لە یەکێک لە ناوازەترین ئەو کتێبانەی کە تائێستا لەسەر عێراق نووسراوە بە ناوی (**ئایندەی عێراق: دیکتاتۆری، دیموکراسی یان دابەشبوون؟**) باسی لێوە دەکەن، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لکاندنی موسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە بوو لە ساڵی (١٩٢٥)دا، ئەمەش لانی کەم دەکرێ بگوترێ فەرامۆشکردنی ئەو دابەشکارییە ئیتنییە بوو کە لەنێوان ناوەڕاست و باشوور و باکووردا هەبوو، لە پێناو کەمکردنەوەی ژمارەی شیعەکان و ڕاگرتنی هاوسەنگی ئیتنیکی بۆ بەرژەوەندی عەرەبی سوننە، بەوەی باشوور و ناوەڕاست کە عەرەبن نزیکەی ٨٠% پێک دێنن کە لەم ژمارەیەش شیعەکان نزیکەی ٦٠% و سوننەکان تەنها ٢٠% پێک دێنن، کوردەکانیش کە نیشتەجێی باکوورن زیاتر ١٥% دانیشتوان پێک دێنن، لەگەڵ بوونی هەندێک ئیتنیکی بچوکتر لە باکوور لە چەشنی تورکمان و ئاشوورییەکان. لە پراتیکیشدا ئەم بڕیارە ڕەنگدانەوەی چارەنووسسازی لێکەوتەوە، کە لە هەمووی مەترسیدارتر پەراوێزخستنی شیعە و کورد بوو لە دەسەڵات بێ هیچ ئەملاولایەک بەشێوەیەکی ڕەها لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیدا، چونکە ئەمە تەنیا قۆرخکردنی بۆچوونی بەیەکسانی دابەشکردنی دەسەڵات نەبوو، بەڵکو تاکتیکی پەرت بکە و زاڵ بە لە ڕێگەی لایەنگیریکردنی هەندێک سەرۆک خێڵ لەسەر حسابی ئەوانی دی. ئیدی لێرەوە چەقی قورسایی دەسەڵات لەو سەردەمەدا، لە دەستی بەریتانیا و ڕژێمی پاشایەتی و کەمینەیەکی سوننەدا کۆبوەوە، و چیدی ئازادی لە پرۆسەی سیاسیدا، چەسپاندنی چەمکی هاوڵاتیبوون وەک بکەری سیاسی و بەشدار لە کاروباری سیاسی بێ هەلاوێرکردنی نەتەوەیی، ئیتنی، ئایینی و ئایینزایی جێگەی بایەخی کەس نەبوو، بۆ نموونە: زۆربەی کات هەڵبژاردنەکان زۆر باش ئامادەکاری بۆ دەکرا، بەڵام ئەنجامەکانی پێشوەختە بڕیاری لەسەر دەدرا[2].

چونکە بەڕای هەندێک لە توێژەران، ڕەوایی دەسەڵاتی سەردەمی پاشایەتی لە عێراق پشتی بە دوو سیستمی تارادەیەک جیاواز دەبەست لە فەرهەنگی سیاسیدا؛ یەکەمیان، لە داب و نەریتە ئایینییەکانی ئەو کاتە خۆی دەنوێنێت (**خەلیفە لە قوڕیش هەڵدەبژێردرێت**)، کە خەسڵەتی جیاکەرەوەی دەستە و تاقمە شارنشینەکانی عێراقە لە بیستەکانی ئەم سەدەیەدا، دووەمیشیان، پشت بە داب و نەریتی ناسۆنالیزمی دەبەستێت (**خەلیفە لە عەرەب دەبێت**)، کە تایبەتمەندی جیاکەرەوەی هزری دەستە و تاقمە تازەکانە لە توێژی دژە ڕەگەزی عەرەب[3]. کەواتە، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەم واقیعە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە کە **ئارێنت** بانگەشەی بۆ دەکات، بەوەی بنەمای یەکسانی سیاسی پشت بە تایبەتمەندی هاوڵاتیبوونێک دەبەستێت کە تاکەکان لەگەڵ چوونە ناو پانتایی گشتی مومارەسەی ئازادی سیاسییان بکەن و لەگەڵ هاوشێوەکانیاندا پێکەوە حکومەتێکی نوێ دابمەزرێنن کە نوێنەری هەمووان بێت، ڕەواییەکەشی هەر لەوانەوە سەرچاوەی گرتبێت. ئەمەش وەک **ئارێنت** دەڵێ، تەنیا بە دامەزراوە سیاسییە دیموکراسییەکان گەرەنتی دەکرێت؛ کە نابێت شوناسی نەتەوەیی، ئایینزایی و نەژادی پەیوەست بێت بە شوناسی تاک وەک هاوڵاتی لە کۆمەڵگەی سیاسیدا، بەڵکو دەبێت بەشداری سیاسی هاوڵاتیان لەسەر بنەمای مەدەنی بێت، کە دەبێتە مایەی زیاتر یەکگرتوویی هاوڵاتیان. بەڵام کوردەکانی باشووری کوردستان هەرگیز ئامادە نەبوون ئەو فۆرمە لە فەرمانڕانییە ناوەندێتییە قبوڵ بکەن[4].

ئەمەش بە ڕوونی لە پەیمانی نەتەوەیی پارتی دیموکراتی کورد، دوای هاتنەپاڵی هەریەک لە حزبی شۆڕش و ڕزگاری کورد و بەستنی کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی لە (١٦/ ٨/ ١٩٤٦)دا ڕەنگی داوەتەوە، کە تێیدا هاتووە "بە ڕێگەی خەباتی سیاسی و بە ڕێگەی تر تێدەکۆشین بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستانی فیدڕاڵی و دیموکراتی لە عێراقدا، کە پێکدێت لە لیواکانی موسڵ و سلێمانی و هەولێر و کەرکوک و

---

[1] د. حامید مەحمود عیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.
[2] لیام ئەندەرسن و گاریث ستانسفیلد، ئایندەی عێراق: دیکتاتۆری، دیموکراسی یان دابەشبوون؟، و: کامیار خەتاب سابیر و دڵشاد حەمە، چاپخانەی ڕەنج، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٨، ل ل٢٥، ٤٦-٤٧، ٤٩.
[3] فالح عەبدولجەبار، دەوڵەت، کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرچەرخانی دیموکراسی لە عێراقدا، و: ئاوات ئەحمەد، بڵاوکراوەی گۆڤاری مەدەنیەت، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٥٩.
[4] لیام ئەندەرسن و گاریث ستانسفیلد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

خانەقین و دەستوورەکەشی ئەنجوومەنێکی دامەزرێنەر دایئەڕێژێ و لەلایەن گەلی کوردەوە ڕاستەخۆ بە دەنگدانی نهێنی پەسەند ئەکرێت"[1]. لەبەرئەوە لە مێژووی شێواوی دەوڵەتی مۆدێرنی عێراقدا، یەکێک لە نەگۆڕە دەگمەنەکان، سیما و سروشتی بەرگری کوردی بووە دژ بە دەوڵەتی عەرەبی سەنتەر؛ زۆرجاریش ئەم بەرهەڵستکارییە دژی دەسەڵاتی بەغدا خۆی لە ڕاپەڕین و شۆڕشی توندوتیژدا بینیوەتەوە، ئەم خەباتە چەکدارییەش بەوپەڕی دڕندایەتییەوە سەرکوتکراون و تا هاتووشە توندتر سەرکوتکراون[2]. ڕەنگە هەر ئەوەش بێت یەکێکی وەک (**مەریوان وریا قانع**) بڵێت: "ئەو هۆکارە بنەڕەتییەی کوردی بەرەو خەباتی چەکداری بردووە، وەڵامدانەوەی توندوتیژی ئەو فۆرمە لە بنیادی سیاسی **هۆبز**ـیەی دەوڵەت بوو کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە ناوچەکە و عێراقدا دروست بووە و تا ئەمڕۆش بەردەوامە" ئەگەرچی ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی ڕەواییان بەم مۆدێلە **هۆبز**ـیەی دەوڵەت بەخشیوە گۆڕاون، دەستەبژێرە باڵادەست و دەسەڵاتدارەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەڵام بونیادی سیاسی و دەسەڵاتگەری ئەم دەوڵەت هۆبزیە نەگۆڕاوە، پەیوەندیان بە گروپە نەتەوەیی و ئەتنی و ئایینییە جیاوازەکانی ناوییەوە نەگۆڕاوە، چونکە لۆجیکی سیاسی هەمیشە لەژێر لۆجیکی ئاسایشدا کاری کردووە، لەبەرئەوە بەکارهێنانی بێسنووری توندوتیژیش بەشێک بووە لە ئەلفوبای قسەکردنی ئەم دەوڵەتانە لەگەڵ گروپە نارازییەکاندا"[3].

ئیدی لێرەوە خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد وەک هێمایەک بۆ ئازادی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، هەوڵێکە بەدوای دانپێدانانی سیاسیدا دەگەڕێت، بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت وەک بکەرێکی نەتەوەیی و ئەتنی تایبەت، وەک هەڵگری شوناسێکی جیاواز لە شوناسی سەپێنراو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لەبەرئەوە پەنابردنی کورد بۆ خەباتی چەکداری لە حەزی میللەتی ئێمەوە بۆ توندوتیژی نەهاتووە، یان لەوەوە نەهاتووە کورد کۆمەڵێک خێڵن فێرە جەنگن و لەناوخۆشیاندا لەگەڵ یەکتریدا لە شەڕدان، یاخود لە حەزی ئەوانەوە بۆ جەنگ لەگەڵ دونیای دەرەوەیاندا. کەوا بوو پەنابردن بۆ خەباتی چەکداری شتێک نییە پەیوەندی بە ئەقڵیەت یان سایکۆلۆجیای تایبەتی کوردەوە هەبێت، بەڵکو لە هەوڵێکی سەرسەختانە و خوێناوییەوە هاتووە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو غەدرە مێژووییەی بەرهەمی جەنگی جیهانی یەکەمە، لە هەوڵی ڕزگاربوون لەو فشار و هەڕەشە و مەترسییانەی لەسەری دروست کراوە، واتە هەڕەشەی سەربازی و ترساندن و بێدەنگکردن و توندوتیژی و دەست خستنە ناو ژیانی خەڵکی، کە لە خۆدی خۆیدا بەرهەمی کوشتن و لەناوبردنی لۆجیکی سیاسەت و جێگرتنەوەی بە لۆجیکی ئاسایشە[4].

ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەمان ئەو دیدەی **ئارێنت**ە، کە لە لێتوێژینەوەکەیدا بۆ چەمکی ئازادی سیاسی تێدا ڕەخنە لە **هۆبز** و **سپینۆزا** دەگرێت، بەوەی دانانی ئاسایش لە جێگەی ئازادی سیاسیدا، دانانی ئازادییە بەو چالاکیانەی کە لە دەرەوەی سیاسەت ڕوودەدەن. بەڵام لەپاڵ ئەو هۆکارە بنەڕەتییەش، دەکرێت باس لە چەند هۆکارێکی لاوەکی بکەین کە ڕۆڵی بینیوە لەهاندانی کورد بەرەو خەباتی چەکداری؛ ئەویش: یەکەمیان، ڕۆڵی ئەو ئایدیۆلۆجیایانەیە کە لە ناوچەکەدا باڵادەست بوون، بەتایبەتی ئایدیۆجیای مارکسی و ماوی، بەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بۆچوونەکانی **مارکس** و **ئەنگلس** و **لینین** کاریگەری دیاری بەسەر جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد جێهێشتووە[5]. بۆ نموونە هەموو گەنجێکی ساڵانی پەنجا و شەست و هەفتاکان ئەو بۆچوونەی **ماوی** دەناسی کە دەڵێت: "ئازادی لە لولەی تفەنگدایە" یان ئەو گووتە بەناوبانگەی **لینین** کە دەڵێت: "بۆ ئەوەی هێلکەوڕۆن دروست بکەیت، دەبێت سەرەتا هێلکەکان بشکێنیت" هۆکارێکی تری لاوەکی پەنابردن بۆ توندوتیژی لە هەستکردن بە نائومێدییەوە دێت، نائومێد بوون لە دنیا و لە چاوەڕوانکردنی گۆڕانکاری و نائومێدبوون لە دانبەخۆداگرتن و هیچنەکردن[6]. بەڵام گیانی ئازایەتییە ڕەسەنەکەی، توانا و بەرگری و باوەڕ بەخۆبوون، یان هەستی کۆڵنەدان بەرەو ئازادی، ئەمانە لە بنەماکانی کۆڵنەدانی گەلی کورد بوون لە هەڵشاخینەوەیاندا بەڕووی ستەمکارەکاندا، و ڕەتکردنەوە و پێداگری

---

[1] وەرگیراوە: هیوا عەزیز سەعید، ڕەنگدانەوەی بیری لیبراڵی لە باشووری کوردستان (١٩٠٠- ١٩٥٨)، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٨٩.

[2] لیام ئەندەرسن و گاریث ستانسفیلد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

[3] مەریوان وریا قانع، بیرکردنەوە لە سەردەمە تاریکەکاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٠.

[4] هەمان سەرچاوە، ل ل٢٧٠-٢٧٣.

[5] سەمەد زەنگەنە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٢.

[6] وەرگیراوە لە: مەریوان وریا قانع، بیرکردنەوە لە سەردەمە تاریکەکاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٧٥-٢٧٦.

نەرێنــی دەســەڵاتدارە داگیرکارەکــانی باشــووری کوردســتان، کە بەردەوام مــافی چــارەی خۆنووســین و سەربەخۆیی خاکی کوردستان و ئازادی گەلی کوردیان بە ئاگر و ئاسن وەڵام دەدایەوە[1]. لەو پێناوەشدا هەر لە بیستەکانەوە تا ڕاپەڕینی (١٩٩١)، گەلی کوردستان لە عێراقدا چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینی بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادی سیاسی ئەنجامداوە، لە نموونەی ئەو شۆڕشانەش: شۆڕشەکانی شیخ مەحمود لە ساڵانی بیستەکاندا، شۆڕشەکانی بارزان (١٩٤٣- ١٩٤٥)، شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١- ١٩٧٥)، شۆڕشی نوێ (١٩٧٦- ١٩٩١)، ڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١)[2]. کە لە باسی داهاتوودا تەوەرەیەک تەرخان دەکەین بۆ ڕاپەڕینی (١٩٩١) و ئامانجەکانی بەپێی ڕەنگدانەوەکانی ڕوانگەی **ئارێنت**.

بەگشتی زۆربەی شۆڕشەکانی کورد بۆ نان و بژێوی نەبووە، بەڵکو بەشی زۆری شۆڕشەکانی کورد پانتایەک بوون لە پانتایی دەرکەوتن و ئامانجیشیان ڕزگاری و دامەزراندنی ئازادی بووە لە ڕێی بونیادنانی دامەزراوەی سیاسیدا، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە، کە بەشیک لە پێکدانی چەکداری کوردەکان لەگەڵ سوپای دەوڵەتی عێراق گرێدراوی نان و بژیوی نەبووە، بۆ نموونە: لە سەرەتادا شۆڕشی ئەیلولی (١٩٦١)، شۆڕشێکی سیاسی نەبوو، بەڵکو بەهۆی نارەزایەتی دەرەبەگ و جوتیاران دژ بە یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵ و یاسای باجی زەوی بوو، بۆیە دەبینین کاتیک لیژنەیەکی دەرەبەگەکان بۆ ئەو مەبەستە سەردانی (**مەلا مستەفا بارزانی**) دەکات، ئەوا **بارزانی** هۆشداریان ئەوەیان پێدەدات، بڕیاری شەر دژ بە حکومەتی عێراق نەدەن، بەڵام لە ٦ی ئەیلولی (١٩٦١) مانگرتنی گشتی لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان ڕاگەیەندرا. هەر لەو سەروبەندەشدا لە دەربەندیخان و بازیان و دوکان پێکدادانی چەکداری لەنێوان چەکدارانی عەشیرەتەکان و سوپای عێراق ڕویدا، کە تێیدا سوپای عێراق پەلاماری چەند ناوچەیەکی دا لەنێوان هاوینی (١٩٦١) تاوەکو ٨ی شوباتی (١٩٦٣)، بەڵام پەلاماری بارزانی نەدا، بەڵکو لەو ماوەیەدا بارزانییەکان توانیان نەیارە عەشیرەتەکانی خۆیان لەناوبەرن، بەتایبەت لە سنووری نێوان زاخۆ و هەولێر، بۆیە تا ساڵی (١٩٦٣) هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان یەکلاکەرەوە نەبووە، چونکە هەستی نەتەوەیی و ئامانجی ڕزگاربوون و ئازادی تێکەڵاو بە بەرژەوەندی ئەو دەرەبەگانە کرا[3]. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕوانگەی **ئارێنت**ە سەبارەت بە شۆڕش، بەوەی دەکرێت شۆڕش هەم دەرگیری شروشت و پێداویستییە شروشتی و ئابوورییەکان بێت، کە بەمەش شۆڕش ئاکامێکی باشی نابێت، و خەبات تێیدا بۆ ئازادی نەگێتیڤ دەبێت، هەمیش شۆڕش ئامانجی ئازادی سیاسی بێت.

هەرچی سەبارەت بە خەباتی مەدەنییە، لە پاڵ شۆڕشی چەکداری و یاخیبوونەوە لە قۆناغی بەر لە ڕاپەڕین، ئەوە ئەگەر مەودایەکی سیاسی هەبووبێت بۆ کورد، بێگومان هەوڵی داوە بەشداری کردەی سیاسی خۆی بە شێوەیەکی ئاسایی ئەنجام بدات و گوزارشت لە ئازادی سیاسی خۆی بکات، جا هەر لە ڕێگەی بەشداریکردن یان ڕەتکردنەوە لە دەنگدان و خۆ کاندیدکردن لە ئەنجومەنی نوێنەران و وەرگرتنی پۆستە سیاسی و بەڕێوەبەرایەتیەکانەوە بگرە تا دروستکردنی حزب و ڕێکخراوەکان وەک لە لقی یەکەم ئاماژەمان پێدا، و سازدانی چەندین خۆپیشاندان لە شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان بەدرێژایی ئەو قۆناغە کە زۆربەیان بە توندوتیژی وەڵامدرانەوە، لە پاڵ ئەمەشدا هەردەم کورد لە ڕێگە نوێنەرەکان و پارتە سیاسییەکانی خوازیاری دانوستان و گفتوگۆ بووە لەگەڵ حکومەتە یەک لەدوای یەکانی عێراق لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی بە ڕێگەیەکی ئاشتیانە[4]. ئیمە لێرەدا چەند نموونەیەک وەردەگرین، لەوانە: یەکەمیان، ئەو ڕاپرسییە ساختەیەیە کە بۆ هەڵبژاردنی (**فەیسەڵی کوڕی حسێن**) ئەنجامدرا، و تێیدا بانگەشەی ئەوە کرا کە ٩٦%ی گەلی عێراق بە پاشای نوێ ڕازین، ئەنجومەنی وەزیرانیش بڕیارێکی دەرکرد و تێیدا **فەیسەڵی** بە پاشای عێراق ڕاگەیاند و لە ٢٣ی ئابی (١٩٢١) لە ئاهنگێکی فەرمیدا تاجی

---

[1] د. حامید مەحمود عیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٢-١٣.

[2] خەلیل عەبدوڵا، مافی چارەنووس وەک تیۆری و شێوەکانی بەدەستهێنان و جێبەجێکردنی، گۆڤاری کولتور، ژمارە (٢)، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، کانونی یەکەمی ٢٠١٠، ل٩٧.

[3] د. حامید مەحمود عیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤٤٧-٤٤٩.

[4] ڕێکەوت ئیسماعیل، بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (٤)، دەزگای کەوانە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، تشرینی یەکەمی ٢٠١١، ل١٧.

پاشایەتی لەسەر نرا[1]. بەڵام کورد بە شێوەیەکی گشتی ڕازینەبوو لەسەر کاندیدکردنی **فەیسەڵ**، لەبەرئەوە زۆرینەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە ڕاپرسییە گشتییەکەدا دژ بە هەڵبژاردن و دانانی **فەیسەڵ** وەستانەوە، ئەمەش لە بەڵگەنامە عێراقی و بەریتانییە فەرمییەکان دووپات کراوەتەوە؛ کە زۆربەی زۆری کوردەکانی دانیشتووی کەرکوک دژ بە هەڵبژاردنی **فەیسەڵ** وەستانەوە، و لەناو خودی شاری کەرکوک پێکەوە کۆبوونەوە و کەوتنە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەی ئازادانە و هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاند، و داخوازی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردییان دەکرد. هەروەها دانیشتوانی سلێمانی بەشدارینەکردنیان لە ڕاپرسییەکە ڕاگەیاند و بە شێوەیەکی سەرانسەری ڕەتیانکردەوە و کۆدەنگییەکی بەرفراوانیان پێکهێنا بۆ داواکردنی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی کوردی سەربەخۆ[2]. ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەمان ئەو بۆچوونەی **ئارێنتە**، بەوەی ئازادی سیاسی لە میانەی کۆبوونەوە و ئاڵوگۆڕی ڕاوبۆچوونی جیاواز و گەیشتن بە کۆدەنگی لەسەر پرسیکی گشتی دێتەبوون.

دووەمیان، خۆپیشاندانی ٦ی ئەیلولی (١٩٣٠) بەردەرکی سەرای سلێمانییە. لەڕاستیدا، گەلێ هۆکار لە پشتی ئەو خۆپیشاندانەوە بوون، یەکێک لەوانە، پەیماننامەی عێراق- بەریتانیای ٣ی حوزەیرانی (١٩٣٠) بوو کە هیچ بەندێکی تایبەت بە کورد و دۆزی کوردی تێدا نەبوو. هۆکارێکی تر ئەوەبوو، لەو سەردەمەدا لە ناوچە کوردییەکاندا لە کۆی (٧٣١) فەرمانبەر تەنیا (٣٢٤)یان کورد بوون، ئەوانی دی عەرەب و تورک و ئاسووری بوون، لەبەرامبەر ئەمەشدا چەندین جار نوێنەرانی کورد یاداشتیان بۆ حکومەتی عێراق و نوێنەری باڵای بەریتانیا بەرزکردەوە، بەڵام هەموو داواکارییەکان پشتگوێ خران، ئەمەش نارەزایەتی توندی لەلای کورد دروستکرد. هەروەها خراپی بارودۆخی ئابووری و ڕەوشی کشتوکاڵ لە ناوچە کوردییەکان هۆکارێکی تر بوو[3]. ئەمە وێرای ئەوەی کاتێک نوێنەرانی کورد لەژێر کاریگەری نارەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستاندا یاداشتێکیان بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و وەزارەتە پەیوەندارەکان سەبارەت بە باشترکردنی دۆخی خوێندن و بواری بەڕێوەبردن بەرزکردەوە، بەتایبەت کە لەناو نوێنەرە کوردەکاندا (**ڕەمزی فتاح**) و (**تۆفیق وەهبی مەعروف**) موتەسەریفی پارێزگای سلێمانی لە یاداشتەکەدا پێیان لەسەر چەند داواکارییەکی نەتەوەیی و سیاسی داگرت، لەوانە: (کردنی دهۆک بە پارێزگا و پێوەلکاندنی قەزاکانی ئاکرێ، زێبار، ئامێدی و زاخۆ؛ پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی مەعاریفی بۆ لیوا کوردییەکان؛ یەکخستنی ئیدارەی لیواکانی سلێمانی، کەرکوک، هەولێر و دهۆک) لەژێر سەرپەرشتیارییەکی گشتی کە کورد بێت؛ دەستەبەرکردنی مافی هاوڵاتیان و دیاریکردنی ڕێژەیەک لە بووجەی گشتی بۆ فەرمانگەکانی ناوچە کوردییەکان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری عێراق)، بەڵام ئەم خواستانە نەک لە ئەنجومەنی نوێنەران باس نەکران، بەڵکو خودی **مەلیک فەیسەڵ** لەسەر ئەم یاداشتە وتبووی: "ئەگەر بەدەستم بوایە ئەوانەی ئەمەیان نووسیوە، هەڵمدەواسین، کاربەدەستانی بەریتانیش بە جوڵانەوەیەکی جوداخوازیان دانا"[4].

هۆکارێکی تر کە جۆش و خرۆش و نارەزایی خەڵکی بۆ خۆپیشاندانی ٦ی ئەیلوول بەرزکردەوە، کاتێک بوو کە خەڵکی سلێمانی پەیماننامەی عێراق- بەریتانیان لەسەر کاغەز بینی، و دەبێت هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران بکرێت تا پەسەندی ئەو ڕێکەوتننامەیە بکەن، ئەویش ئەو ڕۆژە بوو کە لە ٩ی ئابی (١٩٣٠)، (**جەعفەر عەسکەری**) وەزیری بەرگری و نوێنەری سەرۆکی حکومەتی عێراق، (**مێجەر یۆنگ**) نوێنەری مەندوبی سامی، (**جەمیل مەدفەعی**) وەزیری ناوخۆ و (**جەمال بابان**) وەزیری داد سەردانی سلێمانیان کرد و خەڵکیان کۆکردەوە، بەڵام لەم کۆبوونەوەیەدا خەڵک لەبەرامبەر قسەکانی **جەعفەر عەسکەری** ڕۆڵی شۆڕشێکی بینی، و هەموو خەڵک داوای ڕزگاری و ئازادی دەکرد، لەوانە

---

[1] چارلز تریب، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی عێراق، و: محەمەد حوسێن ئەحمەد و عبدالقادر کەلهور، چ٣، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٣، ل ل٦٣-٦٤.

[2] د. حامید مەحمود عیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٠٧-١٠٩.

[3] د. ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا، خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی باشووری کوردستان دژی حکومەتی پاشایەتی عێراق (١٩٢٠- ١٩٥٨)، ب١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٨، ل ل١٣١-١٣٢.

[4] وەرگیراوە لە: هەمان سەرچاوە، ل ل١٢٢-١٢٤.

**ڕەمزی فەتاح** کە دواتر یەکێک بوو لەو (١١ **سەرکردەیەی کە ڕابەڕایەتی خۆپیشاندانەکەیان دەکرد**[*]) لەناو خەڵکدا ڕاست بۆوە و وتی: "جەعفەر عەسکەری ئەم قسانە بخەرەوە تورەکەکەی خۆت و بیبەرەوە بۆ بەغداد و جارێکی تر ئێمە بەو قسانە هەڵناخەڵەتێین، ئەو جۆرە فرمێسکانە دڵمان فێنک ناکاتەوە، بۆ ئەوەی چاو لە سەربەخۆیی و ئازادی خۆمان بپۆشین، یا ئێمە یا سەربەخۆیی و ئازادی"[1]. لێرەدا ئەو ڕوانگە لە تێۆری **ئارێنت** دەردەکەوێت، کە ڕزگاری و سەربەخۆیی بێ دامەزراندنی ئازادی ناتوانێت واتای ئازادی تەواو بەرجەستە بکات. کەواتە خەڵکی باشووری کوردستان تەنیا ئامانجیان ڕزگاری و سەربەخۆیی نەبووە، بەڵکو ئامانجیان دامەزراندنی ئازادی سیاسی بوو، ئەویش لە ڕێگەی بەشداریکردنی خەڵک لە دەسەڵات و خۆبەڕێوەبردندا. هۆکارێکی تر کە خۆپیشاندانەکەی زیاتر ڕسکاند ئەوەبوو نۆزدە ڕۆژ پێش هەڵبژاردنەکە، واتە لە ڕۆژی (١٩٣٠/٨/١٧) **تۆفیق وەهبی** موتەسەریفی سلیمانیان لەسەر کار لابرد و سەرزەنشتی زۆریشیان کرد، ئەمەش تورەیی خەڵکی بە گشتی و خەڵکی سلێمانی بەتایبەتی زیاتر کرد[2]. ئیدی هەموو ئەو هۆکارانە و هەڵوێستی ئەو کەسایەتییە دیارانە و هەوڵی چەندین ڕێکخرا و کۆمەڵەی کوردی لەو سەردەمەدا لەوانە: **(کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان)** و **(یانەی سەرکەوتن)** کە ڕۆڵی زۆریان بینی لە ئاگادارکردنەوەی ئەندامەکانی خۆیان بۆ بەشدارینەکردن لەو هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەدا، و هاندانیان بۆ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین، بووە هۆی ئەوەی خەڵک هیچ جۆرە بڕوبیانویەکیان قبوڵ نەکرد و گوێیان لە هیچ کەسێک نەگرت بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن. بۆیە بە کرێکار، ڕۆشنبیر، هەژار، دەوڵەمەند، دوکاندار و سەرجەم چین و توێژەکان بە جۆش و خرۆشەوە لەو خۆپیشاندانە بەشدارییان کرد[3]. بەڵام بەداخەوە خۆپیشاندانەکە وەک پانتایەکی دەرکەوتن و پیادەرکردنی ئازادی بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە بە زەبری چەک سەرکوتکرا، کە تێیدا ١٣ کەس لە خۆپیشاندەران کوژران و ٣٣ کەسیش بریندار کران و بەشێکیش لە خۆپیشاندەران دەستگیرکران و ڕاپێچی زیندانەکان کران[4].

لەبەرئەوە خۆپیشاندانەکان ڕەنگدانەوەی گەورەیان لە کایەی سیاسیدا هێنایە ئاراوە، بەجۆرێک دەبینین لە فەرهەنگی سیاسی کوردیدا، کەم چەمک هەیە هێندەی ناڕەزایی دەربڕین و خۆپیشاندان دەنگدانەوەی لە دەقی نووسەر و شاعێرانی کورددا هەبێت، بەتایبەت خۆپیشاندانی ٦ی ئەیلولی (١٩٣٠). ئەو ڕوداوە مێژووییە بە جۆرێک دەنگی داوەتەوە و بۆتە کردەیەکی لاسایی کەرەوە لە ئەزموونی سیاسی باشووری کوردستان، تەنانەت لەلای شاعێرێکی وەک **پیرەمێرد (تۆفیق محمود)** بەشۆکەوە گوزارشت لە ئامادەبوونی ژن لە پانتایی دەرکەوتن کراوە، ئەگەرچی بەلەلای بەشێک لە فێمێنیستەکانی هەرێمی کوردستان بەشداری ژن لەو خۆپیشاندانە زۆر مەلول و لاواز بووە جگە لە داگیرکردنی ڕووبەرێکی بچووک لە دوای دواوەی ئەو پانتاییە گشتییە و کێشانی چەند هوتاف و دروشمێکی کەم و کەوتنە پەنا و پەسار، ڕۆڵێکی تریان نەبووە، بەڵام کۆپلە بەناوبانگەکەی **پیرەمێرد**، کە دەڵێت: "تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا، قەڵغانی گولە سنگی کچان بێت لە هەڵمەتا" کە لە کولتوری ئێمەدا بووە بە گۆرانییەکی میللی- نیشتمانی و **(حەسەن زیرەک)** بەردەوام لە جەژنی نەورۆزدا بیرمان دەخاتەوە[5]. ئاماژەی ڕوونی ئەو ڕەنگدانەوە گەورەیەی پانتایی دەرکەوتنە لەو سەردەمەدا. یاخود بروسکەی **(حەپسە خانی نەقیب)** بە یەک ڕۆژ دوای خۆپیشاندانەکە و ئەو کوشتارە زۆرەی لێی کەوتەوە بۆ مەندوبی سامی بەریتانیا بێ سڵاولێکردن، کە بەم جۆرە دەست پێدەکات: "هەڵبژاردنەکان بە شێوازێکی دڕندانەی ئەوتۆ ڕادەپەڕێنرێت

---

[*] ئەو ١١ کەسەی بەشداری هەڵبژاردنیان نەکرد و ڕابەڕایەتی خۆپیشاندانەکەیان کرد، بریتین: ١- شێخ قادری برای مەلیک مەحمود ٢- میرزا تۆفیق قەزاز ٣- ڕەمزی فەتاح ٤- حەمە ئاغا ٥- عەزمی بەگی بابان ٦- عیزەت بەگی وەسمان پاشا ٧- ئەورە حمان ئاغای ئەحمەد پاشا ٨- محەمەد ساڵح بەگ ٩- مەجید ئە فەندی کانی ئاسکان ١٠- فایەق بەگی بابان ١١- شێخ محەمەد گوڵان. بەپێی ڕاپۆرتی پشکنەری بەریتانی هەمان ڕۆژ ١٠ کەس لەو ١١ کەسە دەستگیرکران و یازدەمینیشیان کە شێخ محەمەدی گوڵان بوو لە ڕۆژی ١٠ی ئەیلول لە ناوچەی هەڵەبجە خۆی دابەدەستەوە. بڕوانە: (نجم سەنگاوی، باشووری کوردستان و ڕووداو و دەستکەوتەکان، چاپخانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٦، ل ل ٩٩، ١٠١).

[1] وەرگیراوە لە: هەمان سەرچاوە، ل ل١٣٢-١٣٣.

[2] نەجم سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠.

[3] د. ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٣٣، ١٣٧-١٣٨.

[4] نەجم سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١.

[5] وەرگیراوە: شارا تاهیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤٢-٤٣.

کە هیچ گەلێکی جیهان لە ڕۆژگاری بەربەرییەکاندا لە وێنەیانی نەبینیوە، کام یاسا ڕێگە دەدات گەلێک لە کاتی هەڵبژاردندا تیرۆر بکرێت"[1]. ئەمەش واتای وایە، هەم کۆپلەکەی **پیرەمێرد** و هەمیش بروسکەکەی **حەپسە خان** گوزارشت لە ڕەنگدانەوەی ڕوانگەی **ئارێنت** دەکات بۆ جێهێشتنی پانتایی تایبەت **(ماڵ)**، لەلایەن ژنانەوە لەپاڵ پیاواندا، بۆ ناو پانتایی گشتی و ئامادەبوونیان وەک بکەری سیاسی بۆ نواندنی کردە و قسە و دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ ئەوانی دیدا، بۆ گەیاندنی ناڕەزایی دەرهەق بە پرسێکی گشتی نەک تایبەت، هەر ئەمەش جەوهەری ئازادی سیاسییە، بەڵام تراژیدیاکەی ئەوەیە بە ئاگر و ئاسن وەڵامدرایەوە. هەروەها نیشاندانی قارەمانی و تراژیدیاییەکەی خۆپیشاندان کە **(عەولە سیس)** و **(قالەی ئایشە خان)** وەک دوو پاڵەوانی خۆپیشاندانەکە لە مێژووی مۆدێرنی خۆیدا لە یادەوەریماندا ماونەتەوە؛ تەنانەت شاعێرێکی وەک **گۆران (عەبدوڵڵا سلێمان)**یش لە دەقە بەناوبانگەکەیدا بە ناونیشانی **(قالە مرد)**، پێیدا هەڵداوە و گریاننامەیەکی بۆ نووسیوە[2]. نموونەی قارەمان و ڕێبەرێکی تری خۆپیشاندانەکە، پاڵەوانە سەرەکییەکەی ڕۆمانی **(ژانی گەل)**ی نووسەر و ڕۆشنبیر و سیاسی کورد **(ئیبراهیم ئەحمەد)**ە، بە ناوی **(جوامێر)**، لەو کارە ئەدەبییەی ئەودا کە لە ساڵی (١٩٥٦)دا نووسراوە، تێیدا هەم وێنایەک لە ماڵ وەک پانتایی تایبەت و هەمیش وێنایەک لە بەرەنگاری مەدەنیانە دژ بە داگیرکاری دەخاتەڕوو؛ کاتێک هاوسەرەکەی **جوامێر (کاڵێ)** لە ماڵەوە بەدەست ژانی منداڵبوونەوە دەناڵێنێت وەک ئاماژەیەک بۆ پانتایی تایبەت، و **جوامێریش** لە ڕێگەی چوون بەدوای **(پیرۆز)**ی مامانیدا گوێبیستی هوتاف و دروشمەکانی خۆپیشاندان دەبێت، و بێمەبەست و بەشێوەیەکی خۆکردانە دەچێتە ناو ئاپۆڕای ناڕەزایەتییەکە و دەبێتە یەکێک لە ڕابەرانی خۆپیشاندانەکە وەک هێمایەک بۆ پانتایی گشتی[3].

ئەو چەند نموونەیەش لە قارەمانی ناو داستان و ڕۆمان و هەڵبەستی شاعیران وەک چەردەیەک لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردیدا، زۆر سانا ڕەنگدانەوەی دوو تێروانینی **ئارێنتمان** بۆ دەسەلمێنن لەبارەی تیۆری سیاسی ئەو بۆ ئازادی: یەکەمیان، جیاکردنەوەیە لەنێوان پانتایی تایبەت و پانتایی گشتی، بەوەی ماڵ شوێنی بژێوی و خەمی منداڵبوون و چۆنیەتی ڕەگەزی مرۆڤ و مانەوەیە لە ژیاندا، کە گوزارشتە لە پێویستی ژینەکییانەی مرۆڤ، لەکاتێکدا ئامادەبوونی **جوامێر** لە پانتایی گشتیدا وەک هێمایەک بۆ کردەی سیاسی، گوزارشتە لەوەی جەستە بە تەنیا ناکەوێتە ناو پانتایەوە، بەڵکو لەگەڵ ئەوانی دیدا دەتوانێت پانتاییەکی نوێ دروست بکات، ئەو پانتاییەش کە دروست دەبێت دەبێتە ڕووبەر و ناوەندێک بۆ ئەوانەی پێکەوە کردەی ئازادی دەنوێنن. دووەمیان، وەک **ئارێنت** دەڵێت: کردە و قسەی سیاسی لە ئەزموونی یۆنانیدا تارادەیەک بە گێڕانەوە و واتا پێدانی مێژوونووس و بەرهەمی شاعیران بەستراوەتەوە، بەوەی بێ **ئەفلاتۆن** نەمان دەزانی **سوکرات** کێیە، بێ **هیرۆدوت** ئێمە تاقانەیی و قارەمانییەتی **بیریکلسمان** بۆ ئاشرا نەدەبوو؛ هەر ئەمەش وایکرد یۆنانییەکان لاسایی ئەو کردانە بکەنەوە کە دەکرێت ئەزموونی خۆیانی لەسەر بینا بکەن، ئەو کردانەش بەلاوە بنێن کە زیانیان پێدەگەیەنێ. کەواتە، مێژووی ئێمەش وەک مێژووی یۆنانییەکان پڕیەتی لە ئەزموونی ئاوازە و تراژیدیا، پڕیەتی لە نموونەی کردەی سیاسی؛ گەر هەڵبەست و گێڕانەوەکانی **گۆران** و **ئیبراهیم ئەحمەد** نەبوایە، ئەوا نەمان دەزانی **عەولە سیس** و **قالەی ئایشە خان** و **جوامێر** کێن، لەبەرئەوە دەکرێت نموونەی ئەو پالاوانانە بکرێن بە هێمایەک بۆ بونیادنانی پانتاییەکی ئازاد و کردەی سیاسی، لەبەرامبەردا کردەی توندوتیژی دەرهەق بە خۆپیشاندەران لەلایەن دەسەڵاتەوە لە کولتوری سیاسی خۆمان دوورخەینەوە. بەدرێژایی ساڵانی **(چلەکان تا هەشتاکان)** ئەم نموونانە لە شارە کوردییەکان دووبارە بوونەتەوە، بەڵام هەردەم بە ئاگر سەرکوت کراون.

هەروەها دەکرێت ئاماژە بە نموونەیەکی تر لە خەباتی مەدەنی کورد لە باشووری کوردستان لە پێناو دەستەبەرکردنی دانپێدانانی سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق بکەین، ئەویش بریتیە لە دانوستان و گفتوگۆ لەهەمبەر ماف و داخوازییە سیاسییەکانیدا. وێڕای بێ ئاکامی هەوڵی دانوستان و گفتوگۆی کورد لە ڕێگەی نوێنەرەکانی و ڕێکخراو و کۆمەڵە سیاسییەکانی لە بیستەکان تا پەنجاکان وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، هەروەها ئەگەرچی شۆڕشی چواردەی تەمووز لە عێراقدا ئاسۆیەکی فراوانی لەبەردەم کورد و

---

[1] وەرگیراوە لە: د. ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.
[2] شارا تاهیر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.
[3] ئیبراهیم ئەحمەد، ژانی گەل، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ٤، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ل١٣، ١٦.

عەرەب و کەمایەتییە نەتەوەییەکان ئاوەڵاکردەوە کە هەموو خواستێکی نەتەوەیی و ئازادی تێیدا بۆ هەموو هاوڵاتیان بێتەدی، بەڵام ئەو سەردەمەی هاوڵاتیانی عێراق لە ئازادیدا ژیانیان بەسەردەبرد تەمەن کورت بوو، **(عەبدولکەریم قاسم)** زۆر عاشقی دەسەڵات بوو، زۆر زوو ئەو کەسایەتییە وڵاتپارێزە گۆڕدرا بە دیکتاتۆرێکی سوپایی و هەوڵی بە کارهێنانی توندوتیژی دا لەمامەڵەکردن لەگەڵ هێزە کوردییەکاندا[1].

بەڵام سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هەوڵی زۆری دا لەگەڵ حکومەتی عێراق بە ڕێگەی دانوستان و گفتوگۆکانی ١١ی ئازاری ساڵی (١٩٧٠) تاوەکو ١١ی ئازاری ساڵی (١٩٧٤) بگاتە ڕێکەوتن و مافی ئۆتۆنۆمی بۆ دانیشتوانی باشووری کوردستان دەستەبەر بکات، بەڵام ئەنجامی نەگەیشتنە ڕێکەوتن نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد بوو لە ساڵی (١٩٧٥)، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گەلی کورد لە ساڵی (١٩٧٦) بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هاتنەوە مەیدانی پارتی و دروستبوونەوەی چەندین پارتی سیاسی کوردی لە باشووری کوردستان، پاشان دوای چەندین ساڵ لە شەڕ و پێکدادان، بەتایبەت لەنێوان یەکێتی و حکومەتی عێراق، سەرکردایەتی یەکێتی لە سۆنگەی باوەڕبوونیەوە بە دانوستان و گفتوگۆ، یەکێتی ئاگربەستی لەگەڵ ڕژێمی عێراق پەسەند کردوو و بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی خستە بەردەم لێکدانەوە و لە تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٨٣) **سەدام** و **تاڵەبانی** دەستیان کرد بە دانوستان. لە داخوازییەکانی کورد لەم دانوستانەدا، بریتی بوون لە (فراوانکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کە کەرکوک، خانەقین، شەنگال و مەندەلی بگرێتەوە، ڕاگرتنی تەعریب، لابردنی پشتێنەی ئاسایش بە درێژایی سنوورەکانی تورکیا و ئێران)، بەڵام بەهۆی دانەنانی دەسەڵاتدارانی عێراق بە داخوازییەکانی کورد، **تاڵەبانی** کۆتایی بە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق هێنا، بەمەش پەیوەندی سیاسی نێوان هەردوولا گەیشتە کۆتایی[2]. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو تێزەی **ئارێنت**ە کە شۆرش وەک کایەکی پیادەکردنی ئازادی سیاسی دەکرێت لە ڕێگەی دانوستان و گفتوگۆ بگاتە ئەنجام، بەڵام باوەڕ نەبوونی ڕژێمی بەعس بە دانوستان، دۆخەکە بە بارێکی تر گۆڕدرا، بەعس کەوتە جێبەجێکردنی پیلانی سەرکوتکردنی دانیشتوانی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان کە لە داخوازی داهاتوودا زیاتر لەسەر ئەو پرۆسەیەی ڕژێمی بەعس دەوەستین.

## داخوازی دووەم

## مەودای ئازادی لە باشووری کوردستان لە سایەی ڕژێمی بەعس بەپێی ڕوانگە تیۆرییەکانی ئارێنت بۆ تۆتالیتاریزم

دوای ئەوەی لە داخوازی یەکەمی ئەم باسەدا، بەشێوەیەکی گشتی باسمان لە سروشتی ئازادی سیاسی کرد لە قۆناغی پێش ڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١)دا؛ ئەوە لەم داخوازییەدا باس لە مەودای ئازادی دەکەین لە ژێر سایەی ڕژێمی بەعس وەک یەکێک لە سەرسەخترین ڕژێمەکانی ئەو قۆناغە لەهەمبەر ئازادی دانیشتوانی باشووری کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم داخوازییە دابەش دەکەین بۆ دوو لق؛ سەرەتا لە لقی یەکەم، باس لە شوناس و چۆنیەتی گەیشتنی بەعس بە دەسەڵات لە عێراقدا دەکەین، کە تێدا هەوڵی دۆزینەوەی تایبەتمەندییەکانی تۆتالیتاریزم لە ڕژێمی بەعسدا دەدەین بەپێی تێگەیشتنی **ئارێنت**. لە لقی دووەمیشدا لێتوێژینەوە لە مەودای ئازادی لە هەرێمی کوردستان لە سایەی ڕژێمی بەعسدا، بەپێی ڕوانگە تیۆرییەکانی **ئارێنت** بۆ تۆتالیتاریزم دەکەین.

### لقی یەکەم: شوناس بەعس و چۆنیەتی گەیشتنی بە دەسەڵات لە عێراقدا

ڕەنگە ئەو دەربڕینە لە شوێنی خۆیدا بێت، کە پێیوایە سیستەمە تۆتالیتارییەکان لێکچوونێکی فینۆمینۆلۆجیان هەیە، بەڵام دەبێت دان بەو ڕاستییەشدا بنێین کە هەر سیستمێک بەپێی قۆناغی مێژوویی و

---

[1] د. حامید مەحمود عیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤٤٢-٤٤٣.

[2] هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵڵا و تاریق رەئوف محەمەد، ناوچەکانی ململانێ لەنێوان کورد و حکومەتەکانی عێراقدا، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ل٥٦-٦١.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دێتە ئاراوە تایبەتمەندی جودای خۆی هەیە؛ هەروەها کێشەکە هەر ئەوە نییە پرسیاری ئەوە بکەین بەعس چۆن گەیشت بە دەسەڵات و توانی لە ماوەیەکی کورتدا هەموو نەیارەکانی لە پانتایی سیاسی و دەسەڵات دوور بخاتەوە و وەک تاکە حزب دەرکەوێت؟ بەڵکو گرفتەکە ئەوەیە چۆن خوێندنەوە بۆ شوناسی بەعس بکەین؟ یاخود بۆ ئەوەی خوێندنەوە بۆ چەمکی تۆتالیتاریانەی بەعس بکەین، دەبێت لە ڕەهەندی جیاوازەوە لێکۆڵینەوە لە بەعس بکەین.

سەرەتا لەشێوەی گروپێکی نهێنی کۆمەڵە ڕۆشنبیرێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی، لە ساڵی (١٩٤٠) **(حزبی بەعس**[*]**)**یان لە سوریا دامەزراند؛ ئەگەرچی ئەوان جەختیان لەسەر ناسیۆنالیزم، یەکگرتنی عەرەب و دژایەتی کۆمۆنیزم دەکردەوە، بەڵام هزری ئەوان بەلای چەپدا بوو؛ لە ساڵی (١٩٤٣)دا ئەو گروپە بە **(حزبی بەعسی عەرەبی)** ناسران و لەلایەن خوێندکار و فەرمانبەر و ئەفسەرانی سوپا و وردە بورژوازییەوە پشتیوانی دەکران[1]. لەڕاستیدا، لە دونیای بیرکردنەوەی عەرەبیدا خێڵ و عەشیرەت و تیرە و هۆز و ئایین و مەزهەب تائێستاشی لەگەڵدا بێت کاریگەری خۆی هەر ماوە، هەر لەبەرئەوە لە دروستکردنەوەی هزری ناسیۆنالیستی عەرەبیدا ئەم کولتورە جومگەکان فەرامۆش ناکات و ئامادەی داڕشتنەوەی شوناسی بەعس دەبێت؛ و لێرەوە دروست بوونی حزبی بەعس وەک حزبێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی خۆی نمایش دەکات و بیر و ئەندێشە و تێهزرین و جیهانبینی خۆی لەسەر بنەمای ئایدیایەکی نوێی مۆدێرندا دادەڕێژێتەوە. واتە بەعس خوێندنەوەیەکی نوێ و تێگەیشتنێکی نوێی کومەڵێک کەس و نوخبەی عەرەبی بوو بۆ ئەو قۆناغە مێژووییەی کە نیشتمانی عەرەبی وەک کۆڵۆنیاڵیکراوێک پێیدا تێدەپەڕی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆڵۆنیاڵیزم و ئیمپریالیزم[2].

زۆری نەخایاند سەرکردەکانی حزبی بەعس توانیان چالاکییەکانیان بگەیەننە بەشێک لە وڵاتە عەرەبییەکانی تر، لە ماوەیەکی کورتدا جگە لە سوریا، لقی حزبی بەعس لە ئوردن و لوبنان وعێراق دروستکران[3]. لە عێراقدا هزری حزبی بەعس لەسەردەستی ژمارەیەک قوتابی سوری و لوبنانی کە خوێندکاری زانکۆی بەغدا بوون گوێزرایەوە بۆ عێراق، و ڕێکخستنەکانی لە شانەی سەرەتاییەوە بۆ ئاستی لق گەشەیانکرد و لە ساڵی (١٩٥٢)دا سەرکردایەتی حزبی بەعس لە سوریا دانی نا بە ڕێکخستنی حزبی بەعسی عێراقدا، و ئەو مێژووە بووە بەرواری فەرمی دامەزراندنی حزبی بەعس لە عێراقدا[4]. حزبی بەعس لەسەر سێ بنەمای سەرەکی **(وحدة، حرية، إشتراكية)** لەگەڵ گەیاندنی پەیامە نەمرەکەی **(أمة عربية واحدة ذات رسالة خالدة)** وەستاوە. ئیدی لێرەوە ئەم بنەمایانە بوونە وێردی سەر زمانی هەموو بەعسییەکان. هەروەها لە ڕاپۆرتی سیاسی حزبی بەعسدا هاتووە، کە مانیفێستی حزبەکەیە، هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان خاکی عەرەبە و هەر نەتەوە و پێکهاتەیەکیش کە لە سەر ئەو خاکە دەژی میوانن لەسەر خاکی عەرەب؛ هاوکات لە مادەی (٧) بەرنامەی سیاسی حزبی بەعسیشدا هاتووە، کە سنووری خاکی عەرەبی ئەو پارچەیەی گۆی زەوییە کە نەتەوەی عەرەبی لەسەر نیشتەجێیە و لە چیاکانی زاگرۆسەوە درێژ دەبێتەوە بۆ پشتی کوهو، کەنداوی بەسرە **(ئیستا بە کەنداوی عەرەبی ناسراوە)**، دەریای عەرەبی، چیاکانی ئیسوبیا، سەحارا، ئۆقیانوسی ئەتڵەسی و دەریای ناوەڕاست. بەپێی ئەم پێناسەیەی حزبی بەعس بێ هەر یەک لە هەرێمی کوردستانی عێراق و ڕۆژئاوای کوردستان دەکەونە ناو ئەو سنوورە جوگرافییەی کە

---

[*] **(حزبی بەعس)**، وشەی بەعس لە زمانی عەرەبیدا بە واتای زیندوکردنەوە دێت؛ هەر یەک **(زەکی ئەرسۆزی)** و **(میشێل عەفلەق)** و **(سەلاح ئەلبەیتار)** وەک دەستەی دامەزرێنەری حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لە تیۆریزەی ئایدیۆلۆجیادا پشت ئەستور بوون بە بیروباوەڕی نازیزمی ئەڵمانیا و فاشیزمی ئیتالیا بۆ زیندوکردنەوەی ڕۆڵی نەتەوەیی عەرەب. بڕوانە: (غەسان نەعسان، حزبی بەعس لە دەستپێکی دامەزراندنەوە تا هەرەسهێنان، گۆڤاری کولتور، ژمارە (٢)، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، کانوونی یەکەمی ٢٠١٠، ل١٧٢).

[1] د. شۆڕش حاجی، ناسیۆنالیزمی کوردی پەرچەکردار- ناسیۆنالیمی کوردی و حزبی بەعس- ڕووداوەکانی ١٩٦٣-٢٠٠٣، دەزگای چاپ و پەخشی ماد، ئێران- تاران، ٢٠١٨، ل١٤٧.

[2] ئیبراهیم حاجی زەڵمی، بیری بەعس و کارەساتی ئەنفال خوێندنەوەیەکی کۆمەڵایەتی- مێژوویی، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (١٨)، دەزگای کەوانە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، نیسانی ٢٠١٣، ل ل٩١-٩٢.

[3] د. شۆڕش حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨.

[4] مەولود باوەمراد، قەیرانەکانی حزب و کێشەکانی حزبایەتی، ناوەندی ڕۆشنبیر، بێ دەزگای چاپ، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٠، ل٥٠.

حزبی بەعس بە خاکی عەرەبی دەزانێ[1]. ئەمەش لە دروشمی (**المحیط إلی الخلیج**) کورتکراوەتەوە، کە نزیکە لە وتەی (**د. ستێیناشەر**)ی حزبی نازی، کە دەڵێت: "ئێمە میللەتێکی سەد ملیۆنین، ئەڵمانیا تەنها دەوڵەتێک نییە، کە پێی دەڵێن ئیمپراتۆریەتی ئەڵمان، بەڵکو ئەڵمان سەرجەم ئەو پارچە زەویانە دەگرێتەوە، کە دانیشتوانی بە ئەڵمانی ئاخەوتن دەکەن و بە ئەڵمانی بیر دەکەنەوە"[2]. هاوکات بەعس لەوەش زیاتر زیادەڕۆیی کردووە و هەوڵی داوە سەرلەنوێ پێناسەی هەموو شتێک لە تێگەی عەرەبایەتیدا دابڕێژێتەوە، لەم ڕووەشەوە هەوڵی ئاوێتەکردنی ئیسلام و عەرەبایەتی داوە، بە شێوەیەک ئیسلام یەکسان بێت بە عەرەبایەتی، لەم بارەوە (**سەدام حسێن**) لە وتەیەکدا بۆ لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی کاروباری زانیاری بۆ گۆڕینی بەرنامەکانی خوێندن و پەروەردە لە (١٣/ ١١/ ١٩٧٣)دا دەڵێت: "مێژووی موسڵمانییەتی لە بنەڕەتدا مێژووی عەرەبە" هاوکات بەعس گرنگی بە ژیانی پێغەبەری ئیسلام (**محەمەد** د. خ) دەدات بەو پێیەی ژیانی پێغەمبەر لە فەرهەنگی بەعسدا کورتەی ژیانی عەرەبە و ئیسلام و مەزهەبە سونییەکەی عەرەبایەتی نوێ دەکاتەوە و کامڵی دەکات[3].

لێرەوە دەکرێت ڕەنگدانەوەی ئەو ڕوانگەیەی **ئارێنت** سەبارەت بە ڕیشە و تایبەتمەندییەکانی تۆتالیتاریزم لە حزبی بەعسدا بەدی بکەین، بەوەی هەروەک چۆن بە بۆچوونی **ئارێنت** تۆتالیتاریزم حکومەتیکی پێوانەییە و هەموو ئەو ئەلتەرناتیڤانەی کۆتایی پێهێنا کە لە فەلسەفەی سیاسیدا هەبوو، واتە ئەلتەرناتیڤی حکومەتی یاسایی و حکومەتی بێ یاسا و دەسەڵاتی هەڕەمەکی (**ستەمگەری**)، چونکە تۆتالیتاریزم هەموو یاسا دانراوەکان پێشێل دەکات، بەو یاسایانەشەوە کە خۆی دایناون، بەڵام بە فەرمی هەڵیان ناوەشێنێتەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەموو هەنگاوێکدا پەنا بۆ یاسا دەبات، و هیچ ڕەفتارێکی هەڕەمەکییانەی نەکردووە (**لێرەدا مەبەست لە نازیزم و ستالینیزمە**)، چونکە هەمیشە بانگەشەی ملکەچبوونیان بۆ ئەو یاسا مێژوویی و سروشتیانە دەکرد کە سەرچاوەی یاسا دانراوەکانن. ئەوە بە هەمان شێوە دەبینین بەعس وەک نازیزم جوڵانەوەیەکی ڕەگەزپەرستە و خۆی بە خاوەنی بیروباوەڕێکی گشتگیر (**تۆتالیتار**) دادەنێ، و پێیوایە پەیامێکی نەمری پێیە بۆ مرۆڤایەتی و لەڕووی بیر و هۆشەوە عەرەب لە میللەتانی تر ژیرترە، و گەلی هەڵبژاردەن؛ لە ڕووی مێژوویی و شارستانیەتیشەوە کۆنترینە و هەر سێ ئایینە ئاسمانییەکە لە خاکی ئەوانەوە داکەوتووە و لە دنیادا بڵاوبۆتەوە، ئیدی هەم مێژوو و شارستانیەتی عەرەب و هەم ئایین بووە بەسەرچاوەی یاسا دانراوەکانیان، بە ناوی ئایین و مێژووەوە چەندین تاوانیان ئەنجامداوە و هەوڵیان داوە یاساکانیان بە زۆر بەسەر کورد و هەموو گەلانی عێراقدا بسەپێنن[4].

بەڵام لە ڕاستیدا، شوناسی بەعس لە عێراقدا شوناسێکی تایبەتمەندە، کە لەپاڵ شوناسی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، بارگاویە بە شوناسی بەعسیزم خۆی، وەک نووسەر و تویژەری کورد (**ئاراس فەتاح**) باسی دەکات، بەعسیزم لەسەر تێزێک بەندە: "کە بەعسیزم پرۆژەیەکی دروستکردنی دەوڵەت و نەتەوە بوو لە قۆناغی پۆست کۆلۆنیالی عێراق، بەعسیزم پیشەسازی دروستکردنی شوناسێکی نوێ بوو بۆ کۆمەڵگەی عێراق و کۆششێک بوو بۆ چارەسەرکردنی پەیوەندییە گرفتاوییەکانی نێوان گروپ و ئەتنییە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەی عێراق لەگەڵ دەوڵەتەکەیان و هەوڵی چارەسەرکردنی ناکۆکییەک بوو کە کۆمەڵگە و دەوڵەت لە عێراق تاوەکو ئەمڕۆ بە دەستییەوە دەناڵێنێت، ئەویش لەلایەک ناکۆکی نێوان شوناسی عێراقی بوون و عەرەبی بوون، لەلایەکی تر شوناسی دەوڵەتی عێراقییەکان و دەوڵەتی هەرێمیی عەرەبی لەو کۆمەڵگەیەدا بوو[5]. هاوکات نووسەرێکی وەک (**بەختیار عەلی**)یش باوەڕی وایە گومانی تێدا نییە بەعس ڕژێمێکی فرەسەرچاوەیە و لە زیاد لە کانگایەکەوە سەرچاوەی گرتووە، هەروەها بەعس بەجۆرێک لەجۆرەکان درێژبوونەوەی پێکهاتەیەکی مێژووییە و ڕیشەشی لەناو شێوەی دەوڵەتی ناسیۆنالستانەی پۆست

---

[1] د. شۆڕش حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨.

[2] وەرگێراوە: فوئاد نەجمەدین عومەر، سێکوچکەی فاشیزم و نازیزم و بەعسیزم لە بۆتەی ڕاسیزمدا، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (٢٢)، دەزگای کەوانە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ئابی ٢٠١٣، ل١٣٠.

[3] هەمان سەرچاوە، ل٣٤.

[4] ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی (ی.ن.ک)، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٦١.

[5] ئاراس فەتاح، بەعسیزم پرۆژەی تەواوکردنی شوناسێکی تەواونەبوو، گۆڤاری سەردەمی ڕەخنە، ژمارە (١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، پایزی ٢٠٠٥، ل ل١٠٣، ١٣٥

کۆڵۆنیاڵدا هەیە و لەژێر کاریگەری مۆدێلی تۆتالیتاری دایە و کەمتەرخەمیشی نەکردووە لە بەکارهێنانی چەمکەکانی مۆدێرنەدا، یاخود گومان لەوەدا نییە کە مۆدێلی بەعسیانە بە مۆدێلی ئایینی یان مارکسی بشوبهێنرێت، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە بەعس دەبێت لە بەعسەوە خۆی دەست پێبکەین وەک پرۆژەیەک[1].

لەبەرئەوە هەڵەیەکی میتۆدییە گەر ستراتیجی دەوڵەتی بەعس لە حەفتاکاندا بەهەمان پێوەر بپێوین کە لە کۆتایی حەفتاکاندا هەیبوو و هەمان پێوەریشمان بۆ کۆتایی هەشتاکان هەبێت بۆی، چونکە شوناسی عێراقیبوون لە سەرەتاکانی تەمەنی بەعس واتای سڕینەوەی کولتورییانەی شوناسی کورد یان شیعە تەنانەت سونەش، وەک نەتەوە یان ئایینزا نەبوو، بەڵکو هەوڵدان بوو بۆ ئاوێتەکردنیان لەناو شوناسە ئایدیۆلۆجییەکەی خۆیدا کە وەک پرۆژەیەک بۆ عێراقی ئامادەکردبوو. ئەگینا هەرگیز ناتوانین لەوەبگەین بۆچی لە سەرەتای حەفتاکاندا دانی نا بە (**مافی حوکمی زاتی بۆ کورد**[*]) یان بۆچی کۆمۆنیستەکانی لەبەرەی نیشتمانی وەرگرت، یاخود بۆچی کوردە بەعسییەکان و جاشەکان لە دڕندانەترین سەردەمی بەعس کە ئەنفال بوو، دەیانتوانی بژین و ئەوانەی بەعسیش نەبوون نەیاندەتوانی وەکو هاوڵاتییەکی عێراقی لە ماف و ساماندا هاوبەش بن؟ وەڵامی ئەو پرسیارەش ئەوەیە کە پرۆژەی بەعس داڕشتنەوەی شوناسەکان بوو بۆ شوناسێکی دی، ئەویش شوناسی بەعسیزم بوو بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو ئیشکالییەتە سیاسی و ئەتنی و زمانی و ئایینییانەی لە بارەی شوناسی عێراقیبوون هەبوو، شوناسی بەعس توانەوەی هەموو ئاست و و فۆڕمەکانی تر بوو لە فۆڕمی بەعسدا چ وەک ئایدیا و ڕەفتار چ وەک مێژوو. واتە بەعسیزم دروستکردنی تۆتالیتاریزمێکی شوناسیانەیە کە لە دوا دەرئەنجامدا جگە لە بەعس و دۆستەکانی جێگای هیچ شوناسێکی تری نەهێشتەوە بۆ ژیان لە عێراقی بەعسیزمدا، بەوەی دەبێت هەموو شوناسەکان لەناو شوناسی دەسەڵاتدارییەکەی خۆیدا ئاوێتە بن و هەموو عێراقییەکی ڕەسەن لە چاوی بەئەندامبوونی لە حزبەکەیدا تەماشا بکات[2].

کەواتە، دەوڵەتی عێراق پێیوابوو لە سایەی پرۆژەی بەعسیزم و بەعەرەبیبووندا دەتوانێت چەمکی هاوڵاتیبوون لەسەر بنەمای عەرەبیبوون و بەعسیزم دابتاشێ و عێراق بکات بە دەوڵەت- نەتەوەیەکی مۆدێرن، نەک لەسەر بنەمای عێراقی بوون، بەڵکو سەرجەم شوناسەکانی تر لە شوناسی عەرەبیبوون و بەعسیزمدا بتوێنەوە، هەرلەبەرئەوە بەعس هەوڵی زۆری دا کە ئەم شوناسە بەسەر کوردەکان و کەمینەکانی تر بسەپێنیت، هەموو سیماکانی فرەیی سیاسی بسڕێتەوە و مافی هاوڵاتیبوون بۆ ئەتنی و کەمینەکان لەبەرچاو نەگرێت، لەم پیناوەشدا بەعس کۆمەڵێک ڕێسا و ڕێوشوێنی دانابوو، بۆ نموونە: لە شارەکانی کەرکوک و موسڵ کوردەکان مافی کڕینی زەوییان نەبوو، ئەگەر کوردێک بیویستایە لەو شوێنانە زەوی بکڕێت، ئەوە دەبوو ناسنامەی خۆی بۆ عەرەب بگۆڕێ یان تاپۆی موڵکەکەی بەناوی کەسێکی عەرەبەوە بکات[3]. هەروەها تەنها عێراقییە بەعسیەکان دەیانتوانی نوێنەری گەل بن و بەشداری

---

[1] بەختیار عەلی، چێژی مەرگدۆستی، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی تاران، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٥، ل ل١١-١٢.

[*] لە ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری (١٩٧٠) کە لەنێوان ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس بە سەرکردایەتی **سەدام** و سەرۆکی بزوتنەوەی کورد **مەلا مستەفا** لە ناوپردان لەسەر ڕێگای هاملتۆن ئیمزا کرا، کە ١٥ ماددەی لەخۆدەگرت. ئەگەر پەیمانی بە مردووی لەدایکبووی سیڤەری لێ دەرکەین، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی نەتەوەی کوردا، بەشێک لە نەتەوەی کورد حوکمی زاتی وەردەگرێ، بەڵام لە بنەڕەتدا ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار بەجۆرێک بەعس نەخشەی بۆ کێشابوو کە جێبەجێ نەکرێ، چونکە بەپێی یەکێک لە ماددەکانی بڵاونەکراوە، دەبێ لە دوای شەش مانگ سەرژمێری ئەنجام بدرێت و ببێت بە بنەمای دیاریکردنی ناوچەکانی حوکمی زاتی کوردەکان لە باشووری کوردستاندا، بەڵام هیچ کات جێبەجێ نەکرا. بڕوانە: (جیرارد جالیاند، شعب بدون وطن الکرد وکردستان، ت: عبدالسلام النقشبندي، دار ئاراس للطابعة والنشر، أربیل، ٢٠١٢، ل ل٢٣٨-٢٣٩) و (کریس کۆچێرا، بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی، و: حەسەن ڕەستگار، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل ل٤٨-٤٩)

[2] ئاراس فەتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٢٩-١٣٠.

[3] د. صالح ملا عمر عیسی، ئەتنیک گەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا- کوردستانی عێراق وەک نموونە، و: ئازاد وەلەدبەگی، مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ل٧٣-٧٤.

سیاسسیان لە دامەزراوە گشتییەکان هەبێت[1]. ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەمان ئەوە دیدەی **ئارێنت**ە سەبارەت بە ڕەخنەی توندی لە مافی هاوڵاتیبوون لە سایەی دەوڵەت- نەتەوەدا، بەوەی مرۆڤ کاتێک دەتوانێت پەنا بۆ مافەکانی ببات لەچوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا، دەبێت هاوڵاتی دەوڵەتی نەتەوەیی بێت، لەبەرئەوە دۆڕاندنی ئەو پێگە یاساییە واتای لە دەستەدانی سەرجەم مافە سیاسی و مافەکانی مرۆڤە، بۆیە بەڕای **ئارێنت** لەم ڕووەوە لە سەدەی بیستەمدا چەندەها دەوڵەت مافی هاوڵاتیبوونی لە ملیۆنەها مرۆڤی ناو سنوورەکانی خۆیان سەندەوە و لە زێدی خۆی دەری کردن. ئەمەش بە ڕوونی لە ساڵانی حەفتا و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر دەستی بەعس بە دڕندانەترین شێوە بەسەر کوردە فەیلییەکاندا داهات، کاتێک ڕژێمی بەعس ژمارەیەکی زۆری، لەوانەی پیربون، بە ژن و پیاوەوە، و ئەوانەی منداڵ بوون، بە بڕیاری فەرمی ڕەگەزنامەی عێراقییان لێ سەندرایەوە و بە ناهەق بە ئێرانی لە قەڵەم دران و ڕەوانەی ئێران کران، ژمارەیەکی یەکجار زۆریش لە لاوەکانیان لێ جیاکرایەوە و پاشان بە کۆمەڵ کوژران[2]. ئەمە جگەلەوەی لە ماوەی ساڵانی جەنگی عێراق- ئێران نزیکەی ٤٠ چل هەزار شیعەی عێراقی ماڵ و حاڵیان پێجێهێڵدرا و دەرکران و بەپێی هەندێک سەرچاوەش لەسەرتاپای جەنگەکەشدا ئەو عێراقییە دەرکراوانەی خۆیان لە ئێران بینییەوە بەنزیکەیی ٤٠٠ چوار سەد هەزار خەمڵێنران[3]. کەواتە ئەو شوناسی عەرەبیبوون و بەعسیبوونە تەواو پێچەوانەی چەمکی هاوڵاتیبوونە لە ڕوانگەی **ئارێنت**ەوە، بەوەی هاوڵاتیبوون، واتە هەبوونی مافی ئازادی سیاسی و سەرجەم مافەکانی ژیان وەک مرۆڤ نەک لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئەتنی و ئایینی و ئایینزایی، کە تەنانەت وەک پێشتر باسمان کرد لەم ڕووە **ئارێنت** ڕەخنە لە دەوڵەتی ئیسرائیل دەگرێت لەبەرامبەر پێشێلکردنی مافی فەڵەستینییەکان و داوای پێکەوە ژیانیان لێ دەکات.

کەواتە، دەکرێ بگەین بەوەی کە شوناسی بەعس هەم شوناسێکی نەتەوەییە، هەمیش شوناسی بەعسیزمە، واتە لێرەوە عەرەبایەتی و بەعسیزم دەبن بە شوناس و ئایدیۆلۆجیای بەعس، ئەمەش بەردەوام لەلایەن بەعس جەختی لەسەر کراوەتەوە؛ ئەواتا **سەدام** لە (٢٥/ ١١/ ١٩٨٩)دا دەڵێت: "ناوی حزبەکەمان لە سەرەتاوە بەعسی عەرەبی بوو بەرلەوەی ناوی بنرێت بەعسی عەرەبی ئیشتراکی"[4]. هەروەها **سەدام** ئەندامبوون لە بەعس لەسەرووی هەموو شتێک دادەنێت و حزبیش لە سەرووی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە دەبینێ و دەبێ حزب ئەوان ئاراستە بکات و فەرمانیان پێبکات. بەمەش **سەدام** لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی سەرجەم ئۆرگانەکانی حزب، هەژموونی تەواوی بەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەتدا هەبوو، و دامەزراوە دەوڵەتییەکان تەنها شتێکی ڕوکار بوون[5].

ئەمەش بەپێی ڕوانگەی **ئارێنت** یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی بزوتنەوە تۆتالیتارەکان دوای گەیشتنیان بە دەسەڵات. کەواتە، ئەوەی تا ئێرە باسکرا، ئەوە دەردەخات، کە شوناسی بەعس هەڵگری ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیستی عەرەبی، و دیدگا نەتەوە پەرستەکەی و بیروباوەڕی نازیزم و فاشیزم، بیرکردنەوەی خێڵ و عەشیرەت و ئایین و مەزهەبە، ئەمەش سروشتێکی توندوتیژی پێبەخشیوە، بەجۆرێک لە مێژووی خۆیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام بەعسیزم دیاترین شوناسی بەعسی پێکهێناوە بەتایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی **سەدام** دا، کە خۆی لە شوناسی لەناوبردنی فیزیکی نەیارە سیاسییەکانیدا دەبینییەوە. هەرچی سەبارەت بە چۆنیەتی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی حزبی بەعسە لە عێراقدا، ئەوە ئەو پرسە ڕەنگدانەوەی شوناس و پێکهاتەی دنیابینی و ئایدۆلۆجیاکەیەتی، لەبەرئەوە دامەزرێنەرە مەدەنییەکانی حزبی بەعس هەر لە سەرەتاوە وەها دەیانڕوانییە سوپا کە ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، بۆیە هەر لە زووەوە وەک حزبە ناسیۆنالیستەکانی تر و وەک پارتی کۆمۆنیست، کەوتنە هاندانی ئەندامانیان بۆ چوونە

---

[1] د. حامید مەحمود عیسا، کێشەی کورد لە عێراق، ب٢، و: سوارە قەڵادزەیی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣، ل٦٦.

[2] حەسەن یاسین، جینۆسایدی فەیلییەکان، گۆڤاری کولتور، ژمارە (٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

[3] نادیە سادق ئەلعەلی، ژنانی عێراق..چیرۆکە نەوتراوەکان لە ١٩٤٨-وە تا ئەمڕۆ، و: دڵشاد محەمەد، سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر، چاپخانەیی بینایی، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٣، ل٢٥٠.

[4] رامیار مەحمود، بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ل٣٢-٣٤.

[5] د. شۆڕش حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٠.

ناو كۆلێجە سەربازییەكان؛ لەبەر ئەوە شتێكی چاوەڕوانكرابوو كە ئەم بەعسییانە لەگەڵ ئەفسەرەكانی سەر بە حزبەكانی تر كە ئەوانیش بۆ هەمان مەبەست دزەیان كردبووە ناو دامەزراوەی سوپایی توشی ناكۆكی و پێكدادان ببن، بەتایبەت كە هەموو لایەک لە كۆششدا بوو بۆ هەڵكوتانە سەر دەسەڵات بەهۆی سوپاوە پێش ئەوەی لایەنێكی تر هەڵبكوتێتە سەر دەسەڵات[1]. دوای ئەوەی لە مانگی تەمووزی ساڵی (١٩٥٨)دا، دەستەیەک لە ئەفسەرانی سوپا كە پێیان دەگوترا ئەفسەرانی ئازاد لە ژێر سەركردایەتی **قاسم** دا كودەتایەكی سەركەوتوو و لە هەمان كاتیشدا خوێناوییان دژی مەلیک و حكومەتەكەی بەرپا كرد و بانگەوازی دامەزراندنی ڕژێمێكی سیاسی نوێی كۆمارییان لە عێراقدا بڵاوكردەوە، زۆربەی گروپە نەیارەكانی وڵات پێشوازییان لە لابردنی ڕژێمی پاشایەتی كرد و پشتگیری و لایەنگری خۆیان بۆ حكومەتی كۆماری نیشان دا بە كوردیشەوە[2]. بەڵام كاتێک گرژی باڵی بەسەر پەیوەندییەكانی **قاسم** لەلایەک لەگەڵ كۆمۆنیستەكان، و لەلایەكی ترەوە لەگەڵ كورددا كێشا، بەعسییەكان لە ٨ی شوباتی (١٩٦٣) كودەتایان بەسەر **قاسم** دا كرد؛ لەگەڵ كودەتای شوباتدا ڕەوشێكی خوێناوی پڕ شەرمەزاری لە عێراق دەستی پێكرد كە بە تیرۆركردنی **قاسم** دەستی پێكرد تا دەگاتە كوشتنی هەزاران كۆمۆنیست، سەرئەنجام پاش لە نۆ مانگ و دە ڕۆژ لە كودەتاكە، حزبی بەعس بە كودەتا لەسەر دەستی (**عەبدولسەلام عارف**) لە كار خرا[3]. بەڵام حزبی بەعس بۆ جاری دووەم لە ١٧ی تەمووزی (١٩٦٨)، بەپێی پیلانێكی ئیمپریالیستانە، دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا گرتەوە دەست و تا ساڵی (٢٠٠٣) ڕكێفی دەسەڵاتی لە عێراقدا بەدەستەوە بوو، چونكە بەپێی ئەم پیلانە **سەدام** هەموو ئەو ئەفسەرە سەربەخۆیانەی هاوكار بوون لە كودەتاكە لە دەسەڵات دوورخستەوە[4]. ئیدی لیرەوە لەژێر سایەی بەعس و سەركردە خوێنڕێژەكەی هەلومەرجی ئازادی لە هەرێمی كوردستان چووە قۆناغێكی ترەوە كە زۆر جیاواز بوو لەپێش خۆی، لەبەرئەوە لقی دووەم بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەكەین.

## لقی دووەم: مەودای ئازادی لە باشووری كوردستان لە سایەی ڕژێمی بەعسدا، بەپێی ڕوانگە تیۆرییەكانی ئارێنت بۆ تۆتالیتاریزم

وەک لە تەوەرەی یەكەم باسمان كرد، دەوڵەتی عێراقی لە قۆناغی دروستبوونییەوە تا ساڵی (١٩٥٨) دەوڵەتێک بوو بەشێوەیەک لە شێوەكان و بە زەحمەتییەكی زۆرەوە جێگەی زیاد لە دەستەبژێرێكی سیاسی تێدا دەبووەوە، ئەم دەستەبژێرانە توانیویانە تارادەیەک لە فۆرمی حزب و گروپی سیاسیدا خۆیان ڕێک بخەن، ئەمە وێڕای ئەوەی لە دەرەوەی دەوڵەت خۆشیدا كۆمەڵێک هێز و گروپ و كۆمەڵەی جیاواز هەبوون كە لانی كەم دەسەڵاتێكی ڕەمزی و مەعنەوییان هەبووە و هەندێک جار كاریگەرییان لەسەر بڕیاری سیاسی و لەسەر پانتایی سیاسی هەبووە، بەڵام مێژووی دوای ساڵی (١٩٥٨) مێژوویەكە تەواو پێچەوانەی پێش خۆیەتی بەتایبەت سەردەمی بەعس. واتە مێژووی مۆنۆپۆلكردن و لەناوبردنی فرەفۆڕمی و فرەلایەنی و كۆكردنەوەیەكی بەرتەسک و ترسناكی هەموو دەسەڵاتەكان لە دەستی **سەدام** دا[5]. ئەم مۆنۆپۆلكردن و لەناوبردنی فرەییە لە بونیادی تیۆری حزبی بەعس لە عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ شوناسی بەعسیزم و سێ بنەما سەرەكییەكەی كە بوو بوو بە دروشمی سەرەكی بەعسییەكان وەک لە لقی یەكەم ئاماژەمان پێدا، واتە (**یەكێتی، ئازادی و سۆسیالیزم**. مەبەست لە یەكێتی بەلای **عەفلەق** پێش ئەوەی سیاسی بێت دەبێ یەكێتییەكی ڕوحی و نەتەوەیی گەلی عەرەب بێت، سەبارەت بە سۆسیالیزم، ئەوە جیایە لە سیستەمە سۆسیالیستەكانی تر كە هەن، لەبەرئەوە بە ڕای بەعس سۆسیالیزمی عەرەبی هەڵقوڵاوی ناسیۆنالیزمی عەرەبییە، واتە ناسیۆنالیزم سۆسیالیزم بەرهەم دێنێ، و سۆسیالیزم تەنها لقە و ئەنجامی دۆخی نەتەوایەتی و پێداویستی نەتەوەی عەرەبە. ئازادیش لە ڕوانگەی بەعسەوە واتای بەدیهێنانی ئازادی

---

[1] غەسان نەعسان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢.
[2] نادر ئینتیسار، ئیتنۆنەتەوایەتی كوردی، و: عەتا قەرەداخی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ل١٣٠-١٣١.
[3] غەسان نەعسان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٣.
[4] ئەمین قادر مینە، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.
[5] مەریوان وریا قانع، بیركردنەوە لە سەردەمە تاریكەكاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤١-٤٢.

نەتەوەی عەرەب و ڕزگـاری نیشـتمانی عەرەبیـیە نەوەک پاراسـتنی ئـازادی و کولتـوری فرەیـی و دیموکراسییانە[1]. ئەمەش واتـای ئەوە دەگەێنـێ کە پـڕۆژەی حزبـی بەعـس و سـەرکردەکەی پـڕۆژەیەک نەبووە بۆ فراوانکردنی مەودای ئازادی و جیاوازییەکان، بەڵکو پڕۆژەیەک بووە یەک جۆر مرۆڤ و یەک تایپ کۆمەڵگەی دەوێت، ئەو جۆرە مرۆڤ و کۆمەڵگەیەی ئەم پـڕۆژە نوێیەی حزب بەرهەمـی دەهێنـا، تایپێک لە توندوتیژی بوو. حزبی بەعس نەیدەویست دیوە نەرمەکەی ژیانی مۆدێرنە بگوازێتەوە بۆ نـاو عێراق، بەڵکو بە شوێن گواستنەوەی دیوە توندەکەی مۆدێرنەدا دەگەڕا، بەمەش زەبر و توندوتیژی بەشێکی مۆدێرنەی کرد بە سیمای خۆی، و کارەکتەرێکی ئاراستەکراوی توندوتیژی پێ بەرجەستە کرد. لەبەرئەوە لەگەڵ خۆیدا هەرچی جیاوازی و فراوانکردنـی مەودای ئـازادی سیاسییە لە کۆمەڵگەی عێراق بەگشتی و شارە کوردییەکان بەتایبەتی قەتیس کرد، و تەنانەت ئازادی ڕەخنە و بۆچوونی جیاواز لە ناو خودی حزبی بەعسیش ڕێـگەی پـێ نەدەدرا؛ ئەمەش کۆتـایی هێنـان بـوو بە هەمـوو خەونێـک لە سـەردەمی دەسـەڵاتی بەعسدا بیر لە ئازادی و ڕەخنە و جیاوازی بکاتەوە[2].

ئەمەش مانـای وایە، ئەو بـێ بەهـا کـردنەی جیـاوازی و فرەییەی حزبـی بەعـس وێرانکردنـی مەودای ئـازادی سیاسـی، کـورتکردنەوەی کـۆمەڵگەیە لە یەک نەتەوە و گـروپ و بەرتەسـکردنەوەی ئـازادی و بۆچـوونی جیـاواز تەنـانەت ئەگەر لەنـاو خـودی بەعسیشـدا بێـت، بـۆیە دەبینـین دوژمـن لە دیـدی بەعسـدا ئەوەنـدەی دوژمـنە لە کـایەی سیاسـیدا، واتە مومارەسـەکردنی ئـازادی سیاسـی وەک هـاولاتیبوون، ئەوەنـدە دوژمـن نییە لە کـایەی کولتـوردا، بـۆ نمـوونە: بـوونی ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆن و ڕۆژنـامە و کتێبـی کـوردی لەعێراق کە بەعس لەژێر کۆنتڕۆڵی خۆیی ڕێگەی پێدابوو. واتە بەعس تا ئەو شوێنە وازی لە کولتورێـک دەهێنـا کە بە کولتـوری خـۆی بمێنێتەوە، و نەبێتە کەرەستەیەک بـۆ داهێنـانی شوناسـێکی سیاسـی، جـا ئەو شوناسە ئەتنی بێت وەک لەلای کورد دەبینرێت یـان شوناسـی ئـایینزایی بێـت وەک لەلای شیعە دەبینرێت. لەبەرئەوە ئۆپۆزسـیۆنێکی کـوردی هەمـان چارەنووسـی هەبـوو کە ئۆپۆزسـیۆنێکی شـیعی یـان سـوننییەکی کۆمۆنیستی هەیبوو، ئەویش لەناوبردنی فیزیکـی بـوو، بەجۆرێـک لە قۆنـاغی دەسـەڵاتی **سەدام** لە کـایەی سیاسیدا جێگەی بۆ هیچ فرەییەک نەهێشتەوە[3]. لێرەوە هەم ڕەنگدانەوەی ئەو ڕوانـگەیەی **ئارێنت**مـان، بـۆ دەردەکەوێت سـەبارەت بە سیما توندوتیژەکانی مۆدێرنەی بەعـس، بەوەی نـاوبراویش تۆتالیتـاریزم وەک دیـاردەیەکی نەرێنـی مـۆدێرنە نـاو دەبـات، چـونکە جیهـانی هـاوبەش و ئـازادی لەنـاو دەبـات، هەمـیش ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچـوونەی **ئارێنت**ە، سـەبارەت بە فرەیـی لە سـایەی ڕژێمـی تۆتالیتاریـدا، کە هەرچـی جیـاوازیی و فرەیـی مرۆڤەکـان هەیە، کە بەرئەنجـامی کـردە و قسـەی ئـازادی سیاسـی مـرۆڤە لەمیـانەی کۆبوونەوە بەیەکەوە و ئاڵوگۆڕی بۆچوونە جیاوازەکان، بەشێوەیەک وێران دەکات وەک ئەوەی فرەییـان لە تـاکە مرۆڤێکـی دێوئـاسا بتوێنێتەوە، ئەمەش بە تەنهـا بنبڕکردنـی ئـازادی یـان ئـازادییە سـەرەکییەکان نییە، بەڵکو هەموو ئازادییەک، واتە پانتایی پێویست بە جوڵەی تاکەکەسیش لەناو دەبات.

بەم شێوەیە بەعس وەک دەسەڵاتە تۆتالیتارییەکانی تری ئەم جیهانە، لە میانەی پیادەکردنی توندوتیژی و زەبر و زەنگ و تۆقاندن کـۆی ملمـلانـێ سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکـانی نـاو دەوڵەت و کۆمەڵگەی عێراقـی لە پرۆسەی پێشکەوتن و کۆنتڕۆڵکردنی دەسەڵاتی سیاسی خۆیدا یەکلادەکردەوە، لەبەرئەوە هەوڵی نەهێشتنی سەرجەم فرەڕەنگی و فرەدەنگییەکی دەدا، هەوڵی کۆنتڕۆڵکردنی تەواوی مەوداکـانی ئـازادی سیاسـی دەدا، لەو میانەیەشدا تـوانی هەنگـاو لە دوای هەنگـاو خەڵـک بەلای خۆیدا ڕابکێشـێ و لە فۆڕمێکی جەمـاوەری تەیار سازیان بکات، بەجۆرێک وایان لێ بکات جگە لە چاوەڕوانی وتەکانی سـەرۆک بـۆ ئەوەی مـوژدەی خۆشبەختیان بەسەردا پەخشبکات هیچ مەیلێکی تریـان نەبێـت. سـاڵ لە دوای سـاڵیش تـوانی هەمـوو دەنـگە جیاوازەکـان و ئۆپۆزسیۆن بکـوژێنێتەوە و لەوێشـەوە ڕووبەرەکـانی دەسـەڵات پـاوان بکـات و لە کۆتاییشـدا

---

[1] ماردین حسن، زاراوەی بەعس و پێناسـەی بەعسیزم، مـاڵپەڕی مێژووی کورد، ٢٥/ ٨/ ٢٠١٨، ڕێکەوتـی سـەردانکردن ٢٨/ ٩/ ٢٠٢٠، بەردەستە لە :

http://www.historyofkurd.com/2018/08/25/.

[2] نەبەز گۆران، گەڕانەوەی گوتـار و کردەکـانی بەعس بـۆ ئێسـتای ئێمە، مـاڵپەڕی دەنگەکـان، ٢٥/ ٣/ ٢٠١٩، ڕیکەوتـی سەردانکردن، ٢٩/ ٩/ ٢٠٢٠، بەردەستە لە:

http://dengekan.info/archives/10482.

[3] ئاراس فەتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٣٠-١٣١.

دەسەڵاتدارێتی تاک حزبی تیرۆرستانە بونیاد بنێ و نەخشە گشتگیرەکەی کە بۆ سیاسەت و دەوڵەت و کۆمەڵگە دایناوبوو پیادە بکات[1]. هەروەها نووسەری کورد **(فاروق ڕەفیق)**یش هەمان ڕاوبۆچوونی هەیە، کە بەعسیزم جیهانبینییەکی تۆتالیتارییە، کە ڕەهەندێکی ژیان نییە هەم نەی گرتبێتە خۆی و هەم دەستکاری نەکردبێت، بەجۆرێک ئەم ئایدیۆلۆجیا گشتگیرە تۆتالیتارییە نەک تەنیا دەستی کردە دەستکاریکردنی دەوڵەت و حکومەت و شێوازی فەرمانڕانیکردن، بەڵکو بوارێکی ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتە بە شارەکانی باشووری کوردستانیشەوە ناما کە دەستکاری نەکا و بگرە لەوەش ترسناکتر دەستی دەبرد بۆ لاقەکردنی مرۆڤ، تەنانەت ئایدیۆلۆجیا تۆتالیتارییەکەی بەعس هەروەک ئایدیۆلۆجیای فاشیزم و نازیزم دەستکاری سروشتی شتەکانی دەکرد. لەبەرئەوە بەرئەنجامی بەعس و بەعسیزم ئەو مرۆڤە جەماوەرییە بوو کە بەعس دروستیکرد، واتە مرۆڤیکی جەماوەری سەرگەردان کە نازانێ و ناتوانێ لە دەرەوەی بەعسیزم بیر لە ئەلتەرناتیڤی جیاواز بکاتەوە[2]. بەمەش بەعس لەناو کۆمەڵگەی عێراقیدا لەوەدا سەرکەوت کە ئینسانی عێراقی بە کورد و سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانەوە لە بەشێکی زۆری ئینتما کۆمەڵی و کۆییەکان دابماڵێت و لەبەردەم دوو ئەگەردا دای بنێت: یان بوون بە بەعسی، یاخود تەریک کەوتن و لەدەستدانی هەموو پانتایی و پەناگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بەجۆرێک مێژووی حەفتاکان و هەشتاکان مێژووی دروستکردنی لەشکرێکی گەورە لەو تاکەکەسە تەریککەوتووانە بوو کە بەعس باوەشی بۆ کردنەوە و دەیهێنانە ڕیزەکانی خۆیەوە، واتە دەسەڵاتی حزبی بەعس ببێتە جێگرەوەی دەسەڵاتی ناوچە و چین و گروپە ئیتنی و ئایینییەکان؛ ئەمە وێرای بوونی تۆڕێکی گەورەی چاودێری و سیخوڕیکردن[3].

لێرەوە دەکرێت ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی ڕوانگە تیۆرییەکانی **ئارێنت** بۆ تۆتالیتاریزم لە بەعسدا بەدی بکەین، بەوەی دەبینین دەسەڵاتی بەعس دەچێتەوە سەر هەمان ئەو دوو بنەمایەی کە **ئارێنت** بۆ تۆتالیتاریزم دیاریکردووە، کە تێیدا لە میانەی ئەو دوو بنەمایەوە لێکدانەوە بۆ مەودای ئازادی دەکات لە سایەی دەسەڵاتی تۆتالیتاریزمدا، ئەو دوو بنەمایەش: ئایدیۆلۆجیا و تیرۆرن، بەوەی تیرۆر لە ڕێگەی ترس و زەبر و زەنگەوە هەموو جۆرە ئازادییەکی دەرەکی و پانتاییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەناو دەبات، و ئایدیۆلۆجیاش هەموو مەیل و ئازادییەکی ناوەکی لەناو دەبات، ئەمەش سەرئەنجام سەردەکێشێت بۆ کردنی خەڵک بە جەماوەر و بێ مەیل کردنیان لە پەنابردنە بەر ئەو ڕێکخراوانەی لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش دامەزراون. لەلایەکی ترەوە تەریک کەوتنی مرۆڤ و لەدەستدانی پانتایی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی عێراقیدا وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، یەکێکە لەو خەسڵەتە دیارانەی تۆتالیتاریزم، کە **ئارێنت** زۆر لەسەری وەستاوە، و پێوایە مرۆڤی تەریک کەوتوو تایبەتمەندی مرۆڤی جەماوەرییە لە کۆمەڵگەی تۆتالیتاریدا، بەوەی تەریکی تەنها پانتایی گشتی- سیاسی نا، بەڵکو هەموو ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە، واتە باڵادەستی تۆتالیتاری تەنها بە گۆشەگیرکردنی مرۆڤەکان لە پانتایی گشتی ناوەستێت، بەڵکو ژیانی تایبەتیشیان لەناو دەبات، کە هیچ پەناگەیەکیان نەمێنێت جگەلە چوونە ناو بزوتنەوە تۆتالیتارییەکان.

بەم شێوەیە لێرەوە، پرۆژەی بەعس وەک ئەدەبیاتی سیاسی نازیزم و ستالینیزم و فاشیزم کاری لەسەر ئەوە کردووە حزبەکەی خۆیان وەک هێزێکی جەماوەری مەزن نیشانبدەن، هێزێک مێگەلێکی مەزن لە خەڵکی بەدوای خۆیدا ڕابکێشێت، سەرۆکێک توانایەکی کاریزمایی هەبێت و بتوانێت تەواوی هەست و هۆشەکان بخرۆشێنێت و ملکەچیان بکات. واتە وێنای سەرۆک لە سەرەوە لەناو بازنەیەکی پڕ تیشک و شەبەنگدا، جەماوەرێکی زەبەند و پان و پۆڕ لە پەراوێزدا[4]. ئەمەش لەو وتەیەی **عەفلەق** لە بە پیرۆزدانانی وێناوی **سەدام** زۆر بە ڕونی ڕەنگیداوەتەوە، کە دەڵێت: "سەدام خەڵاتی ئاسمانە بۆ بەعس، خەڵاتی بەعسیشە بۆ نەتەوە"[5]. واتە بەعسیش بەهەمان ئەو شێوەی **ئارێنت** لە بارەی تۆتالیتاریزم دەیخاتەڕوو، وەک ئەوەی لە بەشەکانی پێشتر ئاماژەی پێکرا، لە پیناو حزبە تۆتالیتاری و سەرۆکەکەی هەوڵی دەدا هەموو شتێک وێران بکات، مرۆڤ، پانتایی ئازادی سیاسی، هەڵوەشاندنەوەی حزب و

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ل١٠٠-١٠١.

[2] فاروق ڕەفیق، خەمە جڤاتییەکان، ب٢، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ل٩٠-٩١.

[3] مەریوان وریا قانع، بیرکردنەوە لە سەردەمە تاریکەکاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤٢-٤٤.

[4] بەختیار عەلی، خوێنەری کوشندە، چاپ و بڵاوکردنەوەی چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٦.

[5] وەرگیراوە لە: رامیار مەحمود، سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

ڕێخراوەکان و تەریکخستنی تاکەکان لە هەر پەیوەندییەک، کە **ئارێنت** ئەمە بە ئەتۆمیزاسیۆنی کۆمەڵگە ناوی دەبات. لەم ڕووەوە ئەگەرچی بەعس تاڕادەیەکی زۆر توانی لە شارە کوردیەکان پیادەی ئایدیۆلۆجیا گشتگیریەکەی و بونیادە حزبییە تیرۆرییەکەی بکات، هەر لە نانەوەی ترس و تۆقاندن و خستنە زیندان و ئەشکەنجەدان و کوشتنەوە بگرە لە ڕێگەی دەزگا پۆلیسیی و سیخوڕیەکانییەوە تا دەگاتە کارکردن لەسەر لایەنی سایکۆلۆجیای تاکەکان و تەریک خستنیان و بچوکردنەوەی ڕووبەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادی بەرامبەر هێزی حزب و دەوڵەت[1]. تەنانەت پیادەکردنی نەخشە گشتگیر و دنیابینییەکەی خێزان و ناوەندەکانی خوێندن و شێوازەکانی ژیان و پەیوەندییە کەسییەکانیشی گرتەوە، بە دەربڕینێکی تر هەوڵی بە بەعسیکردنی سەرجەم پانتاییەکانی ژیانی دەدا، هەر لە داگیرکردنی پانتایی گشتییەوە تا دەگاتە مۆنۆپۆلکرنی دامەزراوە مەدەنییەکان و نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکردنەوەیەک لەنێوان دەسەڵاتەکان و کۆنترۆڵکردن و تێکەڵکردنی پانتایی گشتی و تایبەت و لەسەرووی هەموویانەوە هەژموونی حزب بەسەر سەرجەم دامەزراوەکان و خێزان لە کۆمەڵگەدا[2]. بۆ نموونە لە سەرژمێرییەکانی (١٩٧٧، ١٩٨٧، ١٩٩٧) زۆرینەی خێزانە کوردییەکانی پارێزگای کەرکوک و قەزاکانی دەوروبەری ناچارکرد، کە ئینتمای نەتەوەیی خۆیان بگۆڕن و بێنە ناو حزبی بەعس، بەجۆرێک دوو ڕێگەی لە بەردەمدا هێشتنەوە؛ یان ئەوەتا بێنە ناو ڕیزی ئەم پارتە، یاخوود دەرکردنیان بۆ دەرەوەی ئەو پارێزگایە. دواتر دەسەڵاتی بەعس یاسایەکی بەناوی (**یاسای ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی**) دەرکرد و لەسەر کوردەکانی نیشتەجێی کەرکوک و ئەو قەزا کوردیانەی خرانە سەر پارێزگا عەرەبەکانی دەوروبەری کەرکوک پەیڕەوکرد، تەنانەت ئەم یاسایەی ڕاسنکردنەوە و گۆڕینی نەتەوەییە لەسەر تورکمانەکانیش جێبەجێکرا. دوای پرۆسەکانی بەعەرەبکردن، بەعس پەنای بردە بەر خاپورکردنی دەیان دێهاتی کورد لە دەوروبەری کەرکوک و دەستەبەسەرداگرتنی سامان و زەوییەکانیان و سوتاندنی ڕەز و باخەکان و بەتاڵانبردنی سامانی ئاژەڵی و کانیاو و مزگەوتەکانیان، ئەمە وێڕای هەڵوەشاندنەوە و بەعەرەبیکردنی خوێندنی کوردی لە پارێزگای کەرکوک و هەندێ لە قەزاکان و گۆڕینی ناوە کوردییەکانی قوتابخانە و بازاڕ و شەقامەکان بە ناوی عەرەبی[3].

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، لە یەکەم ساتەوە لە کوردستاندا بەعس کێشەی گەورەی تووش دێت، چونکە پاشەڕۆژی خۆی بەو شێوەی لە شارە کوردییەکان ڕوناک دەبینی، لە گوندەکان ئەوەی بەدی نەدەکرد، و دەیزانی لە بەردەم کۆمەڵگەیەکدایە ئاسان نییە بەزوویی ببێتەن بەشێک لە تەن و سێبەر و ئیرادەی ئەو، تێگەیشت لەوەی مرۆڤی کورد ئاسان لە مرۆڤێکی ئازادی ناو سروشتەوە هەڵناگەڕێتەوە و ببێتە سەرباز، لەوەش ئاگادار بوو ئەو ڕێگایانەی بەرەو گوندەکان دەڕۆن چەندەها جار سەختر و خوێناویترە، چونکە دەیزانی ڕووبەڕووی شێوە دەسەڵاتێک دەبێتەوە کە ڕیشەکەی لەناو مێژووەوە هاتۆتە دەرێ. لەبەرئەوە ڕامکردن و گۆڕین و گونجاندنی ئەو دەسەڵاتە لەگەڵ مۆدێلی بەعس کارێکی دژوارە، نەی دەتوانی دەزگا دەوڵەتی و ڕاگەیاندنەکان و ئیدارە و تەدارەکی خۆی لەو هەرێمە عاسێیانەی گوندەکان ساز بکات؛ کێشەی گەورەتر ئەوەبوو کە وەلائی جوتیاری کورد لە خێڵەکیەی بترازێت بۆ ئەو پێکهاتە سیاسی و حزبییەی هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگەی کوردی بوو شتێکی تری قبوڵ نەدەکرد، لەبەرئەوە دەبوو تەکنیکێکی جیا لە شارەکان لەبەرامبەر گوندەکان و ناوچە سنووریەکان بگرێتەبەر[4].

بۆ ئەمەش بەعس کەوتە پیادەکردنی بەرنامەیەکی دڕندانە و چڕوپڕ، لەو میانەیەدا سڵی نەکردەوە لە کیمیاباران و بۆردومانکردنی خەڵکی سڤیل لە دێهاتەکاندا، دواجار کیمیابارانی هەڵەبجە بە دڕندانەترین شێوە لە ١٦ی ئاداری (١٩٨٨)دا. بە بۆچوونی **بەختیار عەلی** وێنای هەڵەبجە وێنایەکی ئایدیاڵی هێزە کە بەعس پێویستی پێبوو، بەعس نایەوێت تەنیا تێمان بگەیەنێت کە ئەو دەتوانێت، بمان کوژێت، بەڵکو دەیەوێت تێبگەین کە ئەو هێزێکی کوتوپڕ و خێرایە، دەیەوێت پێمان بڵێت سایکۆلۆجیای بەدەوی عەرەبی واتای خۆی لەوەدا دەبنێتەوە، کە بیسەلمێنێت هێزێکە دەتوانێت لە چەند چرکەیەکدا شارێک خاپور بکات. لە لایەکی ترەوە نیشاندانی لۆجیکی نازییەکانە، واتە لۆجیکی گۆڕینی نوشست بە سەرکەوتن، هەرەس بە

---

(1) ئاراس فەتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٠٠-١٠١.
(2) فاروق ڕەفیق، ماڵیکی لێکترازا و ویژدانێکی بیمار، چاپخانەی ڕەنج، بێ شوینی چاپ، ٢٠٠٢، ل ل٨٤-٨٣.
(3) فۆئاد حەمە خورشید، کەرکوک لە بەڵگەنامەکاندا، چاپخانەی منارە، هەلێر، ٢٠٠٧، ل١٤٤.
(4) بەختیار عەلی، چێژی مەرگدۆستی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٥٧-٥٨.

هەستانەوە، مردن بە زیندوبوونەوە[1]. ئەمەش هەمان ئەو تێڕوانینەی **ئارێنت**ە کە لەبارەی لۆجیکی تۆتالیتاریزم باسی دەکات، واتە لۆجیکی دروستکردنی مرۆڤایەتییە بەپێی یاسای مێژوو و سروشت، کە هەموو شتێک بەڕەوا دەبینێت، ئۆردوگای مەرگ، لەناوبردنی دانیشتوان و خاپورکردنی شار لە چەند چرکەیەکدا، هۆلۆکۆست و ڕاگواستنی نەتەوەیەک بەتەواوی.

پاشان بەعس بەپێی بەرنامەیەکی ورد، شاڵاوی وێرانکاری و خاپورکردنی دێهاتەکانی کوردستانی خستەگەڕ، لەو میانەیەدا سەرەتا دەستی کرد بە ڕاگواستنی خەڵکی کوردستان بۆ باشووری عێراق و هێنانی عەرەب بۆ کوردستان، بەجۆرێک هەوڵیدا بە قوڵایی ٢٠ کیلۆمەتر لە سنورەکانی تورکیا و سوریا و ئێران تا دەگاتە خانەقین هەموو دێهاتەکان چۆڵ بکات. بۆ ئەوەش زۆرینەی کوردەکانی بۆ باشووری عێراق ڕاگواست و لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا کۆی کردنەوە، ئەمەش لە پێناو تواندنەوە و سڕینەوەی کورد بوو لە بۆتەی عەرەبیدا، تەنانەت ئەگەر چەند ماڵە کوردێک لە گوندێکی عەرەبیدا بووایە ناچاری دەکردن وەک ئەوان جلوبەرگ لەبەر بکەن و وەک ئەوان قسە بکەن، کە مەبەس لێی هەم سڕینەوەی هەستی نەتەوەیی بوو هەمیش مەبەستی لاوازکردنی زمان و شوناسی کورد بوو[2]. ئەمە وێرای گرتنەبەری پرۆسەکانی (**ئەنفال**[*]) لە ساڵی (١٩٨٨)دا، کە تێیدا بە هەزاران کورد بوونە قوربانی و کۆکردنەوەیان لە کەمپەکانی مردن و کۆمەڵ کوژیدا، کە لە بنەڕەتدا بەعس مەبەستی لەم پرۆسەیە سڕینەوەی ئەوانە بوو کە ملکەچ نابن و بەڕای هەندێکیش مەبەست لێی لەناوبردنی کورد بوو[3]. هەروەها بەڕای **مەریوان وریا قانع** مەبەست لە پرۆسەی ئەنفال بە پلەی یەکەم کۆنترۆڵکردن و دیسپلینکردنی تەواوەتی کۆمەڵگەی کوردی بوو لەلایەن بەعسەوە، ستراتیجی ئەمەش ڕوخاندنی گوندەکان و بونیادە ئابوورییەکەی بوو کە خۆی لە بەرووبوومی جوتیاراندا دەبینییەوە، بەوەی سەرچاوەی بژێوی و پاڵپشتی شۆڕش و پێشمەرگە بوو، لایەکی ترەوە ستراتیجی کۆکردنەوەی دانیشتوانی کورد لە شارە گەورەکان و ئۆردوگا زۆرەملێکاندا تەسلیمبوونی تەواوەتی کۆمەڵگەی کوردی و ئاسانکردنی سڕینەوە و لەناوبردنی کورد بوو[4]. هاوکات **بەختیار عەلی**یش پێیوایە ئەنفال پرۆسەی گرێدانەوەی سیاسەت بوو بە مەرگەوە، چونکە بەعس دەیویست لە هەر جێگایەکدا ژیان هەبێت دەستی بەسەردا بگرێت و بە زەبر و توندوتیژی دەرگاکانی بشکێنێت و بچێتەناوەوە، لەوەش ترسناکتر مەبەستی ئەوە بوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا هیچ مەودا و سوچێک بۆ ئازادی نەمێنێتەوە، کە پێچەوانەی ویستەکانی باڵادەستییە تۆتالیتارییەکەی بێت[5]. (**عەبدوڵڵا ئۆج ئالان**)یش ئەو پرۆسانەی لە سەدەی بیستەمدا بەسەر کوردی عێراقدا پەیڕەوکرا، بە سیاسەتی "خستنە قەفس و کردنی بە ئاژەڵێکی ماڵی- کەوی" دەچوێنێ، بەجۆرێک هیچ نیشانە و هێمایەک نییە کە کوردیان بە مرۆڤ لەقەڵەم دابێت[6]. هەرچۆنێک بێت، بەعس لە میانەی پرۆسەی ئەنفالدا دۆخێکی ترسناک و تراژیدیای وای دروستکرد، کە تێیدا مرۆڤ نەک مردنی، بەڵکو ژیانی شتێکی دەگمەن بێت، بەجۆرێک بە زیندووی مانەوە لەژێر دەسەڵاتە تۆتالیتارییەکەیدا بۆ زۆرێک وەک موعجیزە وابوو، دۆخێکی وا کە مرۆڤەکان زۆر

---

[1] بەختیار عەلی، خوێنەری کوشندە، ل ل٥٠، ٥٣، ٥٥.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود، سازدانی عومەر غوەڵامی، گۆڤاری جەماوەر، ژمارە (١)، پەیمانگای پێگەیاندنی کادیران (ح. س. د. ک)، سلێمانی، مارسی ٢٠٠٣، ل ل ٩-١٠

[*] ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە، کۆی وشەی (نفل)ە، کە بە عەرەبی بە واتای غەنیمە دێت، کە لە زمانی کوردیدا دەکاتە تاڵان و دەسکەوتەکانی شەڕ و بەسەرددادان. ناوەکەی لە سورەتی هەشتەمی قورئان هاتووە، کە هەر بەناوی (ئەنفال)ـەوە ناونراوە، وەرگیراوە. سورەتەکە بەم ئایەتە دەستپێدەکات: (يسألونك عن الأنفال قل الأنفال الله والرسول فاتقوا الله وأصلحو ذات بينكم)، واتە لەمەڕ دەسکەوتی جەنگەوە لێت دەپرسن، بڵێ: تاڵانی دوژمنان بۆ خودا و بۆ پێغەمبەرە ئەگەر باوەڕدارن، لە خودا بترسن و لەنێوان خۆتان ڕێکبکەون. گوایە ئەم ئایەتە لە ساڵی (٦٢٤) زاینی، دوایی شەڕی بەدر کاتێک موسڵمانەکان، بەتایبەت موهاجیر و ئەنسارەکان دەبێتە ململانێیان لەسەر دەسکەوتەکانی شەڕەکە، ئایەتەکە دابەزیوە. ئەویش بەمەبەستی یەکلایکردنەوەی پرسی دابەشکردنی دەسکەوتەکانی جەنگ. بڕوانە: (د. شێرکۆ کرمانج، ئەنفال: سڕینەوەی کورد لە پارێزگای کەرکوک، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (١٨)، دەزگای کەوانە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، نیسانی ٢٠١٣، ل ل١٠-١١).

[3] فوئاد نەجمەدین عومەر، ل ل١٣٣-١٣٤.

[4] مەریوان وریا قانع، بەختەوەری و بیدەنگی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ل١٤-١٥.

[5] بەختیار عەلی، چێژی مەرگدۆستی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

[6] عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، بەرگریکردن لە گەلێک، و: لۆقمان عەبدوڵڵا، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی (پ. چ. د. ک)، چاپخانەی ڕەنج، بێ شوێنی چاپ، بێ ساڵی چاپ، ل٣٢٦.

شتیان لەدەستدا، لە هەمووی ترسناکتر هەستی هاودەردی بوو، واتە سەیرکردنی مردنی خەڵکانی تر بە هیچ جۆرێک هەستی کەسانی تری نەدەجوڵاند. دیمەن و بەسەرهاتی ئەنفالکراوەکانی نوگرە سەلمان، کە لە لەبری ئەوەی خەڵک یارمەتییەک یان هاوسۆزییەکیان لەگەڵدا بنوێنن، پەرداخێک ئاویان بە پارەیەکی زۆر پێ دەبفرۆشت، لەبەرئەوە ئەو ژینگەیەی کە بەعس بەرهەمی هێنا ژینگەیەک بوو کە تێیدا مرۆڤ تاکە شتێک کە توشی سەرسوڕمان و خەمی نەدەکرد، مردنی کەسانی تر بوو[1]. کەواتە، هەموو ئەو هەوڵ و پرۆسە توندئامێزانەی بەعس، لە زیندانیکردن، ئەشکەنجدان، لاقەکردن، ڕاگواستنی کورد لەسەر خاک و ماڵەکەی، کیمیاباران و خاپورکردنی شار، بۆردومانی خەڵکی سڤیل، کوشتن و بێسەروشوێن کردن و کۆکردنەوە لە ئۆردوگاکانی مەرگ و پاشان بە کۆمەڵ کوشتنیان و بەئاژەڵکردنەوەی مرۆڤ لەپێناو سەپاندنی بالادەستی و ئایدیۆلۆجیا گشتگیریەکەی و لەناوبردنی هەموو دەنگ و ڕەنگێکی جیاواز و بەرهەڵستکار و یەکڕەنگ کردنی کۆمەڵگە و وێرانکردنی سەرجەم مەوداکانی ئازادی و پانتاییەکی گشتی، هەموو ئەمانەش ڕەنگدانەوەی ڕوون و ئاشکرای ئەو ڕوانگە و بۆچوونانەی **ئارێنت** پیشان دەدەن، کە لە بەشەکانی پێشتر لەبارەی ئەزموونی تۆتالیتاری نازیزم و بەلشەفیزمدا بەسمان کردن، کە چۆن لەژێر یاسای مێژوو و سروشتدا، هەموو شتێک بەڕەوا زانرا، نەک بە تەنها لەناوبردنی ئازادی، بەڵکو زیندان، ئۆردوگای مەرگ، هۆلۆکۆست، لەناوبردنی دانیشتوان، خاپۆرکردنی شار، ڕاگواستنی نەتەوەیەک، بە ئاژەڵکردنەوەی مرۆڤ. بەڵام هەر ئەو کردە دڕندانە نهێنییەکی بەهێزبوونی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و هاتنەپێشی هەلومەرجی ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) بوو، کە لە باسی داهاتوودا دێینە سەری.

## باسی دووەم

## ڕەنگدانەوەکانی چەمکی ئازادی بەپێی تیۆری سیاسی ئارێنت لە هەرێمی کوردستان لەدوای راپەڕینی (١٩٩١)دا

لەم باسەدا، کە کۆتا باسی توێژینەوەکەمانە، هەوڵدەدەین لە میانەی دوو داخوازیدا شیکردنەوە بکەین بۆ ڕەنگدانەوەکانی چەمکی ئازادی بەپێی تیۆری سیاسی **ئارێنت** لە هەرێمی کوردستان لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)ەوە. بۆ ئەو مەبەستەش لە داخوازی یەکەم، لە میانەی هۆکار و ئامانجەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی (١٩٩١) و چۆنیەتی بەرجەستەبوونی ئەو ئامانجانە لێتوێژینەوە بۆ ڕەنگدانەوەکانی چەمکی ئازادی لە هەرێمی کوردستان بەپێی ڕوانگە تیۆرییەکانی **ئارێنت** دەکەین. لە داخوازی دووەمیشدا، هەوڵدەدەین لە میانەی هاتنە ئارای پانتایی دەرکەوتن و پانتایی هاوبەش و پیادەکردنی چەمکی هاوڵاتیبوون خوێندنەوە بۆ ڕەنگدانەوەکانی چەمکی ئازادی لە پانتایی گشتی هەرێمی کوردستان بکەین بە پێی ڕوانگە تیۆرییەکانی **ئارێنت**.

### داخوازی یەکەم

### ڕەنگدانەوەکانی چەمکی ئازادی بەپێی ڕوانگە تیۆرییەکانی ئارێنت لە راپەڕینی (١٩٩١) لە هەرێمی کوردستاندا

پێشتر لە بەشی دووەمی توێژینەوەکە ئاماژەمان بەوە دا، کە ڕاپەڕینی نارەزایەتی دەربڕین لە دژی کەسانی فەرمانڕان تەنیا لە حاڵەتێکدا لە شۆڕش جیادەکرێتەوە کە ئامانج لێی گۆڕینی بونیادی ئەو سیستەمە نەبێت کە هەیە بە بونیادێکی سیاسی نوێ، لەم گۆشەنیگایەوە تیشک دەخەینە سەر هۆکار و ئامانجەکانی پشت ڕاپەڕینی (١٩٩١) و دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکان لەمەڕ ئەو ئامانجانە و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی ئازادی تێیدا بەپێی ڕوانگە تیۆرییەکانی **ئارێنت**، ئەمەش لە دوو لقدا هەوڵی ڕاڤەکردنی دەدەین.

#### لقی یەکەم: هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی (١٩٩١)

---

[1] ڕێبین هەردی، دژی بێدەنگی، چاپ و بڵاوکردنەوەی کۆمپانیای ئاوێنە، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٧، ل١٥٢.

لە باسی پێشوی ئەم بەشەدا، ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە بەدرێژایی دەیەکانی سەدەی بیستەم تا ساڵی (١٩٩١) زنجیرەیەک ناڕەزایەتی، خۆپیشاندان و ڕاپەڕین لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دژ بە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق ڕووی داوە، بۆ ئەمەش دوو نموونەمان وەک پانتایی گشتی کردەی ئازادی لە بیستەکان و سییەکان وەرگرت، هاوکات وێڕای شکست و نسکۆی شۆڕش و خەباتی چەکداری کورد لەهەمبەر حکومەتی عێراق لە ساڵانی (١٩٧٥ و ١٩٨٨)، بەڵام بزوتنەوەی شۆڕشگێری و ڕزگاریخوازی کورد لە هەرێمی کوردستان درێژەی هەبووە، کە خۆی لە ڕێکخستنی حزبە سیاسییەکانی باشووردا بینیوەتەوە، ئەم حزبانە لە سنووری عێراق- ئێران بنکە و بارەگایان جێگیر کردووە، و لە ڕێگەی چەند مەفرەزەیەکی پارتیزانیش لەناوەوەی خاکی هەرێم درێژەیان بە چالاکییەکانیان داوە. وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، ئاشکرایە کە ڕاپەڕین زۆر جار مەبەست لێی گۆڕینی سیاسەتێکی دژ بە مرۆڤانەیە بۆ سیاسەتێکی نەرم و نیانتر و گوێگرتن لە داواکاری و خواستی خەڵک، بەڵام هەندێک لە نووسەر و توێژەران پێیانوایە، ئەگەرچی (ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١[*]) وەک ڕوداوێکی مێژوویی چاوەڕواننەکراو، کە لە سەرەتادا بە دەستپێکردنی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری دژی دام و دەزگاکانی حکومەتی بەعس و دەستبەسەرداگرتنیان و ڕزگارکردنی شار و شارۆچکەکان سەریهەڵدا دەکرێ ناوی ڕاپەڕینی لێبنێین، بەڵام نووسەر و ئەکادیمیست (**د. ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا**) پێیوایە ڕاپەڕینی (١٩٩١) فۆرمیکی تازەتری وەرگرت، کاتێک لە میانەی دەرئەنجامە بە دەستهاتووە گەورەکان فەرمانڕانییەکی خۆجێی بەدەست هات و گۆڕانکارییەکی قوڵی بنەڕەتی سیاسی و بونیادنەرانەی لێکەوتەوە، ڕاپەڕینەکە چووە قۆناغی شۆڕشەوە. لەبەرئەوە دەکرێ بە ڕاپەڕین و شۆڕشی ئاداری (١٩٩١) ناوی بنێین[1].

لەم سۆنگەیەوە سەرەتا هەوڵدەدەین لە هۆکارەکان و پاشان لە ئامانجەکانی ڕاپەڕینی (١٩٩١) بکۆڵینەوە بەپێی ڕوانگە تیۆریەکانی **ئارێنت** بۆ شۆڕش. دیارە ڕاوبۆچوونی جیا جیا سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی (١٩٩١) لە ئارادان؛ لەبەرئەوە دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی هۆکارەکان لە دوو خاڵی سەرەکیدا کورتبکەینەوە، لەوانە:

---

[*] ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) تەنها لە کوردستانی عێراق ڕووی نەدا، بەڵکو سەرەتا شارەکانی باشووری عێراقی گرتەوە. دوای ئەوەی (**جۆرج بۆش**)ی سەرۆکی ئەمریکا لە ١٥ی شوباتی هەمان ساڵ لە وتارەێکدا "داوای لە سوپای عێراق کرد تا بڕیاری خۆیان بدەن و زۆر بۆ **سەدام**ی دیکتاتۆر بێنن لە دەسەڵات دابەزێت" ئەگەرچی ئەم بانگەوازەی **بۆش** مەبەست لێی هاندان بوو بۆ کودەتایەکی سەربازی، کە پێکهاتەی ڕژێمەکە وەک خۆی بمێنێتەوە و تەنیا **سەدام** بگۆڕێت بە دیکتاتۆرێکی دەستەمۆتر، دەستەواژەی "خەڵکی عێراقیش" وەک بیرۆکەیەکی درەنگوەخت زیادکرا، بەڵام لەناوخۆی عێراقدا وا لێکدرایەوە، قسەکانی **بۆش** ئاماژەن بۆ ڕاپەڕینێکی جەماوەری کە لەلایەن سوپای ئەمریکاوە پشتیوانی لێدەکرێت. لەبەرئەوە دوای تێکشکانی سوپای عێراق لە کوێت و ڕژانی سەبازەکانی سوپای عێراق بۆ ناو شار و شارچکەکانی باشوور، لە (١٩٩١/٣/١) ڕاپەڕین تەقییەوە و زۆربەی شارە شیعییەکان و چەند شارێکی سونیشی گریەوە. هەرچەندە ڕاپەڕینەکە هەڵچونێکی خۆڕسکانەی خەڵک بوو، بەڵام ڕاپەڕینەکە بەرنامەڕێژکراو نەبوو، لەبەرئەوە بۆشاییەکی دەسەڵاتی خەتەرناک دروست بوو، کە خاڵی بوو لە سەرکردایەتیکردن و ئاراستەکردنێکی ڕێک و یەکگرتوو، چونکە هەوڵەکانی (**ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق**) کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرا بۆ جڵەوکردنی ئاراستەی ڕاپەڕینەکە پێشهاتێکی مەترسیداری هێنایە ئاراوە، بەوەی ئەگەری ڕژێم گۆڕینێک کە سەر بکێشێک بۆ جێگرتنەوەی **سەدام** بە دەسەڵاتێکی ئایینی شیعی لە ژێر هەژموونی ئێراندا، هەم لەلایەن زۆر لە یاخیبووانەوە خوازراو نەبوو، هەمیش بەهیچ شێوەیەک لەلایەن ئەمریکاوە مایەی قبوڵ نەبوو. لەبەرئەوە ڕاپەڕین شکستی هێنا، و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیش بەرامبەر سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی باشوور لە لایەن ڕژێمی **سەدام** بێدەنگیان هەڵبژارد. بەڵام ڕاپەڕینی کوردستانی عێراق، لەبەرئەوەی باشتر ڕێکخراو و یەکگرتوو بوو لە ژێر ئاڵای بەرەی کوردستانی و دوو پارتە کوردییە سەرەکییەکە- یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، جۆرێک هەماهەنگی بە ڕاپەڕین درا، لەبەرئەوە سەرەڕای دەژە هێرشی سوپای عێراق لە کۆتای مانگی٣ی (١٩٩١) و داگیرکردنەوەی شارە ئازادکراوەکان، بەڵام کاریگەریەکانی ڕاپەڕین لە هەرێمی کوردستاندا بەرەو ئیدارەی سەربەخۆ و دەسەڵاتی دیفاکتۆی هەرێم لە عێرا ڕۆیشت، بە تایبەت دوای ڕودانی کۆڕە و بڕیاری ٦٨٨ لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و دروستکردنی ناوچەی دژەفڕینی هێڵی ئاسۆیی ٣٦ لە باکور و هێڵی ئاسۆیی ٣٢ لە باشووری عێراق و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان لە ١٩ی ئایاری (١٩٩٢). بڕوانە (لیام ئەندەرسن و گاریث ستانسفیڵد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٤٦-١٤٩) و (جليل عمر علي، السياسة الخارجية التركية حيال الشرق الاوسط ١٩٩١-٢٠٠٦، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، سليمانية، ٢٠١١، ص١٢٦).

[1] د. ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٦-٢٧.

**یەکەم/ هەلومەرجی ناوەخۆیی هەرێمی کوردستان:** وەک لە باسی پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ئەو پرۆژە بەعسیزمە دڕندانە و دژە مرۆڤانەی حکومەتی عێراق لە سەردەمی دەسەڵاتی حزبی بەعس و **سەدام** دا بەرامبەر بە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پەیڕەویکرد لە پێناو ڕامکردن و ملپێکەچکردنی هاوڵاتیان و سەپاندنی دەسەڵاتە تۆتالیتارییەکەیدا و لەناوبردنی سەرجەم مەودا و پانتاییەکانی ئازادی، بەجۆرێک پرۆژە و سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەکەی لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٧- ١٩٨٨) گەیشتە ئاستی جینۆسایدکرنی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە میانەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و شاڵاوە قێزەونەکانی ئەنفالدا، کە تێیاندا بەسەدان هەزار هاوڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق بوونە قوربانی، تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لە کچ و ژنی ئەنفالکراو کە تەمەنیان لەنێوان ١٢- ٢٩ ساڵی دابوو بە حکومەتی کۆماری میسر فرۆشان، بەڵام هەموو ئەمانە بەتایبەت ئۆردوگا زۆرەملێکان کە هەم مەبەست لێیان ئەوەبوو کە دانیشتوانی گوند و شارۆچکە ڕاگوێزراوەکان سەرقاڵی دابینرکدنی پێداویستییە ژینەکییەکان بن و ملکەچی ویست و فەرمانەکانی دەزگا سەرکوتەکانی ڕژێم ببن، هەمیش مەبەست لێی شکستپێهێنانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و دەستگرتن بەسەر بۆچوونی سیاسی دانیشتوانی ئەو ئۆردوگایانە و ڕاهێنانیان لەگەڵ شێوەیەک لە ژیانی کۆیلایەتی کۆمەڵایەتییان بوو. بوونە هاندەرێک تاوەکو بەرەنگاری ئەو ستەمە زۆرەی حکومەتی عێراق ببنەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەوان بەهۆی ئەو چاودێرییە توندو تۆڵە سەربازی و سیخوڕییەی بەعس خستبوویە سەر ئۆردوگاکان هیچ ڕێوشوێنێک یاخود میکانیزمێکی ئەو تویان نەبوو بۆ بەرەنگاربوونەوە، بەڵام دوای یەک دوو ساڵ مانەوە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئۆردوگاکان ڕێگەی چیاکانیان گرتەبەر یان چوون بۆ ئێران و بوون بە پێشمەرگە و ئامادە نەبوون ژیانی ملکەچی و کۆیلایەتی پەسەند بکەن، ئەوانەی مابوونەوەش سەرەڕای ترسێکی زۆر لە ڕژێم چاوەڕوانی دەرفەتێکیان دەکرد تا ئەو ڕقەی لە ناخیاندا پەنگی خواردبۆوە، بتەقێتەوە، ئەمەش بوو بە گرنگترین هۆکاری سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی (١٩٩١)، کە خەڵکی بە یەک دەنگ و یەک دەست لە دژی رژێمی **سەدام** ڕاپەڕن[1].

بەگشتی دڕندەیی هێزەکان و جەلادەکانی بەعس خەڵکی کوردستانی بە هەموو چین و توێژەکان بەشێوەیەک بێزار کردبوو، کە خەڵک ژیان و گیانی خۆی لەپێناو رزگاری و ئازادیدا نەیەتە بەرچاو؛ وەک **(جۆناسان ڕاندڵ)** سەبارەت بە ڕق و کینەی دانیشتوانی هەرێم بەرامبەر بە بەعس دەڵێ: "تەنها یەک سەردان بۆ بنکە و دەزگای ئاسایش و ئیستخباراتی سلێمانی بەسە بۆئەوەی لەهۆی بەو شێوە تەقینەوە و تۆڕەیی کورد بگەین" شایەنی باسە **ڕاندڵ** لە ساتەکانی ڕاپەڕین لەگەڵ خەڵکی کوردستان بووە، و لە نزیکەوە شایەتی ڕووداوەکان بووە[2].

لیرەدا دەکرێت ئەو ڕوانگەیەی **ئارێنت** بۆ ئازادی بەئاشکرا بەدی بکەین، بەوەی یەکەم فەزیڵەتی سیاسەت کە **ئارێنت** بانگەشەی بۆ دەکات ئازایەتییە، کە بەڕای ئەو کەسێک دەتوانێت ئازاد بێت، کە ئامادەیە ژیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە و سەرکێشی بکات و ئازایەتی بنوێنێ کە ماڵ و ژیانی تایبەتی و پێداویستی ژینەکی تێپەڕێنێ و بتوانێت لەگەڵ ئەوانی دی پەیوەندی ببەستێ و پانتایی گشتی ئازادی بەرجەستە بکەن، چونکە ئەو کەسەی بە خۆشەویستییەکی زۆرەوە دەستی بەژیانەوە گرتووە، ئەوا ناتوانێت ڕوحێکی ئازادی هەبێت و لەژێر ستەمگەری سیاسی و کۆیلایەتیدا دەمێنێتەوە. ئەم ڕزگاربوونە پەتییەش کە پیش مەرجی ئازادییە پێویستی بە هاوڕێیەتی کەسانی دی هەیە کە لە هەمان دۆخ دان، ئەم هاوڕێیەتیش بە ڕوونی لە کاتی ڕاپەڕینی خەڵکی هەرێمی کوردستاندا دەردەکەوێت، هەر ئەم تێروانینەی **ئارێنت**ە ئەوەمان پێدەڵێت، کە ئەوانەی تەنها لە خەمی بژێویدان و جگەلەوە بیر لە هیچی تر ناکەنەوە، ناتوانن سیاسەت ئەزموون بکەن و ببن بە شۆڕشگێر و بەشداری لە کایەی پیادەکردنی ئازادیدا بکەن (لێرەدا مەبەستمان لە ڕاپەڕینی (١٩٩١)ە وەک کایەیەکی پیادەکردنی ئازادی سیاسی).

---

[1] د. ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا، ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) لە باشووری کوردستان، ب٣، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٨، ل ل٨٤-٨٦، ١٢٠-١٢١.

[2] وەرگیراوە لە: د. شێرزاد نەجار، د. عەبدولحەمید بەرزنجی و چنار سەعد عەبدوڵا، بوژانەوەی هۆشیاری نەتەوەیی کورد دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٦)، دەزگای ڕۆژنامەنووسی و برایەتی و خەبات، بێ دەزگای چاپ، هەولێر/ کەرکوک، کۆتایی ٢٠٠٢، ل١٣٢.

**دووەم/ جەنگی دووەمی کەنداو**: لە ٢ی ئابی (١٩٩٠) حکومەتی عێراق پەلاماری دەوڵەتی **(کوێت)**ی دا، و داگیری کرد؛ هەموو جیهان بە دەوڵەتە عەرەبییەکانیشەوە لەهەمبەر ئەو دەستدرێژییەی ڕژێمی عێراق وەستان و داوای کشانەوەیان لێکرد، بەڵام عێراق لەو ملهوڕییەی پاشگەز نەبۆوە، لەبەرئەوە (٣٢) دەوڵەتی جیهان بە هێزی سەربازی و بە سەرۆکایەتی ئەمریکا لە (١٩٩١/١/١٧) هێرشی ئاسمانی و زەمینییان کردە سەر هێزەکانی عێراق و لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا سوپای عێراقیان تێکشکاند، تێکشکانی هێزی سەربازی عێراق، دەرفەتێکی زێڕینی بۆ هێزە بەرهەڵستکارەکان و خەڵکی تووڕە ڕەخساند و هەلومەرجە بابەتی و خودییەکە پێکەوە پێگەیشتن، و لە (١٩٩١/٣/١) جەماوەری باشووری عێراق کە شیعە مەزهەبن دژی ڕژێمی عێراق ڕاپەڕین، ئەمەش بووە هاندرێک کە ڕۆڵەکانیان لەناو سوپای عێراق پەیوەندی بە شۆڕشگێرە ڕاپەڕیوەکان بکەن، بەجۆرێک ڕاپەڕینەکەی باشوور زۆربەی شارەکانی ئەو دەڤەرەی گرتەوە و گەیشتە نزیک بەغدای پایتەخت و مەترسی خستە سەر فەرمانڕانی بەعس، بەڵام ڕژێم بەهۆی هێزەکانی گاردی کۆماری کە لە جەنگی کوێت دا زیانێکی ئەوتۆی پێنەکەوتبوو توانی لە ماوەیەکی کەم ئاگری ئەم ڕاپەڕینە لە شارەکانی باشوور خامۆش بکاتەوە[1]. دانیشتوانی هەرێمی کوردستانیش کە لەباری هەڵچووندابوون، دۆڕانی هێزەکانی عێراق لە کوێت و بەرپابوونی ڕاپەڕین لە باشوور، جۆش و خرۆشی خەڵکی وروژاند، **(بەرەی کوردستانی**[*]**)**یش کە زۆربەی حزبە سەرەکییەکان ئەندام بوون تێیدا، کە هەرزوو دوای پەلاماردانی کوێت هەم (بە هۆشیارییەوە چاودێری ڕەوتی ڕوداوە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی دەکرد، هەم ئامادەسازی بۆ ڕاپەڕین دەکرد[**]) وەک پشتیوان و

---

[1] د. شێرزاد نەجار، د. عەبدولحەمید بەرزنجی و چنار سەعد عەبدوڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١.

[*] **(بەرەی کوردستانی)**، دوای ئەوەی لە ساڵانی (١٩٨٠- ١٩٨٦) گرژی و شەڕی ناوخۆیی لەنێوان بەرەی جود کە پارتی دیموکراتی کوردستان **(پارتی)** سەرکردایەتی دەکرد کە هەریەک لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان **(سۆسیالیست)** و حزبی شیوعی عێراق- هەرێمی کوردستان **(حزبی شیوعی)** تێدا ئەندام بوون، و یەکێتی نیشتمانی کوردستان **(یەکێتی)**، ئەمەش بزوتنەوەی ڕزگایخوازی گەلی کوردی لاواز کردبوو و نەیانتوانی سوود لە شەڕی عێراق- ئێران وەرگرن و ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە و پشتیوانی لە راپەڕین و خۆپیشاندانەکانی هەشتاکان بکەن. دواجار لە (١٩٨٨/٥/٢) بەرەی کوردستانی دامەزرا. ئەم بەرەیە جگەلە (یەکێتی و پارتی، لە سۆسیالیست و پاسۆک و حزبی شیوعی و پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان **(پارتی گەل)** پێکهتبوو. لە ساڵی (١٩٩٠)یش حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان **(زەحمەتکێشان)** و جوڵانەوەی دیموکراتی ئاشوری هاتنە ناو بەرەی کوردستانی. هەر حزبێک لەو حزبانەی ناو بەرەی کوردستانی لە خەبات و چالاکی سیاسی خۆیدا ئامانجی تایبەتی خۆی هەبوو، پارتی داوای ئۆتۆنۆمی بۆ هەرێمی کوردستان دەکرد، یەکێتی دروشمی مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەڵگرتبوو، پاسۆک داوای سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد، حزبەکانی تریش هەریەکە دروشمێکی تری هەبوو. بڕوانە: (ژێرار شالیان، تراژیدیای کورد (ڕاپۆرتێک بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان)، و: وریا ڕەحمانی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١٠، ل ل١١٧-١١٨) و (د. ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا، ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) لە باشووری کوردستان، ب٣، سەرچاوەی پیشوو، ل ل١٢٨-١٣١).

[**] وێڕای ئەوەی بەرەی کوردستانی بەتوندی ئیدانەی داگیرکردنی **(کوێت)**ی کرد و داوای دەستبەجێ کشانەوەی سوپای عێراق و چارەسەری ئاشتیانەی کرد، بەڵام لە سەرەتای دژوەستانەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دژ بەم داگیرکارییە، بەرەی کوردستانی بە بڕیارێکی نهێنی لە (١٩٩٠/٨/١٥) چالاکییە چەکدارییەکانی بەرامبەر بە ڕژێمی عێراق وەستاند، پاشان لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ بەئاشکرا ڕایگەیاند دەیانەوێت لەگەڵ حکومەتی عێراق بگەنە ڕێکەوتن، چونکە هەندێک لە حزبە کوردییەکان لەو بڕوایە دابوون کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی جێگەی متمانە نین، لەم بارەوە **(ئەحمەد بامەڕنی)** نوێنەری یەکێتی لە فەرەنسا دەڵێ: "هەندێک کەس ئێستاش لەگەڵ ئەوەدان ڕێگە چارەیەک بدۆزنەوە بۆ دانوستان لەگەڵ عێراق، یەکبوونمان لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان بڕیارێکی یەکجار گرنگ و ناسکە، ئەگەر **سەدام** لە دەسەڵات وەمێنێ، ئێمە بە تەنیا دەمێنینەوە، ئەویش هەرگیز لەبیری ناچێت". هەروەها **جەلال تاڵەبانی** دەڵێت: "لەگەڵ ئەوەی لەناوەوەی کوردستان ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین دەکرێ، لە ڕووی سیاسیشەوە هەوڵدەدرێ کە لە ڕێگەی فەڵەستینەکانەوە پەیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە بکرێ بە مەبەستی گفتوگۆ بۆ ئەوەی عێراق نەڵێت لە کاتی تەنگ و چەڵەمەدا کورد لە پشتەوە خەنجەرمان لێدەدات، بەڵام عێراق هیچ وەڵامێکی دۆستانە و ئەرێنی ئەو دەستپێشخەرییەی بەرەی کوردستانی نەدایەوە" ئەم نەرمی نواندنەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لەلای ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شار مایەی دڵگرانی بوو، بەوەی بەڕای ئەوان هەلومەرج زۆر لەبار بوو بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی دووەم کە ڕاپەڕینی سەرتاسەرییە. بەڕای هەندێ کەسیش ئەم نەرمی نواندنە جۆرێک بووە لە تاکتیک و کاریگەری زۆری کردە سەر ئەوەی سوپای عێراق بەشێکی زۆری سەرباز و چەکی قورس لە کوردستانەوە بۆ بەرەی بەرەنگاری هێزی هاوپەیواتان لە کوێت بگوازێتەوە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی ئاسان تەسلیم بوونی ئەو بەشەی سوپای عێراق بوو کە لە کوردستان مابوونەوە، کە دواجار بووە مایەی سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکە. لەسەر ئاستی جەماوەریش لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان پێیانوابوو ئەمە هەلێکی زێڕینە و نابێت لەدەست بدرێت. هەروەها **(مسعود بارزانی)** بەناوی سەرکردایەتی بەرەکە لە (١٩٩١/١/١٣) بانگەوازێکی تایبەتی ئاراستەی

سەرکردایەتی جەماوەر جاری ڕاپەڕینی دا، ئەگەرچی وەک باشوور، سەرەتای ڕاپەڕین بەهۆی بێزاری ناوخۆیی سەریهەڵدا[1]. کاتێک بەشێوەیەکی خۆکردانە لە شارۆچکەی چوارقوڕنە لە ڕۆژی (١٩٩١/٣/٤) چەند کەسێک گردبوونەوە و ڕێگای ناو شاریان بەڕووی هاتووچۆدا بەست، بەڵام چەخماخەی دەستپێکی ڕاپەڕین لە ڕۆژی (١٩٩١/٣/٥) لە شاری ڕانیە لێدرا[2]. و خەڵکی هەرێمی کوردستان بە هەموو چین و توێژ و بیروباوەڕە سیاسییە جیاوازەکان و تەنانەت جاش و هاوکارە بەعسییە کوردەکانیش ڕاپەڕین، هاوکات دوای یەک ڕۆژ لە دەستپێکردنی ڕاپەڕین، وەک نەخشەی بۆ کێشرابوو هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش ئاوێتەی ڕاپەڕینەکە بوو وەک پاڵپشت و ڕابەری ڕاپەڕینەکە. بەمەش بەهێزی شۆڕشگێڕان و هاوئاهەنگی هێزە سیاسییەکان و خەڵک لەلایەک و ئەو پەشێوییەی باڵی بەسەر سەربازانی سوپای عێراقدا کێشابوو لەلایەکی ترەوە، شار لەدوای شار ڕزگارکران و کەوتنە دەست خەڵک و پێشمەرگە ئەم سەرکەوتنە گەیشتە ئەوپەڕی، کاتێک شاری کەرکوک لە (١٩٩١/٣/٢٠) ئازادکرا[3].

ئەمەش مانای وایە، کە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی (١٩٩١) هەم هۆکاری خودی، و هەمیش هۆکاری بابەتی بوون، خودی بەو واتایەی ناڕەزاییەکان لەناخی کۆمەڵگەی باشووری کوردستا دژ بە ستەمی ڕژێم و پێشێل کردنی ئازادی و داخوازی خەڵک چەکەرەیان کرد، بابەتیش بوون بەوەی ڕوودا و پێشهاتە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان زەمینەی تەقینەوەی ناڕەزایەتییە خودیەکانی فەراهەم کرد. کەواتە، دەکرێت بڵێین، ڕاپەڕینی (١٩٩١) لە هەرێمی کوردستان لەلایەکەوە وەک یەکێک لەو توخمانەی کە **ئارێنت** بۆ تیۆری شۆڕش دەستنیشان و شیکاری کردوون دەبینرێت، ئەویش **"هۆشیاری شۆڕشگێرانەیە"** بەوەی بەڕای **ئارێنت** نە کۆمەڵانی خەڵک و نە شۆڕگێڕان ناتوانن بە تەنیا شۆڕشێک بڕەخسێنن، بەڵکو شۆڕش کاتێک ڕوودەدات، کە شۆڕشگێڕان درک بە کات و هەلومەرجی هەستیار بکەن، کە لەو کاتەدا کۆمەڵانی خەڵک ئامادەن، ڕووبەڕووی سیستمی دەسەڵات ببنەوە کە ڕەوایی کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە؛ ئەمەش پێویستی بە هۆشیاری شۆڕشگێڕان هەیە. ئەمەش وەک ئاماژەمان پێدا بەڕوونی لەو هەڵوێستە نەرم و لەسەرخۆیانەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لەمەڕ پەلاماری سوپای عێراق بۆ کوێت و هەڕەشە و دژوەستانەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانان دژ بەم دەستدرێژییە دەردەکەوێت، کەچۆن بە هەستیارییەکی زۆرەوە مامەڵەیان لەگەڵ ڕەوشەکە کردووە و هاوتەریب کاریان بۆ ئامادەسازی ڕاپەڕین کردووە بۆ ئەوەی لە کاتی گونجاودا، واتە لەکاتی دەستپێکردن بە هێرشی هاوپەیمانان و دڵنیابوون لە سەرکەوتنی ڕاپەڕین جاری ڕاپەڕین بدەن. لەلایەکی ترەوە دەستپێشخەری بەرەی کوردستانی بۆ گفتگۆ و ڕێکەوتن لەگەڵ ڕژێمی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا بە شێوازێکی ئاشتیانە نەک

---

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و **سەدام** کرد و داوای چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کەنداوی کرد، هاوکات ڕاشیگەیاند کە دۆزی کورد لە عێراق بە ئاشتی و ڕێگای گفتوگۆ چارەسەر بکرێت، نەک لە ڕێگای شەڕ و کوشتارەوە. دوای ئەوەی بەرەی کوردستانی پێشبینی ئەوەی کرد **سەدام** بە ئاسانی لەو قەیرانە دەرناچێ، لەبەرئەوە کەوتنە خۆئامادەکردن بۆ ئەو ساتەوەختە گونجاوە، کە لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی عێراق و ڕۆژئاوا ڕوودەدات لە پێناو ئامانجی ڕزگاری و ئازادی هەرێمی کوردستاندا. (**نەوشیروان مستەفا**)ش فەرماندەی گشتی هێزی یەکێتی، کە بە نەخشەدارێژەری ڕاپەڕین ناسراوە، سەرجەم ڕێکخراوەکانی ناو شار و شارۆچکەکانی لە ئامادەکاری و جێبەجێکردنی ڕاپەڕین ئاگادارکردەوە، و هەمان ئەو ئاگادارییە لەلایەن ڕێکخراوی سلێمانی یەکێتی لە ڕاپۆرتێکی نهێنیدا بەناوی (**شەپۆڵ**) گشتاندنی پێکرا بۆ سەرجەم ڕێکخستنەکانی شارەکانی کوردستان، کە تێیدا هاتووە، "ئێمە پێمان باش بوو لە کێشەی کەنداودا جوڵانەوەی کورد نەرم بێت، بەڵام دیارە **سەدام** زۆر غرورە و لە سەرەمەگیشدا ئامادە نییە لەگەڵ کورد ڕێک بکەوێت، لەبەرئەوە کورد بە مافی خۆی دەزانێ کەڵک لە هەلومەرجە مێژوویی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان وەربگرێت بۆ دەستەبەرکردنی مافە سیاسییە زەوتکراوەکانی خۆی" لەبەرئەوە لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشی زەمینی هاوپەیمانان بۆ سەر سوپای عێراق لە کوێت، بەرەی کوردستانی لە ڕێگەی ڕادیۆی گەلی کوردستان کە ئەرکی ڕاگەیاندنی ڕاپەڕینی پێسپێردرابوو لە (١٩٩١/١/٢٩) لێبوردنێکی گشتی بۆ هەموو جاش و هاوکارەکانی بەعس دەرکرد، و داوای لێکردن ڕووی چەکەکانیان بکەنە ڕژێمی بەعس و هاوکار و پشتیوانی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بن بۆ ڕاپەڕین دژی ڕژێمی عێراق. بڕوانە: (کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٣٥-١٣٦) و (د. ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا، ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) لە باشووری کوردستان، ب٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٣٣-١٤٠) و (د. شۆڕش حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٠٧-٣٠٨).

(1) چارلز تریب، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٢.

(2) حازمی عەلی کوتک، ٥٧ ساڵ خولانەوە لەژێر وەهمی شۆڕشدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای فێربوون، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٢٠، ل٣٣٢.

(3) چارلز تریب، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٢.

توندوتیژی و شەڕ، دەرخەری ئەو بۆچوونەی **ئارێنت**ە لەمەڕ شۆڕش، کە شۆڕش جیایە لە جەنگ، جەنگ دیاردەیەکی تەقلیدییە و لەسەر بنەمای توندوتیژی وەستاوە، بەڵام شۆڕش دەکرێت دوور لە توندوتیژی بە ئاکام بگات، و ئامانجەکەی کە گۆڕینی سیستمی فەرمانڕانییە بە دەستپێک و سیستمێکی نوێ بێتەدی. کەواتە ئەوەی شۆڕشگێڕان و خەڵکی هەرێمی کوردستانی ناچارکرد پەنا بۆ چەک و توندوتیژی ببات لە ڕاپەڕینەکەدا، ئەوە خواست و مەیلی ئەوان نەبوو، بەڵکو بە دەنگەوەنەهاتنی ڕژێم و سەرکردەکەی بوو، کە ئامادە نەبوو بەشێوەیەکی ئاشتیانە دان بە مافە سیاسی و مەدەنییەکانی گەلی کوردستان لە ناوچەکەی خۆیان بنێ.

## لقی دووەم: ئامانجەکانی ڕاپەڕینی (١٩٩١) و ڕەنگدانەوەی ئازادی بەپێی ڕوانگە تیۆرییەکانی ئارێنت تێیدا

وەک لە باسی یەکەمی ئەم بەشەدا تیشکمان خستەسەر، بەو پێیەی خەباتی سیاسی نەتەوەیی کورد چ وەک خەبات و شۆڕشی چەکداری، چ وەک خەباتی مەدەنی، کە لە خودی خۆیدا هەڵگری سروشتێکی بەرگریە، وەک هێمایەک بۆ ئازادی لەهەمبەر بەزۆر لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراق، ئەوا یەکێک لە ئامانجەکانی ڕاپەڕینی (١٩٩١) بریتی بوو لە ڕەتکردنەوەی پرۆسەی دوور و درێژ و بەردەوامی چەوساندنەوە و ژێردەستەیی و ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی بەزۆر داسەپاو بەسەر خەڵکی باشووری کوردستاندا[1]. ئەم ئامانجە لە ڕووداو و لێکەوتە خێراکانی ڕاپەڕین زیاتر دەردەکەوێت، ئێمە دەزانین بۆ ماوەیەکی کورت ڕاپەرین دووچاری شکست هات[*]، چونکە ئیدارەی ئەمریکا ڕایگەیاندا، ئەوان نایانەوێ ڕژێمی عێراق بگۆڕن و ڕوخانی دەسەڵاتی **سەدام** هەر لە سەرەتای شەڕەکە لە بەرنامەی کاری ئەواندا نەبووە، تەنانەت **بۆش**ی سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا لە قسەی خۆی پەشیمان بۆوە، بەوەی کە ئەو نەی وتووە خەڵک لە **سەدام** ڕاپەڕن، چونکە ئەمریکا لەلایەکەوە ترسی ئەوەی هەبوو دوای ڕوخانی **سەدام** دەسەڵاتێکی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەن شیعەکان لە بەغدا دابمەزرێ[2]. لەلایەکی ترەوە سەرکەوتنی ڕاپەڕین لە باشووری کوردستان و ڕزگارکردنی کەرکوک و ئەگەری جیابوونەوەی کورد لە عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە بەرژەوەندی تورکیا و سوریا نەبوو، کە هەردووکیان هاوپەیمانی ئەمریکا بوون لە جەنگی عێراق کوێتدا، ئەمانەش لە بەرژەوەندی ئەمریکا و ڕۆژئاوا نەبوو[3]. بەڵام ئەمە خۆی لە خۆیدا هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بوو بۆ **سەدام**، لەبەرئەوە دوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی باشوور[4]. وێڕای بەرگری قارەمانانەی خەڵک و پێشمەرگە ڕژێمی عێراق لە دژە هێرشێکیدا، بەهێزێکی سوپایی زەمینی و هەوایی شارەکانی هەرێمی کوردستانی خستەوە ژێر چەپۆکی داگیرکارانەی

---

[1] عەتا قەرەداخی، کوردستان لەنێوان پەرتبوون و یەکبووندا، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٦٥.

[*] لە ڕۆژانی (٢٨و ٢٩/ ١٩٩١/٣) لە شاری کەرکوک شکستی یەکەمی ڕاپەڕین دەستی پێکرد، بەڕای هەندێک نووسەر ئەم شکستە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانە: ١- نەبوونی فەرماندەییەکی سەربازی یەکگرتوو، ئەگەرچی کۆمیتەیەک بۆ ڕێکخستنی چالاکی سەربازی لە کەرکوک پێکهاتبوو، کە لە هەریەک لە (**نێچیرڤان بارزانی** و **عەلی قەرەداخی**) لە پارتی و (**نەوشیروان مستەفا** و **مام ڕۆستەم**) لە یەکێتی ئەندام بوون تێیدا، بەڵام هەر گروپێک لە پێشمەرگەکان تەنیا گوێڕایەڵی فەرماندەکەی خۆی دەبوو، و هیچ دیسپلینێکی تایبەت بەسەر پەیوەندییەکان زاڵ نەبوو. ٢- جاشەکان کە لە سەرهەڵدان و سەرکەوتنی ڕاپەڕین ڕۆڵێکی باشیان هەبوو، بە ڕەزامەندی بەرەی کوردستانی وەک پێشمەرگە ئەژمار کران، بەڵام ئەوان وەک پێشمەرگە لێهاتوو و خاوەن ئەزموون و خۆڕاگری نەبوون لە شەڕدا. لەبەرئەوە کە دۆخەکە ڕووەو مەترسی دەهات سەنگەرەکانیان چۆڵدەکرد و هەڵدەهاتن، بەشێکیشیان خەریکی تاڵان و بڕۆ بوون و بە تەواوبوونی تاڵان مەیدانی شەڕیان جێدەهێشت. ٣- بەرزی وەرەی هێزەکانی عێراق بەهۆی سەرکەوتنیان بەسەر ڕاپەڕینی باشوور و دڵنیایی لەوەی ئەمریکا نایەوی دەسەڵاتی سەدام لەو کاتەدا بڕوخێت، لە بەرامبەردا ترسی پێشمەرگە و جەماوەر لەوەی **سەدام** جارێکی تر چەکی کیمیایی بەکاردەهێنێ لە دژیان. ٥- نەبوونی هاوسەنگی هێز لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق، ئەمە وێڕای نەبوونی شارەزایی پێشمەرگە لە زۆربەی ئەو چەکە قورسانەی لە سوپای عێراق دەستیان کەوتبوو. بڕوانە: (کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٥٠-١٥١).

[2] د. شۆڕش حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣١٢، ٣١٤.

[3] نجم سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٥٠٠-٥٠١.

[4] د. شۆڕش حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٢.

خۆی. ئیدی یادەوەرییە تاڵەکانی خەڵک لەژێردەستەیی و چەوساندنەوە و گرتن و کوشتن و کیمیاباران و ئەنفال لە هزری خەڵکیدا هەر زیندووبوون، و خەڵک لە هزری ئەوەدابوو ئاخۆ ڕژێم بە گەڕانەوەیان چیان بەسەردێنێ. بەم پێیە لە هەموو شار و گوندەکان کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵک تێکڕا بەرەو سنوورەکان ڕەویان کرد؛ کە بە (کۆڕەو) ناسراوە. بەجۆرێک بەنزیکەی دوو ملیۆن کەس بەرەو تورکیا و ئێران کوردستانیان جێهێشت؛ ئەمەش ڕووداوێکی بێ وێنە بوو لە مێژووی نوێی گەلانی جیهاندا و ڕاپەڕینێکی دیکە بوو دژی ستەمی سیاسی ڕژێمی عێراق، کە تێیدا کۆدەنگییەکی فراوان پێکهات، و بەو هۆیەوە نەتەوەی کورد توانی لە ڕێگای کۆڕەوەوە بوونی خۆی وەکو گەلێکی ماف زەوتکراو لە ڕووی سیاسییەوە بە دنیای دەرەوە بناسێنێت، چونکە ڕۆژانە کارەساتە دڵتەزێنەکانی کۆچڕەوان بەهاوکاری ڕۆژنامەوان و دۆستە بیانییەکانی ئەم گەلە لە کەناڵەک تەلەفیزیۆنییە جیهانییەکاندا بڵاودەکرایەوە، چونکە بە ئەندازەی پێویست کەسانێکی خوێندەوار هەبوون لەناو کۆچڕەواندا کە بە زمانی ئینگلیزی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و کەناڵە تەلەفیزیۆنە بیانییەکان بدوێن[1].

بەم مشێوەیە، گەلی کورد بەتێکڕا حوکمی ڕژێمی بەعسیان ڕەتکردەوە و داوای سەربەستی و ئازادیان دەکرد، لە ئەنجامی ئەمە و بەرزبوونەوەی دەنگ و نارەزایی گەلانی جیهان و فشار خستە سەر حکومەتەکانیان بۆ هاتنە وەڵام و بەرگریکردن لە گەلی کورد و ئازادکردنیان لە ستەمی ڕژێمەکەی **سەدام**[2]. بەتایبەت دوابەدوای نامەی هەریەك لە نوێنەرانی فەرەنسا، تورکیا و ئێران بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ٥ی نیسانی (١٩٩١) ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارە ٦٨٨دەرکرد[3]. بەپێی ئەو بڕیارە داوا لە عێراق کرا دەست لە سەرکوتکردنی هاوڵاتیان هەڵگرێت، ئەمە وێڕای دیاریکردنی (**ناوچەی ئارام**[*]) بەدرێژایی هێڵی ئاسۆیی ٣٦ لە باکووری عێراق بۆ کوردەکان و هێڵی ئاسۆیی ٣٢ لە باشووری عێراق بۆ شیعەکان، بەپێی بڕیاری ناوبراو هێڵی ٣٦، پارێزگانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و قەزا و ناحییەکانیان و چەمچەماڵ و کفری دەگرتەوە، کە تێیدا دەوڵەتانی هاوپەیمانان ڕێگایان لە فڕینی فڕۆکەکانی عێراق بە ئاسمانی ئەو ناوچەیە گرت[4]. کەواتە، ئامانج لە کۆڕەوی گەلی کورد، ڕەتکردنەوەی ژێردەستەیی و دەسەڵاتی **سەدام** بوو، ڕاپەڕین دژی سیستمێک بوو، کە ڕەوایی خەڵکی هەرێمی کوردستانی لەدەست دابوو، و بەشێوەی دەسەڵاتێکی تۆتالیتاری خۆسەپێن فەرمانڕانی دەکرد. واتە ئامانجی ڕاپەڕین ڕزگاربوون بوو لە نایەکسانی سیاسی و ستەمی سیاسی نەک ڕزگاربوون لە هەژاری و ستەمی کۆمەڵایەتی و لایەنی ژینەکی، لەبەرئەوە خەڵک لەبری ژێردەستەیی و تەسلیم بوون بە دەسەڵاتی بەعس برسێتی و مردنی هەڵبژارد، لەجیاتی ملکەچبوون لەپیناوی ژیان ئاوارەیی و کولەمەرگی هەڵبژارد.

لەڕاستیدا، ڕەنگە ئەوەی **ئارینت** سەبارەت بە شۆڕشی فەرەنسا و ئەمریکا وتبێتی جیاواز بێت لە ڕاپەڕین لە هەریمی کوردستان، بەوەی کە شۆرشی فەرەنسا بۆ گۆڕینی تەواوی دەسەڵاتی هەبوو بوو بە دەسەڵات و بونیادیکی سیاسی نوێ، یان شۆرشی ئەمریکا کە ئامانج لێی ڕزگارکردنی تەواوی وڵات بوو لە کۆڵۆنیالیزم و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کۆماری، لەکاتێکدا ڕاپەڕین لە هەرێمی کوردستان بۆ گۆڕینی ڕژێمی عێراق نەبوو بە تەواوی، بەڵکو شۆڕش بوو بۆ ڕزگارکردنی خاکی هەرێم و گەلەکەی لە دەوڵەتێک کە بەزۆر پێوەی لکاوە، ئەویش لە میانەی جیابوونەوە لێی و دەستەبەرکردنی مافی چارەی

---

[1] د. شێرزاد نەجار، د. عەبدولحەمید بەرزنجی و چنار سەعد عەبدوڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٣٢-١٣٣.

[2] نجم سەنگاوی، سەرچاوەی پیشوو، ل٥٠٢.

[3] د. حامید مەحمود عیسا، کێشەی کورد لە عێراقدا، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠٠.

[*] (**ناوچەی ئارام**- safe zone)، بە پانتایەکی جوگرافی ناو دەبرێت کە مەبەست لێی دەستەبەرکردنی ئامانجێکی مرۆییە لە پێناو پاراستنی گروپێك لە دانیشتوان یان ئاوارەکان کە ناتوانن پارێزگاری لەخۆیان بکەن لە کاتی جەنگدا، دروستکردنی ئەم ناوچە ئارامە پێویستی بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هەیە، دوای ئەوەی لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیار دەکرێت، دەوڵەتێك یان زیاتر ڕادەسپێرێت بۆ جیبەجێکردنی ئەم بڕیارە لەو ناوچەیە بە هێزی سەربازی و بە یارمەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە مرۆییەکان. بڕوانە: ( ئاریان ڕەوف، ڕێکەوتنی(**ئەنقەرە-واشنتۆن**) ناوچەی ئارام لە باکوری سوریا، لە کۆمەڵێک نووسەر، دۆسیە هەرێمی و نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکان، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ٢٠١٨، ل١٢٨.)

[4] نجم سەنگاوی، سەرچاوەی پیشوو، ل ل٥٠٢-٥٠٣.

خۆنووسین، یان بوون بە خاوەنی حکومەت و کیانی سیاسی خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکراسی لە عێراقدا، بەڵام گەر لە ڕوانگەی تیۆری **ئارێنت** بۆ شۆرش سەیری ڕاپەرینی هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوا دەبینین ئەو ئامانجەی لەلای **ئارێنت** جێگەی سەرنج و لەسەر وەستانە، لە ڕاپەرین و کۆڕەوەکە ڕەنگی داوەتەوە، بەوەی پێیوایە شۆڕش لە ڕێرەوی ڕاستەقینەی خۆی لادەدا، کاتێک هەژاری پاڵنەر و هاندەر بێت بۆ شۆڕش، چونکە چاوی لەسەر بەدیهێنانی ئازادی نییە، بەڵکو ئەوەی خەمی ئەوە خۆشگوزەرانییە؛ ئەمەش بە بۆچوونی **ئارێنت** دژبەر دەبێت لەگەڵ ڕێرەوی ڕاستەقینەی ئازادی سیاسی و دامەزراندنی پانتاییەک بۆ پیادەکردنی، لەبەرئەوە وەک لەسەرەوە باس کرا، دەبینین بەهەمان شێوە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕاپەرین و کۆڕەوەکە ڕزگاربوونە لە چەوساندنەوەی ستەمی سیاسی ڕژێمی **سەدام**، نەک ڕزگاربوون لە هەژاری و جیاوازی چینایەتی و پێداویستی کۆمەڵایەتی و ئابووری، بەڵکو ڕزگاربوونی گەلێک بوو بۆ بەدیهێنانی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی و بونیادنانی حکومەتێک و قەوارەیەکی سیاسی کە هەمووان بێ جیاوازی بتوانن تێیدا بە یەکسانی پیادەی ئازادی سیاسی و مافە مەدەنییەکانیان بکەن.

لێرەوە دەردەکەوێت، لە پشتی ڕەتکردنەوەی ستەمی سیاسی و بەزۆر لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقی عەرەبییەوە، واتە لەپشتی ڕزگاربوونی باشووری کوردستان و دانیشتوانەکەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق ئامانجێکی تر هەیە، ئەویش بیناکردنی بنیادێکی سیاسی و خۆدروستکردنەوەیە بۆ ئایندە. واتە ئەگەر ڕاپەرینی یەکەم وەکو سەرەتای پرۆژەیەک سەیر بکەین ئەوا ئەو پرۆژەیە لە میانەی کۆڕەو و هەنگاو و کردە سیاسییەکانی دوای بڕیاری ٦٨٨ بەرەو بونیادنانی قەوارەیەکی سیاسی وەرچەرخا[1]. ئەمەش لە خودی خۆیدا ڕەنگدانەوەی ئەو ئامانجە بنەڕەتییەیە کە لەلای **ئارێنت** مەرجی بێ ئەملاوئەولای هەر شۆڕشێکە، کە ئەویش، دامەزراندنی دەستەیەکی سیاسی نوێ و ئازادییە؛ واتە کردەی شۆڕشگێرانە، وەک کردەیەکی دامەزرێنەر تێدەکۆشێت کە ناوەندێکی نوێی حکومەتی و هاوکات جێگیر بونیاد بنێت. واتە پانتاییەکی سیاسی ئازاد دابمەزرێنێ، کە هەمووان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە تێیدا یەکسان بن، و پیادەی ئازادی سیاسییان بکەن. لەم پێناوەشدا، سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی هەموو ڕێگەیەکی تاقیکردەوە، بەجۆرێک لە ئان و ساتی دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨)، کە وەک یەکەمین دەستکەوتی کورد دادەنرێ لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوای ڕێکەوتنی سیڤەر، چونکە دۆزی کوردی بردە ناو کایەی نێودەوڵەتییەوە، **تاڵەبانی** لە نامەیەکدا داوای گفتوگۆ لە **سەدام** دەکات، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: "هەموو شتێک قابیلی باسکردنە جگە لە جیابوونەوە" ئەم هەڵوێستەش لەلای هەندێک لایەنی سیاسی کوردی و کەسایەتی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بە لاواز لێکدرایەوە، بەوەی باشترە لە بری ئەوە ئەو هەلە بقۆزرێتەوە و هەموو تواناکان بخەنە گەڕ بۆ پەیداکردنی پشتیوانی و هاوسۆزی نێودەوڵەتی و ئەو بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک پاڵپشتی و کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی بەکاربهێنرێت[2]. چونکە بە گوێرەی ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی ئاسایش، وەک پرۆفیسۆری فەرەنسی خاتوو (**بریجیت ستێرن**) ئاماژەی بۆ کردووە "کێشەی کوردستان بووە کێشەیەکی جیهانی و بەگوێرەی دەستووری ڕێکخراوی نەتەوەیە کگرتووەکانیش، ئەگەر ئاشتی لە ناوچەکەدا بشێوێت، ئەوا هێز بەکارهێنان بۆ پاراستنی ئاشتی، ڕەوایی وەردەگرێت"[3].

هەرچۆنیک بێت، ئەگەرچی ئەم خولەی گفتوگۆ جیاوازییەکی تایبەتی لەگەڵ خولەکانی تری گفتوگۆ هەبوو، چونکە یەکەم جار بوو هەموو لایەنە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانی بەیەکەوە لە دوای ساڵی (١٩٧٥) بەشدار بوون لە گفتوگۆ، بەڵام لە ڕاستیدا ستراتیجی حکومەتی عێراق لە گفتوگۆکەدا لاوازکردن یان نەهێشتنی ئەو سۆز و پشتیوانییە گەورە نێودەوڵەتییە بوو کە کورد لە ئەنجامی کۆڕەوەکە بەدەستی هێنابوو، لەبەرامبەردا کورد دەیویست ئەوەی ماوە بیپارێزێ و خەڵک بگەڕێتەوە سەر شوێن و ماڵی خۆی[4] لەبەرئەوە سەرئەنجام دوای چەندین گەڕی دانوستان و گفتوگۆ لەنێوان بەرەی کوردستانی و

---

[1] عەتا قەرەداخی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٦٥، ١٦٩.
[2] د. شۆڕش حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣١٨، ٣٢٣-٣٢٤.
[3] وەرگیراوە لە: د. مارف عومەر گوڵ، کێشەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەی گەلی کورد، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٩٥.
[4] د. شۆڕش حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٢٤-٣٢٥.

حکومەتی عێراق، گفتوگۆ بێ ئاکام کۆتایی هات، چونکە حکومەتی بەعس لە دانوستانەکاندا پشتی بە یاسای ژمارە (٣٣) لە (١٩٧٤/٣/١١) ئۆتۆنۆمی ناوخۆ بەستبوو[1]. و ئامادە نەبوو کەرکوک، خانەقین، مەندەلی و شەنگال بخرێنە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی؛ بەمەش هەرێمی کوردستان پێی نایە قۆناغی نە شەڕو نە ئاشتییەوە[2]. چونکە لە گەرمەی گفتوگۆکاندا، خەڵک لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان لە دژی سوپا و پیاوانی حکومەتی بەعس کەوتە خۆپیشاندان و ڕاپەڕین، کە تێیدا خەڵک و ڕێکخستنی حزبەکان و پێشمەرگە پەلاماری دامودازگاکانی حکومەتیان داو دەستییان بەسەرداگیرا، ئەم ڕاپەڕینەش بە ڕاپەڕینی دووەم ناوزەد کرا[3].

بەم شێوەیە، دوای بە بنبەست گەیشتنی گفتوگۆکان نوێنەرانی کورد پەیوەندییان لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عێراق بڕی، و لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی (١٩٩١) حکومەتی عێراق هەموو ئیدارە و فەرمانگەکانی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کشاندەوە، جگە لە کەرکوک و خانەقین و شەنگال و چەند شوێنێکی تر نەبێت. هەروەها مووچەی هەموو موچەخۆرانی بڕی و ئابلوقەی ئابووری خستە سەر هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی خەڵکی هەرێم ناچار و ملکەچ بکات و خۆیان داوای لێبکەن و بڵێن فەرموون بێنەوە و فەرمانرانیمان بکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە بەرەی کوردستانی سەرجەم فەرمانگە ئیدارییەکانی سنووری هێڵی ٣٦ی خستەوە کار و فەرمانبەرانیش پێنج مانگ بێ مووچە دەوامی فەرمانگەکانیان کرد، و شکستیان بە پلانی برسی کردنی حکومەتی عێراق هێنا[4]. چونکە ئامانج لە ڕاپەڕین و خەباتی ڕزگاریخوازی کورد نان نەبوو، بەڵکو ئازادی و دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی بوو، ئەمەش بە ڕوونی لە دروشمی ئەو زنجیرە مانگرتنەی لە کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٩١) لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان لەبەردەم نووسینگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ماوەی (٨) تا (١٠) ڕۆژ بەردەوام بوو بەهۆی ترس لە هێرش و پەلاماری ڕژێمی بەعس، نارۆشنی چارەنووس و ئایندەی خەڵک و وەک پێویست ئیدارەنەدانی هەرێم لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە ڕەنگی داوەتەوە، لە گرنگترین ئەو دروشمانەش: (کفنی شەهیدانمان سوورە شاخی حەمرین سنوورە؛ چەند ببین ڕوت و برسی ناچینە بەردەم بەعسی؛ ئاشتی خوازانی جیهان کوانێ مافی کوردەکان؛ ئەگەر ئێوە یوئێنن دیکتاتۆر دەڕوخێنن؛ کەرکوک ڕەمزی کوردستانە گلێنەی چاوی کوردانە؛ چیتان ئەوێ ئەی میللەت ڕوخانی دیکتاتۆرییەت؛ مافی چارەی خۆنووسین بکەن بە خۆراک و ژین؛ هێڵی ٣٦ بۆ ٣٤ خانەقین کەرکوک شەنگال؛ مانگرتنمان بە زمانە خەباتی ئەمڕۆمانە؛ مانگرتن و کۆششە شێوازی نوێی شۆڕشە؛ ئێوە چین و چیتان ئەوێ کوردین و ئازادیمان ئەوێ؛ ئێمە بمرین لە برسان با سەربەرز بێ نیشتمان؛ بژی گەل، هێزی گەل حوکمڕانیەتی بۆ گەل)[5].

ئەمەش وەک ئەوەی **ئارێنت** پێیوایە پانتایی دەرکەوتن لە میانەی شۆڕشەکان و مانگرتن و خۆپیشاندان و گردبوونەوەکانی شار لە دەوری پرسێکی گشتی و سیاسیدا لە جەوهەری قسە و کردەی سیاسی بە کۆمەڵ دێتەبوون، بەوەی ئازاد بیت واتای ئەوە نییە تەنیا پێویستە ئازاد بیت، بەڵکو واتای هاوڕێیەتی و لەگەڵبوونی کەسانی تریشە کە هاوبەشی هەمان دۆزن. ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە لەو دوو دروشمەدا بەرچاومان دەکەوێت: (مانگرتنمان بە زمانە خەباتی ئەمڕۆمانە؛ مانگرتن و کۆششە شێوازی نوێی شۆڕشە)، هاوکات بەرجەستەبوونی ئەو ڕوانگەی **ئارێنت**یشە پێویستە شۆڕش دوور لە توندوتیژی بە ئاکام بگات. هەروەها دروشمەکانی: (چەند ببین ڕوت و برسی ناچینە بەردەم بەعسی؛ مافی چارەی خۆنووسین بکەن بە خۆراک و ژین؛ بژی گەل، هێزی گەل حوکمڕانیەتی بۆ گەل)، هەم دوپاتکردنەوەی ئەو ئامانجەی ڕاپەڕینە وەک **ئارێنت** دەڵێت: دەبێت ئامانج لە شۆڕش ئازادی بێت، نەک ڕزگاربوون لە برسێتی

---

[1] د. ئاراس عبدالرحمان مستەفا، پانۆرامای ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعسی عێراقدا، ب٤، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٢١٨.

[2] د. شۆڕش حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٢٧-٣٢٩.

[3] د. ئاراس عبدالرحمان مستەفا، پانۆرامای ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعسی عێراقدا، ب٤، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٢٣-٢٢٦،

[4] نجم سەنگاوی، سەرچاوەی پیشوو، ل٥٠٤.

[5] د. ئاراس عبدالرحمان مستەفا، پانۆرامای ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعسی عێراقدا، ب٤، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٣٧، ٢٥٦-٢٥٨.

و هەژاری و پێداویستی کۆمەڵایەتی، هەم ئاماژەیەکی ڕوونە بەو ڕوانگەی **ئارێنت**، بەوەی کۆتایی شۆڕش دامەزراندنی حکومەتێکی نوێی، و پانتاییەکانی پیادەکردنی ئازادییە، هەمیش ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچوونەی **ئارێنت**ە کە دەبێ حکومەت و دامەزراوە سیاسییەکان رەوایی لە خەڵکەوە وەربگرن، واتە ئەو هێزی گەلەی لە پانتایی دەرکەوتن بەهۆی یەکەمین کۆبوونەوە و ڕیکەوتنی خەڵکەوە دێتەبوون، ئەمەش هەر ئەوە هێزەیە کە **ئارێنت** بە سەرچاوەی ڕەوایی دەسەڵات و حکومەتی دەزانێ.

ئیدی لیرەوە سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بەو پێیەی کە بوو بە (**دەسەڵاتێکی دیفاکتۆ- defacto power**[*])، بۆ بەڕێوەبردنی هەرێم و دانانی دەسەڵاتی یاسا بیری لە ڕژێمێکی پەرلەمانی کردەوە لە هەرێمی کوردستاندا؛ لەو پێناوەشدا بەرەی کوردستانی لیژنەیەکی تایبەتی لە ١٣ کەس پێکهێنا، دوای چەندین دانیشتن لیژنەی ناوبراو پڕۆژەیەکی پێشکەش بە بەرەی کوردستانی کرد[1]. پرۆژەکە لەلایەن بەرەی کوردستانی لە (١٩٩٢/٤/٨) پەسەند کرا، کە بریتی بوو لە دوو یاسا؛ یەکەمیان یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق (یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢) بوو، دووەمیشیان یاسای هەڵبژاردنی سەرۆکی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی (یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢) بوو. لە دوای ئەوە یەکەم پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێم بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی لە (١٩٩٢/٥/١٩) ئەنجامدرا[2]. کە تێیدا نزیکەی یەک ملیۆن دەنگدەر بەشدارییان تێدا کرد، کە بە هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو و تاقیکردنەوەیەکی دیموکراتی بۆ خەڵکی کوردستان لە قەڵەم درا، بەوەی هەموو پارتە سیاسییەکان و کەمە نەتەوەییەکان مافی بەشداریکردنیان هەبوو[3]. ئەنجومەنیش یەکەم دانیشتنی خۆی لە بەرواری (١٩٩٢/٦/٤) گرێدا، کە تێیدا دامەزراندنی حکومەتی لێکەوتەوە و لەلایەن ئەنجوومەنەوە کە نوێنەری گەل بوو متمانە و ڕەوایی پێدرا، بەمەش ئەو بۆشاییە یاسایی و سیاسییە پڕکرایەوە کە لە میانەی کشانەوەی دەزگا کارگێڕیەکانی حکومەتی عێراق هاتبووە ئاراوە، لە ئەنجامی ئەمەش هەرێم لە قۆناغی سیاسی دیفاکتۆوە ڕاگوزەری کرد[**] بۆ قۆناغی دەسەڵاتی ڕەوا[4]. بەم جۆرە هەرێمی کوردستان بووە خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی خۆی، پەرلەمانیش لە ٤ی تشرینی یەکەمی هەمان

---

[*] (**دەسەڵاتێکی دیفاکتۆ- defacter power**)، ئەم جۆرە قەوارەیە بریتییە لە قەوارەیەکی جوداخواز کە لەلایەن خەڵکانێکەوە لە هەناوی سنووری وڵاتێکدا، کە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەلایەن ئەندامانییەوە پشتگیری دەکرێت، لە ئەنجامدا جۆرێک لە خۆبەڕێوەبردن دێتە ئاراوە، لە هەمانکاتدا توانای ئەم خۆبەڕێوەبردنە، گەیشتوتە ئاستێک کە خزمەت و فەرمانرانی پێشکەش بە خەڵکی ژێر دەسەڵاتی بکات، بەو پێیەی کە ڕەوایی لە خەڵکەکەی وەرگرتووە. واتە وەک هەر حکومەتێکی تر توخمە سەرەکییەکانی وەک جوگرافیا، مێژوو، دەسەڵاتی دەزگایی و توانای خزمەتگوزاری تێدایە، تەنها ڕەگەزێک کە لە دەوڵەتی ئەمری واقیع نییە، ڕەهەندی یاساییە، بەتایبەت یاسای نێودەوڵەتی، واتە وڵاتانێکن کە دەخوازن لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بە بەشێکی جودا و سەربەخۆ لەو وڵاتانە بناسرێن کە بە نابەدڵی پێوەی لکێنراون. ئەوەی گرفتی وڵاتانی ئەمری واقیعە ئەوەیە، کە سیستمی نێودەوڵەتی پاش جەنگی دووەمی جیهانی، بەتایبەت کۆتایی سەردەمی کۆڵۆنیاڵ، بە هەموو شێوەیەک دژ بە دروستبوونی هەر دەوڵەتێکە. بڕوانە: (د. سەردار عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣).

[1] ڕێکخراوی دیاکۆنیای سویدی، دیموکراتی سیاسەت، و: فرسەت ئەحمەد و مۆئەیەد تەیب و تێلی ئەمین، چاپخانەی خەبات، چ٣، دهۆک، ١٩٩٩، ل ٥٦.

[2] د. ئەمین فەرەج شەریف، حوکمڕانێتی باش لە هەرێمی کوردستان/ توێژینەوەیەک لە پایە و ئاستەنگەکانی، و: لوقمان حاجی قادر، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٩، ل ل٨٦-٨٧.

[3] د. شێرزاد نەجار، د. عەبدولحەمید بەرزنجی و چنار سەعد عەبدوڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.

[**] لەڕاستیدا ئەم ڕاگوزەرییە بۆ دەسەڵاتی ڕەوا تەنیا لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بوو، نەک لە چوارچێوەی سیستمی سیاسی عێراق و ئاستی دەرەکی، چونکە تا ساڵی (٢٠٠٣) بە دەسەڵاتێکی دیفاکتۆ دانرا و لەو ساتەوە بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە کە لە (٢٠٠٤/٣/٩) دەرچوو، وەک هەرێمێک لە عێراق دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نرا بە سیفەتی حکومەتێکی فەرمی بۆ ئەو ڕووبەرەی کە تا پێش ١٩ی ئاداری (٢٠٠٣) لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەڕێوەبراوە. ئەو ناوچانەش دەکەونە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و دیالە و موسڵ؛ دەستەواژەی حکومەتی هەرێمیش بە پێی یاساکە واتای (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان و دەسەڵاتی هەرێم لە لە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە. پاشان لە دەستووری (٢٠٠٥)ی هەمیشەیی عێراق، لە مادەی یەکەمدا هاتووە، کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە، سیستمی فەرمانڕانیش تێیدا کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی دیموکراتییە، و لە برگەی یەکەمی مادەی ١١٧ی دەستوورەکەشدا دان بە هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکەی دادانێ کە لەسەر بنەمای هەرێمێکی فیدراڵی دامەزراوە. بڕوانە: ( فقره ألف من المادة ٥٣ من قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الإنتقالية، عام (٢٠٠٤/٣/٩) و (الماددة أولاً و فقرة أولاً من المادة ١١٧ من دستور العراق الصادر عام ٢٠٠٥).

[4] د. ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧.

ساڵ بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری لەسەر سیستمی فیدراڵی دا، ئامانج لەوەش دیاریکردنی پەیوەندی هەرێمی کوردستان بوو بە دەوڵەتی عێراق، واتە دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستکەوتێکی مەزنی ڕاپەڕینەکەی بەهاری (١٩٩١) بوو[1]. کەواتە، وەک چۆن **ئارێنت** پێیوایە قۆناغی ڕزگاری دەبێت ڕاستەوخۆ دامەزراندنی حکومەت و پانتایی پیادەکردنی ئازادی بە دوادا بێت. وەک ئەوەی شۆڕشی ئەمریکا بەخۆیەوە بینی، بەهەمان شێوە سەرکەوتنی ڕاپەڕینی هەرێمی کوردستان لەوەدا بوو، کە ڕاستەوخۆ دوای پرۆسەی ڕزگارکردن، سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دەستیانکرد بە دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام خاڵی جیاوازی شۆڕشی ئەمریکا وەک ئەوەی **ئارێنت** ئاماژەی بۆ دەکات لەگەڵ ڕاپەڕینی هەرێمی کوردستان ئەوەیە، کە ڕاپەڕینی چەکداری کۆلۆنیاکان و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ڕاستەخۆ هەڵگیرسانی پرۆسەی دەستووری بە دوادا هات، چونکە بەڕای **ئارێنت** دەستوور کاری گەلە، تا لەڕێگەیەوە حکومەتێکی نوێ دابمەزرێنێ، بەوەی ببێتە ناوەندێک بۆ بەشداریکردن تێیدا، کە بتوانرێت بەهۆیە پیادەی ئازادی سیاسی بکرێت، نەک دەستوورێک کە حکومەت بەسەر خەڵکیدا بیسەپێنی. ئەمەش هەر ئەو ڕەخنەیە کە هەندێک کەس ئاراستەی بەرەی کوردستانی دەکەن، بەوەی هەڵەیەکی گەورە بوو کە ڕاستەخۆ دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) کورد سەربەخۆیی ڕانەگەیاند و نەبوو بە خاوەنی دەوڵەت و دەستووری خۆی؛ سەبارەت بە سەربەخۆیی ڕەنگە ئەمە شیمانەیەکی بێ وەڵام بێت، چونکە ڕیفراندۆمی ٢٠١٧ باشترین بەڵگە و وەڵامە بۆ ئەمە، بەڵام نەبوونی دەستوور یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی ژیانی سیاسی و سیستمی فەرمانڕانی لە هەریم، ئەگەرچی یاسای ژمارە ١ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق وەک جێگرەوەیەک بەرکارە، چونکە وەک بابەتێکی دەستووری دروستکردنی پەرلەمان و هەڵبژاردنی ڕێکخستووە، لەبەرئەوە بە یاسایەکی دەستووری ئەژمار دەکرێت، بەڵام بە دەستوور دانانرێت. هەرچۆنێک بێت، ئەگەرچی کەش و هەوایەکی ئازادی هاتە ئاراوە، بەڵام دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێم زۆر وەرچەرخان و گۆرانکاری لە پانتایی سیاسی هاتنە ئاراوە، بارەکە هەروەک خۆی نەمایەوە، لەبەرئەوە لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئایا دوای یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێم پانتایی گشتی چۆن بووە، ڕەنگدانەوەی ئازادی تێیدا لە چ ئاستێک دابووە؟ لەبەرئەوە تەوەرەی داهاتوو بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە تەرخان دەکەین.

## داخوازی دووەم

## ڕەنگدانەوەکانی چەمکی ئازادی لە پانتایی گشتی هەرێمی کوردستاندا بەپێی ڕوانگە تیۆرییەکانی ئارێنت

بەو پێیەی لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا بۆمان دەرکەوت، کە پانتایی گشتی ڕوحێکی زیندوو و ئازاد بە کۆمەڵگە دەبەخشێت، ئەوا لە کۆمەڵگە داخراو و تۆتالیتارییەکان هەردەم هەوڵی خەفەکردنی دەدرێت، لەبەرامبەردا لە کۆمەڵگە دیموکراسی و کراوەکاندا پانتایی گشتی جەوهەری ئازادی سیاسی پێکدێنێ، بەتایبەت لە ڕوانگەی **ئارێنت** دا، بەوەی **ئارێنت** پانتایی گشتی دابەشی دوو ڕهەندی جیاواز و هاوکات گرێدراو بەیەکەوە دەکات؛ ئەوانیش: جیهانی هاوبەش و گشتی و پانتایی دەرکەوتنن، بەشێوەیەک کە هاوڵاتیان بتوانن تێیدا گوزارشت لە کردەی ئازادی خۆیان بکەن و پانتاییەکی سیاسی وا بێتە ئاراوە کە مافی بەشداری سیاسی هاوڵاتیان لە دامەزراوە سیاسییەکان دەستەبەر بکات. بەشدارییەک کە لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون بێت، دوور لە هەرجۆرە ئینتیمایەکی تر، لەم سۆنگەیەوە بەپیی ڕوانگە تیۆرییەکانی **ئارێنت** بۆ ئەو چەمکە، هەوڵدەدەین لە دوو لقدا ڕاڤەی چەمکی ئازادی لە پانتایی گشتی هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە بکەین، بەم شیوەی خوارەوە:

---

[1] د. شێرزاد نەجار، د. عەبدولحەمید بەرزنجی و چنار سەعد عەبدوڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤.

## لقی یەکەم: جیهانی هاوبەش و گشتی لە هەرێمی کوردستان: پەرلەمان وەک نموونە

هەرچەندە، دوای ئەوەی بەرەی کوردستانی بڕیاری لەسەر سیستمی پەرلەمانی دا و هەڵبژاردن بەڕێوەچوو و (**پەرلەمانی کوردستان**(*)) پێکهات، و پەرلەمان لە تشرینی یەکەمی (١٩٩٣) یاسای ژمارە (١٧) حزبە سیاسییەکانی دەرکرد، کە تێیدا دانی بە مافی فرەحزبی ناوە و دەستەبەری ئازادی دامەزراندن و ئەندامێتی و چالاکی سیاسی حزبە سیاسییەکانی کردووە(1). بەمەش وەک **ئارێنت** باسی دەکات، دەکرێت بڵێین (**دیموکراسی حزبەکان**(**)) کە لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی لە پەرلەمان وەستاوە لە هەرێمی کوردستان وەک دەرئەنجامی شۆڕش و ڕاپەڕین هاتە ئاراوە، لەم سۆنگەیەوە بەو پێیەی پەرلەمان باڵاترین دامەزراوەی سیاسی فەرمی و یاسایی و سیاسییە و نوێنەرایەتی خەڵکی لەخۆدەگرێ، ئەمە وێڕای ئەوەی دامەزراوەی حکومەت و دەسەڵاتەکەی ڕەوایی لە پەرلەمانەوە وەردەگرێت و بەردەوامی و متمانەی لەژێر چاودێری و لێپێچینەوەی ئەودا دەبێت. هاوکات پەرلەمان فەرمیترین ناوەندێکە کە دەکرێت وەک پانتایی گشتی سەیربکرێت، بەوەی شوێنی گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی ڕاوبۆچوونی ئەو کارەکتەرانەیە کە بەدەنگی خەڵک هەڵبژێردراون، کە لەجیاتی ئەوان ئەو ئەرکە لە ئەستۆ دەگرن، لەبەرئەوە پەرلەمانی کوردستانمان وەک نموونە وەرگرتووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پرسیار ئەوەیە، ئایا پەرلەمانی کوردستان هەمان ئەو پانتاییە گشتییەیە کە **ئارێنت** بە جیهانی هاوبەش و گشتی ناوی دەبات، یاخود نەخێر؟ بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارە دەکرێت تیشک بخەینە سەر چۆنیەتی بەشداری هاوڵاتیان لە ڕێگەی نوێنەرەکانیان یاخود بەشێوەی ڕاستەوخۆ، هەروەها ئەدای پەرلەمان لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە.

ئەگەرچی هەڵبژاردنی ١٩ی ئایاری (١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستان هەشت حزبی کوردی بەشداری تێدا کرد کە لەسەر (١٠٠) کورسی پەرلەمان و چوار حزبی ئاشووریش لەسەر (٥) کورسی کۆتا پێشبڕکێیان کرد. هاوکات ئەوسا ئەو هەڵبژاردنە بە یەکێ لە دیموکراتیترین هەڵبژاردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەقەڵەمدرا، بەوەی لە چاوی چاودێرانی بیانی سەربەخۆ بەشداری فراوانی هاوڵاتیان بەڵگەیەکی ڕوون بوو لەسەر پەی بردنی هاوڵاتیان بە گرنگی و بایەخی بەشداریکردن لەو پانتاییە ئازاد و

---

(*) (**پەرلەمانی کوردستان**)، بە پێی برگەی یەک لە ماددەی یەکەمی (یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٩)ی هەمواری چوارەمی (یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، ناوی پەرلەمانی کوردستانی عێراق لە جیاتی ناوی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق دانرا، لەبەرئەوە بۆ یەکخستنی زاراوەکان لەم توێژینەوەیەدا گوزارەی پەرلەمانی کوردستان بۆ خولی یەکەم و خولەکانی دواتر بەکار دەهێنین. بڕوانە: (قانوون رقم (٢) لسنة ٢٠٠٩ قانون التعديل الرابع لقانون إنتخاب المجلس الوطني لكوردستان- العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل).

(1) د. ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١.

(**) (**دیموکراسی حزبەکان**)، لە بەشی دووەم ئاماژەمان بەو تیزەی **ئارێنت** دا، کە شۆڕشەکانی سەردەمی نوێ دوو جۆر سیستمی دیموکراسی بەرهەم هێنا، ئەوانیش: دیموکراسی حزبەکان و دیموکراسی ئەنجوومەنەکان یان شوراکان بوون. کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانیش وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەو پێیەی لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئاینزایی و سیاسی کۆمەڵگەیەکی فرەجۆرە، لەبەرئەوە هەر لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو ژمارەیەک حزب و کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی بەخۆوە بینیوە، کە لە چوارچێوەی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورددا چالاکییە سیاسییەکانیان ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام پاش پرۆسەی ئەنفال حزبە سیاسییەکان گورزێکی گەورەیان بەرکەوت و بەشێکی گرنگ لە ڕێکخستنەکانیان ئاشکرابوون. لەو سەروو بەندەدا لەنێو توێژی خوێندەواردا بزوتنەوەی شوراکان سەریهەڵدا، و ڕۆڵێکی دیاریان لە ڕاپەڕینی (١٩٩١) بینی و پاش ڕاپەڕینیش دروشمی حکومەتی شوراییان بەرزکردبووە، و دژ بە سیستمی پەرلەمانی و حکومەتی پەرلەمانی بوون؛ بەڵام وەک **ئارێنت** دەڵێت: ئەگەرچی شوراکان ڕۆڵی دیاریان لە شۆڕشەکاندا گێڕاوە و نوێنگەی کردەی خۆرسک و پانتایی گشتی و ئازادی بوون لە هەموو شۆڕشەکاندا، بەڵام پیپوایە شۆراکان لە هەموو شۆڕشەکاندا سەرکوت کراون، ئەوا دەبینین لە هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوە لە دوای ڕاپەڕین لەلایەن حزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی جموجوڵ و چالاکییەکانی بزوتنەوەی شوراکان سنووردار دەکرێت، بەتایبەت لەلایەن پارتی و یەکێتی هەڕەشەی داخستنی بارەگاکانیان لێدەکرێت، لە ئەنجامی ئەم فشارانە و چەند جیاوازییەکی هزری و هۆکاری دارایی ناوخۆیی شوراکان و کاریگەری سیاسی-هزری ناسیۆنالیزمی کورد لەسەر خەڵکی بەگشتی و تەنانەت لەسەر بەشێک لە بزوتنەوەی چەپ و شوراکان، ئەمە وێڕای خۆشەویستی خەڵکی لەو سەردەمە بۆ پارتی و یەکێتی وایکرد شوراکان پەرتەوازە ببن و لەناو حزبە سیاسییەکانی تری هەرێمی کوردستان بتوێنەوە. بڕوانە: (د. ئاراس عبدالرحمان مستەفا، پانۆرامای ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعسی عێراقدا، ب٤، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٦٢-١٧١).

دیموکراسییەدا[1]. بەڵام لەئەنجامی هەڵبژاردنەکان و ڕێکەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی، کورسییەکانی پەرلەمان جگە لە پێنج کورسییەکەی ئاشوورییەکان بەشێوەی پەنجا بە پەنجا لەنێوان ئەوە دوو حزبەدا دابەشکران، چونکە هیچ کام لە پارتە کوردییەکانی تر نەیانتوانی بەربەستی ٧%ی دەنگەکان کە بۆ چوونە ناو پەرلەمان پێویست بوو مسۆگەر بکەن[2]. بەمەش دەنگی ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی بەشدار لە هەڵبژاردنەکە بۆ دیاریکردنی نوێنەری خۆیان بەفیڕۆ چوو. لەبەرئەوە پارتی و یەکێتی نەک هەر پەرلەمانیان بە هاوبەشی لەنێوان خۆیان دابەشکرد، بەڵکو دەسەڵاتیشیان لەنێوان خۆیان دابەشکرد و هەموو دامەزراوە و فەرمانگەکانی حکومەتیان کرد بە دوو بەشەوە؛ ئەمەش بەلەلای حزبە سەرنەکەوتووەکانی بەشدار لە هەڵبژاردن چاوەڕوانکراو بوو، چونکە هەردوو حزبەکە خۆیان بەیەکەم دەزانی، لەبەرئەوە نەک هەر پەرلەمان، بەڵکو سەرجەم دامەزراوە سیاسی و کارگێڕییەکان لەپێناو ئەوەی هەریەکەیان تاکە هێز بێت خستە خزمەتی بەرژەوەندییە حزبی و کەسییەکان و حزبەکانی دیکەیان لە نوێنەرایەتی دەنگدەرانیان لە پەرلەمان پەراوێز خست[3]. چونکە لە ڕێگەی پێدانی چەند وەزارەتێک بە هەندێک لە حزبەکان توانیان بێدەنگیان بکەن، بەمەش پارتێکی سیاسی یان فراکسیۆنێکی ئۆپۆزسیۆنی لە دەرەوەی دەسەڵات لەناو پەرلەماندا نەهاتە ئاراوە، هەرچەندە چەند دەنگێک لەناو سەرکردایەتی یەکێتی هەبوو، داوایان دەکرد لە حکومەت بکشێنەوە و ئۆپۆزسیۆنێکی پەرلەمانی دروست بکەن، بەڵام کەس گوێی لێنەگرتن. هەروەها ئەگەرچی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان بەشداریکردنی لە حکومەت ڕەتکردەوە، بەڵام بەڕای هەندێک بەهۆی تێڕوانینی توندڕەوانە و مەیلی عەقیدییانەی دژ بە هەموو شێوازەکانی سیستمی سیاسی، لە دەرەوەی سیستمی ئیسلامی، و پێکدادانی چەکداری بۆ چەند جارێک لەگەڵ هەردوو حزبە سەرەکییەکەدا، بەتایبەت یەکێتی لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٣- ١٩٩٩)، ئەوا نە بە ئۆپۆزسیۆن ئەژمار دەکرێت، نە توانیشی ڕۆڵێکی ئەرێنی بگێڕێ و کاریگەری لەسەر پانتایی سیاسی- گشتی دروست بکات. بەم شێوەیە، ئەگەرچی بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی دەبوو لە ساڵی (١٩٩٥) هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمان بەڕێوەبچێت، بەوەی بە پێی یاساکە، ئەوسا ماوەی ئەنجومەن سێ ساڵ بوو، دواتر بوو بە چوار ساڵ، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لەنێوان یەکێتی و پارتی، لە ساڵی (١٩٩٤) نەتوانرا هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمان ئەنجام بدرێت، بەمەش کارەکانی پەرلەمان پەکی کەوت، تا ساڵی (٢٠٠٢) پەرلەمان یەکیگرتەوە و کەوتەوە کارکردن بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێم، کە بە خولی گواستنەوە ناوزەد کرا، بەڵام لە ڕاستیدا درێژەپێدەری خولی یەکەم بوو تا لە (٢٠٠٥/١/٣٠) هەڵبژاردن ئەنجام درا[4].

لەم هەڵبژاردنەدا، هەندێک گۆڕانکاری لە یاسای هەڵبژاردن ئەنجامدارا، لەوانە: (٥ کورسی بۆ تورکمانەکان زیادکرا، دیاریکردنی ڕێژەی ٢٥% بۆ نوێنەرایەتی ئەفرەتان لە پەرلەمان و لابردنی ڕێژەی ٧%)[5]. بەڵام بەهۆی ڕێکەوتنی پارتی و یەکێتی لەسەر دابەشکردنی پۆستە سەرۆکایەتییەکان لە هەرێم و حکومەتی فیدراڵی لە (٢٠٠٧/١/٧)، سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم لەنێوان ئەم دوو حزبە جارێکی تر دابەشکرایەوە، حزبەکانی ناو پەرلەمانیش بەشداریان لە حکومەت کرد. ئەمەش وایکرد دەنگێکی جیاواز لەناو پەرلەمان نەیەتە ئاراوە[6]. لەئەنجامی ئەمەش ڕۆڵی پەرلەمان لە کایەی سیاسیدا لاواز بوو، چونکە پەرلەمان نەبووە پانتاییەک کە شوێنی گفتوگۆی ڕاوبۆچوونی جیاواز و وەڵامدانەوەی خواست و بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان بێت بەسەرجەم جیاوازییەکانیانەوە، بەڵکو شوێنێک بوو بۆ دەستەبەری بەژەوەندی و خواستی حزبە باڵادەستەکان، لەبەرئەوە لەکاتێکدا دەبوو پەرلەمان لە ڕێگەی

---

[1] د. ئومێد ڕەفیق فەتاح، سیاسەتی ئەمنی هەرێمی کوردستان (تەگەرەوە و دەرفەتەکان)، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٢)، سلێمانی، تشرینی دووەمی ٢٠١٧، ل ٧٦-٧٧.

[2] د. ڕەشید عیمارە زەیدی و یوسف محەمەد سادق، ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق (سەرهەڵدان و داهاتووی)، و: سەرکەوت جەلیل، لە کۆمەڵێک نووسەر، کوردستان و عێراق ململانێی ناوخۆیی و ئایندەی سیاسی، ژووری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، چاپخانەی پیرەمێرد، چ٢، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٥، ل٩٠.

[3] فوئاد سدیق، حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە خەباتی سیاسییەوە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات، گۆڤاری ڕۆشنگەری، ژمارە (٣١، ٣٢)، ناوەندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری و سیاسی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، کانوونی یەکەمی ٢٠١١، ل٣٧١.

[4] د. ڕەشید عیمارە زەیدی و یوسف محەمەد سادق، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٩١-٩٥.

[5] د. صالح ملا عمر عیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٠٤.

[6] د. ڕەشید عیمارە زەیدی و یوسف محەمەد سادق، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٩٩-١٠٠.

گواستنەوەی دەسەڵات لە حزب، ڕێکخراو، خێڵ، تۆڕەکانی بەرژەوەندی و هێزە چەکدارەکانەوە بۆ ناوەوەی دامەزراوەکانی پەرلەمان، حکومەت، دادوەری و ملکەچکردنیان بۆ ڕێسا و یاسا کارپێکراوەکان کاری لەسەر بەرەوپێشبردنی فەرمانڕانی و ژیانی سیاسی دیموکراسی و ئازادانە بکردایە[1]. بەڵام نەک پەرلەمان بە حکومەتیشەوە لە یەکەم ڕۆژی دروستبوونیانەوە ئیفلیج کران، چونکە بڕیاری کۆتایی لەلای ئەوان نەبوو، بەڵکو لەلای سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی بوو، بەتایبەت **تاڵەبانی** و **بارزانی**. بە دەربڕینیکی تر سەرەتا چاوەڕوانی ئەوە لە پەرلەمانی کوردستان دەکرا، وەک گەورەترین دامەزراوەی سیاسی و یاسایی ببێتە خاوەنی بڕیاری خۆی و لە دواڕۆژدا ببێتە هەوێنی بەدامەزراوەیکردنی حکومەت، بەڵام بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن چەند کەس و دەستەیەک لەدەرەوەی دامەزراوە شەرعییەکان، پەرلەمان و حکومەتی کرد بە گوێڕایەڵی کەسانی حزبی دەرەوەی دامەزراوە فەرمییەکان، نەک پانتایەک کە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خەڵک و دامەزراوەی خاوەن دەسەڵات بێت، و تێیدا ئازادی سیاسی ڕەنگبداتەوە[2]. ئەم دیاردەیەش لە ئەدەبیاتی سیاسیدا لەلای هەندیک نووسەر و ئەکادیمیستی سیاسی وەک بوونی ئاماژەکانی (**دەسەڵاتی پارالیل**) یان (**حکومەتی قوڵ**) لێکدراوەتەوە، کە پێیان وایە، دەسەڵاتی پارالێل یان حکومەتی قوڵ لە گروپێکی سیاسی دەستڕۆیشتوو لەناو هەردوو حزبی باڵادەستدا، کە چەک و داراییان لایە، بەرجەستە دەبێت، لەبەرئەوە لە سایەی هەژموونی ئەو دەستەیەدا ڕێکار و بنەما یاسایی و دیموکراسییەکان تەنیا ئەو کاتە کاریان پێدەکرێت کە زیان بە بەرژەوەندییەکانیان نەگەیەنێت، ئەمەش کاری کردۆتە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و قەبارەی دەنگی لیستە براوەکان، بەجۆرێک زۆر جار بە زەبری چەک و توانای ماددی و هەژموونی ئەو دەستەیە دیزاینی ئەنجامی دەنگەکان کراوە. ئەمەش وایکردووە ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیان لە پرۆسەکانی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان بۆ پەرلەمان خول لە دوای خول، ڕوو لە کەمکردنی بەردەوام بکات[3]. دەکرێت بڵێین ئەم دیاردەیەش نزیکە لەو ڕوانگەی **ئارێنت**، کە پێیوایە دیموکراسی حزبەکان؛ بەلای ئۆلیگارشیدا دەشکێتەوە، چونکە دەستەیەک لە پەرلەمان و دامەزراوە سیاسییەکاندا نوێنەرایەتی حزبەکانیان دەکەن زیاتر بیر لە پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە نەک بەرژەوەندی گشتی و ئازادی گشتی.

بەم شێوەیە، خولی دووەمی پەرلەمانیش بە واتا **ئارێنت**ییەکەی نەبووە ئەو جیهانە هاوبەش و گشتییەی کە گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی ڕاوبۆچوونی جیاوازی تێیدا بێتە ئاراوە، واتە ببێتە پانتایی گفتوگۆ و ئاخەوتن لەسەر پرسە گشتی و ململانێی نێوان هاوڵاتیان و گەیاندنی ناڕەزایەتی هاوڵاتیان لەبەرامبەر دەسەڵاتدا. لەو بارەیەوە (**ئارێز عەبدوڵڵا**) ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان لە نووسینێکدا: "ئەندام پەرلەمانەکان بەو درەختە نایلۆنە تۆز لێنیشتووانە دەچوێنێ کە لەسەر تاقە و ڕاڕەوەکانی پەرلەماندا بێ دەنگ و چرپە فەرامۆشکراون" ئەمەش ئەوە دەردەخات، ئەوەی ئیرادەی ئەندەمانی پەرلەمانی ئیفلیج کردووە دۆخی سیاسی کۆمەڵگەی کوردییە، بیرکردنەوەیە بە ئەقڵی کەسانی دی، بەتاڵبوونەوەی هۆڵی پەرلەمانە لە ڕای جیاواز و دیالۆگی ئازادانە و بەهێمنی گفتوگۆ لەسەر یاسا مەدەنی و جۆراوجۆرەکان و ئاریشەی گشتی[4].

هەروەها ئەگەرچی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەر هاوڵاتییەک و ئەوانەشی لە بواری ڕاگەیاندن کاردەکەن، بە وەرگرتنی ڕەزامەندی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، مافی ئەوەیان هەیە ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بن، لەگەڵ گواستنەوەی دانیشتنەکان بۆ هاوڵاتیان لە ڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنەکانەوە[5]. لەگەڵ ئەوەشدا، لە خولی یەکەم و دووەمی پەرلەماندا دانیشتنەکان لە چەند حاڵەتێکی داریکراودا نەبێت پەخش نەکراون؛ هاوکات وێڕای ئەوەی کاتێک (**بزوتنەوەی گۆڕان**) لە خولی سێیەم بە ٢٥ کورسی لەناو پەرلەمان بوو بە ئۆپۆزسیۆن، ئیدی بوو بە نەریت کە پەرلەمان پانتایی گفتوگۆ و دەنگهەڵبڕین و ئاڵوگۆڕی چڕی بۆچوونی جیاواز بێت لەسەر کاروباری گشتی و فەرمانڕانی، بەڵام لەم

---

[1] ناودار زیاد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٥٧-٢٥٨.

[2] د. شۆڕش حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٣٩-٣٤٠.

[3] د. عابد خالد رسول، پێکهێنانی حکومەت لە هەرێمی کوردستاندا ئاڵنگارییەکانی ئاینده لە سایەی ئاماژەکانی دەوڵەتی قوڵدا، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە (٣٥)، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێی و قەیرانەکان، سلێمانی، نیسانی ٢٠١٩، ل٩.

[4] وەرگیراوە لە: کاوسێن بابەکر، لە پێناوی دیموکراسیدا، مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٧٢.

[5] بڕگەی دووەم لە ماددەی ٥٣ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هەمواری یەکەمی ساڵی ٢٠١٨.

خولەشدا ڕێگە بە پەیامنێران و ڕۆژنامەنووسان نەدرا بەشداری دانیشتنەکان بکەن. سەرباری ئەوەش، لە هەندێک لە شارەکاندا نوسینگەی پەرلەمان کرانەوە وەک پانتاییەک بۆ سەردان و کۆبوونەوەی هاوڵاتیان لەگەڵ نوێنەرەکانیان لە پەرلەمان، و گەیاندن و گفتوگۆکردن لەسەر داواکاری و مژارە گشتییەکان، ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ نزیککردنەوەی نوێنەرانی پەرلەمان لە هاوڵاتیان، ئەمە وێڕای بەشداریکردنی خەڵک و ئەندامانی پەرلەمان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندا بۆ هەمان مەبەست، بەڵام هەموو ئەو کەناڵانەی پەیوەندی نەیتوانیوە دەستەبەری متمانەی نێوان خەڵک و ئەندامانی پەرلەمان بکات[1].

ئەمەش مانای وایە، هێندەی ئەندامانی پەرلەمان گوزارشتیان لە بۆچوون و بەرژەوەندی حزبەکانیان کردووە و لە ژێر هەژموونی حزبیدا بوون، بە حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە، هێندە خۆیان بە نوێنەری ڕاستینە و پاڵپشتی داخوازییەکانی خەڵک نەزانیوە. لەبەرئەوە دەبینین کاتێک لە خولی چوارەمی پەرلەمان خەریک بوو لە میانەی ڕاوێژ و گفتوگۆی چڕ بە قسە و کردە بە واتا **ئارێنت**یەکەی کۆدەنگی لەنێوان زۆرینەی فەراکسیۆنەکانی پەرلەمان لەسەر هەمواركردنی (یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ سەرۆکایەتی هەرێم) وەک پرسێکی گشتی بێتە ئاراوە، هەر ئەو کۆدەنگییەی لە ڕوانگەی **ئارێنت** جەوهەری ئازادی سیاسییە، بەڵام لە ڕێی هەژموونی ماددی و هەڕەشەی حزبی لە ئەندامانی پەرلەمان نەک هەر ئەو کۆدەنگییە لەبار برا، بەڵکو بە ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمان بۆ هەولێر و بەشێک لە ئەندامانی پەرلەمان کە سەربە حزبەکانی تر بوون بەتایبەت گۆڕان و کۆمەڵ، بە فەرمانی سەرانی پارتی پەرلەمانیش بۆ نزیکەی دوو ساڵ پەکخرا[2]. کەواتە، زاڵبوونی ڕوحی دووبەرەکێ و مەیلی تاکەکەسی بەسەر دامەزراوەکان و گەشەنەکردنی ژیانی سیاسی دامەزراوەیی هۆکارگەلێکن بۆئەوەی کە سنووری نێوان دامەزراوە سیاسییەکان و حزب لەلایەکەوە و سنووری نێوان دامەزراوەکان خۆیان لەلایەکی دیکەوە دیار نەبێت، بەمەش لە پانتاییەکی ناسەقامگیری وا دا، بەشداری سیاسی هاوڵاتیان چ ڕاستەخۆ یان لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە بێت کە بە جەوهەری ئازادی دادەنرێت گەشە ناکات[3].

لەبەرئەوە بەڕای هەندێک توێژەر جیاوازی لە ئاستی نوێنەرایەتی و بەشداری هاوڵاتیان لە پەرلەمان و **(ئەنجومەنی پارێزگاکان**[*]**)**، دەگێڕنەوە بۆ سیستمی ناوەندێتی و میزاجی بەرپرسان، ئەمەش وای کردووە تا بەرەو دامەزراوەی بەرزتر بڕۆین ئاستی بەشدارییەکە نزمترە، لەبەرئەوە بەشدارییەکە لە پەرلەمان لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی بەشداری هاوڵاتیان و تەناتەت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەگەڵ پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان بەهۆی سیستمی ناوەندێتی لە بەڕێوەبردن باشترە لە ئاستی بەشدارییان لەپاڵ دامودەزگانی حکومەتدا، چونکە هاوڵاتیان پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان بە هەڵبژێردراوی خۆیان دەزانن، بەڵام ئەم بەشدارییەش سیستماتیک و ڕێکخراو نییە، و زیاتر لەسەر بنەمای پەیوەندی تاکەکەسی و میزاج و ئاستی تێگەیشتنی ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنەکان دایە[4]. کەواتە، ئەگەر پەرلەمان وەک پانتاییەک بۆ نوێنەرایەتی و بەشداری هاوڵاتیان بەکاربێنین، ئەوا وەک **ئارێنت** پێیوایە هەر جۆرە ناوەندێتییەک، گەرەنتی بەشداری هاوبەشی سیاسی خەڵک ناکات کە لە دەسەڵاتی گشیدا

---

[1] ناودار زیاد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٥٩-٢٦٠.

[2] نەبەز محمد، قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان: ڕەهەندەکانی وازهێنانی بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێم، لە کۆمەڵێک نووسەر، هەرێمی کوردستان ئاڵنگاری سیاسی و ئابووری، ژووری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، چاپخانەی ژین، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٨، ل٣٢٩.

[3] یاسین سالح، ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، چاپ و بڵاوکراوەی ڕەنج، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٩، ل٣٢٩.

[*] ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمدا نیمچە پەککەوتوون، چونکە تا خولی دووەم دەسەڵاتدارانی هەرێم بە پێی یاسای ژمارە (١٥٩)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەمواركراو مامەڵەیان لەگەڵ پارێزگا و ئەنجومەنەکانیدا کردووە، کە لە زۆربەی پایەکانی ناناوەندێتی بێبەشە، بۆ نموونە: دان بە هەڵبژاردنی پارێزگار، قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحییەکان نانێت، بەڵکو لەلایەن ناوەندەوە دادەمەزرێن. یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش، چەندین کەم و کورتی تێدایە، یەکێک لەو کەم و کورتییە دیارانە ئەوەیە: کە پەرلەمان لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران، یان سێیەکی ئەندامەکانی، دەتوانێ بە زۆرینەی ڕەها ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵوەشێنێتەوە، کەواتە، ئەمەش لەگەڵ بنەمای سەربەخۆیی یەکە کارگێڕییەکان لە پیادەکردنی دەسەڵاتەکانیاندا نایەتەوە، کە بنەمای ناناوەندێتی لەسەر وەستاوە. بڕوانە: (د. ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٩٤-٢٩٦).

[4] دانا سعید سۆفی، هەرێمی کوردستان- عێراق (بەشداری هاوڵاتیان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا، ئینستتیوتی ریفۆرم بۆ گەشەپێدان، چاپخانەی شهاب، هەولێر، ٢٠١٦، ل ل٢٩-٣٠، ٣٨.

پشـکیان هەبێـت، لەبەرئەوە بەرای ئەو گەر بمانەوێـت نـوێنەرایەتی ڕاسـتینە و بەشـداری ڕاسـتەخۆی هاوڵاتیان لە دەسەڵاتی گشتی و ژیانی سیاسیدا، دەستەبەر بێت، دەبێ پێکهاتە و سیستمە فیدڕاڵییەکان بەهێز بکرێن، چونکە تەنیا شارەکان دەستەبەری ئـازادی دەکەن. لە ئەمرۆشدا لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕووی سیاسییەوە چەندین حزبی سیاسی دروشمی سیستمی ناناوەندێتییان بەرزکردۆتەوە، هاوکات بەلای هەنـدێک تـوێژەری سیاسـی پـاش ١٥ سـاڵ یەکگرتنەوەی ئیدارە، ئەزمـوونێکی سـەرکەوتوو نەبووە، بەوەی مەیلـی دەسەڵاتی لۆکاڵی لە ڕێی ناناوەندێتی بەسەر دەسەڵاتی ناوەندێتی، بەتایبەت لە زۆنـی سـەوز بەهێزتر بووە، ئەم دابەشـکارییەش بە تەنهـا ڕەنگدانەوەی ئیـرادەی حزبەکـان نییە، بەڵکـو ڕەگێکـی قـوڵی کولتـوری و جـوگرافی و مێـژووی هەیە، بۆ ئەمەش ئەم تـوێژەرانە لە یەکێـک لە سـیناریۆکان شـیمانەی ئەوە دەکەن، دەکرێت هەرێمی کوردستان دابڕێژرێتەوە لەسەر بنەمای فیدڕاڵی بە دابەشکردنی دەسـەڵاتەکان بۆ چەنـدین ئاستی جیاواز (نیشتمانی، ئۆتۆنۆم، پارێزگاکان و قەزاکان). واتە نـاوچە ئۆتۆنۆمییەکـانیش وەک پایتەخت خاوەن پەرلەمان و حکومەتی خۆجێی بن[1].

کەواتە، ئەگەر لەڕوانگەی **ئارێنت**ەوە تەماشای پەرلەمانی کوردستان بکەین، و بە جیهـانی هـاوبەش و گشـتی بچوێنین، کە شـوێنی کـردەی ئـازاد و یەکسـانی سیاسـی بێت، کاتێـک پەرلەمـان دەبێت بەو جیهـانە واقیعە، کە توانا و هێزی لەسەر زەمینەیەک بۆ کـارلێکردن و ئـاڵوگۆڕی ڕاوبۆچوون و پەیوەندییەکان بۆ هەمـووان فەراهەم بێـت. واتە بوارێـک بێـت بـۆ ئـازادی و یەکسـانی، نەک مەیـدانێک بـۆ تونـدوتیژی و خۆسەپاندن، پانتاییەک بێت بیرۆکە و گفتوگۆکان بەشێوەیەکی گشتی تێیدا بخرێنەڕوو، بەڵام نابێت خۆمـان لەو ڕاستییە ببوێرین، وێڕایەی بوونی هەندێک دەنگ لە چەند فراکسیۆنێکی جیا جیا کە ویستویانە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵک بن و خاوەنی بۆچوونی خۆیـان بن و پەرلەمـان ببێتە پانتـایی گفتگۆی کێشـەی گشـتی، بەڵام بەگشتی هەژموونی حزب بەسەر زۆربەی ئەندام پەرلەمانەکان وایکـردووە پەرلەمـانی کوردستان بە تەواوی ئەو جیهـانە هـاوبەش و گشـتییە نەبێت کە **ئارێنت** باسـی دەکـات، لەبەرئەوە زۆربەی جـار پرسـە گشتییەکان لە دەرەوەی پەرلەمان لەلایەن حزبە سیاسییەکان یەکلادەکرێنەوە، تەنیا ئەو کـاتە بە پەرلەمانـدا گـوزەر دەکـات کە پێویسـتی بە بەرداکردنـی بەرگێکـی یاسـاییە. کەواتە تەنهـا کاتێـک دەبێت بەو جیهـانە هـاوبەش و گشـتییە، ئـازادی تێیدا ڕەنـگ بداتەوە، کە بەشداریکردنی نـوێنەرانی خەڵـک لەدەوری مـژارە گشـتییەکاندا، لەڕێـگەی گفتگۆ و ئـاخەوتن و قـایلبوون دوور لە هەر هەژمـوونێکی حزبـی و کەسـی بێت، ئەمەش وەک **ئارێنت** پێیوایە زیاتر کاتێک بەدیدێت کە سیتمی فیدڕاڵی[*] بەهێز بکرێـت، واتە پەرلەمـان و دامەزراوەکانی تری پارێزگاکان خاوەن ناناوەندییەکی نەک تەنیا ئابووری و کارگێری، بەڵکو سیاسیش بن.

## لقی دووەم: پانتایی دەرکەوتن و هاوڵاتیبوون لە هەرێمی کوردستان

وێڕای وابەسـتەیی پانتـایی دەرکەوتـن وەک ڕەهەنـدێک لە ڕەهەنـدەکانی پانتـایی گشـتی لەگەڵ چەمکـی هاوڵاتیبوون لە ڕوانگە تیۆرییەکانی **ئارێنت** دا، بەڵام لە پێناو باشتر تێگەیشتن لە مەبەستە سـەرەکییەکەمان کە ڕەنگدانەوەی ئازادییە لە پانتایی گشتیدا، ئەم لقە دابەش دەکەین بۆ دوو بڕگە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

---

[1] د. یوسف گۆران و ئەوانـی دی، ململانـێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، گۆڤاری سـەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە (٣)، سلێمانی، نیسانی ٢٠٢٠، ل ل٨، ١٠.

[*] **ئارێنـت** پێیـوایە ئەو ئەنجومەنـانەی ئێسـتا لە شـێوەی سیسـتمە فیدڕاڵییەکانـدا دەرکەوتـوون، کە لەسـەر پرەنسـیپی هاوپەیمـانییەتی لەنێـوان یەکە سـەربەخۆکاندا دروسـتبوون، لە نمـوونەی، ئەنجـومەنە شـارەوانییەکانی (١٩٥٦)ی ئەڵمانیـا و دامەزراوە فیـدراڵییەکانی ئەمریکـا کە لەسـەر بنەمـای دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکان دامەزراون، بەو شـێوەی **مادیسـۆن** پرەنسیپەکەی دۆزیـیەوە، کە بـریتیە لە دامەزرانـدنی کۆمارەکـان بە قەبـارەی گەورەتـر؛ بەڕای **ئارێنت** بە هەمـان شـێوەی ئەنجومەنە سەرەتاییەکان دروست بوون، بەڵام دەکرێت وەک شێوەی نوێی کۆمارەکان دابنرێن. لەبەرئەوە **ئارێنت** پێیوایە بۆ ئەوەی ئازادی سیاسی پیادە بکرێت، ئەوا دەبێت سیستمە فیدڕاڵییەکان بەهێز بکرێن، چونکە تەنیا شارەکان دەتوانن زەمینەی کاری سیاسی دەستەبەر بکەن، بە پێچەوانەوە هەر جۆرە ناوەندێتییەک، ڕێڕەوی سیاسـەتی سـەرەکی دەگۆڕێ بۆ سیاسـەتی ئاسایشی و بەمەش بەربەست لەبەردەم بەشداری هاوبەشی خەڵک لە دەسەڵاتی گشتیدا دروست دەبێت. بڕوانە: (لاپەڕە ٩٥-٩٦، لەم ماستەرنامەیەدا).

## یەکەم: پانتایی دەرکەوتن لە هەرێمی کوردستان و ئاستی ڕەنگدانەوەی ئازادی تێیدا

لە تیۆری سیاسی **ئارێنت** دا، پانتایی دەرکەوتن بەپێچەوانەی جیهانی هاوبەش کاتییە و تەنیا ئەو کاتە هەیە، کە تاکەکان لەشێوەی کۆبوونەوەی سیاسیدا کۆدەبنەوە بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوونی خۆیان لەسەر پرسێکی گشتی- سیاسی، بەوەی دوای بە کردەیی بوون و نواندنی قسە و کردەکان، ئیدی ئەو جوڵەیەی لە پانتایی دەرکەوتن دێنێتە بوون کۆتایی پێدێت و نامێنێتەوە، بەشێوەیەک نەک هەر بە پەرتەوازەبوونی مرۆڤەکان، بەڵکو بە نەمان و وەستانی خودی چالاکییە سیاسییەکانیش ئەو پانتاییە لەناودەچێت، ئەم پانتایەش پانتایی ئازادی و یەکسانی سیاسییە، چونکە پێیوایە ئازادی سیاسی خەسڵەتێکی فرەیی هەیە، ئەو کاتە دێتە ئاراوە، کە هاوڵاتیان بەشێوەیەکی هەماهەنگ و بە کۆمەڵ، لە ڕێگەی قسە و کردە خۆیان لە فۆرمی تایبەتی و تاکەکەسی دادەبڕن و دەبن بە بەشێک لە گشت. ئەم پانتاییەش دەکرێت فرەجۆر بێت، لە شێوەی: شۆڕشەکان، گردبوونەوە و نارەزایەتییەکانی شار، سەندیکاکانی کرێکاران، خۆپیشاندان، مانگرتن، دەربڕینی داخوازی بۆ دادپەروەری و مافی یەکسانی...هتد. لەو گۆشەنیگایەوە گەر لێتوێژینەوە لە پانتایی دەرکەوتن بکەین وەک بەشێک لە پانتایی گشتی، ئەوا لە ئەدەبیاتی سیاسی ئێمەدا زیاتر بە پانتایی گشتی ناودەبرێ و ئەو جیاکاری و ئاوێتەبوونەی **ئارێنت** لەنێوان جیهانی هاوبەش و پانتایی دەرکەوتن دەیکات کەمتر لە دەقی نووسینەکاندا لە هەرێمی کوردستاندا بەرچاو دەکەوێت، لەبەرئەوە بەر لە هەر شتێک دەبێت بپرسین: ئایا لە ڕۆژگاری ژیانی ئێمەدا شتێک هەیە کە لە پانتایی دەرکەوتن بچێت؟ بۆ ئەمەش بەڕای هەندێک توێژەر و نووسەر، بوونی گروپی جیاواز جیاواز و کۆمەڵە و ڕێکخراوە مەدەنییەکان، ژمارەیەک کەناڵی میدیایی و ڕۆژنامەوانی و نواندنی چالاکییە مەدەنییەکان لە فۆرمی خۆپیشاندن و مانگرتنی ئارام لە هەرێمی کوردستان گەر بێتوو هۆشیارانە و شێلگیرانە داکۆکی لەو چالاکییانە بکەین و برەو بەو پانتاییە بدەین ئەگەری ئەوە زۆرە کە پانتاییەکی دەرکەوتنی گشتی کارای لێ بەرهەم بێت[1].

ئەمەش دەکرێت نزیک بێت لە پانتایی دەرکەوتن بە واتا **ئارێنت**ـیەکەی، چونکە هاتنەبوونی هەر چالاکییەکی سیاسی لە هەر جۆرە کۆبوونەوەیەکی تاکەکان بەهۆی ئەو کەناڵانەوە بەرجەستەی پانتایی دەرکەوتنی کردە و قسەی ئازادی تاکەکان دەکات. لەلایەکی ترەوە هەندێک توێژەر و نووسەری تر پێیانوایە، لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا، کۆمەڵێک پانتایی کۆمەڵایەتی نوێ لە دروستبووندان کە لە جیهانی بەر لە ڕاپەڕین یان بوونیان نەبووە، یان بەو شێوەی ئەمڕۆ بوونیان نەبووە. بۆنموونە ژمارەیەکی زۆر لە چاخانە، قاوەخانە، یانە، مۆڵ، باخ، پارک، شەقام، گۆڕەپان و شوێنی گشتی نوێ دروستبوون، کە بەسەر یەکەوە بەشێکن لە نەخشەسازی و ئەندازەگیری شارەکان لە هەرێمدا، کە دەکرێت بە شوێنی یەکتربینین و گفتوگۆکردنی هاوڵاتیان دابنرێن. ژماری ئەو جۆرە شوێنانەش تا دێت ڕوویان لە زیادبوون و گەورەبوونە و تا دێت زیاتر روخساری شارە گەورەکانی کوردستان دەستنیشان دەکەن؛ لەم شوێنە تازانەدا هەم کتێب و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی جیاواز هەن، هەم پەیوەندی ئەنتەرنێتی هەیە، کە ئەو شوێنانە بە یەکتری و بە دەرەوەی خۆیان گرێدەدەن، هەمیش خەڵکێکی زۆریان تێدا کۆدەبێتەوە، ئەمە وێڕای هاتنە ئارای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان لە دەیەی دووەمی هەزارەی سێیەم. هەموو ئەو شتانە لە ڕووی تیۆرییەوە ئەگەری ئەوە بەو شوێنانە ئەدەن، کە ببن بە شوێنی هاتنەئارای قسە و پەیوەندی و گفتوگۆی جیاواز[2]. کەواتە، ڕەنگە بکرێت ئەو ڕووبەرە نوێیانەی لە پرۆسەی بەشاربوونی هەرێمی کوردستان بەشداربوون وەک چوارچێوەیەکی تیۆری بە پانتایی دەرکەوتن بەو شێوەیەی لەلای **ئارێنت** هەیە ناو ببەین، یان وەک لەلای هەندێک تیۆرسێنی تر هەیە، لەوانە: **هابرماس** بە پانتایی گشتی دیاری بکەین. چونکە مەبەستی **ئارێنت** لە دامەزراندنی شار شانۆیەکە، کە کردە و چالاکی ئازادی هاوڵاتیان تێیدا وەدیبێت، واتە مەبەست لە خودی زاراوەی شاری یۆنانی دامەزراوەیەکی مەدەنی و ئازادنە بووە، بەوەی هەمووان هەمان مافیان هەبووە لە ئاگۆڕادا سەبارەت بە چالاکی سیاسی، ئەم چالاکییەش بە پلەی یەکەم شێوەی قسەکردنی وەرگرتووە لەسەر پرسە گشتییەکان، ئەمەش بەلەلای **ئارێنت** جەوهەری ئازادی سیاسییە. بەڵام دوای ئەم پێشەکییە تیۆرییە لە ناساندنی ئەم فۆڕمانە لە پانتایی دەرکەوتن لە هەرێمی

---

[1] کۆمەڵێک نووسەر، پاڵپشتییەک بۆ ئازادی لە هەرێمی کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

[2] مەریوان وریا قانع، کۆمەڵگا و غەریبەکانی، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٨، ل ل١٩١-١٩٢.

کوردستان، پرسیار ئەوەیە: ئایا بەڕاست لە ڕووی پراکتیکییەوە ئەم شوێنە تازانە و ئەم جۆرە پەیوەندییە کۆمەڵییە و بڵاوکراوە میدیاییە، پانتایی دەرکەوتنن بە واتا **ئارێنت**ییەکەی، یاخود شتێکی جیاوازن؟ لەم دەستپێکەوە، بۆ قسەکردنێکی توێژەرانە لەبارەی پانتایی دەرکەوتن لەناو کایەی سیاسی دوای ڕاپەڕین و ئاستی ڕەنگدانەوەی ئازادی تێیدا، ڕووبەڕووی گۆشەنیگا و بۆچوونی جیاواز دەبینەوە، چونکە لە دوای ڕاپەڕین دۆخێک هاتە کایەوە، بەتەواوی لەگەڵ سەردەمی پێش خۆی جیاوازبوو، بەوەی کایەی سیاسی هەرێمی کوردستان ڕەنگاوڕەنگییەکی بەخۆوە بینی، کە سەرباری هەندێ دیاردەی شێواندن، بە دەستکەوتێکی گرنگ و مێژوویی دادەنرێت بۆ دانیشتوانەکەی. ئەم ڕەوشە جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ سەردەمەکانی تردا هەبوو، چونکە لە سەردەمانی پێشتردا تاک ڕەنگی و تاک دەنگی بەسەر کایەی سیاسیدا زاڵ بووە، بەڵام سەردەمی ڕاپەڕین، هەر لە بەراییەوە بەسەردەمی فرەڕەنگی و فرەدەنگی جیاکرایەوە، چونکە وێڕای بڵاوکراوەی جۆراوجۆر، حزبەکانیش بە ئایدیا جیاوازەکانیانەوە، خاوەنی میدیا و بڵاوکراوە تایبەت بە خۆیان بوون. ئەمەش کەش و پانتاییەکی نوێی لە هەرێمی کوردستان دروستکرد، بەوەی تارادەیەکی زۆر زەمینەیەکی لەباری بۆ دەرکەوتن و دەربڕینی ڕاوبۆچوون و گفتوگۆی ئازادانە ڕەخساند، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەرچی پاڵپشتییەکی یاسایی وەرگرت، ئەویش کاتێک وێڕای یاسای حزبەکان کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، پەرلەمانی کوردستان یاساکانی: (چاپەمەنی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣؛ کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان ژمارە ١٨ی هەمان ساڵ)ی دەرکرد[1].

بەڵام هەر زوو بەهۆی سروشتی کۆمەڵگەی کوردەواری (**خێڵەکی** و **حزبی**) کە لەژێر کاریگەری مێژووی کورد و وڵاتانی دراوسێ دابوو، بووە هەڕەشە لەسەر ئەو پانتاییە دیموکراسی و ئازادانەی لە سەرەتای چرۆکردنی دابوو، لە ئاکامدا بەهۆی شەڕی ناوخۆ پانتاییەکی توندوتیژ و چەکداری شوێنی گرتەوە[2]. بەجۆرێک لەکاتی گەرمبوونی شەڕدا، هیچ دەرفەت و پانتاییەک بۆ ئازادی گفتگۆ و ڕادەربڕینی جیاواز لە میدیاکان و بڵاوکراوەکاندا نەمایەوە، بەڵکو بە جۆرێک لە جۆرەکان کار بە سیستمی سانسۆر کرا و ڕێگە لە بەکارهێنانی ئەو دەبڕین و ئامرازانەی ڕاگەیاندن گیرا کە ئازادانە گوزارشتی پێ لە نارەزایەتی و ئاریشە گشتییەکانی هاوڵاتیان دەکرد، بەمەش هەلی هاتنە بوونی پانتایی دەرکەوتن لە میانەی قسە و نواندنی چالاکی ئازادانە خەفەکرا[3].

چونکە دەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی حزبی وا دروستبوون ڕۆڵێکی خراپیان دەگێڕا لە گەرمکردنی شەڕ و ململانێی نێوان حزبە سیاسییەکان، ڕێگریکردن لە ئازادی ڕادەربڕین و بەلاڕێدابرنی هاوڵاتیان، بە شێوەیەک ئەم ڕەوشە حزبییە ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر پانتایی گشتی دانا، بەجۆرێک هەژموونی حزبی بەتەواوی باڵی بەسەر پانتایی گشتیدا کێشابوو، بەڕادەیەک دەکرێت بڵێین شتێک نەمایەوە بەناوی پانتایی گشتی ئازادەوە؛ ئەم دۆخەش تا ساڵی (٢٠٠٣) درێژەی کێشا، چونکە تا ئەو کاتە جگە لە میدیای حزبی، ڕاگەیاندنی ئەهلی یاخود سەربەخۆ نەیتوانیبوو بەشێوەیەکی سروشتیانە و پیشەییانە بە کردەوە ببێتە ناوەند و پانتایەک بۆ دروستکردنی قسە و بۆچوونی هاوڵاتیان لەسەر پرسە گشتییەکان[4]. ئەمەش لەگەڵ بۆچوونی **ئارێنت** نایەتەوە، چونکە پانتایی دەرکەوتن لە ڕەوشیکی وا دروست نابێت کە لەژێر هیچ هەژموون و بارێکی توندوتیژی دابێت، بەوەی کردەی سیاسی ئازاد پێویستی بە کەشێکە، هاوڵاتیان بتوانن تێیدا گوزارشت لە شوناس و بکەربوونی خۆیان بکەن نەک لە سێبەری حزب و دەسەڵاتی تاک ڕەنگدا بێت، بەجۆرێک تاکەکان گۆشەگیر بکات و دایان ببڕیت لە پانتایی گشتی، کە نەتوانن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و کردەی ئازادانە بنوێنن و لە دەوری پرسێکی گشتی کۆببنەوە و لە ڕێگەی گفتگۆ و قایلکردن بگەن بە ڕێکەوتن. بەڵام لە دوای پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) گۆڕانکاری و وەرچەرخان لە کۆمەڵگەی کوردیدا هاتە کایەوە، چونکە بەلانی کەم هەرێمی کوردستان لەو بارودۆخە

---

(1) هێرش ڕەسول، ئازادی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا (١٩٩٣-٢٠٠٧)، چاپ و بڵاوکردنەوەی چاودێر، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٩، ل ل١١٨-١٢٠.

(2) ڕۆزە عەبدوڵڵا شەریف، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٠١.

(3) هێرش ڕەسول، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٢٢-١٢٣.

(4) ناودار زیاد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩١.

دۆگماییەی پێشتر تووشی ببوو، ڕزگاری بوو[1]. ئیدی لێرەوە چەندین دەزگای ڕاگەیاندنی جۆراو جۆر هاتنە ئاراوە، هاوکات بەهۆی هاتنەناوەوەی هێڵەکانی پەیوەندی و ئینتەرنێت بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردی وایکرد دەرفەتی دروستبوونی پانتایی دەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی ئازادی تێیدا کارا و کاریگەر بێت، چونکە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان بەزۆری بەرنامەیەکی سیاسی ئاراستەیان دەکات، ئەمەش وایکردووە هاوڵاتیان لە پانتایی دەرکەوتندا زیاتر لە دەوری پرسە سیاسییەکان کۆببنەوە تاوەکو لایەنەکانی دیکە[2]. بەجۆرێک وێرای ئەوەی هەندێک لەو دەزگایانە سەر بە حزبە سیاسییەکان بوون، و هەر یەکە لە هەوڵی ئەوەدا بوو گوزارشت لە ڕاوبۆچوونی حزبەکەی خۆی بکات، بەڵام ململانێ و جیاوازی بیروبۆچوون و بەرژەوەندی ئەو حزبانە لەگەڵ یەکتردا، تارادەیەک و بەشێوەیەکی سنووردار دەرگایەکی لەبەردەم ڕای ئازاد و جیاوازدا کردە. هەروەک ئەم دەرفەتە بەهاتنەکایەی دەزگای ڕاگەیاندنی ئەهلی و سەربەخۆ کاریگەری زیاتر بوو، و زیاتر بیروڕای ئازاد تێیدا ڕەنگی داوەتەوە[3].

لەلایەکی ترەوە تۆڕە کۆمەڵاتییەکان وەک پانتاییەکی مەجازی یان گریمانەکراو، ئەو پانتاییە نوێیەیە بۆتە هاوتەریبی دنیای هەقیقی، بەجۆرێک بەستێنی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان، بەتایبەت فەیسبووک بۆتە ئاراستەکەری ڕاگەیاندنە جیهانییەکان، بەڕادەیەک هیچ ڕاگەیاندنێک ناتوانێت پێیەکی لەناو سۆشیاڵ میدیا نەبێ، چونکە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەموو کەسێک دەتوانێت بەکاری بهێنێت بۆ بڵاوکردنەوەی نووسین، وێنە، ڤیدیۆ و پەخشی ڕاستەوخۆ. هەروەها بەهۆیەوە بەکارهێنەرانی دەتوانن لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەردەدڵی خۆیان بکەن و بەئاسانی لەسەر هەموو بابەتێکی گشتی ناو کۆمەڵگە گفتوگۆ بکەن و ببنە هۆکاری دروستکردنی ڕای گشتی لەسەر هەر بابەتێک بیانەوێت، چونکە بەپێچەوانەی میدیا لە بڵاوکردنەوەی بابەت و ڕووداوەکان ناچێتە ژێر هیچ فلتەرکردنێک[4]. واتە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەموو کەسێک لەخۆدەگرێت، بەتایبەت هاوڵاتی و کەسانی ئاسایی، ئەمەش بە تێگەیشتنی **هابرماس** پانتاییەکی گشتی کراوە و یەکسانە بۆ هەمووان، ئەگەرچی بە پانتاییەکی مەجازی دادەنێت، بەڵام بەڕای **هابرماس** تەواوکەری پانتایی گشتی کلاسیکییە، چونکە وێڕای گریمانەییەکەی، کەچی بە گونجاوترین شوێن دادنرێت، بەوەی دەتوانرێت لە ماوەیەکی کەمدا زۆرترین ژمارەی خەڵکی لە دەوری پرسێکی گشتی کۆبکرێتەوە[5]. لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێ، کە ئەگەرچی **ئارێنت** هاوسەردەمی ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەژیاوە، هیچ نووسینێکیشی لەسەر ئەو بابەتە نییە، بەڵام مادام تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو پانتاییە گشتییە یەکسانەن، تاکەکان دەتوانن تێیدا بەشێوەیەکی یەکسان دەرکەون و گفتوگۆی پرسە سیاسییەکان بکەن، ئەوا ئازادی وەک کردەی کارلێک و پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیدا لەهەمبەر پرسە سیاسی و گشتییەکان بە واتا **ئارێنت**ییەکەی شیانی بەرجەستەبوونی هەیە.

بەپێی ئامارێکی سەرەتای ساڵی (٢٠١٩) نزیکەی (١٩) ملیۆن کەس، کە دەکاتە (٤٨%)ی دانیشتوانی عێراق- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێنن؛ هەرێمی کوردستانیش لە چوارچێوەی ئەو ڕێژەیە دایە، کەوابوو بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت فەیسبووک، وەک پانتایی دەرکەوتن و بەشداری لێهاتووە لە ژیانی سیاسی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا بە واتا **ئارێنت**ییەکەی. ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکانی ناوخۆ و کوردانی نیشتەجێی دەرەوەی کوردستان وابەستەی ئەو جیهانە مەجازییەن و پەیوەستن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تێیدا گەنگەشە و گفتوگۆی پرسە گشتی و سیاسییەکان دەکەن، کە لە میانەیدا زۆر جار ڕای گشتی بەمەبەستی دروستکردنی فشار لەسەر دەسەڵات لەهەمبەر پرسێکی سیاسی و گشتی دێتە ئاراوە، کە دەنگدانەوەیەکی خێرا و ڕاستەوخۆی هەیە. هەروەها لەم ساڵانەی دواییدا بەشێکی زۆری

---

[1] کۆمەڵێک نووسەر، پرسە سیاسی و قەیرانە هاوچەرخەکان، ژووری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، چاپخانەی پیرەمێرد، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٥، ل٤٣.

[2] ناودار زیاد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٢.

[3] هێرش ڕەسول، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٢١-١٢٢.

[4] چرۆ شەهاب، فۆبیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ماڵپەڕی Knwe. Org، ڕێکەوتی سەردان کردن ٢٠٢١/٢/١٨، لەم بەستەرەدا بەردەستە:

https://knwe.org/?p=22359 .

[5] ناودار زیاد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٩٤-٢٩٥.

ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ، تەلەفزیۆنەکان، گروپەکانی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، دەزگا حکومی و ناحکومییەکان و پارتە سیاسسەکان و تەنانەت سەرکردەی هەندێک لە هێزە سیاسییەکان، چالاکوان، ڕۆشنبیران، هونەرمەندان، یانە، ئۆتێل، کۆمپانیا، ناوەند و سەنتەرەکان...هتد، هەموویان لەناو ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەدا ئامادەن و زۆر جاریش دەرکەوتە سەرکییەکانی ژیان و کارکردنیان و پەیوەندیان بە پرسی سیاسی و کۆمەڵگاوە لە ڕێگەی ئەم تۆڕانەوە ڕوودەدەن[1].

دەکرێت بڵێین لێرەدا بایەخی تیۆریەکەی **ئارێنت** بۆ پانتای دەرکەوتن دەردەکەوێت کە پێیوایە ئازادی سیاسی تەنیا لە میانەی کۆبوونەوەی تاکەکان لە دەوری پرسە سیاسی وگشتییەکان، بەوەی چڕبوونەوەی تاکەکان و گروپ و ڕێکخراوە مەدەنی و دەزگاکانی ڕەگایاندن بە دەزگای حزبی و ئەهلی لە دەوری بابەتی سیاسی زیاتر لە بوارەکانی تر لە ڕێگەی گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی ڕاوبۆچونی جیاواز لە میانەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ گەیشتن بە ڕایەکی گشتی و یەکگرتوو، نزیکە لەو شتەی کە **ئارێنت** لە پانتایی دەرکەوتن سەبارەت بە قسە و کردەی سیاسی ئازاد شیکردنەوەی بۆ دەکات.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێت دان بەو ڕاستییە دابنێین، لەبەرئەوەی ڕاگەیاندنی کوردی پشت ئەستوور نییە بە پاشخانێکی کولتوری دیموکراسی ئەوتۆ، بۆیە هێشتا ماوەیەتی باشتر بخەملێ و بچەسپێ؛ لەبەرئەوە لەم ڕووەوە دوو تێڕوانینی جیاواز دەبینرێت: ئازادی ڕادەربڕین بەو واتایە دێ کە مافی ئەوەت هەبێ هەموو شتێک بڵێیت و بڵاوی بکەیتەوە، ئەمەش زیاتر تێگەیشتنی میدیای ئەهلی و سەربەخۆیە، بەتایبەت میدیای ئۆپۆزسیۆن لە دوای (٢٠٠٩)، ئەویتر ئەوەندە کۆت و ڕێسا لەبەردەم ئازادی ڕادەربڕین دادەنێت، پانتاییەکی کەمی بۆ دەهێڵێتەوە، ئەمەش بۆچوونی بەشێکی دەسەڵاتی سیاسی و میدیای حزبییەکانە، بەڵام جەوهەری ئازادی هیچ کام لەو دوو بۆچوونە ناگرێتەوە، بەڵکو ئازادی بەندە بە بەرپرسیارێتییەوە، بەرپرسیارێتیش ڕێگە بە پێشێلکردنی ئازادی ئەوی دی نادات[2]. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەو خاڵە بدەین، کە وێڕای بوونی یاسای ئازادی ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)، بەڵام لایەنە حکومییەکان و تەنانەت دادوەرەکانیش زۆرجار بە پێچەوانەی یاساکە مامەڵە دەکەن، هەر لە پەلکێشکردنی ڕۆژنامەنووسان بۆ بنکەکانی لێکۆڵینەوە بەبێ ئاگاداری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و پەنابردنی دادوەران بۆ هەندێک یاسای دیکە تا دەگاتە ڕادەی هەڕەشەی کوشتن و تیرۆرکردنی ڕاستەقینەی میدیاکار و ڕۆژنامەنووسان، بەڵام هەندێک کاتیش ڕۆژنامەنووسان پابەندی بنەما ئاکارییەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی نەبوون کە لە یاساکەدا هاتوون[3]. هەروەک چۆن تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش هاوشێوەی زۆرێک لە وڵاتان زۆر جار لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەبنە جێگەی ترس و دڵەڕاوکێی بەرپرسان و دەسەڵاتداران، بۆیە ئەم پانتاییە هەندێک جار وەک هەر شوێنێکی ئەم دنیایە ڕووبەڕووی داخستن دەبێتەوە؛ وەک ئەوەی لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی باشوور و ناوەڕاستی عێراق و هەرێمی کوردستان بەدیمان کرد[4]. بەڵام ئەمە نەیتوانی دۆخی نارەزایەتی خەڵکی ئارام بکاتەوە و دەنگە ئازادەکان بێدەنگ بکەن.

هەروەها ئەو کەش و کرانەوەیەی لە دوای (٢٠٠٣) هاتە ئاراوە تەنیا لە ڕاگەیاندن و ئینتەرنێت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سنووردار ناکرێت، بەڵکو چەندین فۆرمی تر لە پانتایی دەرکەوتن و ڕەنگانەوەی ئازادی تێیدا بەرجەستەبوون، لەوانە: چەندان گروپ و ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی جۆراوجۆر دەرکەوتن، بەجۆرێک سەرەڕای بوونی تێبینی زۆر لەسەر ڕۆڵی ڕێکخراوەکان بەهۆی بوونی سێبەری حزب بەسەریانەوە، بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەیەک کە ئینستتیوتی ڕیفۆرم بۆ گەشەپێدان (RID) لە ساڵی (٢٠١٦) ئەنجامیداوە؛ ئامادەیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە هەرێمی کوردستاندا زەمینەیەکی لەباریان بۆ بەشداری هاوڵاتیان لە دروستکردنی بڕیاردا ڕەخساندووە، بەتایبەت لەو پرسانەی کە هێزە سیاسییەکان گرنگی تەواویان پێنەداوە، وەک پرسەکانی (ژینگە، منداڵان، ژنان، مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی)، بەڵام لەهەمان کاتدا، بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی تێنەگەیشتن لە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ل٢٩٦-٢٩٧.
[2] هێرش ڕەسول، سەرچاوەی پێشوو،ل ل١١٧-١١٨.
[3] د. ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٤٦-٢٤٨.
[4] چرۆ شەهاب، سەرچاوەی پێشوو.

مەدەنـی هەم لەلایەن هاوڵاتیـان و دامەزراوەکـانەوە، هەم لەلایەن ڕێکخراوەکـان خۆشـیانەوە، بەپێـی ئەو ڕاپرسییەی تـوێژینەوەکە ئەنجامیداوە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنـی نەیانتوانیوە ئەو پانتایی و کەناڵە ڕاستەقینە بن لەنێوان هاوڵاتیان و دامەزراوەکان بۆ فراوانکردنی ئاستی بەشداری گشتی[1].

هەروەها هـاتنە ئـارای چەنـدین خۆپیشـاندان و ڕێپێـوان و مـانگرتنی ئـارام، بـۆ گوزارشـت کـردن لە بیروبۆچـوونی خۆیـان[2]. بەجۆرێـک هـاتنە سـەر شـەقام و ڕێپێـوان و خۆپیشـاندان لەلایەن تـوێژی مامۆستایان، خوێندکاران، کرێکاران...هتد وەک کردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ناڕەزایەتی دەربڕینی هێمنانە دەسەڵات ناچار بکات ئاوڕ لە خواست و داواکانیان بداتەوە. بۆ نموونە، لە هەولێر و سلێمانی خوێندکاران وەک هێزێکی هۆشیاری ناو کۆمەڵگە لە چەندین کات و شوێنی جیاوازدا بەمەبەستی دروسـتکردنی فشـار و ئەنجامـدانی گۆڕانکـاری لە کـاری بەڕێـوەبردنی گشـتی دوور لە ویسـتی حزبـی ڕێپێوانی ئارام و مەدەنییانەیان ئەنجامدا، بگرە لەنـاو ڕێکخـراوە حزبییەکانیشدا کادیرانێک پەیدابوون کە هەستیان بەوە دەکرد، وەک پێویست نەجوڵاون و پێویستیان بە گۆڕانکارییە. ئەو تێڕوانینەی لەو کاتەدا لەناو ڕێکخراوە مەدەنی و گروپی خوێندکاراندا دروست بوو ئەوە بوو، کە ئێمە پێویستمان بە شۆڕش نییە بۆ ڕوخانـدنی هـیچ هێزێـک، بەڵکـو جـوڵەیەکی سیاسیمان دەوێت لە پانتـایی دەرکەوتنـدا فشـار بکـات و حکـومەت و حـزب و لێپرسـراوان ناچـار بە ئەنجامـدانی ریفـۆڕم و گۆڕانکـاری بکـات. هەر ئەو فشـار و گوتارەی خوێندکاران بوو کە مەسەلەی تەزکییەی حزبی خستە ژێر پرسیار و دواجار لێپرسراوانی ناچار بە لابردنی کرد. ئیدی لەو ڕۆژگارانەدا خوێندکاران و توێژی مامۆستایان لە هەموو کاتێک زیاتر لە کۆڕو سەمینار و مێزی گفتوگۆ مشتومڕی زۆریان لەسـەر پرسـی هەمەجۆر دەهێنـایە باسـەوە، ئەمـانە هەموویـان شـتی دڵخۆشـکەر بـوون وەک سـەرتای قۆناغێـک لە دەرکەوتـن و بـرەودان بە پانتـایی دەرکەوتـن و ڕەنگـدانەوەی ئـازادی تێیـدا[3]. ئەگەر لەبەر ڕۆشـنایی ئەو جـوڵەیە لە پانتـایی دەرکەوتـن لە هەرێمـی کوردستان سەرنج بدەین دەبینین کە فەزایەک بە واتا **ئارێنت**یەکەی بۆ خۆدەرخستن دوور لە توندوتیژی و لە میانەی قسە و کردەی و گفتوگۆ و دروستبوونی کۆدەنگی، وەک ستایلێک لە ئازادی کە گوزارشتە بۆ بـوونی مـرۆڤ چەکەرە بـوو، بـوونێکی سیاسـیانە و گشـتی نەک تـایبەتی، ئەو بـوونەی وا دەکـات مـرۆڤ دیاردەیەکی جیهانی بێت، کە لە کردەی بەکۆمەڵدا دەرکەوێ، بەشێوەیەک کراوە بێت بەسەر پانتایی گشتیدا.

بەڵام ئەم ئاراسـتەیە هەروا بەهێمنـی و سـەربەخۆ نەمـایەوە، بەڵکـو بەهـۆی بـوونی گەنـدەڵی و ئەنجامنەدانی چاکسازی پانتایی دەرکەوتن ئاراستەی تری وەرگرت، بەتایبەت لە ساڵی (٢٠٠٧) بە دواوە، ئەمەش بەڕای هەنـدێک کەس بـۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کاتێـک زمـانی دیـالۆگی کـراوە و ڕاشـکاو، نەیتـوانی دەسەڵات بترسێنێت، ئەوا خەڵک بڕوا و متمانەی بە هەڵچوون و تووڕەیی و توندوتیژی زیاد ئەکات[4]. ئەم ئاراسـتیە لە خۆپیشـاندان و ڕێپێـوان زیـاتر کاتێـک دەرکەوت کە خۆپیشـاندانی سـاڵی (٢٠١١) و خۆپیشاندانەکانی ساڵانی دواتر کوشتنی هاوڵاتیانی نـاڕازی لێکەوتەوە، لەبەرامبەردا دەسـەڵاتی دادوەری نەیتوانی تۆمەتباران بخاتە بەردەم لێپرسینەوەی سزایی[5]. ئەمەش یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی سیستمی فەرمانڕانی لە هەرێمی کوردستاندا، بەوەی لەکاتێکدا لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پرەنسیپێکی گرنگی دیموکراسییە بۆ بەرگرتن لە ستەمگەری، بەڵام سێ دەسەڵاتەکە لە هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە بە کـاری سـەرەکی و تەواوی خۆیـان هەسـتن و تێکەڵییەکـی زۆر لەنێوانیانـدا هەیە، زۆرجـاریش دەبینـین دەسـەڵاتی جێبەجێکردن دەستدەخاتە نێو کـاری دوو دەسـەڵاتەکەی تر، ئەمە وێڕای ئەوەی حکومەت خۆشی لەژێر ڕەخنەی هەژمـوونی حزب بەسـەریەوە گیرۆدەیە[6]. ئەمەش دەگەڕێتەوە بـۆ گرفتێکی بنەڕەتـی، ئەویش نەبـوونی دەسـتوورێکی تـایبەت بە هەرێمـی کوردسـتانە، کە تائێسـتا وەک یەکێـک لە سیما هەرە دیارەکـانی

---

[1] د. دانا سعید سۆفی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.
[2] د. صالح ملا عمر عیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٣٣-٢٣٤.
[3] ڕێبین هەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٦٠-١٦١.
[4] فازیل کەریم ئەحمەد، ئیدارەی کوردی ئاستەنگ و ئاسۆی گەشەکردن، مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)، چاپخـانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ل٢١٤-٢١٥.
[5] مەریـوان عەلـی، وەختێـک بـۆ خۆپیشـاندان، گۆڤـاری ڕۆشـنگەری، ژمـارە (٣٠)، ناوەنـدی ڕۆشـنگەری بـۆ لێکۆڵینەوەی فیکری و سیاسی، سلێمانی، بێ ساڵی چاپ، ل ١٠٤.
[6] هێرش رەسول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤.

ناسەقامگیری دەستووری و دواجار ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەبینرێت، چونکە دەستوور بەڵگە نامەیەکی یاساییە، وەڵامی چەند پرسیارێک دەداتەوە: دامەزراوەکانی چۆن کار دەکەن؟ دەسەڵاتەکان چۆن دابەش دەکرێن؟ کامانەن ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردنی یاساکان؟ ئەو بەهایانە چین کە دەستتور پشتیوانیان دەکات؟ ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی هاوڵاتیان چین؟[1].

ئەمەش لە خودی خۆیدا یەکێکە لە کێماسییەکانی نەهاتنەدی ئامانجی ڕاپەرینی (١٩٩١). لێرەدا ئەو ڕوانگەیەی **ئارێنت** خۆی ئاشکرا دەکات، کە دەڵێت: هیچ شتێک لە شۆڕش و ڕزگارکردنێک مەترسیدارتر نییە، کە بەدوایدا دەستوورێک بۆ دامەزراندنی پانتایی گشتی و پیادەکردنی ئازادی تێیدا نەیەتەدی، هەروەها **ئارێنت** لەسەر زاری **جۆن ئادمس** ئاماژە بۆ ئەوە دەکات" نە ڕێسا ئاکارییەکان، نە دەوڵەمەندی، نە پرەنسیپە سەربازییەکان، نە هەموو ئەوانە بەیەکەوە بەبێ بوونی دەستوورێک دەستەبەری ئازادی ناکەن. ئیدی لێرە بەدواوە خۆپیشاندانەکان لە هەرێمی کوردستان لە ڕیڕەوی ڕاستەقینەی خۆی لایانداوە، چونکە لەبری هاتنە ئارای خۆرسکانەی خۆپیشاندانەکان وەک پانتایی دەرکەوتنی کردە و قسەی ئازاد، شەقام و گۆرەپانەکان زیاتر سیمای ململانێی سیاسی حزبی و قۆستنەوەی نارەزایەتی خەڵک بۆ بەدەستهێنانی دەنگ لە هەڵبژاردنەکان بەکار هات، ئەمەش کاتێک زیاتر سەلمێنرا کە ئۆپۆزسیۆن لە ساڵی (٢٠١٤) بەشداری لە دەسەڵات کرد، ئیدی لێرەوە بێ متمانەیی لەنێوان شەقام و حزبە سیاسییەکان دروست بوو (بەوانەی بەردەوام لە دەسەڵات بوون و ئەوانەشی سەردەمێک ئۆپۆزسیۆن بوون)، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر پانتایی دەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی ئازادی جێهێشتووە، چونکە دەنگی نارازی و جوڵەی شەقامی سست کردووە و پێیوایە خەڵک هێزە سیاسییەکان هێندەی مەرام و مەبەستی گەیشتن بە دەسەڵاتیان هەیە هێندە، پەرۆشی ماف و داخوازی و ئازادییە گشتییەکانیان نین. لەبەرئەوە بەڕای هەندێک نووسەر ئۆپۆزسیۆن کەسێکە ئیش بۆ ئازادی و مافەکانی خۆی و خەڵک دەکات، لە کۆمەڵگەی کوردیدا پێویستمان بەجۆرێک لە ئۆپۆزسیۆن نییە وەعزی ئەخلاقی بدات، بەڵکو پێویستمان بە ئۆپۆزسیۆنێکە لەسەر ماف و ئازادی قسە بکات و بەهێزەوە ئەو مافە بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان[2]. ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەمان ئەو ڕوانگەی **ئارێنت**ـە کە نابێت خۆپیشاندان و ڕاپەرین و هەر جۆرە دەربڕینێکی نارەزایەتی ئامانج لێی گرتنەدەستی دەسەڵات بێت، چونکە دەسەڵات لەخودی خۆیدا دەبێت هی خەڵک بێت و سەرچاوەی ڕەوایی لە خەڵکەوە بێت، نەک چەند گروپێک و دەستەبژێریک قۆرخی بکەن، بەڵکو دەبێت ئامانج لە پانتایی دەرکەوتن بەرجەستەکردنی ئازادی و یەکسانی سیاسی بێت.

لە کۆتایدا خاڵێک دەشێت سەرنجی بخەینە سەر ئەوەیە، کە هەندێک لەو فۆرم و پێکهاتانەی پانتایی دەرکەوتن وەک (چاخانە، قەوەخانە، یانە و زانکۆ...هتد)، کە بەشێکی بەرچاوی فەزای نوێی ناو شارەکانی هەرێمی کوردستانن، لە ڕووی چییەتییەوە جیاوازن لە پانتایی دەرکەوتن بە واتا **ئارێنت**ـیەکەی، چونکە زۆربەی ئەو شوێنانە تاڕادەیەکی زۆر تایبەتین و بێ پەیوەندین لەگەڵ ژیانی گشتیدا، بەوەی بەزۆری ئەوانەی دەچنە ئەو شوێنانە خەڵک نین بە واتا سۆسیۆلۆجییەکەی، بەڵکو کەسانی سەر بە نوخبەی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندەکانن، وەک چینێک کە پێگەیەکی گرنگی لەناو ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی هەرێمدا هەیە، ئەمانە لەم شوێنانەدا گەشە بە پەیوەندییە ئابووری و خێزانییەکانیان دەدەن، بەتایبەتی کوڕ و کچە گەنجەکانیان بەیەکتری دەگەن، تەنانەت هەندێک جار زمانی قسە و گفتوگۆش لەو شوێنانەدا کوردی نییە و بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن. ئەم پانتاییانەش ئێمەیەکی تایبەت دروست دەکات، کە ئێمەیەکی داخراوە، ئەمەش بۆتە مایەی هاتنە ئارای چەندین پێوەری جیاکاری و نایەکسانی کە لە ڕێگەیەوە بەهاکانی مرۆڤی پێ بپێورێت، ئەمە جگە لەوەی پانتاییەکی گشتی پارچە پارچە و لێکدابڕاوی دروستکردووە، بەجۆرێک چەندین گروپ و دەستە و خێزان لە هەرێمی کوردستاندا لە هەوڵی دروستکردنی پانتایی گشتی تایبەت بە خۆیانن[3]. ئەمەش ئێمەیەکی گشتی نییە بە واتا **ئارێنت**ـیەکەی، بەڵکو نزیکە لەو ڕەخنەیەی کە **ئارێنت** لە پانتایی گشتی مۆدێرنەی دەگرێت، کە پێیوایە پانتایی گشتی مۆدێرنە مردووە، بەوەی خێزانە کارگێڕی و ئابوورییەکان دەستیان گرتووە بەسەر پانتایی گشتیدا، چونکە ئەو پلەبەندییەی لە ژیانی چالاکدا

---

[1] ڕۆزە عەبدوڵڵا شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٧.

[2] بەختیار عەلی، ئۆپۆزسیۆن و پۆرترێتەکانی، چاپخانەی کارۆ، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٩، ل٢٢٩.

[3] مەریوان وریا قانع، کۆمەڵگا و غەریبەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٠٣، ٢٠٥-٢٠٦.

هەیە، گۆڕاوە بۆ دڵبەندی ڕەنج و کار، و کردە وەک جەوهەری ئازادی سیاسی بنەما بنچینەکانی خۆی لەدەستداوە.

کەواتە، لە کۆتایدا دەکرێت بگەین بەو دەرئەنجامەی، ئەگەرچی لە هەرێمی کوردستاندا، بەهۆی فۆڕمە هەمەجۆرەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی پانتایی دەرکەوتن تاڕادەیەکی زۆر کولتوری گفتوگۆ و ئاڵ و گۆڕی ڕاوبۆچوونی جیاوازی لەسەر پرسە سیاسییەکان بەخۆوە بینیوە، بەڵام ئەگەر خۆپیشاندانەکان بەرگێکی شارستانیانە و مەدەنی بە بەردا بکرێت، کە لەگەڵ فەزای ئازادی و یەکسانی سیاسی گونجاو بێت، جوگرافیای پانتایی دەرکەوتن لە تاپۆکردنی گروپ و خێزانە دەسەڵاتدار و سەرمایەدارەکان ڕزگار بکرێت وەک گشتێک بۆ هەموان یەکسان بێت، ئەوا پانتایی دەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی ئازادی تێیدا کرانەوەی زیاتر بەخۆوە دەبینێ.

## دووەم: چەمکی هاوڵاتیبوون و ڕەنگدانەی لەسەر ئازادی لە هەرێمی کوردستاندا

لە چەمکی هاوڵاتیبوونی **ئارێنت** دا، وەک لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەمان پێدا، بەشداری سیاسی هاوڵاتیان لەسەر بنەمای مەدەنی پایەی سەرەکی هاوڵاتیبوونە، نەک شوناسی نەتەوەیی، نەژادی و ئایینی و ئایینزایی، چونکە هاوڵاتیبوون تایبەتمەندییەکە، کە تاکەکان لەگەڵ چوونە ناو پانتایی گشتی بەدەستی دێنن و تەنیا بە دامەزراوە سیاسییە دیموکراتییەکان گەرەنتی دەکرێت، ئەمەش خۆی لە پیادەکردنی ئازادی سیاسی لەگەڵ هاوشێوەکانیدا دەبینێتەوە. ئێمە پێشتر لە باسی یەکەمی ئەم بەشەدا، ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە کورد و پێکهاتەکانی تری هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا مافی هاوڵاتیبوونیان بێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایی پێڕەوا نەبینراوە. ڕاستە لە دەستوورەکانی عێراقدا هاتووە کە هاوڵاتی ئێمە بێ گوێدانە هیچ جیاوازییەکی نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی و ئایینزایی بە گوێرەی یاسا، هەمووی یەکسانە و هیچ جیاوازییەک لەنێوان دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتدا نییە و ئاڵای ئازادی و دیموکراسی بەسەر سەرمانەوە دەشەکێتەوە؛ سەیر و سەمەرە ئەوەیە، لە سەردەمی ڕژێمی بەعسیشدا هەمان بڕگە لە دەستووری کاتیدا چەسپێنرابوو، بەڵام نە دەسەڵاتدار نرخی پوشێکی بۆ دانابوو، نە هاوڵاتیش قولاپی پەنجەی لەو مافە بنچینەییە گیر کردبوو[1]. بەجۆرێک لە ساڵی (١٩٢١)، تا ڕوخاندنی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣) کەمینەی سوننە فەرمانڕانی کردووە و مافەکانی کورد و شیعە و پێکهاتەکانی تری پێشێل کردووە، بەتایبەت هەمیشە کوردیان بە دوژمن و هاوڵاتی پلە دوو حساب کردووە[2].

لە دوای (٢٠٠٣)ش هەم قسەکردن لەسەر هاوڵاتیبوون لە چوارچێوەی عێراقی نوێدا، هەمیش مشتومڕ لەسەر هاوڵاتیبوون لەسەر ئاستی هەرێم هاتە ئاراوە، لەسەر ئاستی عێراقدا تێڕوانیک دروست بوو کە چ لەناو عەرەب و چ لەناو کورددا دەبێت قسە لە جۆرێک ئینتما بکەین کە واتا یاساییەکەی هاوڵاتیبوون دەهێنێتەوە و پیادەی دەکات، واتە هاوڵاتیبوونێک چەندە ئەرکمان دەخاتە سەرشان، هێندەش زیاتر مافمان بداتێ، و دەبێت لەهەردوولاوە دژی ئەو نەزعە ناسیۆنالیزمە هەڵوێستە وەربگرین کە بەردەوام نەتەوە لە جەنگێکەوە بۆ جەنگێکی تر دەبات. لەبەرئەوە بەڕای هەندێک، دەبێت بەدبینی کورد بەرامبەر عەرەب بەوەی قۆناغێکی درێژ بەدەستی ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە چەوساوەتەوە کاڵ بکرێتەوە، واتە با ئێمە عێراقی بین، بەڵام عێراقییەک کە ئینتمای سروشتیمان بۆ نەتەوە و زمانێک لێ ناسێنێ[3]. بەڵام ئێمە لێردا تەنیا سەرنجمان لەسەر هاوڵاتیبوونە لە هەرێمی کوردستان، چونکە مەسەلەی هاوڵاتیبوون لە عێراقی نوێ بابەتێکی ترە، هەم ناکرێت لەم توێژینەوەیە هەقی خۆی پێبدەین، هەمیش لە دەرەوەی سنووری توێژینەوەکە دایە. لەو گۆشەنیگایەوە گەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)، دەبینین، سەرەڕای ئەوەی

---

[1] فازیل کەریم ئەحمەد، من بڕوام بە دیموکراسی کوردی نییە!، مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٥، ل ل٢٥-٢٦،

[2] ئەنوەر حسێن، عێراقی مۆزایک و ناهۆمۆجین- پانۆڕامای مێژووی سیاسی نوێی عێراق (٢٠٠٣-٢٠١٠)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل١٠.

[3] ڕێبین هەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩.

سەرجەم هاوڵاتیان بە تەواوی نەتەوە و ئیتنییەکان بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان کە پێشتر ئاماژەمان پێدا مافی بەشداری لە هەڵبژاردنیان بۆ فەراهەم بوو، بەڵام پرەنسیپی دابەشکردنی دەسەڵات بەشێوەی پەنجا بە پەنجا و دابەشکردنی زۆربەی پۆستەکان لەسەر بناغەی لایەنگری حزبی وایکرد دەزگاکانی حکومەت لە جیاتی ئەوەی هی هەموو هاوڵاتیان بێت زیاتر مۆرکی حزبی بوونی لێدرا، ئەمە وێرای ڕوحی عەسکەرتاری و بایەخدانی زیاتر بەخۆ پرچەککرن و کۆکردنەوەی چەک، میلیشیات باڵی بەسەر ژیانی سیاسی و پارتایەتیدا کێشابوو، لەبەرئەوە ئەو هەوڵ و کۆششانەی لاوازدەکرد کە بە مەبەستی جێبەجێکردنی یاسا و پێدانی هەلی یەکسان لەبەردەم هاوڵاتیاندا بەپێی توانا و ئاستی هاوڵاتیبوون بۆ وەرگرتنی ماف و لێپرسراویەتی لە دامەزراوە حکومییەکاندا دەرکەوتن[1].

ئەمەش پێچەوانەی ئەو ڕوانگەیەی **ئارێنتە**، بەوەی بەشداری سیاسی هاوڵاتیان لەسەر بنەمای مەدەنی یەکگرتوویی هاوڵاتیان زیاتر دەکات. لە دوای (٢٠٠٣)ش لە (**پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان**[*])دا، بەپێی بەندی ٩ برگەی یەک، هەموو هاوڵاتیان دوور لەهەر ئینتمایەکی نەتەوەیی و ئیتنی و ئایینی مافی ئازادی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕۆشنبیری هەیە؛ هەمووان یەکسانن و دەتوانن دەسەڵاتی سیاسی و هەر پۆستێکی کارگێری و سیاسی بەدەستەوە بگرن و لەم بارەیەوە هیچ بەربەستێک لەبەردەمیاندا نییە. هەوڵاتی سەر بەهەر ئیتنیکێک بێت مافی پیادەکردنی ئازادییە سیاییەکانی هەیە، لەوانە: بەشداری لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان و دروستکردن و بەشداریکردن لە حزب و کۆمەڵە و ڕێکخراوی سەربەخۆ، ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی تری سیاسی ئازادانە[2]. بەڵام لە واقیعدا هاوڵاتیبوون تەنها کاتێک دێتەدی کە تاک کولتوری خێڵ تێپەڕێنێ، لەکاتێکدا بەپێچەوانەوە لە ڕابردوو و ئێستاشدا، نوخبەی سیاسی کورد و حزبی کوردی ئاوێزانی خێڵ و کولتوری خێڵ دەبێتەوە و ئەم دوو پێکهاتە مۆدێرنە و سروشتییە ئاوێزانی یەکتر دەبن، بەجۆرێک کولتوری خێڵ درێژە بە تەمەنی خۆی دەدات و تاکی ئەم هەرێمەش لەکاتێکدا هەست دەکات بوونی ئەو لە ڕێگەی حیزب و خێڵ و کەلتووری خزم و خاهیەوە زیاتر مافەکانی پارێزراوە، و ڕێگەی بەهێزترە، لەبەرئەوە زیاتر خۆی دەخاتە نێو بۆتەقەی خێڵەوە و دەکەوێتەوە تازەکردنەوەی ئینتما بۆی[3].

لەکاتێکدا گەر بمانەوێت هاوڵاتیبوون لە هەرێمی کوردستان بچەسپێنین، ئەوە دەبێت داکۆکی لە ڕەگەزە پێویستییەکانی هاوڵاتیبوون بکەین، کە جگە لە دیموکراسی بریتین لە (مەدەنیەت، عەلمانیەت، زامنکردنی مافی کەمینە، فرەیی دەسەڵاتی یاسا و ئاڵوگۆڕ لە دەسەڵاتدا بەشێوەیەکی دەوری)، هەروەها ڕەگەزێکی

---

[1] د. شێرزاد نەجار، د. عەبدولحەمید بەرزنجی و چنار سەعد عەبدوڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥.

[*] (**پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان**)، دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و پێکهێنانی حکومەت لە ساڵی (١٩٩٢)، بوونی دەستورێک بۆ ئەوەی سروشتی سیستمی فەرمانڕانی دیاری بکات و پەیوەندی هاوڵاتیان بە دەستەی فەرمانڕان ڕێکبخات، هەروەها ئەرک و مافە سەرەکییەکانی هاوڵاتیان تێیدا ڕەنگ بداتەوە، بوو بە پێویستییەکی بنەڕەتی. هەر ئەو کاتە (**دکتۆر نوری تاڵەبانی**) پرۆژەی دەستورێکی ئامادە کرد، بەڵام هەر وەک پرۆژە مایەوە و نەخرایە بواری جێبەجێکردن. پاشان لە ساڵی (٢٠٠٢)، لیژنەیەکی ١٠ کەسی پرۆژەیەکی دەستووریان ئامادە کرد، و لە ڕۆژی (٢٠٠٢/١١/٧)، بە بڕیاری ژمارە ٢٦ پەرلەمان پەسەندی کرد، دواتر لە ساڵی (٢٠٠٥) پەرلەمان لیژنەی پێداچوونەوەی بۆ پێکهێنا، بەڵام کارەکانی بە ناتەواوی مانەوە، پاشان جارێکی تر پێداچوونەوەی لە ١٦٠ ماددە بۆ ١٢٢ ماددە، بێ ئەوەی ئازادی و دیموکراسی و مافی نەتەوەکان و بەرژەوەندی گەلی کوردستان دەستکاری بکرێ، بەڵکو فراوان کران، لەناو هۆڵی پەرلەمانی لە (٢٠٠٩/٦/٢٤) خوێندنەوەی بۆ کرا و لە کۆی ٩٧ ئەندامی ئامادە بوو، ٩٦ ئەندام دەنگی بۆ دا، و بڕیار بوو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٥) بخرێتە ڕاپرسی، بەڵام بەهۆی پۆزش هێنانەوەی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕاپرسییەکە دواخرا. پاشان لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بەهۆی ناکۆکی لایەنە سیاسییەکان لەسەر شێوازی سیستمی فەرمانڕانی، لیژنە بۆ هەموارکردنەوەی دروستکرا، بەڵام کارەکانی لیژنەکە بە نیوەچڵی و ناتەواوی مایەوە، لە ئێستاشدا جارێکی تر قسە و باس لەسەر هەموارکردنی لە ئارادایە. بڕوانە: (خلیل عبدالله، سیستمی سیاسی لە سویسرا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٣-١٤) و (تاریق جامباز، قۆناغەکانی نووسینەوەی دەستووری هەرێم و مافی نەتەوەکان، گۆڤاری داد، ژمارە (٢)، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٣، ل ل٦، ٨-٩) و (عەونی بەزاز، یاسای پەسەندکردنی دەستوری هەرێمی کوردستان- عێراق، چاپخانەی تەبایی، هەولێر، ٢٠١١، ل٧).

[2] د. صالح ملا عمر عیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٤.

[3] شوان محمد محمود، دیموکراسی لەنێوان حزب و کولتوری خێڵدا، گۆڤاری مەدەنیەت، ژمارە (٩-١٠)، مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، چاپخانەی داناز، ساڵی دووەم ٢٠٠١، ل١١٨.

تری هاوڵاتیبوون لەسەر ئەم هاوکێشەیە وەستاوە: سنووردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت.......کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی لێدەکەوێتەوە؛ سنووردارکردنی دەسەڵاتی گرووپی بەرژەوەندیدار.......دادپەروەری لێدەکەوێتەوە؛ سنووردارکردنی دەسەڵاتی زۆرینە.......دەستەبەرکردنی مافەکانی کەمینەی لێدەکەوێتەوە؛ سنووردارکردنی دەسەڵاتی حزبی یان داموودەزگای دەسەڵاتی حزبی و میلیشیات و سەربازی یان خێڵ و بیروباوەڕێکی داریکراو.......هاوڵاتیبوونی لێدەکەوێتەوە[1]. کەواتە هاوڵاتیبوون هەستکردنە بە بەرپرسیارێتی و ئەمانەت و ئەنجامدانی هەموو ئەو شتانەی کە بەرژەوەندی گشتی لە پێناوی پاراستنی ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ دەیخوازێت، بەمەش هاوڵاتی کارا و چالاک دێتە ئاراوە، کە وای لێدەکات ببێتە بکەرێکی کاریگەر لە ژیانی گشتیدا. دانانی کاریگەریش لەسەر ژیانی گشتی بەوە دەبێت بەشداری لەدانانی یاساکان و دەرکردنی بڕیارەکان لە ڕێگەی بەشداری سیاسییەوە بکەن[2].

لێرەوە ئەگەر ئەمە بێتەدی، ئەوە یەکێک لە ڕوانگەکانی تیۆری **ئارێنت** لەمەڕ هاوڵاتیبوون دەردەکەوێت، بەوەی بە بۆچوونی **ئارێنت** بەرژەوەندی گشتی ئاماژەیە بۆ ئەو جیهانە گشتییەی کە ئێمە لە پلەی هاوڵاتیبوون تێیدا هاوبەشین، تەنیا بە تێپەڕبوونی بەرژەوەندی تایبەتی خۆمان دەتوانین بەدوایدا بڕۆین و لێی بەهرەمەند بین. بەڵام بەڕای هەندێک نووسەر کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی یەکسان و دادپەروەر نییە بەو واتایەی دەزگاکان و چوارچێوە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایە هاوڵاتیان وەک بوونەوەری یەکسان ببینن و مامەڵەیان بکەن، بەبێ گوێدانە ئینتمای ناوچەیی و سیاسی و خێزانی و بنەماڵەیی و دەوڵەمەندی و هەژاری و ...هتد ئەم چوارچێوانە، ئیدی لە چوارچێوە سیاسییەکانەوە بیگرە بۆ چوارچێوە بیرۆکراسییەکان و لەوانیشەوە بۆ چوارچێوە ئایینی و ئەخلاقییەکان، بە جۆرێک هاوڵاتیان و گرووپەکانیش دەخەنە پەیوەندی بونیادی نایەکسانەوە[3]. بۆ نموونە حزبە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان لە پێناوی بە دەستهێنانی بەرژەوەندییە حزبییە تەسکەکانیان و ململانێی نێوانیاندا پەنا دەبەنە بەر داموودەزگا نەریتییەکانی وەک: خێڵ، بنەماڵە و ناوچەگەرێتی و ...هتد. بەمەش لەبری پتەوکردنی دامەزراوە سیاسییە دیموکراسییەکان، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، سەروەری یاسا، کە ئەمانە دەستەبەری چەمکی هاوڵاتیبوون و ئازادییەکانی دەکەن، هاوڵاتیان تێکەڵ بە ململانێیەکی دوور لە بەرژەوەندی گشتی و مەدەنی دەکەن[4].

بەڵام بەڕای هەندێک نووسەری تر زوو بێت یان درەنگ پێویستە هاوڵاتیبوون بگەڕێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگای ئێمەش، هاوڵاتیبوونێک کە تەنها ماف و دەسەڵات و سیاسیبوون لەلای کەمینەیەک نەبێت بۆ هەتاهەتایی، کە نەیانتوانیوە پێبنێنە قۆناغێکی باڵاترەوە کە هاوڵاتیبوونیانە وەک مرۆڤێک[5]. ئەمەش بەوە دەکرێ کە بەرپرسێکی حزبی و وەزیرێک و کوڕی ناودارێک، لە هەموو بوارێک و هەموو شوێن و هەموو کاتێکدا، لەگەڵ هەر تاکەکەسێکی ئاسایی بە یەک چاو و چۆنیەک تەماشا بکرێت و دەرفەتی بەشداری سیاسی بۆ هەموان وەک یەک بێت، کە ئەمەش گوزارشتە لە دەستەبەری ئازادی بۆ هاوڵاتی لەسەر بنەمای مرۆڤ بوون نەک ئینتمای حزبی و خێڵ و بنەماڵە و ناوچەگەری[6]. بەڵکو دەبێت جەخت لەسەر یەکسانی و ئازادی و دادپەروەری بۆ یەکە یەکەی هاوڵاتیان بکرێتەوە، ئەوەش بە دامەزراندی دامەزراوە دیموکراتییەکان دەبێت، دیموکراتییەک تێیدا ئینتما تەنها ئەرکمان لێ داوا ناکات، بەڵکو مافیشمان

---

[1] پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، هاوڵاتیبوون/ دەسەڵات/ بەشداری سیاسی، لە بڵاوکراوەکانی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، زنجیرە (٩)، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٤، ل ل١٠-١١.

[2] ڕێکخراوی دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی (CSI)، پێکەوە گرێدانی حکومەت و هاوڵاتی، چاپخانەی رەهەند، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٦، ل١٢٦.

[3] مەریوان وریا قانع، کۆمەڵگا و غەریبەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٢.

[4] د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، ئاوڕدانەوەیەک لە پەیوەندی نێوان پارتە سیاسییەکان ورێکخراوە جەماوەریی و پیشەییە دیموکراسییەکان لە کوردستاندا، گۆڤاری شیکار، ژمارە (١٥)، چاپ و بڵاوکردنەوەی پەیمانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان، بێ شوێنی چاپ، پایزی ٢٠١٦، ل١٧.

[5] کەمال محەمەد، چەمکی هاوڵاتیبوون بە واتا نوێیەکەی، ماڵپەڕی وتاری کورد، ٢٠٢٠/٨/١٢، ڕێکەوتی سەردان کردن ٢٠٢٠/١١/٤، بەردەستە لە:

https://www.wtarikurd.info/2020/08/12/-.

[6] دیداری حەکیم کاکەوەیس لەگەڵ ئەمجەد شاکەلی ئەنجامی داوە، ئەوەی نابێ بگوترێ دەبێ بگوترێ، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٠٨.

دەداتێ، تەنها داوای شەهیدبوونمان لێناکات، بەڵکو باسی مافی ژیانمان دەکات، تەنها گوێڕایەڵمان ناکات، بەڵکو دەشمانهێنێتە قسە و شانسی یەکسانی سیاسیمان فراوان دەکات[1].

ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە **ئارێنت** پێداگری لەسەر دەکات سەبارەت بە چەمکی هاوڵاتیبوون، چونکە پێیوایە هاوڵاتیبوون بەوە دەکرێت کە تاک ئامادەیی هەبێت لە پانتای گشتیدا، کە تێیدا پیادەی ئازادی سیاسی بکات، ئەویش تەنیا بە دامەزراوە سیاسییە دیموکراسییەکان گەرەنتی دەکرێت. لە کۆتایدا دەکرێت بڵێین، ئەگەرچی پرسی هاوڵاتیبوون لە هەرێمی کوردستان چەند هەنگاوێک چۆتە پێشەوە، کە هەرگیز ناتوانین هاوڵاتیبوون لە دوای ڕاپەڕین بە پێش ڕاپەڕین بەراورد بکەین، بەڵام دەبێت دان بەو ڕاستییەش دابنێین کە هێشتا چەمکی هاوڵاتیبوون لە هەرێم بەتەواوی بە واتا **ئارێنت**یەکەی نەڕسکاوە، بەڵام گەر ئینتمای خێڵ و حزب و بنەماڵە و ناوچەگەرێتی کەم بکرێتەوە، بەجۆرێک کە هاوڵاتی بەرژەوەندی گشتی لە حزب و خێڵ و پەیوەندی خزم و خاهیەوە نەبینێتەوە، دامەزراوە سیاسییە دیموکراتییەکان و پانتایی گشتی فراوان بێت، ئەوا ئەگەری گەشەکردنی چەمکی هاوڵاتیبوون و ئازادییەکانی زیاتر دەبێت.

---

[1] ڕێبین هەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٥٨-١٥٩.

## دەرئەنجام

لە کۆتاییدا، پشت بەست بەوەی لەم توێژینەوەیەدا خراوەتەڕوو، کۆمەڵێک دەرئەنجام هاتوونەتە ئارا، کە دەکرێت گرنگترینی ئەو دەرئەنجامانە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتبکەینەوە:

١. بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی زمانەوانی، وشەی ئازادی واتای ئەوەیە مرۆڤ هەست بە بوونی خۆیی و نەبوونی ترس و گوشار و ستەمی دەرەکی لەسەر ژیان و ڕەفتارەکانی بکات.

٢. ئەگەرچی لە ڕووی زاراوەیی پێناسەیەکی گشتگیر بۆ چەمکی ئازادی نییە، بەڵام بەگشتی دەکرێت دوو جۆر واتای زاراوەیی بۆ چەمکی ئازادی دەستنیشان بکرێن، ئەوانیش: یەکەمیان، ئازادی جێبەجێکردن؛ بریتییە لە هەبوونی توانای ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کارێک بێ زۆرلێکردنی دەرەکی. دووەمیان، ئازادی هەڵبژاردن؛ واتای هەبوونی توانای تاک لەسەر هەڵبژاردن و جێبەجێکردنی ئامانجەکانی بێ ئەوەی ملکەچی فشار و پاڵنەرە دەروونییەکانی بێت.

٣. بەپێی مێژووی هزری سیاسی و فەلسەفەی سیاسی، چەمکی ئازادی لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەت-شارەکانی یۆنان و کۆمارەکانی ڕۆمانی کۆن دەرکەوت، کە تییدا ئازادی واتای یەکسانی بەشداری هەموو هاوڵاتیان (**پیاوانی ئازاد**) لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی دەگەیاند، بەڵام لە ڕووی هزرییەوە تێڕوانی فەیلەسوفان بۆ ئەو چەمکە جیاواز بوو، بەگشتی زیاتر واتای پەیوەندییەکی خودی و تەنیایی (**ئازادی ئیرادە**) دوور لە جیهانی واقیعی بەدەستەوە دەدا.

٤. چەمکی ئازادی لە هزری سەدەکانی ناوەڕاستدا، زیاتر لە چوارچێوەی فەلسەفەی مەسیحی و ئیسلامیدا خۆی بینیوەتەوە. بەشێوەیەک لە فەلسەفی مەسیحی کاتۆلیکی لەنێوان ئازادی ئیرادەی کردن و نەکردن دابوو، بەوەی ئیرادەی ڕەها بۆ مرۆڤ بوونی نییە، وەک ئەوەی فەیلەسوفانی دێرین باوەڕیان پێبوو، چونکە پێیانوابوو مرۆڤ وابەستەی ئیرادەی خودایە، لە کاتێکدا هزرمەندانی ڕیفۆرمی ئایینی داکۆکییان لە ئازادی هزر و ئەقڵ دەکرد، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ئازادییە مەدەنی، چاپەمەنی و دەربڕین و پێشکەوتنی زانست و سەربەخۆی تاک لە سەردەمی نوێدا هەبوو. لە هزری ئیسلامیشدا، لە ڕوانگەی ڕەوتە سەلەفیەکاندا مرۆڤ لە هەڵبژاردن و کردن و نەکردنی هەر کارێک خاوەنی هیچ ئیرادە و توانایەک نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە ئیرادە و هەڵبژاردنی خودایە، بەڵام بەپێی بۆچوونی ڕەوتی موعتەزیلە، مرۆڤ بەرپرسیاری هەموو کردەوەکانیەتی، چونکە خودا ئەقڵی پێبەخشیوە کە ئیرادەی ئازادی هەڵبژاردن و توانای ئەنجامدانیانی هەبێت. هاوکات لە دەقی قورئانی و وتەی پێغەمبەر د.خ و پێشەوا سەرەتاییەکانی ئیسلامیشدا ئازادی ئایینی و دەربڕین تاڕادەیەکی زۆر بوونی هەبووە.

٥. بەگشتی ئازادی لیبراڵی ئازادییەکی تاکەکەسییە، و گوزارشتە لە پاراستنی ژیانی تایبەتی تاک لەبەرامبەر دەستێوەردانی دەوڵەت یاخود کەسانی دیکە (**ئازادی نێگەتیڤ**)، کە جیایە لە واتای ئازادی سیاسی، واتە لە چوارچێوەی پێداویستی تاکەکەسیدا دەمێنێتەوە، لەبەرئەوە واتای ئازادبوونە لە شتێک نەک ئازادی بۆ شتێک.

٦. ئازادی لە تیۆری مارکسیزمدا، بە واتای یەکسانی هاوڵاتیان لە خێر و سەرچاوەی داهاتەکان دێت، ئەویش لەسایەی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستدا دێتەدی، لەبەرئەوە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاری و قۆناغی سۆسیالیزم، و تەنانەت کردەی ڕادیکاڵی شۆڕشیش لە تیۆری مارکسیزمدا واتای ڕزگاربوون لە ستەمی کۆمەڵایەتی و پێداویستییە سروشتییەکان و نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی و دواجار نەمانی چینایەتی دەگەیەنێت.

٧. وێرای جیاوازی لەنێوان هزرمەندانی ڕەوتی پارێزگاری کلاسیکی و ڕاستڕەوە نوێییەکان سەبارەت بە نایەکسانی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان، نەریت، ئایین، بەها کۆمەڵایەتییەکان، دەوڵەتی بەهێز و دەوڵەتی لانیکەم (**الحد الأدنی**)دا، بەڵام هەندێک لە هزرمەندانیان بەتایبەت هزرمەندانی ڕاستڕەوی نوێ، جەخت لەسەر یەکێتییەک لەنێوان باڵادەستی کۆمەڵایەتی و ئازادی ئابووری دەکەنەوە؛ ئازادی هاوڵاتیانیش بەوە دەبێت کە پشکیان لە دەسەڵات هەبێت.

٨. چەمکــی ئــازادی لە تیــۆری ئەنارشــیزمدا لەســەر ئــاوێتەیەکی لیبراڵــی لە ئــازادی تاکەکەســی و کۆمۆنیســتی لە کــۆمەڵگەی یەکســان لە ڕووی ئــابوورییەوە وەســتاوە، بەوەی ئــازادی واتە ژیــانی بــێ زۆرلیکــردن و گوشــار، بەوەی دەســتێوەردانی دەوڵەت هەم وەک نەهێشــتنی چەوســاندنەوەی چینــایەتی و بەخشینی ڕوخسارێکی مرۆڤانە بە سەرمایەداری دەبینێ، هەمیش وەک شێواندنی **(بازاڕی ئازاد)** دەبینێت.

٩. **ئارێنت** لە ڕەخنەی بۆ مۆێرنە دێتە سەر ڕوانگە تیۆرییەکانی، کە تێیدا مرۆڤ بە نامۆبوون بە جیهان وێنا دەکات، بەوەی هەوڵدان بۆ بژێوی ژیان جێگەی کاری داهێنەرانە و کردەی سیاسی گرتۆتەوە و مرۆڤی زیاتر بێ سیاسەت و بێ جیهان کردووە، لەلایەکی ترەوە جیهانی مۆدێرن وەک جیهانی دابەشکراو بە چەندان **(دەوڵەت- نەتەوە)** وێنا دەکات، کە تێیدا شوناسی سیاسی مرۆڤ وەک ئەندامی نەتەوە کۆتایی بە شوناسی مرۆڤ وەک مافی هەبوونی ماف هێناوە، بەڕادەیەک بێبەشبوون لەو ئەندامێتییە واتای بێبەشبوونە لە هەموو مافێک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەڕای **ئارێنت**، ئەگەر پانتایی گشتی لە هێرشی ئابووری و بژێوی ڕزگار بکرێت، هێشتا بواری کردەی ئازادی سیاسی هەیە.

١٠. لە ڕوانگەی **ئارێنت**ەوە، تۆتالیتاریزم لە چوارچێوەی نازیزم و ستالینیزمدا دیاردەیەکی مۆدێرنەیە، و جیاوازە لەو پۆلێنانەی لە فەلسەفەی سیاسیدا فۆڕمەکانی ستەمگەری، دیکتاتۆری، دەسەڵاتی هەڕەمەکی و دەسەڵاتی ڕەوا لەخۆدەگرن، چونکە تۆتالیتاریزم بزوتنەوە یان حزبێکی خاوەن ئایدۆلۆجیای گشتگیرە، تیرۆر و باڵادەستی بەسەر سەرجەم هۆیەکانی توندوتیژی و سەرچاوە مۆدێرنەکانی ئابووریدا هەیە، کە لە ڕێگەیەوە هەموو بوارەکانی ژیان کۆنترۆڵ دەکات و کۆمەڵگە لەناو دەوڵەت و دەوڵەتیش لەناو حزبدا دەتوێنێتەوە. بەمەش سیاسەت لە شوێنی گفتوگۆ دەگۆڕێ بۆ تەندوتیژی، تۆقاندن، کوشتن، گۆشەگیرکردن و تەریکخستنی تاکەکان لە پانتایی گشتی و لەناوبردنی مەودای ئازادی و ژیانی سیاسی هاوبەش.

١١. دۆخی مرۆیی ڕووبەرێکی فراوانی لە ڕوانگە تیۆرییەکانی هزری **ئارێنت** داگیرکردووە، چونکە جیاکارییەکە لەنێوان سێ چالاکی مرۆیی کە جیهانیان دروست کردووە، ئەوانیش: یەکەمیان، ڕەنج (Labor)ە؛ چالاکییەکە پەیوەستە بە خۆبژێوی، کە مرۆڤ و ئاژەڵیش تێیدا هاوبەشن و تەمەنی کورتە. دووەمیان، کار (Work)ە؛ کارێکی تاکەکەسی و ناسروشتییە، جەوهەری شارستانیەتی مرۆڤە و بەپێچەوانەی ڕەنج خاوەن تەمەنێکی درێژە. سێیەمیان، کردە (Action)یە؛ بەرزترین چالاکی مرۆڤە و بەتەنیا نایەتەدی، بەڵکو بە ئامادەبوون لەگەڵ هاوڵاتیانی دیکە لە دۆخی فرەیی و یەکسانی لە پانتایی گشتیدا دێتەبوون، کردەش خۆی لە ئامادەبوون لە پانتایی گشتی و قسەدا دەبینێتەوە.

١٢. **ئارێنت** خاوەن بۆچوون و ڕوانگەی تایبەت بەخۆیەتی لەبارەی چەمکی ئازادی لە تیۆرە سیاسییەکەیدا، کە بە یەکێک لە ڕەخنەگرانی هزری فەیلەسوفانی کۆن، ڕێبازی فەلسەفەی مەسیحی، هزرمەندانی پەیمانی کۆمەڵایەتی، تیۆری سیاسی و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی مۆدێرنە، بەتایبەت تیۆری لیبراڵیزم دەدانرێت. بۆ نموونە: **ئارێنت** کردە و قسە وەک چالاکی ئازادی سیاسی سەردەخات، کە لە میانەی کۆبوونەی تاکەکان بۆ گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی ڕاوبۆچوونی جیاواز لە پانتایی گشتیدا لەهەمبەر کێشە و پرسە گشتییەکان بە ئامانجی گەیشتن بە کۆدەنگی دێتە ئاراوە. بەمەش ئازادی ئیرادە لە هزری فەیلەسوفانی کۆن و ڕێبازی فەلسەفی مەسیحی تێدەپەڕێنێت، چونکە ئازادی ئیرادە لە شێوەی جیهانێکی خودی دابڕاو لە هەر کارلێکێک لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەمێنێتەوە. هەروەها دانانی ئازادی بە ئاسایش و دڵنیایی لەلایەن هزرمەندانی پەیمانی کۆمەڵایەتی تێدەپەڕێنێت، چونکە چالاکیگەلێکن لە دەرەوەی سیاسەت ڕوودەدەن. هاوکات ئازادی نێگەتیڤ تێدەپەڕێنت، چونکە ئازادی تاکەکەسی لە تیۆری لیبراڵیزم کلاسیکی، هەندێک لە لیبراڵە نوێیەکان، ئاراستەی لیبرتاری، ئەنارشیستە تاکخوازەکان و ڕاستڕەوی نوێ لە تیۆری پارێزگاران دەستەبەری بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە دەسەڵات و کاروباری گشتی ناکەن، بەڵکو ئازادی گەلێکن کە جگە لە واتای ڕزگاربوون لە پێویستی سروشت، کۆمەڵایەتی و ئابووری، و پاراستنیان لە دەستێوەردانی دەرەکی واتایەکی تری نییە. ئەمە وێڕای ئەوەی تیۆری مارکسیزم و ڕەوتی کۆمۆنیستی لە تیۆری ئەنارشیزم تێدەپەڕینت، چونکە ئازادی لە تێڕوانینی ئەواندا تەنیا جەخت لەسەر بەهای کارکردن و یەکسانی لە داهاتەکان دەکاتەوە.

١٣. **ئارێنت** پێیوایە سیاسەت ئازادییە، کردەی سیاسیش پانتایی پیادەکردنیەتی، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە تاکەکان بتوانن پانتایی تایبەتی تێپەڕینن و پێکەوە پانتایی گشتی کردە و قسە دروست بکەن، لەبەرئەوە ئازادی سیاسی، ئازادی کۆیە نەک تاکەکەسی، چونکە کردە لە دۆخی فرەیی مرۆیی لە ڕێگەی بەستنی پەیوەندی و نواندنی کردە و گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لەسەر پرسە گشتییەکان بەدیدێت.

١٤. **ئارێنت** کردەی سیاسی تایبەت دەکات بە پانتایی گشتی و هاوڵاتیبوونەوە، ئەمەش بەوە دەبێت کە تاکەکان بتوانن و وەک بکەری سیاسی گوزارشت لە شوناس و بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەو بڕیارانە بکەن کە پەیوەستن بە کاروباری گشتییەوە، بەمەش لە بری ئامرازی توندوتیژ، زمان و گفتوگۆ دەبن بە ئامرازی بەشداری هاوبەش و یەکسان لە ژیانی سیاسیدا، چونکە کردەی سیاسی لە ناخی خۆیدا فرەیی و یەکسانی هەڵگرتووە. لەبەرئەوە دەسەڵات لە بازنەی ناچارکردن دەگۆڕێت بۆ قەناعەتپێکردن و شێوەیەکی کۆ و ئاسۆیی وەردەگرێت بۆ گەیشتن بە کۆدەنگی، هەر ئەم هێزە کۆیەش دەبێتە سەرچاوەی ڕەوایی دامەزراوە سیاسییەکان.

١٥. **ئارێنت** پێیوایە شۆڕش کردەیەکی ئازادە، نەک کردەیەک بۆ ڕزگارکردنی تاکەکان لە گرفتەکانی بژێوی و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئەوەی تیۆری ماکسیزم، ئەنارشیزم و بزوتنەوە سۆسیالیستییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو ڕوحی شۆڕش و ئامانجەکەی بونیادنانی دەستوور و حکومەتێکی نوێیە، کە وەک کایەیەک تێیدا لە ڕێگەی گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی ڕای جیاواز و بەشداری تاکەکان لە کاروباری گشتیدا پیادەی ئازادی سیاسی بکرێت؛ چونکە بەبێ هێنانەدی پانتاییەکی گشتی کە هەمووان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە تێیدا یەکسان بن شۆڕش هیچ واتایەکی نابێت. بۆیە لە دیدی **ئارێنت** دا شۆڕشی ئەمریکا شۆڕشێکی سیاسی بوو، چونکە پەیوەست بوو بە دامەزراندنی حکومەتێکی کۆماری فیدراڵی و پیادەکردنی ئازادی سیاسی، لەکاتێکدا شۆڕشی فەرەنسا بەرەو شۆڕشێکی ناسیاسی شکایەوە، چونکە لە ئامانجی ئازادی پۆزەتیڤەوە گۆڕا بۆ ڕزگارکردنی حەشامەت لە هەژاری و پێداویستی کۆمەڵایەتی، بەمەش سیستمێکی دیکتاتۆری بەرهەم هێنا.

١٦. چەمکی ئازادی بەر لە ڕاپەڕینی (١٩٩١) لە باشووری کوردستاندا، سروشتێکی بەرنگاری و خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی هەڵگرتبوو، ئەم سروشتەش لەلایەکەوە پەیوەست بوو بە شۆڕش و خەباتی چەکداری، لەلایەکی ترەوە پەیوەست بوو بە خەباتی مەدەنی لە ڕێگەی خۆپیشاندان و ڕاپەڕین و دانوستان بە درێژایی (بیستەکان تا هەشتاکان)، لەبەرامبەر پاوانخوازی دەسەڵات و بێبەشکردنی کورد وەک کەمینەیەک لە مافە سیاسی و مەدەنییەکان و تایبەتمەندی هاوڵاتیبوون، بەو شێوەیەی کە **ئارێنت** وێنای دەکات، واتە وەک بکەرێکی سیاسی و بەشدار لە پانتایی گشیدا، لەسەر بنەمای مرۆڤ بوون (مافی خاوەن ماف) بەبێ هەڵاوێرکردنی نەتەوەیی، ئیتنی، ئایینی و ئایینزایی. بەڵام لەلایەن حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەوپەڕی توندوتیژییەوە هەموو ئەو هەوڵ و چالاکییە سیاسییانە سەرکوتکراون.

١٧. پەنابردنی کورد بۆ شۆڕشی چەکداری لە باشوری کوردستاندا، هەستێکی دەمارگیری یاخود حەزکردن بە شەڕ نەبووە، بەڵکو هەوڵێکی ناچاری بووە، لەپێناو دانپێدانانی سیاسیدا، بۆئەوەی وەک شوناسێکی جیاواز لە شوناسی داسەپاو مامەڵەی هاوڵاتی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام بەکارهێنانی توندوتیژی لەبەرامبەر ئەو خواستەی کورد لە پێناوی ئاسایشی دەوڵەتدا، بەتایبەت لە سەردمی بەعسدا دژ بە خەڵکی کوردستان. ئەمەش وەک **ئارێنت** دەڵێت: دانانی لۆجیکی ئاسایشە لە جێگەی لۆجیکی سیاسەت، گۆڕانی سیاسەتە لە شوێنی دیالۆگ و یەکسانی نێوان خەڵکی و فریی سیاسی بۆ گۆڕەپانی توندوتیژی، گۆڕانی دەسەڵاتە لە چوارچێوەی کردە و قسەی ئازاد بۆ ئامرازی زۆرلێکردن و کۆنترۆڵکردن و ملپێکەچکردن.

١٨. ئەو ڕوانگە تیۆرییە هزریانەی **ئارێنت** لەبارەی دەسەڵاتی تۆتالیتاریزم خستونیەتەڕوو، تاڕادەیەکی زۆر لە دەسەڵاتی حزبی بەعس لەهەمبەر کۆمەڵگەی عێراقی بەگشتی و ناوچە کوردییەکان بەتایبەتی ڕەنگییانداوەتەوە، بەوەی لەلایەکەوە خۆی لە ئایدیۆلۆجیا ناسیۆنالیزمی عەرەبی و بەعسیزم، باڵادەستی حزب بەسەر دەوڵەت، حکومەت، بونیادە ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی و کولتورییەکان و کورتکردنەوەی دەسەڵات لە دەستی **سەدامدا** بینیوەتەوە، بەجۆرێک ڕێگە بەهیچ فرەییەکی سیاسی و بیروڕای جیاواز نەدراوە، تەنانەت تیرۆر کەرەستەی لەناوبردنی هەرکەسێک بووە کە بەرهەڵستی ئەو دەسەڵاتەی

کردبێت. لەلایەکی ترەوە تەریکخستنی تاکەکان، کە جگە لە هاتنە ڕیزی حزبی بەعس هیچ ئینتمایەکیان نەمێنێ، لەناوبردنی پانتایی گشتی، جیاوازی و مەوداکانی ئازادی، لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی لە ژمارەیەکی زۆر لە شیعەکان و کوردانی فەیلی و بێبەشکردنیان لە مافی هاوڵاتیبوون و کۆمەڵکوژییان، پیادەکردنی تۆقاندن، کوشتن، بەعەربکردن، ڕاگواستن، کیمیاباران، کردەی ئەنفال، ئۆردوگای زۆرەملێ، جینۆساید، وێرانکردنی لادێ و شار بەسەر کورد و ناوچەکانیاندا لە سیما دیارەکانی ئەو ڕژێمە بوون.

١٩. دامەزراندنی دامەزراوە سیاسی و یاساییەکان لە ساڵی (١٩٩٢) لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک وەک هەرێمێکی دیفاکتۆی خۆبەڕێوەبەری کوردی لە عێراقدا، کە وەک جیهانێکی هاوبەش و گشتی پیادەکردنی ئازادی سیاسی تێیدا ڕەنگیدایەوە، بەرئەنجامی خەبات و ئازایەتی خەڵکی باشووری کوردستان لە پشتکردن لە ژیان و ماڵی خۆیان و ڕاپەڕینیان بەڕووی دڕندەیی و ستەمی سیاسی ڕژێمی بەعس لەپێناو ڕزگاربوون و بونیادنانی ئازادیدا، هۆشیاری شۆڕشگێرانەی بەرەی کوردستانی سەبارەت بە کاتی گونجاوی ئەنجامدانی ڕاپەڕینی (١٩٩١)، ئامادەکردنی یاسای ژمارە ١ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی و جێبەجێکردنی). هەموو ئەمانەش بەشێکن لەو ڕوانگە تیۆرییانەی **ئارێنت** بۆ تیۆری شۆڕش و ئامانجەکەی شیکاری کردوون.

٢٠. بەهۆی دابەشبوونی کورسییەکانی پەرلەمان بەشێوەی پەنجا بە پەنجا لەنێوان پارتی و یەکێتی لە خولی یەکەمدا، لاوازی کولتوری دیموکراسی، هەژموونی حزب بەسەر پەرلەمان، هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لەنێوان پارتی و یەکێتی و دابەشبوونی حکومەت و دەسەڵاتی کارگێری و حزبەکان بەسەر دوو ئیدارە و ناوچەی جیادا، پەرلەمان وەک جیهانی هاوبەش و گشتی لەلایەن دەسەڵاتی حزبییەوە دەستی بەسەرداگیرا. دوای هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمان لە ساڵی (٢٠٠٥) و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە، بوونی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی بەهێز لە خولی سێیەم، بوونی هەوڵ و دەنگی جیا لە خولەکانی دواتر و کردنەوەی نوسینگەی پەرلەمان لە زۆرێک لە شارەکانی هەرێم، نەتوانراوە پەرلەمان بە واتا **ئارێنت**ـیەکەی بەتەواوی ئەو پانتاییە هاوبەشە بێت بۆ بەشداریکردن و نوێنەرایەتیکردنی ڕاستەقینەی خەڵک و گفتوگۆی جیاواز لەسەر پرسە گشتییەکان، بۆیە ئەگەرچی ئەو پانتاییە هەم بۆ نوێنەرایەتیکردن و گفتوگۆکردنی پرسە گشتییەکان، هەمیش بۆ بەشداریکردنی خەڵک و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا لە ئاستێکی نزمدایە، بەڵام هێشتا بەشداریکردنی خەڵک و ڕیکخراوەکان لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان (پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان)دا باشترە لە بەشداری لە حکومەت و دەزگا کارگێڕیەکاندا، ئەمەش بەهۆی سیستمی ناوەندێتی لە بەڕێوەبردندا.

٢١. لە دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)ەوە، بوونی ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی، ژمارەیەک کەناڵی تەلەفزیۆنی و میدیای حزبی و ئەهلی، خۆپیشاندان، ڕێپێوان و مانگرتن، هێڵەکانی پەیوەندی و ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵاتیەکان، ژمارەیەک پانتایی کۆمەڵایەتی نوێ لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لە دوای (٢٠٠٣)ەوە، دەکرێت لە ڕووی تیۆرییەوە نزیک بن لە پانتایی دەرکەوتن بە واتا **ئارێنت**ـیەکەی، بەڵام لە ڕووی پراکتیکییەوە ڕەنگدانەوەی ئازادی تێیاندا بە بڕو ئاستی جیاواز بووە، بەجۆرێک لە دوای (١٩٩٢) ئازادی ڕادەربڕین و گفتوگۆی پرسە گشتییەکان لەپانتایی دەرکەوتن بەرەو گەشەکردن بوو، بەڵام شەڕی ناوخۆ ئەو دەرفەتەی بەرەو نەمان برد. لە دوای (٢٠٠٣)ەوە، تا ئاستێکی باش ئازادی ڕادەربڕین و گفتوگۆ لەسەر پرسە سیاسییەکان لە میانەی ئەو پانتایانەی سەرەوە ڕەنگیدایەوە، بەڵام بەهۆی هەژموونی ئەندامانی خێزانە دەسەڵاتدار و ساماندارەکان بەسەر هەندێ لەو شوێنانە، بوونی گفتوگۆی ئازاد و یەکسانی لەسەر پرسەگشتییەکان تێدا زۆر کەم کردۆتەوە؛ هەروەها بەهۆی بێ ڕۆڵ کردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و سێبەری حزب بەسەریانەوە، نەتوانراوە پانتاییەکی ڕاستەقینە بن بۆ فراوانکردنی ئاستی بەشداری گشتی.

٢٢. وێڕای داننان بە مافی کەمینەکان، بوونی بەشداری سیاسی هاوڵاتیان و هەوڵ بۆ ئەوەی هاوڵاتیبوون بواری قسە و یەکسانی سیاسی لە پانتایی گشتی بە هاوڵاتییان بدات، بەڵام بوونی ئینتیمای خێڵ، حزب، بنەماڵە و ناوچەگەرێتی و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی لەو ئینتیمایانە، وایکردووە هاوڵاتیبوون لە هەرێمی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر پێچەوانەی ئەو بنەمایە (مرۆڤ بوون، دوور لە هەر جیاوازی و ئینتمایەکی تر) بێت کە **ئارێنت** بۆ چەمکی هاوڵاتیبوون لە تیۆرەکەیدا دیاریکردووە.

## ڕاسپاردەکان

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، بە پێویستی دەزانین چەند ڕاسپاردەیەک سەبارەت بە چەمکی ئازادی و کایەکانی پیادەکردنی لە هەرێمی کوردستان بخەینەڕوو، لەوانە:

١. بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بەتەواوی جیهانێکی هاوبەش و گشتی بێت بۆ پیادەکردنی ئازادی سیاسی تێیدا، وەک ئەوەی **ئارێنت** لە تیۆرەکەیدا ئاماژەی پێداوە، کە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خەڵک، یەکسانی سیاسی، گفتگۆ و ئاڵوگۆڕی جیاواز لەسەر ئاریشە و پرسە گشتییەکان، کولتوری دیموکراسی و بەدامەزراوەیکردن، بەشداری خەڵک تێیدا بێتەدی، پێویستە ڕێگە لە هەژموون و باڵادەستی حزب بەسەر پەرلەمان و پەرلەمانتاران بگیرێت، بەشداری خەڵک و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و میدیاکان بە سیستماتیک و ڕێکخراو بێت، نەک لەسەر بنەمای پەیوەندی کەسی و میزاجی بەرپرسان، تێگەیشتنی پەرلەمانتارانیش بە ڕۆڵی خۆیان بەوەی کە نوێنەری گەلن بۆ داکۆکی و گفتوگۆکردن لەسەر پرسە گشتی و سیاسییەکان، و دەرچوونیان لەژێر کاریگەری بەرژەوەندی حزبی و کەسیدا.

٢. دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتی ڕاستەقینە و بەشداری ڕاستەوخۆی هاوڵاتیان لە دەسەڵات و ژیانی سیاسیدا، وەک ئەوەی **ئارێنت** پێیوایە، بە پیادەکردن و بەهێزکردنی سیستمی فیدراڵی دەبێت، لەبەرئەوە پێویستە ئەو خواستەی لەلای بەشێک لە خەڵک و هەندێک حزبی سیاسی گەڵاڵە بووە سەبارەت بە مەیلی ناناوەندێتی لە هەرێمی کوردستاندا، وەک جێگرەوەیەک بۆ سەرنەکەوتنی یەکگرتنەوەی ئیدارە، لەسەر بنەمای فیدراڵی کە لەسەر ئاستی پارێزگاکان و قەزاکان، هاوشێوەی ئاستی نیشتمانی پەرلەمان و حکومەت هەبێت، بۆ ئەوەی هاوڵاتیان لەسەر ئاستی ئابووری، کارگێری و سیاسی پشکیان لە دەسەڵات هەبێت.

٣. پێویستە ئاراستەکردن و سێبەری حزبەکان بەسەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی کەمبکرێتەوە و دەرفەتیان پێبدرێت، وەک پانتاییەکی دەرکەوتن، کە تێیاندا بەشداریکردنی یەکسان و کۆبوونەوەی خەڵکی لە دەوری پرسە گشتییەکان، دروستبوونی گفتۆگۆ و ئاڵگۆڕی بیروڕای جیاوازی تایبەت بەو پرسانە و گەیشتن بە کۆدەنگی کە هەڵگری ڕای هەموان بێت بێتە ئاراوە.

٤. خەڵکی لە خۆپیشاندان وەک پانتایی دەرکەوتن، ڕەچاوی هێمنی و بنەمای دەربڕینی ڕای جیاواز و پرۆسەی گفتوگۆی ئازادانە و گەیشتن بە کۆدەنگی لەسەر پرسە گشتییە ورژاوەکان بکەن، دوور بکەونەوە لە بەرژەوەندی بەرتەسک و ئاراستەکراو، هەروەها دورکەوتنەوە لە مامەڵەی توندوتیژی دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕی لەبەرامبەر خۆپیشاندەران، بۆئەوەی وەک **ئارێنت** دەڵێت: دەسەڵات لەشێوەی پەیوەندی ستوونی و کۆنترۆڵکردن بچێتەوە ناو پانتای گشتی و بگۆڕێ بۆ هێزی هەر یەکێک لەسەر دیالۆگ و قسەکردن لەبارەی کاروباری گشتی، و فۆرمێکی پیادەکردنی هاوبەش و بەکۆمەڵ و ئاسۆیی وەربگرێت.

٥. ڕزگارکردنی شوێنە گشتییەکان لە گفتوگۆی تایبەتی ئەندامانی دەسەڵاتدار و خێزانە دەوڵەمەندەکان، وەک لە هەندێک لە زانکۆ، یانە، قاوەخانە، پارک و شوێنی گشتی لە هەرێمی کوردستان دەبینرێت، و گرنگی پێدانیان وەک گۆڕەپانێک بۆ دەرکەوتن، یەکتربینی خەڵکی، گوزارشتکردن لە شوناس و بکەربوونی تاکەکان و کردە و قسەی ئازاد لەهەمبەر پرسەکانی پەیوەست بە کاروباری گشتی.

٦. گرنگی دان بە تێگەیشتنی ڕۆڵی ڕاستەقینەی ڕیکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە هەرێمی کوردساندا، لەلایەن خەڵکی و دامەزرازوەکان بەگشتی و ڕێکخراوەکان خۆیان بەتایبەتی، کە ببنە پانتایی پیادەکردنی ئازادی سیاسی و کەناڵێکی ڕاستەقینە لەنێوان هاوڵاتیان و دامەزراوە سیاسی و کارگێڕییەکان، بۆ دەستەبەرکردن و فراوانکردنی بەشداری گشتی هەوڵاتیان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری گشتیدا.

٧. ڕزگارکردنی چەمکی هاوڵاتیبوون لە ئینتیمای خێڵ، حزب، بنەماڵە و ناوچەگەرێتی، و پیادەکردنی هاوڵاتیبوون لەسەر بنەمای مرۆڤ بوون و ئینتیمای نیشتمانی و پەیوەست بوون بە بەرژەوەندی گشتی لەسەر ئەو بنەما و ئینتیمایە، ئەمەش تەنیا بە ئامادەبوونی هاوڵاتییان لە پانتایی گشتی بەشێوەیەکی یەکسان و گەرەنتی ئەو پانتاییە بە گرنگیدان دامەزراوە سیاسییە دیموکراسییەکان و کولتوری شارستانی دەبێت.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم:- سەرچاوە کوردییەکان:

### أ. یاسا و پەیڕەوەکان:

١. پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هەمواری یەکەمی ساڵی ٢٠١٨.

### ب. فەرهەنگەکان:

٢. رزگار کریم، فەرهەنگی دەریا (عەرەبی- کوردی)، ب١، چاپخانەی مەهارەت، چ٢، بەبێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٧.

٣. محمدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی مەعاریف، چاپخانەی فردۆسی، بێ شوێنی چاپ، ١٣٦٧ هەتاوی.

### ت. کتێبی کوردی:

٤. ئاراس عبدالرحمان مستەفا، پانۆرامای ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعسی عێراقدا، ب٤، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٨.

٥. ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا، خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی باشووری کوردستان دژی حکومەتی پاشایەتی عێراق (١٩٢٠- ١٩٥٨)، ب١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٨

٦. ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا، ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) لە باشووری کوردستان، ب٣، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٨.

٧. ئاسۆ کەریم، ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی باشووری کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، بێ ساڵی چاپ.

٨. ئیبراهیم ئەحمەد، ژانی گەل، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ٤، هەولێر، ٢٠٠٨.

٩. ئیسماعیل حەمەئەمین، قەوزایەکی دیکەی فاشیزم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٩.

١٠. ئەحمەد غولامی، ژان ژاک ڕۆسۆ و سیاسەتی مۆدێرنە، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١٠.

١١. ئەمیر حسێن رەحیم، فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١.

١٢. ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی (ی.ن.ک)، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢.

١٣. ئەنوەر حسێن، عێراقی مۆزایک و ناهۆمۆجین- پانۆرامای مێژووی سیاسی نوێی عێراق (٢٠٠٣- ٢٠١٠)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

١٤. بەختیار عەلی، چێژی مەرگدۆستی، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی تاران، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٥.

١٥. بەختیار عەلی، خوێنەری کوشندە، چاپ و بڵاوکردنەوەی چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥.

١٦. بەختیار عەلی، ئۆپۆزسیۆن و پۆرترێتەکانی، چاپخانەی کارۆ، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٩.

١٧. پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، هاوڵاتیبوون/ دەسەڵات/ بەشداری سیاسی، لە بڵاوکراوەکانی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، زنجیرە (٩)، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٤.

١٨. جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، بێ دەزگای چاپ، سلێمانی، ١٩٩٩.

١٩. حازمی عەلی کوتک، ٥٧ ساڵ خولانەوە لەژێر وەهمی شۆڕشدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای فێربوون، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٢٠.

٢٠. حەسەن جودی، پرسی شۆڕش و دژە شۆڕش: پارادیگمای ڕەخنە و ڕەخنەدان و دۆخی باشووری کوردستان، بێ دەزگای چاپ، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٧.

٢١. خالد مەحمود کەریم، دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە کوردستانی باشوور/ ١٨٦٩-١٩١٤، ئەکادیمییای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، بێ دەزگای چاپ، سلێمانی، ٢٠١٢.

٢٢. خلیل عبدالله، سیستمی سیاسی لە سویسرا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠.

٢٣. خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دۆزی کورد لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢.

٢٤. دانا سعید سۆفی، هەرێمی کوردستان- عێراق (بەشداری هاوڵاتیان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا، ئینستتیوتی ریفۆڕم بۆ گەشەپێدان، چاپخانەی شهاب، هەولێر، ٢٠١٦.

٢٥. دیداری حەکیم کاکەوەیس لەگەڵ ئەمجەد شاکەلی ئەنجامی داوە، ئەوەی نابێ بگوترێ دەبێ بگوترێ، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٤.

٢٦. دیلان هەردی، ڕژێمی سیاسی ئێران لەنێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزم دا، بێ دەزگای چاپ، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٧. رامیار مەحمود، بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٠.

٢٩. رۆزە عەبدوڵڵا شەریف، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

٣٠. رێبین رەسول ئیسماعیل، سیاسەت و فەلسەفە لەلەلای هانا ئارێنت، چاپ و بڵاوکراوەی ناوەندی فێربوون، هەولێر، ٢٠١٩.

٣١. رێبین هەردی، دژی بێدەنگی، چاپ و بڵاوکردنەوەی کۆمپانیای ئاوێنە، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٧.

٣٢. ڕێکخراوی دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی (CSI)، پێکەوە گرێدانی حکومەت و هاوڵاتی، چاپخانەی رەهەند، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٦.

٣٣. سامان حسێن ئەحمەد، رەهەندەکانی ڕیفۆرمی ئایینی لە ئەوروپا، ناوەندی رۆشنگەری چاودێر، چ٣، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٧.

٣٤. سەردار عەزیز، حکومەت و سامانی سروشتی لە هەرێمی کوردستان، دار العربیة للعلوم- ناشرون، بیروت- لبنان، ٢٠١٣.

٣٥. سەلام مارف، نامۆبوونی ئایینی، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپخانەی تاران، سلێمانی، ٢٠١٦.

٣٦. سەمەد زەنگەنە، کاریگەری مافە سروشتییەکان لەسەر شۆڕشدا، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٣٧. شۆڕش حاجی، ناسیۆنالیزمی کوردی پەرچەکردار- ناسیۆنالیمی کوردی و حزبی بەعس- ڕووداوەکانی ١٩٦٣- ٢٠٠٣، دەزگای چاپ و پەخشی ماد، ئێران- تاران، ٢٠١٨.

٣٨. عەبدولرەحمان بەدەوی، ئاکار لەلای کانت، ب٢، ناوەندی توێژینەوەی شەهید ئارام، چاپخانەی تاران، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٣٩. عەتا قەرەداخی، کوردستان لەنێوان پەرتبوون و یەکبووندا، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٧.

عەونی بەزاز، یاسای پەسەندکردنی دەستوری هەرێمی کوردستان- عێراق، چاپخانەی تەبایی، هەولێر، ٢٠١١.

٤٠. فاروق ڕەفیق، خەمە جڤاتییەکان، ب٢، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٤١. فاروق رەفیق، ستەمکاری: مەملەکەتی ترس و لە مرۆڤ خستنی مرۆڤ و تیرۆر کردنی عەقڵ، خانەی حیکمەت، چاپخانەی کەکون، چ٢، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٢.

٤٢. فاروق ڕەفیق، ماڵیکی لێکترازا و ویژدانێکی بیمار، چاپخانەی رەنج، بێ شوینی چاپ، ٢٠٠٢.

٤٣. فازیل کەریم ئەحمەد، من بڕوام بە دیموکراسی کوردی نییە!، مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٥.

٤٤. فازیل کەریم ئەحمەد، ئیدارەی کوردی ئاستەنگ و ئاسۆی گەشەکردن، مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٤٥. فۆئاد حەمە خورشید، کەرکوک لە بەڵگەنامەکاندا، چاپخانەی منارە، هەلێر، ٢٠٠٧.

٤٦. کامەران مەنتک، ئازادی لەنێوان فەلسەفە و یاسادا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٤٧. کاوسێن بابەکر، لە پێناوی دیموکراسیدا، مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٤٨. کۆمەڵێک نووسەر، پاڵپشتییەک بۆ ئازادی لە هەرێمی کوردستاندا، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسی بە هاوکاری هەردوو ڕێکخراوی (NPA) نەرویجی و (PDA) چاپکراوە، چاپخانەی شڤان، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١١.

٤٩. کۆمەڵێک نووسەر، پرسە سیاسی و قەیرانە هاوچەرخەکان، ژووری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، چاپخانەی پیرەمێرد، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٥.

٥٠. کۆمەڵێک نووسەر، دۆسیە هەرێمی و نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکان، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ٢٠١٨.

٥١. کۆمەڵێک نووسەر، کوردستان و عێراق ململانێی ناوخۆیی و ئایندەی سیاسی، ژووری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، چاپخانەی پیرەمێرد، چ٢، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٥.

٥٢. لە کۆمەڵێک نووسەر، هەرێمی کوردستان ئاڵنگاری سیاسی و ئابووری، ژووری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، چاپخانەی ژین، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٨.

٥٣. مارف عومەر گوڵ، کێشەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەی گەلی کورد، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٥٤. مەریوان وریا قانع، بیرکردنەوە لە سەردەمە تاریکەکاندا، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٩.

٥٥. مەریوان وریا قانع، بەختەوەری و بیدەنگی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٥٦. مەریوان وریا قانع، کۆمەڵگا و غەریبەکانی، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٨.

٥٧. مەریوان وریا قانع، مرۆڤ و کەرامەت، دەزگا و چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٦.

٥٨. مەریوان وریا قانیع، سیاسەت و دونیا، دەزگای ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ئاوێنە، سلێمانی، ٢٠١٢.

٥٩. مەولود باوەمراد، قەیرانەکانی حزب و کێشەکانی حزبایەتی، ناوەندی ڕۆشنبیر، بێ دەزگای چاپ، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٠.

٦٠. ناودار زیاد، کاریگەرییە سیاسییەکانی پانتایی گشتی لە ڕوانگەی (یۆرگن هابرماس)ـەوە، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٦١. نجم سەنگاوی، باشووری کوردستان و ڕووداو و دەستکەوتەکان، چاپخانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٦.

٦٢. نەوشیروان مستەفا ئەمین، کورد و عەجەم: مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، بێ دەزگای چاپ، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٦٣. هێرش ڕەسول، ئازادی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا (١٩٩٣-٢٠٠٧)، چاپ و بڵاوکردنەوەی چاودێر، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٩.

٦٤. هیوا عەزیز سەعید، ڕەنگدانەوەی بیری لیبڕاڵی لە باشووری کوردستان (١٩٠٠- ١٩٥٨)، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٦٥. هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵڵا و تریق ڕەئوف محەمەد، ناوچەکانی ململانێ لەنێوان کورد و حکومەتەکانی عێراقدا، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٦٦. یاسین سالح، ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، چاپ و بڵاوکراوەی ڕەنج، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٩.

٦٧. یوسف گۆران، کورد و تورکمان: تێڕوانینێک بۆ میکانیزمەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوانیان، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١١.

### ت. کتێبە بەکوردیکراوەکان:

٦٨. ئیزایا بەرڵین، دوو چەمکی ئازادی، و: هەڵکەوت عەبدوڵڵا، لە کتێبی کۆمەڵێک نووسەر، بەناونیشانی (ئازادی- خواستی مرۆڤ بۆ ئەوەی سەرگەورەی خۆی بێت)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧.

٦٩. ئەریستۆ، سیاسەت، و: عیمران هاواری، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٠.

٧٠. ئەفلاتون، سەرجەم بەرهەمەکانی ئەفلاتون، ب٣، کتێبی هەشتەم، و: عیمران هاواری، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپخانە گەنج، سلێمانی، ٢٠١١.

٧١. ئەلێکساندەر دۆگین، تیۆری چوارەمی سیاسەت، و: وریا غەفوری، دەزگای ئایدیا، چاپخانەی حەمدی، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٧.

٧٢. ئەمین فەرەج شەریف، حوکمڕانێتی باش لە هەرێمی کوردستان/ توێژینەوەیەک لە پایە و ئاستەنگەکانی، و: لوقمان حاجی قادر، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٩.

٧٣. ئەندۆ ڤینسینت، ئایدۆلۆژیا مۆدێرنە سیاسییەکان، و: عومەر مەولوودی، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٧.

٧٤. برایان ماگی، مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمەڕەشید گورون، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٠.

٧٥. تۆماس هۆبز، لیڤیاسان، و: ئەسعەد عەلی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦.

٧٦. جۆن ستیوات میڵ، لەبارەی ئازادییەوە، و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، چاپخانەی تاران، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٦.

٧٧. جۆن لۆک، ناميلكەيى لێبوردەيى، و: فەرشيد شەريفى، دەزگاى ئايديا بۆ فكر و بڵاوكردنەوە، چاپخانەى حەمدى، سلێمانى، ٢٠١٦.

٧٨. چارلز تريب، چەند لاپەرەيەك لە مێژووى عێراق، و: محەمەد حوسێن ئەحمەد و عبدالقادر كەلهور، چ٣، دەزگاى چاپ و بڵاوكردنەوەى ڕۆژهەڵات، ٢٠١٣.

٧٩. حاميد مەحمود عيسا، كێشەى كورد لە عێراق، ب١، و: سوارە قەڵادزەيى، چاپخانەى ڕۆشنبيرى، هەولێر، ٢٠١٣.

٨٠. حاميد مەحمود عيسا، كێشەى كورد لە عێراق، ب٢، و: سوارە قەڵادزەيى، چاپخانەى ڕۆشنبيرى، هەولێر، ٢٠١٣.

٨١. حسين بشيريە، زانستى سياسى، و: بابا عەلى مێهرپەروەر، چاپخانەى ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.

٨٢. حسێن بەشيريە، مێژووى بيرى سياسى سەدەى بيستەم، ب١، و: ناسر ئيبراهيم زادە، چاپخانەى موكريانى بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣.

٨٣. حسێن بەشيريە، مێژووى بيرى سياسى سەدەى بيستەم، ب٢، و: ناسر ئيبراهيم زادە، خانەى موكريانى بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، چاپخانەى موكريانى، هەولێر.

٨٤. حسێن بەشيريە، بنەماكانى زانستى سياسەت، و: ئەبوبەكر ڕەشيد موحەمەد ئەمين (كاروانى)، دەزگاى چاپ و پەخشى حەمدى، سلێمانى، ٢٠٠٥.

٨٥. د. سالح ياسر، كۆمەڵگەى مەدەنى ديموكراسييەت، و: عيماد عەلى، بەشى هۆشيارى و پێگەياندنى (م . ڕ)ى حزبى زەحمەتكێشانى كوردستان، چاپخانەى ئازادى، سلێمانى، ٢٠٠٨.

٨٦. ڕامين جەهانبەگلوو، حوكمڕانى و ئازادى، و: ڕێبين هەردى، دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم، چاپخانەى سەردەم، سلێمانى، ٢٠١٩.

٨٧. ڕێكخراوى دياكۆنياى سويدى، ديموكراتى سياسەت، و: فرسەت ئەحمەد و مۆئەيەد تەيب و تيلى ئەمين، چاپخانەى خەبات، چ٣، دهۆک، ١٩٩٩.

٨٨. ژاک رانسێر، ڕق لە ديموكراسى، و: ئەرسەلان ئەفراسياو و ناجى ئەفراسياو، دەزگاى ڕۆشنبيرى جەمال عيرفان، چاپخانەى تاران، سلێمانى، ٢٠١٧.

٨٩. ژان ژاک ڕۆسۆ، گرێبەستى كۆمەڵايەتى، و: محەمەد صابر، خانەى چاپ و پەخشى رێنما، چاپخانەى گەنج، چ٢، سلێمانى، ٢٠١١.

٩٠. ژێرار شاليان، تراژيدياى كورد (ڕاپۆرتێک بۆ نەتەوە يەكگرتووەكان)، و: وريا ڕەحمانى، دەزگاى توێژينەوە و بڵاوكردنەوەى موكريانى، چاپخانەى خانى، دهۆک، ٢٠١٠.

٩١. سڤێن ئێرک ليدمان، ڕێگوزەرى بيرى سياسى، و: ئاسۆس شەفيق، چاپخانەى سەردەم، چ٣، سلێمانى، ٢٠٠٩.

٩٢. صالح ملا عمر عيسى، ئەتنيک گەرايی و دەوڵەتی نەتەوەيی لە چەرخی بە جيهانيبووندا- كوردستانی عێراق وەک نموونە، و: ئازاد وەلەدبەگی، مەكتەبی ناوەندی ديراسات و پێگەياندنی حزبی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

٩٣. عەبدولجەواد ياسين، دەسەڵات لە ئيسلامدا (عەقڵی فيقهيی سەلەفی لەنێوان دەق و مێژوودا)، و: عومەر عەلی غەفور، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٥.

٩٤. عەبدولڕەحمان عالم، بنەماكانی زانستە سياسييەكان، و: دلاوەر عەبدوڵڵا و محەمەد كەريم، ئەكاديميای هۆشياری و پێگەياندنی كاديران، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢.

٩٥. عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، بەرگريكردن لە گەلێک، و: لۆقمان عەبدوڵڵا، بڵاوكراوەكانی مەكتەبی ڕاگەياندنی (پ. چ. د. ک)، پاپخانەی ڕەنج، بێ شوێنی چاپ، بێ ساڵی چاپ.

٩٦. عەزمی بەشارە، شۆڕشناسی: لەبارەی شۆڕش و شايستەيی بۆ شۆڕش، و: د. ياسين سەردەشتی و بەرزانی مەلا تەها، بەڕێوەبەرايەتی خانەی وەرگێران، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٢.

٩٧. عەلی شەريعەتی، ئيسلام ناسی، و: سەعيد بەشير، لە بڵاوكراوەكانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٦.

٩٨. غانم محەمەد ساڵح، بيری سياسی كۆن و ناوەڕاست، و: سەلام كريم عەلی، خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی چوارچرا، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٥.

٩٩. فالح عەبدولجەبار، دەوڵەت، كۆمەڵگەی مەدەنی و وەرچەرخانی ديموكراسی لە عێراقدا، و: ئاوات ئەحمەد، بڵاوكراوەی گۆڤاری مەدەنيەت، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠١.

١٠٠. فواد زەكەريا، تيۆری ئاكار لەلای شپينۆزا، و: حسێن لتيف، لە كتێبی وەرگێرانی كۆمەڵێک نووسەر، سپينۆزا، دەزگای ئايديا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٠١. فەريد زەكەريا، داهاتووی ئازادی (ليبراليزم بەر لە ديموكراسی)، و: عەدنان حەسەنپوور، خانەی بڵاوكردنەوەی موكريانی، چاپخانەی موكريانی، هەولێر، ٢٠١٢.

١٠٢. كريس كۆچێرا، بزوتنەوەی نەتەوەيی كورد و ويستی سەربەخۆيی، و: حەسەن ڕەستگار، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.

١٠٣. كۆمەڵێک نووسەر، تۆتاليتاريزم، و: كۆمەڵێک نووسەر، دەزگای ئايديا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٩.

١٠٤. كۆمەڵێک نووسەر، چەردەيەک لە كولتوری ديموكراسی ئەمريكا، و: حەسەن حسێن و سەلام عەبدولكەريم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٠٥. كۆمەڵێک نووسەر، لەبارەی ئەمريكا: دەستووری ويلايەتە يەكگرتووەكانی ئەمريكا و سەرنج و ڕاڤەكانی، و: حسەسەن حسێن و سەلام عەبدولكەريم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٠.

١٠٦. کۆمەڵێک نووسەر، سەرەتاکانی سۆسیۆلۆژیا، و: شوان ئەحمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٠٧. کۆمەڵێک نووسەر، فاشیزم، و: کۆمەڵێک نوسەر، دەزگای ئایدیا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٨.

١٠٨. کۆمەڵێک نووسەر، لیبڕالیزم و نیۆلیبڕالیزم، و: هاوار محەمەد- بابان ئەنوەر- ئارام مەحمود، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٨.

١٠٩. کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، و: کۆمەڵێک نووسەر، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٥.

١١٠. کۆمەڵێک نووسەر، ئەنارشیزم، و: کارزان کاوسێن و ئەوانیتر، دەزگای ئایدیا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٩.

١١١. کەمال پولادی، مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا، ب٣، و: ئازاد وەلەد بەگی و سیروان جەبار زەندی، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥.

١١٢. کەمال پۆلادی، میژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا، و: ئازاد وەلەدبەگی و سیروان زندی، ب١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

١١٣. لیام ئەندەرسن و گاریث ستانسفیلْد، ئایندەی عێراق: دیکتاتۆری، دیموکراسی یان دابەشبوون؟، و: کامیار خەتاب سابیر و دڵشاد حەمە، چاپخانەی ڕەنج، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٨.

١١٤. لین و لینکستەر، خوداوەندانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پور، کتێخانەی ئاوێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٧.

١١٥. ماوریزیۆ پاسرین دێنتریڤێس، فەلسەفەی هانا ئارێنت، و: ئارام محمود، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٧.

١١٦. مایکڵ گەنتەر، فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاک، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

١١٧. موسا ئیبراهیم، فیکری سیاسی خۆرئاوا لە (مەکیاڤێللی)یەوە تا (مارکس)، و: شوان ئەحمەد، چاپخانەی ئارام، چ٣، سلێمانی، ٢٠١٠.

١١٨. مۆنتسکیۆ، ڕوحی یاساکان، و: ئیدریس شێخ شەرەفی، دەزگای موکریانی، چاپخانەی شڤان، چ٣، سلێمانی، ٢٠١١.

١١٩. مینۆرسکی، کورد، و: حمە سعید حمە کەریم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤.

١٢٠. مەجدی کامیل، سوقرات...ژیانی، فەلسەفەی، پەندزانییەکەی، سەرگوزشتەکانی، دادگاییکردنی و ژەهر دەرخواردکردنی، و: د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو و محەمەد وەسمان، خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.

١٢١. مەهدی مەحفوز، ڕێبازەکانی هزری سیاسی لەسەردەمی مۆدێرندا، و: شوان ئەحمەد، چاپخانەی کارۆ، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٣.
١٢٢. نادر ئینتیسار، ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی، و: عەتا قەرەداخی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٤.
١٢٣. نادیە سادق ئەلعەلی، ژنانی عێراق..چیرۆکە نەوتراوەکان لە ١٩٤٨-وە تا ئەمڕۆ، و: دڵشاد محەمەد، سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر، چاپخانەیی بینایی، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٣.
١٢٤. هاشم سالح، سەرەتایەک لەبارەی ڕۆشنگەری ئەوروپی، و: شوان ئەحمەد، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧.
١٢٥. هاشم سالح، فیکری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ٢، هەولێر، ٢٠١٢.
١٢٦. هانا ئارێنت، بنەماکانی تۆتالیتاریزم، و: حەمە ڕەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
١٢٧. هانا ئارێنت، حەقیقەت و سیاسەت و ئێمەی پەنابەر، و: ڕێبین رسول ئیسماعیل، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٧.
١٢٨. هانا ئارێنت، کەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی- کۆتایی مافەکانی مرۆڤ، و: مەنسوور تەیفووری، لە ئێمەی پەنابەر، کۆمەڵێک وتار، ئەندێشە، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، بێ ساڵی چاپ.
١٢٩. هانا ئارێنت، ئازادی چییە؟، و: حەمە رەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٥.
١٣٠. هیربرت سپینسەر و ئەوانی دی، کۆمەڵگەی نەریتی و کۆمەڵگەی مۆدێرن، و: عبداللە رەسولی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٥.

**ث. نامەی ماستەر:**

١٣١. جەبار إسماعیل أحمد، چەمکی دەسەڵات لە هزری ڕامیاری میشێل فۆکۆ دا و دەرکەوتەکانی لە هەرێمی کوردستان/عێراق، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، ساڵی خوێندنی ٢٠١٩.

## ج. توێژینەوەکان:

١٣٢. ئیبراهیم حاجی زەڵمی، بیری بەعس و کارەساتی ئەنفال خوێندنەوەیەکی کۆمەڵایەتی- مێژوویی، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (١٨)، دەزگای کەوانە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، نیسانی ٢٠١٣.
١٣٣. ئەنوەر صالح، ئۆپۆزسیۆنی کوردستان و مەسەلەی نیشتمانی، گۆڤاری نوێ بوون، ژمارە (٧)، مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٩.

١٣٤. ئومێد رەفیق فەتاح، سیاسەتی ئەمنی هەرێمی کوردستان (تەگەرەوە و دەرفەتەکان)، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٢)، سلێمانی، تشرینی دووەمی ٢٠١٧.

١٣٥. ئاراس فەتاح، بەعسیزم پرۆژەی تەواوکردنی شوناسێکی تەواونەبوو، گۆڤاری سەردەمی رەخنە، ژمارە (١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، پایزی ٢٠٠٥.

١٣٦. تاریق جامباز، قۆناغەکانی نووسینەوەی دەستووری هەرێم و مافی نەتەوەکان، گۆڤاری داد، ژمارە (٢)، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٣.

١٣٧. حەسەن یاسین، جینۆسایدی فەیلییەکان، گۆڤاری کولتور، ژمارە (٢)،ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، کانوونی یەکەمی ٢٠١٠.

١٣٨. خەلیل عەبدولا، مافی چارەنووس وەک تیۆری و شێوەکانی بەدەستهێنان و جێبەجێکردنی، گۆڤاری کولتور، ژمارە (٢)، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، کانونی یەکەمی ٢٠١٠.

١٣٩. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، ئاوڕدانەوەیەک لە پەیوەندی نێوان پارتە سیاسییەکان وڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەییە دیموکراسییەکان لە کوردستاندا، گۆڤاری شیکار، ژمارە (١٥)، چاپ و بڵاوکردنەوەی پەیمانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان، بێ شوێنی چاپ، پایزی ٢٠١٦.

١٤٠. رێبوار مەعروف زادە، داکۆکی دبلۆماسی دژی تاوانی جینۆساید، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (١٣)، دەزگای کەوانە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، تشرینی دووەمی ٢٠١٢.

١٤١. رێکەوت ئیسماعیل، بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (٤)، دەزگای کەوانە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، تشرینی یەکەمی ٢٠١١.

١٤٢. سالار باسیرە، تۆتالیتاریزم لە سیستمی سیاسیدا، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (١)، دەزگای کەوانە، چاپخانەی کارۆ، بێ شوێنی چاپ، تەموزی ٢٠١١.

١٤٣. شارا تاهیر، خۆنیشاندان وەک جوگرافیایەک بۆ شاردنەوەی جەستەی ژنان، گۆڤاری ئازادی کۆمەڵگە، ژمارە (٣٤)، دەزگای گۆڤاری ئازادی کۆمەڵگە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، کانوونی دووەمی ٢٠١٩.

١٤٤. شاهۆ سەعید، تۆتالیتاریزم: ئایدۆلۆجیایەکی لێکدراو و ڕژێمێکی فرەئەدگار (نزیککارییەک بۆ تێزی "هانا ئارێنت" لەبارەی بنەماکانی تۆتالیتاریزم)، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٥١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، حوزیرانی ٢٠٠٧.

١٤٥. شکار یوسف، چەمکی ئازادی و جۆرکانی، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (٢١)، دەزگای کەوانە، چاپخانەی کارۆ، بێ شوێنی چاپ، تەمووزی ٢٠١٣.

١٤٦. شوان محمد محمود، دیموکراسی لەنێوان حزب و کولتوری خێڵدا، گۆڤاری مەدەنیەت، ژمارە (٩-١٠)، مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، چاپخانەی داناز، ساڵی دووەم ٢٠٠١.
١٤٧. شێرزاد نەجار، د. عەبدولحەمید بەرزنجی و چنار سەعد عەبدوڵا، بوژانەوەی هۆشیاری نەتەوەیی کورد دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٦)، دەزگای ڕۆژنامەنووسی و برایەتی و خەبات، بێ دەزگای چاپ، هەولێر/ کەرکوک، کۆتایی ٢٠٠٢.
١٤٨. عابد خالد رسول، پێکهێنانی حکومەت لە هەرێمی کوردستاندا ئاڵنگارییەکانی ئاینده لە سایەی ئاماژەکانی دەوڵەتی قوڵدا، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە (٣٥)، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێی و قەیرانەکان، سلێمانی، نیسانی ٢٠١٩.
١٤٩. عبدالرحمن کریم درویش، سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (٤)، دەزگای کەوانە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، تشرینی یەکەمی ٢٠١١.
١٥٠. غەسان نەعسان، حزبی بەعس لە دەستپێکی دامەزراندنەوە تا هەرەسهێنان، گۆڤاری کولتور، ژمارە (٢)، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، کانوونی یەکەمی ٢٠١٠.
شێرکۆ کرمانج، ئەنفال: سڕینەوەی کورد لە پارێزگای کەرکوک، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (١٨)، دەزگای کەوانە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، نیسانی ٢٠١٣.
١٥١. فوئاد سدیق، حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە خەباتی سیاسییەوە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات، گۆڤاری ڕۆشنگەری، ژمارە (٣١، ٣٢)، ناوەندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری و سیاسی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، کانوونی یەکەمی ٢٠١١.
١٥٢. فوئاد نەجمەدین عومەر، سێکوچکەی فاشیزم و نازیزم و بەعسیزم لە بۆتەی راسیزمدا، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (٢٢)، دەزگای کەوانە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ئابی ٢٠١٣.
١٥٣. مەریوان عەلی، وەختێک بۆ خۆپیشاندان، گۆڤاری ڕۆشنگەری، ژمارە (٣٠)، ناوەندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری و سیاسی، سلێمانی، بێ ساڵی چاپ.
١٥٤. یوسف گۆران و ئەوانی دی، ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە (٣)، سلێمانی، نیسانی ٢٠٢٠.

## ح. گۆڤارەکان:

١٥٥. گۆڤاری جەماوەر، ژمارە (١)، پەیمانگای پێگەیاندنی کادیران (ح. س. د. ک)، سلێمانی، مارسی ٢٠٠٣.

## خ. سەرچاوە ئەلیکترۆنییە:

١٥٦. چرۆ شەهاب، فۆبیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ماڵپەڕی Knwe. Org، ڕێکەوتی سەردان کردن ٢٠٢١/٢/١٨، لەم بەستەرەدا بەردەستە:

https://knwe.org/?p=22359 .

١٥٧. کەمال محەمەد، چەمکی هاوڵاتیبوون بە واتا نوێیەکەی، ماڵپەڕی وتاری کورد، ٢٠٢٠/٨/١٢، ڕێکەوتی سەردان کردن ٢٠٢٠/١١/٤، بەردەستە لە:
https://www.wtarikurd.info/2020/08/12/-.

١٥٨. ماردین حسن، زاراوەی بەعس و پێناسەی بەعسیزم، ماڵپەڕی مێژووی کورد، ٢٥/ ٨/ ٢٠١٨، ڕێکەوتی سەردانکردن ٢٨/ ٩/ ٢٠٢٠، بەردەستە لە :
http://www.historyofkurd.com/2018/08/25/.

١٥٩. نەبەز گۆران، گەڕانەوەی گوتار و کردەکانی بەعس بۆ ئێستای ئێمە، ماڵپەڕی دەنگەکان، ٢٥/ ٣/ ٢٠١٩، ڕیکەوتی سەردانکردن، ٢٩/ ٩/ ٢٠٢٠، بەردەستە لە:
http://dengekan.info/archives/10482.

## دووەم:- سەرچاوە عەرەبییەکان:

### أ. القرآن الكريم:

### ب. الدساتير والقوانين:

١٦٠. دستور العراق الصادر عام (٢٠٠٥).

١٦١. قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الإنتقالية، عام (٢٠٠٤/٣/٩.

١٦٢. قانوون رقم (٢) لسنة ٢٠٠٩ قانون التعديل الرابع لقانون إنتخاب المجلس الوطني لكوردستان- العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل.

### ت. المعجم:

١٦٣. مراد وهبة، المعجم الفلسفي، دار الحديثة للطباعة والنشر والتوزيع، القاهيرة- مصر، ٢٠٠٧.

١٦٤. ناظم عبد الواحد الجاسور، موسوعة المصطلحات السياسية والفلسفية والدولية، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان، ٢٠١١.

### ث. الكتب العربيه:

١٦٥. الباكاي ولد عبدالمالك، العقل والحرية في فلسفة هوبز السياسية، جداول للنشر والترجمة والتوزيع، بيروت، ٢٠١٣.

١٦٦. جلال الطالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، ط٢، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت- لبنان، ١٩٧١.

١٦٧. جلول مقورة، الفعل التواصلي عند هابرماس بين التنظير الفلسفي والتطبيق السياسي، بيسان للنشر، بيروت- لبنان، ٢٠١٥.

١٦٨. جليل عمر علي، السياسة الخاريجية التركية حيال الشرق الاوسط ١٩٩١-٢٠٠٦، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، سليمانية، ٢٠١١.

١٦٩. حسن حنفي، "حرية أم تحرر" في مجموعة المؤلفين، فلسفة الحرية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت- لبنان، ٢٠٠٩.

١٧٠. راتب الحوراني، مفهوم الحرية في التاريخ، دار الفارابي، بيروت- لبنان، ٢٠١١.

١٧١. ريمون غوش، الفلسفة السياسية في العهد السقراطي، دار الساقي، بيروت- لبنان، ٢٠٠٨.

١٧٢. الزواوي بغوره، الشمولية والحرية، دار سؤال للنشر/ دار صوفيا، بيروت/ الكويت، ٢٠١٨.

١٧٣. ستانلى موريسون، الحرية، الهيئة العامة القصور الثقافة، بلا مكان الطبع، ٢٠١٢.

١٧٤. عبدالغفار مكاوي، أرسطو دعوة للفلسفة، دار التنوير للطباعة والنشر و التوزيع، بيروت- لبنان، بلا سنة.

١٧٥. عبدالقادر محمد فهمي، الفكر السياسي و الإستراتيجي للولايات المتحدة الأمريكية، دار الشروق، رام الله- عمان، ٢٠٠٩.

١٧٦. عبدالله العروري، مفهوم الحرية، المركز الثقافي العربي، ط٥، بيروت- لبنان، ٢٠١٢.

١٧٧. عبدالله الغذّامي، الليبرالية الجديدة (أسئلة في الحرية والتفاوضية الثقافية)، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء- المغرب، ط٢، بيروت- لبنان، ٢٠١٣.

١٧٨. العياشي الدراوي: "الفضاء العمومي عند حنه أرندت، الفاعل الإجتماعي و الفعل السياسي"، في عامر عبد زيد و آخرون، ضدية الإرهاب والسلطة عند حنه أرندت، الفعل السياسي بوصفه ثورة، دار الفارابي، بيروت- لبنان، ٢٠١٣.

١٧٩. مراد دياني، حرية- مساواة- اندماج اجتماعي، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، بيروت- لبنان، ٢٠١٤.

١٨٠. موسى ابراهيم، الفكر السياسي الحديث و المعاصر (ميكافيلي إلى ماركس)، دار المنهل اللبناني، يبروت- لبنان، ٢٠١١.

## ج. الكتب المعربة:

١٨١. أندرو هيود، مدخل إلى الأيديولوجيات السياسية، ت: محمد صفار، مركز القومي، مصر- القاهرة، ٢٠١٢.

١٨٢. بول. ف. بولر، الحرية والقدرة فى فكر الأمريكى، ت: إسماعيل كشميري، مكتبة الانجلو المصرية، بلا مكان الطبع- مصر، ١٩٧٨.

١٨٣. جون رولز، العدالة كإنصاف- إعادة صياغة، ت: حيدر حاج إسماعيل، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٩.

١٨٤. جون رولز، نظرية في العدالة، ت: ليلى الطويل، الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق، ٢٠١١.

١٨٥. جون ستيوارت ميل، النفعية، ت: سعاد شاهرلي حرار و هيثم غالب الناهي، المنظمة العربية للترجمة، بيروت- لبنان، ٢٠١٢.

١٨٦. جون ليتشه، خمسون مفكراً أساسياً معاصراً: من البنيوية إلى ما بعد الحداثة، ت: د. فاتن البستاني، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٨.

١٨٧. جيرارد جالياند، شعب بدون وطن الكرد وكردستان، ت: عبدالسلام النقشبندي، دار ئاراس للطابعة والنشر، أربيل، ٢٠١٢.

١٨٨. حنّة آرندت، بين الماضي والمستقبل: (ستة بحوث في الفكر السياسي)، ت: عبدالرحمن بنشاق، جداول للنشر والترجمة والتوزيع، بيروت- لبنان، ٢٠١٤.

١٩٠. حنّة آرندت، حياة العقل، ج٢، ت: نادرة السنوسي، دار الروافد الثقافية، ابن النديم للنشر والتوزيع، بيروت- لبنان، ٢٠١٧.

١٩١. حنّة أرِندت، في الثورة، ت: عطا عبد الوهاب، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠٠٨.

١٩٢. حنة أرندت، ما السياسة؟، ت: د. زهير الخويلدي و سلمى بالحاج مبروك، دار الأمان/ منشورات الإختلاف/ منشورات ضفاف، الرباط/ الجزائر/ بيروت، ٢٠١٤.

١٩٣. ستيفن ديلو، تفكير السياسي والنظرية السياسية والمجتمع المدني، ت: ربيع وهبه، مجلس الأعلى للثقافية، القاهرة، ٢٠٠٣.

١٩٤. الكسيس دى توكفيل، الديمقراطية في أمريكا، ت: أمين مرسى قنديل، ج١-٢، عالم الكتب، القاهرة- مصر، بلا سنة.

١٩٥. كولن فارلي، مقدمة في النظرية السياسية المعاصرة، ت: د. محمد زاهي بشير المغيربي و د. نجيب المحجوب الحصادي، منشورات جامعة قاريونس، بنغازي، ٢٠٠٨.

١٩٦. ويل كيملكا، مدخل الى الفلسفة السياسية المعاصرة، ت: منير الكشو، المركز الوطني للترجمة، تونس، ٢٠١٠.

### ح. الأطاريح والرسائل الجامعية:

١٩٧. خالدي محمد، تمثلات المثقف للموطن في جزائر، أطروحة الدكتوراه، غير منشورة، جامعة أبي بكر بلقايد- كلية العلوم الإجتمتعية و العلوم الإنسانية- قسم علم الإجتماع، تلمسان- الجزائر، السنة الجامعة ٢٠١٥- ٢٠١٦.

١٩٨. رأفت فؤاد عبدالرحمن ريان، الثورات العربية ٢٠١١ وأثرها على مفاهيم الحرية والمشاركة السياسية لدى طلبة الجامعات الفلسطينية في الغربية (جامعة النجاح الوطنية أنموذجاً)، رسالة الماجستير، غير منشورة، جامعة النجاح الوطنية، نابلس- فلسطين، ٢٠١٥.

١٩٩. شهاب أحمد عبدالله، مفهوم العدالة في النظرية الليبرالية المعاصرة- دراسة في الاتجاهات (المساواتية والليبرتارية والجماعاتية)، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة السليمانية- كلية القانون و السياسة، ٢٠١٧.

٢٠٠. علي فريشي، الحرية السياسية في النظام الدستوري المعاصر و الفقه الإسلامي "دراسة مقارنة" في الأصول النظريات وآليات الممارسة مع التطبيق على الوضع في الجزائر، أطروحة دكتوراه، غير منشورة، جامعة الأخوة منتوري- كلية الحقوق، قسنطينة- الجزائر، ٢٠٠٤-٢٠٠٥.

٢٠١. ماضي بسمة، سؤال الديمقراطية في فكر حنّه أرندت، رسالة الماجستير، غير منشورة، جامعة ٨ ماي قالمة- كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية- قسم الفلسفة، الجزائر، سنة دراسية ٢٠١٦- ٢٠١٧.

### خ. البحوث:

٢٠٢. أنور محمد فرج محمود، دور المجال العام في ترسيخ الحكم الرشيد، مجلة جامعة التنمية البشرية- المجلد٣، العدد ١، السليمانية أذار ٢٠١٧.

٢٠٣. بشير عبدالعالي شمام، مقصد الحرية في الشريعة الإسلامية: رؤية في الموازنة بين الحرية الشخصية والمصالح العامة، مجلة الشريعة والدراسات الإسلامية، العدد (١٢)، جامعة إفريفيا العالمية- كلية الشريعة والدراسات الإسلامية، سودان، أغسطس ٢٠٠٨.

٢٠٤. تحسين حمه سعيد شمس الدين، ضمان العدالة في كل من نظرية جون رولز في العدالة و نظرية أصول الفقه الإسلامي، مجلة جامعة التنمية البشرية، ج٣، سليمانيه، العدد ٢ حوزيران ٢٠١٧.

٢٠٥. زياد منى، مناقشات ومراجعات عروض كتب- تأريخ الديمقراطية: تأويل ماركسي، مجلة عُمران، العدد ٦/ ٢، عُمران، بلا مكان الطبع، خريف ٢٠١٣.

٢٠٦. المصطفى الشادلي، حنة أرندت ونقد التصور الفلسفي للحرية، مجلة نبيِّن العدد ٧/٢٥، درسات وأبحاث، الدار البيضاء، المغرب، صيف ٢٠١٨.

### د. المصادر الألكترونية:

٢٠٧. رشيد العلوي، الفضاء العمومي من هابرماس إلى نانسي فريزر، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات والأبحاث، الرباط- المملكة المغريبية، ٨/ نوفمبر/ ٢٠١٤، متاح على الرابط الآتية
https://mominoun.com/pdf1/2014-11/545e02a2d35592087784350.pdf.

٢٠٨. مازن حسن الحسني، مفهوم الحرية في الفكر المسيحي والفكر اليوناني، الموقع مدونة كتاب في الميزان، تأريخ الزيارة ٢٠٢٠/٥/٥، متاح على الرابط الآتية
https://www.kitabat.info/subject.php?id=33992.

٢٠٩. مصطفى الحداد، عن حنا أرنت و مسألة السلطة، الموقع الإلكترونية فيلوسوفيا، ٢٠/ ٨/ ٢٠١٢، تأريخ الزيارة ٢٣/ ٨/ ٢٠٢٠، متاح على الرابط الآتية
http://mustafahaddad.blogspot.com/2012/09/blog-post_20.html.

٢١٠. ملاحق جريدة المدى اليومية، ماركس وفهمنا لمعنى الحريّة في المعنا المعاصر، ت: أحمد الزبيدي، تأريخ الزيارة ١٨/ ٥/ ٢٠٢٠، متاح على الرابط الآتية
https://www.almadasupplements.com/news.php?action=view&id=19887#sthash.zDiUIApk.dpbs.

### سێیەم:- سەرچاوە فارسییەکان:

#### أ. کتابهای فارسی شده:

٢١١. هانا آرنت، انسان ها در عصر ظلمت، ت: مهدی خلجی، آموزشکده آنلاین توانا، بی جایی چاپ، ٢٠١٦.

#### ب. پژوهش:

٢١٢. محمد خضری اقدم و غیره، تبیین اصول تربیت شهروندی مبتنی بر فلسفه هانا آرنت، فصلنامه تعلیم و تربیت، شماره (١٢٤)، پروزشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی- پرتال جامع علوم انسانی، بی جایی چاپ، ١٨/ ٥/ ١٣٩٤.

### چوارەم:- سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

## A. Dictionaries:

213. George J. Hagar, The new supreme Webster dictionary, World Syndicate company, U S A, New York, 1922.
214. The Oxford word power, Oxford University, third edition, New York, U S A, 2011.
215. Lalande, Vocabulaire Technique et Critique de la philosophic, 5 edition, Art, paris, pp 544- 551.

## B. Books:

216. Hannah Arendt, Between past and future (Six Exercises in political thought), The Viking press, New York, 1961.
217. Hannah Arendt, Crises of the Republic, ed4th, A. Harvest Book, Harcourt Brace, San Diego/ New York/ London, 1972.
218. Hannah Arendt, Essays in Understanding : 1930- 1954 (Formation, Exile, Totalitation), Edited and an introduction by Jerome Kohn, schocken books, New York, 1954.
219. Hannah Arendt, Men in Dark Times, Harcourt Brace, New York, 1968.

Hannah Arendt, On Revolution, Viking press, New York, 1963.
220. Hannah Arendt, The Human Condition, Library of Congress Cataloging-publication Data, The University of Chicago press, 2nd ed, Chicago & London, 1998.
221. Hannah Arendt, The Origins of Totalitarianism, A Harvest Book, Harcourt Brace, New edition with added prefaces, San Diego- New York London, 1951.
222. Hannah Arendt, The Promise of Politics, Edited and with Introduction by Jerome Kohn, Schocken Books, New York, 2005.
223. Juhn Stuart Mill, collected works of Juhn Stuart Mill, J.M.Robson, University of Turonto press, 1963.

## C. Thesis

224. Luke Neal, Hannah Arendt’s Theory of Freedom: A Reinterpretation, The thesis of Doctor, University of Birmingham- College of Social Sciences- Department of political science and international studies, Birmingham- United Kingdom, 2015.

## D. Researchs:

225. Ilya Winham, Rereading Hannah Arendt’s “What is Freedom?”: Freedom as a Phenomenon of Political Virtuosity, A Journal of Social and political theory, Vol. 59, No 131, Berghahn Books, without copyrighting place, June 2012.
226. Mehmet Kanatli, the concept of freedom in Hannah Arendt’s political thought, Journal of Current Research on Social Sciences, Valume: 7, Issue: 2, Without Copyrighting place, Year: 2017.

## پوختەی توێژینەوە

# چەمکی ئازادی لە تیۆری سیاسی هانا ئارێنت دا و ڕەنگدانەوەکانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق دا

ئازادی بە چەمکێکی گرنگ دادەنرێت لە هزر، فەلسەفە و تیۆری سیاسیدا، بۆیە لە سەردەمی کۆنەوە جێی تێڕامانی جیاواز بووە، و ڕوانگەی جیاوازی لە هزر و فەلسەفە کۆن و ناوەڕاست، و تیۆرە سیاسییە نوێ و هاوچەرخەکاندا بەخۆوە بینیووە، ئەمەش وایکردووە واتای چەمکی ئازادی و پانتاییەکانی پیادەکردنی بە چەندین شێوەی جیاواز دەرکەون، کە بەگشتی دەکرێت لە چوارچێوەی واتا میتافیزیکی و واقیعییەکاندا پۆلێن بکرێن بۆ: ئازادی ئیرادە یان ئازادی تاکەکەسی (**نێگەتیڤ**) و ئازادی سیاسی (**پۆزەتیڤ**)، کە هەریەکەیان لەخۆیدا واتا و پانتایی جیاوازی هەڵگرتووە.

چەمکی ئازادی لە تیۆری سیاسی (**هانا ئارێنت**)دا لە زۆرێک لە ڕوانگەکانی پێش و دوای خۆیشی جیاوازە، چونکە ئەو بۆچوونانەی **ئارێنت** بۆ ئازادی خستنیەڕوو وەک هەڵگەڕانەوەیەک بوو بە ڕووی نەریتی هزر و فەلسەفی بۆ ئازادی؛ و ئازادی فەلسەفی وەک ئازادی ئیرادە تەنیا وەک هەستێکی ناوەکی دوور لە جیهانی سیاسەت دادەنێ، تەنانەت ڕوانگەی هزرمەندانی پەیمانی کۆمەڵایەتی، تیۆر و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی مۆدێرنە و بەتایبەت تیۆری لیبراڵیزم وا لێکدەداتەوە کە ئازادیان بە چالاکیگەلێک داناوە کە لە دەرەوەی سیاسەت ڕوودەدەن (**ئازادی نێگەتیڤ**). بۆیە **ئارێنت** کۆمەڵگە مۆدێرنەکان بەئابووریکردن، بەتایبەتکردنی ژیانی سیاسی و بەبابەتیکردنی تاکەکان وێنا دەکات، هەروەها تۆتالیتاریزمیش بە ئەزموونێک لە دیوە سەرەکییەکانی سیاسەت لە سەردەمی مۆدێرنە، و گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر بوونی مرۆڤ و مەرجەکەی کە ئازادییە دەزانێ. لەبەرامبەردا، **ئارێنت** داکۆکی لە چەمکی ئازادی لە خودی پیادەکردنی سیاسەت دەکات، بەجۆرێک سیاسەت و ئازادی پێکەوە گرێدەدات کە یەک واتا و یەک جەوهەریان هەبێت، و کردەش گۆڕەپانی پیادەکردنی بێت، چونکە پێیوایە کردەی سیاسی لەسەر بەشداری بەکۆمەڵ وەستاوە، کە لە خولگەکەیدا چەمگەلێکی وەک پانتایی گشتی، دەسەڵات، شار، گفتوگۆ، فرەیی، یەکسانی، هاوڵاتیبوون، شۆڕش و ئازایەتی دەخولێنەوە. لەمەوە **ئارێنت** سەرنجی لەسەر یۆنان و ڕۆمانی کۆنە، بەوەی پانتاییەکی گشتی هەبووە کە پانتایی کردە و قسەی ئازاد و گفتگۆی بەکۆمەڵ بووە لەسەر کاروباری گشتی، کە جیایان کردۆتەوە لە پانتایی تایبەت.

لەم توێژینەوەیەدا بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە لە میانەی ئەو پرسیارەی: ئایا ڕەنگدانەوەی واتای ئازادی و کایەکانی پیادەکردنی بەپێی ڕوانگەی تیۆری سیاسی **ئارێنت** لە هەرێمی کوردستاندا لە چ ئاستێک دایە؟ گەیشتووین بەو دەرئەنجامەی: ئەگەرچی ناتوانین بڵێین بەتەواوی واتای ئازادی بە مانا **ئارێنت**ـیەکەی ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام زۆربەی ئەو ڕوانگانەی **ئارێنت** بۆ ئازادی و کایەکانی پیادەکردنی هەیەتی، لە هەرێمی کوردستانیشدا ئامادەیان هەیە، بەڵام لە قۆناغی جیا جیادا. بەنموونە، لە دروستکردنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١) تا ساڵی (١٩٩١)، خەڵکی باشووری کوردستان زۆربەی کات لە مافەکانیان وەک هاوڵاتیبوون و بەشداری راستەقینە لە دەسەڵات بێبەش کراون، لەو پێناوەشدا پەنایان بۆ خۆپیشاندان و شۆڕش وەک دوو پانتایی دەرکەوتن بۆ پیادەکردنی ئازادی سیاسی بردووە، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە بە دڕندانەترین شێوە لەلایەن حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق سەرکوتکراون، بەجۆرێک لە سەردەمی فەرمانڕانی بەعس لە باشووری کوردستاندا گەیشتە ئەوپەڕی، بەوەی تۆقاندن زیندان، کوشتن، تاوانی بەدناوی ئەنفال، ئۆردوگای زۆرەملێ، جینۆساید، کیمیاباران، ڕاگواستن، لەناوبردنی پانتایی گشتی، فرەیی و مەودای ئازادی، تەریکخستنی تاکەکان و بێبەشبوون لە هاوڵاتیبوونی بەخۆوە بینی. لەکاتێکدا، ڕاپەڕینی (١٩٩١) و ئامانجەکانی تاڕادەیەکی زۆر توخمەکانی تیۆری شۆڕشی **ئارێنت** لەمەڕ دامەزراندنی دەستپێکی نوێ کە تێیدا پانتاییەکانی پیادەکردنی ئازادی بێتەدی ڕەنگیداوەتەوە. هاوکات ئەگەرچی بوونی هەژموون و بەرژەوەندی حزبی و کەسی بەسەر دامەزراوە سیاسییە دیموکراسییەکان، بەڵام بوونی دەنگ و هەوڵی جیاواز، دەرکەوتنی کەناڵە هەمەجۆرەکانی ڕاگەیاندن، چەندین فۆڕمی نوێی پانتایی دەرکەوتن و مافی بەشداری سیاسی هاوڵاتیان بۆ

هەموو پێکهاتەکان، تارادەیەک کولتوری گفتوگۆ، ئاڵوگۆڕی ڕاوابۆچوونی جیاواز و ئازادانەی لەسەر پرسە سیاسییەکان لە پانتایی گشتیدا بەخۆوە بینیووە.

هەموو ئەو تەوەرانە لەو ماستەرنامەیەدا لە سێ بەشدا باس کراوان، بەشێوەیەک؛ **بەشی یەکەم**، دوای شیکاری چەمکی ئازادی لە ڕووی تیۆرییەوە بەشێوەیەکی گشتی، لەسەر ڕوانگە تیۆرییە هزریەکانی **ئارێنت** لەمەڕ مۆدێرنە، تۆتالیتاریزم و دۆخی مرۆیی و کردەی سیاسی بەو شێوەیەی پەیوەندیدارە بە چەمکی ئازادی وەستاوە. **بەشی دووەم**، تاوتوێی چەمکی ئازادی و کایەکانی پیادەکردنی لە تیۆری سیاسی **ئارێنت** دا کردووە. **بەشی سێیەمیش**، سەرنجێک لەسەر ڕەنگدانەوەکانی چەمکی ئازادی، بەپێی تیۆری سیاسی **ئارێنت** لە هەرێمی کوردستان- عێراق دا خستووەتەڕوو.

## ملخص البحث

## مفهوم الحرية في النظرية السياسية لدى حنّة أرندت و انعكاساتها في إقليم كردستان- العراق

تمثل الحرية مفهوماً ذا أهمية بالغة في فكر وفلسفة والنظرية السياسية، وكان محل تنظرات مختلفة منذ قديم الزمان لد معظم الإتجاهات الفكرية والفلسفية القديم والوسيطة، والنظريات السياسية الحديثة والمعاصرة، وقد جعل ذلك من مفهوم الحرية والفضاءات تطبيقها أن يظهر في معاني مختلفة يمكن تصنيفها بصورة عامة في إطار المعاني الميتافيزيقية والواقعية إلى: حرية الإرادة أو الحرية الشخصية (**المعنى السلبية**) والحرية السياسية (**المعنى الإجابي**)، تحمل كل منهما معان و الفضاءات مختلفة.

أن مفهوم الحرية في النظرية (**حنّة أرندت**) السياسية تختلف عن معظم الإتجاهات التي سبقتها في تناول هذا المفهوم أو تلتها، وذلك لأن الإتجاهات التي عرضها **أرندت** كانت بمثابة ثورة بوجه التقليد الفكري والفلسفي السائد في تعريف الحرية، وترى ان الحرية الفلسفية كحرية الإرادة مجرد شعوراً داخلي بمنأى عن عالم السياسية، وترى ان إتجاهات فكري العقد الإجتماعي والعلوم الإجتماعية والنظريات الحداثة، لاسيما النظرية الليبرالية، قد فسرت الحرية كمجموعة أنشطة تحدث خارج السياسة (**الحرية السلبية**)، لذلك تعتقد **أرندت** أن المجتمعات الحداثة تعامل الحياة السياسية بمعايير الإقتصاد والموضوعية والخصوصية الشخصية للأفراد، كذلك ترى أن الشمولية تجربة تمثل الوجهه الرئيسي للسياسة في عصر الحداثة وأعظم تهديد للإنسان وحريته. وفي المقابل تدافع **أرندت** عن مفهوم الحرية بصفاً ممارسة للسياسة نفسها، إذ تربط السياسة والحرية معاً، ليكوناً لهما مفهوم وجوهر موحد ويكون الفعل ساحة تطبيقها، لانها تعتقد بان الفعل السياسي يقوم على المشاركة الجماعية، الذي تدور في مداره عدة مفاهيم أخرى من قبيل الفضاء العمومي، السلطة، المدينة، الحوار، التعددية، المساواة، المواطنة، الثورة والشجاعية. وهنا كانت تركيز **أرندت** منصبة على الإغريقيين والرومانيين القدماء، اللذين جربوا الفضاء العمومي يتمثل في فضاء الفعل و الكلام الحرين والحوار الجماعي حول الشؤون العامة، وميزوه عن الفضاء الخاص.

ويهدف هذا البحث لحل إشكالية الرئيسية التي تدور حول التسائل التالي: ما مدى انعكاس مفهوم الحرية ومجالات تطبيقها في إقليم كردستان وفقا المنظور الذى تضمنته نظرية **أرندت** السياسية؟ وقد توصلنا إلى النتيجة مفادها: أنه على الرغم اننا لانستطيع القول بأن مفهوم الحرية كما تراها **أرندت** قد إنعكس تاماً، إلا انه معظم تصورات **أرندت** لمفهوم الحرية والمجالات تطبيقها قد تجسدت في إقليم كردستان، ولكن في مراحل مختلفة. فعلى سبيل المثال، في بناء دولة العراق عام (١٩٢١) إلى عام (١٩٩١)، قد حرم سكان جنوب كردستان من حقوقهم الأساسية كالمواطنة والمشاركة الحقيقية في السلطة في الكثير من الأوقات، ومن أجل ذلك لجاءوا إلى المظاهرة والثورة كفضائين الظهور لممارسة الحرية السياسية، إلا ان كل تلك المحاولات قد اخدمت من قبل الحكومات العراقية المتعاقبة بأبشع الطرق، التي بلغت ذروتها في جنوب كردستان في زمن حكم البعث، والتي تمثلت في الإرهاب، السجن، القتل، جريمة ألنفال السيئة الصيب، المجمعات القسرية، الإبادة الجماعية، إستخدام الأسلحة الكيمياوية، الترحيل القسري، الإنعزال الشخصي، مع هدم الفضاء العمومي، ومنع التعددية وتقييد الحرية والتحريم من المواطنة. في حين، كانت إنتفاضة (١٩٩١) وأهدفها إلى حد كبير انعكاسا لعناصر نظرية الثورة لدى **أرندت** كونها مثلت أنشاء البداية جديدة من شأنها أن تخلق الفضاء التطبيق الحرية؛ وفي الوقت نفسه، على الرغم من إساءة إستخدام النفوذ الحزبي والمصلحة الشخصية على حساب المؤسسات السياسية الديمقراطية، إلا انه قد وجدت صورت **أرندت**، كظهور وظهرت القنوات إعلامية متنوعة، توفر أنماط جديدة من الفضاءات الظهور العام وحق المشاركة السياسية للمواطنين بلكافة مكوناتهم، كما شهد الفضاء العمومي إلى حد كبير ثقافة الحوار وتبادل آراء المختلفة وحرة حول القضايا السياسية.

وقد تناول هذه الرسالة كل تلك المسائل أعلاه ثلاثة فصول، إذ تناول **الفصل الأول**، بعد تحليله لمفهوم الحرية من الناحية النظرية بصورة عامة، منظورات **أرندت** النظرية الفكرية حول كل من الحداثة، الشمولية، الوضع البشري والفعل السياسي بصورة تتعلق بـمفهوم الحرية. **الفصل الثاني**، مفهوم الحرية ومجالات

تطبقها في النظرية **أرندت** السياسية. أما **الفصل الثالث،** فقد عرض انعكاسات مفهوم الحرية، وفقاً للمنظورات التي صورتها نظرية **أرندت** السياسية، في إقليم كردستان- العراق.

Research Summary

## The concept of freedom in the Hanna Arendt's political theory and its reflections in the Kurdistan Region- Iraq

Freedom is considered as one of the important concepts in the field of thought, philosophy and political theory, that is why, freedom has been an area of different interest in the ancient time, and the different perspective regarding this subject included thought and philosophy of ancient and middle age, and the new and contemporary political theory, which has led to manifestation of various forms of freedom concept and spheres in practice, which can be classified in both realistic and metaphysic contexts, such as the freedom of will or individual freedom (negative), political freedom (positive), each of the mentioned concepts has its own different meaning and sphere.

The concept of freedom in the political theory of Hannah Arendt is different from various other aspects, both before and after her, due to the concepts that Arendt offered to freedom as in opposition towards traditional thought and philosophy to freedom; in which consider the philosophy of freedom like freedom of will merely a self-feeling far from the politics realm, the social contract philosophers and modernist theory and social sciences, and particularly the liberalist theory views freedom as activities that happen outside the politics (negative freedom). That is why Arendt sees the modernized communities as they have been economized, privatized the political life and subjecting individuals; it can be argued that Arendt views Totalitarianism as an experience on the main parts of politics in the modern age, and as a threat on the human existence and condition's that is freedom. Arendt defends the practice of politics, in a form that she combines both concepts in one meaning and core which both of terms should be a subject of political practice (action), because Arendt views that the political action depends on collective participation, which at the same time circles around concepts, such as public sphere, authority, city, dialogue, plurality, equality, citizenship, revolution and braveness. Here Arendt had considered the ancient Greece and Roman, which had a kind of public sphere that the sphere of action and freedom of speech and collective speech regarding public affairs, which had been separated from private sphere.

In this research the aim is to solute the main research in the way of this question: whether the reflection of freedom and its arenas in doing in what level according to Arendt's political theory perspective in the Kurdistan Region? We have concluded that: the proper reflection of Arendt's concept of freedom might be not existed in the Kurdistan Region, however the majority of Arendt's perspectives of freedom and its arenas of practice to somehow are exists in Kurdistan Region, but in different stages. For

example, since the foundation of the Iraqi state in (1921) to (1991), population in Southern Kurdistan had been excluded from real participating in authority and citizenship rights many times, population had been restored to resistance and revolution as the two space of appearance to practicing political freedom. However, all these attempts had been suppressed by successive Iraqi governments, in which reached to the highest brutality during the Ba’ath regime in Southern Kurdistan, such as intimidation, prison, killing, Anfal infamous campaigns, genocide, chemical attack, replacement, destroying of public sphere, plurality and distance of freedom, marginalizing of individuals, and denial of citizenship which its included. On the other hand, the (1991) uprising have achieved various elements of Arendt’s revolution theory regarding foundation a new starting that its including the spheres of practicing of freedom. It can be said, despite the existence of the hegemony of political parties and personal interests on the democratic political institutions, but the existence of different opinion, different media channels, many new forms of the space of appearance, and the right of political participation of citizenship to all components, in part including developed cultural of dialogue, different opinions, and freedom on political issues within the public sphere.

All the above mentioned subjects, have been distributed into three chapters, thoroughly; the first chapter, after analysis the concept of freedom with theory in general, stood on Arendt’s thought theory perspectives regarding modern, totalitarianism, and the human condition and political action, all these in the form of related with the concept of freedom. The second chapter, has been dedicated to the concept of freedom and its arenas practicing within the Arendt’s political theory. The third chapter, described an examine on the reflection the concept of freedom in the Arendt’s political theory in the Kurdistan Region- Iraq.